شانشینی عەرەبستانی سعودی
وەزارەتی کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەواز ورێنمایی
کۆمەڵگای مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز
ئەمینداریێتی گشتی
کاروباری زانستی

# کتێبی

# بنەماکانی باوەڕ لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا

نووسینی: کۆمەڵێك لە زانایانی ناودار

وەرگێڕانی بۆسەرزمانی کوردی: ئومێد عومەر چرۆستانی

پێدا چوونە وەی: محمد حسن سليمی أقدم

ئە م کتێبە وەقفە بۆ خوای گە ورە لە لایە ن ( خادم الحرمین الشریفین )
مە لیك سە لمانی کوڕی عبد العزیزی ئال سعودە وە
فرۆشتنی دروست نییە
( بەخۆڕایی دابەش دەکرێت )

ⓒ **مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، ١٤٣٦ هـ**

فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر

**مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف**

ترجمة كتاب أصول الإيمان إلى اللغة الكردية (اللهجة السورانية)
/ مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف - المدينة المنورة،
١٤٣٦هـ

٥٣٦ ص؛ ١٦ × ٢٣ سم

**ردمك:** ٩-٢٩-٨١٧٣-٦٠٣-٩٧٨

١- العقيدة الإسلامية ٢- الإيمان (الإسلام) أ. العنوان
ديوي ٢٤٠ ٦٣٥٥ / ١٤٣٦

**رقم الإيداع: ٦٣٥٥ / ١٤٣٦**

**ردمك: ٩-٢٩-٨١٧٣-٦٠٣-٩٧٨**

9 786038 173299

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# پێشەکی

بەپێنووسی پایەدار شێخ: صالح کوڕی عبدالعزیز کوڕی محمد ئالی شێخ
وەزیری کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف و بانگەواز و ڕێنمایی
سەرپەرشتیاری گشتی لەسەر کاروبارەکانی کۆمەڵگای مەلیك فەهد

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و پەروەردگاری جیهانیان، کە لە پەراوە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ﴾ [النحل: ١٢٥] و سەڵات و سەلام لەسەر بەڕێزترینی پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا، کە فەرموویەتی: «بلغوا عني ولو آية»[1] واتا: لەمنەوە بەخەڵکی بیگەیەنن ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت.

پاشان: لەپێناو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی (خادم الحرمين الشريفين) مەلیك سەلمان کوڕی عەبدول عەزیزی ئالی سعود خوا بیپارێزێت بەمەبەستی گەیاندی خێر و چاکە بەسەرجەم موسڵمانان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم سەر زەویە، لەسەروو هەموویانەوە گرنگیدان بەقورئانی پیرۆز و کارئاسانیکردن لە بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی ماناکانی لەگەڵ دابەشکردنی لەنێوان موسڵمانان وئەو کەسانەشی کە ئارەزووی دیراسە ولێکۆڵینەوەیانی هەیە لەغەیری موسڵمانان، نەك هەر هێندە بەڵکو بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەشی کە سوود و قازانجیان هەیە بۆ موسڵمانان لەهەموو بوارەکانی ژیانی دین و دونیایاندا.

(١) بوخاری - أحاديث الأنبياء - (٣٢٧٤)، تیرموذی - العلم - (٢٦٦٩)، موسنەدی ئەحمەد (٢/١٥٩)، دارەمی - المقدمة - (٥٤٢).

وەزارەتـــی کاروباری ئیســـلامی و ئەوقاف وبانگـــەواز و ڕێنماییش لەهەمـــوو باوەڕێکیەوە کە خۆی دەبینێـــتەوە لە کۆمەڵـــگای مەلیك فەهد بـــۆ چاپکردنـــی قورئانی پیـــرۆز لە مەدینـــەی مننـــەوەرە گرنگیەکی زۆر دەدات بەکاروباری دەعوە و بانگەوازکردن بۆلای خودای گەورە لەســـەر بەصیـــرەت و چاوەڕوونی، بۆیە هەســـتا بە چاپکردنی ئـــەم کتێبە بەناوی بنەماکانـــی باوەڕ لەژێر ڕۆشـــنایی قورئان و ســـوننەتدا ئەمەش بۆ ئەوەی موسڵمانان چاوکراوەبن و ئاگاداری بیروباوەڕەکەیان بن کە بناغە و بنەمای ئیمان و باوەڕەکەیانە، وەك پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إنّ في الجســـد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله»[1] واتا: لەناو جەستەی مرۆڤدا پارەچەیەك گۆشـــت هەیە ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە باش و چاك بێت، ئەوا هەموو جەســـتەی مرۆڤ باش و چاك دەبێت، مەبەست لەو پارچە گۆشتە دڵە، ئەگەر دڵی مرۆڤ باش بێت ئەوا سەرجـــەم ئەندامەکانی تریشی باش دەبن.

پاش چاپکردنی ئـــەم کتێبەش بەیارمەتی خـــودای گەورە زنجیرەیەك کتێـــب و پەرتووکـــی تریـــش بەدوایـــدا چـــاپ دەکرێـــت لەکتێبەکانی فەرمـــوودە و فیقە وزیکر و یادی پەروەردگار و نـــزا و پاڕانەوە، لەخودای گەورە داواکارین کە سەرجەم موسڵمانان سوودمەندبن لێی.

بەم بۆنەیەشـــەوە پێمخۆشـــە کە سوپاســـی ماندووبوون و دڵسۆزی گشـــت ئـــەو برایانە بکـــەم کە هەســـتان بـــە ئامادەکردنـــی ئـــەم کتێبە لە

---

(١) بوخاری – الإيمان – (٥٢)، وە موسلیم – المساقاة – (١٥٩٩)، ئیبن ماجە – الفتن – (٣٩٨٤)، وە موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٢٧٠)، وە دارەمی – البيوع – (٢٥٣١).

دانـــان و پێداچوونـــەوە و دارشـــتن و وەرگێرانی، هەروەها پێمخۆشـــە سوپاســـی ئەمینداریێتی گشتی کۆمەڵـــگای مەلیك فەهدیش بکەم کە زۆر بەجوانـــی و بەوپەری دڵســـۆزیەوە هەســـتان بەجێبەجێکردنی چاپکردنی ئەم کتێبە، داواکارم لەخـــودای گەورە ئەم وڵاتـــە بپارێزێت کە چاودێری دین و پارێزەری بیروباوەری ڕاســـت و دروســـت ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، لەژێـــر ســـێبەری ڕێبەرایەتیکردنی (خـــادم الحرمین الشـــریفین) و جێگرە یەکەم و دووەمە بەرێزەکەی (خوا بیانپارێزێت).

لەکۆتاییشـــەوە جارێـــکی تـــر ســـوپاس و ســـتایش بۆخـــودای گەورە و پەروەردگاری جیهانیان.

# پێشەکی

ســـوپاس و ســـتایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاینە پیرۆزەکەی و سەرجەم نیعمەتەکانی بۆ بەندەکانی کامڵ کرد، وە ئومەتەکەمان کە ئوممەتی ئیسلامە کردی بەباشــترین ئوممەت، وە دیسان ســـوپاس بۆ ئەو خودایەی کە هەر لەناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین ئایەتەکانی پەروەردگارمانی بەسەردا خوێندینـــەوە و دڵ و دەروونی پاك کردینەوە لەهەمـــوو ژەنگ و ژارێك، وەکتێبەکەی خۆی و حیکمەت و دانایی فێرکردین، وە صەڵات و ســـەلام لەســـەر پێغەمبەرمـــان (محمد) کە ڕەحمەتە بۆ گشـــت جیهان وە لەســـەر ئال و بەیت و هاوەڵ و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

بێگومان وەك ئاشـــکرایە حیکمەت لەدروســـتکردنی جنۆکە و مرۆڤ پەرستنی خودای گەورەیە بەتاك و تەنهایی، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦].

بۆیە یەکخواپەرســـتی و هەبوونی بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست کە لەهەردوو سەرچاوە ســـەرەکیە پیرۆزەکەی ئیســـلام قورئان و سوونەتەوە سەرچاوەی گرتبێت مەبەستی سەرەکی ئەو بەندایەتیەیە کە مرۆڤ و جنۆکەی لەپێناودا خەلقکراوە، بێگومان هەر ئەمەیـــش بناغەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئـــەم گەردوونـــە، بەبـــێ ئەمـــە هاوکێشـــەکان هـــەر هەموویـــان تێـــك دەچن وفەسادوخراپەکاریش بڵاودەبێتەوە،هەروەك خودای گەورەفەرموویەتی: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾[الأنبياء: ٢٢] واتا: ئەگەر بهاتایە لە ئاسمانەکان و زەویدا خودایەکی تر جگە لە (اللە) ببوایە، ئەوا

بێگومان تێك دەچوون، پاك وبێگـــەردی بۆ خودای پەروەردگاری عەرش لەو باس و خواسانەی ئەوان وەصفی خودای پێ دەکەن.

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّۖ يَتَنَزَّلُ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنَهُنَّ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عِلۡمَۢا﴾ [الطـــلاق: ١٢] واتا: خودا ئەو زاتەیە کە هەر حەوت ئاسمانەکەی دروستکردووە، هەروەها بەوێنەی ئەوان فەرمانی خودا بۆ زەویش دادەبەزێت و جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن کە بەڕاســـت خودا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بێگومان خودا بەزانست و زانیاری خۆی دەوری هەموو شتێکی داوە.

ئەمانە و چەندان ئایەتی تر کە باس لەم مەسئەلەیە دەکەن.

جـــا کاتێکیش کەدەرکەوت کە عەقڵی مـــرۆڤ ناتوانێت بۆ خۆی پەی بەم بەندایەتیەی خـــودای گەورە ببـــات، بۆیە پـــەروەردگار پێغەمبەرانی بە پـــەڕاو و پەرتووکەکانیانەوە ڕەوانەی لای گەلەکانیـــان کرد، بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك ئەم مەســـئەلەیەیان بـــۆ ڕوون بکەنەوە تاوەکو لەســـەر بناغەیەکی تۆکمە و بتەو و چاوڕۆشـــنی و عیلم و زانیاری بەندایەتی و پەرستشـــەکانیان ئەنجام بدەن، لەم پێناوەیشـــدا پێغەمبەرەکان بەوپەڕی لێبڕاوی و دلســـۆزیەوە هەســـتان بە ڕوونکردنـــەوە و گەیاندنی ئەو ئەرکـــەی خـــودای گـــەورە خســـتبویە ئەســـتۆیانەوە، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ﴾ [فاطـــر:٢٤] واتا: هیچ گـــەل و نەتەوەیەک نەبووە کە فورســـتادە و بێدارکەرەوەیەکـــی بۆ ڕەوانە نەکرابێـــت.. هەروەهـــا فەرموویەتـــی: ﴿ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَاۖ﴾ [المؤمنون: ٤٤] واتـــا: پێغەمبەرەکانی خۆمانی یەك لەدوای یەك نـــاردووە تا ئەو کاتەی کە

کۆتاییان پێهات بــە بەرێزترین و گەورەترینیان کە پێشــەوای هەموویانە ئەویــش پێغەمبەرمان محمد المصطفی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ـــە کــە بەوپەڕی لێبڕاوی و دڵسۆزیەوە پەیامەکەی گەیاند و ئەو سپاردە و ئەمانەتەی لەسەری بوو جێبەجێی کرد، و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کردو لەپێناو خودای گەورەدا بەڕاست و دروســتی جیهادی کرد و تیکۆشــا، بانگەوازی گەلەکەی کرد بەنهێنی و ئاشکرا، و شــانی دایە ژێر بارگرانی و ناڕەحەتیەکانی پەیامەکەی و بەجوانترین شــێوە پێی هەســتا، وە هەر لــەم پێناوەشــدا ئارامی گرت لەســەر هەموو ئەو ناڕەحەتیانەی هاتنە ڕێگای بــێ ئەوەی ڕۆژێك ماندوو ببێت و بەمەش گەشــتە ئــەو پلەو پایە بەرز و بڵنــدەی پێغەمبەرانی خاوەن عــەزم و ووەری پێی گەشــتبوون، تا ئەو ڕۆژەیشــی کە خــودای گەورە دینەکەی سەرخســت بەســەر هەموو دینەکانی تردا، بەڵی ئــەم پێغەمبەرە بانگــەوازی کردو نەســرەوت و مانــدوو نەبوو، بەمەش خــودای گەورە نیعمەتەکانــی خۆی بــۆ مرۆڤایەتی تــەواو و تەکمیل کرد، هــەر بەهۆی بانگەوازی ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستەیشەوە خەڵــك پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، گیانیشی نەسپارد تاوەکو خودای گەورە ئاینەکەی خۆی پێ تەواو کرد و نیعمەتەکانی پێ کامڵ کرد، لەم بارەیەشــەوە خودای گــەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ [المائــدة: ٣] واتا: لەئەمڕۆوە بەرنامەو ئایینەکەتانــم بۆ کامڵ کردن، وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوکردن سەرم خستن بەسەر دوژمنانتاناو ڕێنماییم کردن بۆڕێگەی ڕاســت، ئیتر نەپێویست بە پێغەمبەرێ تر هەیەو، نە قورئانێکی دیکە، ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و، نابێ هیچ کاتێك لێی لابدەن...

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گشـــت بنەماو لـــق و پۆپەکانی دینکەی ڕوون کردەوە بـــۆ ئوممەتەکەی، هەروەك پێشـــەوای (دار الهجرة) ئیمامی مالیکـــی کوڕی ئەنەس ڕەحمەتی خـــودای لێ بێت ئەڵێـــت: زۆر مەحاڵە پێغەمبـــەری خـــودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئوممەتەکـــەی فێـــری چۆنیەتـــی خۆپاککردنەوە کردبێت و فێری یەکخواپەرستی نەکردبن.

بێگومان پێغەمبـــەری خـــودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زۆر بەوپەڕی ئیخلاص و لێبڕانـــەوە بانگەوازی کـــردووە بۆلای خـــودای گـــەورە، لەهەمان کاتدا دورخستنەوەی خەڵـــکی لە هەموو جۆرەکانی شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خـــودا، بە گەورە و بچوکیەوە، ئەمەش کاری ســـەرەکی هەمـــوو پێغەمبەران بـــووە، چونکە هەموویان یەکدەنگ و یەك ڕابوون لەم مەســـئەلەیەدا، ئەویش بانگەواز کردن بووە بۆ یەکخواپەرســـتی و دورکەوتنەوە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، هەر ئەمەیش یەکەم هەنگاو و پوختەی کاری پەیامی هەموویان بـــووە، وەك خـــودای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ [النحل: ٣٦] واتا: سوێند بە خودابێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خودا بپەرســـتن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە کە بیرو هۆش و ژیری خۆی خستەکارو بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکردو بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویداو ســـەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

وە فەرموویەتـــی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ [الأنبيـــاء: ٢٥] واتا: لەپێش تۆشـــەوە ئەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هـــەر پێغەمبەرێکمـــان ناردبێـــت وەحیی و سروشـــمان بۆکـــردووە کە: هیچ پەرستراوێـــکی بەهـــەق نییە جگە لەمن، جاکەوایە هـــەر بەتەنها من بپەرســـتن، وەلەجێگایەکی تـــردا ئەفەرموێت:﴿وَسۡـَٔلۡ مَنۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلۡنَا مِن دُونِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ءَالِهَةٗ يُعۡبَدُونَ﴾ [الزخـــرف: ٤٥] واتـــا: تۆ پرســـیار بکە لـــەو پێغەمبەرانەی پێش تـــۆ ناردوومانن ئایا بێجگە لە خـــودای میهرەبان بڕیارمان داوە هیچ پەرستراوێکی تر بپـەرسترێت، هەروەها فەرموویەتی: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ﴾ [الشورى: ١٣] واتا: ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئـــەوەی کەفەرمانی پێکردووە بە نوح، هەر بەوشـــێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وەحی و نیگا کردووە، وە بە ئیبراهیم و موساو عیساشمان ڕاگەیاندووەکە ڕێبازی ئاین و یەکخواپەرستی بەرنەدەن و لەسەری پایادار بن وجیاوازی تێدا مەکەن.

لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە، کە ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوەکەپێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «الأنبياء إخوة لعـــلّات، أمّهاتُهم شـــتّى ودينُهم واحد»[1] واتـــا: پێغەمبەران هەر هەموویان بران و باوکیان یەکە و دایکانیان جودایە، وە ئاینشیان هەر یەکە.

ئاینەکەیـــان یەکێك و عەقیـــدە و بیروباوەڕیان یەك، بـــەڵام جیاوازی لەشـــەریعەت و ڕێســـاکانیاندا هەبووە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی:

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٤٤٣)،وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٣٦٥).

﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ [المائـــدة: ٤٨] واتا: بۆ هەریەکێ لەئێوە ئەی موسڵمانان و ئەهلی کیتاب، یاسا و بەرنامەیەکمان داناوە.

جـــا بۆیـــە پێویســـتە ئـــەوە ڕوون بێتـــەوە و بســـەلمێت لای هەموو موســـڵمان و باوەڕدارێك کە عەقیدە وبیروباوەڕ هیچ بوارێکی تێدا نییە بۆ بگرەو بەردەوڕای مرۆڤەکان، بەڵکو واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی سەر ئەم ڕووی زەویە چی لە ڕۆژهەلآت بێت یان ڕۆژئاوا کە بیروباوەڕیان وەك بیروباوەڕی پێغەمبەران و نێرراوانی پەوەردگار بێت (سەلامی خودایان لێ بێت)، بەشێوەیەك باوەڕیان بەو بنەماو بنچینانە هەبێت کە ئەوان باوەڕیان پێی هێناوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بەبێ هیچ گومان و دوو دڵییەك خەڵکیشی بۆ بانگ بکەن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ﴾ [البقرة: ٢٨٥] واتـــا: ئەم پێغەمبەرە، وئەو ئیماندارانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێـناوە و لێیان روونە کە ئەو بەرنامەیە راست و دروست لە لای پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارێ، وهەمووشیان بڕوایان هێـــناوە بە تاك و تەنیایی خوداو، بەفریشـــتەکانی، وبەکتێبەکانیی، و بەپێغەمبەرەکانـــی، دەشـــڵێن: ئێمە هیـــچ فەرق و جیاوازیـــەك لەنێوان پێغەمبەرانـــی خوادا ناکەیـــن، بڕوامان هەیە کە هەموو خـــودا ناردوونی، وەهەریەکەشـــیان بە بەرنامەی خۆیەوە هاتـــووە، وە ئەڵێن: وتەی خوامان بیست و گوێڕایەڵی فەرموودەکانی خواین، داوای لێ بوردنت لێ دەکەین، دەســـا تۆیش لێمان خۆش ببە ئەی پەروەردگارمـــان! چاکیش دەزانین کە سەرەنجام گەڕانەوەشمان تەنها بۆ لای تۆیە.

ئائەمە کاروپیشـــەی باوەڕدارانە، و هەر ئەمەش ڕێــگا و ڕێبازیانە، کە باوەڕبهێنن و تەســـلیم و گوێڕایەڵ و ملکەچ بن و بەبێ هیچ ئەملاولایەك قەبوڵـــی بکەن و پێی ڕازی بــن، جا هەرکاتێك باوەڕدار بەم شـــێوەیە بوو ئەوا بێگومان هەمیشـــە ســـەلامەت و پارێـــزراو دەبێـــت لەهەموو جۆرە هەڵدێـــران و گومان و دوو دڵی و پەشـــیمان بوونەوەیـــەك، دەروونی پاك دەبێـــتەوە لەژەنگ و ژاری نەزانی و دڵی ئۆقرە دەگرێت لەســـەر باوەڕ، و بەمەش تـــەواو دوور دەبێت لەهەموو ئەو گومڕایی و سەرلێشـــێواویانەی کە خەڵـــکی تری تێدەکەون، بەهۆی بیروباوەڕی باتڵ و پڕوپوچیانەوە کە هەمیشە لە شك و گومان و دڵەڕاوکێ وەهم و نامورتاحیدان.

بیروباوەڕێکی ئیســـلامیانەی ڕاست و دروســـت کە لەسەر بنەمایەکی جێگیر و ســـاغ و سەلیم بنیات نرابێت وەك بیروباوەڕەکانی تر نییە، چونکە بەختەوەری و خۆشـــبەختی و ســـەرفرازی دونیا و دوارۆژ بۆ خاوەنەکەی مســـۆگەر دەکات، ئەمەش بەهۆی ڕوونی مەعالیم و ڕاســـت و دروستی وساغ و ســـەلامەتی بەڵگە و دەلیلەکانیەوە، لەهەمان کاتدا هاوتایە لەگەڵ فیطرەتی سەلیم وعەقڵ وژیری ودڵ ودەورنی مرۆڤەکاندا.

بۆیە هەموو جیهانی ئیســـلامی زۆر پێویستی بەشارەزابوون و ناسینی تەواو دەربارەی ئەم بیروباوەڕە ڕاست و دروست و بێ خەوش و خاڵە هەیە، هەر ئەمەش هۆی سەرەکی بەختەوەری و سەرفرازی و سەرکەوتنیانە.

لەم کتێبەدا موسڵمان بنچینە و بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلام و دیاری ترین مەعالیمەکانی بەبەڵگەی تەواو و نموونەی زیندووەوە تێدا دەبینێتەوە کە هیچ کەسێك ناتوانێت خۆی لێ بێ ناز بگرێت، ئەویش ئەم کتێبەیە کە

پێکهـــــاتووە لە **(بنەماکانی باوەڕ لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا)** ئەمە بریتیە لەو بنەمـــا گەورە وعەزیمانەی کـــە لەپێغەمبەرانەوە بەمیراتی ماوەنەتـــەوە، کـــە زۆر ڕوون و ئاشـــکرا و دیارن، بەشـــێوەیەك گەورە وبچـــووك ئەتوانێت بەکەمترین کات و ماوە لێی شـــارەزا بێت و تێبگات لێیان، ئاشـــکرایە تەوفیق و یارمەتیش هەر بەدەســـتی خودای گەورەیە، لێرەشـــدا جێگای خۆیەتی زۆر سوپاســـی ئەوبەرێزانە بکەم کە دەستیان هەبووە لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، کە ئەوانیش هەر یەك لە: دکتۆر صالح کوری سەعدی سحێمی، و دکتۆر عبدالرزاق کوڕی عبدالمحسن العباد، و دکتـــۆر ئیبراهیم کـــوڕی عامرالرحیلی، هەروەها سوپاســـی هەردوو بەرێزان: دکتۆر علـــی کوڕی ناصری فەقیهی، و دکتـــۆر ئەحمەد کوڕی عەطیە الغامدی ئەکەین کە هەســـتان بەپێداچوونەوە و دارشـــتنەوەی ئەم کتێبە.

داواکارین لە خـــودای گەورە و پاك و بێگەرد ئـــەم کتێبە بکاتە مایەی خێر و خۆشـــی و ســـوود وقازانج بۆ سەرجەم موســـڵمانان، لەکۆتاییەوە سوپاسی پەروەوەردگاری بەدەسەڵاتی جیهانیان دەکەین.

**ئەمینداریێتی گشتی**

کۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆچاپکردنی قورئانی پیرۆز

## ڕێخۆشکردن

شـــاراوە نییە لای هیچ کەس باوەڕ و ئیمان پلە و پایـــە و مەکانەتێکی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا کەڵـــك و ســـوودێکی زۆری هەیـــە لەدونیـــا و دوارۆژدا، نەك هەر ئەوەندە، بگرە هەمـــوو خێروبێرێك لە دونیا و پاشـــەڕۆژدا لەســـەر ســـەلامەتی باوەڕێکی ڕاست و دروست وەستاوە، ئەمەش لەهەرە پیرۆزترین داواکاریی و گرنگترین مەبەستەکانی شەریعەت و پڕفەڕترین ئامانجەکانییەتی، هەربەمبیروباوەڕەڕاست و دروستە بەندەکانی خودا بەئاســـوودەیی ژیان بەســـەر دەبـــەن و لەهەموو خراپەو خراپەکاری و ناخۆشـــی و نەهامەتییەك ڕزگاریان دەبێت، لە کۆتاییشـــدا پاداشـــتی پاشەڕۆژ و خۆشـــییەکانی دوارۆژ و خێر و بەهرە هەمیشەییەکان بەدەست دەهێنێت کە هەرگیز لەناو ناچن و نافەوتێن..

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ [النحل: ٩٧] واتا: هەر کەســـێك - لە نێر یان لە مێ- هـــەر کارێکی چاك ئەنجامبدا، بەئیمان و باوەڕداریش بێـــت، بەڵێن بێت بیژیێنین بە ژیانێکی پاك، واتا: بە ژیانێکی بەقەناعـــەت و ســـەعادەت، و بەچاکتریش لەوەی کردوویانە پاداشـــتیان بدەینەوە هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَرَادَ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ [الإسراء: ١٩] واتا: ئەوەی پاشەڕۆژی لامەبەست بێت و هەوڵ و کۆششـــی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە جێگەی ڕێز و سوپاسە و سوپاسکراون

لەجێـــگەیەکی تردا دەفەرموویێت: ﴿وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ﴾ [طـه: ٧٥] واتـا: ئەو کەسـەی بەبـاوەڕداری بگەڕێتەوە لای خودای گەورە بەڕاسـتی کردەوەی چاکیشـی کردبێ ئا ئەوانە پلەو پایەی بـەرز و بڵندیـان هەیە، هـەر لەبارەی گرنگـی بـاوەڕەوە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا * خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴾ [الکهف: ١٠٧، ١٠٨] واتا: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئێمە هەر لە زووەوە بەهەشـتی فیردەوسـمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیایدا بەرنەسەر * بەهەتا هەتاییش لەوێدا دەمێننەوە و ژیانیان تێیدا نەبڕاوەیە، هەرگیز بێزارنابن و بۆ خۆشیان داوای جێگۆڕکێ ناکەن و، هەرگیز پێیان خۆش نییە لێی دەرچن.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە زۆرن و بەهێندەی خستمانە بەر دیدەی بەڕێزتان وازدەهێنین.

دەقی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خودا(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵـگەن لەسەر ئەوەی کە باوەڕ و ئیمان لەسەر شەش بنەمای بەهێز وەستاوە، ئەوانیش بریتین لە: باوەڕ بەخودای گەورە (الله) باوەڕ بەفریشـتەکان، و باوەڕ بەکتێب و پەڕاوەکان و بەپێغەمبەران و بەڕۆژی دوایی بەقەدەر خێری و شەڕی، ئەم بنەمایانەش لە قورئان و سوننەتدا لەزۆر جێگە باسکراون لەوانەش:

١. خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ [النسـاء: ١٣٦] واتا: ئەی گەلـی خاوەن باوەڕ! دەبێ باشتر و باشـتر باوەڕ بێنن بەخودا و بە پێغەمبەرەکەی و بەو کتێبەیش

بەش بەش ناردی بۆ پێغەمبەری خۆی موحەممەد (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بەو کتێبانەش بەر لەقورئان ناردنی، وەکو تەورات و ئینجیل و پەڕاوەکانی دی، هەتا ئیمانتان کاملتر بێ و هەمووشتان هەست بە برایەتی و تەبایی بکەن لەژێر سایەی دینی خوادا هەر کەسێکیش باوەڕی نەبێ بەخودا و بەفریشتەکانی و بەکتێبەکانی و بەپەیامبەرەکانی، و بەرۆژی دوایی ئەوە لە رادە بەدەر لە ڕێگەی هەقەوە دوورە و چاوەڕوانی هیدایەتی لێ ناکرێ (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

٢. هەروەها دەفەرموویێت: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ﴾[البقرة:١٧٧]واتا: کرداری چاك و کاری باش تەنها بریتی نییە لەڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا چونکە جولەکە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پڕوپاگەندەی زۆریان کرد، بەڵکو کرداری چاك و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خوداو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران..

٣. لەجێگەیەکی دیکەدا فەرموویەتی: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ﴾ [البقرة: ٢٨٥] واتا: پێغەمبەر بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێردراوە لە پەروەردگارییەوە لەگەڵ بڕواداراندا هەموو بڕوایان هێناوە بەخوداو فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پەیامبەرانی (بڕوادارەکان) وتیان: (پێغەمبەر ئایینی خوای پێ گەیاندین ئێمەش) بیستمان فەرمانبەریمان کرد، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەین ئەی پەروەردگارمان و هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

٤. هەروەها دەفەرموویێت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر: ٤٩] واتا: بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر و ئەندازە دروست کردووە.

٥. لەصەحیحی موسلیمیشدا لەو فەرموودەیەی کە عومەری کوڕی خەتاب ڕیوایەتی کردووە کە ناســراوە لە فەرموودەکەی جیبریل هاتووە: «أن جبريل سأل النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقال: أخبرني عن الإيمان، قـــال: أن تؤمن بـ (الله)، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وتؤمن بالقدر خيره وشره»[1] واتا: جبریل پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: لەبارەی باوەڕەوە هەواڵم پێبــدە و بۆم باس بکــە: ئەویش لەوەڵامدا فەرمــووی: ئەوەیە کە باوەڕت هەبێت بەخودای گەورە (الله) و بە فریشــتەکانی و بەکتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بەڕۆژی دوایی و باوەڕت هەبیت بە قەدەر خێری و شەڕی.

ئەم شەش بنەما ســەرەکییە باوەڕیان لەسەر بنیات دەنرێت، باوەڕ وئیمان بۆهیچ کەس نییە بەبێ باوەڕ هێنان بە هەموو ئەوانە، ئەوانەیش بنەمایەکی پێکەوە گرێدراو و پێویســت و گرنگن، کە بەهیچ شــێوەیەك لەیەك جودا ناکرێنەوە، بەشێوەیەك کە باوەڕهێنان بەهەندێکیان باوەڕ بەسەرجەمیان پێویست دەکات، هەروەها بێباوەڕبوونیش بەهەندێکیان بێ باوەڕییە بە هەموویان.

هــەر بۆیــە زۆر پێویســتە کــە مرۆڤــی بــاوەڕدار زۆر گرنگی بەم بنەمایانە بدات و بــە گەورەیان ڕابگرێت و لەڕووی فێربوون و خەڵـــك فێرکردن و جێبەجێکردنیانەوە لەسەر زەمینی واقیعدا.

ئەوەشــی کە پاش کەمێکی دی باســی لێوە دەکەیــن ڕوونکردنەوەی بنەمای یەکەمە لەم بنەمایانە، ئەویش باوەڕ بەخودای گەورە (الله).

---

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١).

# دەروازەی یـــەکــــــەم
# باوەڕ بەخودا (الله)

ئەم دەروازەیەش سێ بەشی لەخۆ گرتووە:

## بەشی یەکەم:
## یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة)

**باسی یەکەم:** مانا و بەڵـگەکانی لە قورئان و سوننەت و ژیری فیطرەت

**باســـی دووەم:** بەتەنها دانانـــان و ئیعتراف کردن بەم یەکخواپەرســـتیە خاوەنەکەی ڕزگار ناکات لەسزای ئاگر

**باسی سێهەم:** هەندێك دیاردەی لادان و سەرلێشێواوی لە یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتی (توحید الربوبیة) دا

## بەشی دووەم:
## یەکخواپەرستی لەپەرستندا (توحید الألوهیة)

**باسی یەکەم:** بەڵـگە و ڕوونکردنەوەی گرنگیەکانی

**باسی دووەم:** واجبە خودای گەورە الله بەیەکخوایی بپەرسترێت

**باســـی ســـێهەم:** پارێزگاری پێغەمبەری خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەیەکخواپەرستی.

**باســـی چوارەم:** هاوەڵ بڕیاردان بـــۆ خودای گەورە، و بـــێ باوەڕی و جۆرەکانی

**باســـی پێنجـــەم:** بانگەشـــەی زانینـــی غەیـــب و شـــتە نادیـــارەکان و هاوشێوەکانی

## بەشی سێهەم
## یەکخواپەرستی لەناو و صیفەتەکاندا

**باسی یەکەم:** پێناســـەی یەکخواپەرســـتی ناو و صیفەتەکانی خودای گەورە و بەڵگەکانی

**باســـی دووەم:** نموونەی تەطبیقی لەســـەر دانپێدانان و سەلماندنی ناو و صیفەتەکاندا لەڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە

**باســـی ســـێهەم:** چەند بنەمایەك دەربارەی نـــاو و صیفاتەکانی خوای گەورە

## دەروازەی یــەکـــــەم
## باوەڕ بەخودا (الله)

باوەڕ بەخودای گــەورە (الله) گرنگترین بنەماکانی بــاوەڕ و ئیمان و مەزنتریــن پلەوپایەی باوەڕ و بەرزتریــن وبەڕێزترینیانە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بنچینەی بنەماکانی باوەڕ و کۆڵەکە وبناغەی فەرمانەکانیەتی، چونکە سەرجەم بنەماکانی تری (ئیمان) لەســەر ئەم بنیاتنراون و لق و پۆپی ئەمن هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەم، باوەڕبوون بەخودا (الله) باوەڕبوونە بەتاك و تەنهایی خودای گەورە لەپەروەردگاریەتی (الربوبیة) و باوەڕ بوون بەتاك و تەنهایی لە پەرستن (الألوهیة) و باوەڕبوون بەتاك و تەنهایی لەناو و صیفەتە جوانەکانی (الأسماء والصفات)، ئائەم سێ بنەمایە باوەڕبوون بەخودا (الله)ی لەسەر ڕادەوستێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ئاینی (یەکخواپەرستی) ناونراوە لەبەر ئەوەی ئەم باوەڕە بنیاتنراوە لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە (الله) یەکە لەموڵــکی و لەکاروکردەوەی و هیچ شەریك و هاوەڵێکی نییە، هەروەها یەکە لە زات و ناو و صیفەتە جوانەکانی و هاوتای نییە، وە یەکە لە پەرســتن وخوایەتی هیچ هاوشــان و هاوەڵێکی نییــە، بەمەش دەزانرێت کە یەکخواپەرســتی پێغەمبــــەران (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) دەکرێت بەسێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم**: یەکخواپەرستی لە پەروەردگاریەتیدا (الربوبیة): کە بریتییە لە دانانان بەوەی کــە خودای گەورە (الله) پەروەردگار و پادشــا و خاوەن و دروستکەر و ڕۆزیدەری هەموو شــتێکە، هەر ئەوە کە ژیان دەبەخشێت

و زیندوو دەکاتەوە دەشـــمرێنێت وسوود و زیان هەر بەئیرادەی ئەوە، هەر ئـــەوە کە لەکاتی نارەحەتـــی و نەهامەتیدا دێت بـــەدەم هاوارکەران ولێیان گیرا دەکات، کە هەموو فەرمـــان و خێروبێرێك هەر بۆ ئەوە، و هەموو کار و فەرمانێکیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە، کە هیچ شەریك وهاوەڵـێـکی نیە لەمەدا.

**بەشـــی دووەم:** یەکخواپەرســـتی لە پەرســـتندا (الألوهيـــة): بریتییە لە تەنهایی کردنەوەی خودا (الله) لە گەردنکەچی و زەلیلی و ترس و خشـــوع و کڕنوش و ســـوژدە بۆ بردن و سەربڕین و خوێن بۆڕشتن و نەزر بۆکردن، هەروەها سەرجەم بەندایەتی و پەرستنەکان بۆ ئەو بەشێوەیەك هیچ شەریك و هاوەڵـێـکی بۆ بڕیار نەدەیت.

**بەشی ســـێهەم:** یەکخواپەرســـتی خودای گەورە (الله) لەناو و صیفەتە جوانەکانیـــدا: بریتییە لـــە تەنهایی کردنەوەی خـــودا (الله) لەو ناو صیفەتە جوانانـــەی کـــە لە قورئانـــی پیـــرۆز و لەســـەر زمانـــی پێغەمبەرەکەیەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری لەسەردراوەناونراوەووەصف کراوە،وبەپاکڕاگرتن و دوور بوونی پـــەروەردگار لەهـــەر کە موکوڕی و عەیـــب و عارێك، هەروەها باوەڕت وابێت کە (الله) بەهیچ شـــێوەیەك لە دروســـتکراوەکانی ناکات وهیچ لەیەکچوونێـــك لەنێوانیاندا نییە، وە داننانە بەوەی کە خودای گەورە زانایە بەهەموو شـــتێك و ئاگادارە پێیان، و بەدەسەڵاتە بەسەریاندا، وە هـــەر ئەوە زیندوو و ژیانبەخش بەهەموو شـــتێك و هەموو شتێکیشـــی ڕاگرتووە کـــە نەدەخەوێت و نە وەنەوزیش دەیباتـــەوە، و باوەڕت وابێت کە ویست و مەشـــیئەتی جێبەجێکردن و حیکمەت ودانایی تەواوی هەیە،

کە بیســـەر و بینەرە و زۆر بەڕەحم وبەســـۆز و میهرەبانە و لەســـەر عەرش وەســـتاوە و ئیســـتقراری کردووە، و بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو موڵـــکیدا و وخاوەنی ناوە جوانەکانی پادشـــایەتی و خاوەنداریێتی و پاك وبێگەردی لەهەموو کەموکوڕی و ســـەلام و ئاشـــتی و شایەتی ڕاســـتێتی پێغەمبەران دەدات و هەمـــوو هێمنییـــەك لەدونیا و دواڕۆژدا ئەو دەیبەخشـــێت و زاڵە بەســـەر هەموو شـــتێکدا و دەیپارێزیت و ئاگاداریەتی و هەموو سەربەزی و دەسەڵات بۆ ئەوە و بەهێزە و کەس بەسەریدا زاڵ نابێت، و هەموو شتێك بەویســـتی ئەوە و دروستکراوەکان لەژێر دەســـتەڵاتی ئەودان و بەفەرمانی ئەو دەڕۆن و گەورەیە و لەهەموو کەموکوڕییەك بەرییە، پاکیو وبێـگەردیش بۆ (الله) پەروەردگاری هەمووان لەوەی کە موشـــریك وهاوەڵ بڕیاردەران بۆی بڕیار دەدەن، و باوەڕ بوون بەتەواوی ناو و صیفەتە جوان و بەرزەکانی تریش کە خاوەنیەتی.

هەر بەشێك لەم سێ بەشەیش بەڵـــگە و دەلیلی خۆی هەیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ).

قورئان هەر هەمووی باس لە یەکخواپەرســـتی و ماف و پاداشتەکانی دەکات لەگەڵ باســـکردنی هاوەڵ بڕیاردان وکەســـانی هـــاوەڵ بڕیاردەر و سزاکانیان.

ئەم ســـێ بەشـــەی یەکخواپەرســـتیش زانایان بەوردبوونەو وگەڕان و لێکوڵینـــەوە لە دەقەکانـــی قورئانی پیرۆز و ســـوننەتی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بۆیـــان ڕوون بوەتـــەوە و وەریان گرتـــووە، ئەمەش پاش لێـکوڵینەوە و بەدواداچوونێکی دەقەکانی شەریعەت بووە، کە بەڵـگەیەکی

تـــەواوە لەســـەر ئەم حەقیقەت و ڕاســـتیە شـــەرعیە، ئەویـــش ئەوەیە ئەو یەکخواپەرســـتیەی کە داواکراوە لە بەندەکان بریتییە لە باوەڕ و ئیمان بوون بە یەکخوای و تاك وتەنهایی ئەو زاتە پیرۆزە لە پەروەردگارییەتی (الربوبیة) و تاك و تەنهایی لەپەرســـتن و بەندایەتی بۆکردن (الألوهیة) و تاك وتەنهایی لە نـــاو صیفەتە جوانەکانی، جا هەرکەس باوەڕی بەم شـــێوەیە نەبێت ئەوە باوەڕدار نییە، ئەوەیشـــی لەمەودوا باســـی دەکەین لە سێ بەشی داهاتوودا ڕوونکردنەوەی ئەو سێ بەشەی یەکخواپەرستیە کە ئاماژەمان بۆکردن.

## بەشی یەکەم
## یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة)

ئەم بەشەیش سێ باسی لەخۆ گرتووە:

**باسی یەکەم**: مانا و بەڵگەکانی لە قورئان و سوننەت و ژیری فیطرەت

**باسی دووەم**: تەنها دانان و ئیعتیراف کردن بەم یەکخواپەرستیە خاوەنەکەی ڕزگار ناکات لەسزای ئاگر

**باسی سێهەم**: هەندێك دیاردەی لادان و سەرلێشێواوی لە یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتی (توحید الربوبیة) دا.

# بەشی یەکەم
# یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة)

## باسی یەکەم
## مانا و بەڵگەکانی لە قورئان و سوننەت و ژیری فیطرەت

**یەکەم: پێناسەکەی:**

**لەزمانەوانییدا:** الربوبیة چاوگی فەرمانی (ربَبَ) یە، کە وشەی (الرَب) یش لەوەوە وەرگیراوە، پەروەردگاریەتی (ربوبیة) صیفەتێکی خودای گەورە (الله) یە ئەمەش لە ناوی (الرب) ەوە وەرگیراوە، وشەی (الرب) یش لە زمانی عەرەبیدا چەند مانایەکی هەیە، لەو مانایانەش: خاوەن موڵك (مالك)، گەورە و سەردار السید، چاکساز و موصلح.

**بەڵام لە زاراوەی عەقیدەدا:** یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة) بەمانای تاککردنەوەی خودای گەورە دێت لە کاروکردەوەکانیدا.

لەو کاروکردەوانەیش: دروستکردن و ڕۆزیدان وگەورەیەتی و نازونیعمەتدان و موکڵداریەتی ونەخشەکێشان، بەخشین و گرتنەوە، سوود و زیان گەیاندن، زیندووکردنەوە و مراندن، نەخشەکێشی دانا، قەزاو قەدەر، ئەمە و غەیری ئەم کردەوانەی پەروەردگاریش کە هیچ شەریك و هاوەڵێکی نییە، لەبەر ئەوە واجبە لەسەر بەندە کە باوەڕی بەگشت ئەمانە هەبێت.

دووەم: بەڵگەکانی ئەم بابەتە:

أ. لەقورئانی پیرۆز: خودای گەورەئەفەرموویێت: ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ

وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ * هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ [لقمان: ١٠-١١] واتا: ئاسمانەکانی لەو بەرزەوە دروستکردووە بێ ئەوە هیچ ستوون و کۆڵەکەیەك ببینن، و چەند کێویکیشی خستە زەمین و دایچەقاند وەك مێخ بۆ چادر، نەوەك لەرزەو جموجوولّ بە ئێوە بکات، وە هەموو جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا بڵاوکردەوە، کە مەگەر هەر خودا خۆی بەئەندازە و ژمارەیان بزانێ، لە ئاسمانیشەوە بارانێکمان بۆ دابەزاندن، بۆ سوودی ئێوەو ئاژەڵەکانتان، ئینجا لەوێدا لە هەموو جۆرە رووەك و گیایەکی هاولف و جووتی جوانی بەکەڵکمان ڕواند * ئەمە دروستکراوی خودایە (بەتەنها و بێ هاوەڵ و یارمەتیدەر وەدیهێناون، جا ئێوە ئەی خەڵکینە! نیشانم بدەن چیان دروستکردووە؟ ئەوانەی جگە لە خودا ئێوە ئەیانپەرستن، هیچیان دروستنەکردووە، بەڵکو موشریکەکان لەناو گومڕاییەکی ئاشکرادان، کە بتان دەپەرستن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ﴾ [الطور: ٣٥] واتا: ئایا ئەوان بێدروستکارێك لە خۆیانەوە دروست بوون، یا خۆیان دروستکاری خۆیانن؟

ب. بەڵگەکان لە سوننەت: ئەو فەرموودەیەی کە ئیمامی ئەحمەد و ئەبو داود لەفەرموودەکەی عبداللەی کوڕی شوخەیر (ڕەزای خودای لێ بێت) کە فەرموودەیەکی مەرفوعە و تێیدا هاتووە: «السيد الله تبارك وتعالى..» واتا: گەورە و سەردار خودای گەورەی بەرز و بڵندە، تیرموذی و جگە لەویش ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو وەصیەتەی کە ئاڕاستەی عبداللەی کوڕی عەباسی کرد (خودایان لێ ڕازی بێت)

فەرموویەتی: «واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، وإن اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الأقلام وجفت الصحف»[1] واتا: بزانە ئەگەر هەموو خەڵـــك کۆببنەوە بۆ ئەوەی ســـوود و قازانجێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن بەشـــتێك ســـوود و قازانجت پێ بگەیەنن، ئەوە نەبێت کە خودای گەورە بۆی نووسیویت، و ئەگەر هەموو خەڵـکیش کۆببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن هیچ زیانێکت پـــێ بگەیەنن، ئەوە نەبێت کە خودای گەورە لەسەری نووسیویت، پێنووسەکان بەرزکراونەتەوە و لاپەڕەکانیش وشك بوونەتەوە (واتا هەموو شتیك کۆتاییان پێهاتووە).

ج. بەڵـگە ژیری و لۆژیکیەکان: ژیری وعەقڵ و لۆژیکیش بەڵـگەیە لەسەر بوونی خودای گەورە و تاك بوونەوەی ئەو زاتە لەپەروەردگاریەتی و کەمالی قودرەتی لەســـەر دروســـتکراوەکانی و دەســـەڵاتی تەواوی بەسەریاندا، ئەمەش لەڕێگای تێڕامان و وردبوونەوە لە ئایات ودەســـەڵاتەکانی خودای گەورە کە بەڵـگەی گەورەن لەسەر ئەمە.

بۆ وردبونەوە و تێڕامان لەئایات و نیشانە وبەڵـــگەکانی خودای گەورە و بەڵـگەهێناوەی لەسەر پەروەردگاریەتی ئەو زاتە پیرۆزە ڕێگای زۆر هەن بەپێی ئەو بەڵـگە و نیشانانەی کەهەن چەند جۆرێکن، دیاریترینیان دوو ڕێگەن:

**ڕێگەی یەکەم:** تێڕامان و وردبوونەوە لەئایەت ونیشـــانەکانی خودای گەورە بە سەرنجدان لە خودی مرۆڤ خۆی کە بە (بەڵـــگەکانی دەروون)

(١) سونەنی تیرموذی (٢٥١٦)، وموسنەدی ئەحمەد (١ / ٣٠٧)، ئیمامی تیرموذی ئەم فەرموودەی بە فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیح داناوە، و ئیمامی حاکمیش بە صەحیحی داناوە.

دەروونی مرۆڤ بەڵگەیەکە لەبەڵــــگە گەورەکانی خودای گەورە لەسەر تاکی و تەنهایی خودای گەورە لەســـەر پەروەردگاریەتـــی ئەو زاتە پیرۆزە وهیچ شــــەریك و هاوەڵی نییە، هــــەروەك خودای گــــەورە فەرموویەتی: ﴿وَفِىٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ [الذاريات: ٢١] واتا: وە لەخودی خۆیشـــتاندا بەڵـــگە گەلێ هەیە بۆ دۆزینەوەی خودا، دەســـا لە خۆتان نارِوانن و تەماشا ناکەن؟ ســـەیر ناکەن خــــودای گەورە چۆن ئێوەی دروســـت کـــردووە، هەریەکە شـــێوەی ئاخافتن و زمانی جۆرێکە، رەنگ و رووخساری جۆرێکە، پلەی ژیریی و تێگەیشتنی و بەژن و باڵاو قەدو قامەت و..هتد.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾ [الشـــمس: ٧] واتا: ســـوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێکوپێکی بەدیهێناوە.

جا ئەگەر مرۆڤ بەوردی ســـەرنج لە خـــۆی ودەروونی خۆی بدات و تێڕامانێـــت لـــەو هەمـــووە وردەکاری و عەجائیباتانەی کە دەســـتکرد ودروســـتکراوی خودای گـــەورەن ئەوا ڕێنوماییـــان دەکات بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پەروەردگارێکی هەیە کە خالقیکی زانای دانایە، لەکاتێکدا کە مرۆڤ ناتوانێت ئەو دڵۆپە ئاوەش دروســـت بکات، کە لێی دروست بووە کە پێی دەوترێت النطفە، یان ئەو دڵۆپە ئـــاوە بگۆڕێت بۆ پارچە خوێنێك (العلقة) یان ئەو پارچە خوێنە بگۆڕێت بۆ پارچە گۆشتێکی جوێنراو (المضغة) یان ئەو پارچە گۆشـــتە هەجوێنراوە بگۆڕێت بۆ ئێسك (العظام) یان ئەو پارچە ئێسکە گۆشت بکات بەبەریدا و لەئەنجامدا بیکاتە کۆرپەلەیەك....

**ڕێگەی دووەم:** ســـەرنجدان و ووردبوونەوە لە نیشانە وبەڵـــگەکانی دەســـەڵاتی خودا لـــە میانـــەی وردبونەوە لـــە چۆنیەتی دروســـت بوون

و خەلقکردنی گەردوون و نهێنیەکانی کەبەبەڵگەگەردونییەکان (دلالةالآفاق) ناوزەدکراون، ئەمانەش بەڵـــگە کەلیکی گەورەن لەسەر پەروەردگاریەتی و ڕبوبیەتی خودای گەورە، لەم بارەیەشـــەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ [فصلـــت: ٥٣] واتـــا: ئێمە لە ئایندەدا بەڵـــگە و نیشـــانەی سەرســـوڕهێنەریان نیشـــان دەدەین لە ئاســـۆکانی بوونەوەرداو لە خودی خۆیشیاندا (بێگومان ئاشکرایە کە لەســـەردەمی زانستیدا چەندە نهێنیەکانی بوونەوەرئاشکرابووە..زاناکانبەگشتیوزاناکانیئەستێرەناسیسەرگەردانن لە وردەکاری و دامەزراوی و گەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لە ئاڵۆزی جەستەیی و عەقڵیی و دەروونی ئادەمیزاد)، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو زاتە حەق و ڕاســـت و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەرورەردگارت بەس نیە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێک؟!.

جا هەرکەســـێك ســـەرنج بدات لە ئاســـۆکانی بوونـــەوەر و ئەوەی لەم گەردوونەدا هەیە لەئاســـمان و زەویدا، وە ئەوەیشـــی کە ئاسمانەکان لەخۆیانـــی گرتـــووە لەئەســـتێرە و کەهکەشـــانەکان و ڕۆژو و مانگ، وە ئەوەیشـــی لە زەویدا بەدی دەکرێت لەشـــاخەکان لە دار و درەخت ودەریا و ڕووبار و زەریاکان، دیســـان هاتنی شەو و ڕۆژ بەدوای یەکدا هەموو ئەم یاسا و ڕێسا جوانانە بەم شێوە ووردەکاریەی کە تێیدا ڕەچاو کراوە بەڵگەن لەســـەر ئەوەی کە ئەم گەردوونە دەبێت خالق و دروستکارێکی هەبێت کە هێنابێتە بوون و بەڕێوەی ببات، هەرکاتێکیش مرۆڤی عاقڵ ژیر بەووردی بیر لەم هەمووە دروستکراو و بەدیهێنراوە بکاتەوە لەگەردووندا ئەوەی بۆ

دەردەکەوێت کە بەبێهوودە دروســـت نەکراون و بەحەق و ڕاستی هاتونەتە بوون، و هەموویان پەڕاو و بەڵـگەی ئاشکران لەسەر ئەو هەواڵ و باسانەی کە خودای گەورە لەسەر خۆی بۆ ئێمەی باسکردووە کە بەڵـــگەن لەسەر تاك وتەنهایی زاتی پیرۆزی (الله).

لەهەندێك بەســـەرهاتدا هاتـــووە کە چەند کەســـێك داوایان لە ئیمام أبو حنیفە کرد کە یەکخواپەرســـتی پەروەردگاریەتـــی (توحید الربوبیة) یان بۆ بسەلمێـنێـــت، ئەویـــش (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) وتـــی پێیان: ئایا ڕاتان چیە ئەگەر پێتان بلێم کەشـــتییەکم بینی لەناو ڕوباری دیجلەدا خۆی لەخۆیـــەوە کەوتە ڕۆشـــتن و پڕبوو لە خواردن و شـــتی تر، پاشـــان هەر لەخۆیەوە دەگەڕێتەوە و هەر بۆخۆیشـــی دێـــت و دەچێت، هەموو ئەمانە ڕوویان دا بەبێ ئەوەی کەسێك ببیات بەڕیوە وسەرپەرشتی بکات.

ئەوانیش وتیان: شتی وا هەرگیز ناکرێت و نابێت.

ئیمام ئەبوحەنیفەیش لەوەلامیاندا وتی: دەی باشە ئەگەر ئەمە بۆ کەشتیەك مەحاڵ و جێـگای قبوڵ نەبێت ئەی چۆن ئەم گەردوونە بەم جوانی و ڕێك وپێکیە بەسەر وخواریەوە لەخۆیەوە و بێ خالق و دروستکارێك بەڕیوە بچێت؟!

کەواتە چـــاك بزانن ڕێـــك و پێکـــی و بوونی هاوســـەنگیەکی وورد لەدروســـتکردنی لەم جیهانە و تەواوی گەردوندا بەڵـــگەیە لەسەر خالق و دروستکارەکەی و تاك و تەنهای ئەو زاتە.

## باسی دووەم
## تەنها دانانان و ئیعتراف کردن بەم یەکخواپەرستیە خاوەنەکەی ڕزگار ناکات لەسزای ئاگر

یەکخواپەرســتی لەپەروەردگاریەتیدا (توحيد الربوبية) یەکێکە لەو سێ یەکخواپەرستیەی کە باسمانکردن، جا لەبەر ئەوە باوەڕ و یەکخواپەرستی هیچ کەسێـــك وەرناگیرێت هەتاوەکو ئەو کەسە یەکخواپەرست نەبێت لە پەورەدگاریەتیـــدا (ربوبية) دا، بەڵام ئەبێت ئـــەوەش بزانین ڕەوانەکردن و ناردنی پێغەمبەران (ســـەلامی خودایان لێ بێت) بۆ گەلان بۆ ئەم مەبەستە نەبووە، وە هیچ کەســێکیش تەنها بەم یەکخواپەرســتیە بە (توحيد الربوبية) ڕزگاری نابێت لە ســزای ئاگر بەبێ ســەلماندن وباوەڕ بوون بەبەشەکەی تری یەکخواپەرســتی کە بریتییە لە یەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا (توحيد الألوهية).

هەر لەبەر ئەمیشە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ [يوسف: ١٠٦] واتا: جا زۆربەی زۆری خەڵـکی باوەڕناهێنن بە خودای تاك و تەنها، بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (بێـــگومان ئیمان و باوەڕی وا هیچ نرخی نیە و خودای گەورە لەو تاوانە خۆش نابێت).

واتـــای وایە زۆربەیان دانیـــان نەدەنا بەوەی کە خـــودای گەورە (الله) پەروەردگار و خالـــق و ڕۆزی دەر و بەڕێوەبەری ئـــەم دونیایە (کەهەموو ئەمانە بریتین لە یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا –توحيد الربوبية–) ئیلا لەگەڵ ئەوەشدا هاوەڵیان بۆ خوا دادەنا لەپەرستنیاندا وبت وداتاشراوەکانیان

ئەکرد بەهاوەڵی خودا، کە نە سوود نەقازانج دەگەیەنن و نەدەتوانن ببەخشن یان بگرنەوە لە بەندەکان..

ئەمەش تەفسیری کۆمەڵێك لەهاوەڵە بەڕێزەکان و تابیعینە.

عبداللەی کوڕی عەباس (خوایان لـــێ ڕازی بێت) دەڵێت: لەباوەڕی ئەو بتپەرســـتانە ئەوە بوو: ئەگەر پێت بووتنایە: کێ ئاسمانەکانی دروست کردووە؟ و کێ زەوی و چیاکانی دروستکردووە؟ دەیانوت: الله دروستی کردووە لەگەڵ ئەوەشدا هاوەڵیان بۆ خودا دادەنا.

عیکرمەیش وتویەتی: ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ ئەوان و زەوی و ئاســـمانی دروســـتکردووە، لەوەڵامدا دەیانوت: اللـــە ئەمەش باوەڕی ئەوان بوو بە خودای گەورە بە (الله) لەگەڵ ئەوەشـــدا غەیری خوداشـــیان دەپەرست.

موجاهیدیش دەڵـــێت: بـــاوەڕی ئەوان ئەوەبوو کـــە دەیانوت: (الله) دروســـتکار ورۆزیـــدەر و مرێنەرمانە، ئەمە باوەڕیان بـــوو، لەگەڵ هاوەڵ پەیداکردنیان بۆ خودا لەپەرستشەکانیاندا.

عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمی کوڕی زەیدیش وتویەتی: کەس نییە لەگەڵ خودا کەسێکی تر بپەرستێت ئیلا باوەڕی بەخودا (الله) هەیە و ئەزانێت کە خودا (الله) پەروەردگاریەتی، وە هەر (الله) یش دروستکار و ڕۆزیدەریەتی، کەچی هاوەڵیش بۆ خودا دادەنێت، ئایا نابینیت کە ئیبراهیم ســـەلامی خودای لێ بێـــت کاتێ کە فەرمـــووی: ﴿قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ۞ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ۞ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ [الشـــعراء: ٧٥-٧٧] واتـــا:

ئیبراهیم وتی: باشە ئاخر ئێوە نابینن چی دەپەرستن (کەی ئەو شتانە شایستەی پەرستنن)* بە ڕاستی ئێوەش و باو باپیرانی دێرینیشتان (بە هەڵەدا چوون)* بێگومـــان هەموو ئەوانە دوژمنی منن، بە دوژمنـــی خۆمیان دەزانم جگە لە پەروەردگاری جیهانیان*.

لەم بارەیەشـــەوە لە پێشینەکانی ئوممەتی ئیســـلامەوە دەقی جیا جیا و زۆر هاتووە کە هەر هەموویان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە بتپەرست و هاوەڵ پەیداکەرانی سەردەمی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دانیان دەنا بەوەی کە خودای گەورە (الله) پەروەردگار و دروستکار و ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە، و هاوەڵ پەیداکردنیشیان لەڕووی پەرستنەوە بووە، بەوەی کە شـــەریك و هاوەڵیان بۆ خودای گەورە دانـــاوە و هاواریان بۆ دەبردن و داوایان لێدەکردن و داوای پێویستیەکانی خۆیانیان لێ دەکردن.

قورئانی پیرۆزیش لە زۆر جێگادا بەڵـگەی هێناوەتەوە لەسەر ئەم ڕاستیە کە هاوەڵدانەران و موشـــریکەکان دانیان دەنا بـــە پەروەردگاریەتی خودا و بوونی پەروەردگاردا، لەهەمان کاتدا لەگەڵ خودادا لەگەڵ (الله) دا شتێکی تریشیان دەپەرســـت، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ [العنكبوت: ٦١] واتا: ســـوێند بەخودا ئەگەر لەو بێ باوەڕانە بپرسیت: کێ ئاسمانەکان و زەویی دروســـتکردووە و، خۆرو مانگی ڕامکردوە ئابەو شێوەیە بە ئاسانی بێن و بچن، بێ ســـێ و دوو دەڵێن: هەر خوایە ئەو کارانەی کردووە، دەســـا ئیتر چۆن لە یەك خودا پەرستیی لادەدرێن و بەرەو بتپەرستی ئەبرێن!.

هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ

مِنۢ بَعۡدِ مَوۡتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ﴾ [العنكبوت: ٦٣] واتا: خۆ ئەگەر لێیان بپرسیت: کێ ئاو لە ئاسمانەوە دەبارێنێت، جا زەوی پێ دەبوژێنێتەوە، دوای ئەوەی خامۆش و مردوو بوو، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێن: (الله) تۆ ئەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بڵێ: سوپاس بۆ خودا، کە ئاوا، دان بە دەسەڵاتیدا دەنێن، نەخێر بەڕاستیان نیە، بەلکو هێشتا زۆربەیان بێ بیر و هۆشن و ژیریان ناخەنەکار.

لەجێگەیەکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ [الزخرف: ٨٧] واتا: سوێند بەخودا ئەگەر لەو بت پەرستانە بپرسیت: کێ دروستی کردوون، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێن (الله)، کەوابوو بەرەو چی و بەرەو کوێ لە ڕێبازی یەکخواناسی لادەدرێن و شوێنی ناحەقی دەکەون؟

لە سورەتێکی تریشدا دەفەرموێت: ﴿قُل لِّمَنِ ٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ * قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ * قُلۡ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيۡهِ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ فَأَنَّىٰ تُسۡحَرُونَ﴾ [المؤمنون: ٨٤-٨٩] واتا: پێیان بڵێ: ئەی موحەمەد! (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) باشە! زەویی و گشت ئەوانەی لە زەوییدان و دەژین هی کێیە؟ (کێ دروستی کردوون و، لە نەبوونەوە هێناونی خانەی بووەکانەوە؟ ئەگەر ئێوە ئەزانن، ئادەی پێم بڵێن، دیارە چاریان نیە هەر دەبێ ڕاستیەکان بسەلمێنن، بۆیە لەوەلامدا * دەڵێن: ئەوانە هەموو موڵك و تایبەتمەندی خوان، پێیان بڵێ: جا کە ئاوایە، ئەی بۆ بیر ناکەنەوە، تا بزانن زاتێك دەسەلاتی ئاوای هەبێ، هەر هەمان دەسەڵاتیشی دەبێ بۆزیندوو کردنەوە * پێیان بڵێ: ئەی کێ پەروەردگاری حەوت

ئاســـمانەکانە؟ ئەی کێ پەروەردگاری (عـــەرش) ی مەزن و گەورەیە؟ ✽ دیســـان دەڵێن: هەر خودایە پەروەردگار و بەدیهێنەریان، پێیان بڵێ: باشە! ئیتر بۆ لە خودا ناترسن، تا هاوبەش و هاوەڵی بۆ دانەنێن؟ ✽ پێیان بڵێ: ئەی دەسەڵاتی گشت بوونەوەر بەدەست کێیە؟ و کە ئەو پەنای پەناخواز دەدا و، دژی ئەو پەنا نادرێت، ئەگەر ئەزانن کێیە؟ ئادەی پێم بڵێن ✽ دیسان دەڵێن: هەر بۆ خودایە، پێیان بڵێ: دەسا ئەی چۆن فریو دەخۆن و چاوتان لە ئاستی راستییەکان بەستراوە؟! ✽.

بتپەرســـت و هاوەڵدانەرانی ئەو ســـەردەمە باوەڕیان بـــەوە نەبووە کە بت و داتاشـــراوە بەناو خوداکانیان باران دەبارێنـــن ڕۆزی هەموو جیهان دەدەن و بەڕێـــوەی دەبەن، بەڵـــکو باوەڕیان وابووە کـــە هەموو ئەمانە لە تایبەتمەندیەکانـــی خودای گـــەورە و پاك و بێگەردە، وە دانیشـــیان بەوەدا ناوە ئەو بتانەی کە ئەوان جگە لە خودا هاواریان بۆ دەبردن دروســـتکراوی خودان، نە بۆ خۆیان و نە بۆ ئەو کەسانەشی دەیانپەرستن سەربەخۆی خۆیان سوود و زیانیان پێ ناگەیەنن، هەروەها نەمردن و ژیان زیندووبونەوەشیان بەدەســـتە، وە باوەڕیان وابووە کە نابیستن و نابینن، وە دانیان بەوەیشدا ناوە کە خودای گەورە (الله) بەتەنها خاوەنی ئەو شتانەیە و هیچ هاوەڵـێـکێشی نییە، و هیچ شـــتێك لەمانەی کە باسکرا نە هی ئەوان و نەهی بتەکانیانن، و باوەڕیان وابووە کە خودای گەورە خالق و دروستکراوی هەمووە شتێکە و جگە لە ئەو هەمووی درستکراوە، و ئەو پەروەردگار و گەورەی هەموانە و جگە لەئەو پێویستیان بەئەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دروستکراوێکی خوایـــان کردووە بەهاوەڵ و ناوبەندگیر لەنێوان خۆیان و خوادا، کە داوای

شـــەفاعەتیان لێ دەکـــردن و داوای ئەوەیـــان دەکرد کـــە لەخوایان نزیك بخەنـــەوە، و تکایان بـــۆ بکەن، هـــەر بۆیە خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ [الزمر: ٣] واتا: ئەوانەی کە لەباتی خودا چەند دۆس و بتێکیان بۆ خۆیان گرتووە، بەبێ هیچ بەڵـــگەیەکیش ئەڵێن: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئەو بتانە دەپەرستین، کە لەخوامان نزیك بکەنەوەو، تکامان بۆ بکەن لای.

لەگەڵ هەموو ئەم دان پێدانانەی موشـــریك و هاوەڵدانەران بۆ خودای گـــەورە کە گـــەورە و پـــەروەردگاری هەمووانـــە کەچی نەبـــووە بەهۆی هاتنە ناوەوەیان بۆ نێو بازنەی ئیســـلام، بەڵـــکو لەگەڵ ئەوەشدا خودای گەورە حوکمی بێ باوەڕ و موشـــریکی داوە بەســـەریاندا، وهەڕەشـــەی خســـتنە ناو ئاگـــر و مانەوەیان بەهەتـــا هەتایی لێکـــردوون، پێغەمبەریش (ﷺ) ماڵ و خوێنیّ حەلاڵ کردوون، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو موشریك و هاوەڵدانەرانە گرێدراوەکەی یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتی (توحیـــد الربوبیة) کە یەکخواپەرســـتییە لەپەرســـتندا (توحیـــد الألوهیة) یان جیبەجێ نەکردووە وتەحقیقیان نەکردووە.

بەمەش ڕوونبوویەوە کە دان پێدانان و باوەڕبوون بە یەکخواپەرســـتی لەپەروەردگاریەتیـــدا (توحیـــد الربوبیـــة) بەبێ جێبەجێکردنی بەشـــە هەرە ســـەرەکیەکەی یەکخواپەرســـتی کە یەکخواپەرســـتی خودایە لە پەرستندا (توحید الألوهیة) هیچ سوودێکی نییە و خاوەنەکەی لە سزای ئاگری دۆزەخ ڕزگار ناکات، بەڵـــکو ئەم بەشـــەی تری یەکخواپەرســـتی کـــە بە (توحید الألوهیة) ناسراوە بەڵـــگەی تەواوە بەسەر بەندەکانی خوداوە کە پێویست

دەکات بەندەکان کە تەنها دڵسۆزی و ئیخلاصی تەواویان بۆ خودای گەورە هەبێت و بەهیچ شێوەیەکیش شـــەریك و هاوەڵی بۆ دانەنێن، ئەمەش ئەوە پێویســـت دەکات کە خودای گەورە (الله) بەتاك و تەنهایی بپەرسترێت، جا ئەگەر ئەمانەی نەکرد ئەوا بێ باوەڕە و ماڵ و خوێنی حەڵاڵ دەبێت..

## باسی سێهەم
## هەندێك دیاردەی لادان و سەرلێشێواوی
## لە یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتی (توحید الربوبیة) دا

وەك لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا لەگەڵ ئەوەی یەکخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة) مەسئەلەیەکە و خودای گەورە فیطرەتی مرۆڤەکانی لەسەر دروستکردووە و بەڵگە گەلێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر فیطرەتی پاکی باوەڕ بەخودا لەدایك دەبێت (بەو مانایەی هیچ خاوەن فیطرەتێکی ساغ و سەلیم نیە ئینکاری بوونی خودای گەورە بکات) بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسانێکی دەروون نەخۆش هەن لە کۆمەڵگەدا هەمیشە تووشی لادان و سەرلێشێواوی دەبن لەم مەسئەلەیەدا، دەکرێت ئێمەش ئەم دیاردەی لادان و سەر لێشیواویە لەچەند خالێکدا کورت بکەینەوە:

١. ئینکاری پەروەردگاریەتی خودابوونی ئەو زاتە پیرۆزە لەبنەماوە، هەروەك چۆن مولحیدەکان دروستبوونی ئەم هەموو مەخلوقاتە دەگێڕنەوە بۆ سروشت و دەڵێن: سروشت ئەم هەمووە دروستکراوەی خولقاندووە، یان لەئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی شەو ڕۆژ دروست بوون، و زۆر ورێنەی تری لەم جۆرەیە، خودای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ﴾ [الجاثیة: ٢٤] واتا: هەندێك لە هاوبەشدانەرەکان دەیانووت: جگە لەم ژیانی دونیایەمان، شتێکی تر لە گۆڕدا نیە، بۆ خۆمان ئەژین و ئەمرین، واتا: دەستەیەك ئەژیی و دەستەیەك ئەمرێ، ئیتر دوای ئەوە نەزیندوو بوونەوە هەیە، نە لێپرسینەوە!! وە هەر

سروشـــت و زەمان و ڕۆژگارە دەمانمرێنێ و لەناومان دەبات. لەوە ئەچێ ئەوانە هەندێك بوو بن، بڕوایان وابوو بێ کە هەموو شـــتێك هەر بەدەستی سروشـــت و ڕۆژگارە، لەوانەن کە پێیان وتوون (دەهرییەکان)، ئێستایش پاش ماوەیان لەهۆنراوەو پەخشـــانی شـــاعیرەکاندا ئەبینـــرێ: (وەك ئەم وشـــانە: فەلەك! زەمانە! غەددار! چەرخی چەپگەڕ!..هتد)، جا ئەوانە لە هەموو سات و ســـەردەمێکدا سەریان هەڵداوەو سەر هەڵئەدەن و، هەوڵی چەســـپاندنی ئەو بیرۆکەیە ئەدەن، بەو هیوایەوە خەڵـــکی لە شەرعی خوا دوور بخەنـــەوە، گومانیـــش نییە لەوەدا کـــە خۆیان زۆر ســـەرگەردانن، سەرەڕای شوێنکەوتووەکانیشیان.

ئیمامی (موســـلیم) ئـــەم فەرمودەیـــەی هێناوە کـــە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمویەتـــی: «لا تســـبوا الدهر، فإن الله هـــو الدهر» واتا: جنێو بە ڕۆژگار مەدەن، بێگومان خوای گەورە ڕۆژگارە، مەبەست ئەوەیە ڕۆژگار دەهێنێ و دەبات، پێشەوا شافیعیی ئەڵێت: عەرەبەکان لەسەردەمی جاهیلیەتدا کە بەڵاو نەهامەتێکیان تووش دەبوو ئەیان وت: (یاخی بە ئەی الدهـــر!)، ئەو ڕووداوانەیان دەدایە پاڵ ســـاڵ و زەمان وجنێویان ئەدا، خۆ لە واقیع و بنەڕەتیشـــدا هەر خوای گەورەیە ئەو کارانە ئەکات، جا کەوابوو وەك جنێویـــان بەخوا دابێ وایە، چونکـــە لەهەقیقەتدا خوا خۆیەتی زەمانە دەگێڕێ و (فاعیل)ـە، (ئەمە لە تەفسیری ئیبن کەسیردا هاتووە)، ئەوانەش ئەو قسە ئەکەن، هیچ جۆرە زانستێکیان لەو بارەوە نیە، هەر لە خۆیانەوە ئەو قسەیە دەکەن،واتە: ئەوەی دەیلێن لە ڕێی زانستەوە نیە، بەڵـکو تەنها گومان ئەبەن، لە گومان بەو لاوە هیچ دڵنیاییەکیان نییە.

٢. ئینــــکاری کردنی هەندێك لە تایبەتمەندیەکانــــی پەروەردگارێیەتی پاك و بێگەرد، وەك ئەوەی کە ئینکاری ئــەوە بکرێت کە خودای گەورە (الله) دەســــەلاتی نەبێت بەســــەر مردنــــی مرۆڤەکاندا یان زینـــدوو کردنەوەیان لەپاش مردنیان، یان سوود و زیان پێگەیاندنی، و نموونەی تری ئەم جۆرە گومانانە.

٣. پێدانی هەندێك لەتایبەتمەندیەکانــــی پەروەردگاریەتی پاك وبێگەردبە کەســـانی تر غەیری خودا، هەرکەس بـــاوەڕی وابێت کـــە غەیری خودا دەســــەلاتی هەیە لەبەڕێوەبردنی گەردوون وەك دروستکردن لەنەبوونەوە یان لەناوبـــردن، یان مراندن و ژیان پێبەخشـــین، یان بـــاوەڕی وابێت کە غەیری خودا دەتوانێت زەرەر و زیان و ســـوود وقازانـــج بگەیەنێت، یان هەندێك مانا ومەبەســـتی تر کە تایبەتمەندە بـــە خوایەتی خودای گەورە لە پەروەردگاریەتیدا لـــە (الربوبية) ی ئەو زاتەپیرۆزە، ئـــەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە هاوەڵ و شەریکی بۆ خودای گەورە و بەرز و بلند بڕیارداوە.

## بەشی دووەم
## یەکخواپەرستی لەپەرستندا (توحید الألوهیة)

ئەم بەشەیش پێنج باسی لەخۆ گرتووە:

**باسی یەکەم:** بەڵگە و ڕوونکردنەوەی گرنگیەکانی

**باسی دووەم:** واجبە خودای گەورە (اللە) بەیەکخوایی بپەرسترێت

**باسی سێهەم:** پارێزگاری پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەیەکخواپەرستی

**باسی چوارەم:** هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، و بێ باوەڕی و جۆرەکانی

**باسی پێنجەم:** بانگەشەی زانینی غەیب و شتە نادیارەکان و هاوشێوەکانی

## بەشی دووەم
## یەکخواپەرستی لەپەرستندا (توحيد الألوهية)

الألوهية: وشـــەیەکە و لە وشـــەی (إله) وەرگیراوە بەواتای پەرستراوی گوێڕایەڵی بۆکراو، (إله) یش یەکێکە لە نـــاوە پیرۆزەکانی خودای گەورە، دیســـان (الألوهية) یەتیش صیفەتێکە لە صیفەتەکانی خودای گەورە و بەرز وبلێند، خودای گەورە (الله) پەرســـتراوی هانا بۆ بـــراوە، ئەو خوایەی کە پێویستە دڵەکان هانای بۆ بەرن و گوێڕایەڵ وملکەچ بن بۆی، لەبەر ئەوەی خودای گەورە (الله) پەروەردگاری بەرز و بلێندە، دروستکەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە، بەهەموو صیفەتـــە جوان و کەماڵەکان وەصف دەکرێت، و دوور و بەریە لەهەموو کـــەم و کوورتیەك، هەر لەبەر ئەمە دەبێت هەموو ملکەچی و زەلیلیەك هەر بۆ ئەو بێت و بۆ کەسی تر نەبێت، لەکاتێکدا کە هەر خۆی خالق و دروستکار و بەڕێوەبەر و دامەزرێنەر و گەڕێنەرەوەی هەموو شتێکە پێویســـت دەکات کە هەموو پەرستنێك هەر بۆ ئەو بیت و کەسی تر نەکرێت بەشەریك وهاوەڵی.

یەکخواپەرستی لە پەرســـتندا بریتییە لە تاکردنەوەی خودا لە سەرجەم پەرستنەکاندا، ئەویش بەوەی بەندەکان دەبێت چاك بزانن ودڵنیابن لەوەی کە تەنها خودای گەورە (الله) پەرســـتراوی بەهەق و ڕاســـتیە، و سەرجەم صیفاتەکانی پەرستراو لەهیچ یەکێك لە مەخلوقاتەکانیدا نییە و شایانی ئەو مەقامە نییە خودای گەورە نەبێت، جا کاتێك بەندە ئەوەی زانی و بەڕاســـتی دانی بەوەدانا ئەوا گشـــت پەرســـتنە دیـــار و ئاشـــکرا و نادیارەکانیش بۆ

خودای گەورە دەکات، و لەهەمان کاتیشـــدا هەڵدەسێت بە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەحکامە ئاشکراکانی شەریعەتی ئیسلام وەك نوێژ و زەکات و ڕۆژووو وحـــەج و فەرمان بەچاکە و قەدەغەکـــردن لەخراپە و چاکەکردن لەگـــەڵ دایك و باوك و بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم، وە هەڵیش دەســـێت بە بنەما نهێنـــی و ناوخۆییەکانی لە باوەڕ بەخودا (الله) و بەفریشـــتەکانی وبە پەرتووك وکتێبەکانی وبە پێغەمبەرانـــی و بەڕۆژی دوایی و بەقەدەری خێر و شـــەڕی، و لەمەشـــدا هیچ مەبەســـتێکی تری نییە جگە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە و پاداشتی خێری.

لەم بەشـــەی تردا کۆمەڵێـــك بابەتی گرنگی پەیوەســـت بەم جۆرەی یەکخواپەرستی یەوە دەخەینە ڕوو.

## باسی یەکەم
## بەڵگە و ڕوونکردنەوەی گرنگیەکانی

### تەوەرەی یەکەم: بەڵگەکانی

دەقەکان زۆرن و بەڵـــگەکانیش ئاشکرا و ڕوون لەسەر واجب بوونی تاککردنـــەوەی خودای گەورە (الله) بەپەرســـتن، ئەم بەڵـــگانەیش چەند جۆرێکن:

١. هەندێــك جــار بــە فەرمــان پێکــردن، هــەروەك خــودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ٢١] واتا: ئەی خەڵـــکینە! تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، کە ئێوەو پێشـــووەکانی ئێوەی لەنەبوون دروســـتکردووە، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾ [النساء: ٣٦] واتا: ئەی خەڵکینە تەنها خودا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریک و هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ﴾ [الإســـراء: ٢٣] واتا: پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن. ئەمانە و چەند ئایەتی تر کە باس لەم بابەتە دەکات..

٢. هەندێـــك جاریـــش بەڕوونکردنەوەی ئـــەوەی کە تاکە مەبەســـتێکی ســـەرەکی لە دروســـتکردن و خەلق کردنی مرۆڤ و جنۆکە برتییە لە تەنها پەرستنی خودای گەورە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ

﴿وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ﴾ [الذاریات: ٥٦] واتا: من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن.

٣. هەندێـــك جاریش بەوە تەعبیـــری لێ دەکرێت کە مەبەســـت لە ناردن و ڕەوانەکردنی پێغەمبـــەران بۆ ئەم جۆرەی یەکخواپەرســـتی بووە، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ﴾ [النحل: ٣٦] واتا: سوێند بە خودا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بلێت: تەنها خودا بپـــــەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر جگە لەخودا...

هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ [الأنبیـــاء: ٢٥] واتـــا: لەپێـــش تۆشـــەوە ئـــەی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هـــەر پەیامبەرێکمـــان نـــاردووە وەحیی و سروشـــمان بۆکردووە کە: هیچ پەرســـتراوێکی بەهەق نییە جگە لە من جا کەوایە هەر بەتەنها من بپەرستن.

٤. هەندێك جاریش ئەم یەکخواپەرستیە کراوە بە مەبەستی سەرەکی لەناردنی پەڕاوە ئاســـمانی و ئیلاهیەکان، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ﴾ [النحل: ٢] واتا: خودا بەفەرمانی خۆی فریشـــتەی وەحی (جبریل) بەسروش و وەحیـــەوەو بە فەرمانی پەیامبەریەتیی، دەنێرێ بۆ ســـەر هەرکەســـێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێ و بەشـــیاوی بزانێت، وەحییـــان بۆ دەکاو پێیان دەڵێ: کە خەڵـــك لەسزا بترســـێنن و ئاگاداریان بکەن کە جگە لە من هیچ

پەرستراوێك بەهەق نییە جا کەواتە لەسنوورەکانم پارێز بکەن و لەمن بترسن.

٥. هەندێك جاریش بەڕوونکردنەوە و بەیانکردنی گەورەیی فەزڵ و مەزنی پاداشتی خاوەنەکەی کەچی پاداشتێکی گەورە و نازونیعمەتێکی بەڕێزی بۆ ئامادەکراوە لە دونیا و دوارۆژدا، هەروەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾ [الأنعام: ٨٢] واتا: ئەو کەسانەی بڕوایان هێناو، لەهەمان کاتدا ناحەقیی و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکرد، ئاسایش و نەبوونی ترس لەسزای خودا هەربۆ ئەوانە، نەك بۆ بت پەرستەکان، و هەر ئەوانیشن ڕێنمایی کراو بۆ ڕێگەی ڕاست و، بەهەقیانەتیش لەسەرینی.

پێشەوا(ئەحمەد) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، هاوەڵان زۆرپێیان سەخلەت بوو و وتیان: ئاخۆ کەسێك هەبێ ستەمی نەکردبێ لەخۆی؟ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: مەبەست بەو (ستەم)ـە لە ئایەتەکەدایە (شیرك) ـە، واتا: دانانی شەریکە بۆ خودا مەگەر ئەو ئایەتانەتان نەخوێندۆتەوە کە (لوقمان) بە کوڕەکەی خۆی وت: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٌ﴾ [لقمان: ١٣].

٦. هەندێك جاریش بە ئاگادارکردنەوە و ترساندن بەوەی نەکەوینە ناو دژەکەیەوە (کە هاوەڵ پەیداکردنە بۆ خودا) ڕوونکردنەوەی مەترسی دژە یەکخواپەرستی، وە باسکردنی ئەو سزا سەختەی کە خودای گەورە ئامادەی کردوە بۆ ئەو کەسەی کە واز دێنێت لە یەکخواپەرستی لەپەرستنیدا، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ﴾ [المائدة: ٧٢] واتا: دڵنیابن ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ

خودا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خودا بەهەشـــتی لەســـەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو ســـەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەو ستەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نییە (کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت).

هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدۡحُورًا﴾ [الإســـراء: ٣٩] واتا: هەرگیز پەرســـتراوێکی تر لەگەڵ خودا دامەنێ، ئەوســـا بە لۆمە کراوەیی و دەرکراوەیی لە ڕەحمەتی خودا، بێ یارو یاوەر تووڕ بدرێیتە ناو دۆزەخەوە، بێ ئەوە هیچ کەســـێك هەبێت لێت بپرسێتەوە.

ئەمانە و چەندین بەڵـــگەی تر کە بەڵـــگەن لەســـەر پێداگرتن لەسەر یەکخواپەرستی وبانگەوازبۆکردنی وئاماژەدانبەفەزڵەکەیوڕوونکردنەوەیی گەورەی پاداشتی خاوەنەکەی و مەزنی مەترسی سەرپێچیکەرانی.

هەروەها ســـوننەتی پێغەمبەری خـــوداش (ﷺ) پڕیەتی لە بەڵـــگەی ڕوون و ئاشکرا لەســـەر گرنگی ئەم جۆرەی (یەکخواپەرستی یەکخواپەرستی لەپەرستندا) لەو بەڵگانەیش:

١. ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە و لە موعاذی کوڕی جەبەلـــەوە کە پیغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «يا معاذ أتدري ما حق الله على العباد؟ قال: الله ورسوله أعلم. قـال: أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئا، أتدري ما حقهم عليه؟ قال: الله ورســـوله أعلم. قال: أن لا يعذبهم»[1] واتا: ئەی موعاذ ئایا ئەزانیت مافی خودا (الله) چیە لەســـەر بەندەکان؟ ومافی بەندەکان چیە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٣٧٣).

لەسەر خودا (الله)؟ وتم: خودای گەورە پێغەمبەرەکەی ئەزانن، فەرمووی: مافی خودا (الله) بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە کە بیپەرستن و هیچ شەریك و هاوەڵێکی بۆ دانەنێن، و مافی بەندەکان بەسەر خوداوە، ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە شەریك وهاوەڵی بۆ دانانێت، موعاذ وتی: وتم ئەی پێغەمبەری خودا موژدە نەدەم بەخەڵکی؟ فەرمووی: موژدەیان مەدەرێ، چونکە پاڵی لێ دەدەنەوە.

٢. عبداللەی کوڕی عەباس (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) موعاذی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: «إنك تقدم على قوم من أهل الكتاب فليكن أول ما تدعوهم إلى أن يوحدوا الله تعالى فإذا عرفوا ذلك فأخبرهم أن الله فرض عليهم خمس صلوات»[1] واتا: ئەی موعاذ تۆ بۆ لای گەل و هۆزێك دەچیت کە ئەهلی کتاب و خاوەن نامەی ئاسمانین، با یەکەم شتێك کە بانگیان دەکەی بۆی ئەوە بێت کە یەکخواپەرست بن، جا ئەگەر ئەوەیان زانی وکردیان، پێیان رابگەیەنە کە خودای گەورە پێنج نوێژی لە شەو و ڕۆژێکیاندا لەسەر فەرز کردوون.....

٣. لەعبداللەی کوڕی مەسعود (خودای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من مات وهو يدعو من دون الله ندًا دخل النار»[2] واتا: هەرکەسێك مرد و هاوەڵی بۆ خودای گەورە دانابێت ئەوە دەچێتە ئاگرەوە.

٤. لەجابری کوڕی عبداللە وە (خودای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٣٧٢).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٣).

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من لقي الله لا يشرك به شيئا دخل الجنة، ومن لقيه يشرك به شـــيئا دخل النـــار»[1] واتا: هەرکەس بگات بەخودای گەورە وهیچ شەریك وهاوەڵێکی بۆ دانەنابێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، هەرکەس بگات بەخودا وشەریك و هاوەڵی بۆ خودا دانابێت ئەوە دەچێتە ئاگرەوە.

فەرموودەکانی پیغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەبارەت بەم باسە زۆرن و هەر ئەوەندە دەرفەت هەیە باسیان بکەین، ئێستاش دێینە سەر باسی گرنگی ئەم یەکخواپەرستیە کە بنەمای بانگەوازی پیغەمبەران بووە (عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ)..

(١) صەحیحی موسلیم ٩٣.

## تەوەرەی دووەم: ڕوونکردنەوەی گرنگی یەکخواپەرستی کەبنەمای بانگەوازی پێغەمبەران بووە.

گومانی تێدا نییە کە یەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا بۆ خودای گەورە بەشێوەیەکی ڕەها گرنگترین بنەماکانی بیروباوەر و تەواوترین و باشترین و پابەندترینیانە بۆ باشکردن و صەلاّح کردنی مرۆڤایەتی، خودای گەورەش هەر لەبەر ئەم بنەما گرنگەیە کە ئادەمیزاد و جنۆکەشـــی دروســـتکردووە، وە ســـەرجەم مەخلوقاتی خەلقکردوە و شەریعەتەکانیشـــی هەر لەبەر ئەم یەکخواپەرستییە ناردوە، بەبوونی ئەم بنەمایە هەموو دونیا ئیصلاح دەبێت و بە فەوتان ونەبوونیشـــی خراپە و خراپەکاری و فەســـاد بـــلاّو دەبێتەوە، هـــەر لەبەر ئەم هۆیانە ناوەڕۆك و پوختە و بنەمـــای بانگەوازی پێغەمبەران بریتی بووە لە یەکخواپەرستی بۆ خودای گەورە لە سەرجەم پەرستنەکاندا، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ﴾ [النحـــل: ٣٦] واتا: بەراســـتی بۆ ناو هەمـــوو ئوممەت و نەتەوەیەك لەهەموو ســـەردەمێکدا پەیامبەرێکمان نـــاردووە، بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرســـتن و، لەتاغووت و یاسا پوچەڵەکان دووربن. بەڵێ ئـــەو دووخاڵە: خوا پەرســـتن و، وەلانانی تاغووت کەهـــەر پێغەمبەرەی داویەتی بەگوێی ئوممەتەکەی خۆیدا ئەســـاس و بناغەی گشت ئایینەکان و دینی ئیسلامیشـــە...هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ [الأنبيـــاء: ٢٥] واتـــا: ئێمـــە پێـــش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمـــان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمـــان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.

قورئانی پیرۆزیش لەزۆر جێگادا ئاماژەی بەوەداوە کە یەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا کلیلی بانگەواز و خاڵی سەرەتای کاری پێغەمبەران بووە، چونکە هەر پێغەمبەرێك کاتێك دەستی کردووە بە بانگەوازی گەلەکەی یەکەم کارێك ئەنجامی دابێت بانگکردنی گەلەکەی بووە بۆ یەکخواپەرستی و ئیخلاص و دڵسۆزی لەپەرستنەکاندا بۆ خودای گەورە، بۆ نموونە سەرنجی قورئانی پیرۆز بدە کە چۆن دەفەرموویێت: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ [الأعراف: ٦٥] واتا: بۆ قەومی (عاد) یش (هود)ی برایانمان نارد فەرمووی پێیان: ئەی گەل و عەشیرەتم هەر خودا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خودایەکی ترتان بۆ نییە، هەروەها لەجێگایەکی تری ئەم سورەتەدا دەفەرموویێت: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ [الأعراف: ٧٣] واتا: بۆ سەر قەومی (ثمود)یش (صالح)ی برایانمان نارد (ئەویش پێی وتن): ئەی گەلەکەم خودا بپەرستن چونکە جگە لەو خودایەکی ترتان نییە.... لە بارەی گەلەکەی شوعیبیشەوە دەفەرموویێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ [الأعراف: ٨٥] واتا: بۆ هۆزی مەدیەنیش شعیبی برایانمان نارد، ئەویش پێی وتن: ئەی قەوم و هۆزو گەلم تەنها خودا بپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نییە، بەڵێ بەم شێوەیە سەلمێنرا ئەم بەشەی یەکخواپەرستی کاری گرنگ و هەوڵی شەو ڕۆژی پێغەمبەران بووە و خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکان بووە لەنێوان ئەوان و گەلەکانیاندا...

## تەوەرەی سێهەم: ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئەم یەکخواپەرستیە خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکان بووە لەنێوان پێغەمبەران و گەلەکانیاندا:

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە یەکخواپەرستی لە پەرستندا کاری سەرەکی و کلیلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران بووە لەگەڵ گەلەکانیاندا، بەشێوەیەك هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا یەکەم شتێك کە گەلەکەی بۆ بانگەواز کردبێت بریتی بووە لەیەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا، هەر لەبەر ئەمەیش ناکۆکی لەنێوان ئەوان و گەلەکانیاندا ڕوویداوە، چونکە پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت) ئەوانیان بانگ کردووە بۆ یەکخواپەرستی و ئیخلاص بۆ ئەو زاتە لەپەرستنیدا، لەبەرامبەریشدا گەلەکانیان زیاتر سوور بوون لەسەر شیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە مەگەر ئەوانەیان نەبێت کە شایانی هیدایەت و ڕێنمونی بووبن و خودای گەورە هیدایەتی دابن. خودای گەورە لەبارەی گەلەی نوحەوە (سەلامی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا * وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗاۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا﴾ [نوح: ٢٣، ٢٤] واتا: گەلەکەی وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ودو سواع و یەعوق و نەسر) بهێنن * بێگومان ئەوانە زۆر کەسیان گومڕا کرد، پەروەردگارا، ئەم ستەمکارانە تەنها گومڕایی نەبێت هیچی تریان بۆ زیاد مەکە... وەلەبارەی گەلەکەی هود (سەلامی خودای لێ بیت) دەفەرموێت: ﴿قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ [الأحقاف: ٢٢] واتا: هۆزە خوانەناسەکەی هود وتیان: ئایا تۆ بۆ ئەوە هاتوویت کە ئێمە لەپەرستنی خوداکانمان لا بدەیت؟! جا ئەگەر ڕاست ئەکەیت، وەرە بۆمان بەوەی بەڵێنمان پێدەدەیت،

واتا: بە سـزاکەوە وەرە، قەینـاکا با ئێمە تیابچین!.... یـان فەرموویەتی: ﴿قَالُواْ يَٰهُودُ مَا جِئۡتَنَا بِبَيِّنَةٖ وَمَا نَحۡنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوۡلِكَ وَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾ [هود: ٥٣] واتا: وتیان: ئەی هوود! تۆ بەڵگەیەکی ڕۆشنی وات بۆ نەهێناوین، ببێتە نیشـانەی راسـتیت، تا ئێمەش باوەڕ بکەین تۆ پێغەمبەری خودایت، چاکیش بزانە هەرگیز ئێمە لەبەرقسەی تۆ واز لەخوداکانی خۆمان ناهێنین، و قەتیش باوەڕت پێناکەین، و لەسەر قسەی خۆشمان سوورین...

لەبارەی گەلی صالح یشەوە فەرموویەتی: ﴿قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدۡ كُنتَ فِينَا مَرۡجُوّٗا قَبۡلَ هَٰذَآۖ أَتَنۡهَىٰنَآ أَن نَّعۡبُدَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ﴾ [هـود: ٦٢] واتـا: خەڵکەکە وتیان: ئەی صالح، بەڕاسـتی پێش ئەم باسانەت تۆ لەناو ئێمەدا شـوێنی هیوامان بوویت، ئایا بەرگـری ئەوەمان لێدەکەیت کە شـوێنی شتێك بکەوین کە باو و باپیرانمان شوێنی کەوتوون و پەرستویانن؟! ئێمە بەڕاسـتی لە گوماندایین لەوەی کە تۆ بانگی ئێمە دەکەی بۆلای و بەدبینین لێی....

دەربارەی گەلەکی شـوعەیبیش دەفەرموێت: ﴿قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْۖ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ﴾ [هود: ٨٧] واتا: خەڵکەکە وتیان: ئەی شـوعەیب، ئایا نوێژەکەت فەرمانت پێدەکات کە ئێمە واز بهێنین لەوەی باو و باپیرانمان پەرستوویانن، یاخود لە ماڵ و سامانماندا بەئارەزووی خۆمان چیمان بوێت بیکەین و بەڕاستی تۆ زۆرهێمن و خاوەن ژیریت؟! (وادیارە گاڵتەیان پێکردووە، یان قەناعەتیان بەژیری و لەسـەرخۆیی بووە و سەریان سـوڕماوە لەوەی کە دەیەوێت لە داب و نەریتی باو و باپیران دەربچێت).

لەبارەی بێ باوەڕەکانی قورەیشیشەوە فەرموویەتی: ﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٌ كَذَّابٌ * أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ * وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُواْ وَٱصْبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ يُرَادُ * مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِى ٱلْمِلَّةِ ٱلْءَاخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ﴾ [ص: ٤-٧] واتا: سەریان سوڕدەما کە ترسێنەرێکیان لە خۆیان بۆ هاتووە، بێ باوەڕان دەیانوت ئەم (پێغەمبەرە) جادوو گەرێکی زۆر درۆزنە * (هەروەها دەیانــوت: ئایا پێتان ســەیر نیە) هەموو خواکانی کــردووە بە یەک خودا، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە!! * وە گەورەکانی(قورەیش لەگەڵ پێغەمبەر قســەیان کرد و هەڵســان) بە پەلە دەرچوون (بە خەڵکیان وت) بڕۆن و خۆگر بن لەســەر (پەرســتنی) خوداکانتان بەڕاستی ئەمەی موحەممەد دەیڵێ شتێکە لە ئێوە داوا کراوە تا ببێتە گەورەی هەموو عەرەب * ئەمەی موحەممەد دەیڵێ بۆ پەرســتنی یەك خودا، ئێمە لە ئاینی عیسادا (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) نەمــان بیســتووە، ئەم یەکخواپەرســتیە هەر درۆ و ســاختە و هەڵبەستراوە.

هەر لەبارەی قورەیشەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا * إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا * أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا * أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَٱلْأَنْعَٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ [الفرقــان: ٤١ - ٤٤] واتــا: قورەیشــیەکان کاتێك کە تۆ دەبینــن، هیچ ڕێزو پایەیەکت بۆ قایەلنابن، بەڵــکو دەتکەنــە گاڵتەجارو بەیەکتــر دەڵێن: ئا ئەمەیــە خودا کردوویە بە پەیامبەرو ڕەوانــەی کردووە؟! * خۆ نزیك بوو لە پەرســتنی خوداکانمان گومڕامان بکاو ســەرمان لێ تێکبدا ئەگەر ئێمە

خۆراگر نەبووینایە لەســەر پەرستنیان، ئێستــا وا دەڵێن، لە ئاییندەدا کاتێ کە ســزاکە دەبینن، چاك ئەزانن کێ گومڕاتر و سەرلێشــێواوترە؟! ❋ ئایا تۆ ئەو کەســەت دیتووە کە ئارەزووی خۆی دەکاتە خودای خۆی؟ ئەمڕۆ ئەم ئەپەرســتێ سبەینێ پشــتگیریی، لە یەکێکی تر ئەکات؟ هەر ڕۆژەی لە جێگایەك ئەبینــرێ!! (ئیبن عەبباس) ئەڵێ پیاوی وا هەبوو ئەمڕۆ بەردێکی ســپی ئەپەرســت، کاتێ بەردێکی جوانتر لەوی دیتبا، ئەمی دەپەرست و، پشــتی لەو دەکرد! ئاخۆ تۆ دەتەوێ بریکار و ڕێنوێنکاری ئەو کەســە بیت و نەهێڵــی دوای ئارەزووی خــۆی بکەوێ؟ ❋ یا پێت وایــە کە زۆربەیان (وتەکانت) بە دڵ ئەبیســن، وبیر لەماناو مەبەستەکەی ئەکەنەوەو تێدەگەن؟ خۆ ئەوانە هەر وەك مالاتن (بزن، مەڕ، وشتر، گا) خاوەنی بیرکردنەوەنین، بەڵــکو لەوانەشە گێل و وێڵ تر و نەزانتربن، چونکە گەلێ جار ئاژەڵ بەگوێی خاوەنەکەی ئەکاو هەرکەسێکیش چاکەی لەگەڵ بکات لەبیری ناچێت ❋.

ئەم دەقە قورئانیانە وماناکانیان هەموویان بەڵــگەی ڕوون و ئاشکران لەسەر ئەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت) و گەلەکانیان لەســەر بانگەوازی یەکخواپەرستی بووە لەپەرستنەکان و ئیخلاص ودڵسۆزی بووە بۆ خودای گەورە.

لە ســوننەتی سەحیحیشــدا هاتووە کــە پێغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أمرت أن أقاتل الناس حتى يشــهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ويقيمــوا الصــلاة ويؤتــوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحــق الإســلام وحسابهم على الله»[1] واتا: فەرمانم پێکراوە کە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٥٢)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢).

لەگەڵ خەڵــکیدا بجەنگم هەتاوەکو ئەو کاتەی شــاهیدی دەدەن کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لەخودای گەورە (الله) و شاهیدیش دەدەن کە موحەمەد پێغەمبەری خودایە، و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، جا ئەگەر ئەوەیان کــرد ئەوا خوێن و ماڵیان پارێزراوە مەگــەر بەهەقێکی نەبێت کە ئیســلام دیاری کردووە، ئەو کاتە حساب و لێپرســینەوەیان لەسەر خودا دەبێت.

هەروەها لە سوننەتی سەحیحیشدا هاتووە کە پێغەمبەر (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من قــال لا إلٰه إلا الله وكفر بما يعبد من دون الله حرُم ماله ودمه وحســابه على الله»[1]. واتا: هەرکەس بڵێ هیچ خودایەکی بەهەق نییە جگە لە (الله) و بێ باوەڕیش بێت بەوەی جگە لەخودا دەپەرسترێت، ئەوا خوێن و ماڵی حەرام دەبێت و حساب و لێپرسینەوەی دەکەوێتە سەر خودا (الله).

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٣).

## باسی دووەم

## واجبە خودای گەورە (الله) بەیەکخوایی بپەرسترێت

ئەمەش چەند خاڵێك لەخۆ دەگرێت:

**تەوەرەی یەکەم: واتای پەرستن (العبادة) وئەو بنەمایانەی کە لەسەری بنیات دەنرێت:**

پەرستن (العبادة) لە زمانەوانیدا بەواتای: زەلیلی و ملکەچی هاتووە، کاتێك دەوترێت (بعیر معبد) واتا: وشترێکی زەلیل، یان دەوترێت (طریق معبد) واتا: ڕێگایەك هێندە قاچی بەسەردا نرابێت زەلیل بووبێت.

وە لەشەرعیشدا: ناوێکی کۆکراوەیە بەکاردێت بۆ بەهەموو کارو کردەوەیەکی دیار و پەنهان کە خودای گەورە خۆشی بوویت و پێی ڕازی بێت.

بە پشتیوانی خودا لەکاتی باسکردنی جۆرەکانی پەرستن ئەم مەسەئەلەیە زیاتر ڕوون دەکەینەوە.

پەرستن (العبادة) سێ ڕوکن و بنەمای سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

یەکەم: تەوای خۆشەویستی بۆ پەرستراو کە خودای گەورەیە وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ﴾ [البقرة: ١٦٥] واتا: ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، خوایان لە هەموو شتێك زیاتر خۆشدەوێ.

دووەم: تەواوی ئومێد وتکا بۆلای خودا بێت، و دەفەرمووێت: ﴿وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ﴾ [الإسراء: ٥٧] واتا: باوەڕداران بەئومێدی ڕەحمەت و میهرەبانی ئەو (پەروەردگار)ەن.

سێهەم: تەواوی ترس لەخودای گەورەترس لەسزای و تووڕەیی خودا لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ﴾ [الإسراء: ٥٧] واتا: لەتۆڵەو سزایشی دەترسن، بەڵێ خودا پەرستی دەبێ لەنێوان هیواو ترسدا بێت.

خودای گەورەش هەرسێ ڕوکن و بنەما گەورەکەی پەرستنی لەسورەتی (الفاتحة) دا کۆکردوەتەوە، دەفەرمووێت: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ * ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ [الفاتحة: ٢-٤] واتا: تەواوی جۆرەکانی سوپاس و ستاییش تەنها هەر بۆ خودایە کەپەروەردگاری ئادەمیی و فریشتە و گشت ئاسمانەکان و زەوی و بوونەوەرە، پەروەردگاری تەواوی جیهانەکانە، کەوابوو ئایینەکەشی پەیام و نامەیەکی عالەمییە * بەخشندەی بە بەزەیی میهرەبانە. بەزەییەکەی ئێجگار فراوانە، میهرەبانییەکەیشی بەردەوام و نەبڕاوەیە *خاوەنی ڕۆژی پاداشت و تۆڵەیە، کەسێکی ترنییە - بێجگە لەو- شتێکی بەدەست بێت؛ بەتایبەتی لەو رۆژەدا.

ئایەتی یەکەم مانای خۆشەویستی تێدایە، خودای گەورەش ناز و نیعمەت بەخشە، نازو نیعمەت بەخشیش بە ئەندازەی ناز و نیعمەتەکانی خۆشەویستە، ئایەتی دووەمیش مانای ئومێد و تکای تێدایە، ئەو کەسەشی بە خاوەن ڕەحم و میهرەبانی وەصف دەکرێت ئومێد و تکای رەحمەتی لێ دەکرێت، لە ئایەتی سێهەمیشدا مانای ترسی تێدایە چونکە خاوەنی پاداشت و حسابی ڕۆژی دوایی بێگومان لە سزاکەشی دەترسێت.

هەر بۆیە لەپاش ئەمانە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ [الفاتحة: ٥] واتا: تەنها هەر تۆ دەپەرستم، یان بەمانایەکی تر تەنها تۆ دەپەرستم

ئەی پەروەردگاری ئەم سێ شتەی باسمانکرد، بە خۆشەویستیت کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ [الفاتحة:٢] وە بە ئومێد و تکات کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ [الفاتحة:٣] و بەترس لە سزای سەختت کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ [الفاتحة:٤].

## پەرستنیش بە دوو مەرج نەبێت لای خودای گەورە وەرناگیرێت:

١. **ئیخلاص و دڵسۆزی بۆ پەرستراو، بۆ (الله)**: چونکە خودای گەورە (الله) هیچ کارو کردەوەیەك وەرناگرێت ئەگەر بەتەواوی لەبەر خاتر و ڕەزامەندی ئەو ئەنجام نەدرابێت، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ [البينة:٥] واتا: فەرمانیان پێ نەدرابوو جگە بەوەی کە خوداپەرستی بکەن و بەپاکی ودڵسۆزی و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکە بن و لابدەن لە هەموو ئایینێك و تەنها پابەندی ئایینی ئیسلام بن... هەروەها دەفەرموویت: ﴿أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ﴾ [الزمر:٣] واتا: هۆشیاربە! ئایینی پاك و چاك و بێگەرد تەنها هی خودایە. واتا: خودا تەنها هەر ئیخلاص وەر ئەگرێ و، هەموو شتێکی دی وەلا دەنێت... و دەفەرموویت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ [الحشر:٧] واتا: ئەی موحەمەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: من خودا (الله) ئەپەرستم، بە موخلیصی و دڵسۆزی و ئایین و پەرستن بۆ ئەوە.

٢. **شوێنکەوتن و شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)**: خودای گەورە هیچ پەرستنێك وەرناگرێت لەبەندەکانی ئەگەر لەگەڵ سوننەت و پەرستنەکانی پێەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) پێك نەیەنەوە، خودای

گەورەش لەم بارەیـــەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْ﴾ [الحشـــر: ٧] واتـــا: هەرچی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیدان وەری بگـــرن، واتا: بەچـــی فەرمانی پێکـــردن بیکەن، هەرچیشـــی لێ قەدەغەکردن ئەوا وازی لـــێ بهێنن و مەیکەن... هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ [النســـاء: ٥٦] واتا: ســـوێند بە پەروەردگارت بڕوادارنین تا تۆ نەکەنـــە دادوەر لەهەر ئاژاوە و دووبەرەکییەکی نێوانیاندا، لەپاشـــان هەســـت نەکەن لە دەرونیاندا بە هیچ بێزارییەک لەو بڕیارەی تۆ داوتە و ملکەچ نەکەن بە ملکەچییەکی تەواو.

پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێـــت: «من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فـــهو رد»[1] واتا: هەرکەسێك هەر شـــتێك دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمەدا نەبێت، ئەوا دەدرێتەوە بەسەریدا و لێی وەرناگیرێت...

کاروکـــردەوە هیـــچ عیبـــرەت و نرخێکی نییـــە لای خـــودای گەورە ئەگەر ئیخلاصی تـــەواوی تێدا نەبێت بۆ خودا و بەپێی ســـوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەبێت، فضیلی کوڕی عیاض (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) سەبارەت بەم ئایەتە پیرۆزە دەڵـێت: ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ [هود: ٧] واتا: بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کامەتان کارو کردەی چاکتر و باشـــترە، پاشانیش بەپێی ئەوە پاداشـــت وەردەگرێتەوە، فضیل دەڵێت: مەبەســـت ئەوەیە کە کامیان کارو کردەوەیان بە ئیخلاصتر و زیاتر شوێنپێی پێغەمبەر هەڵدەگرن، وتیـــان: ئەی ئەبو عەلی کامەیـــە کە زۆر بە ئیخلاصتر و زیاتر شـــوێن پێی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرمودەی ژمارە (٢٦٩٧).

پێغەمبەر هەڵدەگرن؟ وتی: کاروکردەوە ئەگەر ئیخلاص و دڵسۆزی تێدا بێت، بەڵام بەپێی ئەوە نەبێت کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەنجامی داوە وەرناگیرێت، خۆ ئەگەر بەپێی سوننەتی پێغەمبەریش بێت (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵام ئیخلاصی تێدا نەبێت و لەبەر ڕەزامەندی خودا نەبووبێت ئەوا هەر وەرناگیرێت، هەتاوەکو هەردوو مەرجەکەی پێکەوە لەیەك کاتدا تێدا نەبێت واتا: ئیخلاص و صەوابیشی تیدا بێت، ئیخلاصیش مەبەست ئەوەیە کە لەبەر ڕەزامەندی خودا بێت، صەوابیش، واتا: بەپێی سوونەتی پێغەمبەری خودا بێت (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)[1].

لەو ئایەتانەیشی کە هەردوو مەرجەکەی بەمەرج داناوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ [الكهف:١١٠] واتا: ئەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیان بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەک ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت (ئەم ڕاستیەتان تێبگەیەنم) کە: بێگومان خودای ئێوە خودایەکی تاک و تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادببێت، بەخۆشنودیەوە با کارو کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرستندا هیچ کەسێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی.

## تەوەرەی دووەم: خستنەڕووی هەندێك لەجۆرەکانی پەرستن.

جۆرەکانی پەرستن (العبادة) زۆرن: هەموو کاروکردەوەیەکی چاك و باش کە خودای گەورە خۆشی بووێت و پێی ڕازی بێت، جا کرداری

(١) حلیەت ئەلئەولیاء: (٨/ ٩٥).

یان وتار بێت، دیار و ئاشـــکرا یان نادیار بێت، ئەوە جۆرێکە لەجۆرەکانی پەرســـتن و پەرستنێکە لەکۆی ســـەرجەم پەرســـتنەکان، ئەمەش کەباسی دەکەین چەند نموونەیەکە لەو پەرستنانە:

١. لەجۆرەکانی پەرســـتن، دوعا و نزا بەهەردوو جۆرەکەیەوە، نزا و دوعای دواکاری لەخودای گەورە (دعاء المسألة)، دوعا و نزای پەرستن (دعاء العبادة).

خودای گـــەورە دەفەرموویێت: ﴿فَٱدْعُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ [غافر: ١٤] واتا: کەواتە لە خودا بپاڕێنەوە و بەپاکی و بۆی گەردن کەچ بن، هەرچەندە بێ باوەڕانیش پێیان ناخۆش بێـــت، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾ [الجـــن: ١٨] واتا: دڵنیابن کـــە: مزگەوتەکان هی خودای گەورەن، دەبێت هەر ئەوی تێدا بپەرســـترێت و ناوی کەســـی تر نەکرێتە شـــەریك و هاوتای ناوی ئەو زاتە.... لەجێگایەکـــی تردا دەفەرموویێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ۞ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾ [الأحقاف: ٥،٦] واتا: کێ گومڕاترە لەو کەســـەی کە هاوار لە غەیری خـــودا بکات و وەڵامـــی ناداتەوە هەتا ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا ئەو (هـــاوار لێکراوانە، ئەو بت ودار و دەوەنەی ئـــەوان هاواریـــان بۆ دەبەن) لـــە هاواری ئـــەوان بێ ئـــاگان ۞ کاتێکیش خەڵـــك کۆدەکرێنەوە (لە قیامەتدا) پەرســـتراوەکان دەبنـــە دوژمنیان وە (پەرستراوەکان) بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن۞.

جـــا هەرکەس هـــاوار بکاتە کەســـێك لەغەیری خودا بۆ شـــتێك کە جگە لەخودای گەورە ئەو دەســـەڵاتەی نییە، ئەوا ئەو کەســـە موشـــریك بووە و هاوەڵی بۆ خودا بڕیارداوە بێ باوەڕە، جا ئەو کەســـەی هاوارەکەی

بـــۆ لا دەبرێت زیندوو بێت یان مردوو، ئەگەر کەســـێك داوا لەکەســـێکی زیندوو بکات و ئەو کەســـە لەتوانایدا هەبێت ئەو شـــتە ئەنجام بدات، بۆ نموونە بڵێ: ئەی فلاَن کەس خواردنم بدەرێ، یان فلاَن کەس ئاوم بدەرێ، ئەمانە و نموونەی ئەمانە ئەوە هیچ شـــتێکی تێدا نییە، بەلاَم ئەو کەسەشـــی هاوار لەکەســـێکی مردوو یان کەسێکی غائب بکات بۆ شتێك لەمانە، ئەوە ئەو کەســـە هاوەڵدانەرە بۆ خودا، لەبەر ئەوەی کەسێکی مردو و یان غائب ناتوانێـــت کارێکی وا ئەنجام بدات (وەك داوای خواردنی لێ بکەیت، یان داوای ئاوی لێ بکەیت).

دوعا و نزایـــش دوو جۆرە: دوعـــا و نزای داواکردنی شـــتێك (دعاء المسألة) و دوعا و نزای پەرستن (دعاء العبادة).

دوعا و نزای داواکردن (دعاء المسألة) ئەوەیە کەسێك داوای خێری و بێری دونیا و دوارۆژ بکات، دوعا و نزای پەرستنیش (دعاء العبادة) هەموو پەرستنێك کە لەخودای گەورە نزیکت بکاتەوە جا چی دیار بێت یان نادیار بێت، چونکە کەسی داواکار بە زمانی حاڵ و گفتوگۆی خۆی داوا لەخودای گەورە دەکات کە ئەو پەرستنەی لێ وەربگرێت و پاداشتی خێریشی لەسەر بداتەوە..

هەموو ئەو فەرمان و قەدەغەکردنەیش لە دوعا و نزا لای غەیری خودا لەقورئانـــی پیرۆزدا هاتووە، یان پەنای کەســـی داواکاری لەســـەر کراوە، هەردوو جۆرەکەی نزا و دوعای داواکردن و پەرستن دەگرێتەوە.

٢. ٣. ٤-: هەروەها لەجۆرەکانی دوعا و نزا: خۆشەویستی بۆ خودا وترس لەخودا وئومێد و تکا بۆ خودا، ئەمانەش پێشـــتر قسەمان لەسەر کردن، کە یەکێکن لە سێ ڕوکن و بنەماکەی پەرستن.

٥. تەوەکــول و پشــت بەســتن: ئەمــەش بەمانای پشــت بەســتن دێت بەشــتێك: تەوەکول وپشــت بەســتن بەخودای گــەورە (الله) ڕاســتی خۆدانەدەســتی فەرمانەکانــی بەندەیە بۆلای خودای گــەورە و متمانەیە بەپەروەردگار لەگەڵ هەستان بەوەی کە شەرع ڕێگای پێداوە لەگرتنەبەری هۆکارەکان بۆ بەدەســتهێنانی ســوود و قازانجەکان و دوورخســتنەوەی زیــان و زەرەرەکان، خــودای گــەورەش لــەم بارەیــەوە فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [المائــدة: ٢٣] واتــا: وەپشــت هــەر بە خودا ببەســتن ئەگەر ئێــوە باوەڕدارن...هەروەهــا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ [الطلاق: ٣] واتا: هەرکەســێك پشت بەخودا ببەستێ - دوای بەکار هێنانــی هۆکار- ئەوە تەنها خودای بەســە و کاروباری بۆ ئاسان دەکات...

٦. ٧. ٨-: هەندێکی تر لەجۆرەکانی پەرســتن بریتین لە (الرغبة) و(الرهبة) و(الخشوع).

(الرغبة): بەواتای حەزکردن و پێخۆش بوون بەگەیشتنی ئەوەی خۆشت دەوێــت، وە (الرهبة): ئەمەیش بەواتای ترســێکی بەرهەمــدار کەوات لێ بکات ڕابکەیت لەوەی لێی دەترســیت، وە (الخشوع) یش: بەمانای زەلیلی و ملکەچی بۆ گەورەیی خودا بەشێوەیەك تەسلیمی قەزای شەرعی و کەونی خودا بیت (لەشــوێنی خۆیدا باســی ئەم دوو جۆرە قەزایە ئەکەین) خودای گەورەش لەبارەی ئەم ســێ جۆرەی پەرستنەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ﴾ [الأنبياء: ٩٠] واتا: دوعامان لێ گیرا کردو وەلاممان دایەوە (لە زەکەریا) و یەحیاماشــمان

پێ بەخشیی، وە ژنەکەییشـــمان بۆ هێنایە باری منداڵ بوون لەحاڵێکا پێشتر منداڵی نە ئەبوو، چونکە ئـــەوان هەموویان لە کاری خێر و چاکەدا بەردەوام پەلەو تالوکەیان دەکرد، هەمیشــــە لەبەر هیوای میهرەبانی و رەحمەتی ئێمەدا نزایان دەکرد، وە لەترسی دۆزەخ هاواریان دەکرد، لە ئاست ئێمە هەموو کات خۆ بەکەم زان و ملکەچی کارو فەرمانی ئێمە بوون.

٩. یەکێکی تر لەجۆرەکانی پەرستن (الخشیة) بەمانای ترسێك دێت کە بنیات نرابێت لەسەر علیم و زانستێك کە خاوەنەکەی عیلمی بەگەورەیی و کەمالی دەســـەڵاتی ئەو زاتە هەبێت کە لێی دەترسێت کە خودای گەورەیە (الله) لەم بارەیەشــــەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿مِنۡهُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ﴾ [البقرة: ١٥٠] واتا: ئێوەش (ئەی موسوڵمانان) لە هەر کوێ بوون و هەن، ڕووتان وەرچەرخێنن بەلای ئەودا، تا خەڵــکی و میللەتانی تر هیچ بەڵــگەیەکیان نەبێت بەسەرتانەوە، مەگەر ستەمکارانیان (کە بەهیچ بەڵــگەیەك قایل نابن و هەر ئاشووب و پیلان دەگێڕن)، جا لەو تاوانبارو پیلانگێڕانە مەترسن، بەڵــکو تەنها لە من بترسن.

لەجێگایەکی تریشدا فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِۚ﴾ [المائدة: ٣] واتا: ئیتر وا (ئەمرۆ) ڕۆژی عەرەفەیە ئەوانەی کە کافر و بێ باوەڕن، لەگەیاندنی زیان بە دینەکەتان، واتا: بێ ئومێدو بــێ هیوا و تەماعبڕ بوون لەوە کە ئێوە لەئایینەکەتان وازبێنن و بگەڕێنەوە ســـەردین و ئایینی ئەوان، دەشـــزانن کە ئیتر هەرگیز زاڵ نابن بەســـەرتانا، کەوابوو لەوان مەترســـن، و هەر لە من بترسن و پارێزگاری لەسنوورەکانی من بکەن...

١٠. جۆرێکی تر پەرستن (الانابة) واتا: گەڕانەوە بۆ لای خودای گەورە بۆ لای زاتی (الله) و هەســـتان بەئەنجامدانی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە

لە ســـەرپێچیەکانی، خودای گـــەورەش فەرموویەتی: ﴿وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ﴾ [الزمر: ٥٤] واتـــا: بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن..

١١. جۆرێکـــی تر (الاســـتعانة) یە کە بەواتای داواکـــردن لەخودای گەورە دێت کە کاروباری دین و دونیات بـــۆ جێبەجێ بکات، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ [الفاتحـــة: ٥] واتا: ئەی خودای گەورە تەنها تۆ دەپەرستم و تەنها داوای یارمەتی وکۆمەکی دین و دونیا لەتۆ دەکەم.... پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەو وەصیەتەی کە بۆ إبن عباســـی کرد (خودای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: «إذا اســـتعنت فاستعن بالله»(١) واتا: ئەگەر داوای یارمەتی و کۆمەکت کرد تەنها لە خودای گەورەی داوا بکە....

١٢. یەکێکی تر لەپەرستنەکان (الاستعاذة) یە بەمانای داوای پەنادان و پاراستن لەشـــتێکی خراپ و بەد، خـــودای گەورەش لەم بارەیـــەوە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ۞ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ﴾ [الفلـــق: ١، ٢] واتـــا: ئـــەی محمـــد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بلـــێ: پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی کـــە بەرەبەیان پێش دەهێنێت ۞ لە شـــەڕ و خراپەی هەرچی کەدروســـتی کردووە، هەرشـــتێ خراپەی لێبووەشێتەوە ۞..... هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۞ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۞ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۞ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ﴾ [الناس: ١-٤] واتا: ئەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بلێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵـــکی ۞ بەپادشای خەلکی ۞ بە پەرستراوی خەڵـــك ۞ لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە وەسوەسە و خەتەرە و خەیاڵ دەخاتە دڵەوە کە ۞ لەو شتانەی کە وەسوەسە

(١) سونەنی تیرموذی (٢٥١٦)، وە موسنەدی ئەحمەد (١ / ٣٠٧)، تیرموذی ئەم فەرموودەیەی بە فەرموودەیەکی حەسەن داناوە، و ئەلحاکم یش بە صەحیح.

فڕێ دەداتە ناو سـینەو دڵ و دەروونی خەڵـکییەوە ❁ لە جنۆکە و ئینسان ئەوانەی شەیتان سیفەتن ❁.

١٣. (الاستغاثة) جۆرێکی تری پەرستنە کـە بەواتـای: داوای یارمەتی و کۆمـەك دێـت لەکاتـی ناڕەحەتـی و تەنگانـەدا کە خـودای گەورە بەهاناتـەوە بێـت، خـودای گـەورەش لـەم بارەیـەوە فەرموویەتی: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ﴾ [الأنفال: ٩] واتا: یـادی ئەوکاتە بکەنەوە کەلـە پەروەردگارتان دەپاڕانـەوە و داوای یارمەتیتان لێ دەکرد، خوایش خێرا هات بە هاناتانەوە....

١٤. (الذبح) سەربڕین: مەبەسـت پێی دەرهێنانی گیان وڕشتنی خوێنە بەو شـێوە تایبەتەی کە خودای گـەورە دەیەوێت، بەمەبەسـتی نزیکبوونەوە لەخـودا، وەك فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [الأنعـام: ١٦٢] واتا: بلێ: بە ڕاسـتی نوێژ و حەج و (قوربانیی سـەربڕینی ئاژەڵ) و ژیان و مردنم گشت هەر بۆ خودای پەروەردگاری جیهانەکانە.... لەجێگایەکی تـردا دەفەرمووێت: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الکوثر: ٢] واتا: جا نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت، لە سوپاسی ئەو هەموو چاکەدا، هەر بۆئەو قوربانی سەر بکە، واتا: وەك قورەیش مەبە، کە حەیوانیان هەم بۆ خوداو، هەم بۆ بتەکان سەر ئەبڕی، نەخێر، دەشێ تۆ تەنها بۆ خودای گەورە قوربانی بکەیت...

١٥. (النذر) جۆرێکی ترە لەپەرسـتن، بەمانای ئەوە دێت کە کەسێك خۆی مولـزەم و پابەند بکات بەشـتێکەوە، یـان خۆی پابەند بـکات بەطاعەت و پەرسـتنێکی خودای گەورەوە کە واجب نییە لەسەری، خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾ [الإنسـان: ٧] واتا: لە دونیادا هەر شـتێ نەزر بکەن و بڕیاری لە سەر بدەن لە کارێکی چاکە،

وەفای پێ دەکەن و پێی هەڵ ئەسن، بێ کەم و کورتی وە لەرۆژێك ئەترسن کە زیانەکەی بە هەموو شوێنێکدا بلاو دەبێتەوە، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمـــووێ: «من نـــذر أن يطيع الله فليطعــه، ومن نـــذر أن يعصى الله فلا يعصه»واتا: هەرکەســێك بڕیاریدا کە دەبێ گوێرایەڵــی خودا بێت، دەبێ جێبەجێــی بکا، بەلاَم کەســێ بڕیاریدا یاخی بێت لەخوا، نابێ قســەکەی جێبەجێ بکات و یاخی ببێت..

ئەمانەی کە باســمانکرد چەند جۆرێکن لە پەرســتنی خودای گەورە کــە هەر هەموویان تەنها مافی خودای گەورەیە و بەهیچ شــێوەیەك نابێت بدرێت بەکەسێکی تر و بۆ کەسێکی تر بکرێت...

پەرســتنەکانیش بەو پێیەی کە ئەندامەکانی لەش ئەنجامی دەدەن، دەبن بەسێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** پەرستنەکانی دڵ: وەك خۆشەویستی و ترس و ئومێد و تکا و گەڕانەوە بۆ لای خودا و ترســێك کە بنەماکەی زانست و زانیاری بێت، لەگەڵ پشت بەستن بەخودا و چەند جۆرێکی تریش...

**بەشی دووەم:** پەرستنەکانی زمان: وەك سوپاس کردن و الله أكبر کردن و سبحان الله کردن ئیستغفار و داوای لێخۆش بوون وخوێندنەوەی قورئان نزا و پاڕانەوە وهەندێك شتی تریش...

بەشی سێهەم: پەرستنی ئەندامەکانی تری لەش: وەك نوێژکــردن و ڕۆژووگرتن و زەکاتدان و حەجکــردن و خێر و صەدەقەکردن و جیهاد و تێکۆشان لەپێناو خودادا...

## باسی سێهەم

## پارێزگاری پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە یەکخواپەرستی

پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زۆر سـووور بووە لەسـەر پاراستن و یەکڕیـزی و سـەربەرزی ئومەتەکەی بۆ ئـەوەی ئومەتێکـی بەهێزی یەکخواپەرست بێت و دوور بکەویتەوە لەهەموو ئەو هۆکار و وەسائیلانەی کە دژ بەیەکخواپەرستیە و لەگەڵیدا نایەتەوە، لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ [التوبة: ١٢٨] واتا: (ئەی خەڵکینە) سوێند بە خودا بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان، زۆر سەختە بەلایەوە تووش بوونتان بەبەڵا و ناخۆشی، زۆر بەتەنگیشتانەوەیە و پەرۆشە لەسەرتان، زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دڵۆڤانە بۆیان...

هەر بۆیە ئـەو پێغەمبەرە ئازیـزە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زۆر زۆر قەدەغەی کردووە لەوەی کە ئومەتەکەی بکەوێتە ناو شـیرك و هـاوەڵ بڕیاردانەوە بـۆ خـودا، و زۆر ئـاگاداری کردوونەتـەوە وبـۆی ڕوونکردونەتەوە و بەشـێوەی تایبەت و بەشـێوەی گشـتی تاوەکو ئاینی پاکـی ئیبراهیمی (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) بپارێزێـت لەهەموو خەوش و خاڵێکی کـردرای و گوفتاری کە لەگەڵیاندا یەکخواپەرسـتی هەڵدەوەشێنەوە یان کەم دەکەنەوە، ئەمەش کە دەیلـێن بەڵـگەی زۆری لەسەرە لە سونەتی سـەحیحی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بەڵـگەی تەواوی لەسەر ئوممەتەکەی ڕاگەیاند و هەموو شـك وگومانێکـی ڕەواندەوە و هیچ بڕوبیانوویەکی نەهێشـت و ڕێگای ڕاستی بۆ ئوممەتەکەی ڕۆشنکردەوە...

لەم چەند بەشەی خوارەوەدا بۆتان ئاشکرا دەبێت کە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تـا چ ئەندازەیەك پارێزگاری لەیەکخواپەرسـتی (توحید) کردووە و لەهەمان کاتیشدا تەواوی ئەو دەرگایانەیشی داخستووە کە سەر دەکێشن بۆ بتپەرستی و گومڕایی و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودا..

**تەوەرەی یەکەم: ڕوقیە و نووشتەی شەرعی**

أ. پێناسـەی (الرقیة): بریتیە لە خوێندنی قورئان یان هەندێك لە دوعا و نزای واردبوو لە پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەسەرداکەسێکی نەخۆش و ناساغدا لەگەڵ فو یان تفێکی وشك بەمەبەستی چاك بوونەوە شیفا بۆ هاتن...

ب. حوکمەکەی: دروستە ئەویش بەپێی چەند بەڵـگەیەك لەوانەیش:

عن عوف بن مالـك (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ) قال: «كنا نرقي في الجاهلية فقلنا: يا رسـول الله كيـف ترى في ذلك؟ فقال: اعرضوا علي رقاكم، لا بأس بالرقى ما لم يكـن فيه شـرك»[1] واتا: عەوفی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: ئێمە لەسـەردەمی نەفامیدا ڕوقیەمان دەکرد، وتمان پێی: ئەی پێغەمبەری خودا! تۆ ئەمەت پێ چۆنە؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: ڕوقیەکانتانم پێ نیشـاندەن، ئەگەر ڕوقیەیەك شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی تێدانەبیت بۆ خوداقەیدی ناکات....

هەروەها وارد بووە: عن أنس بن مالك (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ) قال: «رخص رسـول الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) في الرقيـة مـن العيـن[2] والحمة[3] والنملـة»[4] واتا:

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٠٠).

(٢) «العین» بەچاوە بوونی چاوپیسێك، بەڵام بەقەدەری خوا.

(٣) «الـحمة» واتە: ژەهر: مولەتی داوە بەهەرکەسێك کە دووچاری ژەهراوی بوون بوو بوو، وەك: مارپێوەدان، یان دووپشك وشتی تر.

(٤) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢١٩٦).

ئەنەســـی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕێگایـــدا کە ڕوقیەی شـــەرعی بکرێت بۆ ئەو کەســـەی بەرچاو کەوتووە لەگەڵ ئەو کەســـەی کە ژەهرداریێك پێوەی دابێت لەگەڵ ئەو کەسەی کـــە برینێك لـەلایەکی دەرهاتبێت.....

هەر لەم بارەیەوە جابری کوڕی عبدالله (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «مـن استطاع أن ينفع أخاه فليفعل»[(١)] واتا: هەرکەس ئەتوانێت سوودیك بەبرایەکی بگەیەنێت با ئەنجامی بدات...

وعن عائشـــة (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ) قالت: «كان رسول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) إذا اشتكى منـــا إنسان مســـحه بيمينه ثم قال: أذهب الباس رب الناس واشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤك شـــفاء لا يغادر سقما»[(٢)] واتا: عائیشـــە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: ئەگەر کەســـێك لەئێمە جێگایەکی ئێشی بکردایە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەســـتی ڕاستی ئەخستە ســـەری و ئەیفەرموو: ئەی پەروەردگاری هەموو خەڵـــکی ئەم ئازارە لابەرە و شیفای بدە چونکە تۆ شیفادەریت، شیفا و چارەسەر نییە شیفاو چارەسەری تۆ نەبێت، شیفایەکە هیچ نەخۆشیەك بەجێ ناهێـڵـێت..

ج. مەرجەکانـــی: بۆ ئەوەش ئەم ڕوقیەیە دروســـت بێت ئەوا ســـێ مەرج پێویستە:

**مەرجی یەکەم:** بـــاوەڕت نەبێت کەئەو ڕوقیەیە خـــۆی بۆخۆی بەبێ خودای گەورە ســـوودی دەبێت، ئەگەر باوەڕ وابێت کە ئەوە بەبێ خودای

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢١٩٩).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٥٧٤٣)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢١٩١).

گەورە ســـوودی دەبێت ئەوە کارێکی حەرامە، نەك هەر ئەوەندە بەڵـــکو شیرکیشـــە، بۆیە دەبێت باوەڕت وابێت، کە ئەو ڕوقیەیـــە هۆکارێکە بەبێ یارمەتی و ئیزنی خودای گەورە هیچ سوودێکی نییە.

**مەرجـــی دووەم:** نابیـــت ئەو ڕوقیەیە شـــتێکی تێدا بێـــت پێچەوانەی شـــەرع بێت، وەك ئەوەی هەندێك دوعا و نزای تێـــدا بێت بۆلای خودای گەورە، یان داوای کۆمەکـــی و بەدەمەوچوونی تێدا بێـــت لە جنۆکەکان، ئەمانە و نموونەی ئەمانە حەرامن و بەڵـــکو دەچنە خانەی شیرك وهاوەڵ بڕیاردانەوە بۆخودای گەورە.

**مەرجی سێهەم:** ئەبێت ئەوەی دەوترێت لێی تێبگەیت و مەعلوم وديار بێت، چونکە ئەگەر هاتوو لەنموونەی ئەو (طلاسم) و شتە پڕووپوچانە بێت ئەوە دروست نیە و حەرامە (طلاسم: بە جۆرێك لەو خەت خەتێن و زەڕب و تەقســـیم و نووســـینە بێ مانانـــە دەوترێت کە جادووگـــەر و فاڵچیەکان دەینووسن و مرۆڤی ئاسایی لێیان تێ ناگات).

هەروەها پرســـیار کرا لە ئیمام مالیك (ڕەحمەتی خـــودای لێ بێت): کە ئایا ڕوقیە بکەین یان داوای بکەین لەکەســـێك بۆمان بکرێت؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەگەر بە وتەی خێر و چاك بێت هیچ قەیدی ناکات....

د. ڕوقیەی یاساغ و نامەشروع: هەر ڕوقیەیەك ئەو سێ مەرجەی کەباسمانکرد تێیدا نەبوو ئەوا حەرام و یاساغە، وەك ئەوەی ئەو کەسەی ڕوقیە دەکات یان ئەو کەســـەی ڕوقیەی بۆ دەکرێت بڕوای وابێت ئەو ڕوقیەیە خۆی بۆخۆی سوود و قازانج و کاریگەری دەبێت، یان هەندێك گوفتار و وشەی شیریکی تێدا بێت، یان هاوار و تەوەسولی کوفری و بیدعە و هاوشێوەی ئەمانەی تێدا

بێت، یان ڕوقیەکە بە گوفتار و وشەگەلێك بکرێت کە لێی تێنەگەیت و نەزانیت چی ئەوترێت، وەك (طلاسم) و هاوشێوەکانی وابێت....

**تەوەرەی دووەم: نووشتەکان (التمائم)**

أ. التمائم: کۆی تمیمەیە واتا نووشتە: بەو شتە دەوترێت کە بەگەردن و ملدا دەکرێت و هەڵدەواسرێت لە پەناگرتن بە موت و مووروو ئێسك و هەندێك شتی تر، بۆ بەدەستهێنانی سوود و قازانج یان دوورخستنەوەی زەرەر و زیان، عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیدا بە بۆچوونی بەتاڵی خۆیان هەڵیان دەواسی بە منداڵەکانیاندا بۆ ئەوەی لەچاو و زیانەکانی بیانپارێزێت...

ب. حوکمەکەی چییە؟ بێگومان حوکمی ئەم کارە حەرام و یاساغە لەشەریعەتی ئیسلامدا، نەك هەر ئەوەندە بەڵـــکو جۆرێکە لەجۆرەکانی شیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، چونکە دڵوابەستەی تێدایە بەغەیری خوداوە (الله) ئەوەش بزانە جگە لەخودای گەورە (الله) هیچ کەسێك ناتوانێت زەرەروزیان بگێڕێتەوە، ناتوانێت داوای ئەوە بکات کە ئێش و زیانەکانی لێ بەدوور بێت بەبێ داواکردنی لای خودا (الله) و بەناو سیفەتە جوانەکانی نەبێت...

عبد الله ی کوڕی مەسعود (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە کە ئەڵــێت: لە پێغەمبەری خودام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیســت کە فەرمووی: «إن الرقـــى والتمائم والتولة شـــرك»[1] واتا: ڕوقیە (مەبەســت پێی ڕوقیەی نامەشروعە) و لەگەڵ نووشـــتە و ئەوەی پێی دەوترێت چەوری و شیرینی نێوان ژن و پیاو هەر هەموو شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودای گەورە...

(١) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٣٨٨٣)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (٤/ ٢٤١) حاکم ئەم فەرموودەیە بەفەرموودەیەکی صەحیح داناوە و ئیمامی ذەهەبیش هاورایەتی.

وعن عبد الله بن عكيم (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) مرفوعا: «من تعلق شيئا وكل إليـه»[1] واتا: هەرکەس دڵی پابەند بێت بەهەر شتێکەوە ئەوە دەسپێررێت بە ئەو شتە.

وعن عقبة بـن عامر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) مرفوعا: «من تعلق تميمـة فلا أتم الله له، ومـن تعلق ودعة فلا ودع الله له»[2] واتا: هەرکەس دڵی بەنووشـتەیەکەوە پابەندکـردووە ئەی خودایـە بۆی تـەواو نەکەیت، ئەوەی کـە دڵێ بە و دعەیەکەوە پابەند کردووە (ودعە مەبەست ئەو شتە سپیەیە کە وەك مرواری وایە لە دەریا دەردەهێنرێـت، عەرەبەکان لەسـەردەمی نەفامیدا بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی لەزیانی چاوپیسـی و جنۆکە پارێـزراو بن) ئەی خودایە مەبەستەکەی بەجێ نەهێنیت...

وعـن عقبة بن عامر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أن رسـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «من علق تميمة فقـد أشرك» واتا: هەرکەس نووشتەیەك هەڵبواسێت ئەوە هاوەڵی بۆ خودای گەورە بڕیارداوە...

ئەم دەقانە و ئەوانەشی بەم مانایە دێن هەر هەموویان خەڵـکی ئاگادار دەکەنـەوە لە دوور کەوتنەوە لە ڕوقیە و نووشـتەی شـیرکی کە زۆربەی زۆری ڕوقیە و نووشـتەکانی عەرەب بوون لەسەردەمی نەفامیدا، هەر بۆیە لەئاینی پیرۆزی ئیسـلامدا قەدەغەی لێکراوە چونکە هاوەڵ بڕیاردان و دڵ پەیوەستبوونی تێدایە بە غەیری خوداوە....

(١) موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٣١٠)، وەسوننەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٢٠٧٢)، وەموستەدرەکی ئەلحاکم (٤ / ٢٤١) حاکم ئەم فەرموودەیە بەفەرموودەیەکی صەحیح داناوە.

(٢) موسنەدی ئەحمەد (٤/ ١٥٤)، وموستەدرەکی ئەلحاکم (٤/ ٢٤٠)، حاکم ئەم فەرموودەیە بە صەحیح داناوە و ئیمامی ذەهەبیش هاورایەتی.

ج. ئایا ئەگەر ئەو شـــتەی هەڵدەواسرێت کەمەبەست پێی نووشتە یان هەر شتێکی ترە ئەگەر هاتوو بە ئایەتی قورئان کرابوو (مەبەست ئەوەیە رەمزی نهێنی وطەلاسمی تێدا نەبوو) لەم مەسئەلەیەدا زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیان دروستە وهەندێکی تریشیان پێیان دروست نییە و ڕێگری لێ دەکەن و دەڵـــێن دروست نییە قورئانی پیرۆز هەڵبواسرێت و بکرێت بە نووشتە بۆ چاك بوونەوەی نەخۆشـــی و شیفا بۆهاتنی، ئەمەش ڕایەکی دروست و صەوابە لەبەر ئەم چـوار هۆیەی خوارەوە:

١. دەقەکانی سوننەت بەگشتی ڕێگریان لە نووشتە (تمائم) کردووە و هیچ بەڵـگەیەکیش نییە بۆ تایبەت تخصیص کردنیان.

٢. بۆ ڕێگەگرتن لەوەی ئەم کارە سەرنەکێشـــێت بۆ کاری خراپ، چونکە ڕێگادان بەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی نووشتە بەغەیری قورئانیش بکرێت.

٣. ئەگەر ئەم نووشتەیەی کە بەقورئان کراوە، هەڵواسرا بەکەسی نەخۆشەوە ئەوا هۆکارێکە بۆ ســـووکایەتی و بەکەمگرتنی قورئان، چونکە ئەو کەسە لەگەڵ خۆی دەیباتە حمام و ســـەرئاو و شوێنی خۆپاککردنەوە و جێگای تر وەك ئەم شوێنانە...

٤. داوای شیفاکردن و چارەســـەرکردن بەقورئان بەشێوەیەکی دیاریکراو هاتـــووە، ئەویش خوێندنی قورئـــان و ئەو نزا و دوعایانە کە لەســـوننەتدا هاتوون بەسەر کەسی نەخۆشدا، غەیری ئەمە لەسنوور دەرچوونە...

**تەوەرەی سێهەم: لەدەستکردنی ئەڵقە و پەڕۆ و دەزوو و شتی تریش.**

أ. ئەڵقە: بەو پارچە زێرە یان زیووە یان ئاســـن یان مســـە خڕە دێت، پەڕۆ و دەزوویش لای هەمووان ناســـراوە جا چی لە خـــوری بێت یان لە لۆکە

و کەتـــان، عەرەبەکان لەســـەردەمی نەفامیدا دڵیان پابەنـــد دەکرد بەمانەو نموونەی ئەمانەوە بۆ دوورخستنەوەی زەرەر و زیان یان بۆ سوود و قازانج پێگەیاندن و خۆپاراستن لەچاو پیسی، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَـٰشِفَـٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَـٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴾ [الزمر: ٣٨] واتا: ئەی موحەممەد! بڵێ: ئا پێمان بڵێن ئەو بتانە کەلەباتی خودا ئەیانپەرستن، بەتایبـــەت دوای ئـــەوە کە دەســـەڵات و توانای خوداتان بـــۆ دەرکەوت، پێمان بڵێن دەســـەڵاتیان چـــۆن دەبینن؟ ئەگەر خودا ویســـتی دووچاری بەڵا و ناڕەحەتیەکم بکات، ئایا ئەو بتانە ئەتوانن ئەو بەڵامە لەسەر لاببەن؟ یان ئەگەر خودا ویســـتی ســـوودێکم پێبگەیەنێت، ئایا ئـــەو بتانە ئەتوانن رایگرن و نەهێڵن بمگاتێ؟! دەســـا بڵێ: من بۆ هەموو شـــتێك تەنها خودا (الله) م بەســـە، چونکە زیان و قازانج هەر بەدەست ئەوە، هەر بە ئەو پشت ئەستوورن، باوەڕدارانی پشت ئەستوور، نەك بە ئەم و ئەو و بە بتەکان.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا﴾ [الإسراء: ٥٦] واتا: ئەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەبێ باوەڕان بڵێ: ئادەی هانا بەرنە بەرئەوانەی وا لەبری خودا (الله) دەتانپەرســـتن، ئایا زیان و بەڵایەکتان لە سەرلادەبن؟ دڵنیابن کە نەدەسەڵاتی لابردنی خۆشیی و زیانیان هەیە لێتان، وە نەدەسەڵاتی ئاڵ و گۆڕی بارودۆخیان هەیە، واتا: تەنها خودا (الله) یە ئەوکارانەی لێدێت..

عـــن عمران بن حصيـــن (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) «أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رأى رجلا في يده حلقة مـــن صفر فقال: ما هذه؟ قال: من الواهنة، فقال: انـــزعها؛ فإنها لا

تزیـــدك إلا وهنا، انبذها عنك، فإنك لو مت وهي عليك مـــا أفلحـت أبـدا»[١]
واتا: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەلقەیەکی لەمس دروســتکراوی لەدەســتی پیاوێکدا بینــی فەرمووی: ئەمــە چیە؟ ئەویش وتــی: ئەوە بۆ ئەوەیــە ئەو ئازارەی کە لەناو شــان و قۆڵ و باڵدایــە نەیهێڵێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێــی فەرمــوو: دایکەنە لەدەســتت چونکــە ئائەمە هیچ شــتێك زیاد ناکات ئەو نەخۆشــیە نەبێت، چونکە ئەگەر ئەمەت لەدەستدا بێت و بمریت ئەوە هەرگیز سەرفراز نابیت و ڕزگارت نابێت..

عن حذيفة بن اليمان (رضي الله عنه) «أنه رأى رجلا في يده خيط من الحمـى فقطعه وتلا قوله تعـــالى: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ [يوسف: ١٠٦]»[٢]
واتا: حوذەیفەی کوڕی یەمان (خودای لــێ ڕازی بێت) پیاوێکی بینی کە دەزوویەکی کردبوویە دەســتیەوە بۆ لەرزوتا، ئەویش دەزووەکەی دەستی کابرای قرتاند و ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ [یوســف: ١٠٦] واتا: جا زۆربــەی زۆری خەڵـــکی باوەڕناهێنن بە خودای تاك و تەنها، بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (بێگومان ئیمان و باوەڕی وا هیچ نرخی نیە و خودای گەورە لەو تاوانە خۆش نابێت)..

ج. حوکمی لەدەســتکردنی ئەڵـــقە وپەڕۆ ودەزوو و ئەو شتانە: حوکمی لەدەستکردنی ئەم جۆرە شتانە حەرامن، جا ئەو کەسەی ئەو شتانە لەدەست دەکات و باوەڕی وابێت کە ئەو شتانە خۆیان کاریگەریان دەبێت (لەسوود گەیانــدن و زیان دوورخســتنەوە) بەبێ خودای گەورە، ئەوا ئەو کەســە

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد (٤/ ٤٤٥)، بوصەیری وتوویەتی: سەنەدەکانی ئەم فەرموودەیە سەنەدێکی حەسەنە، هەیثەمیش دەڵیت : پیاوەکانی ئەم فەرموودەیە متمانە پێکراون..
(٢) تەفسیری ئیبن ئەبی حاتەم (٧/ ٢٢٠٧).

هاوەڵ بڕیاردەری گەورەیە لە یەکخواپەرستنی پەروەردگاریێتیدا لە (توحید الربوبیة) تدا، چونکە باوەڕی بە خالق و دروستکار و هەڵسوڕێنەرێکی تر هەیە لەگەڵ خودا (الله) دا کە خودای گەورە زۆر بەرز و پیرۆز و بڵندترە لەوەی موشریکەکان بۆی بڕیار دەدەن....

خۆ ئەگەر باوەڕی وابێت کەفەرمان هەر بۆ خودای گەورەیە، ئەم ئەڵقە و پەڕۆ و دەزووانەیش تەنها هۆکارێکن و هیچ کاریگەریەکیان نییە، ئەوا ئەو کەسە هاوەڵ بڕیاردەری بچووکە، چونکە ئەو شتیکی کردووە بە هۆکاری چاك بوونەوە لەشەرعدا ڕێگا نەدراوە کە هۆکار شیفا و چاك بوونەوە بێت، ودڵی وابەستە بەشتیکی تر کردووە، جا لەبەر ئەوە کردنی وەها کارێکیش ڕێگاخۆشکەرە بۆ شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورە کاتێك کە دڵی پابەند بێت پێوەی بەئومێد و تکای بەدەستهێنانی نازونیعمەت و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان و بەلا و نارەحەتی...

**تەوەرەی چوارەم: تەبەڕوك کردن بەدار و درەخت و بەرد وهاوشێوەکانیان**

تەبەڕوك: واتا: داواکردنی بەرەکەت، داواکردنی بەرەکەتیش لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:

١. تەبەڕوك بە کار و فەرمانێکی شەرعی دیار، وەك تەبەڕوك بە قورئانی پیرۆز، لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٌ﴾ [الأنعام:٩٢] واتا: ئەم قورئانە ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە پیرۆز و فەڕدارە.

لەبەرەکەت و پیرۆزیەکانی قورئان ڕێنموونی و هیدایەتی دڵەکانە بۆ لای خودا و شیفای سینە و چاکسازکاری دەروونەکان و پاککەرەوەی ڕەوشت و بەهاکانە، ئەمانە و چەند شتی تریش..

٢. تەبەڕوك بەكارێكی نامەشــورع، وەك تەبەڕوك بە دار و درەخت وبەرد و گۆڕ و تەپۆڵــكە و خۆڵ و گڵ و چەندان شتی تری نامەشروع، كە هەر هەموویان شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودای گەورە بۆ (الله)..

عن أبي واقد الليثي قال: «خرجنا مع رســول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إلى حنين ونحــن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة[1] يعكفون عندها وينوطـون بهـا أسلحتهم، يقال لها ذات أنواط، فمررنا بسدرة، فقلنا: يـا رسـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اجعل لنا ذات أنواط كما لهم ذات أنواط، فقال رســول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الله أكــبر، إنها الســنن، قلتم والذي نفسي بيده كما قالت بنـو إسـرائيل لموسـى: ﴿ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ [الأعراف: ١٣٨]، لتركبن سنـن مـن كـان قبلكـم»[2] واتا: ئەبو واقدی لەیثی (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێــت: لەگەڵ پێغەمبەری خــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەرچووین بۆ غزوەی حونەین، لەو كاتەدا ئێمە تازە موســڵمان بووبوین و وازمان لەبێ باوەڕی هێنابوو، موشــریكەكان درەختێكی ســدریان هەبوو چەكەكانی خۆیانیان پێداهەڵدەواســی و پێیــان دەوت (ذات أنواط) ئێمەش بــەلای درەختێكی ســدردا ڕابووردین و وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا: تۆیش (ذات أنواط) بۆ ئێمــە دابنێ وەك ئەوان چۆن (ذات أنواط) یان هەیە – واتا وەك درەختەكەی ئەوان –پێغەمبەری خوداش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (ألله أكبر) ئەمە هەر لەو قسەیە دەچێت كە هۆزەكەی بەنو ئیسرائیل داوایان لە موسا كردو وتیان ﴿ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ [الأعــراف: ١٣٨] واتا:

(١) سیدرە: درەختێكی دركدارە.

(٢) سونەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٢١٨٠).

کاتێك بەنو ئیسرائیل دوای ئەوەی خودای گەورە ڕزگاری کردن لە دەستی فیرعەون و دەست و دایەرەکەی لەو بەری دەریاکەوە خەڵکێکیان بینی خەریکی بت پەرستن بوون ئەوانەیشی لەگەڵ موسا پیغەمبەر (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) بوون وتیان: ئەی موسا تۆیش خوایەکمان بۆ دابنێ هەروەك چۆن ئەمانە چەند خوایەکیان هەیە، مووساش وتی: بەڕاستی ئا ئەمانە گەلێکی نەفام و نەزانن، ئەمجا لەکۆتاییەوە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەهاوەلانی فەرموو: بەڕاستی ئێوەش شوێن پێی ئەوانەی پێش خۆتان هەڵدەگرن (چۆن ئەوان داوای بتێکیان لەموسا کرد ئێوەش داوای درەختێکی وەك درەختی بێ باوەڕەکان دەکەن کە پیرۆزی بکەن).

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان وایە کە دار و بەرد ودرەخت و گۆڕ و نمونەی ئەمانە پیرۆز و موبارەکن و بەرەکەت دەخەنە شتەوە و بەدیاریەوە دادەنیشن و قوربانی و ئاژەڵیان بۆ سەردەبڕن شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودا، هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموون: ئەوەی ئێوە داوای دەکەن وەك داوای بەنو ئیسرائیل و جولەکەکان وایە کاتێك وتیان بە موسا: تۆیش خوایەکمان بۆ دابنێ هەروەك ئەمانە چەند خوایەکیان هەیە، ئەوان داوای ئەوەیان کرد کە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) درەختێکی سدریان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی تەبەڕوکی پێوە بکەن هەروەك چۆن موشریکەکان تەبەڕوکیان بەو دارەوە (ذات انواط) ەوە دەکرد، بەنو ئیسرائیلیش داوای خوایەکی وەك خواکانی ئەوانیان دەکرد، هەردوو داواکەیش دژ و پێچەوانەی یەکخواپەرستین، لەبەر ئەوەی تەبەڕوك بەدرەختەوە جۆرێکە لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان

بۆ خـــودای گـــەورە، دانانی خـــودا و پەرســـتراوێکی تر جگـــە لە (الله) شیرك و هاوەڵدانانێکی ڕوون و ئاشکرایە...

لەوەش کە لەفەرموودەکەدا هاتووە: «لترکبن سنن من کان قبلکـــم»[1] بەڕاســـتی ئێوەش شـــوێن پێی ئەوانەی پێش خۆتـــان هەڵدەگرن، ئاماژەیە بۆ ئەوەی جۆرێك لـــەم کارانە لەناو ئوممەتەکەیـــدا ڕوودەدەن، پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئەمەی فەرمووە تاوەکـــو ڕێگریان لێ بکات و ئاگاداریان بکاتەوە...

(١) تیرمۆذی – الفتن – (٢١٨٠)، وە موسنەدی ئەحمەد (٥/ ٢١٨).

**تەوەرەی پێنجــەم: قەدەغەکردن وڕێگری لەو شــتانەی کــە پەیوەندی بەگۆڕەوە هەیە.**

لەسەرەتای ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ڕێگری دەکرا لە زیارەت و سەردانی گۆڕ و گۆڕستان، چونکە لەسەردەمی نەفامیەوە نزیك بوون، ئەمەش لەپێناو پارێزگاری کردن لە یەکخواپەرستی وپلەوپایەکەی، بەڵام دواتر کە باوەڕ لە دڵی خەڵکیدا دامەزرا و چەسپاو و بەجوانی باوەڕیان وەرگرت، و بەڵگەکانی یەکخواپەرستی ڕوون بوونەوە و شوبهە و گومانەکانی شیرك و هاوەڵدانان بۆ خەڵکی دەرکەوتن ئەوسا ئیتر ڕێگا درا زیارەت و سەردانی گۆڕ و گۆڕستان بکرێت کە ئامانجەکانی دیارکرا و مەبەستەکان لێی ئاشکرا کران...

لەم فەرموودەیەدا بەجوانی ئەم مەسئەلەیە ڕوون کراوەتەوە: عن بريدة بن الحصيب (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رســول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها»[1] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: پێشتر قەدەغە و یاساغم کرد لێتان کە سەردانی گۆڕ بکەن، ئێستا ئیتر سەردانی بکەن..

وعن أبي هريــرة (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «زوروا القبور فإنـها تذكـر الموت»[2] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: سەردانی گۆڕەکان بکەن چونکە مردن وەبیر دەهێننەوە.

وعن أبي ســعيد الخدري (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «إني نهيتكـم عن زيـارة القبور فزوروها فإن فيها عبرة»[3] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٧٧).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٧٥).

(٣) موسنەدی ئەحمەد (٣/ ٣٨)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (١/ ٥٣١).

فەرموویەتی: بێگومان من ڕێگری و قەدەغەم کردن لە سەردانی گۆڕەکان، ئیتر سەردانیان بکەن چونکە ئامۆژگاری و پەندوەرگرتنی تێدایە.

وعن أنس بن مالك (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «كنت نهيتكم عن زيارة القبور ألا فزوروها؛ فإنها ترق القلب وتدمع العين وتذكر الآخرة، ولا تقولوا هجرا»[1] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: من پێشتر ڕێگر وقەدەغەم کردن لە سەردانی گۆڕەکان. ئێستا ئیتر سەردانیان بکەن، چونکە دڵ نەرم دەکات و فرمێسك لەچاوەکان دێنێت و دوارۆژیش وەبیر دەهێنێتەوە، ئێوەش هیچ شتێکی ناشەرعی مەڵێن..

وعن بريدة (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: «كان رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يعلمهم إذا خرجوا إلى المقابر فكان قائلهم يقول: السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، وإنا إن شاء الله بكم للاحقون، أسأل الله لنا ولكم العافية»[2] واتا: بورەیدە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاوەڵەکانی فێر دەکرد هەرکاتێك بچوونایە بۆ گۆڕستان دەیانوت: سەلامتان لێ بێت ئەی خەڵکە باوەڕدار و موسڵمانەکەی ئەم شارە، ئێمەش ئەگەر خودای گەورە ویستی لەسەر بێت دەگەین پێتان، داوای لێخۆش بوون بۆ خۆمان و ئێوەش دەکەین.

ئەم فەرموودانە و هاوشێوەکانیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی مەشروعیەتی سەردانی کردنی گۆڕەکان دوای ئەو ڕێگریکردنە هات لەزیارەت کردنیان، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری گەورە و دوو مەبەستی بەنرخ بوو:

(١) موستەدرەکی ئەلحاکم (١/ ٥٣٢).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٧٥).

**یەکـــەم:** بەمەبەســـتی زوهـــد و دونیـــا نەویســـتی و بیرخســـتنەوەی دوارۆژ و مردن و بەلاَ و موصیبەت، وە ئامۆژگاری وەرگرتن لەو کەسانەی لەناو گۆڕەکاندان ئەمەش باوەڕی کەســـەکان پێی زیاد دەکات و یەقین پێی بەهێـــز دەبێت، و پەیوەندیـــان بە خودای گەورەوە پتـــەو دەبێت، لەهەمان کاتیشدا پشتهەڵکردن وغەفلەت وبێ ئاگاییش لەدڵێ کەسەکاندا ناهێلێت.

**دووەم:** چاکە و ئیحســـانکردن لەگـــەڵ مردووەکانـــدا، بەدوعا و نزا بۆکـــردن و ڕەحمەت بۆ ناردن و داوای لێخۆش بوون و عەفو کردن بۆیان لای خودای گەورە.

ئەمە ئەوەیە کە بەڵـــگەی لەســـەرە، هەرکەســـیش ئیدعا و پاگەندەی شتێکی تر دەکات ئەوە داوای بەڵگەی لێ دەکرێت.

ســـوننەتی پێغەمبەری خـــوداش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قەدەغە و یاســـاغی لەهەندێك کار کردووە کە پەیوەســـتن بە گۆڕ و زیارەتکردن و سەردانیان، لەپێناو پاراستنی یەکخواپەرســـتی و پارێزگاری لە پلەوپایەکەی، هەر بۆیە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك فێریان ببێت بۆ ئەوەی لە شتی پڕوپوچ و گومڕایی پارێزراو بێت، لەوانەیش:

١. ڕێگریکردن لە وتنی قسەی ناشەرعی لەکاتی سەردانی گۆڕەکان:

پێشتر باســـمانکرد کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: «ولا تقولوا هجرا»[١] واتا: هیچ شتێکی ناشەرعی مەڵێن... مەبەستیش لە (الهجر) هەموو کارێکە کە شـــەرع قەدەغە و یاساغی کردبێت، لەپێشی هەموو ئەمانەیشەوە

(١) ئەلنەسائی – الجنائز – (٢٠٣٣)، ئەبو داود – الأشربة – (٣٦٩٨)، موسنەدی ئەحمەد (٥/ ٣٥٥).

شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودا ئەویش بە داوا و نزا وهانا و هاوار بردن بۆ کەسانی مردوو، یان داوای یارمەتی و سەلامەتی لەش ساغیان لێ بکرێت، هەموو ئەمانەشـــیرك و هاوەڵ بڕیاردانی تەواو و صەریحە بۆ پەروەردگار، لە پێغەمبەری خوداشـــەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثابت بووە بەچەندان فەرموودە ڕێگـــری کردووە لەم جۆرە کارانە و نەفرینیشـــی کـــردووە لە بکەرەکەی، لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە: عن جندب بن عبـــد الله (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أنه قال: سمعت رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قبل أن يموت بخمس يقول: «ألا إن من كـــان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مســـاجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد إنّي أنهاكم عن ذلك»[1] واتا: جوندوبی کوڕی عبدالله (خودای لێ ڕازی بیت) ئەلێت لە پێغەمبەرم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیست پێش پێنج ڕۆژ لەوەی وەفات بکات فەرمووی: ئەوانەی پێش ئێوە (لەگاور و جولەکە و ئوممەتانی پێشـــوو) گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکەکانیـــان کرد بە مزگەوت و جێگای ســـوژدە بردن، بەڵام ئاگاداربن ئێوە گۆڕەکان مەکەن بەمزگەوت و جێگای سوژدەبردن، چونکە من ڕێگریم کردوە لەوەها کارێك..

دوعا و بانگکردنی مردووەکان و داوای پێویســـتی لێکردنیان ولادانی هەندێك لە پەرســـتنەکان بۆ ئەوان شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورەیە بۆ خودا، بەڵام مانەوە لای گۆڕ وئیعتکاف کردن لای و چاوەڕوانی و گەڕان بـــەدوای ئەوەی دوعـــا و نزا لایان گیـــرا ببێت، هەروەهـــا نوێژکردن لەو مزگەوتانەی کـــە گۆڕیان تێدایە هەرهەموویان لـــــەو بدعە و داهێنراوە زۆر خراپانەن لە ديندا داهێنراوون...

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٥٣٢).

لەهەردوو سـەحیحی بوخاری و موسـلیم یشـدا هاتووە: عن عائشة (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهَا): أنه (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) قال في مرضه الـذي لم يقم منه: «لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مسـاجد»[1] واتا: عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە کاتی ئەو نەخۆشـیەی کە ئیتر هەڵنەسـایەوە (وەفاتی کرد) فەرمووی: نەفرینی خـودا لە جولەکـە و گاورەکان کە گـۆڕی پێغەمبەرەکانـی خۆیان کردە مزگەوت و جێگای سوژدە بردن.

٢. سەربڕین و قوربانی کردن لای گۆڕەکان:

ئەگەر هاتوو سەربڕین و قوربانی کردن بۆ نزیك بوونەوە بێت لە مردووی ناو گۆڕەکان بۆ ئەوەی ئەو مردووانە پێویسـتیەکیان بۆ جێبەجێ بکەن، ئەوە شـیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورەیە بۆ خودای گەورە، خۆ ئەگەر بۆ غەیری ئەمە بێت ئەوە لەو بیدعە مەترسـیدارانەیە کە گەورەترین هۆکاری شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە، پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی: «لاعقر في الإسلام»[2] واتا: ئاژەڵ سەربڕین لەسەر گۆڕ نییە لە ئیسلامدا، عبدالرزاق ئەڵێت: (كانوا يعقرون عند القبر بقرة أو شـاة)[3] واتا: لەسەردەمی نەفامیـدا موشریکەکان کە ئەچوونە سەر گۆڕ مانگایەك یان مەڕێکیان سەردەبڕی.

٣. ٤. ٥. ٦. ٧. بەرزکردنـەوەی گۆڕەکان زیاد لەو گڵـەی کە لێی هاتوەتە دەرەوە، و گەچـکاری کردنی، و نووسـین لەسـەری، و خانـوو و بینا دروستکردن لەسەری، و دانیشتن لەسەری:

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١٣٣٠)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٥٣١).

(٢) ئەبو داود – الجنائز – (٣٢٢٢)، موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٩٧).

(٣) ئەبو داود – الجنائز – (٣٢٢٢)، موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٩٧).

هەموو ئەمانە لـــە بیدعـــە و داهێنراوەكانی جولەكـــە و گاورەكانە كە تێیدا ماونەتەوە، كەلـــە گەورەترین جۆرەكانی ذریعە و ڕێخۆشـــكردنە بۆ شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، عن جابر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: «نهى رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أن يجصص القـــبر، وأن يقعد عليه، وأن يبنى عليه، وأن يـــزاد عليه، أو يكتب عليه»[1] واتـــا: پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێگری كرد لەوەی گۆڕ گەچكاری بكرێت، و دابنیشی لەسەری، و خانوو و بینای لەســـەر بكرێـــت، و ڕێگری كرد لەوەی گۆڕ زیـــاد لەو گڵەی لێی دەردەهێنرێت بخرێتە سەری، یان لەسەری بنووسرێت.

٨. نوێژكردن ڕووبەڕووی گۆڕ یان لای گۆڕ:

عن أبي مرثد الغنوي قال: ســـمعت رســـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يقول: «لا تصلوا إلى القبور، ولا تجلسوا عليها»[2] واتا: ئەبی مورثدی غەنەوی (خودای لـــێ ڕازی بێت) ئەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو ئەیفەرموو: ڕووبەڕووی گۆڕەكان نوێژ مەكەن، و دامەنیشن لەسەریشیان.

وعن أبي ســـعيد الخدري (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رســـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «الأرض كلـها مسجد، إلا المقبرة والحمام»[3] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: زەوی هەموو مزگەوتە جگە لەگۆڕســـتان و حمام و سەرئاو نەبێت.

---

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٧٠)، وسونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٢٥)، و (٣٢٢٦)، وموستەدرەكی ئەلحاكم (١/ ٥٢٥).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٧٢).

(٣) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٤٩٢)، وسونەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٣١٧)، ئەلحاكم ئەم فەرموودەیەی بە فەرموودەیەكی صەحیح داناوە، و ئیمامی ذەهەبیش هاوڕایەتی.

٩. خانوو و بینا دروستکردن لەسەر گۆڕ:

ئەمەش لە بیدعە و گومڕاییەکانی جولەکە و گاورەکانە، فەرموودەکەی عائیشـــە لەوەو پێش کە باســـکرا کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: «لعـــن الله اليهود والنصارى اتخـــذوا قبور أنبيائهم مســاجد»[1] واتا: نەفرینی خـــودا لە جولەکـــە و گاورەکان کە گـــۆڕی پێغەمبەرەکانـــی خۆیان کردە مزگەوت و جێگای سوژدە بردن.

١٠. بکرێت بەشوێنی کۆبوونەوە و جەژن گێڕان:

ئەمەش یەکێکی ترە لـــەو بیدعە و داهێنراوانەی کـــە ڕێگری صەریحی لێکراوە، ئەویش لەبەر گەورەی زیان و خراپەکانیەتی، عـن أبي هريرة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «لا تتخذوا قبري عيداً[2] ولا تجعلـوا بيوتكم قبوراً، وحيثمـــا كنتم فصلوا علي، فإن صلاتكم تبلغنـــي»[3] واتا: گۆڕەکەی من مەکەن بە عید واتە بەشوێنی جەژن، و ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕ، لەهەرکوێیەك بوون صەلاواتم لەسەر بدەن، چونکە بێگومان صەلاوتەکانتان دەگات بەمن.

---

(١) بوخاری – الجنائز – (١٣٢٤)، موسلیم – المساجد ومواضع الصلاه – (٥٣١)، ئەلنەسائی – المساجد – (٧٠٣)، موسنەدی ئەحمەد (٦/ ١٤٦)، دارەمی – الصلاه – (١٤٠٣).

(٢) لەزمانی عەرەبیدا (عید) بەوە دەوترێت کە بگەڕێتەوە و دووبارە ببێتەوە وەك جەژنی ڕۆژووشکاندنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، جا مرۆڤیش کاتێك هەموو ڕۆژێك لەبەر ئەوەی سڵاوێك لەپێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕواتە سەر گۆڕەکەی ئەوە وەك ئەوە وایە کە کردبێتی بە جەژن وشوێنی کۆبوونەوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێگری کردووە لەوەها کارێك، لەگەڵ ئەوەدا فەرمانی کردووە بەموسڵمانان کە صەلات وسەلامی بۆ بنێرن لەهەر کوێیەك بن، چونکە فریشتەکان ئەگەڕێن صەلاوات وسەلامەکان ئەگەیەنن بەپێغەمبەر، ئەمەش لەئاسانی ئەم دینەوەیە، چونکە هەموو موسڵمانێك ناتوانێت بگاتە مەدینە.

(٣) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٢٠٤٢)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٣٦٧).

١١.کۆڵ وخۆپێچانەوە بۆ لای گۆڕەکان:

ئەمـــەش کارێکە و ڕێگـــری و قەدەغـــەی لێکراوە، چونکـــە یەکێکە لەهۆکارەکانی شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، عن أبي هريرة (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) عـــن النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) قال: «لا تشـــد الرحـــال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحـرام، ومسجد الرسول (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) ومسجد الأقصى»[(١)] واتا: کۆڵ و بارتان مەپێچنەوە بۆ سێ جێگا نەبێت: بۆ مزگەوتی حەرام و بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) و بۆ مزگەوتی ئەقصا نەبێت.

**تەوەرەی شەشەم: تەوەسول**

أ. پێناسەکەی: (التوسل) لەزمانی عەرەبیدا لە وشەی (الوسيلة) وەوەرگیراوە، (الوســـيلة والوصيلة) بەمانی هۆکار و پەیوەستکردن دێت کە هەردوو ماناکە لەیەکـــەوە نزیکن، (التوســـل) واتا: گەیشـــتن بەمەبەســـت وهەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و تەحقیق کردنی ئەو مەبەستە.

لەشەرعیشدا بەواتای: گەشتن بە ڕەزامەندی خودای گەورەو بەهەشت دێت، بەکارێك کە شـــەرع ڕێگای پیداوە و دوورکەوتنەوە لەوەیشـــی کە قەدەغەی لێکردووە.

ب. مانای (الوسيلة) لەقورئانی پیرۆزدا:

وشەی (الوسيلة) لەدوو شوێن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

١. خـــودای گـــەورە ئەفەرموویت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَـٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائـــدة: ٣٥] واتـــا: ئـــەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخودا بترســـن و پارێزکار بن، لەڕێگەی هەموو

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١١٨٩)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٣٩٧).

هۆکار و کردەوەیەکی چاک و(شــەرعیەوە) هەوڵ بدەن ڕەزامەندیی ئەو زاتە بەدەســت بهێنن، هەمیشە هەوڵ و کۆشــش و جیهاد و خەبات بکەن لەپێناوی ڕێباز و بەرنامەی ئەو زاتەدا، بۆ ئەوەی ســەرفراز بن (لە هەردوو جیهاندا).

٢. هەروەهــا فەرموویەتی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحۡذُورٗا﴾ [الإسراء: ٥٧] واتا: ئائەوانــەی کە ئەوان هاناو هاواریان لێ دەکەن، کامیان لە خودا نزیکترە؟! لە کاتێکدا کە ئەوان خۆیان هاوار لەخوا دەکەن و داوای نزیك بوونەوە لە پەروەردگاریان دەخوازن و چاوەڕوانی ڕەحمەتی دەکەن، لە سزا و تۆڵەشی دەترسن، بەڕاستی سزای پەروەردگارت مەترسی لێکراوە.

مەبەســت لە (الوســيلة) لەهەردوو ئایەتەکەدا بەمانای: نزیك بوونەوە لەخودای گەورە (الله) هاتووە بەهەموو کاروکردەوەیەك کە ئەو زاتە خۆی پێی ڕازیە، حافظ ابن کثیریش لەتەفســیری ئایەتــی یەکەمدا لە عبدالله ی کوڕی عەباسەوە (خودایان لێ ڕازی بێت) نقلێ کردووە کە مانای (الوسيلة) بە نزیك بووەنەوە لەخودا هاتووە، هەر هەمان مانا لە هەر یەك لە موجاهید وأبي وائل و حەسەنی بەصــــری وعبــــدالله بن كثير والســــــدي وابن زيد وچەند کەسێکی ترەوە نەقڵ کراوە[1].

بەنســبەت ئایەتــی دووەمیشــەوە، عبداللــەی کــوڕی مەســعود هاوەڵــی بەڕێزی پیغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هۆی دابەزینــی ئەم ئایەتەی ڕوونکردوەتەوە کە ماناکەی تەواو ڕۆشن دەکاتەوە ودەڵــێت: ئەم ئایەتە

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر (٢/ ٥٠).

لەسەر کەسێــــکی عەرەب دابەزی کە کاتی خۆی یەکێك لە جنۆکەکانیان دەپەرست، ئەوە بوو دواتر جنۆکەکان موسڵمان بوون، بەڵام ئەو کەسانەی کەئەوانیان دەپەرست هەستیان بەمە نەکرد[١].

ئەمـــەش بەصەریحـــی ئـــەوە پیشـــان دەدات کە وشـــەی (الوســـيلة) بەمانـــای نزیك بوونـــەوە دێت لەخـــوداوە بەهەمـــوو کاروکردەوەیەکی چاك و خواپەرســـتیەکی بەرز و بڵـــند، هەر لەبەر ئەمەش خودای گەورە فەرموویەتـــی: ﴿يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾ [الإســـراء: ٥٧] واتـــا: داوای ئەوە دەکەن بەهۆیەوە لەخـــودا (الله) نزیك ببنەوە و ڕەزامەندی ئەو بەدەســـت بهێـــنن بەکاروکردەوەی چاك کە لەئەوان نزیك دەکاتەوە.

ج. جۆرەکانی (التوسل) هۆکاری لەخودا (الله) نزیك بوونەوە.

تەوەسول دەکرێت بەدوو بەشـــەوە: تەوەسولی مەشروع و تەوەسولی مەمنوع.

١. **تەوەسولی مەشروع:** مەبەســـت پێی خۆنزیك کردنەوەیە لەخودای گەورە (الله)بەهۆکاری خۆنزیك کردنەوەو ڕێگای سەحیحی مەشروع،بۆشارەزابوون لەمەش پێویست بەگەڕانەوە دەکات بۆ قورئان و سوننەت و شارەزابوون لەوەی لەم بارەیەوە لەو دوو سەرچاوەدا هاتووە، ئەوەی قورئان و سوننەت بەڵـــگەن لەســـەر ئەوەی کە وەسیلە و هۆکارێکی مەشـــروع و دروستن ئەوە وەسلەی مەشروعە، غەیری ئەمەش تەوەسول و هۆکاری مەمنوع و نامەشروعە.

**لەژێر تەوەسولی مەشروع دا سێ جۆر جێگایان دەبێتەوە:**

**یەکەم:** تەوەسول و خۆنزیك کردنەوە لەخودای گەورە (الله) بەناوێك

---

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٤٧١٤) وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٣٠٣٠).

لەناوە پیرۆزەکانی یان بە صیفەتێك لــە صیفاتە جوان و بلّندەکانی خۆی، وەك ئەوەی موســڵمانێك لەکاتی دوعا و نزایدا بڵێ: (ئەی خودایە داوات لــێ دەکەم کە تۆ خاوەنی هەردوو نــاوی (الرحمن) و (الرحیم) یت کە لەش ســاغم کەیت، یان بڵێ: بەو ڕەحم و بەخشــندەییە فراوانــەی کە هەموو شــتێکی گرتوەتەوە لێم خۆش بیت و ڕەحمم پــێ بکەیت، یان نموونەی تری لەم شێوە داوایانە).

بەڵــگەی مەشــروعیەتی ئەم جۆرە تەوەســولەش ئەوەی کە خودای گــەورە دەفەرمووێــت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ﴾ [الأعــراف: ١٨٠] واتا: هەر بۆ خودایە جــــوانترین و چاکترینی نــاوەکان، جا ئێوەش بەو ناوانە بانگ و هاواری لێ بکەن.

**دووەم:** تەوەســول و خۆنزیــك کردنەوە لەخودای گــەورە (الله) بەو کاروکردەوە چاکانەی کە بەندەکان دەیکەن، وەك ئەوەی بڵێ: ئەی خودای گەورە بەوەی باوەڕم پێتە، و بە خۆشەویستم بۆتۆ، و بەشوێن کەوتنم بەدوای پێغەمبەرەکەتدا داوات لێ دەکــەم لێم خۆش بە، یان بڵێ: ئەی خودایە من بەخۆشەویستی و باوەڕم بۆ پێغەمبەرەکەت محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوات لێ دەکەم کە دەرووم لێ بکەیتەوە، یان ئەو کەســەی کە داوا لەخوا دەکات ئەو کردەوە چاکانە باس بکات کە لەبەر خاتر و ڕەزامەندی خودای گەورە ئەنجامــی داون و بیکات بەهۆکاری تەوەســول و نزیك بوونەوە لەخودا، هەروەك چۆن لەچیرۆکی ســێ کەسی ناو ئەشکەوتەکەدا هاتووە کە دواتر باسیان لێوە دەکەین.

بەڵــگە لەسەر مەشــروعیەتی ئەمەش ئەو ئایەتەیە کە خودای گەورە

دەفەرموویت: ﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ [آل عمران: ١٦] واتا: لە خودا ترسان: دەڵێن ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە بڕوامان هێنا دەی خۆش ببە لە گوناهەکانمان وە بمان پارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ، هەروەها دەفەرموویت: ﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ [آل عمران: ٥٣] واتا: ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا بەوەی کە ناردووتەتە خوارەوە،و پەیڕەوی پێغەمبەرەکەی تۆمان کرد دەی خودایە ناومان لە ڕیزی شاهیدەکانی (گەیاندنی بەرنامەکەتدا) تۆمارمان بکە.

هەر لەم بارەیەوە چیرۆکی ئەو سێ کەسەی ناو ئەشکەوتەکەیە کە عبد الله ی کوڕی عومەر (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: لە پێغەمبەری خودام (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بیست کە فەرمووی: «بينما ثلاثة نفر ممن كان قبلكم يمشون إذ أصابهم مطر، فأووا إلى غار فانطبق عليهم، فقال بعضهم لبعض: إنه والله يا هؤلاء لا ينجيكم إلا الصدق، فليدع كل رجل منكم بما يعلم أنه قد صدق فيه، فقال واحد منهم: اللَّهُمَّ إن كنت تعلم أنه كان لي أجير عمل لي على فرق من أرز فذهب وتركه، وأني عمدت إلى ذلك الفرق فزرعته، فصار من أمره أني اشتريت منه بقرا، وأنه أتاني يطلب أجره، فقلت له: اعمد إلى تلك البقر فسقها، فقال لي: إنما لي عندك فرق من أرز، فقلت له: اعمد إلى تلك البقر، فإنها من الفرق، فساقها، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك من خشيتك ففرج عنا، فانساخت[1] عنهم الصخرة، فقال الآخر: اللَّهُمَّ إن كنت تعلم أنه كان لي أبوان شيخان كبيران، وكنت آتيهما كل ليلة بلبن غنم لي، فأبطأت عليهما ليلة، فجئت وقد رقدا، وأهلي

(١) کەمێکی تر کرایەوە، بەڵام نەیانتوانی بچنە دەرەوە، هەروەك لەفەرموودەکەی سالمدا هاتووە.

وعيالي يتضاغون من الجوع، فكنت لا أسـقيهم حتى يشـرب أبواي، فكرهت أن أوقظهما، وكرهت أن أدعهما فيسـتكنا لشربتهما، فلم أزل أنتظر حتى طلع الفجر، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك من خشـيتك ففـرج عنـا، فانساخت عنهم الصخرة حتى نظروا إلى السماء، فقال الآخر: اللـهم إن كنت تعلم أنه كانت لي ابنة عم من أحب الناس إلي، وإني راودتـها عـن نفسها فأبت إلا أن آتيها بمائة دينار، فطلبتها حتى قدرت، فأتيتها بها فدفعتها إليها فأمكنتني من نفسها، فلما قعدت بين رجليها فقالت: اتق الله ولا تفـض الخاتم إلا بحقه، فقمت وتركـت المائة دينار، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلـك من خشيتك ففرج عنا، ففرج الله عنهم فخرجوا»[١].

واتـا: لەئوممەتانی پێش ئێوە سـێ کەس بەڕێگادا دەڕۆشـتن و باران لێی داکردن، بۆیە پەنایان بردە ئەشـکەوتێك و لەپـڕ (بەبەردێك) دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێ داخرا، بۆیە هەندێکیان بەهەندێکی تریان وت: واللە هیچ ڕزگارتان ناکات ڕاسـتگۆی (باوەڕ نەبێت )جا هەرکەس لەئێوە بەکارێکی ڕاست کە ئەزانێت (لەبەر ڕەزامەندی خودا کردبێتی) داوا لەخودای گەورە بکات، یەکێکیان وتی: ئەی خودایە تـۆ ئەزانیت کە من کرێکارێکم هەبوو کاری بۆ ئەکردم بە پێوانەیەك چەڵتوك دوایی ڕۆشت و پێوانە چەڵتوکەکەی جێهێشت، منیش چووم ئەو پێوانە چەڵتوکەم چاند و دواتر بەپارەی داهاتی ئەو پێوانە چەڵتوکە مانگایەکم کڕی، پاشان کابرای کرێکار هاتەوە و داوای کرێکەی کرد، منیش پێم وت: بڕۆ ئەو مانگایە ببە، کرێکارەکەش لەوەڵامدا وتـی: من پێوانەیەك چەڵتوکـم لای تۆیە، پێم وتەوە: بـڕۆ ئەو مانگایە ببە ئـەوە بەروبومی ئەو پێوانە چەڵتوکەی تۆیـە و کابرایش مانگاکەی دایە بەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٤٦٥).

خـــۆی و بردی، ئەی خودایـــە تۆ ئەزانیت ئەگەر من ئـــەم کارەم تەنها لەبەر تـــرس و ڕەزامەندی تۆ کردوە دەرووومان لێ بکـــەرەوە، لەم کاتەدا بەردەکە کەمێك جوولا، بەلاَم نەیاتوانی بێنە دەرەوە لە ئەشکەوتەکە، کەسێکی تریان وتی: ئـــەی خودایە تۆ ئەزانی مـــن دایك و باوکێکی پیـــرم هەیە، و هەموو شەوێك شـــیری مەڕەکانم بۆ دەهێنان، بەلاَم شەوێك سستیم کرد لەهاتنەوە وکە هاتمەوە بینم خەوتوون و منالّەکانی خۆیشم لەبرسا دەگریان، بەلاَم من نەمدا بەمندالّەکانم هەتاوەکو باوکم ودایکم نەیاخواردەوە، منیش لەم کاتەدا حەزم نەکرد دایکم و باوکم بەخەبەر بهێنمەوە، و حەزیشم نەکرد کە وازیان لێ بهێنم، چونکە ئەو شیرە خواردنی ئێوارەی ئەوان بوون ئەگەر نەیانخواردایە لاواز دەبوون، بۆیە هەتاوەکو ســـپێدەی بەیانی چاوەڕوانم کرد تا هەســـتان لەخەو ئەی خودایە ئەگەر من ئەمەم لەبەر ڕەزامەندی تۆ کردووە دەرووومان لێ بکەرەوە، بۆیە بەردەکە کەمێکی تر جولاَ و ســـەیرێکی ئاســـمانیان کرد، یەکێکی تریان وتی: ئەی خودایە تـــۆ دەزانی کە من کچێکی ئامۆزام هەبوو لەهەموو کەس زیاتر خۆشم دەویســـت، من داوام لێکرد کە خۆیم تەسلیم بکات ئەویش ڕازی نەبوو، ئیللا ســـەد دیناری بدەمێ، منیش چووم پەیدام کردیان داوامکرد و هێنام و دام پێی و ئەویش خۆیمی تەسلیم کرد، جا کاتیك لەنێوان هەردوو لنگی دانیشتم، کچەکە پێی وتم: لەخودا بترسە ئەو مۆرە یان ئەو موســـتیلەیە مەکەوە بەهەقی خۆی نەبێت (واتە بەحەلاَلّی) نەبێت منیش هەستام و سەد دینارەکەشـــم واز لێهێنا، ئەی خودایە خۆت دەزانیت ئەگەر ئەمەم لەبەر ڕەزامەندی تۆ کـــردووە دەرووی خێرمان لێ بکەرەوە، خودای گەورەش دەرووی لێ کردنەوە و هاتنە دەرەوە لە ئەشکەوتەکە.

**سـێهەم**: تەوەسـول بە نزا و دوعای پیاو چاکێك (زینـدوو بێت) کە ئومێد بکرێت نـزا و دوعای لای خودای گەورە گیـرا بێت، وەك ئەوەی موسـڵمانێك بچێت بۆ لای کەسێك کە بە خواناس و چاکەکار و پارێزکار لەگوێڕایەڵێەکانی خودای گەورەی بزانێـت و داوای ئەوەی لێ بکات کە نزا و دوعای خێری بۆ بکات بۆ ئەوەی خودای گەورە دەرووی خێری لێ بکاتەوە و کاری بۆ ئاسان بکات.

بەڵـگەش لەسەر مەشورعیەتی ئەمە لە ئیسـلامدا، ئەوەیە کە هاوەڵە بەرێـزەکان ئەڕۆشـتن بـۆ لای پێغەمبـەری خـودا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە نزا و دوعای گشتی و تایبەتیان بۆ بکات.

عن أنس بن مالك (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)أن رجلا دخل يـوم الجمعة من باب كان وجاه المنبر ورسول الله (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قائم يخطب، فاسـتقبل رسول (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قائما فقال: يا رسـول الله هلكت المواشي وانقطعت السبل، فادع الله يغيثنا، قال: فرفع رسول الله (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يديه فقال: اللّٰهُمَّ اسقنا، اللّٰهُمَّ اسـقنا، اللّٰهُمَّ اسقنا، قال أنس: ولا والله ما نرى في السماء من سحاب ولا قزعـة[1] ولا شيئا، وما بيننا وبين سلع من بيت ولا دار، قال: فطلعت مـن ورائـه سحابة مثل الترس، فلما توسطت السماء انتشرت، ثم أمطرت، قال: والله ما رأينا الشمس ستا، ثم دخل رجل من ذلك البـاب في الجمعـة المقبلـة -ورسول الله (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قائم يخطب- فاستقبله قائما فقال: يا رسول الله، هلكـت الأموال، وانقطعت السبل، فادع الله يمسكها، قال: فرفع رسـول الله (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يديه ثم قال: اللّٰهُمَّ حوالينا ولا علينـا، اللّٰهُمَّ على الآكام والجبال والظـراب ومنابت الشـجر، قال: فانقطعت،

(١) مەبەست پێی چەند پەڵە هەورێکی لەیەك جودایە.

وخرجنا نمشي في الشمس. قال شـــريك: فسألت أنسا: أهو الرجل الأول؟ قال: لا أدري[(١)].

واتا: ئەنەســی کوڕی مالیك (خودای لــێ ڕازی بێــت) ئەگێڕێتەوە کــە پیاوێك ڕۆژی هەینــی لەدەرگایەکەوە هاتە ناو مزگــەوت کە ڕووی لــە مینبەرەکە بوو، لــەو کاتــەدا پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتــاری دەدا، پیاوەکە هەســتایە ســەرپێ ڕووبەڕووی پێغەمبــەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: ئــەی پێغەمبەری خــودا (لەبــێ بارانیدا) هەرچــی مەڕ و مــاڵات هەیە تیاچوو و هەموو ڕێگایەکیشــمان لێ بڕاوە (واتە هیچ چارێکمان نەماوە)، داوا لەخودا (الله) بکە بارانمان بۆ ببارێنێت، پێغەمبەریش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەردوو دەســتی بەرز کــردەوە و فەرمــووی: ئەی خودایــە بارانمان بۆ ببارێنە، ئەی خودایە بارانمان بــۆ ببارێنە، ئەی خودایە بارانمان بۆ ببارێنە، ئەنەس ئەڵێــت: واللەی لەو کاتەدا هیچ هەور و هەڵا و پارچە هەور وهیچ شــتێکمان بەدی نەدەکرد لە ئاسماندا (واتا: ئاسمان سایەقەی ساماڵ بوو) لەنێوان ئێمە و کێوی سەلعیشــدا (کە کێوێکی نزیك مەدینەیە) هیچ خانوو ماڵێك نەبوو هەتا چاو بڕی دەکرد هەور نەبوو، بەڵام ووردە ووردە پارچە هەورێك لەپشتی ئەو کێوەوە هێندەی قەڵغانێك دەبوو بەدەر کەوت، جا ئەو پارچە هەورە کە گەشــتە ناوەڕاستی ئاســمان بڵاو بویەوە و پاشان دەستی کرد بەباران بارین، سوێند بەخودا (الله) شەش ڕۆژ خۆرمان نەبینی، پاشان بۆ هەینــی داهاتوو پیاوێك لەهەمان دەرگاوە هاتــە ژوورەوە و لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتاری دەدا، ئەو کابرایە هەستایە سەرپێ

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١٠١٣)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٨٩٧).

ڕووبەڕووی پێغەمبەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا: (واتا: لەبەر لافاو تۆفان) هەرچی ماڵمان هەبوو تیاچوو ڕێگاکان پچڕان، داوا لەخودای گەورە بکە بیگرێتەوە، پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەردوو دەستی بەرزکردەوە و فەرمووی: ئەی خودایە ئەم بارانە لەدەوروبەرمان ببارێنە و بەسەر خۆمان و ماڵ و خانووەکانماندا نەبێت، ئەی خودایە بەسەر شاخ و گردۆلکە و دۆڵ و بنی دار و درەخت و زەوی و زارەکاندا بیبارێنە، ئەنەس ئەڵێت: بارانەکە خۆشی کرد و چووینە دەرەوە بەبەر هەتاودا دەڕۆیشتین... شەریك دەڵێت پرسیارم کرد لەئەنەس ئەو پیاوە هەر ئەو پیاوە بوو کەیەکەمجار هات؟ لەوەلامدا ئەنەس وتی: نازانم.

وفي الصحيحين أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لما ذكر أن في أمته سبعين ألفا يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب وقال: «هم الذين لا يسترقون ولا يكتوون ولا يتطيرون وعلى ربهم يتوكلون قام عكاشة بن محصن فقال: يا رسول الله ادع الله أن يجعلني منهم، فقال: (أنت منهم)»[1] واتا: پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ئەوەی باسکرد کە حەفتا هەزار بەبێ لێپرسینەوە و سزادان لە ئوممەتەکەی دەچنە بەهەشتەوە، وە فەرمووی: «ئەوانە (ئەو کەسانەن ئەگەر نەخۆش کەوتن) ناچنە لای کەسێك و پێی بلێن (ڕوقیە و دوعامان بەسەردا بخوێنە) وە چارەسەر بە داخ کردن ناکەن و ڕەش بین نین و پشت بەخودای گەورە دەبەستن» عەکاشە هەستایە سەر پێ و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دوعام بۆ بکە من یەکێك بم لەوانە، پێغەمبەریش فەرمووی: «تۆ لەو کەسانەیت».

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرمودەی ژمارە (٥٧٠٥)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢١٨).

هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: باسی ئوەیسی قەرەنی کردووە و فەرموویەتی: «فاسألوه أن یستغفر لکم» واتا: داوای لێ بکەن کە داوای لێ خۆش بوونتان بۆ بکات لای خودای گەورە».

ئەم جۆرەیش لە تەوەسول و داوا لێ کردنە بۆ دوعا بۆکردن دەبێت ئەو کەسەی تۆ داوای لێ دەکەیت زیندوو بێت و لەژیاندا مابێت، چونکە ئەگەر مرد بوو دروست نیە داوای هیچ شتێکی لێ بکرێت، چونکە مردوو ناتوانێت هیچ کارێك بکات.

٢. **تەوەسولی مەمنوع و نادروست:** ئەو تەوەسول و خۆنزیك کردنەوەیە لە خودا، کە لەشەریعەتی ئیسلامدا نەسەلماوە و بەڵگەی لەسەر نییە کە وەسیلەیە بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە خودا، ئەمەش چەند جۆرێکن، هەندێکیان لە هەندێکی تریان ترسناك و مەترسیدارترن، لەوانەیش:

**یەکەم:** تەوەسول و خۆنزیك کردنەوە لەخودای گەورە بە داواکردن لەکەسانی مردوو یان غائیب و ئامادە نەبوو، کە هانا و هاواریان بۆ ببرێت و داوای پێویستی و دەروو لێکردنەوەیان لێ بکرێت و نموونەی تری لەم جۆرەیە، ئەمە شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورەیە و خاوەنەکەی لە ئوممەت و میللەتی ئیسلام وەدەردەخات.

**دووەم:** تەوەسول وخۆنزیك کردنەوە لەخودا بە ئەنجامدانی عیبادەت و پەرستن لەسەر گۆڕ و مەزارەکان و لەوێ داوا لەخودا بکرێت، یان بتەویت بەوە خۆت لە خودا نزیك بکەیتەوە بچیت بینا و خانوو لەسەریان دروست بکەیت، یان بتەوێ بەدانانی پەردە و چرا داگیرساندن لەسەر ئەو گۆڕانە خۆت لەخودا نزیك بکەیتەوە، ئەمەش شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی

بچوکە و لەگەڵ تەواوی و کەمالی یەکخواپەرستیدا یەکناگرێتەوە، چونکە سەردەکێشێت بۆ شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورە.

سێیەم: تەوەسول و خۆنزیك کردنەوە لەخودا بە پلەوپایە و مەکانەتی پێغەمبەران وپیاوچاکان لای خودا (الله)، ئەمەش کارێکی حەرام ونادروست و بگرە یەکێکە لەبیدعە و داهێنراوەکان لەدیندا، لەبەر ئەوە تەوەسولێکە کە خودای گەورە داینەناوە و ڕێگەی پێ نەداوە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمۡ﴾ [یونس: ٥٩] واتا: ئایا خودای گەورە ئیزن و ڕێگای ئەمەی داوون؟ چونکە پلەوپایە و جێگا و مەکانەتی پیاوچاکان لای خودای گەورە هەر بۆ خۆیان سوودی لێ دەبینن، هەروەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ [النجم: ٣٩] واتا: وە بێگومان ئادەمیزاد جگە لە کۆشش وهەوڵی خۆی خاوەنی هیچی تر نی یە.

لەبەرئەوەئەم جۆرەتەوەسول وخۆنزیك کردنەوەیە لای خودالەسەردەمی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و هاوەڵە بەڕێزەکانیدا نەبووە، چەندان کەسیش لەزانایان لەسەر قەدەغەکردن و حەرام بوونی ئەم جۆرە قسەیان کردووە.

ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لەم بارەیەوە دەڵێت: «کەراهەتی هەیە (کەراهەتی حەرامی) کە کەسی نزاکار بڵێ: ئەی خودایە بەهەقی پلەوپایە و مەکانەتی فلاَن کەس یان بەهەقی پیاوچاکان و پێغەمبەرەکانت یان بەهەقی مەککەی پیرۆز یان بەهەقی مەشعەر الحرام داوات لێ دەکەم».

**د. هەندێك گومان و شوبوهات کە لەبارەی تەوەسولەوە هاتوون:**

نەیارانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەندێك گومان و دژە ڕایان

لەبارەی تەوەسولەوە هێناوە، چونکە لەو ڕێگایەوە دەیانەوێت بیرو بۆچوونە هەڵەکانی خۆیانی پێ ڕاست بکەنەوە، وەبۆ ئەوەیشی والەخەڵکی موسڵمانی نەخوێندەوار تێ بگەیەنن ئەوەی ئەوانی لەسەرە ڕاست و دروستە نەك (ئەهلی سوننەت وجەماعەت)، ئەو گومان و شوبوهاتانەیش لە دو وشت بەدەر نین:

یەکەم: یان ئەوەیە ئەوەی دەیکەن بەبەڵگە بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆیان کۆمەڵێك فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراون، ئەمەش بەوە بەتاڵ دەبێتەوە کە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم فەرموودانە صەحیح نین و لە پێغەمبەرەوە ثابت نەبووە، لەوانەیش:

١. فەرموودەی: «توسلوا بجاهي فإن جاهي عند الله عظيم»واتا: تەوەسول بکەن و خۆتان لەخودا نزیك بکەنەوە بە پلەو پایەی من، چونکە پلەوپایەی من لای خودا (الله) زۆر گەورەیە، یان «إذا سألتم الله فاسألوه بجاهي فإن جاهي عند الله عظيم» واتا: هەرکاتێك داواتان کرد و پاڕانەوە لەخودا ئەوە بە پلەوپایەی من لێی بپاڕێنەوە، لەبەر ئەوەی پلەوپایەی من لای خودای گەورە زۆر مەزنە، هەموو ئەمانە فەرموودەی باتڵ و پڕوپووچن و هیچ کەسێك لەزانایان ڕیوایەتیان نەکردوە، و لەهیچ کتێب و پەرتوکێکی فەرموودەشدا نەهاتوون.

٢. فەرموودەی: «إذا أعيتكم الأمور فعليكم بأهل القبور» واتا: ئەگەر کارێکتان لێ گیر بوو ئەوە وەسیەتتان بۆ دەکەم کە لەخاوەنی گۆڕەکان بپاڕێنەوە، یان «فاستغيثوا بأهل القبور» واتا: بەخاوەنی گۆڕەکان هانا و هاواری خۆتان بکەن، ئەمانە درۆ و دەلەسەن و زانایان کۆدەنگن کە هەڵبەستراوون بەدەم پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

٣. فەرموودەی: «لو أحسن أحدكم ظنة بحجر لنفعه» واتا: ئەگەر هەر کەسێك لەئێوە گومانی چاکی بەبەردێکیش برد ئەوە سوودی بۆی دەبێت، ئەوەش فەرموودەیەکی بەتاڵ و پڕوپوچە و زۆر دژە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و هەندێك لە موشریك و هاوەڵ بڕیاردەران بۆ خودای گەوورە دایاناوە.

٤. یان فەرموودەی: لما اقترف آدم الخطيئة قال: يا رب أسألك بحق محمد لما غفرت لي، فقال الله: «يا آدم وكيف عرفت محمداً ولم أخلقه؟! قال: يا رب لأنك لما خلقتني بيدك، ونفخت في من روحك، رفعت رأسي، فرأيت على قوائم العرش مكتوباً لا إله إلا الله محمد رسول الله، فعلمت أنك لم تضف إلى اسمك إلا أحب الخلق إليك، فقال: غفرت لك ولولا محمد ما خلقتك»[1] واتا: کاتێك ئادەم هەڵەکەی کرد وتی: ئەی پەروەردگار بەهەقی محمد داوات لی دەکەم لێم خۆش بیت، خودای گەورە (الله) یش فەرمووی: ئەی ئادەم تۆ لەکوێ محمد دەناسیت لەکاتێکدا من هێشتا محمدم دروست نەکردووە؟! ئادەم وتی: ئەی پەروەردگار کاتێك تۆ بەهەردوو دەستی خۆت منت دروستکرد و لەڕۆحی خۆت فوت بەبەری مندا کرد، سەرم بەرز کردەوە لەسەر قەوالەکانی عەرش نووسرابوو (لا إله إلا الله محمد رسول الله) بۆیە زانیم کە تۆ هیچ ناوێك ناخەیتە پاڵ ناوی خۆت خۆشەویسترین کەس نەبێت لای تۆ، خودای گەورەش فەرمووی: ئەوە لێت خۆش بووم، خۆ ئەگەر محمد نەبوایە ئەوە تۆیشم دروست نەدەکرد.

ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی بەتاڵ و پڕوپوچە و هیچ بنەمایەکی نییە، نموونەی ئەم فەرموودەیەش ئەم فەرمووده باتڵەی تریش هاتووە:

(١) زنجیرەی فەرموودە لاواز و هەڵبەستراوەکانی شیخ ئەلبانی (١/ ٨٨) فەرموودەی ژمارە: (٢٥).

«لولاك ما خلقت الافلاك» واتا: ئەی محمد ئەگەر تۆ نەبویتایە من گەردوون و هەموو دونیام دروست نەدەکرد.

نموونەی ئەم فەرمووده درۆ و دەلەسە و ڕیوایەتە جیا جیاو هەڵبەستراوانە دروست نییە بۆ موسڵمان لایان لێ بکاتەوە، چ جای ئەوەی بەڵگەیان پێ بهێنێتەوە و پشتیان پێ ببەستێت.

**دووەم:** کۆمەڵێك فەرموودەی صەحیح و ثابت بوو لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵام ئەو کەسانە بەهەڵە لێی تێ دەگەن و لەمانا و مەبەستە ڕاست و دروستەکەی خۆی لای دەدەن، لەو فەرموودانەیش:

١. أن عمر بن الخطاب (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) كان إذا قحطوا استسقى بالعباس بن عبد المطلب، فقال: «اللَّهُمَّ إنا كنا نتوسل إليك بنبينا فتسقينا، وإنا نتوسل إليك بعم نبينا فاسقنا، قال: فيسقون»[1] واتا: عومەری کوڕی خەتاب (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە: کە خەڵکی هەرکاتێك وشکە ساڵی ڕووی تێ بکردنایە داوایان لە عەباسی کوڕی عبدالمطلب دەکرد کە دوعایان بۆ بکات کە خودای گەورە بارانیان بۆ ببارێنێت، عومەر فەرمووی: ئەی خودای گەورە بێگومان ئێمە پێشووتر داوامان لە پێغەمبەری خودا دەکرد وتەوەسولمان بەو ئەکرد کە داوای بارانبارینمان بۆ بکات، ئێستاش ئەی خودایە داوا لە مامی پێغەمبەرەکەمان دەکەین و تەوەسول بەو دەکەین کە بارانمان بۆ ببارێنێت، عومەر دەفەرمووێت: داوایان کرد (واتا لەمامی پێغەمبەر کە دوعا و نزایان بۆ بکات کە خودای گەورە بارانیان بۆ ببارێنیت).

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٠١٠).

هەندێك وا لەم ڕیوایەتە تێگەشتوون کە عومەر (خودای لێ ڕازی بێت) تەوەسولی بە پلەوپایە و مەکانەتی عەباس لای خودای گەورە کردووە (خودای لێ ڕازی بێت)، وە مەبەست لەو وتەیەی کە دەڵێت: «کنا نتوسل إليك بنبينا»مەبەست لە پلەوپایە و(جاهی) ی پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بارانمان بۆ ببارێنیت بەهۆیەوە، و مەبەست لە «وإنا نتوسل إليك بعم نبينا»[١] لە پلەوپایە و مەکانەتی ئەوە لای خودای گەورە.

بێگومان ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵە ولێکدانەوەیەکی دوورە بۆ ئەم فەرموودەیە دەکرێت، چونکە سیاقی دەقەکە نە لەدوور و نە لەنزیك بەڵگە نیە لەسەر ئەو جۆرە لێکدانەوەیە، لەبەر ئەوەی وەها کارێك داب و نەریتێك نەبووە لای هاوەڵەکان کە تەوەسول بکەن لای خودای گەورە بە ذات و پلەوپایە و مەکانەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)،بەپێچەوانەوە ئەوان تەوەسولیان لای خودای گەورە بە دوعا و نزای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکرد کاتێك کە لەژیاندا بوو، هەورەك لە مانا و واتای ڕیوایەتەکەی پێشووەوە وەردەگیرێت، وە عومەریش (خودای لێ ڕازی بێت) مەبەستی لەم وتەیە «إنا نتوسل بعم نبينا»بە پلە وپایە و مەکانەتی عەباسی مامی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەبووە، بەڵکو مەبەستی دوعا و نزای ئەو بووە، چونکە ئەگەر مەبەست لە تەوەسولەکە تەوەسول و خۆنزیك کردنەوە بێت لە خوداوە بە پلەو پایە و مەکانەت، ئەوا عومەر وازی لە پلەو پایە و مەکانەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەدەهێنا و تەوەسولی بە عەباس نەدەکرد (خودایان لێ ڕازی بێت) نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەو کاتە هاوەڵە

(١) صەحیحی بوخاری - الجمعة - (٩٦٤).

بەڕێزەكانیش دەیانوت: چۆن ئێمە تەوەسول بە عەباس بكەین و واز لە تەوەسول كردن بە پێغەمبەرەوە بهێنین لەكاتێكدا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باشترین و بەڕێزترین مەخلوقی خودایە، لەكاتێكدا هیچ كەس لەوان وتەیەكی لەم شێوەیەی نەوتووە، چونكە زانیویانە كاتێك پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەژیاندا بووە تەوەسولیان بە دوعا و نزای ئەو كردووە، لەپاش وەفاتی ئەویش تەوەسولیان بە نزاو و دوعای غەیری ئەو كردووە (كە عەباسی مامیەتی) هەر بۆیە چاك زانیویانە مەشروع و ڕێگا پێدرا و لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا تەوەسول كردنە بە نزا و دوعای كەسی نزاكارەوە لای خودای گەورە نەك ذاتی كەسەكە خۆی.

بەمەش ڕوون بوویەوە كە فەرموودەكە هیچ بەڵگەیەكی تێدا نابینرێتەوە كەبەڵگە بێت لەسەر تەوەسول و خۆ نزیككردنەوە لای خودای گەورە بە (ذات) ی كەسەكان یان پلەو پایە و مەكانەتیان.

٢. حديث عثمان بن حنيف: «أن رجلا ضرير البصر أتى النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقال: ادع الله أن يعافيني، قال: إن شئت دعوت وإن شئت صبرت فهو خير لك، قال: فادعه، قال: فأمره أن يتوضأ فيحسن وضوءه ويدعو بهذا الدعاء: اللّٰهُمَّ إني أسألك وأتوجه إليك بنبيك محمد نبي الرحمة، إني توجهت بك إلى ربي في حاجتي هذه لتقضى لي اللّٰهُمَّ فشفعه في»[١] بەیهەقی ئەڵێت سەنەدی ئەم فەرموودە صەحیحە.

واتا: پیاوێكی كوێر هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و وتی: نزا و دوعام بۆ بكە لای خودای گەورە كە شیفام بدات و چاكم

(١) سونەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٣٥٧٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٤/ ١٣٨).

بكاتــەوە، پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەگــەر بتەوێت ئارام دەگریت و ئەوەیش بۆ تۆ باشــترە، وە ئەگەر بیشتەوێت دوعات بۆ دەكەم، ئەویش وتی: دوعام بۆ بكــە، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێكرد كە دەستنوێژ بگرێت و بەم دوعایە نزا بكات لای خودای گەورە: ئەی خودای گەورە (الله) مــن داوات لێ دەكەم و ڕووت تێ دەكــەم بە پێغەمبەرەكەم موحەمــەد پێغەمبەری ڕەحمەت، ئەی موحەمەد مــن بێگومان بە تۆ ڕووم كــردە پەروەردگارم بــۆ بەجێهێنانی پێویســتیەكەم، ئــەی خودایە بیكە بە شەفاعەتكاری من.

لەم فەرموودەیە واتێگەشتوون كە دروستە تەوەسول و خۆ نزیككردنەوە لای خودای گەورە بە پلە وپایــە و (جاهی) پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یان پلەوپایەی هەر پیاوچاكێكی تر، لەگەڵ ئەوەدا فەرموودەكە هیچ شــتێكی تێدا نییە كە بەڵــگە بێت لەســەر ئەمــە، چونكە پیــاوە كوێرەكە داوای لە پێغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد كە دوعــای بۆ بكات كە خــودای گەورە چاوەكانــی بۆ بگێڕێتەوە، هەر بۆیــە دەبینین پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: «ئەگــەر بتەوێت دەتوانی ئــارام بگریت، وە ئەگەر بیشــتەوێت دوعات بۆ دەكەم» پیاوە كوێرەكەش پێی وت: كە دوعای بۆ بكات، ئەمانە و چەند ئەلفاظێكی تر كە لەفەرموودەكەدا هاتوون بەئاشكرا باس لەوە دەكەن كە ئەمە تەوەســولە بە نــزا و دوعای پێغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەك بە پلە وپایە و (ذات) ی ئەو، لەبەر ئەوە زانایان ئەم فەرموودەیان لە موعجزەكانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دوعا و نــزای گیرابووەكانیدا باس كردووە، بە بەرەكەتی دوعا و نزاكەی پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەو پیاوە كوێرە

خودای گەورە چاوەکانی بۆ گێڕایەوە، هەر لەبەر ئەمەیش ئیمامی بەیهەقی ئەم فەرموودەیەی لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتیدا باسکردووە[١].

بەلاّم ئێستا و لەپاش وەفات و مردنی دروست نیە بڕۆیت ئەم داوایە لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەیت، چونکە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەپاش وەفاتی ناتوانێت دوعا و نزا بۆ هیچ کەسێك بکات، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆی فەرموویەتی: «إذا مات الإنسان انقطع عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له»[٢]. واتا: هەرکاتێك مرۆڤ مرد ئیتر کاروکردەوەی دەپچڕێت و کۆتاییان پێ دێت، بەسێ شت نەبێت: صەدەقە و خێرێکی نەبڕاوەی جاری، یان زانست و زانیاریەك کە سوودی هەبوو بێت، یان منداڵێکی صالح و چاکی هەبوو بێت و دوعای خێری بۆ بکات.

**تەوەرەی حەوتەم: زیادە ڕۆیی (الغلو)**

أ. پێناسەکەی: (الغلو) زیادەڕۆیی لە زمانەوانییدا بە مانای دەرچوون لە سنوور دێت، وەك ئەوەی زیادەڕۆیی بکرێت لە سوپاس کردنی کەسێك یان زیادەڕۆیی بکریت لە خراپ باسکردنی زیاد لەوەی کە شایستەیەتی.

لە شەرعیشدا: بە مانای دەرچوون لەو سنوورە دێت کە خودای گەورە دایناوە بۆ بەندەکانی جا چی لە بیروباوەڕ یان لە پەرستندا بێت.

ب. حوکمەکەی: حەرامە، ئەمەیش بە بەڵگەی ئەو دەقانەی کە بەڵگەن لەسەر ڕێگری و ئاگادارکردنەوە و ترساندن لەم مەسەلەیە، ئەویش بە

(١) دەلائیل ئەلنبوەی ئیمامی بەیهەقی (٦/ ١٦٧).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٦٣١).

ڕوونکردنەوەی ســـەرەنجامی خراپی زیادەڕۆیی بۆ خاوەنەکەی لەنزیك ترین کات یان لە داهاتوودا، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧] واتا: ئەی خــاوەن کتێبەکان زیادەڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتاندا، جگە لە حەق و ڕاستی هیچی تر لەبارەی خوداوە (الله) مەڵــێن.

هەورەها دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ﴾ [النســاء: ١٧١] واتا: ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب زیادەڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتاندا بەزیادەڕەوی نابەجێ و لە سنووری حەق و ڕاستی دەرمەچن، شوێنی ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەون کە بێگومان پێشان گومڕا بوون و زۆر کەسیشیان گومڕا کردو ئەوانیش لەو ڕێگەو ڕێبازە ڕاستە لایاندا.

عـــن ابن عباس رضي الله عنهما: أن رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قـــال: «إيـاكـم والغلو، فإنما هلك من كان قبلكم بالغلو في الدين»[١] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێـــت: ئامـمـــان وریای زیادەڕۆیـــی بن، چونکە ئەوەی گەلانی پێش ئێوەی لەناوبرد زیادەڕۆییان بوو لە دیندا.

عن ابن مســـعود (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «هلك المتنطعـــون»[٢] واتـــا: پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: ئەوانەی زیادەڕۆییان کرد تیاچوون.

---

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد (١/ ٣٤٧)، وموستەدرەکی ئەلحاکم (١/ ٦٣٨)، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، وحاکم بەصەحیحی داناوە وئیمامی ذەهەبیش هاوڕایە لەگەڵیدا.

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٧٠).

عــن عمر بن الخطاب (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) أن رســول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) قال: «لا تطروني كمـــا أطرت النصارى عيسى ابن مريم، إنمـا أنـا عبـد الله ورسـوله»[١]

واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: زیادەڕۆیی لەمندا مەكەن وەك ئەو زیادەڕۆییەی كە گاورەكان كردیان لە عیسای كوڕی مەریەمدا (كاتێك وتیان: عیســا كوڕی خودایە، پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتە) من تەنها بەندەی خودا (الله) و پێغەمبەری ئەوم.

مەبەستیش لەم فەرموودەیە ئەوەیە: مەدح و پەنای من مەكەن و زیادەڕۆیی تێدا مەكەن، هەروەك گاورەكان زیادەڕۆییان كرد لە عیسای كوڕی مەریەمدا و ئیدعای پەروەردگاریەتی و پەرستنیان بۆ دەكرد، بەڵكو من بەندەی خودام، هەر بەو وەصفەیش وەصفم بكەن كە پەروەردگارم منی پێ وەصف كردووە، بڵێن: بەندەی خوداو پێغەمبەری خودا، پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) گومڕایی نەویستووە بۆ ئوممەتەكەی، ئاگاداری كردوونەتەوە كەنەكەن سەرپێچی فەرمانەكانی بكەن یان هەستن بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی كە قەدەغە و ڕێگری لێ كردوون، بەڵام هەندێك كەس سەرپێچیەكی گەورەی ئەمەیان كردو زیادەڕۆییان لە پێغەمبەردا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) كــرد، و ئەوەیان بۆ بڕیاردا كە گاورەكان بۆ عیســای كوڕی مەریەمیان بڕیاردا یان نزیك لەو كارەی ئەوان، وەك ئەوەی داوای لێخۆشبوون لای پێغەمبەر دەكەن، یان داوای لێ دەكەن دەروویان لێ بكاتەوە، یان شیفای نەخۆشیەكانیان بدات و ئەمانەو نموونەی ئەم كارانە كە هەق و مافی خودا (الله) ن و تەنها تایبەتن بە ئەوەوە و هیچ شەریك و هاوەڵێكی نییە لەم كارانەدا، هەموو ئەوانەی باسكران زیادەڕۆیی و (غلو) ن لە ئاییندا.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٤٤٥).

## باسی چوارەم

## هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە، و بێ باوەڕی و جۆرەکانی

ئەمەش چەند بەشێك لەخۆ دەگرێت:

گومان لەوەدا نییە کە سوود و قازانجێکی گەورەی هەیە کە مرۆڤی موسڵمان شارەزای هاوەڵ بڕیاردان و بێ باوەڕی و هۆکار و وەسائل و جۆرەکانیان ببێت وبیان ناسێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە شەڕ و خراپەیان و ڕزگاری بێت لە ئافاتیان، خودای گەورە زۆری پێخۆشە کە تۆ ڕێبازی هەق و ڕاستی بناسیت بۆ ئەوەی شوێنی بکەویت و خۆشت بوێت، بەهەمان شێوە پێشی خۆشە کە کوێرە ڕێگاکانی ناهەق و باتڵ بناسیت بۆ ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت و ڕقت لێ ببێتەوە، هەروەك موسڵمان داواکراوە لێی کە ڕێگای چاکە و خێر بناسێت بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات، بەهەمان شێوە داوایشی لێکراوە کە ڕێگای خراپە بناسێت بۆ ئەوەی ئاگادار بێت ولێی دروو بکەوێتەوە، هەر لەم بارەیەشەوە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە حوزەیفەی کەڕی یەمان (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: «كان الناس يسألون رسول الله عن الخير وكنت أسأله عن الشر مخافة أن يدركني»[1] واتا: خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکرد دەربارەی چاکە، منیش پرسیارم لێ دەکرد دەربارەی خراپە لەترسی ئەوەی نەوەك تێی بکەوم.

عومەری کوڕی خەتابیش (خودای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت «إنما

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرمودەی ژمارە(٧٠٨٤)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرمودەی ژمارە(١٨٤٧).

تنقض عری الإســـلام عروة عروة إذا نشأ فی الإسلام من لا یعرف الجاهلیة»واتا: هەڵـقەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵقە لەدوای هەڵقە لەبەریەك دەترازێن، کاتێك ئەگەر ئەوەی لەسەردەمی ئیسلامدا پێگەشت بێت و هیچ دەربارەی سەردەمی نەفامی نەزانێت.

قورئانـــی پیرۆزیش پڕیەتی لـــەو ئایەتانەی کە هـــاوەڵ بڕیاردان و بێ باوەڕی ڕوون دەکەنەوە وخەڵـــکی لێ ئاگادار دەکاتەوە لەترســـی ئەوەی نەکەونە ناویەوە، ئەمەش بەڵـــگەیە لەســـەر پاشـــەڕۆژی خراپی ئەم دوو خراپە گەورەیە، نەك هەر ئەوەندە بەڵـــکو ئەمەش یەکێکە لەهەرە مەبەستە گەورەکانی قورئانی پیرۆز و سوونەتی پـــاکی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هـــەروەك خـــودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ [الأنعام: ٥٥] واتا: هەر بەو شـــێوەیە کەباســـکرا بەدرێژیی (بەڵـــگەو نیشانەکان) ڕوون دەکەینەوە تا بەجوانی و ئاشکرا، حەق ڕوون بێتەوە و ڕێبازی تاوانبار و خوانەناسان دەربکەوێت و بناسرێت.

ئەوەیشـــی لەمەودوا باســـیان لێوە دەکەین چەند بەشـــێکی گرنگن کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە..

**تەوەرەی یەکەم: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە:**

أ. پێناسەکەی: شـــرك لە زمانەوانییدا بە مانای: یەکسان بوون لەنێوان دوو شتدا دێت.

لە شەرعیشدا بەدوو مانا دێت: مانایەکی تایبەت و مانایەکی گشتی.

١. مانا گشتیەکە: یەکسانکردنی غەیری خودا لەگەڵ خودای گەورە (الله) لەوەی کە تایبەتمەندی ئەوە، ئەمەش سێ جۆری لەژێردا جێگا دەبێتەوە:

**یەکەم:** هـــاوەڵ بڕیاردان لەپەروەردگاریەتیدا (الشـــرك فـــي الربوبیة): ئەمەش یەکسانکردنی غەیری خودا لەگەڵ خودای گەورە (اللّٰه) لەوەی کە تایبەتمەندی پەروەردگاریەتیە، یان دانە پاڵی شـــتێك لەم تایبەتمەندیانەی خودای گەورە بۆ لای غەیری خودا، وەك ئەوەی باوەڕت وابێت غەیری خودا خالقە یان ڕۆزیدەرە یان شـــتێك دەهێنێتە بوون، یان دەمرێنێت یان زیندوو دەکاتەوە، یان باوەڕت وابێت کە غەیری خودا هەڵسوڕێنەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە.

خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ﴾ [فاطـــر: ٣] واتا: ئایا بێجگە لەخودا دروستکەرێکی تر هەیە کە ڕۆزیتان بدات لە ئاســـمان و زەویدا هیچ پەرستراوێك نییە بێجگە لە خودا دەی چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن.

**دووەم:** هـــاوەڵ بڕیـــاردان بۆ خودای گـــەورە (اللە) لە ناو ســـیفەتە جوان و ڕازاوەکانیدا (الشرك في الأســـماء والصفات) ئەمەش یەکسانکردنی غەیری خودایە لەگەڵ خودای گەورە بەشتێك لەوانە، خودای گـــــــەورە دەفەرمووێـــت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٌۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ [الشـــوری: ١١] واتا: هیچ شتێك نیە لەوێنەی ئەو (خودا) یە،نە لەزاتیدا، نە لە سیفاتیدا، نەلە کرداریدا، بۆ خۆی تەنیایەو، لەهەموو شـــتێك، بێ نیازەو، هەمو شتێکیش نیازمەندە بەو، بیسەری بینا، بەئاگایە بە وتەی بەندەکانی، بینایە بە کاروکردایان.

**ســـێهەم:** هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە لەپەرســـتنیدا (الشـــرك فی الألوهیـــة): ئەمەش بەواتای یەکســـانکردنی غەیری خـــودا لەگەڵ خودای گەورە (اللّٰه) دێت لەوەی کە تایبەتمەندی پەرســـتنی ئەو ذاتەیە، وەك نوێژ

کــــردن و ڕۆژووگرتن و دوعا و نزا و پاڕانەوە و هانا و هاوار بۆ بردن ئاژەڵ بۆ سەر بڕین و نەزر بۆ کردن و نموونەی زۆر پەرستنی تری وەك ئەمانە.

خــــودای گـــەورەش فەرموویەتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ﴾ [البقـــرة: ١٦٥] واتـــا: وە کەســـانێکی واهەن لـــە خەڵکی کەهاوبەشی زۆر بۆ خودا پەیدا دەکەن وخۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی (ئیمانداران بۆ) خودای گەورە (الله).

٢. مانا تایبەتیەکە: ئەوەیە کە هاوبەشـــێك بۆ خودای گەورە (الله) دابنێیت و هـــاواری لێ بکەیت وەك چۆن هاواریـــش دەکەیتە خودای گەورە، یان داوای شـــەفاعەتی لێ بکەیت و تکا و ئومێدت پێی بێت وەك ئەوەی چۆن داوایـــش لەخودای گەورە دەکەیت و تکا و ئومێـــدت پییەتی، یان غەیری خودات وەك خودای گەورە خۆش بوویێت، هەر ئەمەش دێتە بیری مرۆڤ کاتێك کە باس لە وشەی (شرك) دەکرێت لە قورئان و سوننەتدا.

ب. بەڵگەکان لەسەر خراپە باسکردنی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەترسیەکانی:

ئەو دەلالاتانەی کە لەدەقەکانەوە وەردەگیرێن چەند شێوەیەکن کە باس لە خراپە باســـکردنی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە دەکەن و لەهەمان کاتدا خەڵـــکی لێ ئاگادار دەکەنەوە لە مەترسیەکانی و پاشەڕۆژی خراپی موشریکین لە دونیا و دواڕۆژدا:

١. خودای گەورە ڕایگەیاندووە کە شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە ئەو تـــاوان و گوناهەیە کە خودای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت بە تەوبەکردن نەبێت لێی پێش مـــردن، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن

يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ [النســـاء: ٤٨] واتا: بێگومان هەرگیز خودا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریێت و خــۆش نابێت، بەڵام غەیری هاوبەش بڕیاردان لەهەموو گوناهێك خۆش دەبێت بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت.

٢. خـــودای گەورە وەصفی هـــاوەڵ بڕیاردانی بە خراپترینی ســـتەمەکان وەصف کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴾ [لقمان: ١٣] واتا: هاوبەش دانان بۆ خودا ستەمێکی زۆر گەورەیە.

٣. باســـی ئەوەی کردووە کە هـــاوەڵ بڕیاردان بۆخودای گـــەورە هەموو کاروکردەوەچاکەکاندەسڕێتەوە،وەكفەرموویەتی:﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ [الزمر: ٦٥] واتا: هاوبەش بۆ خودا دابنێی بەڕاستی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوەو بێگومان لە زەرەرمەندانیش دەبیت.

٤. خودای گەورە وەصفی هاوەڵ بڕیاردان وا دەکات کە هاوەڵگەران بەکەم سەیری خودا دەکەن و غەیری خودای گەورە یەکسان دەکەن لەگەڵ خوادا، وەك فەرموویەتی: ﴿ قَالُواْ وَهُمۡ فِيهَا يَخۡتَصِمُونَ ۞ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ۞ إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ [الشعراء: ٩٦-٩٨] واتا: بتپەرستان: بە بتەکان و پەرستراوەکانیان دەڵێن: بەڕق و کینەوە، لە کاتێکدا کە ئاژاوە و کێشە دەگێڕن لە دۆزەخدا* سوێند بەخودا بەڕاستی ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا دەژیاین* کاتێک کە ئێوەمـــان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە و یەکسانمان دەکردن لەگەڵیدا*.

٥. خودای گەورەباسی ئەوەی کردووەکەهەرکەسێك لەسەرهاوەڵ بڕیاردان بمرێت ئەوەبەهەمیشەیی لەئاگری دۆزەخـــدادەمێنێتەوە،وەك فەرموویەتی:

﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ [المائـدة: ٧٢] واتـا: ئەوەی شـەریک و هاوبـەش بۆ خـودا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خودا بەهەشـتی لەسـەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو سەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەو سـتەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نییە (کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت).

غەیری ئەم بەلگانەش بەلـگە زۆرن لەقورئانی پیرۆزدا کەباس لەخراپی و مەترسی و گەورەی تاوانی شـیرك و هاوەڵ بڕیاردان دەکەن بۆ خودای گەورە (الله).

ج. هۆکاری کەوتنە ناو هاوەڵ بڕیاردانان: بنەما و هۆکاری کەوتنە ناو هاوەڵ بڕیاردانان بۆ خودای گەورە زیادەڕۆیی و (غلو) کردنە لە پیاو چاکە مەزنەکاند،ا وە سـنوور بەزاندنە لەوەصـف و زیادە پێدا هەڵدان و مەدح و سـەنایان، خودای گـەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ۞ وَقَدْ أَضَلُّوا۟ كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا﴾ [نوح: ٢٣-٢٤] واتا: وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خوداکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ودو سواع و یەعوق و نەسر) بهێنن* بێگومان ئەوانە زۆر کەسیان گومڕا کرد، پەروەردگارا، ئەم ستەمکـارانە تەنها گومڕایی نەبێت هیچی تریان بۆ زیاد مەکە*.

(ودو سـواع و یەعوق و نەسـر) ئەمانە ناوی پیاوچاکەکانی گەلی نوح بوون، جا کاتێك مردن و وەفاتیان کرد، هەسـتان لەسـەر شـێوەی خۆیان پەیکەریان بۆ تاشین، و بەناوی خۆیانەوە ناویانان، بەمەبستی ئەوەی بە گەورە ڕایان بگرن وهەمیشە یادیان بکەنەوە وباسـی فەزلۆ چاکەیان بکەن، تا کار گەشتە ئەوەی گەلەکەی نوح دەستیان کرد بەپەرستنی ئەم پەیکەر و بتانە.

ئەوەیشی بەڵگەیە لەسەر ئەم مەسئەلەیە، ئەم ڕیوایەتەی عبدالله ی کوڕی عەباسە (خودایان لێ رازی بێت) کە دەڵێت: «صارت الأوثان التي كانت في قوم نوح في العرب بعد، أما ود فكانت لكلب بدومة الجندل، وأما سواع فكانت لهذيل، وأما يغوث فكانت لمراد، ثم لبني غطيف بالجوف عند سبأ، وأما يعوق فكانت لهمدان، وأما نسر فكانت لحمير لآل ذي الكلاع، أسماء رجال صالحين من قوم نوح، فلما هلكوا أوحى الشيطان إلى قومهم أن انصبوا إلى مجالسهم التي كانوا يجلسون أنصابا وسموها بأسمائهم ففعلوا فلم تعبد حتى إذا هلك أولئك ونسخ العلم[١] العلم عبدت»[٢] واتا: بتپەرستی لەناو عەرەبدا دوای ئەوە داهات کە لەناو گەلی نوحدا پەیدا بوو، (ود) هی هۆزی دەومە الجندل بوو، وە (سواع) هی هۆزی هوذەیل بوو، و (يغوث) یش هی بەنی غەطیف بوو لە جۆف پاشان بوو بە هی هۆزی سەبەء، بەڵام (يعوق) هی هۆزی هەمدان بوو، وە (نەسر) یش هی هۆزی حومەیر بوو لە بنەماڵەی (ذي الكلاع) ئەمانە هەمووی ناوی پیاوچاکەکانی گەلی نوح بوون، کاتێک مردن و تیاچوون شەیتان هات بۆلای گەلەکەیان و پێی وتن: کە یەکی پەیکەرێکیان بۆ بتاشن ولە جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا دایبنێن و ناوی ئەوانیان لێبنێن، گەلەکەی نوحیش ئەمەیان کرد، بەڵام نەیانپەرستن جا کاتێك ئەو خەڵکە مردن و تیاچوون و شێوەی ئەو بتانە لەناو خەڵکیدا ناسران، دوایی ئەم پەیکەر و بتانە پەرستران.

روى ابن جرير الطبري عن محمد بن قيس عند قوله تعالى: وقالوا لا تذرن آلهتك الآية، قال: «كانوا قوما صالحين من بني آدم، وكان لهم أتباع يقتدون هم،

(١) مەبەست پێی ئەو عیلم و زانستەیە کە تایبەت بوو بەو وێنە و پەیکەرانە.

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٤٩٢٠).

فلما ماتوا قال أصحابهم الذين كانوا يقتدون بهـــم: لـــو صورناهم كان أشوق لنا إلى العبادة إذا ذكرناهم، فصوروهم، فلما مـــاتوا وجـــاء آخرون دب إليهم إبليس فقال: إنما كانوا يعبدونهم وبهـــم يسقون المطر، فعبدوهم»[١] واتا: ابن جریری طەبەریـــش ڕیوایەتی كردووە لـــە محمدی كوڕی قەیســەوە لەبارەی ئەو ئایەتەی كە دەفەرموویـــت: ﴿وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ﴾ ئایەتەكە، دەڵێت: ئەمانە گەلێكی خواناسی نەوەكانی ئادەم بوون، كە شوێنكەوتەیان هەبوو بەشوێن ئەواندا دەڕۆشتن، جا كاتێك كە مردن شوێنكەوتەكانیان هاتن وتیان: ئەگەر وێنەیان بكێشین و یادیان بكەینەوە زیاتر شەوق و زەوقی پەرستنی خوامان بۆ پەیدا دەبێت، بۆیە هەســتان وێنە و پەیكەریان بۆتاشـــین، جا كاتێك ئەم خەڵـــكە و شـــوێنكەوتەكانیان مردن، شـــەیتان هات بۆلایان و پێی وتن: پێشینەی ئێوە ئەم پەیكەر و بتانەیان دەپەرستن و داوای بارانیان پێ دەكردن، بۆیە ئەوانیش هەستان دەستیانكرد بەپەرستنی ئەو بتانە.

ئەمەش وای لێكردن دوو خراپەی گەورە بەیەكەوە كۆبكەنەوە:

**یەكەم:** مانەوە بەلای گۆڕەكانیانەوە.

**دووەم:** كێشانی وێنەیان و تاشـــینی پەیكەر بۆیان و دانانیان لە شوێنی كۆڕ و كۆبوونەوەكانیاندا.

بەمەش بۆ یەكەمجار بتپەرستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیدا بوو، ئەم دوو خراپە گەورەیەشـــی ئەوانە پێی هەستان گەورەترین هۆكاری شیرك و هـــاوەڵ بڕیاردانن بۆ خودای گەورە لەهەموو چەرخ و ســـەردەم وكات و شوێنێكدا.

(١) تەفسیری ئەلطەبەری (١٢/ ٢٥٤).

**د. جۆرەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە (الله).**

شیـرك و هـــــاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە دەبێت بەدوو بەشەوە: گەورە و بچووك:

یەکەم هـــاوەڵ بڕیاردانی گەورە: هاوەڵ بڕیاردانـــە بۆ خودای گەورە و پەرســـتنیەتی وەك پەرســـتنی خودای گەورە، ئەمەش مـــرۆڤ لە بازنەی ئیســـلام و ئیمان دەباتـــە دەرەوە و هەموو کاروکردەوەیشـــی پوچ و بەتاڵ دەکاتەوە و دەیانسڕێتەوە، و خاوەنەکەیشی ئەگەر بەو باوەڕ و کاروکردەوە بمرێت بەهەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە کە، نەمردنی تێدایە و نە سزایشی لەسەر سووك دەکرێت.

**جۆرەکانی شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورە**

هاوەڵ بڕیاردانی گەورە دەکرێت بەچوار بەشەوە:

١. هاوەڵ بڕیاردانی دوعا و نزا (شـــرك الدعـــوة): چونکە دوعا و نزاکردن گەورەترین و مەزنترین پەرســـتنە، نـــەك هەر ئەوەندە بەلکـــو ناوەڕۆکی پەرستنیشـــە، هـــەروەك پێغەمبەری خـــودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «الدعـــاء هو العبـــادة»[1]، ئیمامی أحمـــد تیرموذی ڕیوایەتیـــان کردووە، تیرموذی ئەڵێت: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەســـەن وصەحیحە[2] واتا: دوعا و نزا و پاڕانەوە، ئەوە پەرستنە.

خـــودای گـــەورەیـــش دەفـــەرمـــووێت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ [غافـــر: ٦٠] واتـــا: وە

(١) تیرموذی – تفسیر القرآن– (٢٩٦٩)، ئیبن ماجە – الدعاء – (٣٨٢٨).

(٢) موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٢٦٧)، وە سونەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٦٩).

پەروەردگارتان فەرموویەتی: لێم بپاڕێنـــەوە وەڵامتان دەدەمەوە، بێگومان ئەوانەی خۆ بەگەورە دەزانن کە بمپەرستن لەمەوپاش بەسەر شۆڕی دەچنە دۆزەخەوە.

جا لەبەر ئەوە کاتێك سەلمێنرا کە دوعا و نزا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە و هەق و مافی خودای گەورەیە، کەواتە دانی ئەم هەقە بەغەیری خودا شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ ذاتـــی الله، بۆیە هەر کەس هاوار بۆ پێغەمبەرێك یان پادشایە یان پیاوچاکێك یان گۆڕ و دار و بەردێك یان هەر دروستکراوێکی تری خودا، ئەوە ئەو کەســە هاوەڵ بڕیادەر (مشـــرك) و بێـــاوەڕە بەخودا، هـــەروەك خـــودای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ [المؤمـنـون: ١١٧] واتـــا: ئـــەو کەســەی خودایەکی تر بڕیار بدات و بیکاتە شەریکی خودا، لە کاتێکدا کە هیچ بەڵـــگەیەکی بە دەستەوە نیە، ئەوە بە ڕاســـتی حساب و لێپرسینەوەی لای پەروەردگاریتی، بێگومان بێ باوەڕو خودا نەناسان سەرفراز نابن.

لەو بەڵگانەیشی کە بەڵـــگەن لەسەر ئەوەی کە دوعا و نزا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە وپێدانی بەهەر کەسێکی تر شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودای گەورە، ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ﴾ [العنکبـــوت: ٦٥] واتـــا: ئەمجا کاتێ ئەو (بێ باوەڕانە) ســـوار کەشـــتی دەبن (و ترسان لە نوقم بوون) تەنها هاوار لە خودا دەکەن بە دڵســـۆزی و گەردن کەچی یەوە کەچی کاتێ خودا ڕزگاریان دەکات و دەگەنە وشکانی کتوپڕ ئەوان هاوبەش بۆ خودا دادەنێن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەو (مشرك)

انه لەكاتی خۆشی و ئاسایی و ناز و نیعمەتیاندا هاوەڵ بڕیاردەدەن بۆ خودای گەورە، بەڵام لەكاتی ناڕەحەتی و نەهامەتیاندا زۆر بەدڵسۆزی و ئیخلاصەوە هانا و هاوار دەبەن بۆ لای خودای گەورە، جا هاوار و تیاچوون بۆ ئەو كەسانەی كە لەكاتی خۆشی و ناخۆشی و ناز و نیعمەت و نەهامەتیشدا هەر هاوەڵ بۆ خودای گەورە بڕیاردەدەن.

٢. هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودا لە نیەت و مەبەست و ویست و ئیرادەدا: وەك ئەوەی نیەتی لەكار و كردەوەیدا بەدەستهێنانی دونیا و ڕیابازی و ڕوپامایی و ناو و شوهرەت بێت، ئیرادە و مەبەستێكی وا كە ویست و نیەتی تەواو بۆ ئەمانە بێت وەك ویست و ئیرادەی دوو ڕووە تەواو و گەورەكان، بەجۆرێك كە نیەتیان ڕەزامەندی خودا و بەدەستهێنانی خۆشبەختی ڕۆژی دواییەبێت، ئەوە ئەو كەسانە موشریكی گەورەن، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ۞ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [هود: ١٥-١٦] واتا: هەر كەسێك تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەكەی بوێت، ئەوە پاداشتی هەوڵ و كۆششی ئەو جۆرە كەسانە دەدەینەوە لە دنیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێكەم ناكرێتەوە ❊ ئا ئەوانە ئەوانەن كە لە ڕۆژی دواییدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە و ئەوەی كە كردیان لە دنیادا پووچەڵ بۆوە و بێ نرخە، هەروەها ئەو كاروكردەوەی كە دەیانكرد بەتاڵ و پووچ و بۆشە ❊.

ئەم جۆرە لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە زۆر ورد و لەهەمان كاتیشدا زۆر مەترسیدارە.

٣. هاوەڵ بڕیاردان لە گوێڕایەڵی و طاعەتکردندا (شرك الطاعة):
هەرکەسێك بەگوێی دروستکراوێکی خودای گەورە بکات و طاعەتی ئەو بکات لە حەلاڵکردنی ئەوەی کە خودای گەورە حەرامی کردووە، یان گوێڕایەڵی بکات لە حەرامکردنی ئەوەی کە خودای گەورە حەلاڵی کردووە، وە بەدڵیّ باوەڕی وابێت ئەوەی کە بۆیان حەلاڵ و حەرام دەکەن دروستە بۆیان و مافی ئەوانەو لەهەمان کاتیشدا دروستە بۆ ئەمانیش طاعەت و گوێڕایەڵیان بکەن لەگەڵ ئەوەیشدا بزانێت ئەم کارە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەوا ئەو کەسانە باچاك بزانن ئەو کەسانەیان کردووە بە خودا و پەروەردگاری و لەجێگای خودای گەورە کە ناوی (الله) یە دایاناون و هاوەڵ و شەریکی گەورەیشی بۆ خودای گەورە بڕیارداوە.

خودای گەورەدەفەرموویێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ [التوبة: ٣١] واتا: (گاور وجولەکەکان) زاناو عابیدەکانیان کردووە بە پەروەردگار لە جیاتی خودا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش(یان کردووە بە خودا) لە کاتێکدا فەرمانیان پیّ نەدراوە بێجگە لەوەی کە یەك خودا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێك نی یە بێجگە لەئەو پاك و بێگەردی بۆ ئەو(خودا) لەوەی دەیکەنە هاوبەشی.

تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە: کە مەبەست پێی تاعەت و گوێڕایەڵیە بۆ زانا و عابیدەکانیان لە گوناەو تاواندا، واتا: لە گۆڕینی حوکمی خودای گەورەدا، نەك تەنها داواکردن بێت لێیان، هەروەك چۆن پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بۆ عەدی کوڕی حاتەمی

شـــیكردەوە كاتێك عەدی پرســـیاری لێكرد، عەدی وتـــی: ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەی بۆ باسكرد كە عیبادەتی ئەوان ئەوەیە كە گوێڕایەڵیان بكرێت لـــە گوناە و تاواندا، واتا: لەگۆڕینی حوكمـــی خودادا، و پێی فەرمـــوو: «أليس يحرمون ما أحـــل الله فتحرمونه ويحلون مـــا حـــرم الله فتحلونـــه» قال: بلى. قـــال: «فتلك عبادتهـــم» ئیمامی تیرموذی ڕیوایەتی كردووە بە فەرموودەیەكی حەسەنی داناوە، تەبەرانیش لە (المعجم الكبيردا) ڕیوایەتی كردووە[1] واتا: ئایا ئەوەی خودای گەورە حەرامی كردبوو ئەوان حەڵاڵیان نەدەكرد، ئەمەش حەڵاڵـــكردنی ئەوانە، و ئایا ئەوەی خودای گەورە حەڵاڵی كردبـــوو ئەوانە حەرامیان نەدەكرد، ئەمەش حەڵاڵـكردنی ئەوانە.

٤. هاوەڵ دانانی خۆشەویســـتی (شرك المحبة): مەبەستی پێی خۆشەویستی پەرستنە كە مەزنی وبەگەورەگرتن و ملكەچی و زەلیلی پێویست دەكات، كە نابێت بۆهیچ كەسێك غەیری خودا دەرببڕێت كە هیچ شەریك و هاوەڵێكی نییە، جا هەركاتێك بەندە ئەم خۆشەویســـتیەی بۆ كەسێكی تر غەیری خودا دەربڕی ئەوە هاوەڵی گەورەی بۆ خودای گەورە بڕیـــــار داوە، بەڵـگەیش لەسەر ئەمە ئەوەیە خودای گـــەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ﴾ [البقرة: ١٦٥] واتا: كەسانێكی واهەن لەخەڵكی كە هاوبەشی زۆر بۆ خودا پەیدا دەكەن و خۆشیاندەوێن وەك خۆشەویســـتی (ئیمانداران بۆ) خودا بـــەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە خودایان زۆر زیاتر خۆش دەوێت.

(١) سوننەنی تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٣٠٩٥)، وە ئەلموعجەم ئەلكەبیری طەبەرانی (١٧/ ٩٢).

دووەم: جۆری دووەم لەجۆرەکانی شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردان، هاوەڵ بڕیاردانی بچووکە:

هەموو شـــتێك سەربکێشـــێت بۆ هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و هۆکاری کەوتنە ناو هاوەڵ بڕیاردانی گەورە بێت، یان لەدەقەکاندا بە هاوەڵ بڕیاردان هەژمار کـــراوە بەلاّم ناگاتەســـنووری هاوەڵ بڕیاردانـــی گەورە، ئەمەش لەشـــێوەی کردەوە و گوفتاری زماندا خۆی دەنوێنێت، و حوکمەکەیشـــی وەك حوکمی گوناهە گەورەکان وایە و لەســـەر ویســـت و ئیرادەی خودا وەستاوە (ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت و ئەگەر نەیشیەوێت لێی خۆش نابێت).

**لە نموونەی ئەم جـــۆرەش، ئەم چەند نموونەی خوارەوەن کەباســـی دەکەین:**

أ. ڕووپامایيەکی کەم: بەڵـــگەش لەســـەر ئەمە ئـــەو فەرموودەیە کە ئیمام ئەحمەد و غەیری ئەویش ڕیوایەتی دەکەن لە پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) کـــە فەرموویەتی: «إن أخوف ما أخاف عليكم الشـــرك الأصغر، قالوا: ومـــا الشـــرك الأصغر يا رسول الله قال: الرياء، يقول الله تعالى يوم القيامة إذا جـــازى الناس بأعمالهم: اذهبوا إلى الذين كنتم تـــراؤون في الدنيا، فانظروا هل تجدون عندهم جزاء»[1] واتا: ئەوەی من زیاتر لە هەموو شتێك لێی دەترسم بۆ ئێوە هاوەڵ بڕیاردانی بچووکە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا هاوەڵ بڕیاردانی

(١) موسنەدی ئەحمەد (٥/ ٤٢٨)، مونذری ووتویەتی: سەنەدی ئەم فەرموودەیە باشە، پەرتووکی (الترغيب والترهيب) (١/ ٤٨)، هەیثەمی دەڵـێت: پیاوانی ئەم فەرموودەیە پیاوانێکن مەرجەکانی پیاوانی صەحیحیان تێدایە پەرتووکی: (مجمع) (١/ ١٠٢).

بچووك چیه؟ فەرمووی: ڕیا و ڕووپامایی، خودای گەورە لەڕۆژی دواییدا دەفەرموویـــت هەرکاتێك خەڵـــکی داوای پاداشـــتی کاروکردەوەکانیان خۆیـــان دەکـــرد، پێیـــان دەفەرموێت: بـــڕۆن بۆلای ئەو کەســـانەی کە ڕووپامایيتان بۆ دەکردن لە دونیادا ســـەیر بکەن بزانن ئایا هیچ پاداشتێکیان لایە بۆتان.

ب. وتنی: (ماشـــاء الله وشـــئت) واتا: بڵێیت بەکەســـێك ئەگەر خوداو و تۆ بتانەوێت، ئەبوداود لە ســـونەنەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا تقولوا ما شـــاء الله وشاء فلان، ولكن قولوا ما شـاء الله ثم شـاء فلان»[١] واتا: مەڵێن ئەگەر خودای گەورە و فلان کەس بیانەوێت، بەڵـکو بڵێن ئەگەر خودای گەورە بیەوێت پاشان فلان کەسیش بیەوێت.

ج. وتنی ئەم دەستەواژەیە: (لولا الله ولولا الفلان) واتە: ئەگەر خودا و فلان کەس نەبوایە وادەبـــوو، یان بوترێت ئەگەر قازەکـــە نەبوایە دزەکە دەهاتە ســـەرمان، ئەمانـــە و نمونەی ئەم وتانـــە، ئەبو حاتـــم لەعبدالله ی کوڕی عەباســـەوە ڕێوایەتی کردووە کە لە تەفســـیری ئەم ئایەتەدا: فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢٢] (أنداد) بریتیە لە شـــیرك و هاوەڵ بڕیاردانی شـــاراوە کە لە خشـــەی قاچی مێرووولەیەك کە لەسەر بەردێکی ڕەش لەشـــەوێکی تاریکدا ڕێبکات، وەك ئـــەوەی بڵێت: ئەی فلان کەس خودا و ژیانی تۆ و ژیانی من، واتا: خودا و تۆ ژیانی منتان پاراســـت، یان

(١) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٤٩٨٠)، ئیمامی ذەهەبی لە پەرتووکی (مختصر البيهقي) دا ووتویەتی: سەنەدەکانی چاکن (١/ ١٤٠/ ٢).

بوترێت: ئەگەر تووله سەگەکەی ئەم نەبوایە دز ئەهاتە سەرمان، یان: ئەگەر قازەکە نەبوایە لەماڵەکەدا دز دەهاتە سەرمان، یان کەسێك بلێت: ئەگەر خودا و تۆ بتانەوێت، یان بوترێت: ئەگەر خودا و فلان کەس نەبوونایە، ابن عباس فەرمووی: فلان کەسی لەگەڵدا مەلێن و لەگەڵیدا دامەنێن، هەموو ئەمانە شیرك و هاوەڵ بڕیاردانیان تێدایە[١].

(١) تەفسیری ئیبن ئەبی حاتەم (١/ ٦٢).

## جیاوازی لەنێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و هاوەڵ بڕیاردانی بچووك

لەنێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورەو هاوەڵ بڕیاردانی بچووکدا کۆمەڵێك جیاوازی هەیە. گرنگترینیان بریتین لە:

١. هاوەڵ بڕیاردانی گەورە خوا لەخاوەنەکەی خۆش نابێت ئەگەر تەوبەی لێ نەکات، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك لەژێر ویستی خودای گەورەدایە (واتە ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت و ئەگەر نەیشیەوێت لێی خۆش نابێت).

٢. هاوەڵ بڕیاردانی گەورە سەرجەم کاروکردەوە وچاکەی مرۆڤ دەسڕێتەوە، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك تەنها ئەو کارە ئەسڕێتەوە کە تێکەلاوی بووە.

٣. هاوەڵ بڕیاردانی گەورە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام و موسڵمانان دەباتە دەرەوە، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك خاوەنەکەی لە ئیسلام ناباتە دەرەوە.

٤. هاوەڵ بڕیاردانی گەورە خاوەنەکەی بەهەمیشەیی لەئاگردا دەهێڵێتەوە و لەچوونە بەهەشتی حەرام دەکات، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك وەك سەرجەم تاوانەکانی تر وایە.

## تەوەرەی دووەم: بێ باوەڕی (الكفـــــر)

**أ. پێناســـەکەی:** (الكفــر) بــێ بــاوەڕی لــە زمانەوانییــدا بەواتــای داپۆشین و شاردنەوە دێت.

لەشەرعیشـــدا: بەمانای دژی باوەڕ و ئیمان دێــت، ئەوەیش بەواتای بــاوەڕ نەبوون بە خودای گــەورە (اللّٰه) و پێغەمبەرەکــەی، جا چی ئەگەر بەدرۆ زانینی لەگەڵ بێت یان لەگەڵیشـــیدا نەبێت، بەڵـــکو ئەم بێ باوەڕیە لە شك و گومانەوە بێت، یان پشت هەڵـــکردن بێت لەباوەڕ لە حەسودی و ڕژدی و خۆبەزلزانینەوە ســـەرچاوەی گرتبێت، یان شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوویەك بێت کە مرۆڤ لە شوێنکەوتنی پەیامی پیغەمبەرایەتی لابدات.

**١. جۆرەکانی بێ باوەڕی (أنواع الكفر)**

بێ باوەڕی دوو جۆرە: بێ باوەڕی گەورە و بێ باوەڕی بچووك

بێ باوەڕی گەورە وادەکات لە خاوەنەکەی کە بەهەمیشـــەیی لەئاگری دۆزەخدا بمێنێتەوە، بەڵام بێ باوەڕی بچووك خاوەنەکەی تووشـــی ســـزا دەکات بەبێ مانەوەی هەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا.

یەکەم: بێ باوەڕی گەورە (الكفر الاكبر)

ئەمەش پێنج جۆرە:

١. بێ باوەڕی بەدرۆزانین (كفر التكذيب): ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کەسێك پێغەمبەران (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بەدرۆ بزانێت، جا هەرکەسێك بە درۆیان بزانێت لەوەی کە هێناویانە چی بە ئاشـــکرا بێت یان ئاشـــکرای نەکات ئەوە بێ باوەڕ بووە، بەڵـــگەیش لەســـەر ئەمە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ

عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾ [العنكبوت: ٦٨] واتا: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کەلە سەر خوادا درۆ هەڵبەستێ و هاوبەش و هاوەڵی بۆ دادەنێ؟ یان باوەڕی بەو قورئانە هەقە نەبێت کاتێ بۆی هات؟ ئاخۆ بۆ بێ بڕوایان لە دۆزەخدا جێ نیە؟! واتا: جێ هەیە لە دۆزەخدا بۆیان.

٢. بێ باوەڕی مل نەدان خۆبەزلزانین (كفر الاباء والاستكبار): ئەمەش بەوە دەبێت کە بزانێت پێغەمبەر ڕاســتە و ئەوەیشی هێناویەتی لەلایەن خوداوە هاتووە، بەڵام بەهۆی خۆبەزلزانین و عینادیەوە ملکەچ نابێت بۆ حوکمەکانی و گەردنگیر نابێت بۆ فەرمانەکانی، ئەمەش بە بەڵــگەی ئەوەی کە خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ [البقرة: ٣٤] واتا: کاتێك بەفریشتەکانمان وت: سوژدە بەرن بۆ ئادەم (سوژدەی ڕێز و بەفەرمانی خودا) سوژدەیان برد، جگە ئیبلیس نەبێت کە سەرپێچی کردو خۆی بە گەورەزانی و خۆی خستە ڕیزی بێ باوەڕانەوە.

٣. بێ باوەڕی گومان (كفر الشــك): ئەمەش بریتیە لە گومان و دوودڵیی ودڵنیا نەبوون لەڕاســتی وڕاســتگۆیی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ) وە پێیشی دەوترێت (كفر الظن) کە دژی یەکلایی و دڵنیایی و یەقینە.

بەڵــگەش لەسەر ئەمە خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا * وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا * قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا * لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴾ [الكهف: ٣٥-٣٨] واتا: چوویە ناو باخەکەیەوە لە کاتێکدا کە ستەمکار بوو لەخۆی وتی باوەڕ ناکەم هەرگیز ئەم باخەم لەناو بچێت * باوەڕیش ناکەم ڕۆژی دوایی بێت و ڕوو بدات سوێند بەخودا ئەگەر

(پاش مردن) بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگارم بێگومان باشتر لەم باخەم دەست دەکەوێـــت ﴿ هاوڕێ (ئیمانـــدارە) کەی پێی وت لـــە کاتێکدا کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد ئایا تۆ بێ باوەڕیت بەو زاتەی کە تۆی لە خاك دروست کردووە پاشـــان لە دڵۆپە ئاوێك پاشـــان کردوێتی بە پیاو ﴿ بەڵام من هەر (دەڵێم) ئەو خودا پەروەردگارمە و هیچ کەسیش ناکەم بە هاوبەشی پەروەردگارم ﴿.

٤. بێ باوەڕی پشت هەڵـکردن و ڕوو وەرگێران (کفر الاعراض): مەبەستیش پشتهەڵـکردن و ڕوو وەرگێرانی تەواوە لەئاین، بەگوێ وبیستن و دڵ و زانست و زانیاری پشـــت هەڵبکات لەوەی کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناویەتی، بەڵـــگەش لەســـەر ئەمە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَمَّآ أُنذِرُواْ مُعۡرِضُونَ﴾ [الأحقـــاف: ٣] واتا: ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە، پشـــت هەڵدەکەن و ڕوو وەرئەگێڕن لەوەی پێی ترسێنراون.

٥. بێ باوەڕی دوو ڕوویی (کفر النفاق): مەبەست پێی دوو ڕووی و نیفاقی بیروباوەڕییە بەوەی باوەڕەکەی ئاشـــکرا بکات و بێ باوەڕی و کوفرەکەی بشارێتەوە، بەڵـگەش بۆ ئەمە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ﴾ [المنافقون: ٣] واتا: ئەوە ی کە وترا لەبەرئەوە بوو کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناو لەپاشان بێ باوەڕ بوون ئینجا مۆر نرا بەسەر دڵیاندا ئیتر ئەوان هیچ تێ ناگەن.

**دوو ڕوویی و (نفاق) یش دوو جۆرە:**

١. دوو ڕوویی بیروبـــاوەڕ (نفاق اعتقاد): ئەمەش بـــێ باوەڕیی گەورەیە و خاوەنەکـــەی لە بازنەی ئیمان و ئومەتی ئیســـلام دەباتە دەرەوە، ئەمەش شەش جۆرە:

بە درۆزانینـــی پێغەمبەر (صَلَّىٰللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، یان بـــەدرۆ زانینی هەندێك لەوەی کـــە هێناویەتی، یان ڕق بوون لە پێغەمبەر، یان ڕق بوون لەهەندێك لەوەی هێناویەتی، یان دڵخۆش بێت بەنوشوســتی ئاینەکەی پێغەمبەر، یان پێی ناخۆش بێت کە ئاینەکەی پێغەمبەر (صَلَّىٰللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) سەربکەوێت.

٢. دوو ڕوویـــی کردەوەیی (نفاق عملي): ئەمەش بـــێ باوەڕیی بچووکە، خاوەنەکەی لە بازنەی ئیمان و ئومەتی ئیسلام ناباتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوان و گوناهێکی گەورەیە، پێغەمبەریش (صَلَّىٰللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) باسی ئەمـــەی کردووە لەفەرموودەیەکـــدا کە فەرموویەتی: «أربـــع من كن فيه كان منافقا خالصا، ومن كانت فيه خصلة منهن كـــانت فيـه خصلة من النفاق حتى يدعها: إذا اؤتمن خان، وإذا حـــدث كـــذب، وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر»[1] واتا: چوار شـــت هەیە لەهەرکەســێکدا بێت ئەوە دوو ڕوویەکی تەواوە، وە هەرکەسێکیش ڕەوشتێکی لەمانە تێدا بیت ئەوا ڕەوشتێکی دوو ڕووی تێدایـــە هەتا ئەو کاتەی وازی لێ دەهێنێت، کاتێك ڕاســـپاردەیەکی لا دادەنرێت خیانەتی لێ دەکات، وە هەرکاتێك قســـە بکات درۆ دەکات، و کاتێکیش بەڵێنێك بدات نایباتە ســـەر وغەدری لێ دەکات، وە کاتێکیش ئەگەر ڕکابەرێتی و کێشیەیەکیشی هەبێت لەسنووری شەرع دەردەچێت.

هەروەها پێغەمبەر (صَلَّىٰللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «آية المنافق ثلاث: إذا حدث كـذب، وإذا وعد أخلف، وإذا أؤتمن خان»[2] واتا: نیشانەکانی دوو ڕوو سێ شتە: کاتێك قسە بکات درۆ دەکات، وە کاتێك بەڵێن بدات نایباتەسەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٥٨).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٣).

و سـەرپێچی لێ دەکات، و کاتێکیش ئەمانەتێکی لا دابنرێت خیانەتی لێ دەکات.

**دووەم**: بێ باوەڕیی بچووك (الکفر الأصغر): بریتیە لەو بێ باوەڕییەی کـە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیمان و ئومەتی ئیسـلام ناباتـە دەرەوە و ئەوە پێویسـت ناکات لەسەر خاوەنەکەی کە بەهەمیشـەیی لە ئاگری دۆزەخدا بمێنێتەوە بەڵام هەڕەشەی گەورەی لەسەرە، ئەمەش بێ باوەڕیی و کوفری نیعمەتە، لەگەڵ سـەرجەم ئەو دەقانەیشـی کە باس لە کوفر وبێ باوەڕیی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا ناگاتە کوفر و بێ باوەڕیی گەورە، لەو نموونانەیش:

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا قَرۡيَةٗ كَانَتۡ ءَامِنَةٗ مُّطۡمَئِنَّةٗ يَأۡتِيهَا رِزۡقُهَا رَغَدٗا مِّن كُلِّ مَكَانٖ فَكَفَرَتۡ بِأَنۡعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلۡجُوعِ وَٱلۡخَوۡفِ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ﴾ [النحـل: ١١٢] واتا: خودا نموونەی هێناوەتەوە بە (خەلکی) شـارێك کە هێمن و دلنیا بوون لەهەموو شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی زۆریان بۆ دەهات کەچی بەرانبەر چاکە و بەهرەکانی خودا بێ باوەڕ و ناسـوپاس و سـپلە بوون جا خودا بەو هۆیەوە کردی بە بەر (خەلکەکە) یدا پۆشاکی برسێتی و ترس لە بەرئەو کردەوانەی کە دەیان کرد.

وە پێغەمبـەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) یش فەرموویەتـی: «اثنتان في الناس هما بهم كفر، الطعن في النسب والنياحـة على الميت»[1] واتا: دوو شت هەیە کە کوفر و بێ باوەڕییە، تانەدان لەنەسەبی کەسێك، لەگەڵ شین و شەپۆڕ کردن بەسەر مردوودا.

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٦٧).

هەروەها پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض»[(١)]. واتا: پاش من مەگەڕێنەوە بۆ بێ باوەڕی و بێ باوەڕ مەبنەوە، بەوەی هەندێکتان بدەن لەگەردنی هەندێکی ترتان.

هەموو ئەم نموونانە مەبەستیان لە بێ باوەڕیە، بەڵام بێ باوەڕی گەورە نا، بەشێوەیەکە خاوەنەکەیان لەبازنەی ئیمان و ئوممەتی ئیسلام ناباتە دەرەوە.

بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ * إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ﴾ [الحجرات: ٩-١٠] واتا: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە ئیمانداران دژ بەیەکتر جەنگیان کرد ئەوە لە نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن ئینجا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەستدرێژی کرد بۆ سەر کۆمەڵێکی تریان ئەوە ئێوە (موسوڵمانان) لەگەڵ ئەوەیان بجەنگن دەست درێژی دەکات تا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خودا (ملکەچی فەرمانی دەبێت) ئینجا ئەگەر گەڕایەوە ئەوسا لە نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن بە دادگەرانە و ڕاست و دادپەروەر بن (لە نێوانیاندا) بێگومان خودا دادپەروەرانی خۆشدەوێ * لەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن، کەواتە هەر کاتێک لەنێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو، ئێوە نێوانیان چاک بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لەخودا بترسن و پارێزکار بن، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت *.

خودای گەورە بە باوەڕدار ناوی هێناون لەگەڵ ئەوەی کە شەڕ و شۆڕ و کوشتن لەنێوانیانیشدا ڕوو بدات.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٢١)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٦٥).

وە بەبەڵگەیەکی تریش کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٤٨] واتا: خودای گەورە لەوە خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت وە خۆش دەبێت لەهەرشتێکی تر جگە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت، جا هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خودای گەورە بڕیار بدات ئەوە تاوان و گوناهێکی گەورەی کردووە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر گوناه و تاوانێکی تری جگە لە شیرك وهاوەڵ بڕیاردان کەوتوەتە سەر ویست و ئیرادەی خودای گەورە ئەگەر ویستی بە ئەندازەی تاوان و گوناهەکە سزای ئەدات، وە ئەگەر ویستیشی لەیەکەم ساتەوە لێی خۆش دەبێت، شیرك وهاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە نەبێت، کە هەرگیز خودا لێیان خۆش نابێت هەروەك بەبێ پێچ و پەنا لەئایەتەکەدا هاتووە و خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ [المائدة: ٧٢] واتا: بەڕاستی هەر کەس هاوبەش بۆ خودا دابنێ ئەوە بێگومان خودا بەهەشتی لێ حەرام کردووە و جێ و شوێنی ئاگر دەبێت و بۆ ئەو ستەم کارانە هیچ یارمەتیدەرێك نییە.

## باسی پێنجەم
## بانگەشەی زانینی غەیب و شتە نادیارەکان و هاوشێوەکانی

**غەیب**: بریتیە لەو شتەی کە نادیار و پەنهانە لە عەقڵ و ژیری و بەرچاو لەهەموو کار و فەرمانێکی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، بێگومان خودای گەورەش (الله) ئەمەی تایبەت کردووە بە زانست و زانیاری ذاتی خۆیەوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ﴾ [النمل: ٦٥] واتا: ئەی موحەمەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) پێیان بڵێ: جگە لە خودا (الله) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادارینین لە پەنهان و شاراوەکان،.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَهُۥ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾ [الكهف: ٢٦] واتا: تەنها بۆ خودایە زانینی نهێنی ئاسمانەکان و زەوی.

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ﴾ [الرعد: ٩] واتا: ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە، هەروەها زانای ئاشکراو بینراوەکانیشە، زاتێکی زۆر گەورەو بەشکۆو بڵند و پایەدارە.

هیچ کەسێك جگە لە خودای گەورە (الله) غەیب نازانێت و ئاگاداری پەنهان و شتە شاراوەکان نییە، نە هیچ فریشتەیەکی نزیك لە پەروەردگار وە نەهیچ پێغەمبەرێکی نێردراویش چ جای کەسانێك لەوان خوارتر و کەمتر بن.

خودای گەورە لەسەر زاری نوح پێغەمبەرەوە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) فەرموویەتی: ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ﴾ [هود: ٣١] واتا: نوح (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بە

گەلەکەی وت: من پێتان نالێم خەزێنەکانی خودا لای منە و ناشلێم غەیب و شتە پەنهان و نادیارەکان دەزانم.

خـــودای گەورە لەبارەی هـــود (عَلَيْهِ السَّلَامُ) یشـــەوە فەرموویەتی: ﴿قَالَ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِندَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ﴾ [الأحقـــاف: ٢٣] واتـــا: هـــود بە گەلەکەی وت: ڕوودانـــی ئەو ســـزایانە و زانینی کاتەکەی بەڕاســـتی تەنها هەر لای خودا خۆیەتی، من ئەوەم لەســـەرە کە ئەوەی من بـــۆی ڕەوانە کراوم پێتان ڕابگەیەنم.

خودای گەورە بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووە: ﴿قُل لَّا أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ [الأنعام: ٥٠] واتا: ئەی موحەممەد بڵێ: من پێتان نالێم کـــە خەزێنەکانی خودا لای منە و ناشلێم غەیب و شتە پەنهان و نادیارەکان دەزانم.

وە خـــودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ۞ قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ [البقـــرة: ٣١-٣٢] واتـــا: خـــودا ناوی هەموو شـــتێکی فێری ئادەم کرد لەپاشـــان ئەو شتانەی نیشـــانی فریشتەکانداوە (خودا پێی) فەرموون: ناوی ئەمانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاســـت دەکەن، کە ئێوە لە ئادەمی باشترن ۞ هەموو وتیان: خوایە تۆ پاکیت لەهەرچی هەڵە و کەموکورتیەك کە هەیە، ئێمە هیچ نازانین، مەگەر ئەوەی کە خۆت فێرت کردبین بەڕاستی هەر تۆ زاناو دانایت ۞.

ئەمجا خودای گـــەورە هەندێك لە دروســـتکراوەکانی خۆی ئاگادار دەکات بەهەندێك لە شتە نادیار و پەنهانەکان لە ڕێگای وەحی و سروشەوە،

هەروەك خودای بەرز و بلێند فەرموویەتی: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا * إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا * لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا﴾ [الجن: ٢٦-٢٨] واتا: هەر خوایە زانا بە نهێنیەکان وە کەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنی خۆیدا * مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خودا خۆی ڕازی بێت (بەوەی لە هەندێك نهێنی ئاگاداری بکات)، ئەو کاتە فریشتە دەکاتە پاسەوانی لە بەرو پشتەوە (تا هیچ شتێك نەتوانێت زەفەری پێ بەرێت) * هەتا ئاگادار بێت کە بەڕاستی پێغەمبەران بەرێکوپێکی پەیامەکانی پەوەردگاری خۆیانیان ڕاگەیاندووە، وە خودا بەهەموو شتێکیشیان دەزانێ و بەئاگایە وهیچ شتێکی لابزر نابێت، و هەموو شتێکیشی بەورد ئەژماردووە *.

ئەمەش ئەندازەیەك لەو شتە غەیب و پەنهانەیە کە خودای گەورە ئاگاداری هەندێك کەسی دەکات جگە لەهەندێکی تریان، بەڵام زانینی غەیب و شتە پەنهانەکان بەشێوەیەکی ڕەها و موطلەق هیچ کەسێك جگە لەخودای گەورە (الله) نایزانێت، چی کەسێك هەیە بانگەشەی شتێکی لەو شێوەیە بکات لەکاتێکدا ئەوە تایبەتە بە خودای گەورەوە!

هەر لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە ئاگاداری ئەو وردە دەجال و درۆزنانە بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە غەیب دەزانن و ئاگاداری شتە پەنهانەکانن و درۆ بەدەم خودای گەورەوە دەکەن، ئەوانەی کە خۆیان گومڕا بوون و خەڵکانێکی زۆریشیان لەگەڵ خۆیاندا گومڕا کردووە و لەڕاستە ڕێگا لایانداوە، نمونەی ئەمانەیش وەك جادووگەر و درۆزن و ئەستێرەگرەوەکان و غەیری ئەوانیشن.

ئەوەیشی پاش کەمێکی تر باسیان لێوە دەکەین نمونەی کۆمەڵێك لەکار و پیشـــەی ئەوانەیە کە بانگەشـــەی زانینی زانســـتی غەیب و شتە پەنهان و نادیارەکان دەکەن کە خەڵـکی نەخوێنەوار و نەزان سادەیان پێ فریوو داوە و گومڕایان کردوون و بیروباوەڕ و ئیمانیان خراپ و فەساد کردووە.

١. **جادوو (السـحر)**: لــە زمانەوانییدا بەمانای ئەو شــتە دێــت کە پەنهان بێت و هۆکارەکەی نەرم و لەسەرخۆ بێت.

لە زاراوەی شەرعیشـــدا: بەمانای مەبەست و نوشـــتە و گرێکان دێت کە کاریگەری دەبێت لەســـەر دڵ و جەستەکان بەجۆرێك خەڵك نەخۆش دەخات و دەیانکوژێت و ژن و مێرد لەیەك جودا دەکاتەوە ئەمەش بە فەرمانی خـــودا نەبیت ناکرێت، گومان لەوەدا نییە کە ئەم کارە کوفر و بێ باوەڕیە، و جادووگەریـــش کافر و بێ باوەڕە بەخودای گەورە و بەرز و بلند، لەڕۆژی دوایيشداهیچ کەڵـك و سوودێکی پێ ناگاو لەبەهرەی خودابێ بەشە، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾ [البقرة: ١٠٢] واتا: جا جولەکـــەکان (وازیان لە کتێبی خودا تەورات هێناو) شوێنی ئەوە کەوتن، کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەســـەلاتی سولەیمان، (ئاشـــکرایە کە) هەرگیز ســـولەیمان کافر نەبووە، بەڵـــکو شەیتانەکان کافربوون و خەڵـــکیان فێری سیحر و جادو دەکرد،

هەروەهـــا مەردومیان فێـــری ئەوە دەکرد کە بۆ هـــاروت و ماروت دابەزی بوو( کە دوو فریشتە بوون) لە بابل (مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵـکی بوو لە ســـیحر و جادوو). ئەوانیش کەســـیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد تا پێیان نەوتایـــە: ئەم کارەی ئێمە بـــۆ تاقی کردنەوەیەو خـــۆت کافر مەکە (کەچی هەندێك هەر کۆڵیان نەداو) لەو فریشـــتانەوە شـــتی وافێر دەبوون کە ژن و مێردی پێ لە یەك جوودا بکەن، (هەر چەندە) ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خودای لەسەر بێت، ئەو خەڵـــکە سەرگەردانە هەمیشـــە فێری شـــتێك دەبن کە زیانیان لێدەداو سوودی نییە بۆیان، بێگومان دەشـــزانن ئەوەی کالآی وای کڕی بێت و شتی وافێر ببێت لەو دونیا هیچ بەهرەیەکی دەســـت ناکەوێت، (بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشـــتووە و کەوتونەتە داوییەوە شتێکی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونکە سیحرو جادو چەواشەکاریە و کارێکی نادروستە).

جۆرێکـــی تر لە جـــادوو، فوکردنـــە بە چەنـــد گرێیەکـــدا، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ * مِن شَرِّ مَا خَلَقَ * وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ * وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ * وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾ [الفلـــق: ١-٥] واتا: ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: پەنا دەگرم بەو دروستکەرەی کە بەرەبەیان پێش دەهێنێت * لە شەڕ و خراپەی هەرچی شتێك کە دروستی کردووە (لە جنۆکە و ئادەمیـــزاد و مار و مێرو) * وە لەشـــەڕ و خراپە و زیانی تاریکی شـــەو، کە دادێت و هەموو شتێك دادەپۆشـــێ بەژێرەوەو ترووسکایی لێ دەبڕی و دەبێتە شەوە زەنگ * وە لەشەڕی ئەوانەی فوو دەکەن بە گرێکاندا (واتا لەشـــەڕی جادووگەران) * وە لەشـــەڕی کەســـانی ڕژد و حەسوود کاتێك کە ڕژدی و حەسوودی دەبەن *.

٢. **ئەستێرەگرەوە:** ئەمەش بریتیە لە بەڵـگە هێنانەوە بە ئەحواڵی گەردوون ڕووداوەکانی ســەر زەوی کە هێشـتا ڕوویان نەداوە، واتە ئەم ئەســتێرە گرەوانە سەیری شوێن وجێگای ئەســتێرەکان دەکەن و هەواڵی هەندێك ڕووداو و گۆڕانکاری دەدەن بەخەڵـکی کە هێشتا ڕووی نەداوە و تەنها لە زانســت و عیلمی خودای گەورەدایە، عبداللەی کوڕی عەباس (خودایان لــێ ڕازی بێــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من اقتبس علما من النجوم فقد اقتبس شـعبة من السـحر زاد ما زاد»[1] واتا: هەرکەسێك زانستێك لە ئەستێرەکانەوە فێر ببێت ئەوە بێگومان بەشێکی لە سیحر و جادو وەرگرتووە، زیاد لەوەی کە زیادی کردووە.

٣. **هەڵدانی باڵندە و کێشانی خەت لەســەر زەوی:** قوطنی کوڕی قەبیصە لەباوکیــەوە گێڕاویەتیەوە کــە وتویەتی: لــە پێغەمبەری خودام بیســت (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمووی: «العیافة والطیــرة والطرق من الجبت»[2] واتا: هەڵدان و هەڵفڕاندنی باڵندە و کێشانی خەت لەسەر زەوی و ڕەشبینی کردن لەجوڵان و کاری باڵندەکان هەر هەمووی بەشــێکە لە ســیحر و جادوو، (العیافــة) بەمانای هەڵــدان و هەڵفڕاندنی باڵندە و گەشــبینی و ڕەش بینی بەناو و دەنگ و ڕێڕەوەیان دێت، (الطرق) یش بەواتای کێشانی خەت دێت لەسەر زەوی، یان بەواتای هەڵدانی بەرد و بانگەشەی زانینی غەیب دێت.

٤. **فالچێتی (الکهانة):** بریتیە لە بانگەشەی زانینی زانستی غەیب، ئەصڵیش لەم کارەدا ئەوەیــە کە جنۆکــەکان لەڕێگای گوێگرتنیان لە فریشــتەکان هەندێك لە هەواڵ ئەچپێنن بەگوێی ئەو فالچیانەدا.

(١) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٣٩٠٥).

(٢) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٣٩٠٧)، و موسنەدی ئەحمەد (٣/ ٤٧٧).

ئەبو هورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: «من أتى كاهنـــا فصدقـــه بما يقول فقد كفر بما أنـزل على محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)»[1] واتا: هەرکەسێك بچێت بۆلای فاڵچی و کاهنێـــك و ئەوەی دەیڵێت بەڕاســـتی بزانێت و بڕوای پـــێ بکات، ئەوا بێگومان بێ باوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوە بۆ سەر محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

٥. **نووسینی پیتەکانی** (ئەبا جاد): ئەمەش بەوەی کە هەر پیتێك نرخێکی لە ژمارە بۆ دادەنرێت و پاشان ئەمە جێبەجێ دەکرێت بەسەر ناوی مرۆڤەکان و کات و شوێنەکاندا، پاشـــان لە ئەنجامی ئەم کارەدا حوکمی پێ ئەدرێت بەسەر خۆشبەختی یان بەدبەختی ئەو کەسە یان ئەو شوێنە یان ئەو کاتەدا.

عبد اللـــەی کـــوڕی عەبـــاس (خودایان لـــێ ڕازی بێـــت) لەبارەی گەل و هۆزێکەوە کە خەریکی نووسینی (ئەبا جاد) ن و سەیری ئەستێرەکان دەکەن دەڵێت: (مـــا أرى من فعل ذلك له عند الله من خـــلاق) عبدالرزاق لە موصەنەفدا ڕیوایەتی کردووە[2] واتا: ئەو کەســـانە کە وەها کارێك دەکەن نابینم کە لای خودای گەورە هیچ کەڵـــك و سوودێکیان پێ بگات و لەبەهرە و پاداشتی خوداش بێ بەش دەبن و پاشەڕۆژیشیان خراپە دەبێت.

٦. **خوێندنەوەی ناو لەپی دەست و فنجان:** و نموونەی ئەمانە کە هەندێك کەس لەو فنجان و لەپ خوێنەوانە بانگەشـــەی ئەوەی پێ دەکەن کە گوایە

(١) سونەنی ئەبی داود (٣٩٠٤)، و موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٤٢٩)، موستەدرەکی ئەلحاکم (١/ ٥٠) ئەلحاکم ووتویتی: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە بە پێی مەرجەکانی ئیمامی بوخاری وە موسلیم، و ئیمامی ذەهەبیش لەم حوکمەدا هاوڕایەتی.

(٢) ئەلموصەنەفی عەبدولرەزاق: (١١/ ٢٦).

ئــەوەی لەداهاتوودا ڕوو دەدات لە مردن و ژیان و هەژاری و دەوڵەمەندی و تەندروستی و نەخۆشی و نموونەی ئەمانە هەر هەمووی دەزانن.

٧. ئامادەکردنــی ڕۆحــەکان: ئەربــاب و خاوەنی ئەم درۆ و دەلەســانە وای بــڵاو دەکەنــەوە کــە گوایە دەتوانــن گیانــی مــردووەکان ئامادە بکەن و بیانهێننەوە و پرسیاری حاڵ و هەواڵی مردنیان لێ بکەن لەخۆشی و شــادی و ســزاکانی ناو گۆڕ و هەندێك شــتی تریش، ئەمەش بەشێکە لەدەجالی و شەیتانی و شەعوەذە و فریودانی خەڵــکی کە مەبەستیان پێی تێکدانی بیروباوەڕ و ڕەوشتی خەڵــکیە، مەبەستیان شاردنەوەی هەقیقەتە لای خەڵــکانی نــەزان و نەخوێنــدەوار و خواردنی ماڵی خەڵــکیە بە ناهەق و باتڵ و گەشــتن بە بانگەشــەی زانینی علمی غەیب و شتە پەنهان و نادیارەکان.

٨. ڕەشــبینی (التطير): بریتیە لە ڕەشبینی بەفڕینی باڵندەکان بەلای ڕاستدا یــان بەلای چەپدا یان ڕەشــبینی بە تەمومژی هــەوا، ئەمەش دەرگایەکی شــیرك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودای گەورە، هەموو ئەمانە لە شەیتانەوەیە کە دەیخاتە دڵی خەڵکیەوە و بەوە دەیانترسێنێت.

عیمرانــی کــوڕی حوصەیــن بەفەرموودەیەکی مەرفــوع ڕیوایەتی کردووە: «ليس منا من تطير أو تطــير لـــه، أو تكهن أو تكهن له، أو ســحر أو سحر له، ومن أتى كاهنا فصدقه بما يقـــول فقد كفر بما أنـــزل على محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)»[1] واتا: لە ئێمە نییە ئەو کەسەی باڵندە هەڵبدات بۆ زانینی

(١) موسنەدی ئەلبەزار (٩/ ٥٢) (٣٥٧٨)، هەیثەمی لە پەرتووکی (مجمع الزوائد) دا لە (٥/ ١١٧) ووتویەتی: پیاوانی سەنەدی ئەم فەرموودەیە پیاوانیکن مەرجەکانی فەرموودەی صەحیحیان تیدایە.

خۆشـــبەختی و بەدبەختی، یان باڵندەی بۆ هەڵبدرێت بۆ ئەو مەبەستە (واتا ڕەشبینی یان گەشبینی پێ بکرێت) وە لە ئێمە نییە ئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یـــان فاڵی بۆ بگیرێتەوە، وە ئەو کەســـەی جادوو بکات یـــان جادووی بۆ بکرێت، وە هەرکەســـێك بچێتـــە لای فاڵچیەك و بـــڕوای هەبێت بەوەی کەدەیلێت ئەوە بێ باوەڕ بووە بەوەی دابەزیوە بۆ محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

لـــە خودای گەورە و پەروەردگار داواکارین کە بار و گوزەران و حاڵی موسڵمانان باش بکات و زانست و زانیاری و تێگەشتنیان لە ئاینی پیرۆزی ئیســـلام پێ ببەخشـــێت و پەنایان بدات لە فڕوفێڵی تاوانباران و فریودانی شوێنکەوتووانی شەیتان.

## بەشی سێهەم
## یەکخواپەرستی لەناو و صیفەتەکاندا

ئەمەش پێك دێت لە ڕێخۆشکردنێك و سێ باس:

**ڕێخۆشکردن**: باوەڕ بەناو و صیفەتەکان و کاریگەری لەسەر موسڵمان.

**باسی یەکەم**: پێناسە و بەڵگەکانی.

**یەکەم**: پێناسەکەی.

**دووەم**: مەنهەجی هەق و ڕاستی لە دانپێدانان و سەلماندن

**سێهەم**: بەڵگەی ئەم مەنهەجە.

**باسی دووەم**: نموونەی تەطبیقی لەسەر دانپێدانان و سەلماندنی ناو و صیفەتەکاندا لەڕوانگەی قورئان وسوننەتەوە.

**باسی سێهەم**: بنەما و قواعید لە بەشی ناو و صیفەتەکاندا.

## ڕێخۆشکردن
## باوەڕ بەناو وصیفەتەکان
## وکاریگەری لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی موسڵمان

باوەڕ بوون بە ناو و صیفەتە جوانەکانی خودای گەورە کاریگەری و شوێنەواری گەورەی هەیە لەسەر دەروونی موسڵمان، شوێنەواری گەورەیشی هەیە لەسەر موسڵمان لەجێبەجێکردنی پەرستنەکانی پەروەردگاریدا، لەو شوێنەوار و کاریگەریانەش ئەو مانا و واتا بەرزانەیە کە بەندەکان لەکاتی ئەو پەرستنانەی پەیوەندی بەدڵەوە هەیە هەستی پێ دەکەن کە بەروبومەکەی بریتیە لە پشت بەستن و تەوەکول بەخودای گەورە و خۆدانە دەست ئەو ذاتە پیرۆزە، و پاراستنی ئەندامەکانی لەشی لەگوناه و تاوان و ئەو ختورانەیشی دێت بەدڵیدا تەنانەت وای لێ دەکات کۆنترۆڵی بیروئەندێشەشی بکات بەشێوەیەك بیرکردنەوەیشی تەنها ئەو بیرکردنەوانە بێت کە خودای گەورە پێیان ڕازیە و پێیان خۆشە، شتێك دەبیستێ کە ئەو پێی خۆش بێت و تەماشای دیمەنێکیش ئەکات ئەو پێی ڕازی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێد و تکای بەخودای گەورە زۆرە و گومانی چاك و باش بەپەروەردگاری دەبات.

ئەم واتا و مانایانە و غەیری ئەمانەیش کە پەیوەستن بە باوەڕ بە مانای ناو و صیفاتە جوانەکانی خودای گەورە بەندایەتی دیار و پەنهان بەرهەم دەهێنێت بەشێوەیەکی جیا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ئەمەش فەزڵ و چاکەیەکە خودای گەورە دەیبەخشێت بەهەر کەسێك کە خۆی بیەوێت و ئیرادە بکات.

بۆ نموونە بیرکردنەوە و باوەڕ بوون بەناوی جوانی (الغفار) کاریگەری گەورەی دەبێت لەخۆشەویستی بۆ خودای گەورەو نائومێدنەبوون لەڕەحمەتی

فراوانی، وە ناوی (شـــدید العقاب) کاریگەری گەورەی دەبێت لەترســـان لەو ذاتـــە پیرۆزە و بەجۆرێك بەنـــدە لەخۆی ڕانابینێـــت و جورئەتی ئەوە ناکات سنووورە قەدەغەکراوەکانی بشکێنێت، ئەمە و سەرجەم ناو صیفەتە جوانەکانی تری کاریگەری خۆیان هەیە لەســـەر دڵ و دەروونی موسڵمان و پابەند بوون بەفەرمـــان و دوور کەوتنەوە لەقەدەغەکراوەکانی و ئیســـتیقامە و دامەزراوی لەسەر شەرعیەتەکەی، نەك هەر ئەوەندە، بەڵـــکو ناو و صیفەتە جوانانەکانی خودای گەورە هەر یەکەیان بەپێی ئەو مانا و واتایەی کە لێوەی وەردەگیرێت، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر خۆشەویســـتی ئەو ذاتە پیرۆزە کە بنەمای هەموو خۆشـــبەختی و بەختیاریەکی موسڵمانە لە ژیانی دونیاو دوارۆژیشدا، هەروەها کلیلی هەموو چاکەو خەیرێکە و گەورەترین یارمەتی دەری بەندەکانی خوایشە لەسەر بەجێ هێنانی پەرستنەکانی پەروەردگاریان بەجوانترین شێوە، چونکە بەندایەتی و پەرســـتنە دیار و بەرچاوەکان بەپێی ئەو خۆشەویســـتیەی لەدڵـــی بەندەکاندایە بۆ خودای گەورە کەم و زیاد دەکات و لەســـەریان گران دەبێت ئەگەر ئەو خۆشەویستیە بەئەندازەی پێویست نەبێت بۆ پەروەردگار.

تەواوکردنـــی کاروکـــردەوەکان و بەجێهێنانیان بەشـــێوەیەکی جوان بەو شـــێوەیەی کە خودای گـــەورە داوای کـــردووە بەندە بـــە ڕادەی ئەو خۆشەویستیەی کە بەندەکان هەیانە بۆ خودای گەورە، خۆشەویستیش بەندە بەناسین و شارەزا بوون لە ناو و صیفەتە جوانەکانی خودای گەورە، هەر بۆیە دەبینین کە چاکترین و گەورەترین کەسانێك کە بەندایەتی پەروەردگاریان بەباشـــترین شـــێوە ئەنجام دابێت پێغەمبەران بـــوون (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) چونکە لەتەواوی خەڵـکی زیاتر خوایان ناسیووە و خۆشتریشیان ویستووە.

## باسی یەکەم

## پێناسەی یەکخواپەرستی ناو و صیفەتەکانی خودای گەورە وبەڵگەکانی

یەکەم: پێناسەکەی:

یەکخواپەرســـتی ناو و صیفەتەکان: بریتیە لە جێگیرکردن وسەلماندنی ئەوەی کـــە خودای گەورە (الله) بۆ خۆی جێگیر و ســـەلمێنراو کردووە، وە جێگیرکردن و ســـەلماندنی ئەوەی کە پیغەمبەرەکەی (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بۆی جێگیر و ســـەلمێنراو کردووە، وە نەفی ئەوەیش بکەیت و لێی لابدەیت هەر شتێك کە خودای گەورە لەسەر خۆی نەفی کردووە و لای بردووە، وە نەفی ئەوەیشی بکەیت کە پێغەمبەرەکەی (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) نەفی کردووە لەهەرچی ناو و صیفەتێك کە هەیە، وە ئیقراری ئەو ناو و صیفەتانە بکەیت بە ماناو واتا صەحیح و دروستەکانی بەو مانایەی کە دەیگەیەنێت، وە هەست بەشوێنەوار و ناوەڕۆکەکەی بکەیت لەسەر دروستکراو و مەخلوقاتەکانی خودای گەورە.

**دووەم: مەنهەجی هەق و ڕاستی لە دانپێدانان و سەلماندن:**

مەنهەجی هەق و ڕاســـتی ســـەبارەت بە ناو صیفەتەکانی خودای گەورە لەسەر ئەوە ڕادەوەستێ کە باوەڕی تەواو و بەڕاست زانینی بێ گومانت هەبێت بەو شـــێوەیەی کە خودای گەورە خۆی وەصفی کردووە و پێغەمبەرەکەیشی (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر بەو شێوەیە وەصفی کردووە، بەبێ هیچ تەحریف و تەعطیل و تەکییف و تەمثیل کردنێك، بابزانین مانای ئەم وتانە چیین:

تەحریف: بریتیە لە گۆڕین و لادانی هەر شـــتێك لەشـــێوە ڕاستیەکەی خۆی، ئەمەش دوو بەشە:

١. **(تحریــف لفظي) لادان و گۆڕێنی گوفتاری:** ئەمەش بەوەی شــتێك بۆ وشەیەك زیاد بکەیت یان لێی کەم بکەیتەوە، یان حەرەکەیەك لەوشەیەکدا بگۆڕێت وەك گۆڕینی وشــەی (استوی) واتا: وەستاوە بۆ وشەی (استولی) واتا: دەســەڵاتی هەیە بەســەریدا، لە ناو ئایەتەی کە خــــودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ [طه: ٥] واتا: ئەو خودا بەخشــندە و میهرەبانە لەســەر عەرش وەســتاوە (بەو شــێوەی شــیاوی بێت ئێمە چۆنیەتییەکەی نازانین) ســەلەفی صالّحی ئومەتی ئیســلام بەم شــێوەیە تەفسیریان کردووە و لێی تێگەشتوون بەبێ هیچ جــۆرە گۆڕین و لادانێك لەو مانایەی کە ئایەتە پیرۆزەکە دەیدات بەدەستەوە.

خاوەنی مەنظومەی نونیەش ئەڵێت:

نون الیهود ولام جهمي هما      في وحي رب العرش زائدتان

واتا: زیادەکردنــی ئەو پیتی (نونە) ی کە جوولەکە زیادیان کرد کاتێك خودای گەورە پێی فەرموون بلێن (حطة) واتا: بلێن گوناهەکانمان لەســەر بسڕەوەو لێمان خۆشبە، کەچی ئەوان هاتن پیتیکی نونیان بۆ وشەکەی خودای گەورە زیادکرد و بەگاڵتە پێکردنەوە وتیــان (حنطة) واتا گەنم و دانەوێڵە، بەهەمــان شــێوە جەهمیەکانیش هاتــن پیتێکــی (لام) یان بــۆ وتەکەی خودای گەورە زیــاد کرد کاتێك خودای گــەورە لەئایەتەکەدا فەرمووی: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ وشەی (اســتوی) یان گۆڕی بۆ (استولی) شاعیر لە کۆتایی بەیتەکەوە دەڵێت: ئــەم دوو تەحریف و گۆڕینە لەو وەحیەی کە خودای گەورە کردوویەتی بۆ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) زیادەیە.

٢. **(تحریــف معنــوي) گۆڕینــی مانــا:** ئەمــەش بــە تەفســیرکردن و

لێکدانـــەوەی وشـــەیەك بەتەفســـیر و لێکدانەوەیـــەك کـــە غەیـــری ئەو مەبەســـت ومانایەیە کە خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی مەبەستیانە، وەك تەفسیرکردن و لێکدانــــەوەی وشەی (الید = دەست) بۆ خودای گەورە بەهێز یان بەناز و نیعمەت، ئەمە تەفسیر و لێکدانەوەیەکی باتڵ و ناردوستە کە بەهیچ شێوەیەك نەشەرع و نەزمانیش بەڵـگە نین لەسەر ئەم تەفسیرە.

**تەعطیل**: بریتیە لە نەفی کـــردن و باوەر نەبوون بەصیفەتەکانی خودای گەورە (الله)، هـــەروەك ئەوەی باوەڕت وابێت کە خـــودای گەورە بەهیچ صیفەتێك وەصف ناکرێت.

جیاوازیش لەنێوان (تەحریف) و (تەعطیل) دا ئەوەیە: تەحریف بریتیە لە نەفی کردنی ئەو مانا و واتا دروست و صەحیحەی کە دەقەکە دەیدات بەدەستە و لێوەی وەردەگیرێت و گۆڕینی بە ماناو واتایەکی نادروست، بەڵام تەعطیل بریتیە لـــە نەفی کردنی مانا و واتا دروستەکە بەبێ گۆڕینی بە مانا و واتایەکی تر.

**تەکییف**: بریتیە لە دیاریکردنی چۆنیەتی صیفەتەکە و ئەو هەیئەتەی کە لە ســـەریەتی، وەك ئەوەی هەندێك لەمونحەریف گومڕاکان لەم بارەیەوە دەیکەن، ئەوانەی کە چۆنیەتی صیفەتەکانـــی خودای گەورە دیاریدەکەن، لەبارەی صیفەتی (الید: دەســـت) ی خـــودای گەورەوە دەڵێن: دەســـتی خودای گەورە ئاوا و ئاوایە، وە چۆنیەتی (استواء) وەستانی خودای گەورە لەســـەر عەرش بەو شێوەیەو بەو شێوەیەیە، هەموو ئەمانە باتڵ و نادروستن چونکە چۆنیەتی صیفاتی خودای گەورە هیچ کەسێك نایزانێت ذاتی هەق تەعالای خۆی نەبێت، بەڵام مەخلوق و دروستکراوەکانی خودای گەورە نەشارەزان پێی و ئیدراك و هەست بەوە ناکەن.

**تەمثیل:** بریتیە لە لێکچواندن وەك ئەوەی کەسێك بڵێ خودای گەورە بیستنی هەیە وەك بیستنی ئێمە، یان (وجه) و ڕووی خودای گەورە وەك ڕووی ئێمە وایە، پاك و بێگەردی بۆ خودای گەورە (الله) لەهەموو ئەمانە.

مەنهەجی هەقیش لەبارەی ناو صیفەتەکانی خودای گەورەوە لەسەر سێ بنچینە و بنەما ڕێکخراوە، هەرکەسێك جێبەجێیان بکات و ئاگایان لێ بێت ئەوە بێگومان سەلامەت ئەبێت لە لادان و گومڕا بوون لەم مەسئەلەیەدا، ئەوانیش بریتین لە:

**بنەمای یەکەم:** پاك و پێگەرد ڕاگرتنی خودای گەورە لەوەی صیفاتەکانی لەگەڵ صیفاتی دروستکراو و مەخلوقاتەکانیدا لەیەك بکەن و بەیەك بشوبهێن.

**بنەمای دووەم:** باوەڕبوون بەو وەصفەی کەخودای گەورە خۆی پێ وەصف کردووە و بەوەی کە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خودای گەورەی پێ وەصف کردووە بەشێوەیەك کە شایستەی بەرزی و بلندی ئەو ذاتە پیرۆزە بێت.

**بنەمای سێهەم:** بڕینی هەر جۆرە هەوڵدان وتەماعێك لە پێناو دەرکردنی حەقیقەتی صیفاتەکانی خوای گەورە و باڵادەست، چونکە ئیدراك کردن و گەیشتنی مەخلوق بەمە کارێکی موستەحیل و نەگونجاوە.

هەرکەسێك ئەم سێ بنەمایە بەتەواوی لەخۆیدا جێبەجێ بکات، ئەوە بێگومان باوەڕ و ئیمانی واجبی جێبەجێ و تەحقیق کردووە لەبارەی ناو و صیفاتەکانی خودای گەورە بەو شێوەیەی کە پێشەوایانی سەلەفی ئەم ئومەتە بڕیاریان داوە بۆ خودای گەورە لەم بارەیەوە.

**سێهەم: بەڵگەکانی ئەم مەنهەجە:**

بەڵـــگەکان لە قورئانی پیرۆز لەسەر بڕیاردانی ئەم مەنهەجە شاهیدی ئەوەن:

**بەڵـــگەکانی بنەمای یەکـــەم:** بریتیە لـــە پاکڕاگرتنی پـــەروەردگاری بەرز و بڵند لەوەی بە مەخلوق و دروستکراوەکانی بچوێنێت و بشوبهێنێت، خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ [الشـــورى: ١١] واتا: هیچ شتێك نیە لەوێنەی ئەو خودا یە،نە لەذاتیا، نە لە سیفاتیا، نەلە کرداریا، ئەویشە بیسەری بینا، بەئاگایە بەوتەی بەندەکانی، بینایە بۆ کاروکرداریان.

مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بەهیچ شـــێوەیەك لە هیچ ڕوویەکەوە هیچ جۆرە لەیەکچوون و شوبهاندنێك نییە لەنێوان خالق کە خودای گەورەیە لەگەڵ مەخلوقەکانیدا، سەرەڕای جێگیرکردنی هەردوو صیفەتی بیستن و بینین بـــۆ خودای گەورە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەوەی بۆ خودای گەورە ئیثبات دەکرێت لەصیفەتی بیســـتن و بینیـــن وەك ئەوە نییە کە بـــۆ مەخلوقاتەکانی ئیثبات و جێگیـــر دەکرێت لەم دوو صیفەتەدا لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو صیفەتە بۆ زۆرێك لە مەخولقاتەکانی پێ وەصف دەکرێت، ئەوەی لەبارەی صیفەتی بیســـتن و بینینەوە دەیلێین بۆ هەموو صیفەتاکنی تریـــش هەروایە، ئەم ئایەتە بخوێنەوە کە خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ﴾ [المجادلة: ١] واتا: بەڕاســـتی خودا وتەی ئەو ژنەی بیســـت کە لە بارەی مێردەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەکردی و ســـکاڵای خۆی بۆ لای خودا ئەبرد وە خوا گوێی لە وتووێژی هەردووکتان بوو بەڕاستی خوا بیسەری بینایە.

ئیبن کەثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەوەی هێناوە کە ئیمامی بوخاری لەبەرگی (٣٧٢/١٣) لەبارەی یەکخواپەرستیەوە ڕیوایەتی کردووە، هەورەها ئیمام ئەحمەدیش لە مەسنەدەکەیدا بەرگی (٦/لاپەڕە ٤٦) هێناویەتی کە عائیشەی دایکی باوەڕداران ئەفەرموویت: «الحمد لله الذي وسع سمعه الأصوات لقد جاءت المجادلة إلى النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تكلمه وأنا في ناحية البيت ما أسمع فأنزل الله عز وجل ﴿قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا﴾ [المجادلة: ١].... إلى آخر الآية».[1] واتا: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کەبیستنی فراوانە بۆ بیستنی دەنگەکان، دەمەقاڵێکە هات بۆ لای پیغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) مەبەست پێی خولەیە - و لەگەڵیدا قسەی کرد منیش لە لایەکی ماڵەکەوە بووم هیچم نەبیست و گوێم لێ نەبوو خودای گەورە ئەم ئایەتەی لەبارەوە دابەزاند ﴿قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە.

بەڵگەیەکی تریش، خودای گەورە ئەفەرموویت: ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ﴾ [النحل: ٧٤] طەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: وێنە بۆ خوا مەهێننەوە و هاوشێوەی بۆ دامەنێن، چونکە خودای گەورە وێنە و هاوشێوەی نییە[2].

هەروەها فەرموویەتی: ﴿هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا﴾ [مريم: ٦٥] عبداللەی کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بیت) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: «ئایا وێنە و هاوشێوەیەك بۆ پەروەردگار شك دەبەیت؟» بێگومان وێنە و هاوشێوەی خودای گەورە نییە.

بەڵگەیەکی تریش لەسەر ئەم بنەمایە: ئەو ئایەتە پیرۆزەیە خودای

---

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر (٨/ ٦٠).

(٢) تەفسیری ئەلطەبەری (٧/ ٦٢١).

گـــەورە دفەرمووێـــت: ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾ [الإخـــلاص: ٤] طەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: «خودای گـەورە هاوشێوە و هاوتای نەبوو و نییە و هیچ شتێك وێنەی ئەو نییە».

**بەڵگەیش لەسەر بنەمای دووەم:** بریتییە لەباوەڕبوون بەوەی کەلەقورئان و سوننەتداهاتووەلەسەر ناو وصیفاتەکانی خودای گەورە،ئەوئایەتەپیرۆزەی کە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾ [البقـــرة: ٢٥٥] واتا: خودا ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێـــکی بەهـــەق نیە بێجگەلە ئەو هەمیشە زیندووی تەدبیرکەر و ڕاگر(ی بوونەوەر) ـــە نە وەنەوز ئەیگرێ و نـــە خەو هەر هی ئەوە هەر چی لە ئاســـمانەکان و هەرچی لە زەوی دایە، کێ یە ئەو کەســـەی لـــەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بـــکات مەگەر بە ڕێ پێدانـــی خۆی نەبێت، ئاگادارە بە ئـــەوەی لەبەردەمی (ئادەمی) یە وەیە (لە دونیا لە بەردەســـتیاندایە) وە ئەوەی لە دواوەیەتی (لە ڕۆژی دواییدا بۆیان ئامادەکراوە) وە کەس ئاگای نییە لە هیچ شـــتێک لـــە زانین و زانیاری ئەو (خودا) مەگەر بـــەوەی کە خۆی بیەوێت، کورســـی یەکەی خودا هەموو ئاســـمانەکان و زەوی گرتۆتەوە وە پارێزگاری کردنی ئاسمانەکان و زەوی بۆ خوا ئاسانە و(گران نییە) وە هەر ئەوە بلند پلەی پایە گەورە.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾ [الحدیـــد: ٣] واتـــا: هەر ئەوە (الله) یەکەمە کەهیچ شـــتێك لەپێشـــیەوە نیە، دواهەمینیش هەر ئەوە کە هیچ لەدوایەوە نییە، ئاشـــکرایە لە ژوور ئەوەوە

ئاشـــکراتر نییە، و پەنهـــان بە هەقیقەتی دروســـتکراوەکانی ئـــەوە کەلەو پەنهانتر نیە، هەر ئەویش زانایە بەهەموو شـــتێك (لە زەڕەیەکەوە تاوردتر) ئاگاداریەتی.

هەروەها لەجێگایەکـــی تردا فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ * هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ * هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ [الحشـــر: ٢٢-٢٤] واتا: خودا هەر ئەو ذاتەیە بێجگە لەئەو هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە، زانای هەموو نهێنی و ئاشکراکانە هەر ئەوە بەخشندەی میهرەبان * خودا ئەو ذاتەیە بێجگە لەو هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە، پاشا و پاك و بێگەرد و ئاشتی دەر و دڵنیاکەرە و چاودێر و پارێزگار و زاڵ و خاوەن شکۆ و شایستەی هەموو گەورەیی یەکە پاکی و بێگەردی بۆ خودایە لەو هاوبەشانەی کە بۆی دائەنرێ * هەر ئەوە خودا و بەدیهێنەر و داهێنەر و وێنەکێشە هەر بۆ ئەوە هەموو ناوێکی هەرە جوان و پاك و بێگەرد، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە ستایشی ئەو دەکەن وە هەر ئەوە باڵا دەستی کار بەجێ*.

بەڵـــگە لەسوننەتی پیغەمبەریشدا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبـــو هورەیرە (خودای لـــێ ڕازی بێت) دەیگێڕیتەوە و موســـلیمیش لەصەحیحەکەی خۆیدا ریوایەتی کردووە: کـان رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يأمرنا إذا أخذنا مضجعنا أن نقول: «اللّٰهُمّ رب السماوات ورب الأرض ورب العرش العظيم ربنا ورب كل شيء فالق الحب والنـوى، ومنـزل التوراة والإنجيل والفرقان أعوذ بك من شر كل دابة أنـت آخذ بناصيتها. اللّٰهُمّ أنت الأول فليس قبلك شيء،

وأنت الآخر فليس بعدك شـــيء وأنت الظاهر فليس فوقك شـــيء، وأنت الباطن فليس دونك شـــيء، اقض عنا الدّيْن وأغْنِنا من الفقر»[1] واتا: پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێکردین هەرکاتێك کە ڕۆشـــتینە ســـەر جێگا بۆ خەوتن بڵێین: ئەی خودایە پەروەردگاری ئاسمانەکان، پەروەردگاری زەوی و پەروەردگاری عەرشی گەورە و بڵند، ئەی پەروەردگارمان پەروەردگاری هەموو شتێك، ئەی دەرخەری هەموو دانەوێڵە وناوکێك، ئەی دابەزێنەری تەورات و ئینجیل و فورقان (مەبەست پێی قورئانە) پەنات پێدەگرم لەشەڕ و خراپەی هەموو زیندەوەرێك کە تۆ پێشـــە سەرت گرتبێت، ئەی خودایە تۆ یەکەمیت و هیچ شتیك پیش تۆ نییە، وە تۆ دواهەمینیت و دوای تۆ هیچ شـــتێك نییە، تۆ ئاشکرایت لەسەروو تۆوە هیچ شتێك نییە، وە تۆ پەنهانیت و لەتۆ پەنهان تر نییە، ئەی خودایـــە قەرزەکانمان بۆ بدەرەوە و لە هەژاری بمانپارێزە و دەوڵەمەندمانبکە لێی.

دەقەکان لەم بارەیەوە زۆرن و ناتوانین هەموویان باس بکەین و بیخەینە ڕوو.

**بنەمای سێهەمیش**: کە بریتیە لەوەی کە هیچ جۆرە هەوڵ و محاوەلەیەك نەدرێـــت بۆ ئەوەی دەرکی حەقیقەتی صیفاتەکانی خودای گەورەی تەعالا بکرێت، چونکە ئیدراك کردن و گەیشتنی مەخلوق بەمە کارێکی موستەحیل و نەگونجاوە، ئایەت و فەرموودەکانی خودای گەورەیش بەڵـگەن لەسەر ئەم ڕاستیە، وەك دەفەرموێت: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا﴾ [طه: ١١٠] واتا: خودا دەزانێ و ئاگادارە بە هەموو ئەو شتانەی لە پێشیانەوەیە

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٧١٣).

(لە قیامەتدا چاوەڕێیانە) وە بە هەموو ئەو شـــتانە (لە پاشـــیانەوەیە لە دنیادا کردوویانـــە) ئەو خەڵکە هەرگیز ناتوانن ئاگاداری زانســـت و زانیاری بێ سنووری ئەو ذاتە ببن.

هەندێك لەزانایان لەتەفســـیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێن: زانست و زانیاری مرۆڤەکان ناتوانێـــت دەرك بە پەروەردگاری ئاســـمانەکان و زەوی بکەن ودەوری بدەن و پەی پێ ببەن، نەفی هەموو جۆرە دەرك کردن و دەورەدان و پەی پێ بردنێك دەکات لەچۆنیەتیەکەی.

هەروەهـــا لـــەو بەڵگانەش لەســـەر ئـــەم بنەمایە، خـــــودای گەورە دەفەرمووێـــت: ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَ﴾ [الأنعـــام: ١٠٣] واتـــا: چـــاوەکان پەی پێ نابەن و ناتوانن ببینن، بەڵام ئەو هێزی بینین و چاوەکان دەبینێت.

هەندێك لـــە زانایان لەبارەی ئـــەم ئایەتەوە وتویانە: «ئەمە بەڵـــگەیە لەســـەر ئەوپەڕی تەواوی گـــەورەی و بڵندی پـــەروەردگار بێگومان ئەو لەهەموو شـــتێك گەورەترە، بەڕاســـتی لەبەر ئەو پەڕی گـــەورەی ئەو ذاتە هیچ شـــتێك ناتوێت دەرکی بکات وپەی پێ بەرێت بەشێوەیەك ئیحاطەی بکات، چونکە ئیـــدراك بریتیە لە پەی پێ بردن و ئیحاطە بەو شـــتە زیاد لە بینین، پەروەردگار لەڕۆژی دواییدا دەبینرێت، بەڵام ناتوانرێت دەرکی پێ بکرێت وەك ئـــەوەی دەزانرێت و هەیە، وە پەی بەزانســـت و زانیاری ئەو نابرێت»بۆیە پێویســـتە لەسەر مرۆڤی ژیر و خاوەن بیروعەقڵ کە بزانێت کە ژیری مرۆڤ تا ئەندازەیەك ئەتوانێت بگات بەشـــتەکان و دەرکیان بکات، لەدوای ئەوە ئیتر ناتوانێت سنووری ببەزێنێت، هەروەك چۆن هێزی بیستن

وبینینی مرۆڤەکان تا ئەندازەیەك ئەتوانن ببینن و ببیستن و لەدوای ئەوە ئیتر دەســـتەپاچە دەبن لەدەرك کردن و بیستن و بینینی شتەکان، جا هەرکەسێك زۆر لەخۆی بکات زیاد لەئەندازەی ئـــەوەی کە بەژیری دەرکی پێ بکات وەك بیرکردنەوە لەچۆنیەتی صیفاتەکانی خودای گەورە وەك ئەو کەسە وایە زۆر لەخـــۆی بکات کە بەچاوی ئەو دیووی دیوارێك ببینێت، یان بیەوێت دەنگێك لەجێگایەکی زۆر دوورەوە ببیستێ.

## باسی دووەم
## نموونەی تەطبیقی لەسەر دانپێدانان و سەلماندنی ناو و صیفەتەکاندا لەڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە.

قورئانـــی پیرۆز و ســـوننەتی پیغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لــەزۆر جێگا و بەچەند شـــێوەیەکی جیاجیا و بەچەند شـــێوازێك ناو و صیفاتەکانیان بۆ پەروەردگاری بەعیزەت و بالادەست جێگر و سەلماندوە.

نـــاو وصیفاتەکانی خـــودای گـــەورە ئەوانەی لەقورئان و ســـوننەتدا ســـەلمێنراوە یەکجار زۆرن و کتێب و پەرتووك و دانراوی زۆری لەســـەر نووسراوە و زانایانیش زۆرێکیان لێی ژماردووە، ئێمەش لێرەدا هەندێکیان وەك نموونە نەك هەر ئەوەندە بن باس دەکەین:

چەند نموونەیەك لەناوەکانی خودای گەورە و بەرز و بلند:

**الحي القيوم:**

واتا: هەمیشـــە زیندووە و ژیانی تـــەواو و بەردەوامی هەیە، ســـەرەتا وکۆتایی بۆ نییە، هەموو ژیانێکی تر ئەو دەیبەخشـــێت، و ڕاگری خۆیەتی، پێویســـتی بەخەڵـــك نییە، وەڕاگری هەموو خەڵـــکە لەئاسمان و زەوی وهەمووان پێویستیان بەوە.

قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەڵـــگەن لەسەر ئـــەم دوو ناوە، خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ﴾ [البقرة: ٢٥٥] واتا: خـــودا ئەو خوایەیە کە هیچ پەرســـتراوێکی(بەهەق) نیە بێجگەلە ئەو هەمیشە زیندووی تەدبیرکەر و ڕاگری بوونەوەرە.

لە سوننەتی پێغەمبەریش دا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئەو فەرموودەیە کە ئەنەسی کوڕی مالیك (خودای لـێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: كنا مع النبي (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) في حلقة ورجل قائم يصلي فلما ركع وسجد وتشهد ودعا فقال في دعائه: اللَّهُمَّ إني أسألك بأن لك الحمد لا إلــه إلا أنت بديع السماوات والأرض يا ذا الجلال والإكرام يا حي يا قيوم. فقال النبي (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) «لقد دعا باسم الله الأعظم الذي إذا دعي به أجاب وإذا سئل به أعطى»[١] واتا: ئەنەس (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: لەکـۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پێغەمبەردا بووین (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پیاویك هەستا نوێژ بکات جا کاتێك ڕکوع و سوژدەی برد و تەحیاتی خوێند دوعای کرد و وتی: ئەی خودایە من داوات لێ دەکەم ولێت دەپاڕێمەوە کە هەرچی سوپاس و ستایشە بۆ تۆیە، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لەذاتی تۆ، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ئەی خاوەن ڕێز و حورمەت ئەی ئەو کەسەی هەمیشە زیندوویت تەدبیری هەموو کارێك دەکەیت وڕاگری بوونەوەریت، پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: بێگومان بەهەرەناوە بەرز و بلێندەکانی خودای گەورە داوای کرد وپاڕایەوە ئەگەر پێی بپارێیتەوە گیرا دەبێت، و ئەگەر داوای پێ بکرێت پێی دەبەخشرێت.

**الحميد:**

سوپاس دەکرێت بۆ نـاو صیفات و کارەکانی بەنهێنی و بەئاشکرا، لەخۆشـی و ناخۆشیدا، هەر ئەوە شایانی شوکر و سوپاس و خاوەنی سیفەتی کەماڵە.

---

(١) ئەلحاکم بەفەرموودەی ژمارە (١٨٥٦) وەی وتویەتی: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە بە پێی مەرجەکانی ئیمام موسلیم، ئیمامی ذەهەبیش هاوڕایەتی.

ئەم ناوەیش ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری، خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ [البقرة: ٢٧٦] واتا: بزانن بێگومان کە خودای گەورە (الله) زۆر دەوڵەمەندە و بێ نیازە لەهەموو شتێك و شایانی سوپاس و ستایشە.

لە سوننەتیشدا ئەو فەرموودەیەی کەعبی کوڕی عوجرە بەڵگەیە لەسەر ئەم ناوە پیرۆزە کە دەگێڕێتەوە و ئەڵێت: في التشهد أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) علمهم أن يقولوا: «اللَّهُمَّ صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد»[1] واتا: پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێری کردن لە تەحیات و دوای شایەتومان بڵێن: ئەی خودای گەورە صەڵات و سەلام بنێرە بۆ سەر محمد و ئالی محمد هەروەك چۆن صەڵات و سەلامت ناردووە بۆ سەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم، بەڕاستی ئەی خودایە تۆ سوپاسکراو و شایانی سوپاس و ستایشیت و زۆریش خاوەنی فەخر و بەرزی و پلەوپایەیت لە ئاسمانەکان و زەوییدا.

**الرحمن والرحيم:**

**الرحمن:** خودا زۆر بەڕەحم وبە بەزەییە بۆ هەموو دروستکراوەکانی و ئەم ناوە تایبەتە بە خودای گەورەوە و نابێت کەس بەو ناوەوە ناوبنرێت، بەڵام ئەگەر (عبد) ی لەگەڵ بێت ئەوە دەبێت.

**الرحيم:** بەبەزەییە لەگەڵ باوەڕداران لە دونیا و دوارۆژدا.

بەڵگەش لەسەر ئەم دوو ناوە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ [الفاتحة: ٢-٣] واتا: سوپاس و ستایش

---

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٣٧٠)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٤٠٦).

بۆ پـــەروەدگاری جیهانیان ❁ بەخشـــندەی میهرەبـــان، کانگای ڕەحمەت و میهرەبانیە ڕەحمەتی لە دنیادا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام لە قیامەتدا تەنها بۆ ئیمانداران ❁.

سوننەتی پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵـــگەیە لەسەر بڕیاردانی ئەم دوو ناوە بۆ خودای گەورە: أمر النبـــي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتبه یوم الحديبية عند كتابة الصلح بينه وبـــين المشركين أن يكتب (بسم الله الرحمن الرحيم)[١] واتا: پێغەمبەری خـــودای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەڕۆژی صولْح و ئاشـــتەوای کردنی حودەیبیەیە لەگەڵ موشـــریکەکاندا فەرمانی کرد بەنووسەرەکەی کە بنووسێت (بسم الله الرحمن الرحيم) بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان.

**الحليم**: زۆر لەسەر خۆیە لەکارەکانیدا

بەڵـگەش لەسەرئەم ناوە، خودای گەورەئەفەرمووێت: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ [فاطـــر: ٤١] واتـــــا: بەڕاســـتی هـــەر ئـــەو هەمیشـــەو بـــەردەوام خۆگرو ئارامگر و لێخۆشبووە.

لەسوننەتیشـــدا بەڵـــگە ئەو فەرموودەیەیە: عن ابن عباس (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) أن رســـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كان يقول عنـــد الكرب: «لا إله إلا الله العظيم الحليـــم»[٢] واتا: عبداللـــەی کوڕی عەبـــاس (خودایان لـــێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کـــە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەکاتی نارەحەتی و ناخۆشـــیدا ئەیفەرموو: هیچ پەرســـتراوێکی بەهەق و ڕاســـت جگە لە خودای گەورە (الله) نییە کە زۆر بەرز و بلـند و لەسەرخۆیە.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٣١).

(٢) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٣٤٥)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٣٠).

لە صیفاتەکانی خودای گەورەش:

القدرة: هێز و دەسەلات:

ئەمەش صیفەتێکی ذاتیە بۆ خوای گەورە و بە قورئان و سونەت ثابت و جێگیر بووە بۆ خوای گەورە، مانای (صیفەتی ذاتیە) ئەوەیە کە صیفەتێکی جیانەبووەیە لەذاتی خودای گەورە وپاك وبێگەرد و ملازیمی ئەوە ولێی جیا نابێتەوە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ قَدِيرٌ﴾ [البقرة: ٢٠] واتا خودای گەورە (الله) بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەلات و بەتوانایە.

لەسونەتیشدا: عن عثمان بن أبي العاص أنه شكا إلى النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وجعًا يجده في جسده منذ أسلم فقال له رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ): «ضع يدك على الذي تألم من جسدك، وقل: بسم الله ثلاثًا وقل، سبع مرات: أعوذ بعزة الله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر»[1]. واتا: عوسمانی کوڕی ئەبی العاص هاتە لای پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و هاواری ئێش و ئازارێکی ئەکرد، ئێش وئازارێك بوو لەوەتەی موسڵمان بوو بوو پێوەی دەنالاند، پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: دەستت بخەرە سەر ئەو جێگایەی کە ئازاری هەیە لە لاشەتدا و سێ جار بڵێ (بسم الله) بەناوی خودا (الله) و حەوت جاریش بڵێ: پەنا دەگرم بەخودای گەورە و بەهێز وبەدەسەلات لە خراپە و شەڕی ئەوەی هەستی پێ دەکەم ولێی ئەترسم.

الحياة: خاوەن ژیانە وهەر ئەویش ژیان ئەبەخشێ بەهەموو زیندەوەرێك

ئەم صیفەتەش لە صیفەتە ذاتیەکانی خودای گەورەیە، و لە ناوی پیرۆزی (الحي) وەرگیراوە، پێشتر باسی بەڵگەکانی ئەم ناوەمان کرد.

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٠٢).

العلم: خاوەن زانست و زانیاری:

صیفەتێکی ذاتی خودای گەورەیە، ئەم صیفەتە بەقورئان و سـوننەت جێگیر و ثابت بووە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ﴾ [البقرة: ٢٥٥] واتا: هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو.

لەسوننەتیشدا: عن جابر بن عبد الله أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كان يعلمهم أن يقولوا في الإستخارة: «اللَّهُمَّ إني أستخيرك بعلمـك وأستقدرك بقدرتك»[1].

واتا: جابری کـوڕی عبدالله (خودای لێ ڕازی بێـت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێری ئەوەی ئەکردن لەکاتی داوای ئیسـتخارەدا (مەبەست پێی ئەوەیە کەسێك ئەگەر دوودڵ بێت لەکردنی کارێك یان ئیشێك کە نەزانێت کامیان ئەنجام بدات) ئەم دوعایە بلێن: ئەی خودایە من داوات لێ دەکەم بەزانست و زانیاریت و داوات لێ دەکەم کەبەهێز و توانای خۆت هێزم پێ ببەخشیت و دڵم بخەیت بەلایەکیاندا و کارێکیانم بۆ دیاری بکەیت.

الإرادة: ویست و ئیرادە:

ئەم صیفەتە صیفەتیکی فیعلی و کرداری خودای گەورەیە و بەقورئان و سوننەت سەلمێنراوە بۆ خودای گەورە، صیفاتی فیعلی و کرداریش بەندە بە ویست و قودرەت و مەشیئەتی خودای گەورەوە، ئەگەر ویستی ئەنجامی ئەدات و ئەگەر نەیشیوویست نایکات، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ [الأنعـام: ١٢٥] واتە: جا هەرکەسـێك خوا بیەوێت

(١) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٣٨٢).

ڕێنموونی بکات سـینگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام (و بڕوا هێنان) وە هەر کەس خودا بیەوێت گومڕای کات (لەبەر نەشـیاوی خۆی) سـنگی زۆر تەنگ دەکات وەك ئەوەی (بیەوێ) بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان.

**لەسوننەتیشدا:** حدیـث عبد الله بن عمر رضي الله عنهما قال: سمعت رسول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) يقـول: «إذا أراد الله بقوم عذابًا، أصاب العذاب من كـان فيهم ثم بعثوا على أعمالهم»[١].

واتـا: عبداللەی کوڕی عومـەر (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەڵـێت: لەپێغەمبەری خودام (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بیست کە ئەیەفەرموو: ئەگەر خودای گەورەبیەوێت سزای گەلێـك بدات، ئەوا سزا تووشی ئەوانە دەکات کە لەناویاندان، پاشانیش لەسەر ئەو کارانەیان زیندوو دەکرێنەوە.

**العلو:** بەرزی و بڵـندی:

ئەم صیفەتە صیفەتێکی ذاتیە و بە قورئان و سوننەت ثابت و جێگیرکراوە بۆ خودای گـەورە، وەك دەفەرموێت: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى: ١] واتا: بەردەوام تەسـبیحاتی پەروەردگاری بەرز و بلندی خـۆت بکە و بەپاکی ناوی ببەو، واتا: بەپاکی لەهەر کەموکوڕیی و ناتەواوییەکی ڕابگرە، پێشەوا أحمد دەڵـێت: پەیامبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەرکات ئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە ئەیفەرموو: سبحان ربك الأعلى[٢].

هەروەهـا فەرموویەتـی: ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ﴾ [النحـل: ٥٠] واتـا: فریشتەکان لە پەروەردگاری خۆیان کەبەسەریانەوە دەترسن و ئەوەیشی کە فەرمانیان پێ دەکرێت ئەنجامی ئەدەن.

---

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٩٢٨٧).

(٢) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (١/ ٢٣٢).

لەسوننەتیشـــدا بەڵـــگە ئەو فەرموودەیەی کە پێشـــتر باسمان کرد کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاوەڵە بەڕێزەکانی فێرکرد کە لەکاتی نووســـتندا بڵێن: «اللَّهُمَّ أنت الأول فليس قبلك شيء وأنت الآخر فليـس بعـدك شيء وأنت الظاهر فليس فوقك شـــيء وأنت الباطن فليس دونـــك شـــيء»[1] واتا: ئەی خودایە تۆ یەکەمیت و هیچ شتێك پێش تۆ نییە، وە تۆ دواهەمینیت و دوای تۆ هیچ شـــتێك نییە، تۆ ئاشکرایت لەســـەروو تۆوە هیچ شتێك نییە، وە تۆ پەنهانیـــت و لەتۆ پەنهانتر نییە، ئەی خودایـــە قەرزەکانمان بۆ بدەرەوە و لە هەژاری بمانپارێزە و دەوڵەمەندمان بکە لێی.

الإستواء: وەستان:

ئەم صیفەتەش صیفەتێکی فعلی و کرداری خودای گەورەیە و بە قورئان و ســـوننەت بۆ خودای گـــەورە ثابت و جێگیر بـــووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ [طـــه: ٥] واتا: ئەو خودا بەخشـــندەیە چوویە ســـەر عەرشـــی خـــۆی، بەڵێ.. مەبەســـت بەم چوون و ســـەرکەوتنەیە بۆســـەر عەرش، سەرکەوتنێکە شیاوی زاتی بڵندی ئەو بێت، بەو شێوەیە کەسەلەفی سالّح و پێشینانمان تەفسیریان کردووەو، بێ هیچ شوبهاندن و لێکدانەوەیەك.

بەڵـــگە لەسوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەم بارەیەوە: عن قتادة بن النعمان (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: ســـمعت رســـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يقول: «لما فرغ الله من خلقه استوى على عرشـــه»[2] واتا: قەتادەی کوڕی نوعمان (خودای

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٧١٣).

(٢) ئیمامی ذەهەبی لە -العلو- دا بەفەرموودەی ژمارە (١١٩) ڕیوایەتی کردووە، وەووتویەتی: گێڕەرەوەی ئەم فەرموودەیە هەموویان متمانە پێکراوون، ئەلخەلال لە کتابی ئەلسوننەدا ڕیوایەتی کردووە.

لێ ڕازی بێــت) ئەڵێت: لەپێغەمبەری خودام (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیســت کە دەیفەرموو: کاتێك خودای گەورە لە دروســتکردنی دروســتکراوەکانی بوویەوە لەسەر عەرشی خۆی وەستا و قەراری گرت.

مانای (الإســتواء) یش لەزمانــی عەرەبدا بەواتای: بــەرزی و بلندی و قەرارگرتن و بەرزبوونەوە دێت، وەستانی خودای گەورەی بەرز و بلندیش لەســەر عەرشەکەی وەستانێکە شایان و شایســتەی خۆی بێت، بەبێ هیچ جۆرە لێکدانەوە و شــوبهاندنێك و هەموو جۆرە پرســیارکردنێکیش لەم بارەیەوە وەك ئیمامی مالیك وتویەتی: بیدعەیە.

الکلام: گوفتار و قسەکردن:

ئــەم صیفەتەیــش صیفەتێکی ذاتیە بــە ئیعتباری جــۆر و نەوعی، وە صیفەتیکی فیعلی و کرداریە بەئیعتباری تاکە تاکەی گوفتار و قســەکردنی، خــودای گــەورە هەرکاتێك بیەوێــت وچۆنیشــی بوێت قســە ئەکات بەقســەکردنێك کە ببیســترێت، قورئان و سوننەتیش بەڵــگەن لەسەر ئەم صیفەتە بۆ خودای گــەورە، وەك لەقورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ [النســاء: ١٦٤] واتا: بەڕاستی خودای گەورە خۆی لەگەڵ موسادا گفتوگۆی یەکسەری و ڕاســتەوخۆی ئەنجامداوە (مەبەست ئەوەیە بەبێ هیچ جۆرە ناوبەندگیرییەك، نەك بەو واتایەی کە موسی خودای بینیبێت).

هەروەهــا فەرموویەتی: ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ﴾ [الأعراف: ١٤٣] واتا: جا کاتێــک موســا هات بۆ کات و شــوێنی دیاریکراومان، پەروەردگار وتووێژی لەگەڵدا کرد وتی: ئەی پەروەردگارم خۆتم نیشان بدە تا بتبینم.

لەسوننەتیشـــدا هاتووە: حديث أبي هريرة (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) «احتـــج آدم وموســـى فقال له موســـى: يا آدم أنت أبونا خيّبتنا وأخرجتنـــا من الجنة. قال لـــه آدم: يا موســـى اصطفـــاك الله بكلامه وخط لك التوراة بيده...»[1] واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ئادەم وموسا (سەلامی خودایان لێ بێت) بوو بە دەمەقاڵێیان (مەبەست پێی گفتوگۆیان کرد) موســـا بەئادەمی فەرموو: تۆ باوکمان بوویـــت و بێ ئومێدت کردین ولەبەهەشـــت وەدەرتناین، ئادەمیش پێی فەرموو: ئەی موســـى تۆ خودای گەورە بـــۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خـــۆی هەڵیبژاردیت وبەدەســـتی خۆی تەوراتی بۆ نووسیت.

زانایان لەبارەی ئەم بەیەك گەیشـــتنەی ئادەم وموســـا ڕای جیاوازیان هەیە: قال أبو الحسن القاضي: التقت أرواحهما في السماء، فوقع الحجاج بينهما، قال القاضـــي عياض: ويحتمل أنه على ظاهره، وأنهما اجتمعا بأشـــخاصهما، وقد ثبت في حديث الإســـراء أن النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) اجتمع بالأنبياء، صلوات الله وســـلامه عليهم أجمعين في الســـماوات، وفي بيت المقدس، وصلى بهم. قال: فلا يبعد أن الله تعالى أحياهم كما جاء في الشـــهداء. قال: ويحتمل أن ذلك جرى في حياة موسى: سأل الله تعالى أن يريه آدم فحاجه.

واتا: ئەبوئەلحەســـەنی قاضـــی ئەڵێت: ڕۆحەکانیان لەئاســـمان بەیەك گەیشـــتوون و لەوێ ئەو گفتوگۆیە ڕوویداوە، قاضی عیاضیش ئەڵـــێت: پـــێ ئەچێت هـــەر بەزاهیری ڕووی دابێـــت، وبەشـــەخصی کۆبووبنەوە، لەفەرموودەکەی ئیسراو میعراجیشەوە ئیثبات بووە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ)

(١) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٦١٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٥٢).

لەئاسمان و لەبیت المقدیسیش لەگەڵ پێغەمبەران کۆبوویەوە و ئەوانی بینی (سەلامی خودا لەسەر گشـــتیان بێت) و نوێژی بۆکردن، هەر قاضی عیاض ئەڵێت: جا لەبەر ئەمە دوور نییە کە خـــودای گەورە زیندووی کردبنەوە، وە پێ ئەچیت ئەمە هەر لەزەمانی موســـا دا بوو بێـــت و داوای لەخودای گەورە کردبێت کە ئادەمی پیشان بدات، پاشانیش ئەم گفتوگۆیە ڕووی دابێت.

الوجه: ڕوو:

ئـــەم صیفەتەیـــش صیفتێکی ذاتیی خـــودای گەورەیە و بـــە قورئان و سونەت بۆ خودای گەورە ثابت بووە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ﴾ [البقرة: ٢٧٢] واتا: باوەڕداران هیچ شـــتێك نابەخشن مەگەر لەبەر ڕەزامەندی ڕووی ئەو نەبێت.

وە فەرموویەتی: ﴿وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ﴾ [الرحمن: ٢٧] واتا: هەموو کەس لەناو دەچێت تەنها ڕووی پەروەردگاری خاوەن شکۆ و کەرەمکەرت دەمێنێـتەوە.

لەسونەتیشدا: حديث جابر بن عبد الله قال: لما نـزلت: هذه الآية ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ [الأنعام: ٦٥] فقال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) «أعوذ بوجهك»[١]. قال ﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ [الأنعام: ٦٥] فقال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هذا أيسر»[٢].

واتا: جابری کوڕی عبدالله خوای لـــێ ڕازی بێت ئەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ واتا: ئەی محمد بڵێ:

(١) بوخاری–تفسیر القرآن–(٤٣٥٢)، تیرموذی–تفسیر القرآن–(٣٠٦٥)، موسنەدی ئەحمەد(٣/٣٠٩).

(٢) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٤٠٦).

خودای گەورە بەدەسەلاتە کە لەسەرووی سزاتان بۆ بنێرێت، پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: پەنا ئەگرم بەڕووت ئەی خودایە، ئەمجا خودای گـەورە فەرمووی: ﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ واتا: یان سـزاتان لەژێر پێ و لەژێر خۆتانەوە بۆ بنێرێت، دیسان پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: پەنا ئەگرم بەڕووت ئەی خودایە، ئەمجا خـودای گەورە فەرمووی: ﴿أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا﴾ واتا: یـان بەرگی تەفرەقە و لەیـەك جوداییتان بکاتە بـەر و پەرتەوازەتان بکات، ئەمجا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەمەیان ئاسانترە.

الیدان: دوو دەست:

ئەم صیفەتـە صیفەتێکی ذاتیی خـودای گەورەیە وخـۆی خەبەری پێداوە و بەقورئان و سـونەت ئیثبات بووە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُ﴾[المائدة: ٦٤] واتا: نەخێر وانی یە بەڵکو هەردوو دەستی خودای گەورە هەمیشە کراوەیە چۆنی بیەوێت دەیبەخشێت.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ﴾ [ص: ٧٥] واتا: خودا فەرمووی: ئەریٚ ئیبلیس! چی ڕێی لە تۆ گرت کڕنووش بەری بۆ ئەوەی کە بەدوو دەسـتی خۆم دروسـتم کردووە؟ ئایا خۆت لا گەورە بوو، یا لەپلە بەرزان بوویت؟ و سوژدەت بەشیاوی خۆت نەزانی؟.

لەسونەتیشـدا هاتووە: حديث أبي موسى الأشعري (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) الذي رواه مسلم عن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «إن الله يبسط يـده بالليل ليتوب مسيء النهار، ويبسط يده بالنهار ليتوب مسيء الليـل حتى تطلع الشمس من مغربها»(١).

واتا: پێغەمبـەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەفەرمووێت: خودای گەورە

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٥٩).

(الله) بەشەو دەستی ڕادەخات ودەیکاتەوە بۆ ئەوەی گوناهباری ڕۆژ تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای، وە بەڕۆژیش دەستی ڕادەخات و دەیکاتەوە بۆ ئەوەی گوناهباری شەو تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای.

العينان: دوو چاو:

ئەم صیفەتە صیفەتێکی ذاتیی خودای گەورەیە و خۆی خەبەری پێداوە و بەقورئان و سوننەت ئیثبات بووە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ﴾ [طه: ٣٩] واتا: وە تا لەپێش چاو خۆشمدا گەورە بیت و پەروەردە بکرێیت، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا﴾ [هود: ٣٧] واتا: دەبێ لەبەرچاوخۆمانەوەوبەپێی سروش وفەرمانی خۆمان کەشتیەك دروست بکەیت

لەسوننەتیشدا: حديث عبد الله بن عمر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا في الصحيحين عن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أنه قال: «إن الله لا يَخْفى عليكم إن اللهَ ليس بأعور وأشار بيده إلى عينيه، وإن المسيح الدجال أعور العين اليمنى كأنّ عينه عنبة طافية»[١] واتا: عەبدولڵای کوڕی عومەر (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پیغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: بێگومان خودای گەورە لاتان شاراوە نییە، بەڕاستی خودای گەورە یەکچاو نییە، پیغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەم کاتەدا ئاماژەی بۆ هەردوو چاوی کرد، وە مەسیحی دەجالیش چاوی ڕاستی نییە و یەکچاوە و چاوی ئەلێی دەنکە ترێی دەرپۆقیوە.

القدم: قاچ:

ئەم صیفەتە صیفەتێکی ذاتیی پەروەردگارە و بە چەند فەرموودەیەکی صەحیح ثابت بووە، لەو فەرموودانەیش: حديث أبي هريرة في تحاجج الجنة

(١) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٤٠٧)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٣٣).

والنـــار وفيه: «... فأمـــا النار فلا تمتلئ حتى يضع الله تبـــارك وتعالى رجله، تقول قـــط قط قط، فهنالك تمتلئ ويزوي بعضها إلـــى بعض»[١]. وفي بعض الروايات في الصحيحين «فيضع قدمه عليـها»[٢].

واتـــا: ئاگر پـــڕ ناکرێت (واتـــا پڕناکرێت لە بێ بـــاوەڕ و گوناهباران) هەتاوەکو خودای گەورە قاچی ئەخاتە سەری و ئاگر ئەڵـــێت: بەسە بەسە لەوێ پڕدەبێت و هەندێکی پیشـــانی هەندێکی تـــری ئەدرێت، لە هەندێ ڕیوایەتی تری صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە: قاچی ئەخاتە سەر دۆزەخ...

ناو و صیفاتەکانی خودای گەورە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون زۆرن و ناژمێردرێن، ئەمەش تەنها چەند نمونەیەکن و واجبە لەسەر موسڵمان کە دانیان پێدا بنێت و ثابتی بکات بۆ خودای گەورە وبەرز و بلند بەشـــێوەیەك کە شایان و شایســـتەی کەمال و جەلالی خودابن بەو شێوەیەی کە خودای گەورە بۆ خـــۆی بڕیار داوە لە کتێبە پیرۆزەکەیـــدا، چونکە ئەو ئەو زاناترە بەخۆی تا دروستکراوەکانی، هەروەها دان بنێ بەو ناو و صیفەتانەیشی کە پێغەمبەرەکەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ثابتـــی کردوون بۆ خودای گەورە، چونکە زاناترینـــی ناو دروســـتکراوەکانی خودای گەورەیە بەپـــەروەردگاری وە تەواوترین و دڵسۆزترین کەسە بۆ ئامۆژگاری کردنی خەڵـکی و پاراوترین و ڕەوانبێژترین کەســـە لەناو مەخلوقاتەکانی خـــودادا لەڕووی بەیانکردن وەدیسان خواناسترین و لەخواترسترین کەسە، جا بۆیە موسڵمان پێویستە

(١) بوخاری بەفەرمودەی ژمارە (٤٨٥٠) وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٤٦).

(٢) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٤٨٤٨، ٤٨٤٩) وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٤٨).

ئاگاداری ئەوە بێت و هوشـــیار بێت لـــەوەی صیفاتەکانی خودای گەورە تەعطیل بکات یان بیچوێنێ و تەشبیهی بکات بەصیفاتی دروستکراوەکانی خـــودای گـــەورە، لەبەر ئـــەوەی خودای گـــەورە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ [الشورى: ١١] واتا: هیچ شتێك نیە لەوێنەی ئەو بکات،نە لەذاتیدا، نە لە ســـیفاتیدا، نەلە کرداریدا، بۆ خۆی تەنیایەو، لەهەموو شتێك بێ نیازە و هەموو شتێکیش نیازمەندە بەو و هەر ئەویشە بیسەری بینا، بەئاگایە بەوتەی بەندەکانی، بینایە بە کاروکرداریان.

## باسی سێهەم
## چەند بنەمایەك دەربارەی ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە

بنەمای یەکـــەم: (القول في الصفات كالقول في الذات) واتا: قســـەکردن لەبارەی صیفاتەکانـــی خودای گەورە وەك قســـەکردن وایە لەبارەی ذاتی خوداوە.

ڕوونکردنەوە: خودای گەورە هاوتاو و هاوشـــێوە و وێنەی نیە لەذات و صیفات و کرداریـــدا، ئەگەر خودای گەورە بەبـــێ خیلاف و جیاوازی ذاتێکی هەقیقی هەبێت و هیچ ذاتێکی تر هاوشـــێوەی نەبێت هەروەها ئەو صیفاتانەیشـــی کە بەقورئان و ســـوننەت بۆی ثابت بـــووە، هەرهەموویان صیفاتـــی هەقیقیـــن هاوشـــێوە و وێنەیان نییـــە، قســـەکردنیش لەبارەی ذات و صیفاتەکانەوە یەك شتە و هیچ جیاوازیان نییە.

ئەمـــەش بنەما و قاعیدەیەکی گـــەورە و بەرز و بەنرخە، موناقەشـــە و گفتوگۆی ئەوانەی پێ دەکرێت کە ئینـــکاری صیفاتەکانی خودای گەورە دەکەن لەگەڵ ئەوەشـــدا ذات بۆ پـــەروەردگار ئیثبات دەکـــەن، ئیثبات و جێگیرکردنی ذاتیش بۆ خودای پەروەردگار کۆدەنگی ئومەتی ئیســـلامی لەسەرە.

ئەگەر یەکێـــك وتی: من صیفات بـــۆ خودای گـــەورە ئیثبات ناکەم، چونکە ئیثباتکردنی صیفـــــات بۆ خودای گەورە شـــوبهاندن وێچوونی دروستکراوەکانیەتی.

پێی ئەڵێن: تۆ ذاتێکی هەقیقی بۆ خودای گەورە ئیثبات دەکەیت لەگەڵ

ئەوەشـــدا ذاتیش بۆ مەخلوق و دروســـتکراوەکانی خودای گەورە ئیثبات دەکەیت، ئایا ئەمە شـــوبهاندن و لێکچواندن نیە بەپێ قســـەی خۆت؟ جا ئەگەر وتی: من ذات بۆ خودای گـــەورە ئیثبات و جێگیر دەکەم وەك ذاتی مەخلوق و دروستکراوەکانی خودا نییە و بۆ غەیری ئەو نییە، پێی ئەوترێت: ئەم قســـەیەی خۆت بـــۆ صیفاتیش هەر وایە، ئەگـــەر ذاتی خودای گەورە وەك ذاتی مەخلوقەکانی نەبێت هەر ئەم قســـە قسەیەکی ڕاست و دروستە بـــۆ صیفاتی ذاتی ئیلاهی کە هیچ صیفاتێـــك وەك صیفاتی ئەو نییە، ئەگەر وتی: چـــۆن صیفەتێك بـــۆ خودای گـــەورە ثابت و جێگیـــر دەکەیت کە چۆنیەتیەکەی نازانـــم؟ پێی ئەڵێن: هەروەك چۆن تـــۆ ذاتێکت بۆ خودای گەورە ثابت و جێگیر کردوە و چۆنیەتیەکەی نازانیت.

**بنەمای دووەم**: (القول فی بعض الصفـــات کالقول في بعضها الآخر) واتا: قســـەکردن لەبارەی هەندێك لەصیفاتەکانی خودای گەورە وەك قسەکردن وایە لەبارەی هەندەکەی تری.

ڕاڤەکردنی: قسەکردن لەبارەی هەندێك لەصیفاتەکانی خودای گەورەوە لەڕووی ئیثباتکردن و نەفی کردن و ڕەد کردنەوەیەوە، وەك قســـەکردن وایە لەبارەی هەندەکـــەی تریەوە، ئەم بنەما و قاعیدەیە موناقەشـــە و گفتوگۆی ئەو کەســـانەی پێ دەکرێت کە هەندیك صیفات بۆ خودای گەورە ثابت و جێگیر دەکات، بەڵام ئینکاری هەندێك صیفاتی تر دەکات، ئەگەر کەسێك هەندێکـــی صیفات بۆ خودای گەورە ثابـــت دەکات وەك صیفاتی (الحیاة) ژیان و(العلم) زانست (القدرة) و قودرەت و توانا (السمع) و بیستن (البصر) بینین وهەندێك صیفاتی تریش، باوەڕی وایە هەموو ئەم صیفەتانە هەقیقین

کەچـــی ململانێی صیفەتی (المحبة) خۆشویســـتن (الرضـــا) و ڕەزامەندی (الغضب) تووڕەبوون و چەند صیفاتێکی تریش دەکات و ئیثبات و جێگیریان ناکات بۆ خودای گەورە، و لەبری ئەمە ئەڵێت ئەم صیفەتانە (مجاز) هەقیقی نین بـــۆ خودای گەورە، لێرەدا پێی ئەڵێین: هیچ جیـــاوازی نییە لەنێوان ئەو صیفەتانەی کە تۆ ثابتی ئەکەیت بۆ خودای گەورە لەگەڵ ئەو صیفەتانەی کە نەفیان دەکەیت، قسەکردن لەبارەی یەکێکیانەوە وەك قسەکردن وایە لەبارەی ئەوانی تریشـــەوە، ئەگەر صیفاتی (ژیان و زانست و توانا و بیستن و بینین) بۆ خودای گەورە ثابت دەکەیت و نایانشوبهێنیت بەهەمان ئەو صیفەتانەی کە بۆ مەخلوق و دروســـتکراوەکانی بڕیار دراوە، کەواتە لەسەرت پێوستە صیفاتەکانی (خۆشویســـتن و ڕەزامەندی و تووڕە بـــوون) یش بۆ خوای گـــەورە ثابت و جێگیر بکەیت هەروەك چۆن خودای گەورە بۆ خۆی بڕیار داوە، بەبێ چواندن و شوبهاندنی بە مەخلوق و دروستکراوەکانی، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەکەویتە ناو تەناقض و وتەی دژ بەیەك.

**بنەمای ســـێهەم:** (الأســـماء والصفات توقيفية) واتا: نـــاو و صیفاتەکانی خودای گەورە تەوقیفین و بەبێ بەڵـگەیەك بڕیار نادرێن.

شیکردنەوە: ناو صیفاتەکانی خودای گەورە هەر هەموویان تەوقیفین و هیـــچ مەجالێکی تێدا نییـــە بۆ عەقڵی مرۆڤەکان لەو ڕووەوە کە تەفســـیر ولێکدانـــەوەی بۆ بکەن، هەر بۆیە پێویســـتە لەســـەریان بوەســـتین وەك ئەوەی لەقورئان و سوننەتدا هاتوون و بەهیچ شـــێوەیەك نابێت لێیان زیاد و کـــەم بکرێت، چونکە عەقڵ ناتوانێت دەرك بـــەو ناو صیفاتانە بکات کە شـــایانی خودای گەورەن، جا بۆیە دەبێت لەسەریان بوەستین وەك ئەوەی

لەدەقەکاندا هاتووە، خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا﴾ [الإسـراء: ٣٦] واتا: وە شوێن شتێ مەکەوە کە زانیاریت دەربارەی نییە بەڕاستی گوێ و چاو و دڵ هەموو ئەوانە (خاوەنیان) پرسیار لێکراوە.

ئیمام وپێشەوایانی ئیسلام لەسەر ئەم مەنهەجە بوون، ئیمام ئەحمەد (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) ئەڵێت: «خودای گەورە وەصف ناکرێت ئەو شێوەیە نەبێت کە خودای گەورە خۆی وەصف کردووە، یان بەو شێوەیە نەبێت کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خودای پێ وەصف کردووە، نابێت لەسنووری قورئان و فەرمودە دەربچێت» هەندێك لەزانایانیش بڕیاری ئەوەیان داوە، زانیاری بەشتێك هەتاوەکو بتوانرێت ئەو شتە وەصف بکرێت سێ ڕێگای هەیە: بەبینی ئەو شتە دەبێت، یان هاوشێوەی ئەو شتەت ببینیت، یان کەسێك ئەو شتە بناسێت و وەصفی بکات، زانیاری و علیمی ئێمەش بەخودای گەورە و پەروەردگار و ناو و صیفاتەکانی تەنها لە ڕێگای سێهەمدا دەبینێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەسێکی شارەزای ئەو شتە بۆت وەصف بکات، دیارە هیچ کەسێکیش لەخودای گەورە شارەزاتر نییە لە ذاتی خودا (الله) وە پاشان کەسیش شارەزاتر نییە لەپێغەمبەرەکانی ئەوانەی کە وەحییان بۆ کراوە و خودای گەورە فێری کردون، جا بۆیە پێویستە ڕێگای وەحی بگیرێتە بەر بۆ ناسینی ناو صیفاتەکانی خوای گەورە، چونکە بێگومان ئێمە لە دونیادا خودای گەورە نابینین تا خۆمان وەصفی بکەین، و دیارە خودای گەورەش وێنە و هاوشێوەی نییە لەدروستکراوەکانیدا تا بەوەصفی ئەوان وەصفی خودای پەروەردگار بکەین، پاك و بێگەردی بۆ خودای گەورە و میهرەبان..

**بنەمای چوارەم:** (أسماء الله كلها حسنى) واتا: ناوەکانی خودای گەورە هەر هەموویان زۆر جوانن و ڕێکوپێکن.

ناوەکانی خـــودای گەورە هـــەر هەموویان زۆر جوانن، بەشـــێوەیك لەو پەڕی ڕێکوپێکی جوانییدان، خـــودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [الأعــراف: ١٨٠] واتا: هەر بۆ خودایـــە جوانترین و چاکترینی ناوەکان، ئەمـــەش لەبەر ئەوە بەڵـــگەیە لەســـەر جوانتریـــن و چاکترین وپڕشکۆترین کەسێك ئەویش خودای گەورەیە، لەبەر ئەوەی صیفاتەکانی کەماڵ و تەواوی هەر هەموویان لەخوادا هەن و بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان نە بە گریمانە و نە بە وادانان ناتەواوی لە ناو و صیفاتەکانیدا نیین.

نموونەی ئەمەش: (الحي) ناوێکـــە لەناوەکانی خودای گەورە کە مانا و واتای ژیانی تەواوی تێدایە بۆ ذاتی خودا بەشێوەیەك کاتێك نەبووە کە خودا نەبووبێت یان کاتێك بێت خودا لەناوبچێت، ژیانێکی تەواوی وا کە صیفاتی کەماڵ و تەواوی لە زانســـت وتوانا و بیستن و بینین و غەیری ئەمانەیش بۆ خودا پێویست دەکات، نموونەیەکی تر (العليم) زۆر زانایە و زانستی لەوپەڕی تەواویدایە، ناوێکە لەناوەکانی خودای گەورە و زانســـت و زانیاری تەواو و کاملْ بۆ خودای پەروەردگار پێویست دەکات، بەشێوەیەك هیچ کاتێـك نەبووە خودا نەزانن بووبێت یان کاتێك بێت خودا لەبیری بچێـــتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٍ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾ [طه: ٥٢] واتا: مووســـا فەرمووی زانیاری ئەوە لای پەروەردگارمـــە لەپەڕاوێکدایە پەروەردگارم هیچی لێ ون نابێ و هیچی لە بیر ناچێت.

زانیاری و زانستێکی فراوانی وا کە بەوورد و درشتی ئاگاداری هەمو و

شـــتێکە، جا ئەگەر چی ئەو زانیاریە پەیوەندی بە کار و کرداری ذاتی خۆی یـــان مەخلوقەکانیەوە بێت، خـــودای گەورە لەم بارەیـــەوە فەرموویەتی: ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾ [غافـــر: ١٩] واتا: خودا دەزانێ بە خیانەتی چاوان و هەرچی دڵان دەیشارنەوە.

جوانی ناوەکانی خودای گەورەش بە ئیعتیباری یەکە بەیەکەی ناوەکانی خودایـــە، وە بە ئیعتبـــاری کۆکردنەوەی ناوێك لەگـــەڵ ناوێکی تردا، بەم کۆکردنەوەی ناوێك لەگەڵ ناوێکی تری خودای گەوردا کەماڵ و تەواوی لەسەر کەماڵ و تەواوی بۆ ذاتی خودا بڕیار دەدرێت.

نمونەی ئەمەیش: (العزیز الحکیم) خودای گەورە زۆر جار لەقورئانی پیرۆزدا لەگەڵ یەك هێناونی و کـــۆی کردونەتەوە، هەر یەك لەم ناوانەیش دەلالەت لەکەماڵێکـــی تایبەتی دەکەن ومانایـــەك دەگەیەنن ئەویش بریتیە لەدەسەلات و عیززەت لەعەزیزەوە لەگەڵ حیکمەت و دانای لەحەکیمەوە، کۆکردنەوەی هەردوو ناوەکەیش بەڵگەیە لەسەر کەمال و تەواویەکی تریش ئەویـــش بریتیە لە عیززەت بۆ خودای گەورە لەگـــەڵ حیکمەت و دانایی، عیززەتەکەی زوڵم وستەم ناگەیەنێت، هەروەك چۆن عیززەتی هەندێك لە دروستکراوەکانی زوڵم و ســـتەم ئەگەینێت، هەروەها حوکم و حیکمەتی خودای گـــەورە وهێنانی لەگـــەڵ عیززەتی تەواو زۆر جیـــاوازە لەحوکم و حیکمەتی دروســـتکراوەکانی کە زەلیلی لەخۆیـــان دائەماڵن، ئەمەیش خودای گەورە زانا و شارەزاترە پێی.

لەکۆتایی ئەم بەشـــەوە ئاماژە بە کۆمەڵێك سوود و قازانج و بەروبووم ئەکەین کە موســـڵمان بە جێبەجێکردنی ئەم بنەما بەرز و پیرۆزە بەدەستیان

دەهێنێـــت ئەویش باوەڕ بەخودای گەورە (الله) تاك وتەنهای بێ شـــەریك وبێ هاوەڵە لە پەروەردگاریەتی و پەرستن وناو و صیفاتە جوانەکانیدا، لەو سوود و قازانج و بەروبوومانەیش:

١. بەنـــدەکان بـــەم بنەما بـــەرز و پیـــرۆزە بەختـــەوەری و خۆشـــبەختی دونیا و دوارۆژ بەدەســـت دەهێنن، نەك هەر ئەوەندە بەڵـــکو بەختەوەری دونیـــا و دوارۆژ بەندە بـــە باوەڕەکەی بەخـــودای گەورە، بەشـــی بەندە لەم بەختەوەریـــە بەگوێـــرەی باوەڕەکەیەتی بەپـــەروەردگاری و باوەڕ بە ناو و صیفات و خوداپەرستیەتیەکانی بەتاك و تەنهایی.

٢. باوەڕی بەندەکان بە پەروەردگاریان و بەناو و صیفاتەکانی گەورەترین هـــۆکاری ترســـن لەخـــودای گـــەورە و گوێڕایەڵی کردنـــی، هەرچەند و بەئەنـــدازەی ئـــەوەی بەنـــدەکان زیاتـــر پەروەردگاریان دەناســـن بەو ئەندازەیەش لەخودای گەورە نزیك دەبنەوە ولێی دەترسن و زیاتر بەشوێن بەندایەتی وپەرســـتنەکانیدا دەڕۆن و زیاتریش لەگوناە و تاوان وسەرپێچی پەروەردگاریان دوور دەکەونەوە.

٣. بەندە بەم باوەڕەی دڵ و دەرون ئارامی بەدەســـت دەهێنێت و خاطراتی ڕام دەبێت و ئەمن و ئاســـایش و هیدایەت لەدونیا و دوارۆژدا مســـۆگەر دەکات، خودای گەورەیـــش فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨] واتا: ئەوانـــەی کە بڕوایان هێناوە و دڵیان ئارام دەبێت بەیادی خودا ئاگادار بن کە هەر بە یادی خودا دڵەکان ئارام دەبن.

٤. بەدەست هێنانی ئەجر و پاداشتی قیامەت بەندە بەباوەڕ بوون بە خودای گەورە و ڕاســـت و دروستی ئەو باوەڕەوە، بە بەجێهێنانی و جێبەجێکردنی

پێویستیەکانی بەندەکان پاداشتی دوارۆژ بەدەست دەهێنن، دەچنە بەهەشتێکەوە پانتایی و فراوانیەکەی بەئەندازەی پانتایی و فراوانی ئاسمانەکان و زەوییە، لەو بەهەشتانەدا نیعمەت و خۆشییەکی وای تێدایە بەندەکان بەچاوەکان نەیانبینیوە و بەگوێکانیشیان نەیانبیستووە و بەخەیاڵیش نەهاتووە بەدڵیاندا، هەروەها لە سزای دۆزەخیش ڕزگاریان دەبێت، لەهەموو ئەمانەیش گەورەتر ئەوەیە کە ڕەزامەندی خودای گەورە و سەرفرازی بەدەست دەهێنێت کە هەرگیز لێی زویر نابێت، و لەزەت وەردەگرێت بەبینی ڕووی پەروەردگاری لەڕۆژ دواییدا بەبێ ئەوەی ئیتر لەو ڕۆژەدا تووشی زەرەروزیان و بەڵاو موصیبەت ببێت.

٥. هەرباوەڕ بەخودای گەورە بە (الله) یە کە کاروکردەوەکان ڕاست دەکاتەوە و وایان لێ دەکات جێگای قبوڵ بن لای پەروەردگار، ئەگەر باوەڕ بەخودا نەبێت کار و کردەوەکان هچیان سوود و قازانجیان نابێت و دەدرێن بەدواوە و وەرناگیرێن لە خاوەنەکانیان ئەگەر چی زۆر و جۆراوجۆریش بن، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ [المائدة: ٥] واتا: ئەوەی بێ باوەڕ بێ بە ئیمان و شەریعەتی ئیسلام ئەوە بێگومان کردەوەکانی هەڵدەوەشێتەوە وە لە ڕۆژی دواییدا یەکێکە لەڕەنج بێبەران، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَرَادَ ٱلْءَاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ [الإسراء: ١٩] واتا: هەرکەسیش پاشە ڕۆژی لامەبەست بێ و هەوڵیشی بۆ بداو، لەهەمان کاتیشدا بڕوادار بێت بەخوداو بە بەرنامەکەی خودا، هەوڵ و کۆششی ئەمانە جێگەی سوپاسەو، بەچەند بەرامبەریش پاداشی لە سەر وەردەگرن.

٦. باوەڕی صەحیح و ڕاســـت ودروســـت بە خودای گـــەورە وادەکات لەخاوەنەکـــەی کـــە پابەندی هەق و ڕاســـتی بێت و بەعیلـــم و عەمەلەوە شـــوێنی بکەوێـــت، هەورەها بەندە وا لـــێ دەکات کە هەمیشـــە ئامادەیی هەبێت بۆ وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری بەسوود و کاریگەر، وە ئەم باوەڕە فیترەتی پاکـــی مرۆڤ و نیەتی باش ســـەلامەت دەکات، و هەمیشـــەیش دەســـت پێشـــخەری بکات لەکاری خێر و چاکە و دوورکەوتنەوە لەکاری خراپ و قەدەغەکراو، لەگەڵ دەســـتگرتن بە ئاداب و خوو ڕەوشتی جوان و شیرین.

٧. باوەڕ بەخودای گەورە پەناگای بڕوادارانە لەهەموو خراپە و شەڕو شۆڕ و ترس و بیم ودڵتەنگی و ئەمن وئاسایش و سەرپێچی و گوێڕایەڵی و چەند شـــتێکی تریش کە هەر دەبێت هەموو کەســـێك ئـــەم پەناگایەی هەبێت، لەکاتی خۆشەویســـتی و دڵخۆشـــی پەنای بۆ دەبەن و شـــوکر و سوپاسی خودای لەســـەر دەکەن و نیعمەتەکانی خودای گەورە لە ڕەزامەندی ئەودا بـــەکار دەهێنن، وە لەکاتی ناخۆشـــی و خراپە و دڵتەنگیـــدا پەنا دەبەن بۆ باوەڕ بەخوا بوون و دڵ نەوایی خۆیانی پێ دەکەن و ئەجر و پاداشـــتی پێ بەدەســـت دەهێنن لای پەروەردگاریان، وە لەکاتی ترس و بیم ودڵتەنگیدا پەنا بۆ بڕوا بەخودا بوون دەبەن و دڵیـــان پێی ئارام دەبێتەوە وباوەڕەکەیان پێی زیـــاد دەکات و متمانەیان بە پەروەردگاریان مەزنتر دەبێت، وە لەکاتی گوێڕایەڵـــی خودای گەورە و موەفق بوونیان لەکاری خێر و چاکەدا هانای بۆ دەبەن و شعور بە نیعمەتەکانی ئەو ذاتە بەرز و پیرۆزە دەکەن، و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە خودای گـــەورە ئەو نیعمەتانەیان بۆ تەواو بکات، وداوای

بەردەوامی و ئەباتی لێ دەکەن و ئەپاڕێنەوە کە پەروەردگار موفقیان بکات بۆ وەرگرتنیان، وە لەکاتی کەوتنە ناو تاوان و گوناهێکیشـــەوە دیسان هانا بـــۆ بڕوا بەخودا بـــوون دەبەن وخێرا تەوبە دەکەن و هـــەوڵ ئەدەن خۆیان لەشـــەڕ و خراپەی ڕزگار بکەن، باوەڕدار لەهەمـــوو کاتێکیدا، لە هەموو هاتن و چوون وجوڵە و ســـەکەناتێکیدا هەمیشـــە پەنا بۆ خودای گەورەی تاك و تەنها دەبەن.

٨. ناسینی ناو و صیفاتەکانی خودای گەورە خۆشەویستی ئەو ذاتە پیرۆزە لەدڵەکاندا دەچەســـپێنێت و پێویســـتی دەکات، چونکە ناو و صیفاتەکانی خودای گەورەی باڵادەســـت لەهەموو روویەکەوە تـــەواون و دەروونی مرۆڤیـــش وا خولقاوە کـــە کەماڵ و فەزڵـــی خۆش بووێـــت، جا ئەگەر خۆشەویســـتی خودا لەدڵەکانـــدا جێگیر بوو و چەســـپا ئەوا ســـەرجەم ئەندامەکانی لاشەیشـــی گوێڕایـــەڵ دەبن بۆی و ئەو کاتـــە ئەو حیکمەتە گەورەیەی خودا دێتە دی کە پەروەردگار بەندەکانی لەپێناودا خولقاندووە، ئەویش بریتیە لە پەرستنی خودای گەورە وپەروەردگار بەتاك و تەنهایی.

٩. زانیـــاری بەنـــاو صیفاتەکانی خودای گـــەورە هێزی یەقیـــن و دڵنیای ئەوە لای بەندەکان دروســـت دەکات کە خودای گـــەورە تاك و تەنهایە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دروســـتکراوەکانیدا و هیچ شەریك و هاوەڵێکی نییە، ئەمەش ڕاســـتی پشـــت و پەنا بەخودا بەســـتن و تەوەکول بەخودای گەورە دەچەســـپێنی لەبەدەســـتهێنانی بەرژەوەندیەکانی دیـــن و دونیایدا، لەمەشدا سەرفرازی و ســـەرکەوتنی بەندەکانی خودا دەسەلمێت، بەوەی هەرکەسێك پشت و پەنای خودا بیت هەر ئەویشی بەسە.

١٠. ژماردنـــی ناو و صیفاتەکانی خودای گـــەورە و علیم پێ بوونیان بنەما و ئەصلـــی عیلمە بەهەموو مەعلومێك، جا هەمـــوو زانیاریەکیش جگە لە ذاتی خودای گەورە یان دروســـتکراوی ئەون یان فەرمانی ئەون، ئەمەش یـــان زانیاریە بەوەی بڕیـــاری داوە و مرۆڤ ناتوانێت ســـەرپێچی بکات، یـــان زانیاریە بـــەوەی خودای گـــەورە بڕیاری داوە و مرۆڤ سەرپشـــکە لەکردن و نەکردنیان واتـــا خودای گەورە موخەیەری کردووە لەنێوانیاندا، سەرچاوەی خەلق و فەرمانەکانیشی کە لەناوە جوانەکانیەوەن هەردووکیان پەیوەســـتن بەو ناوانەوە پەیوەســـتیەکی بەجۆرێك کە لێك جودا نابنەوە، جا هەرکەســـێك توانی ناو و صیفاتەکانی خودای گـــەورە بژمێرێت ئەوە توانیوویەتی سەرجەم زانستەکان بژمێریت، ئەمەش کارێکی مەحاڵە.

بەم جۆرەش هاتینە کۆتایی ئەم بەشـــە و لەخوای گەورە داواکارین کە خوو و ڕەوشتمان بەناو و صیفاتە جوانەکانی خۆی بڕازێنێـتەوە...

# دەروازەی دووەم
# پایەكانی تری باوەڕ كە پێنج بەشی لەخۆ گرتووە

## بەشی یەكەم:
## باوەڕ بە فریشتەكان

ئەمەش سێ باس لەخۆی دەگرێت

**باسـی یەكەم:** پێناسـەی فریشـتە و بنەمای دروسـتكردن و سیفات و هەندێك لە تایبەتمەندیەكانی.

**باسی دووەم:** پلەوپایەی باوەڕ بەفریشتەكان و چۆنیەتی و بەڵـگەكان لەسەری

**باسی سێهەم:** كار و ئەركەكانیان

## بەشی دووەم:
## باوەڕ بە كتێب و نامە ئاسمانییەكان

**ڕێخۆشكردن:** پێناسەی وەحی لەزمانەوانی و شەرعداو ڕوونكردنەوەی جۆرەكانی

**باسی یەكەم:** حوكمی باوەڕ بەكتێبەكان و بەڵگەكانی

**باسی دووەم:** چۆنیەتی باوەڕهێنان بە كتێبەكان

**باسی سێهەم:** تەورات و ئینجیل وسەرجەم كتێب و پەڕاوە ئاسمانییەكان دەستكاری كراوون و گۆڕدراون و قورئانیش سەلامەتە لەوەها كارێك

**باسی چوارەم:** باوەڕ بەقورئانی پیرۆز و تایبەتمەندیەكانی

## بەشی سێهەم
## باوەڕ بە پێغەمبەران

**باسی یەکەم:** حوکمی باوەڕ بە پێغەمبەران و بەڵگەکانی

**باسی دووەم:** پێناسەی النبي و الرسول و جیاوازی لەنێوانیاندا

**باسی سێهەم:** چۆنیەتی ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەران

**باسی چوارەم:** ئەوەی لەسەرمان پێویستە بەرامبەر بەپێغەمبەران

**باسی پێنجەم:** پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەزیمەتە بەرزەکان

**باسی شەشەم:** تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرمان محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و مافەکانی بەسەر ئوممەتەکەیەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بینینی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا هەقە

**باسی حەوتەم:** کۆتایی پەیامبەرایەتی و ڕوونکردنەوەی، ئەوەی کەپاش پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئیتر پێغەمبەری تر نایەت

**باسی هەشتەم:** هەقیقەت و بەڵگەی شەوڕەویکردن بە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

**باسی نۆیەم:** وتەی ڕاست لەسەر ژیانی پێغەمبەران سەلامی خودایان لێ بێت

**باسی دەیەم:** موعجیزەی پێغەمبەران و جیاوازی لەنێوان موعجیزەی ئەوان وکەراماتی ئەولیائدا

**باسی یازدەیەم:** وەلی و ولایەت لە ئیسلامدا

## بەشی چوارەم
## باوەر بەڕۆژی دوایی

**باســی یەكەم:** نیشــانەكانی ڕۆژی دوایی و جۆرەكانی (أشراط الساعة وأنواعها)

**باسی دووەم:** خۆشی و سزاكانی ناو گۆڕ، سێ دواكاری لەخۆگرتووە

**باسی سێهەم:** باوەڕ بەزیندووبوونەوە

## بەشی پێنجەم
## باوەڕ بە قەزا و قەدەر، ئەمەیش دوو لێكۆڵینەوەی لەخۆ گرتووە

**باســی یەكەم:** پێناســەی قەزا و قەدەر، بەڵــگەكانی ئیثبات بوونیان، لەگەڵ ئەو جیاوازیەی كە لەنێوانیاندا هەیە

**باسی دووەم:** پلە ومەرتەبەكانی قەدەر

## بەشی یەکەم:
## باوەڕ بە فریشتەکان

ئەمەش سێ باس لەخۆی دەگرێت

**باســـی یەکەم:** پێناســـەی فریشـــتە و بنەمای دروســـتکردن و سیفات وهەندێك لە تایبەتمەندیەکانی.

**باسی دووەم:** پلەوپایەی باوەڕ بەفریشتەکان و چۆنیەتی و بەڵـــگەکان لەسەری

**باسی سێهەم:** کار و ئەرکەکانیان

## باسی یەکەم
## پێناسەی فریشتە (الملائکة)
## وبنەمای دروستکردن و سیفات و هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی

پێناسەکەیان:

الملائكة: کۆی (مَلَك)ـە کە لەوشەی (الألوك) واتا: پەیام وەرگیراوە.

ئەم فریشتانە دروســـتکراوێکن لەدروستکراوەکانی خودای گەورە کە لاشەیەکی نوورانی ناسکیان هەیە توانای ئەوەیان هەیە، کە خۆیان بگۆڕن و شێوەی خۆیان بەشێوەیەکی جوان و ڕێزدار بخەنە سەر وێنەی شتانی تر، هێز و دەسەڵاتێکی گەورەیان هەیە بۆ ڕۆشتن وهاتن، ئەم فریشتانە ژمارەیان زۆر زۆرە و هیچ کەســێك جگە لەخودای گـــەورە ژمارەیان نازانێت، وە پەروەردگار هەڵیبژاردوون بۆ بەندایەتـــی بەجێهێنانی فەرمانەکانی خۆی، بەهیچ شێوەیەك بێ فەرمانی و ســـەرپێچی خودای گەورە ناکەن و ئەوەی فەرمانیان پێ دەکرێت بێ کەموکورتی هەمووی جێبەجێ دەکەن.

فریشتەکان لەچی دروستکراون؟

نوور ئەو مادەیەیە کە خودای گەورە فریشـــتەکانی لێ دروســـتکردووە، بەڵـــگەش بۆ ئەمە ئەم فەرموودەیە: عن عائشـــة رضـــي الله عنها قالت: قال رسول الله (ﷺ): «خلقت الملائكة من نور. وخلق الجان مـــن مارج من نار، وخلق آدم مما وصف لكـم»[1] واتا: عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمو ویەتی: فریشتەکان

---

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٩٦).

لە نوور دروستکراون، وە جنۆکەکانیش لە گڕ و بلـێسەی ئاگر دروستکراون، وە ئادەمیش لەوە دروستکراوە کە بۆتان باسکراوە – واتا لە گڵ –.

**سیفەتەکانی فریشتە:**

دەقەکانـــی قورئانی پیرۆز و ســـوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ باسی سیفەتەکانی فریشتە و هەقیقەتیان دەکەن، لەو دەقانەیش:

لەقورئاندا بـــەوە وەصفکراون کە زۆر بەهێـــزن و توند و تیژن، وەك دەفەرموویێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ﴾ [التحريـــم: ٦] واتا: ئـــەی ئەوانەی باوەڕتـــان هێناوە خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن لەئاگرێك کە ســـووتەمەنیەکەی لاشـــەی خەڵـك و بەردە، ئاگرێك کۆمەڵە فریشتەیەك سەرپەرشتی دەکەن زۆر توند و تیژ و بەهێز و دڵ ڕەقن.

خودای گەورەیش لەوەصفـــی جوبرەئیلدا ئەفەرموویێت: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ﴾ [ النجم: ٥ ] واتا: جوبرەئیلی زۆر بەتوانا (پێغەمبەری) فێر کردووە.

هەروەهـــا فەرموویەتـــی: ﴿ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ﴾ [التكويـــر: ٢٠] واتا: جوبرەئیل خاوەنی هێزو دەسەڵاتە لای خاوەنی عەرش و فریشتەیەکی پایەدارە.

هەروەها وا وەصفکراون کە لاشـــە و جســـمێکی گەورەیان هەیە، لە ســـەحیحی موســـلیمدا هاتووە لەفەرموودەیەکی عائیشـــەوە (خودای لێ ڕازی بێت) کە ئەڵـــێت: ســـألت النبي (ﷺ) عن معنى قوله تعالى ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ﴾ [التكوير: ٢٣] فقال: «إنما هو جبريل لم أره على صورتـه الـتي خلق عليها غير هاتين المرتين رأيته منهبطا من الســـماء سادا عظم خلقه ما بين

السماء إلى الأرض»[1] واتا: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەربارەی ئـەوەی خـودای گـەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدۡرَءَاهُبِٱلۡأُفُقِٱلۡمُبِينِ﴾ [التكویـر: ٢٣] ئەویش لەوەڵامـدا فەرمووی: ئەوە جوبرەئیلە کە لەسـەر ئەو شێوەیەی لەسـەری دروسـتکراوە نەمبینی، جگە لەدوو جار نەبێت کە بڵاو بوویەوە بەئاسـماندا و لەگەورەیی خۆی نێوان ئاسمان و زەوی گرتبووەوە.

ئیمامی ئەحمەدیش لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، ئەڵـێت: «رأى رسـول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) جبريل في صورته، وله سـتمائة جناح، كل جناح منها قد سد الأفق يسـقط من جناحه مـن التهاويل والدر والياقوت ما الله به عليم»[2] واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) جوبرەئیلی لەسـەر شـێوەی خۆی بینیووە، کە شەش سـەد باڵی هەبووە، هەموو باڵـێکی ئاسۆی ئاسمانی گرتبوو، کە لەباڵەکانیەوە دوڕ و مرواری یاقوت ئەکەوتە خوارەوە، ئای خودای گەورە چەند زانایە پێی. حافظی ابن کثیر ئەڵـێت: سەنەدی ئەم فەرموودەیە سەنەدێکی باشە.

وروى أبو داود من حديث جابر بن عبد الله رضي الله عنهما أن رسـول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) قال: «أذن لي أن أحدث عـن ملك من ملائكة الله من حملة العـرش إن ما بين شحمة أذنه وعاتقه مسيرة سـبعمائة عام»[3] واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمـووی: ڕێگام پێدرا کە باسـی یەکێك لەو فریشـتانە

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٧٧).

(٢) موسنەدی ئەحمەد: (١/ ٣٩٥)، (٦/ ٢٩٤).

(٣) سونەنی ئەبی داود: (٥/ ٩٦)، بەفەرموودەی ژمارە (٤٧٢٧).

بکەم کە عەرشیان هەڵگرتووە، بێگومان نێوان نەرمەی گوێی هەتا گەردنی حەوت سەد ساڵ ڕۆژە ڕێیە.

هەیثەمی لە کتێبی (المجمع) دا ئەڵێت: پیاوانی سەنەدی ئەم فەرموودەیە پیاوانێکی سەحیحن.

فریشتەکان جیاوازیان هەیە لەشێوەی دروستکردن و توانایانەوە، چونکە هەموویان لەیەك پلەدا نین، هی وایان هەیە دوو باڵی هەیە، هی واشیان هەیە سێ باڵی هەیە، هەندێکی تریشیان چوار باڵی هەیە، وەهەیشیانە کە شەش سەد باڵی هەیـــە، خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموویت: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ﴾[فاطر:١]واتا: سوپاس وستایش بۆ خودایە، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی کە خاوەنی چەندەها باڵن، هەیانە دوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لە دروستکردندا هەرچی بوێت زیادی دەکات.

یەکێکی تر لە ســـیفاتی فریشتەکان ئەوەیە زۆر جوان و شۆخ و شەنگن لەوپەڕی ڕازاوەییدان، خودای گەورە لەبارەی جوبرەئیلەوە ئەفەرموێت: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ * ذُو مِرَّةٖ فَٱسۡتَوَىٰ﴾ [النجم: ٥، ٦] واتـــا: جوبرەئیلی زۆر بەتوانا (پێغەمبەر) ی فێر کردووە * خاوەن مەتانەت لە ژیریی و هۆشدا، جا لەسەر ئەو شێوەیەی خوا دروستیکردووە زۆر بەڕێك و پێکی وەستاو خۆی نیشاندا*.

ابن عباس (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەڵـــێت: مەبەســـت لە (ذو مرة) ئەوەیە کـــە ڕواڵەتێکی جوانی هەیە، قەتادەیش ئەڵـــێت: خاوەن باڵایەکی بەرزی جوانە.

خودای گەورە لەبارەی ئەو ئافرەتانەیشی کاتێك یوسف پێغەمبەریان بینی (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) دەفەرمووێــت: ﴿فَلَمَّا رَأَيۡنَهُۥٓ أَكۡبَرۡنَهُۥ وَقَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّ وَقُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٞ كَرِيمٞ﴾ [یوســف: ٣١] واتا: ئینجا هەر کەیوســف هات و دیتیان، بەشتێکی گەورەو بێ وێنە و دلڕفێنیان دانا، ئیتر حەپەسان و مەست و حەیران بــوون، و چاویــان تێبڕیی و ئاگایــان لەخۆیان نەماو، دەســتی خۆیانیان بــڕی، و وتیان: پــاك و خاوێنی هەر بۆ خودا، (بەڵێ ئەو رســتەی (حاش لله) لەکاتی شتی سەرســوڕهێنەردا لەناو عەرەباندا دەوترێ) بێگومان ئەم لاوە ئادەمیــی نییە، کە ئەوەندە جوانە، بیێ و نەبێ، ئەمە هەر فریشــتەیەکی قەشەنگ و خاوەن ڕێزە.

ئەمەیان بۆ ئەوە وت چونکە لای تەواوی خەڵکی ئەوە جێگیر بووە کە فریشتەکان دروستکراوانێکی زۆر جوانی خودای گەورەن.

یەکێکــی تر لە ســیفاتی فریشــتەکان ئەوەیە ئەم فریشــتانە زۆر بەڕێز وچاکەکارن، ئەوەتانێ خودای گەورە لــەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ۝ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ﴾ [عبــس: ١٥، ١٦] واتــا: (ئەم قورئانە) بەدەســتی فریشــتە نووسەرەکانەوەن ❋ کە بەڕێزو پلە بەرز و فەرمانبەردارن ❋

ئەو ئامۆژگارییانە کە پەیامبەران ئەیکــەن- لەنامەیەکی بەرزی و بلنْدی پاك لەهــەر ناتەواوییەك، وە لەدەســت ئەو فریشــتانەوە وەری دەگرن کە وەحیی و سروش دێنن بۆلایان.

هەروەها لەجێگایەکی تــردا فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ۝ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ﴾ [الانفطار: ١٠، ١١] واتا: دەســتەیەك لە فریشتەی چاودێر و پارێزەرتان لەسەر دانراوە، هەرچی بکەن ئەینووسن ❋ ڕێزدارانێکی نووسەرن ❋.

لەسیفەتەكانی تری فریشتەكان ئەوەیە: زۆر بە شەرم و شكۆ و بەحەیان، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی عوسمانی كوڕی عەففان فەرموویەتی: «ألا أستحي مـــن رجل تستحي منه الملائكة»[1] واتا: ئایا من چۆن شەرم لە پیاوێك نەكەم كە فریشتەكانیش شەرمی لێ دەكەن.

یەكێكی دیكەش لە ســیفاتەكانیان ئەوەیە: خاوەن زانست و زانیارین، خودای گەورە كــاتێك لەگــەڵ فریشتەكان گفتوگۆی كرد پێی فەرمــوون: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ [البقرة: ٣٠] واتا: خودای گەورە فـەرمووی بێـگومان ئەوەی من ئەیزانم ئێوە نایزانن.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا زانست و زانیاری بۆ فریشتەكان جێگیر و ثابت كردووە، هەروەها زانست و زانیاریشـــی بۆ ذاتی خۆی جێگیر كردووە كە فریشتەكان نایزانن و بێئاگان لێی.

خودای گەورە لەبارەی جوبرەئیلیشەوە فەرموویەتی: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ﴾ [النجم: ٥] واتا: جوبرەئیلی زۆر بەتوانا (پێغەمبەر) ی فێری كردووە، ئیمامی طەبەری لەم بارەیەوە ئەڵــێت: جوبرەئیل (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) ئەم قورئانەی فێری موحەممـــەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد، ئەمـــەش ئەوەی لـــێ وەردەگیرێت كە جوبرەئیل خاوەنی زانست و زانیاریە.

ئەمەو چەند ســـیفاتێكی تـــری گەورە و چەند ڕەوشـــتێكی جوانتر كە لەقورئان و سوننەتدا بۆ فریشتەكان بڕیاردراوە، كە بەڵـگەن لەسەر بەرزی و بڵندی پلەوپایەیان (سەلامی خودایان لێ بێت)..

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٠١).

**تایبەتمەندیەکانیان:**

فریشتەکان (سەلامی خودایان لێ بێت) هەندێك تایبەتمەندی و سیفاتی خۆیان هەیە، کە پــەروەردگار تایبەتی کردووە بەئەوانەوە و نەیداوە بەهیچ کەسێکی تر لە جنۆکە و مرۆڤەکان و تەواوی دروستکراوەکانی تریش، لەو تایبەتمەندیانەیش:

جێگاو لانکەی فریشتەکان لە ئاسمانەکاندایە، لەوێیشەوە دائەبەزن بۆ سەر زەوی بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە لایەن خودای گەورە پێیان دەســپێرڕێت بۆ جێبەجێکردنیان لەناو دروستکراوەکانیدا، خودای گەورە فەرموویەتــی: ﴿يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ﴾ [النحــل: ٢] واتا: بەفەرمانی خۆی فریشتەی وەحی (جبریل) بەسروش و وەحیەوە و بە فەرمانی پەیامبەریەتیی، دەنێرێ بۆ سەر هەرکەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێ و بەشیاوی بزانێت.

وە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ [الزمر: ٧٥] واتا: ئەی موحەممەد دەبینی کە فریشـــتەکان بەدەوری عەرشـــدا هەڵقەیـــان داوە و ســـەرگەرمی تەســـبیحات و ذیکـــر و یاد و سوپاســـی پەروەردگارن.

عن أبي هريـــــرة (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «يتعاقبون فيكم ملائكة بـالليل، وملائكــة بالنهار، ويجتمعون في صلاة الصبح وصلاة العصر، ثم يعرج الذين باتوا فيكـــم فيســـألهم الله وهو أعلـــم بهم كيف تركتم عبادي؟ فيقولون: تركناهم وهـــم يصلون، وأتيناهم وهم يصلون»[1] واتا: پێغەمبەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٥٥٥) وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٦٣٢).

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەندێك لە فریشـــتەكان بەشـــەو چاودێری و بەدواداچوونی كارەكانی ئێوە دەكەن، وە هەندێكی تریان بەڕۆژ ئەم كارە دەكەن، لە نوێژی بەیانی و عەســـردا كۆدەبنەوە، ئەمجا ئەوانەی كەبەشـــەو مابوونەوە بەرز دەبنەوە بۆ ئاســـمان و خودای گەورە لێیان دەپرســـێت كە خۆی زیاتر لەوان شـــارەزایە، ئایـــا بەندەكانی منتان چۆن بەجێهێشـــت؟ لەوەڵامدا ئەڵـــێن: بەجێمان هێشتن خەریكی نوێژكردن بوون، كاتێكیش ڕۆشتین بۆلایان هەر خەریكی نوێژكردن بوون.

دەقەكان لەم بارەیـــەوە زۆرن و لەم دەرفەتەدا هـــەر ئەوەندە دەتوانین بیخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێز چونكە كارێكی ئاسان نییە هەر هەموویان باس بكەین.

یەكێكی تر لەتایبەتمەندیەكانیان ئەوەیە كە ئەم فریشتانە بە (مێینە) وەسف ناكرێن، خودای گەورە لەم بارەیەوە بەرپەرچی بێ باوەڕەكانی داوەتەوە كاتێك فریشـــتەكانیان بە مێینە ناو دەبـــرد، وفەرموویەتی: ﴿وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًاۚ أَشَهِدُواْ خَلۡقَهُمۡۚ سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ وَيُسۡـَٔلُونَ﴾ [الزخـــرف: ١٩] واتا: ئەو فریشتانەی كە بەندەی خودای بەخشـــندەن، بێ باوەڕان بەمێینەیان دادەنا، ئایا ئەوان بەدیاری دروســـتكردنیانەوە بوون، بێگومان ئەو شـــایەتی یانەی دەنوسرێت و پرسیاریان لێ دەكرێت.

وەفەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ لَيُسَمُّونَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ تَسۡمِيَةَ ٱلۡأُنثَىٰ﴾ [النجم: ٢٧] واتا: بێـــگومان ئەوانەی باوەڕیان بەپاشە ڕۆژ نیە و پێیان وایە زیندوو بوونەوەو لێپرســـینەوە نیە، ناوی مێینە لە فریشتەكان دەنێن! واتا: ئەڵـــێن فریشتە كچی خودان.

لەتایبەتمەندیەكانی تری فریشتەكان ئەوەی ئەم فریشتانە لەهیچ شتێكدا سەرپێچی خودای گەورە ناكەن، و بەهیچ شـێوەیەك تاوان و گوناه ناكەن، بەڵـكو خودای گەورە وای دروسـتكردوون كە هەمیشـە سـەرگەرمی بەندایەتـی و گوێڕایەڵی خـۆی بن، هەروەك لەبارەیانـەوە فەرموویەتی: ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ [التحريم: ٦] واتا: فریشـتەكان سەرپێچی ئەو فەرمانانە ناكەن كە خودای گەورە فەرمانیان پێ دەكات، وە ئەوەیشـی فەرمانیان پێ دەكات جێبەجێی دەكەن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ﴾ [الأنبياء: ٢٧] واتا: ئەو فریشتانە ئەوەندە ڕەوشـت بەرزن هەرگیز نافەرمانی ناكەن و قسە لەقسەیدا ناكەن و لە گوفتاردا پێشی ناكەون، ئەوانە بە فەرمانی ئەو دەجولـێنەوە و فەرمانی ئەو جێبەجێ دەكەن.

یەكێكی دیكەش لە تایبەتمەندیەكانی فریشتەكان ئەوەی هەرگیز ماندوو نابن لە پەرسـتنی خودای گەورە وتووشی وەڕەسی نابەن، خودای گەورە لەم بارەیـەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ۞ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ﴾ [الأنبياء: ١٩،٢٠] واتا: ئەوانەش كە لای ئەون (واتا: فریشـتە)كان لەپەرستنی ئەودا خۆ بەزلزان نین، و هەرگیزیش ماندوو نابن و، هەمووكات و ژیانیان هەر بۆ خواپەرسـتییە ۞ بەردەوام بە شەو و بەڕۆژ هەر تەسـبیحات و پاكانە ئەكەن و هیچ كات دەسـت هەڵناگرن، بەڵـكو هەردەم تەسبیح دەكەن ۞.

لەئایەتێكی تردائەفەرمووێت: ﴿فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ﴾ [فصلت: ٣٨] واتا: ئەمجـا ئەگەر ئەوان (ئەو بێ

باوەڕانە) لەخۆبایی بوون، كڕنـــووش بەرن بۆ خودای گەورە، بابزانن ئەو (فریشـــتانە) ی كە لەنزیكی پەروەردگارتەوەن، شەوو رۆژ هەر تەسبیحاتی ئەو ئەكەن وە هیچ كات لەكاری خۆیان ماندوو و وەڕەز نابن.

ئەمانەی كە باســـكران كۆمەڵـــێك تایبەتمەندی فریشتەكان بوون كە خودای گەورە تایبەتی كردوون بە ئەوانەوە و نەیداون بەهیچ یەكێكی تر لە جنۆكە و مرۆڤەكان، هەر چۆنێك بێت ئەبێت ئەوە بزانین فریشتەكان جۆرە دروستكراوێكی تری خودای گەورەن، كە لە دروستكردن و پێكهاتەیان زۆر جیاوازن لەجنۆكە و ئادەمیزاد، هەروەك چۆن هەریەك لە جنۆكە و ئادەمیزاد تایبەتمەندێـــتی خۆیـــان هەیە و جیـــاوازە لەوی تر، خـــودای گەورەش زانا و شارەزاترە...

## باسی دووەم
## پلەوپایەی باوەڕبوون بەفریشتەکان و چۆنیەتی و بەڵگەکانی

پلەوپایەی باوەڕبوون پێیان:

باوەڕبوون بە فریشتەکان پایەیەکە لەپایەکانی باوەڕ لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر بۆیە باوەڕ بەبێ باوەڕبوون بەفریشتەکان دانامەزرێت، خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا تەئکیدی لەمە کردوەتەوە و پێغەمبەریش ﷺ لە سوننەتی صەحیحدا هەواڵی بەمە داوە.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ﴾[البقرة:٢٨٥]واتا: پێغەمبەر بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێرراوە لە پەروەردگاری یەوە لەگەڵ بڕواداراندا هەموو بڕوایان هێناوە بەخودا و فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی... خودای گەورە هەواڵی داوە کە باوەڕ بوون بەفریشتەکان لەگەڵ ئەرکان و پایەکانی تری باوەڕدا کە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی و واجبی کردووە لەسەر خۆی و ئوممەتەکەی، و ئەوانیش گوێڕایەڵ بوون بۆی.

لەجێگایەکی تری قورئاندا دەفەرمووێت: ﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ [البقرة:١٧٧] واتا: کرداری چاك و کاری باش تەنها بریتی نییە لە ڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چونکە جولەکە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پڕو پاگەندەی زۆریان کرد، بەڵکو کرداری چاك و کاری باش بریتییە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خودا و بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران..

خودای گەورە باوەڕبوون بەم شێوەیەی بە بەڵگەی چاکە و کاری باش داناوە، ئاشکرایە (البر) یش ناوێکی گشـــتگیرە بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو کارێکی خێر، هەر بۆیە ئەم شتانەی کە باسکراون بریتین لە بنەماکانی هەموو کارێکی خێر وباشـــە، و پایەکانی ئیمانیشن کە ســـەرجەم بەش و لقەکانی تریان لێ دەبێـتەوە.

لەهەمان کاتیشدا خودای گەورە لەبەرامبەر ئەمەدا باسی ئەوەی کردووە کە هەرکەس بێ باوەڕ بێت بەم بنەمایانە ئەوە بێ باوەڕ بووە بەخودای گەورە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا﴾[النساء:١٣٦]واتا: هەرکەسێك باوەڕی نەبێ بەخوداو بەفریشتەکانی و، بەکتێبەکانـــی و بەپەیامبەرەکانی، و بەرۆژی دوایـــی، ئەوە لەرادە بەدەر لەرێگەی هەقـــەوە دوورە و چاوەڕوانی هیدایەتـــی لێناکرێ..... خودای گـــەورە ئینکاری کردنی ئـــەم بنەمایانەی بـــە بێ باوەڕی دانـــاوە و وایش وەصفـــی کردووە کە یەکجـــار گومڕابووە و لەهـــەق دوورکەوتووەتەوە، ئەمەش بەڵـگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕ بوون بەفریشتەکان پایەیەکی گەورەیە لەپایەکانی باوەڕ لە ئیســـلامدا، وە هەرکەسێکیش وازی لێ بهێنێت ئەوە لە ئوممەتی ئیسلام چووەتە دەرەوە.

هەروەها سوننەتی پێغەمبەریش (ﷺ) بەڵـگەیە لەسەر ئەوەی کە باســـمانکرد، ئەمەش بەتەواوی لە فەرموودە بەناوبانگەکەی جوبرەئیلدا بە ڕوونی دیارە، کە ئیمامی موســـلیم لـــە صەحیحەکەیدا لە فەرموودەیەکی عومـــەری کوڕی خەتابەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە وتێیدا هاتووە: «بينما نحن عند رســـول الله (ﷺ) ذات يوم إذ طلع علينا رجل

شـــديد بياض الثياب، شديد سواد الشعر، لا يرى عليه أثر السفر، ولا يعرفه منـــا أحد، حتى جلس إلى النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فأسند ركبتيه إلى ركبتيه، ووضع كفيه علـى فخذيه، وقال: يا محمد! أخبرني عن الإسلام؟ فقال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الإســلام أن تشـــهد أن لا إله إلا الله وأن محمدًا رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتقيم الصلاة، وتـؤتي الزكـــاة وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا. قال: صدقـت. قال: فعجبنا له، يسأله ويصدقه. قال: فأخبرني عن الإيمان؟ قال: أن تؤمـن بالله، وملائكته، وكتبه، ورســله، واليوم الآخر. وتؤمن بالقدر خيره وشـــره. قال: صدقت. قال: فأخبرني عن الإحسان. قال: أن تعبد الله كأنك تـراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك. قال: فأخبرني عن الساعة؟ قال ما المسؤول عنـها بأعلم من السائل. قال: فأخبرني عن أماراتها؟ قال: أن تلد الأمة ربّتـها. وأن ترى الْحُفاة العُراة، العَالة، رِعاءَ الشاء، يتطاولون في البنيان. قال: ثم انطلـــق فلبثت مليّاً ثم قال لي: يا عمر! أتدري من السائل؟ قلتُ: الله ورسوله أعلـم. قال: فإنه جبريل، أتاكـم يعلمكم دينكـم»[(١)]

واتـــا: عومەری کوڕی خەتاب (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: ڕۆژێك ئێمە لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین، کاتێکمان زانی پیاوێك جلوبەرگ زۆر ســپی، زۆر موو ڕەش لامان دەرکەوت، کە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو، وە کەسیش لە ئێمە نەیدەناسی، لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشت و ئەژنۆکانی لکاند بە ئەژنۆکانیەوە و هەردوو لەپی دەستەکانیشـــی خســـتە ســـەر ڕانەکانی و وتی: ئەی موحەممەد لەبارەی ئیسلامەوە هەواڵم بدەرێ؟ پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئیسلام ئەوەیە کە شاهیدی بدەیت کە هیچ خودایەکی بەهەق شایانی پەرستن نییە جگە لە (الله) و موحەممەدیش پێغەمبەری خودا (الله) یە، وە نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و ڕۆژووی مانگی

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٨).

ڕەمەزان بگریت وحەجـــی ماڵی خودا ئەگەر دەســـەڵاتت هەبوو ئەنجامی بدەیت، ئەمجا (جوبرەئیل) فەرمووی: ڕاســـت دەکەیت، عومەر ئەڵـــێت: سەرمان سوڕما پرسیاری لێ دەکات و پێشی ئەڵـێت ڕاست دەکەیت، ئەمجا (جوبرەئیل) فەرمووی: لەبارەی باوەڕ (ئیمان) ەوە هەواڵم بدرەێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: باوەڕ ئەوەیە کـــە باوەڕت بەخوای گەورە (الله) وبەفریشـــتەکان وکتێبەکانی و بەپێغەمبەرانی و بـــەڕۆژی دوایی هەبێت، وە باوەڕت بەقەدەر بەخێر و شـــەڕی هەبێت، ئەمجـــا (جوبرەئیل) فەرمووی: ڕاست دەکەیت، ئەمجا وتی: لەبارەی ئیحسانەوە هەواڵم بدەرێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئیحسان ئەوەی کە خودای گەورە (الله) بپەرستیت وەك ئـــەوەی بیبینیت خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئـــەوا ئەو تۆ دەبینێت، ئەمجا فەرمووی: هەواڵم بدەرێ لەبارەی ڕۆژی دواییەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسەی پرسیاری لێکراوە واتا خۆی لە کەسی پرسیارکەر واتا جوبرەئیل زانا و شـــارەزاتر نییە بەمانای ئەوە کە هیچ لەبارەی هاتنی ڕۆژی دواییەوە نازانـــم، ئەمجا جوبرەئیل فەرمووی: لەبارەی نیشـــانەکانی ڕۆژی دواییەوە هەواڵم بدەرێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نیشـــانەکانی ئەوەیە کە کەنیزەك گەورەکەی خۆی بوو، هەروەها ئەگەر ڕووت و پێخاوسە و هەژار و شوانی پەزەکانت بینی شانازیان دەکرد بە بەرزی کۆشکەکانیانەوە، ئەمجا عومەر ئەڵـــێت: پاشان ئەو کەسە ڕۆیشت و منیش ماوەیەك مامەوە، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم: ئەی عومەر ئایا ئەزانیت ئەو کەسەی پرسیاری دەکرد کێ بوو؟ منیش وتم: خودا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: ئەوە جوبرەئیل بوو هات بۆ لاتان ئاینەکەتان فێر بکات.

ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی بەنـــرخ و گەورەیە کە بنەماکانی ئاین

وهەموو پلەکانی لەخـــۆ گرتووە، ئەمەیش مەنهەجێکی دەگمەن و ناوازەیە لەبـــواری فێرکردنی ئەم ئاینـــە پیرۆزەدا کە لەشـــێوەی گفتوگـــۆ لەنێوان بەڕێزیترینی فریشـــتەکانی خودای گەورە کە جوبرەئیلە لەگەڵ پێغەمبەردا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بەڕێزترین مرۆڤە ڕوویداوە، جا بۆیە پێویســـتە لەســـەر موسڵمانان زۆر گرنگی بدەن بەم فەرموودە بەنرخ و گەورەیە، و مەنهەجی فێربوون و فێرکردنی لێوە وەربگرن، هەروەك چۆن ســـەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە (خودایان لێ ڕازی بێت) لەسەری بوون، ئەم فەرموودەیە ئەوەی لەخـــۆ گرتووە کە باوەڕ بوون بەفریشـــتەکان پایەیەکـــە لەپایە گەورەکانی بـــاوەڕ و ئیمان کە ئێمە لێـــرەدا زیاتر ئەم فەرموودەیەمان بۆ ئەم مەبەســـتە باسکردووە..... خودای گەورەیش زانا وشارەزا ترە.

**چۆنیەتی باوەڕ بوون بەفریشتەکان:**

باوەڕ بوون بەفریشتەکان چەند فەرمان و کارێکی گرنگی لەخۆ گرتووە کە پێویستە لەسەر بەندەکانی خودای گەورە جێبەجێی بکەن، تاوەکو باوەر بەفریشتەکانی دامەزرا و جێگر بێت:

١. دان نان بە بوونیان وبەڕاست زانینیان و باوەڕ بوون پێیان، هەروەك چۆن ئەو دەقانەی قورئان و سوننەت کە پێشتر باسمانکرد بەڵگە بوون لەسەری، کە باوەڕ بوون بەفریشتەکان پایەیەکە لەپایەکانی باوەڕ، بەشێوەیەك کە باوەڕ و ئیمان بەبێ باوەڕ بوون بەو فریشتانە دانامەزرێت و نایەتەدی.

٢. باوەڕ بوون بەوەی کە فریشـــتەکان دروســـتکراوانێکی زۆری خودان، بەشـــێوەیەك جگە لەخـــودای گەورە کـــەس نازانێت ژمارەیـــان چەندە، هەروەك دەقەکان بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستیە، خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾ [المدثر:٣١] واتا: جگە لەخودا خۆی کەسی تر بە ژمارەی لەشکر و سوپای پەروەردگار نازانێ کەمەبەست پێی (فریشتەکانە).

بەو مانایەی کە هیچ کەس جگە لەپەروەردگار نازانێت ژمارەی سەربازەکانی خودای گەورە لەبەر زۆرییان کە فریشتەکانن چەندە، ئەمەش وتەی هەندێك لە زانایانی سەلەفە.

لەفەرموودەدرێژەکەی ئیسراءداهاتووەکەشەیخان (بوخاری و موسلیم) لەفەرموودەیەکی مالیکی کوڕی صەعصەعە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «.... ثم رفع لي البيت المعمور، فقلت: يا جبريل! ما هذا؟ قال: هذا البيت المعمور. يدخله كل يوم سبعون ألف ملك، إذا خرجوا منه لم يعودوا فيه آخر ما عليهم»[1] واتا: پاشان بیت المعمورم بۆ بەرزکرایەوە، وتم: ئەی جوبرەئیل ئەمەچیە؟ وتی: ئەمە بیت المعمورە هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناویەوە، هەرکاتێکیش چوونە دەرەوە لێی کۆتایان ناگەڕێنەوە ناویەوە.

لەصەحیحی موسلیمدا هاتووە عبداللەی کوڕی مەسعود (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «يؤتى بجهنم يومئذ لها سبعون ألف زمام، مع كل زمام سبعون ألف ملك يجرونها»[2] واتا: ڕۆژی دوایی ئاگری دۆزەخ دەهێنن کە حەفتا هەزار ڕەشوەی پێوەیە، هەر ڕەشوەشی حەفتا هەزار فریشتە ڕایدەکێشێت.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٠٧)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٦٤)، ئەم لەفظە لەفظی ئیمامی موسلیمە.

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٤٢).

ئـــەو دوو فەرمـــوودەی ســـەرەوە بەڵـــگەن لەســـەر زۆری ژمارەی فریشـــتەکان، کاتێك (بیت المعمور) هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشـــتە بچێتەوە ناویەوە و پاشـــان لێی دەربچن و نەگەڕێنەوە ناویەوە و فریشتەی تـــری غەیری ئەوان بێن و دۆزەخیش لـــە ڕۆژی دواییدا ئەو ژمارە زۆرەی فریشـــتە بیهێنن، ئایا غەیری ئەم فریشتانە کە ڕاســـپێرراون بە ئەنجامدانی کاروباری تر ژمارەیان چەنـــد زۆر بێت؟ مەگەر هەر خودای گەورە خۆی بزانێت ژمارەیان چەندە!!

٣. دانان بە پلەوپایە و مەکانەت و ڕێز و حورمەت و شـــەرەفی گەورەیان لای پەروەردگاریان، هەروەك خـــودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَانَهُ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ۞ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ﴾ [الأنبيـــاء: ٢٦، ٢٧] واتا: بێبڕوایان وتیان: خودای بەخشـــندە فریشـــتەکانی کردووە بە منداڵ و کچـــی خۆی، نەخێر، ئەوانە منداڵی خودا نین، بەڵـــکو کۆمەڵـــە بەندەیەکی ڕێـــزداری ئەون و، خـــودا خۆی هەڵـــی بژاردوون و، زۆریـــش پاك و بێخەوشـــن ۞ هەرگیز ئەو فریشـــتانە قســـەی خۆیان پێشـــی قسەی ئەو ناخەن، واتا: شـــتێك ناڵـــێن لەگەڵ فەرمایشتی خوادا دژبێ و نەگونجێت، و هەر بەپێی فەرمانی ئەو کار ئەکەن ۞.

هەروەهـــا دەفەرمووێت: ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ ۞ كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾ [عبـــس: ١٥، ١٦] واتا: قورئان بەدەستی فریشتەی نوێنەری شارەزا گەیەنراون ۞ کە بەڕێزو خواناس و ملکـــەچ و فەرمانبەرداران ۞ خودای گەورە بـــە بەڕێز و خواناس وەصفی کردوون لای خـــۆی، لەجێگایەکی تـــردا دەفەرمووێت: ﴿فَالَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْأَمُونَ﴾ [فصلت: ٣٨] واتا: ئەو (فریشـــتانە) کە

لای پەروەردگارتەوەن، شەوو رۆژ هەر تەسبیحاتی ئەو ئەکەن، هیچ کات لـــەکاری خۆیان ماندوو و وەڕەز نابن. خودای گەورە وا وەصفی کردوون کـــە لای خۆیین ئەمەش ڕێـــزو حورمەتە بۆ ئەوان، لەگـــەڵ ئەوەی ئەوان مەقامی بەندایەتـــی خۆیان ڕادەگرن بەبێ هیـــچ ماندووبوونێك.هەروەها پەروەردگار لەزۆر جێگای قورئاندا سوێندی پێخواردوون، ئەمەش دیسان شـــەرەف و ڕێزە بۆ ئەوان، وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا * فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا * فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾ [الصافـــات:١-٣] واتا: ســـوێند بەو فریشـــتانەی زۆر بەوردی لەبارەگای خودا پەرســـتییدا ریز دەبەســـتن و مەلکەچ دەبـــن * ئینجا بەو فریشتانەی پاڵدەنێن بە هەورەکانەوە بۆ ئەو جێگایەی خودا ویستی لەسەرە بۆ باراندنی باران * بەو فریشتانەش ئایەتەکانی قورئان بەسەر پەیامبەرەکاندا ئەخوێننەوە *.

وە دەفەرمووێـــت: ﴿فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا * فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾ [المرســـلات:٤،٥] واتا: سوێند بەو فریشتانەی کە حەق و ناحەق لێك جیادەکەنەوە * ئینجا سوێند بەو (فریشـــتانە) ش پەیامی (خودا بە پێغەمبەران) دەگەیەنن * ئەمە و چەند نموونە و وێنەی زۆری تر لەقورئانی پیرۆزدا کە ڕێز و شەرەفی فریشتەکان بە شێوەی جیا جیا و لەجێگای جیا جیادا باس دەکات، کە هیچ شاراوە نین لای ئەو کەسانەی بیر لە لەمانا و واتا بەرزەکانی قورئان دەکەنەوە، خودای گەورە زانا و شارەزاترە.

٤. باوەڕ بوون بەوەی کـــە هەندێکیان لەهەندێکی تریـــان بەڕێزترن لای خودای گەورە و یەکســـان نین لە فەزڵ و پلەوپایەیاندا، ئەمەش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەڵـگەن لەسەری، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ

﴿يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾ [الحـج: ٧٥] واتا: خودا بە ویستی خۆی لە ناو فریشتەکاندا وەك جوبرەئیل و لەناو خەڵکیشدا فرستادە هەڵدەبژێرێت، بەڕاستی خودا بیسەرو بینایە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَّن يَسۡتَنكِفَ ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ﴾ [النساء: ١٧٢] واتا: هەرگیز مەسیح -عیسا- (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) لاری لەوە نیە کە بەندەی خودا بێت، هەروەها فریشتە نزیکەکانیش لاریان لەوە نیە.

خودای گەورە لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا باسی ئەوەی کردووە کەلەناو فریشتەکاندا کەسانێکیان هەن هەڵبژاردوون بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە پێغەمبەرانی و کەسانێکیشیان هەن لەخۆیەوە نزیکن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فەزڵی ئەوانە بەسەر غەیری خۆیاندا، بەڕێزترین فریشتە نزیکەکان ئەوانەن کە عەرشی خودایان هەڵگرتووە، وە بەڕێزترین فریشتە نزیکەکانیش ئەو سێ فریشتەن کە لە دوعاکەی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ناویان هاتووە، کە لە ذیکری ئیفتیتاحی شەونوێژیدا ناوی هێناون و فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ رب جبريل وميكائيل وإسرافيل فاطر السماوات والأرض عالم الغيب والشهادة»[1] واتا: ئەی خودایە، پەروەردگاری جوبرەئیل و میکائیل و ئیسرافیل، خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکان، زانا بەهەموو شتە نهێنی و ئاشکراکان...

بەڕێزترین فریشتەی ناو ئەو سێ فریشتەیش جوبرەئیلە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٦/ ١٥٦)، وە ئەلنەسائی لە سونەنەکەیدا: (٣/ ١٧٣)، بەفەرموودەی ژمارە (١٦٢٥)، بەهاوشێوەی ئەوانیش موسلیم لەصەحیحەکەیدا، بەفەرموودەی ژمارە (٧٧٠)، وئیبن ماجە، بەفەرموودەی ژمارە (١٣٥٧) ڕیوایەتیان کردووە.

کە خودای گەورە ڕایسپاردووە بە وەحی هێـــنان بۆ پێغەمبەران، شەرەف و ڕێز و حورمەتی بەشـــەرەف و ڕێـــزی کارەکەیەوەیەتی، خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەشێوەیەك ناوی هێناوە کەبەهیچ شێوەیەك فریشتەکانی تری بەو شـــێوە ناو نەهێناوە، بە بەڕێزترین نـــاو ناوی ناوە، وە بە جوانترین شێوە وەصفی کردووە، یەکێك لەو ناوانە بە ناوی (الروح) وە ناوی بردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ﴾ [الشعراء:١٩٣] واتا: جـوبرەئیلی ئەمین قورئانی هێنـایە خوارەوە، وە فەرموویەتی: ﴿تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا﴾ [القدر:٤] واتا: لەو شەوەدا فریشـــتە و جیبریلیش لە ناویاندا دێنە خوارەوە، ئەم ناوە (الـــروح) هەندێك جار لەقورئاندا ئیضافە کـــراوە بۆ لای خودای گەورە بە ئیضافەی تەشریف، وەك دەفەرمووێت: ﴿فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا﴾ [مریـــم:١٧] واتا: ئێمەیش ڕۆحی خۆمان (واتا جوبرەئیل) ناردەلای مەریەم، وەکو بەشەرێکی تەواو خۆی پیشانیدا.

وە هەندێك جاریش وشەی (الروح) کەمەبەست پێی جوبرەئیلە وشەی (قودس) ی دراوەتە پاڵ کە بەڵـگەیە لەسەر ڕێزی ئەم فریشتەیە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ﴾ [النحـــل:١٠٢] واتا: تۆ لە وەڵامیانـــدا بڵێ: (روح القدس) (جوبریل) ـــــە کە لەلای پەروەردگارتەوە بەحەق و دادگەرانە دایبەزاندووە.

(القدوس) یش وەك ڕاســـترین ڕای زانایانی تەفســـیرە مەبەست پێی خـــودای گەورەیە.

ئەوەشی لەوەصفی جوبرەئیلداهاتووەئەوەیەخودای گەورەفەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ * ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ * مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ﴾ [التکویـــر:١٩-٢١] واتا:

بێگومان ئەم قورئانە قسە و وتەی نێردراوێکی بەڕێزە کە فریشتەی نیگاو سروشە. واتا فەرموودەی خودایە بەهۆی جبریلەوە نێردراوە * خاوەنی هێزو مەکانەتە، لای عەرشی (خودا) ش زۆر بەڕێز و پایە بەرزە * لەوێش (لەئاسماندا) فەرمانڕەوا و قسە بیسراوە، ئەمین و دەست پاکە لەو سروشەدا دەیهێنێ، هیچ خیانەتی تێدا ناکات *.

وە فەرموویەتی: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ * ذُو مِرَّةٍ فَٱسْتَوَىٰ﴾ [النجم:٥، ٦] واتا: جوبرەئیلی فریشتە خاوەنی هێز و توانای زۆر، قورئانی فێر کردووە * ئەو جوبرەئیلەی کەخاوەنی بیرو هۆشێکی زۆر بەهێز و دیمەنێکی جوان بوو، ئینجا لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی وەستا *.

بەڵێ خودای گەورە وا وەصفی کردووە کە پەیامبەرێکە و بێگومان زۆریش بەڕێزە لای خۆی، وە وەصفی کردووە کە زۆر بەهێزە و خاوەنی پلەوپایەیە لای پەروەردگاری پاکی و بێگەردی، وە جوبرەئیل قسە بیستراوە لەناو فریشتەکانی تر و ئەهلی ئاسمانەکاندا، وەزۆر دەستپاك و ئەمانەت پارێزە بۆ وەحی و سروشی خودای گەورە، وە خاوەنی ڕووالەتێکی زۆر جوانیشە.

٥. خۆشویستن و پاڵپشتی و پشتگیری کردنیان و وشیاردانیش لە دوژمنایەتی نەکردنیان، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ [التوبة:٧١] واتا: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەر و خۆشەویستی هەندێکی تریانن فریشتەکان دەچنە ناو مانا و واتای ئەم ئایەتە پیرۆزەوە، چونکە فریشتەکانیش باوەڕدارن و هەڵدەستن بە گوێڕایەڵێ پەروەردگاریان هەروەك خودای گەورە هەواڵی پێداوە ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ [التحريم:٦] واتا: نافەرمانی خودا ناکەن

لە هیچ شـــتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن.

خودای گەورە هەواڵی ئەوەی داوە کە فریشتەکان پاڵپشت و پشتگیری پێغەمبەران و بـــاوەڕداران دەکـــەن، و فەرموویەتی: ﴿وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ﴾ [التحريم:٤] واتا: ئەگەر پشـــتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) (ســەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خودا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش... فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُصَلِّي عَلَيۡكُمۡ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ﴾ [الأحزاب:٤٣] واتا: هەر ئەو زاتە خۆی (صەلەوات) و ڕەحمەتی خۆیتان هەمیشـــە و بەردەوام بەســـەردا دەبارێنێت، هەروەها فریشتەکانیشـــی (داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەن) بـــۆ ئەوەی لە تاریکســـتانەکان دەرتان بـــکات و ڕزگارتان بکات و بتانخاتە ناو نوورو ڕووناکی.

لەجێگایەکی تریشـــدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ﴾ [فصلت:٣٠] واتا: بەڕاستی ئەوانەی وتیان خودا پەروەردگارمانە و لەپاشـــان ڕاست (لەســـەر ئایین) بەردەوام بوون فریشـــتەکان پۆل پۆل دێنە لایان (کاتی مـــردن یان زیندوو بوونەوە) (پێیان دەڵـێن) کە مەترسن و خەفەت مەخۆن.

بەمەش پاڵپشتی و پشـــتگیری خۆشەویستی فریشـــتەکان واجب بوو لەســـەر باوەڕداران ئەویش لەبەر پاڵپشتی و پشتگیری فریشتەکان بۆ ئەوان و سەرخستن و داوای لێخۆش بوون بۆ کردنیان لای خودای گەورە، هەر لەبەر ئەمە پەروەردگار باوەڕدارانی ئاگادارکردوەتەوە لە دوژمنایەتی کردنی

فریشـــتەکان و فەرموویەتـــی: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبۡرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلۡكَٰفِرِينَ ﴾ [البقرة:٩٨] واتا: ئەو کەســـەی دوژمن بێت بە خوداو فریشـــتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خودای گەورە دوژمنی کافر و بێ باوەڕانە.

لـــەم ئایەتـــەدا خـــودای گـــەورە دوژمنایەتیکردنی فریشـــتەکانی بە دوژمنایەتیکـــردن و نارەزایی خـــۆی داناوە، ئەویش لەبـــەر ئەوەی ئەوان بەفەرمـــان و حیکمەتی ئەو دەرچوون، هەرکەســـیش دوژمنایەتیان بکات ئەوە دوژمنایەتی خودای گەورەی کردووە.

٦. باوەڕ بوون بەوەی فریشتەکان دروســـتکراوێکن لەدروستکراوەکانی خودای گەورە و بەهیچ شـــێوەیەك کاریان نییە بە کاروباری دروستکردن و بەڕێوەبـــردن و ڕاپەڕاندنـــی کارەکانەوە، بەڵـــکو ئەوان ســـەربازێکن لەســـەربازەکانی خودای گەورە و بەفەرمانی ئەو کار دەکەن و پەروەردگار خۆی هەموو فەرمانەکانی بەدەســـتە و هیچ شـــەریك و هاوەڵـــێکی نییە لەمەدا، بەهەمان شێوە دروســـت نییە پەرستن یان بەشێکی ئەنجام بدرێت بۆ فریشتەکان، بەڵـــکو پێویستە عیبادە و پەرســـتن تەنها و تەنها بۆ خالقی فریشـــتەکان و خالقی هەمووان بکرێت، کە هیچ شەریك و هاوەڵـــێکی نییە لە پەروەردگاریەتی و پەرســـتندا و هاوشـــێوە و وێنەی ئەویش نییە لە ناو و صیفاتەکانیدا، ئەمەش خودای گـــەورە بە جوانی ڕوونی کردوەتەوە وفەرموویەتی: ﴿وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًاۗ أَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡكُفۡرِ بَعۡدَ إِذۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ [آل عمـــران: ٨٠] واتا: خودا فەرمانتان پێ نادات کە فریشـــتە و پێغەمبـــەران بکەن بە پەرســـتراوی خۆتان چۆن فەرمانتـــان پێ دەدات

بـــێ بڕوابن (کافـــر بن) دوای ئەوەی کـــە ئێوە بڕوا دار بـــوون؟ هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ * لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ * يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ * وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ [الأنبياء:٢٦-٢٩] واتا: (بێ باوەڕان) وتیان خودای میهرەبان منداڵی بـــۆ خۆی بڕیارداوە (کە فریشـــتەکانن) پاك و بێگەردە خودا (لەم شـــتانە) بەڵکو ئەوانە (فریشتە) بەندەی ڕێز گیراوی خودان * ئەو فریشتانە ئەوەندە (ڕەوشـــت بەرزن) هەرگیز (نافەرمانی ناکەن و) قسە لەقسەیدا ناکەن و لە گوفتاردا پێشی ناکەون، ئەوانە بە فەرمانی ئەو دەجولـێنەوە و فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەن* هەر خودا دەزانێت ئەو خەڵـــکە لـــە ڕابردوودا چییان ئەنجامداوە و لە داهاتووشـــدا چی ئەنجام دەدەن (دنیا و قیامەت، ڕابردوو و داهاتوو، بۆ ئەو زاتە چوونیەکە)، فریشتەکانیش تکاکار نابن تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت خودا پێی ڕازییە و ئەو فریشتانە لە ترسی ئەو زاتە ناوێرن هیچ سەرپێچیەک ئەنجام بدەن * وە هەر کام لەوانە (فریشتەکان) بڵێ بێگومان منیش پەرستراوم جگە لە خودا ئەو بە (ئاگری) دۆزەخ تۆڵەی لێ دەسەنین هەر بەو جۆرە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە (تۆڵەیان لێ) دەکەینەوە*.

خودای گـــەورە فەرمانی نەکردووە بە پەرســـتنی فریشـــتەکان، چۆن فەرمان دەکات بەپەرســـتنیان لەکاتێکدا ئەمە بێباوەڕ و کوفرێکی گەورەیە بەخودای گەورە، پاشـــان بانگەشـــە و دەنگۆی ئەوانەی بەتاڵ کردوەتەوە کە واگومان دەبەن کە فریشـــتەکان کچی خودان و بێگومان خۆیشـــی لەمە بەدوور گرتوە، لەهەمـــان کاتدا ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە فریشـــتەکان بەنـــدەی بەڕێـــزی خۆینی و بەفەرمانـــی ئەو کاردەکەن و ترســـی ئەو زاتە

ناوێرن هیچ ســـەرپێچیەک ئەنجام بدەن، وە بەهیچ شـــێوەیەك شەفاعەت بـــۆ کەس ناکەن مەگەر خودای گەورە ڕێگایـــان پێ بدات و ڕازی بێت کە شەفاعەت بۆ یەکخواپەرستان بکەن، پاشان کۆتایی بەوە هێناوە هەرکەس لەوان ئیدعای خودایەتی بکات بەتوندترین سزای دۆزەخ سزایان ئەدات، بەمـــەش ئـــەوە دەردەکەوێت، کە فریشـــتەکان ملکـــەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگاریانن و هیچ هێز و هەولێکیان غەیری هێز و هەولی خودا نییە.

٧. باوەڕبوونی ورد بەوانەی کە ناویان هاتووە لەفریشـــتەکان بەشێوەیەکی تایبەت کە لەقورئان وسوننەتدا هاتووە، وەك جوبرەئیل و میکائیل و ئیسرافیل و مالك و هاروت و ماروت و رضوان و مونکیر و نەکیر و غەیری ئەمانەیش کە دەقەکانی قورئان و ســـوننەت ناویان هێناون، هەروەها باوەڕ بەوانەیش کە بەشـــێوەی وەصف وەصفیان هاتووە، وەك (رقیب، چاودێر) و (عتید، ئامادە)، یان بە شـــێوەی وەضیفە و کارەکانیـــان ناویان هاتووە، وەك (ملك الموت، فریشـــتەی مردن) و (ملك الجبال، فریشتەی چیاکان)، یان ئەوەی دەقەکان بەشـــێوەیەکی گشتی ناوی کارەکانیان هێناون وەك (حملة العرش، هەڵـــگرانی عەرش) و (الكرام الكاتبين، نووســـەرانی بەڕێز) و (الموكلين بالخلق، ڕاسپێردراو بەکاروباری دروستکراوەکان) و (الموكلين بحفظ الخلق، ڕاسپێردراو بەپارێزگاری کردنی دروستکراوەکان) و (الموكلين بحفظ الاجنة والارحام، ڕاسپێردراو بەپارێزگاری کردنی کۆرپەلە و منداڵدانەکان) و (طواف البيت المعمور، تەوافکردنی بەیتول مەعمور) و (ملائكة السياحين، فریشتە گەشتیار و گەڕۆکەکان) تاکۆتایی ئەوەی کە خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبارەیانەوە هەواڵیان پێداوە.

بۆیە واجبە باوەڕهێنان بەمە بە باوەڕێکی ورد و تەفصیل بەو شـــێوەیەی کە لە دەقەکانی قورئان و ســـوننەتدا هاتووە لەناو و صیفات و کاروپیشـــە و هەواڵیان و بەڕاســـت زانینی هەموو ئەمانە بەو شـــێوەیەی لەمەودوا کە بەوردی ڕوونی دەکەینەوە بەیارمەتی و ویستی خودای گەورە.

ئەمە کۆمەڵـــێك وردەکاری بوو کە واجبە بەم شـــێوەیە باوەڕ بە فریشتە بەرێزەکان بهێنرێت کە دەقە شـــەرعییەکان بەڵـــگەن لەســـەریان، خودای گەورە و پەروەردگار زانا و شارەزاترە..

## باسی سێهەم
## کار و فەرمانی فریشتەکان

فریشتەکان سەربازێکن لەسەربازەکانی خودای گەورە و بەرز و بڵـند، کە زۆرێك لەکار و فەرمانە گەورە و پیرۆزەکانی پێ ســپاردوون، لەهەمان کاتیشدا قودرەت و توانایەکی زۆری پێداون بۆ جێبەجێکردنیان بەجوانترین و چاکترین شێوە، ئەوانیش واتا فریشـــتەکان بە پێی ئەو کارانەیان کە پێیان سپێرراوە خودای گەورە ئامادەی کردوون، و کارەکانی بەچەند بەشێك پێ سپاردوون:

هەندێکیانی بۆ وەحی وســروش هێنان ڕاســپاردووە لەلایەن خودای گەورەوە بۆ پێغەمبەرەکانی (صەڵات و ســلامی خوایان لێ بێت) ئەویش جوبرەئیلە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ * عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ * بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ﴾ [الشعراء:١٩٣-١٩٥] واتا: جوبرەئیلی دەستپاك و ئەمین هێنایە خوارێ * بۆ سەردڵی تۆ، تا ببیتە یەکێ لەترسێنەران و خەڵـــکی پێ بترسێنی * بە زمانی عەرەبی ڕوون و ئاشکرا، یاخود بە زمانێکی پاراو و شیرین و ڕوون *.

لەپێشتریش باسمانکرد کە جوبرەئیل باشترین و چاکترین و بەڕێزترین فریشـــتەیە لای خودای گەورە، چونکە پەروەردگار بـــە بەهێز و ئەمانەت پارێز لەگەیاندنی کارەکەیدا وەصفی کردووە.

پێغەمبەری خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) جوبرەئیلی تەنها دوو جار لەســەر ئەو شـــێوەیەی خۆی کە لەسەری دروستکراوە بینیوە، بەڵام لەکاتەکانی تردا

لەسەر شێوەی پیاویك ئەهات بۆ لای، جارێکیان لەلای ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە بینیویەتی، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ﴾ [التكوير: ٢٣] واتا: بێگومان موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فریشتەی وەحی واتا: جوبرەئیل ی بینیوە لە سەر شێوەی خۆی لەئاسۆی ڕوون و نمایاندا، واتا: لەو جێگایە خۆر هەڵدێت... وە جاری دووەمیش لە شەوی ئیسرائدا لە ئاسماندا بینی، وەك خودای گەورە هەواڵی پێداوە و فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ۞ عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ ۞ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلۡمَأۡوَىٰٓ﴾ [النجم: ١٣-١٥] واتا: سوێند بەخودا بێگومان جارێکی تریش لەدابەزینێکی تردا (پێغەمبەر) جوبرەئیلی بینیووە (لەکاتی شەوڕەویدا) ۞ لەکاتێکدا لەلای (سدرة المنتهى) دا بوو ۞ کە لای ئەوەوەیە بەهەشتی نیشتەجێ بوون ۞.

لەصەحیحی موسلیمدا هاتووە لەو فەرموودەیەی کە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودای لێ ڕازی بێت) پرسیاری لە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کرد لەتەفسیری ئەو دوو ئایەتی پێشوو، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: «إنما هو جبريل لم أره على صورته التي خُلق عليها غير هاتين المرتين. رأيته منهبطًا من السماء سادًّا عِظَمُ خَلْقِهِ ما بين السماء إلى الأرض»[1] واتا: ئەوە مەبەست پێی جوبرەئیلە دوو جار نەبێت لەسەر ئەو شێوەیەی خۆی کەلەسەری دروستکراوە نەمبینیوە، بینیم لە گەورەییدا نێوان ئاسمان و زەوی داگیر کردبوو.

هەندێکی تر لەفریشتەکان خودای گەورە ڕای سپاردوون بەکاروباری باران و، ئەویش میکائیلە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)، ناوەکەیشی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە، و خودای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٧٧).

وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾ [البقـرة: ٩٨] واتـا: هەر کەسێک دوژمنی خواو فریشتەکانی خوداو پێغەمبەرانی و جوبرەئیل و میکائیل بێت(ئەوە بێ بڕوایە) وە بێگومان خواش دوژمنی بێ بڕوایانە.

ئەم فریشتە خاوەنی پلەو پایەیەکی بەرز و بلند لای پەروەردگار، هەر بۆیە خودای گەورە لەگەڵ جوبرەئیلدا لێرەدا نـاوی هێناوە، لەگەڵ ئەوەی کە هەردووکیان فریشتەن کەچی لەبەر شەرەف و ڕێزیان خودای گەورە بەجیا باسی کردوون، ئەمەیش لەزمانی عەربیدا پـێ دەوترێت (عطف الخاص على العام) لە سونەتیشدا وەك لەپێشتر باسمان کرد لە نزا و پاڕانەوەکەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە کاتی دەستکردن بەشەونوێژدا خوێندویەتی وفەرموویەتی: «اللَّهُمَّ رب جبريل وميكـائيل وإسرافيل»[1] واتا: ئەی خودایە پەروەردگاری جوبرەئیل و میکائیل و ئیسـرافیل، خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکان، زانا بەهەموو شتە نهێنی و ئاشکراکان...

هەر لەبەر ئەمەیە زانایان ئەڵێن ئەم سێ فریشتەیە باشترین و بەڕێزترینی ناو فریشتەکانن.

وەهەندێکـی تر لە فریشتەکان خـودای گەورە ڕای سـپاردوون بە فووکردن بە صور (کەڕەنا وشـەیپووردا) ئەویش ئیسرافیلە (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) کە سـێهەم فریشـتەی بەڕێز و خاوەن فەزڵە لای خودای گەورە وەك لەپێشتر باسمانکردن، وە یەکێکیشە لەو فریشـتانەی کە عەرشی خودای گەورەی

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٦/ ١٥٦)، وئەلنەسائی لە سونەنەکەیدا: (٣/ ٢١٣)، بەفەرموودەی ژمارە (١٦٢٥)، بە هاوشێوەی ئەوانیش ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا بەفەرموودەی ژمارە (٧٧٠)، وئیبن ماجە بەفەرموودەی ژمارە (١٣٥٧) ڕیوایەتیان کردووە.

هەڵگرتووە، مەبەستیش لە (صور) شاخێکی گەورەیە کە فووی پێدا دەکات (وەك شاخی ئاژەڵ) ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە (خودای لـێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە: «جاء أعرابي إلى النبي فقال: ما الصور؟ فقـال: قرن ينفخ فيه»[(١)] هەروەها حاکم ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە بەصەحیحـی داناوە و ئیمامی ذەهەبیش هاوڕایە لەگەڵیدا.

واتـا: عەمـر وتـی: عەرەبێکی دەشـتەکی هاتـە بـۆلای پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لێی پرسـی: صور چیە؟ ئەویـش لەوەڵامدا فەرمووی: صور ئەو شتەیە کە فووی پێدا دەکرێت.

ئیمامی ئەحمـەد و تیرموذی لەفەرموودەیەکی سـەعیدی خودریەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیـان کردووە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـی: «كيف أنعـم وقد التقم صاحـب القرن القرن وحنى جبهتـه وأصغى سمعه ينظر متى يؤمر، قال المسلمون: يا رسول الله فما نقول؟ قـال: قولوا حسبنا الله ونعم الوكيل على الله توكلنا»[(٢)] تیرموذی ئەڵـێت: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە و غەیری ئەویش لەزانایان بەصەحیحیان داناوە.

واتا: چۆن دڵخۆش بم لەکاتێکدا کە خاوەنی شـاخەکە (مەبەست پێی ئیسـرافیلە) ناوچەوانی دانەواندووە و گوێی هەڵخسـتووە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات فەرمانی پێ بکرێت، ئەمجا موسڵمانان وتیان: ئەی پێغەمبەری

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: ٢/ ١٦٢، ١٩٢.

(٢) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٣/ ٧)، وە سونەنی تیرموذی (٤/ ٦٢٠)، بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٣١)، وە (٥/ ٣٧٢- ٣٧٣)، بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٤٣).

خودا (ﷺ) ئێمە چی بڵێین؟ ئەویش فەرمووی: بڵێن: خودای گەورەمان بەسە کە پشتیوانمان بێت و هەر ئەویش باشترین پشتیوانە، پشتمان بەخودای گەورە بەست.

ئیسرافیل سێ جار فوو دەکات بەو کەڕەنادا: فووی ترس وبیم و فووی تیاچوون و مردن وکۆتایی هاتنی ژیان و فووی زیندوو بوونەوە، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿وَيَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۚ﴾ [النمل: ٨٧] واتا: یادی ڕۆژێک بکە فوو دەکرێت بە _ کەڕەنادا _ دا، هەرکەس لە ئاسمانەکان و هەرکەس لە زەویدا هەیە، ترس و بیمێکی زۆر دایدەگرێت، جگە لەوانەی کە ویستی خودا وایە ترس و بیمیان نەبێت..

ئەمەش فووی ترس و بیمە، دوو فووەکەی تریش ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ﴾ [الزمر: ٦٨] واتا: کاتێ فووکرا بە کەڕەنادا یەکسەر هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان دەمرن مەگەر کەسانێ خودا بیەوێ (نەمرن) پاشان جارێکی تر فوو دەکرێت بە کەڕەنادا جا لە پڕ هەموو ڕاست دەبنەوە چاوەڕوان دەکەن.

هەندێکی تر لەفریشتەکان خودای گەورە ڕایسپاردوون بە گیان کێشان، ئەویش فریشتەی گیان کێشان (ملك الموت) ە خودای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلۡمَوۡتِ ٱلَّذِي وُكِّلَ بِكُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ﴾ [السجدة: ١١] واتا: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ فریشتەی گیان کێشان کە گیان کێشانی ئێوەی پێ سپێراوە دەتان مرێنێ لە پاشان بۆ لای پەروەردگارتان دەگەڕێنرێنەوە.

فریشتەی گیان کێشانیش هەندێك لەفریشتەکانی تر هاوکارینی، بەپێی چاکی و خراپی کەسەکان ئەو فریشـــتانە دێن بۆ لایان، جا ئەو کەسەی کە گیانی دەکێشن ئەگەر کەسێکی چاك بوو ئەوا فریشتەکان لەسەر جوانترین شـــێوە دێن بۆلایان، خۆ ئەگەر کەســـێکی خراپ بوو ئەوا لەسەر ناشیرین ترین شـــیوە دێن بۆ لای بۆ گیان کێشانی، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ [الأنعام: ٦١] واتا: جا کاتێك وەختی مردنی یەکێکتان هات، فریشتەکانمان گیانی دەکێشن، خۆ لەجێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودادا، هەرگیز سستی و کەمتەرخەمی ناکەن.

هەندێکـــی تریـــش لەفریشـــتەکان خودای گـــەورە ڕای ســـپاردوون بەکاروباری شاخ و چیاکانەوە، کە بە فریشتەی چیاکان ناسراوە، ئەمەیش لەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەرچوو بۆ طائف لەســـەرەتای پێغەمبەرایەتیەوە بۆ بانگەواکردنیـــان کەچی ئەوان وەڵامی بانگەوازەکەیانی نەدایەوە، لەم فەرموودەیـــەدا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «فإذا أنا بســـحابة قد أظلتني، فنظـــرت فإذا فيها جبريل، فناداني فقال: إن الله قد سمع قول قومك لك ومـا ردوا عليك، وقد بعث الله إليك ملك الجبال لتأمره بما شئت فيهم، فناداني ملـــك الجبال. فسلم عليّ ثم قال: يا محمد. فـــقال: ذلك فيما شئت، إن شـــئت أن أطبق عليهم الأخشبين. فقال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهـــم من يعبد الله وحده لا يشـــرك به شـــيئًا»[1] واتا: لەکاتێکدا کە هەورێك سێبەری بۆ ئەکردم، سەرنجمدا جوبرەئیلم تێدا بینی و بانگی کردم و فەرمووی: بێگومان خودای گەورە قسە و وتەی گەلەکەی بیستی کە چییان

(١) صەحیحی بوخاری، بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٣١)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٧٩٥).

پێ وتی و چۆن وەڵامیان دایەوە، جا خودای گەورە فریشتەی چیاکانی نارد بـۆلات بۆ ئەوەی چی فەرمانی پێدەکەیت کە بەسـەریان بهێنێت جێبەجێی بکات، ئەمجا فریشـتەی چیاکان بانگی کردم و سـەلامی لێکردم و پاشان فەرمووی: ئەی موحەممەد چیت دەوێت؟ ئەگەر ئەتەوێت ئەو دوو شاخەیان بەسەردا دائەدەم، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (نەخێر) بەڵـکو ئومێدم وایە خودای گەورە لەنەوە و وەچەی ئەمانە کەسانێك دەربکات خودا (الله) بەتاك و تەنهایی بپەرستن و هیچ شتێك نەکەنە شەریك و هاوەڵ بۆی.

هەندێکی تریش لەو فریشتانە خودای گەورە ڕایسپاردوون بە کاروباری ڕەحمەوە، ئەویش ئەو فەرموودە بەڵـگەیە لەسەری کە ئەنەسی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کـردووە، وکە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: «إن الله (عَزَّوَجَلَّ) وكَّل ملكًا يقول: يا ربِّ! نطفـــة. يا ربِّ! علقة. يا ربِّ مضغة. فإذا أراد أن يقضي خلقه، قـال: أذكـر أم أنثى؟ شقي أم سعيد؟ فما الرزق والأجل؟ فيكتب في بطن أمه»[1] واتا: خودای گەورە فریشتەیەك ڕادەسپێرێت، ئەویش ئەڵـێت: ئەی پەروەردگار! دڵۆپێك ئاوە، ئەی پەروەردگار! پارچەیە خوێنی مەیووە، ئەی پەروەردگار! پارچەیە گۆشتە، جا کاتێك خودای گەورە ویستی دروستی بکات، ئەمجا فریشتەکە ئەڵـێتەوە بەخودای گەورە: ئایا نێر بێت یان مێ؟ ئایا بەختەورە بێت یان چارە ڕەش؟ ئایا ئەجەل و ڕزق و ڕۆزی کامەیە؟ هەمووی ئەمانەی لەسکی دایکیدا بۆ دەنووسێت.

وە هەندێکـی تر لەو فریشـتانە خـودای گەورە ڕای سـپاردوون بە هەڵـگرتنی عەرش، لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣١٨)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٦٤٦).

يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ [غافر: ٧] واتا: ئەو فریشتانەی عەرشی خودا هەڵدەگرن و ئەوانەی کەبەدەوری ئەودان، هەردەم سوپاس و پاك و خاوێنی پەروەردگاریان ئەڵێن و لەهەر ناتەواوی و کەموکوڕییەك دوور رای دەگرن، ئیمان و باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە... وە فەرموویەتی: ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴾ [الحاقة: ١٧] واتا: لەو ڕۆژەدا هەشت فریشتە عەرشی پەروەردگاری تۆ بەبان سەریانەوە هەڵ دەگرن.

هەندێك لەزانایان ئەڵێن: ئەوانەی کەبەدەوری عەرشدان کۆمەڵێك فریشتەن کە پێیان دەوترێت (الكروبيون) ئەوانە لەگەڵ فریشتە هەڵگرەکانی عەرشدان کە بەڕێزترینی فریشتەکانن[١].

هەندێکی تر لەو فریشتانە ڕاسپێردراون کە دەرگاوان و خەزنداری بەهەشت بن، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾ [الزمر: ٧٣] واتا: ئەوانەی کە پارێزکار و بەندەی ملکەچی پەروەردگاریان بوون، دەستە دەستە و پۆل پۆل بەوپەڕی ڕێزەوە بەرێ دەکرێن بەرەو بەهەشت، هەتا کاتێ کە دەگەنە ئەوێ دەروازەکانی لە ڕوویاندا کراوە و لەسەر پشتە، فریشتەکانی بەرپرس و سەرپەرشتیارانی بەهەشت زۆر بەگەرمی و ڕووخۆشیەوە پێشوازییان لێ دەکەن و دەڵێن: درود و سلاوتان لێبێت، ئێوە پاک و خاوێنن، کەواتە فەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا.

---

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر (٧/ ١٢٠).

لەجێگایەکی تردا دەفەرموویێت: ﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ﴾ [الرعد: ٢٣] واتا: ئەویش چەند باخ و بەهەشتێکەو، بەئاسوودەیی دەچنە ناویەوەو بە هەمیشەیش هەر لەوێ دەبن، و هەروا باوو باپیران و ژنان و منداڵانیشیان، ئەوانەیان کاری چاك و پەسەندیان کردووە، لەبەر ڕێزنان لەمانە بەقەدرو بەحورمەتەوە پێکەوە دەچنە ئەو بەهەشتانەوە.

بەشێکی تریان ڕاسپێردراون کە دەرگاوان و سەرپەرشتیاری دۆزەخ بن (خودا پەنامان بدات لێی) ئەوانیش پێیان دەوترێت (الزبانية) کە لێپرسراوەکانیان نۆزدە فریشتەیە، خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموویێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمٗا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ﴾ [غافر: ٤٩] واتا: ئەوانەی لە ئاگری دۆزەخ دان بە دەرگاوانەکانی دۆزەخ دەڵێن داوا لە پەروەردگارتان بکەن تەنها یەك ڕۆژ سزامان لەسەر سووك بکات.

دەفەرموویێت: ﴿فَلۡيَدۡعُ نَادِيَهُۥ * سَنَدۡعُ ٱلزَّبَانِيَةَ﴾ [العلق: ١٧، ١٨] واتا: ئینجا وازی لێبهێنە، با هاوەڵ و هاوبیرو باوەڕانی بانگ بکات و (کۆیان بکاتەوە بۆ دژایەتی ئیمانداران) * ئێمەش فریشتەکانی کاربەدەستی دۆزەخی بۆ بانگ دەکەین (تا تۆڵەی لێ بسێنن و لە دۆزەخ توندی بکەن) *

وە لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ * وَمَا جَعَلۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةٗۖ وَمَا جَعَلۡنَا عِدَّتَهُمۡ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ [المدثر: ٣٠، ٣١] واتا: نۆزدە فریشتە سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن * هەر فریشتەمان کردووە بە کاربەدەستی دۆزەخ وە ژمارەی ئەو فریشتانەمان نەگێڕاوە مەگەر بۆ تاقیکردنەوەی ئەوانەی کە بێ باوەڕان *.

وە دەفەرمووێت: ﴿وَنَادَوْا۟ يَـٰمَـٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ﴾ [الزخرف: ٧٧] واتا: وە هاوار دەکەن ئەی مالیك (سەرپەرشتیاری دۆزەخ) با پەروەردگارت بمان مرێنێت (تا ڕزگاربین) (ئەویش) دەڵێ بێگومان ئێوە دەمێننەوە.

لەسوننەتیشدا ناوی مالیك هاتووە کە سەرپەرشتیار و دەرگاوانی دۆزەخە و پێغەمبەر (ﷺ) بینیویەتی، لەصەحیحی بوخاریدا هاتووە لەفەرموودەیەکدا کە سەمورەی کوڕی جوندوب (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: «رأيت الليلة رجلين أتياني فقالا: الذي يوقد النار مالك خازن النار، وأنا جبريل، وهذا ميكائيل»[1] واتا: شەوێك دوو پیاوم بینی کە هاتن بۆلام وتیان: ئەوەی ئاگری دۆزەخ هەڵدەگیرسێنیت مالکە، دەرگاوانی ئاگری دۆزەخ، من جوبرەئیلم و ئەمەیش میکائیلە.

دەستەیەکی تریش لەفریشتەکان سەردانکەران و زائیرانی (بيت المعمور) ن، کە هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە ئەچێتە ناو (بيت المعمور) ەوە کە جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ناوی، وەك لە سوننەتی صەحیح و فەرموودەکەی مالیکی کوڕی صەعصەدا (خودای لێ ڕازی بێت) هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «.... ثم رفع لي البيت المعمور، فقلت: يا جبريل! ما هذا؟ قال: هذا البيت المعمور. يدخله كل يوم سبعون ألف ملك، إذا خرجوا منه لم يعودوا فيه آخر ما عليهم»[2] واتا: پاشان بيت المعمورم

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٣٦).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٠٧)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٦٤) لەفظەکەی لەفظی موسلیمە

بۆ بەرزکرایـــەوە، وتم: ئەی جوبرەئیل ئەمەچیە؟ وتی: ئەمە بیت المعمورە و هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناویەوە، هەرکاتێکیش چوونە دەرەوە لێی کۆتاییان ناگەڕێنەوە ناویەوە.

بەشـــێکی تر لەفریشـــتەکان کاریان گـــەڕان و ئامادەبوونی ئـــەو کۆڕو کۆبوونەوانەیە کە یادی خودای گەورەی تێدا دەکرێت، بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە لەفەرموودەیەکی ئەبو هورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەویـــش لە پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کـــە فەرموویەتی: «إن لله ملائكة يطوفون في الطرق يلتمســـون أهل الذكر فإذا وجدوا قومًا يذكـــرون الله تنـــادوا هلمـوا إلى حاجتكـم قال فيحفونهم بأجنحتهم إلى السماء الدنيا»[(١)] واتا: خودای گەورە کۆمەڵێك لەفریشتەی هەیە کە بەجادە و بان و ڕێگاکاندا دەسوڕێنەوە و دەگەڕێن بەشـــوێن کەسانێك کە یادی خودای گەورە بکەن، جا کاتێك کە دەستە و کۆمەڵێکیان بینی کە خەریکی یادی خودای گەورەن، بانگ دەکەن و دەڵـــێن: وەرن بۆلای پێویســـتیەکانتان، ئەمجا پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمووی: بە باڵەکانیان دایان دەپۆشن هەتا دەگاتە ئاسمان.

زانایان ئەڵـــێن: ئەم فریشـــتانە زیاد لەو فریشـــتانەن کـــە پارێزگاری باوەڕداران دەکـــەن و لە فریشـــتانەیش کە کاروباری دروســـتکراوەکانی خودای گەورە ڕێکدەخەن.

دیسان لە ســـوننەتدا جێگیر بووە کە ئەو فریشـــتانە سەلامی ئوممەتی ئیسلام دەگەیەنن بە پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەك ئیمامی ئەحمەد و نەسائی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٤٠٨)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٨٩) لەفظەکەی لەفظی بوخاریە.

بەسەنەدێکی صەحیح لە عبدالله ی کوڕی مەسعودەوە (خودای لیٚ ڕازی بێت) ڕیوایەتیـــان کردووە کە ئەڵـــێت: پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن لله (عَزَّوَجَلَّ) ملائكة ســياحين في الأرض يبلغوني من أمتي الســلام»[1] واتا: خودای گەورە کۆمەڵـــێك فریشـــتەی هەن کە دەگەڕێن بەسەر زەویدا سەلامی ئوممەتەکەمم پیٚ دەگەیەنن.

دەســـتەیەکی تـــر لەفریشـــتەکان کاریـــان نووســـین و ژماردنی کار و کردەوەی دروستکراوەکانی خودایە کە بە (الكرام الكاتبون) ناسراون، لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ۞ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ۞ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ﴾ [الانفطـــار: ١٠-١٢] واتا: بێـــگومان چەنـــد چاودێریکتان بەسەرەوەیە۞ کە بەڕێز و نووسەرن۞ هەرچی بکەن دەیزانن۞.

لەجێـگایەکی تردا لەبارەی ئەم فریشتانەوە دەفەرموێت: ﴿إِذۡ يَتَلَقَّى ٱلۡمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٞ ۞ مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ﴾ [ق: ١٧، ١٨] واتـــا: کاتیٚ کە دوو فریشـــتەکە کردەوەکانـــی تۆمار دەکەن لەلای ڕاســـت و چەپیەوە چاودێـــرن و دانیشـــتوون، واتا: یەکێکیان لەلای ڕاســـتەوە دانیشـــتووەو ئەویشـــیان لەلای چەپەوە ۞ هـــەر وتەیەك لە دەمی دەرچـــیٚ چاودێرێکی بەسەرەوەیە و دەینوسێت۞.

موجاهید لەتەفســـری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەڵـــێت: فریشـــتەیەك لای ڕاستیەوەیە و دانەیەکی تریش لای چەپیەوە، ئەوەی لای ڕاستی کردەوە خێر و باشەکان دەنوسێت، ئەوەی لای چەپیشی کردەوە خراپەکانی دەنوسێت.

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (١/ ٤٥٢)، وە سونەنی تیرموذی: (٣/ ٤٣)، بەفەرمودەی ژمارە (١٢٨٢)، لەفظەکەی لەفظی موسنەدی ئیمام ئەحمەدە.

هەندێکـــی تریش لە فریشـــتەکان کاریان ئەو تاقیکردنەوە و پرســـیار لێکردنانەیـــە کـــە لـــە بەندەکانـــی خـــودا دەکرێن لـــە گـــۆڕدا، ئەوانیش (مونکیر و نەکیر) ن چەند فەرموودەیەکی صەحیحیش بەڵگەن لەسەر ئەم مەسئەلەیە، بوخاری و موسلیم لەفەرموودەیەکی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیـــان کردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێـــت: «إن العبد إذا وضع في قـــبره وتولى عنه أصحابه، وإنه ليســـمع قرع نعالهم أتاه ملكان، فيقعدانه فيقـــولان: ما كنت تقول في هذا الرجل لمحمد (ﷺ) فأما المؤمن فيقول أشهد أنه عبد الله ورسوله فيقال له: انظر إلى مقعدك من النار قـد أبدلك الله به مقعـدًا مـن الجنة فيراهما جميعًا»[1] واتا: بەندە کاتێك خرایە ناو گۆڕەکەیەوە وخزم و کەسوکارەکەی دایانپۆشی و پشتیان هەڵـــکرد، ئەم مردووە خشەی نەعلەکانیان دەبیســـتێ، پاشان دوو فریشتە دێن بۆلای و دائەنیشـــێنن (ئەم دانیشـــتنەیش مەگەر خـــودا خۆی بزانێت چۆنە) وپێی ئەڵـــێن: دەربارەی ئەو پیاوە (محمد) چی ئەڵـێیت؟ باوەڕدار لەوەڵامیاندا ئەڵێت: شاهیدی ئەدەم کە ئەو عەبدی خودا و پێغەمبەریەتی، ئەمجا پێی ئەوترێت: دەی سەری جێگاکەت بکە لەئاگردا کە خودای گەورە بۆی گۆڕیویت بە جێگایەك لەبەهشتدا، ئەمجا هەموویان دەبینن.

تیرموذی و ابـــن حبان لـــە ئەبوهورەیرەوە (خودای لـــێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە کە گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «إذا قبر الميت أو قال أحدكـم- أتاه ملكـان أسودان أزرقـان يقـال لأحدهما المنكر

---

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٣٧٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٧٠)، لەفظەکەی لەفظی بوخاریە.

والآخر النكير فيقولان: ما كنت تقول في هـــذا الرجل»[(١)] تیرموذی ئەڵـێت: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە.

واتا: کاتێك کەسێك یان یەکێك لەئێوە دەخرێتە ناو گۆڕ دوو فریشتەی ڕەشـــی شـــین دێن بۆلای بەیەکێکیان ئەوترێت (مونکیر) و بەوەی تریان (نەکیر) ئەم دوو فریشتە پرسیاری لێ دەکەن و ئەڵـــێن: دەربارەی ئەو پیاوە چی ئەڵـێیت؟.... فەرموودەکە تاکۆتایی...

ئەو فریشـــتانە و کارو فەرمانیان کە باســـمان کردن و ئاماژەمان پێدان بەناوبانگترین ئەو فریشتانەن کە دەقەکانی قورئان و سوونەت ناویان هێناون و باســـی کار و فەرمانیانی کردووە، کە پێویستە لەسەر مرۆڤ باوەڕیان پێی بهێنێت و بەڕاســـتیان بزانێت وەك ئەوەی لە دەقەکاندا هاتووە.... خودای گەورەیش لەهەمووان زانا و شارەزاترە.

## سوود و بەروبوومی باوەڕ بەفریشتەکان:

بـــاوەڕ بەفریشـــتەکان ســـوود و بەربوومی گـــەورەی هەیە لەســـەر دڵ و دەرونی مرۆڤی باوەڕدار، لەوانەیش:

١. شـــارەزا بـــوون لـــە گەورەیـــی دەســـەڵات و بـــێ کەموکورتـــی خالق و دروستکاریان کە (الله) یە.

٢. شـــوکر و سوپاسی خودای گەورە کردن لەسەر ڕەحم و بەزەیی و نەرم و نیانی و چاودێری بۆ بەندەکانی، بەوەی کە پەروەردگار ئەو فریشـــتانەی ڕاســـپاردووە بەهەڵســـوڕاندی کاروباری ئەوان و پاراســـتن و نوســـینی

(١) سونەنی تیرموذی: (٣/ ٣٨٥)، بەفەرموودەی ژمارە (١٠٧٣)، وە ئیبن حەبان: (٧/ ٣٨٦)، بەفەرموودەی ژمارە (٣١١٧)، لەفظەکەی لەفظی تیرموذیە.

کاروکردەوەیان و زۆر شتی تریش کە هەر هەموویان بۆ بەرژەوەندیەکانی مرۆڤن لە دونیا و دواڕۆژدا.

٣. خۆشویســـتنی فریشـــتەکان لەســـەر ئەوەی خودای گەورە هیدایەتی داون و ڕێـــگای پێشـــان داوون بـــۆ بەندایەتیکردنی خـــۆی بەجوانترین شـــێوە، و سەرخســـتن و یارمەتیدانی باوەڕداران و داوای لێخۆشبوون بۆ کردنیان لای خودای گەورە.

## بەشی دووەم:
## باوەڕ بە کتێب و نامە ئاسمانییەکان

**ڕێخۆشکردن:** پێناسەی وەحی لەزمانەوانی و شەرعداو ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی

**باسی یەکەم:** حوکمی باوەڕ بەکتێبەکان و بەڵگەکانی

**باسی دووەم:** چۆنیەتی باوەڕهێنان بە کتێبەکان

**باسی سێهەم:** تەورات و ئینجیل وسەرجەم کتێب و پەڕاوە ئاسمانییەکان دەستکاری کراوون و گۆڕدراون و قورئانیش سەلامەتە لەوەها کارێك

**باسی چوارەم:** باوەڕ بەقورئانی پیرۆز و تایبەتمەندیەکانی

## ڕێخۆشكردن

## پێناسەی وەحی لەزمانەوانی و شەرعدا و ڕوونكردنەوەی جۆرەكانی

### پێناسەی وەحی لە زمانەوانیدا

وەحی لەزماندا: بەمانای ڕاگەیاندنی خێرای پەنهان دێت.

هەروەها وەحی بەمانای ئاماژە، و نووسین، و پەیام، و ئیلهام دێت، وە هەرشتێك كە بیخوێنیتەوە بەسەر كەسێكی تردا هەتاوەكو فێردەبێت ئەوە وەحیە هەرچۆنێك بێت، ئەمەش تایبەت نییە بە پێغەمبەرانەوە، بەمانای ئەوەش نایەت كە لەلایەن خودای گەورەوەیە.

وەحی بەمانا زمانەوانیەكەی ئەم مانانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١. ئیلهامی فیطری بۆ مرۆڤ، وەك ئەو وەحیەی كە بۆ دایكی موسا كرا، لەم بارەیەوە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ﴾ [القصص: ٧] واتا: بەدایكی موسامان ڕاگەیاند (خستمانە دڵی) كە شیر بدە بە موسا.

٢. ئیلهامی غەریزەیی بۆ ئاژەڵان، وەك ئەو وەحیەی كراوە بۆ هەنگ، خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا﴾ [النحل: ٦٨] واتا: پەروەردگارت سرووش (ئیلهامی) كرد بۆ هەنگ كە لە چیاكاندا خانوو (بۆ خۆت) ساز بدە.

٣. ئاماژەی خێرا بەشێوەی هێما و ئیشارەت، وەك ئاماژە و ئیشارەتەكەی زەكەریا پێغەمبەر بۆ گەلەكەی، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا﴾ [مریم: ١١] واتا: ئەوسا دوای

دڵنیابوون زەکەریا لە پەرستگاکەی هاتە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی و ئاماژەی بۆ کردن کە لە بەرامبەر ناز و نیعمەت و بەخششەکانی خواوە بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و ستایش بکەن.

٤. وەسوەسەی شەیتان و ڕازاندنـــــەوە خراپە و تاوان لە دڵ و دەروونی شـــوێنکەوتووانیدا، خودای گـــەورە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَـٰدِلُوكُمۡۖ﴾ [الأنعام: ١٢١] واتا: بشزانن کە شەیاتینەکان هەمیشە شتی پڕوپووچ ئەخەنە دڵی دۆستەکانیانەوەو، دنەیان دەدەن، بۆئەوە موجادەلەو دەمە قاڵێتان لەگەڵ بکەن و کێشە و گرفتتان بۆ بنێنەوە.

٥. ئەوەی خودای گەورە لەفەرمانەکانی ئەیخوێنێتەوە بەسەر فریشتەکاندا و فەرمانیـــان پێدەکات کە ئەنجامی بدەن، خـــودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ﴾ [الأنفـــال: ١٢] واتـــا: ئەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) یادی ئەوە بکـــەرەوە کاتێک پەروەردگارت وەحی و نیگای دەکرد بۆ فریشـــتەکان کە: بەڕاســـتی من لەگەڵتانم، کـــــەوابوو ئێوەش دڵی ئیمانداران پابەندو دامەزرا و بکەن.

**پێناسەی شەرعی وەحی:**

بریتییە لـــە ڕاگەیاندنی خودای گـــەورە بـــۆ پێغەمبەرەکانی بەوەی کە دەیەوێت پێیان ڕابگەیەنێت لە شـــەرع یان لە کتێـــب و پەرتووکێك بەهۆی فریشتەی وەحی (جوبرەئیل) یان بە بێ یارمەتی ئەویش.

**جۆرەکانی وەحی:**

بۆ وەرگرتنـــی وەحی لەخودای گـــەورەوە چەند ڕێگایـــەك هەیە کە پەروەردگار خۆی لە ســـورەتی (الشـــوری) دا ڕوونـــی کردونەتەوە، وەك

فەرموویەتـــی: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ﴾ [الشـــورى: ٥١] واتا: هیچ کـــەس بۆی نیە (لەدونیادا) خودای گەورە وتوویژی ڕاســـتەوخۆی لەگەڵدا بکات، مەگەر لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە، یان لە پشـــتی پەردەوە، وەك موسا، یان نێردراوێکی وەك فریشتە_جوبرەئیل_دەنێرێت کە بە گوێرەی فەرمان و مۆڵەتی خودا چی پێ سپێردراوە دەیگەیەنێت، بەڕاستی ئەو ذاتە خوایەکی بلند و داناو کاربەجێیە.

خودای گەورە لەم ئایەتـــە پیرۆزەدا ڕایگەیاندووە کە و وتوێژ و نیگای لەگەڵ مرۆڤدا بەسێ پلەیە:

**پلـــەی یەکەم:** بەتەنها نیگا (وەحی) کردن، ئەویش بە خســـتنە دڵی ئەو شـــتەی کە خودای گەورە دەیەوێت بۆ کەسەی کە وەحیەکەی بۆ دەکرێت، بەشـــێوەیەك ئەو کەســـە هیـــچ گومانی لەوەدا نامێـــنێت ئـــەوەی وەحی بۆکراوە لەلایەن خوداوەیە، ئەویش بە بەڵـــگەی ئەوەی کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا وَحْيًا﴾ [الشوری: ٥١] نموونەی ئەمەیش ئەو فەرموودەیەیە کە عبداللەی کوڕی مەســـعود (خـــودای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێـــتەوە کە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: «إن روح القـــدس نفث في روعي لن تموت نفس حتى تســـتكمل رزقهـــا فاتقوا الله وأجملوا فـــي الطلب»[1] واتا: ڕۆحی پیرۆز (مەبەســـت پێی جوبرەئیلە) خســـتیە دڵمەوە کە هیچ کەسێك نامرێـــت هەتاوەکـــو ڕزق و ڕۆزیەکەی خۆی تەواو نـــەکات، جا لەخودا بترسن و بەشێوەیەکی جوان بگەڕێن بەدوای ڕزق و ڕۆزیتاندا.

ئەم فەرموودەیە ابـــن حبان لەصەحیحەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردووە، وە

(١) ئیبن ماجە – التجارات – (٢١٤٤).

حاکمیش لەموستەدرەکەکەیداو بەفەرمودەیەکی صەحیحی داناوە، وەئیمامی ذەهەبیش هاوڕایە لەگەڵیدا، وە ابن ماجەش لەسونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، غەیری ئەمانەش زانایانی تریش ئەم فەرمودەیەیان ڕیوایەت کردووە[1].

هەندێـــك لە زانایانیش ئەم بەشـــەی نیگایان خســـتوەتە ڕیزی خەوی پێغەمبەرانـــەوە، وەك خەوەکـــەی ئیبراهیم (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) کـــە خودای گەورە لەبارەیـــەوە فەرموویەتـــی: ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ﴾ [الصافات: ١٠٢] واتا: ئیبراهیم وتی بە ئیســـماعیلی کوڕی: ئەی کوڕی خۆشەویســـتم من ئەمبینی لەخەونمدا کە تۆ سەردەبڕم.

هەروەها وەك ئەو خەوانەی کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەســـەرەتای پێغەمبەرایەتیەوە دەیبینین، هەروەك بوخاری و موســـلیم لە فەرموودەیەکی عائیشەوە (خودای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «أول ما بدئ به رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) من الوحـــي الرؤيا الصالحة في النوم فكان لا يرى رؤيا إلا جـــاءت مثل فلق الصبح»[2] واتا: یەکەم شـــتێك لەوەحی بۆ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەســـتی پێکرا بریتی بوو لە بینینی خەوی ڕاســـت لەکاتی خەودا، هیچ خەوێکی نەدەبینی ئیلا وەك سپێدەی بەیان ئەهاتنەدی.

**پلەی دووەم:** وتوێژکردن لەپشـــتی پەردەوە بەڕاســـتە وخۆ، بەبێ هیچ هۆکارێك، وەك بۆ هەندێك لەپێغەمبەران (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) ثابت و جێگری بووە،

(١) مەوارد ئەلضمئان (١٠٨٤، ١٠٨٥)، وموستەدرەکی ئەلحاکم (٢/ ٤)، وسونەنی ئیبن ماجـە (٢١٤٤)، وە ئیبن ئەبی ئەلدونیا لە - القناعة - دا، وە ئەلبەیهەقی لە - شعب الإيمان - دا، وە ئەلبەغەوی (١٤/ ٣٠٤) بەفەرموودەی ژمارە (٤١١٢).

(٢) بوخاری - بدء الوحي - (٤)، وە موسلیم - الإيمان - (١٦٠)، وە تیرموذی - المناقب - (٣٦٣٢)، وە موسنەدی ئەحمەد (٦/ ٢٣٣).

وەك قسەو وتوێژ کردنی خودای گەورە لەگەڵ موسا (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) دا، کە لەزیاتر لەجێگایـەك لەقورئانی پیرۆزدا ئەمەی باسـکردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا﴾ [النساء: ١٦٤] واتا: خـودای میهرەبان بۆ خۆی ڕاسـتەوخۆ قسـەی لەگـەڵ موسـادا کـردووە، وە فەرموویەتی: ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ﴾ [الأعراف: ١٤٣] واتا: جا کاتێک موسـا هات بۆ کات و شـوێنی دیاریکراومان و پەروەردگاریشی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵـدا ئەنجامدا.

هەروەهـا وەك وتوێژکردنی خودای گەورە لەگـەڵ ئادەم (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) دا، لەم بارەیـەوە فەرموویەتی: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ﴾ [البقرة: ٣٧] واتا: پاشـان ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە چەند وشە و نزایەکی وەرگرت، هەورەها وەك وتوێژکردنی خـودای گەورە لەگەڵ پێغەمبـەری خۆماندا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەشـەوی ئیسـراءدا، وەك ئەوەی ثابت و جێگر بووە لە سوننەتی سەحیحدا، بەڵـگەیەش لەسەر ئەم پلەیەی وەحی لەقورئانی پیرۆزدا، ئەوەی خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ﴾ [الشورى: ٥١] واتا: یان لەپشت پەردەوە.

**پلەی سێهەم:** وەحی ونیگاکردن بەهۆی فریشتەوە، بەڵـگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ﴾ [الشورى: ٥١] واتا: یان نێردراوێکی وەك فریشتە_جوبرەئیل_دەنێرێت کە بە گوێرەی فەرمان و مۆڵەتی خوا چی پێ سپێردراوە دەیگەیەنێت.

ئەمەش وەك دابەزینـی جوبرەئیل (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) بەو وەحیەوە کە خودای گەورە ناردویەتی بۆ لای گشت پێغەمبەران.

قورئانی پیرۆزیش هەر هەمووی لەڕێگای ئەم جۆرە لە وەحیەوە خودای گەورە قسەی پێکردووە و جوبرەئلیش لە خودای گەورەی بیستووە و پاشان ئەویش گەیاندویەتی بە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەك دەفەرموویت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ * نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ * عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ﴾ [الشعراء: ١٩٢-١٩٤] واتا: و بەڕاستی ئەم (قورئان) ــە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانیانە * جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە * بۆ سەردڵی تۆ بۆ ئەوەی لە ترسێنەران بیت *.

وە دەفەرمووێــت: ﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ﴾ [النحل: ١٠٢] واتا: بڵێ جوبرەئیل دایبەزاندوە لە لایەن پەروەردگارتەوە بەڕاستی.

هێنان و گەیاندنــی وەحیش بۆ پێغەمبــەری خۆمان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەلایەن جوبرەئیل (عَلَيۡهِٱلسَّلَامُ) ــەوە بە چەند شێوەیەك بووە:

١. ئەوە بووە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) جوبرەئلی لەسەر ئەو شێوەیەی کە خودای گەورە دروستی کردووە بینیوە (واتا لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی) ئەمەش تەنها دووجار ڕویداوە هــەروەك لەجێگای تایبەتی خۆی باسی لێوە دەکەین.

٢. یان وەحی و نیگای بۆ هاتووە لەســەر شــێوەی دەنگــی زەنگێك کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لێی تیگەیشتووە کە چی دەڵــێت.

٣. یــان جوبرەئیــل لەســەر شــێوەی پیاوێــك ئەهاتــە لای پێغەمبــەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)و قســەی لەگەڵدا دەکرد، هەروەك لەو فەرموودەیەی کە هاتــووە باس لەوە دەکات کە جوبرەئیل لە شــێوەی پیاوێکدا هات بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و پرسیاری پلەکانی ئاین و باوەڕی لێکرد.

پێغەمبەر (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی لەم دوو حاڵەتەی کۆتایی کردووە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە حارثی کوڕی هشام لێی کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن وەحیت بۆ دێت؟ پێغەمبەریش (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: «يا رسول الله كيف يأتيك الوحي؟ فقال رسول الله (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أحيانا يأتيني مثل صلصلة الجرس، وهو أشده علي، فيفصم عني وقد وعيت عنه ما قال. وأحيانا يتمثل لي الملك رجلا فيكلمني فأعي ما يقول»[(١)] واتا: هەندێك جار وەك دەنگی زەنگێك نیگام بۆ دێت کە ئەوە لەسەرم زۆر گران و قورسترە وبۆم ئاشکرا دەبێت و لێی تیدەگەم کە چی دەڵێت، وە هەندێك جاریش فریشتەی نیگا لەشێوەی پیاوێکدا دێت بۆلام و قسەم لەگەڵدا دەکات و بەچاکی تێدەگەم لەوەی کە وتویەتی.

مەبەست لەوشەی (فصم) واتا: ئاشکرا و ڕوون دەبێتەوە.

(١) بوخاری - بدء الوحي - (٢)، وە موسلیم - الفضائل - (٢٣٣٣)، وە تیرموذی - المناقب - (٣٦٣٤)، وە ئەلنەسائی - الافتتاح - (٩٣٤)، وە موسنەدی ئەحمەد (٦/ ٢٥٧)، وە مالیك لە - النداء للصلاة - (٤٧٤) دا.

## باسی یەکەم
## حوکمی باوەڕ بەکتێبەکان و بەڵگەکانی

### پێناسەی کتێبەکان:

کتێبەکان کۆی کتێبن، و کتاب چاوگی (كَتَبَ، يَكتُبُ، كِتابًا) زمانی عەرەبیە، پاشان (مَكتُوب و كِتَاب) بەوەوە ناونراون لە بنەمادا ناوون بۆ لاپەڕە لەگەڵ ئەوەی کە تێیدا نووسراوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَسْأَلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ [النساء: ١٥٣] واتا: ئەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خاوەنانی کتێب داوای ئەوەت لێدەکەن کە لە ئاسمانەوە کتێبێکیان بۆ دابەزێنیت.

کتابا: لێرەدا بەمانای پەڕاوێك دێت کە شتی تێدا نوسرا بێت.

مەبەستیش لە(كُتُبْ) لەمبابەتەی ئێمەدا: ئەو کتێب و پەڕاوانەیە کە پێك هاتووە لە گوفتار و وتاری خودای گەورە کە وەحی و سروشی کردووە بۆ پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێ بێت) جا چی وەك تەورات بەنوسراوی ناردبێتی، یان وەك قورئانی پیرۆز لەڕێگای وەحیەوە جوبرەئیل بەدەمیی خوێندبێتیەوە بۆ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پاشان وەك هەر کتێبێکی تر نووسرابێتەوە.

### حوکمی باوەڕهێنان بە کتێبەکان:

باوەڕهێنان بەهەموو ئەو کتێبانەی کە خودای گەورە ناردوینتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکانی ڕوکنێکی گەورەیە لەڕوکنەکانی باوەڕ و بنەمایەکی گەورەی بنەماکانی دینیشە، باوەڕ وەرناگیرێت و جێبەجێ نابێت بەبێ باوەڕهێنان بەم کتێبانە، ئەمەش دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەری:

بەڵگەکان لە قورئانی پیرۆز: خـــوادای گـەورە ئـەفـەرمـوویـت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ [النسـاء: ١٣٦] واتا: ئەی کەسـانێك کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام بن لەسەر باوەڕ بە خوداو پێغەمبەرەکەی و بەو قورئانـەی ناردوویەتیە خوارەوە، بۆ فروسـتادەکەی وە بەو کتێبانەش کە پێشـتر ناردوویەتیە خوارەوە، وە هەر کەسێك بێ باوەڕ بێت بەخوداو بەفریشتەکانی و بەکتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و رۆژی دوایی ئەوە بەڕاستی گومڕابووە بەئەوپەڕی گومڕایی.

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمانی کردووە بە بەندە باوەڕدارەکانی کەبەتەواوەتی بچنە ناو هەموو باوەڕ و بەش و ئەرکانەکانیەوە، فەرمانی کردووە بەباوەڕهێنان بە خودای گەورە (الله) و بە پێغەمبەرەکەی محمد (ﷺ) وە باوەڕهێنان بەو کتێبەشی کە هاتوەتە خوارەوە بۆی کە قورئانی پیرۆزە، وەبە سـەرجەم ئەو کتێبانەشی کە پێشـووتر هاتوونەتە خوارەوە: وەك تەورات، و ئینجیل، و زەبور، وە لەکۆتایی ئایەتەکەشەوە ئەوەی ڕوونکردوەتەوە هەرکەس باوەڕی نەبێت بەڕوکنێك لەڕوکنەکانی ئیمان ئەوە بە گومڕاییەکی تەواو گومڕا بووە، و یاخی بووەو دەرچووە لە ڕێگای ڕاست، گومانیشی تێدا نییە کە یەکێك لەڕوکنەکانی ئیمان، باوەڕهێنانە بەکتێبەکانی خودای گەورە.

لەجێگایەکی تردا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ﴾ [البقرة: ١٧٧] واتا: کرداری چاك و کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بـەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونکە جولەکە زۆر لەسـەر گۆڕانی قیبلە

دووان و پڕوپاگەندەی زۆریان کرد)، بەڵــکو کرداری چاك و کاری باش بریتیە لەوەی کــە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خوداو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران..

خــودای گەورە لــەم ئایەتــە پیــرۆزەدا ئــەوەی ڕوونکردوەتەوە کە حەقیقەتی کاری ڕاست و دروست بریتیە لە: باوەڕهێنان بەو ڕوکنانەی کە باســی کردووە، لەگەڵ کارکردن بەڕەوشتی کاری خێر و چاکەی ئەو کارە باشانەی کە لەئایەتەکەدا هاتووە، یەکێکیش لەو ڕوکنانەی کەباسی کردووە باوەڕ هێنانە (بە کتێبەکانی خودای گەورە).

(ابن کثیر) ئەڵــێت: مەبەست لە (کتاب) لەم ئایەتە پیرۆزەدا سەرجەم ئەو کتێبانەیە کە دابەزیوون بۆ سەر پێغەمبەران، هەتا پەروەردگار ئایەتەکەی کۆتایی هێناوە بەپیرۆزترین و بەڕێزترینیان کە قورئانی پیرۆزە، بالادەســتە بەسەر گشت کتێبەکانی پێش خۆیدا[1].

لەپێنــاو جێبەجێکردنی باوەڕهێنانیش بەســەرجەم کتێبەکان، خودای گــەورە فەرمانی کــردووە بە بەنــدە باوەڕدارەکانی بانگــی ئەهلی کتاب (لەجولەکــە و گاورەکان) بکەن پێیان بڵــێن: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ [البقرة: ١٣٦] واتا: ئەی باوەڕداران بڵێن بڕوامان هێنا بەخوداو بەو قورئانەی کەبۆ خۆمان نێردراوەتە خوارەوە، وە بەو نامەیەی کە نێردراوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی یەعقوب، و بەوەی کەدراوە بەمووســا و عیسا، وە بەوەی کە

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر ١/ ٢٩٧.

دراوە بەهەموو پێغەمبـــەران لەلایەن پەروەدگاریانەوە، جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێکیاندا و ئێمە فەرمانبەرداری خوداین.

ناوەڕۆکـــی ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەوە دەکات کە باوەڕداران باوەڕیان هەیـــە بـــەوەی هاتووەتە خـــوارەوە بۆیان بەهـــۆی پێغەمبـــەری خوداوە (ﷺ) و باوەڕیشیان هەیە بەو کتێب و پەڕاوانەیشی دابەزیووە بۆ گشـــت ئەو پێغەمبەرانەی کە ناویان هاتووە لەئایەتەکەدا، وە ئەوەیشـــی کە هاتوەتە خوارەوە بۆ ســـەر پێغەمبەران بە شـــێوەیەکی گشتی، و باوەڕداران هیچ جیاوازی ناکەن لەنێوان پێغەمبەراندا کە باوەڕیان بەهەندێکیان هەبێت و بەهەندێکی تریشان نەیانبێت، بەڵـــکو بەبێ جیاوازی باوەڕی تەواویان هەیە بەسەرجەم پێغەمبەران و ئەو کتێبانەیشی کە هاتووەتە خوارەوە بۆیان.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش لەم بارەیەوە زۆرن و بەوەندە کۆتایی پێ دەهێنین.

بەڵـــگەکانیش لە سوونەت کە باس لە واجبی باوەڕهێنان بە سەرجەم کتێـــب و پەڕاوە ئاســـمانیەکان دەکەن زۆرن، باوەڕهێنـــان پێیان ڕوکنێکی گەورەیە لە ڕوکنەکانی ئیمان، ئەوەیشـــی بەڵـــگەیە لەسەر ئەمە فەرموودە بەناوبانگەکـــەی جوبرەئیلـــە کە هـــات بـــۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرســـیاری ڕوکنەکانـــی ئیمانـــی لێکـــرد، پێغەمبەریش (ﷺ) لەوەڵامیدا باسی: باوەڕهێنان بەسەرجەم کتێبەکانی کرد لەگەڵ باوەڕهێنان بە ڕوکنەکانی تری ئیمان، کە پێشتر بەوردی باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد و پێویست ناکات جارێکی تر لێوەی بدوێین.

بەمـــەش ئـــەوە ڕوون بوویەوە کەبـــاوەڕ هێنان بەســـەرجەم کتێبەکان

واجبن لەسەر باوەرداران، وە باوەڕ بەوەش کە هەموویان لەلایەن خودای گەورەوە بەهەق و بۆ هیدایەت دانی مرۆڤەکان و ڕێگا ڕووناك کردنەوەیان دابەزیوون بۆ سەر پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت)، وە هەرکەس بەدرۆیان بزانێت (پێش دەستکاری کردنیان) یان ئینکاری شتێکیان بکات ئەوە بێ باوەڕ بووە بە خودای گەورە و لەئاین دەرچووە.

**سوود و بەروبوومی باوەڕ بە کتێبەکان:**

باوەڕ بە کتێبەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر باوەڕدار، لەوانەیش:

١. شوکر و سوپاسی خودای گەورە کردن لەسەر ئەو لوتف و ڕەحم و میهرەبانیەی کە کردوویەتی لەگەڵ دروستکراوەکانی و گرنگی پێدانیان، بەوەی ئەو کتێب و پەڕاوانەی بۆ دابەزاندووە تاوەکو ڕێپیشاندەریان بێت و ئیرشادیان بکات بۆ خێر و چاکەی دونیا و دوارۆژیان.

٢. دەرکەوتنی حیکمەتی خودای گەورە ومیهرەبان، بەوەی پەروەردگار لەم کتێبانەدا بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك ئەوەی پێویستی کردبێت بۆیان لە شەریعەت و بەرنامەی ژیان لەکاتی خۆیدا بۆی ناردوون، وە کۆتا کتێبیشیان قورئانی پیرۆز بوو کە شایانی هەموو دروستکراوەکانیەتی لەهەموو چەرخ و سەردەم و جێگایەکدا هەتا ڕۆژی دوایی.

٣. سەلماندن و جێگیرکردنی صیفەتی کەلام بۆ خودای گەورە، وە باوەڕ بەوەیش کە کەلام و گوفتاری ئەو لەکەلام و گوفتاری دروستکراوەکانی ناکات، وە سەرجەم دروستکراوەکانیش دەستەوەستانن لەهێنانی شێوەیەك لەم قورئان و کەلامی خودای گەورەیە.

## باسی دووەم
## چۆنیەتی باوەڕهێنان بە کتێبەکان

باوەڕبوون بەکتێبەکانی خودای گەورە چەند لایەنێکی جیاجیا دەگرێتەوە، کە دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر واجببوونی باوەڕ پێی، ئەویش لەپێناو تەحقیق بوونی ئەم روکنە گەورەیە، کە روکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیمان، ئەوانیش بریتین لە:

١. بەڕاست زانینی بێگومان بەدڵ بەوەی کە ئەو کتێبانە لەلایەن خودای گەورەوە دابەزیوون، وە کەلامی پەروەردگارمانن و قسەی هیچ کەسێکی تر نییە، وە باوەڕ بوون بەوەی ئەو کتێبانە خودای گەورە بە هەقیقەت قسەی پێکردوون هەرکاتێك ویستبێتی بەو شێوەیە کە ئیرادەی کردبێت، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ * نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ * مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ [آل عمران: ٢-٤] واتا: خودا زاتێکە جگە ئەو هیچ خودایەکی تر نی یە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگر و سەرپەرشتیاری هەموو دروستکراوەکانیەتی * ئەم (قورئان)ـەی وردە وردە و کەم کەم بەهەق و راست و دروست، دابەزاندۆتە سەر تۆ، پشتگیری ئەو هەموو نامەو کتێبە پێشووانەی خۆیەتی، واتا: ددان بەو کتێبانەشدا دەنێت، کە پێش لەخۆیبوون، لەپێش ئەم قورئانەیشەوە (تەورات و ئینجیل) ی دابەزاند * بۆ ڕێنوێنی خەڵکانی سەردەمی خۆیان، پاش ئەوانیش ئەم (قورئان)ـەی دابەزاند، بۆ جیاکەرەوەی ڕاستیی و ناڕاستیی، هەق و باتڵ، ئەوکەسانەی کە بە بەڵگەو نیشانەکانی خودا بڕوایان نییە و

کافرن لەکاتێـکدا هەمووش پڕ بەدەم هاواری بوونی خودا و تاك و تەنیایی خودا دەکەن، بەراسـتیی لەدوارۆژدا سـزایەکی زۆر قورس و گرانیان بۆ هەیە، خۆ دیارە کە خواش زۆر بالادەست و بـەتوانایە، تۆڵە سێنەرە لەبێ باوەڕان، بەهەر شێوەیەك خۆی بیەوێت.

خـوادای گـەورە ڕایگەیاند کە خۆی ئـەو کتێبانـەی دابەزاندووە کە لەئایەتە پیرۆزەکەدا باس کـراوون، ئەوانیش: تەورات و ئینجیل و قورئان بوون، ئەمەش بەڵـگەیە لەسەر ئەوەی لەو کتێبانەدا هاتوون خۆی قسەی پێکردوون، و کەلامی هیچ کەسێکی تر نین، لەناوەڕۆکی ئایتەکەشەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە کەهەرکەسـێك بێ باوەڕ بێت بەئایەت و نیشانەکانی خودا ئەوە پەروەردگار هەڕەشەی لێکردووە بەسزای سەختی دۆزەخ.

خودای گەورە لەبارەی تەوراتەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞ﴾ [المائدة: ٤٤] واتا: بەڕاستی ئێمە کاتێک تەوراتمان نارده خوارەوە ڕێنمووییی تیادا بوو (بۆ هەموو خێـر و چاکەیەک)، نور و ڕووناکیش بوو (لەناو تاریکاییەکاندا).

خودای گەورە ڕوونی کردوەتەوە کە خۆی تەوراتی ناردوتەوە خوارەوە کە نور و ڕووناکی و ڕێنمایی تێدابوو، خودای گەورە لەجێگایەکی تر و لە باسـی حاڵ وهەواڵی جولەکەکاندا باسـی ئەوە دەکات کە تەورات کەلام و گوفتاری خۆیەتـی، وەك فەرموویەتی: ﴿أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ﴾ [البقـرة: ٧٥] واتـا: جا ئایا بەتەمان (ئەی موسـوڵمانینە) کە (جوولەکە) بـڕوا بێنن بەئایینەکەتان لەکاتێک دا کەدەستەیەک لەوان فەرمودەی خوایان ئەبیست (لەتەورات)

کەچی لەپاش تێگەیشتنی دەستکاریان دەکرد، لەکاتێکدا ئەوان دەشیانزانی کە کارێکی ناڕەوایە...

ئەو گوفتارەی کە ئەوان بیستیان کەلامی خودای گەورە بوو، بەڵام پاشان دەستکاریان کرد و گۆڕییان، ئەمەش وتە و ڕاو بۆچوونی هەریەك لە (سدي) و(ابن زيد) وکۆمەڵێك لەزانایانی تەفسیرە.

لەبارەی ئینجیلیشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ﴾ [المائدة: ٤٧] واتا: دەبا شوێنکەوتووانی ئینجیل بەو ڕێنموویی و ئامۆژگاریانە هەڵسوکەوت بکەن کە خودا لە ئینجیلدا دایبەزاندوە (گرنگترینیان شوێنکەوتنی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلامە).

واتا: حوکم کردن بە فەرمانەکانی خودای گەورە و درووکەوتنەوە لە قەدەغە و یاساغکراوەکانی کە هەموو کەلام و گوفتاری خودان.

لەبارەی قورئانی پیرۆزیشەوە فەرموویەتی: ﴿الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ [هود: ١] واتا: ئەم جۆرە پیتانەش هەر لەو پیتانەن کەئەم قورئانەیان لێپێکهاتووە، دەسا ئەگەر دەتوانن ئێوەش وێنەی بهێنن، ئەم قورئانە - کە لە لایەن خواوە نێردراوە - کتێبێکە گشت ئایەتەکانی ڕێکو پێکن دەستکاری ناکرێن، لەپاشان هەر لەلایەن خودایەکی کاردروستی ئاگادارەوە نەك لە لایەن ئەو پەیامبەرەوە - وەك ئەوان دەڵێن- بەجوانی حەڵاڵ و حەرامەکانی شیکراونەتەوە.

دیسان خودای گەورە بەپێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى الْقُرْآنَ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ﴾ [النمل: ٦] واتا: بێگومان تۆ ئەی موحەممەد!

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر لەلایەن خودایەکی کاربەجێ و داناو زاناوە ئەم قورئانەت پێدەگات.

وە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ﴾ [النحل: ١٠٢] واتا: بڵێ جوبرەئیل دایبەزاندوە لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕاستی تا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دامەزراویان بکات و ڕێنموونی و موژدەش بێت بۆ موسڵمانان.

دیسان دەفەرموێت: ﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾ [التوبة: ٦] واتا: ئەگەر یەکێك لەو موشریکانە پەنای پێهێنایت، پەنای بدە؛ دالدەی بدە، هەتا بەباشی فەرمایشتی خودا دەبیسێ و لێی حاڵی دەبێ، واتا: قورئانی بۆ دەخوێنیت و لێی تێدەگات.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە فەرمانی کردووە کە گوێبیستی قورئان بن کە بەڕاستی و بەبێ هیچ گومانێك گوفتار و کەلامی خودایە.

٢. باوەڕ بەوەی ئەو کتێب و پەڕاوە ئاسمانیانە بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ بەندایەتی و پەرستنی خودای گەورە بەتاك و تەنهایی، و ڕێنمایی و نوور و ڕۆشنایی و دەرهێنانیان لەتاریکی و گومڕایی، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤۡتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادٗا لِّي مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ [آل عمران: ٧٩] واتا: بۆ هیچ مرۆڤێك ڕەوانییە کەخودا کتێب و نامەی دابێتێ و فێری وردەکاریی و لەکارزانی کردبێ و پلەی پەیامبەرێتی پێ دابێت (وەکو عیسا) پاشان بەخەڵکی بڵێت: وەرن لەباتی خودا ببنە بەندەی من و، من بپەرستن، هەرگیز ئەوە رووی نەداوە و نابێت.

پەروەردگار ڕوونی کردوەتەوە کە بەهیچ شـێوەیەك ڕەوا نییە بۆ هیچ کەسـێك کە خودای گەورە کتێبی بۆ ناردبێت و فێری حیکمەت و دانایی کردبێت و کردبێتی بە پێغەمبەر پاشان فەرمان بکات بەخەڵـکی کە بیکەن بەخـودا و بەندایەتی بۆ بکەن، چونکە کتێبەکانی خودای گەورە هەمیشـە فەرمانیان بەوە کردووە کە بە دڵسـۆزی و بەوپەڕی ئیخلاصەوە بەندایەتی بۆ خودای تاك و تەنها بکەن.

ئەمجا خوای گـەورە ڕوونی کردوەتـەوە کە کتێبەکانـی هەموویان هـەق و ڕاسـتی و ڕێنماییـان هێناوە بـۆ خەڵـکی، وەك فەرموویەتی: ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ * مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ﴾ [آل عمـران: ٣، ٤] واتا: ئەم (قورئان) ـەی وردە وردەو، کـەم کەم بەهەق و ڕاست و دروست، دابەزاندۆتە سەر تۆ، پشتگیری ئەوهەموو نامەو کتێبە پێشووانەی خۆیەتی، واتا: دان بەو کتێبانەشدا دەنێت، کە پێش لەخۆیبوون، لەپێش ئەم قورئانەیشـەوە (تەورات وئینجیل) ی دابەزانـد * بۆ ڕێنوێنی خەڵـکانی سەردەمی خۆیان، پاش ئەوانیش ئەم (قورئان) ـەی دابەزاند، بۆ جیاکەرەوەی ڕاستیی و ناڕاستیی، هەق و باتڵ.

فەرموویەتـی: ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ [البقـرة: ٢١٣] واتا: لەسـەرەتاوە هەموو خەڵـك یەك دەسـتەو یەك بەرە بوون، گشت لەسـەر ئاینێکی پاك و ڕاست و دروست بوون، بەبێ یەکتر نەئەژیان، ئەبو هاوکاری یەکتریان بکردایە، کەچی وردە وردە لەئەنجامدا جیاوازیی و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و لێکترازان، ئینجا خودا پەیامبەرانی نارد موژدە دەربن (بە پاداشـت، بـۆ ئەوانەیان بڕوایان

هەیە) ترسێنەریش بن (بۆ ئەوانەیان، جیاوازیی و ناکۆکی دەکەن) وە کتێب ونامەی هەق و ڕاستیشی لەگەڵ ناردن..

فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ﴾ [المائدة: ٤٤] واتا: بەڕاستی ئێمە کاتێک تەوراتمان ناردە خوارەوە ڕێنموویی تیادا بوو (بۆ هەموو خێر و چاکەیەک)، نوور و ڕووناکیش بوو (لەناو تاریکایی یەکاندا)... وە دەفەرموویێت: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ﴾ [المائدة: ٤٦] واتا: (ئینجیل) یشمان دابە عیسا کە ڕێنمایی و ڕووناکیی تێدابوو، و تەسدیقی (تەورات) یشی دەکرد، بۆ خوداناسان و خۆپارێزان ڕێنماو ئامۆژگاری بوو، واتا: پاش ئەوانە ئیتر هەقبوو لەخراپە و خراپەکاری سڵ بکەنەوە.

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ﴾ [البقرة: ١٨٥] واتا: مانگی ڕەمەزان، ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارێ، واتا: لەڕەمەزاندا (دەست بەناردنی کراوە) ڕێنمایی مەردوم دەکات بۆ گشت کارێکی چاك، و چەندین بەڵگە و نیشانەی زۆر ڕوونی تێدایە بۆ شارەزای ڕێی هەق و، جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست... ئەمانە و چەندان ئایەتی پیرۆزی تر کە هەر هەموویان باس لەوە دەکەن کە کتێبەکانی خودای گەورە هەموویان هەق و ڕاستی و ڕێنماییان لەلایەن خوداوە بۆ خەڵکی هێناوە..

٣. باوەڕ وئیمان بەوەی کتێبەکانی خوای گەورە هەندێکیان هەندێکی تریان بەڕاست دەزانن و تەصدیقی ئەوەیان کردووە کە تێیاندا هاتوون، بەشێوەیەك هیچ دژ یەك و پێچەوانەیەك نییە لەنێوانیاندا، هەروەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا

عَلَيۡهِۖ﴾ [المائدة: ٤٨] واتا: ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا.

لەبارەی ئینجیلیشەوە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ﴾ [المائدة: ٤٦] واتا: ئینجیلیشمان دابە (عیسا) کە ڕینمایی و ڕووناکیی تێدابوو، و تەسدیقی (تەورات) یشی دەکرد.

واجبە بەم شێوەیە باوەڕمان بەکتێبەکانی خودای گەورە هەبێت کە هەر هەموویان ئەوی دیکە بەڕاست دەزانیت و هیچ جۆرە دژیەکی و پێچەوانەیەکیش لەنێوانیاندا نییە و نابینرێت، ئەمەش گەورەترین تایبەتمەندی کتێبەکانی خودای گەورەیە کە جیایان دەکاتەوە لە کتێبی دروستکراوەکانی، کەلام و گوفتاری پەروەردگار جیا دەکاتەوە لە کەلام و گوفتاری مەخلوقەکانی، چونکە کتێبی دروستکراوەکانی دووچاری دژیەکی و کەموکورتی دەبنەوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا﴾ [النساء: ٨٢] واتا: خۆ ئەگەر ئەم قورئانە لەغەیری خوا بووایە، بێگومان شێواوی و دژایەتییەکی زۆریان –لەڕووی ڕەوانبێژی و خۆشخوانیی و ماناو مەبەستەوە– تیا بەدی ئەکرد، بەڵام چونکە فەرموودەی خودایە، دەبینی لەهەموو کەموکورتی و ناتەواوی و دژایەتیەك دوورە.

٤. باوەڕ و ئیمان بەو کتێب و پەڕاوانەی کە خودای گەورە بەتایبەتی ناوی بردوون، و بەڕاست زانین و تەصدیقکردنیان، وەك ئەوەی خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەواڵیان پێداوە و پێیان ڕاگەیاندووین،

ئەو کتێبانەیش بریتین لە:

أ) تــەورات: ئەو کتێبەیە کە خودای گەورە ناردویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەر موسی (ســەلامی خودای لێ بێت)، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ﴾ [القصـص: ٤٣] واتا: سوێند بە خودا ئێمە تەوراتمان بەخشــی بە موسا، دوای ئەوەی کە قەومە پێشووەکانمان لە ناوبرد، (چونکە یاخی بوون) تا ببێتە هۆی بەرچاوڕوونی وهیدایەت و ڕێنمویی و ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ خەڵــکی، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێفکرن.

لەو فەرمــوودە درێژەی کە بەفەرموودەی شــەفاعەت ناســراوە، کە بوخاری و موســلیم ڕیوایەتیــان کــردووە، لەفەرموودەیەکی مەرفوعی ئەنەســی کوڕی مالیك خودای لێ ڕازیی بێت کە تێیدا هاتووە: «... فيأتون إبراهيم فيقول: لسـت هُنَاكـم ويذكر خطيئته التي أصابها ولكن ائتوا موسى عبدًا آتاه الله التــوراة وكلمه تكليما»[1] واتا: پاشان دێن بۆلای ئیراهیم (سەلامی خودای لێ بێت) ئەویش ئەڵــێت: من شایستەی ئەوە نیم باسی هەڵەکەی خۆی ئەکات کە کردویەتی، و ئەمجا ئەڵێت بڕۆن بۆ لای موســا (سەلامی خودای لێ بێــت) بەندەی پــەروەردگار کە خودای گــەورە تەوراتی پێ بەخشیوە و خۆی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە.

ئاشــکرایە کە خودای گەورە تەوراتی داوە بەموســا کەلەســەر چەند لەوح و پارچە پێســتێك نووسرابوویەوە، لەبارەی ئەمەشەوە فەرموویەتی:

(١) بوخاری - التوحيد - (٦٩٧٥)، وە موسلیم - الإيمان - (١٩٣)، وە ئیبن ماجە - الزهد - (٤٣١٢)، وە موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١١٦)، وە دارەمی - المقدمه - (٥٢).

﴿وَكَتَبۡنَا لَهُۥ فِي ٱلۡأَلۡوَاحِ مِن كُلِّ شَيۡءٖ مَّوۡعِظَةٗ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ﴾ [الأعراف: ١٤٥]
واتــا: لەو پارچە (لەوح)ـــانەدا لە هەموو بابەتێكمان بــۆ تۆمار كردبوو، ئامــۆژگاری تێرو تەواو (بۆ هەموو چالاكیەكانــی ژیان)، هەروەها ڕوون كردنەوە بۆ هەموو شــتێك و هەموو بابەتێك... عبداللەی كوڕی عەباس (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵـێت: مەبەستی ئەو لوح و تەختانەیە كە تەوراتی تێدا نووسرابویەوە.

هەروەها لەو فەرموودەیەی كە ئادەم و موســا (ســەلامی خودایان لێ بێت) بەڵـگە بۆیەك دەهێننەوە و گفتوگۆ دەكەن، ئەبو هورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە، كە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «... قال له آدم: يا موسى اصطفاك الله بكلامه وخط لك التوراة بيده»[1].

واتا: ئادەم بەموسای وت: ئەی موسا خودای گەورە تۆی هەڵبژاردووە بەوەی خۆی ڕاســتەوخۆ قســەی لەگەڵ كردوویت و تەوراتی بەدەستی خۆی بۆ نووســیویتەوە «وە لەیەكێك لەڕیوایەتەكاندا بەم لەفزە هاتووە – وكتب لــك التوراة بيده – خودای گەورە خۆی بەدەســتی خۆی تەوراتی بۆت نووسیوە».

بێـگومان تەورات بەرز و پیرۆزترین كتێـبی بەنو ئیسرائیلە كە درێژەی شەریعەت و ئەحكامەكانی تێـدایە كە خودای گەورە ناردیە خوارەوە بۆ موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)، وەسەرجەم پێغەمبەرانی بەنو ئیسرائیلیش كە لەپاش موسا هاتوون

(١) بوخاری – القدر – (٦٢٤٠)، وە موسلیم – القدر – (٢٦٥٢)، وە تیرموذی – القدر – (٢١٣٤)، وە ئەبو داود – السنه (٤٧٠١)، وە ئیبن ماجە – المقدمه – (٨٠)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٢٤٨)، وە مالیك – الجامع – (١٦٦٠).

سەرجەمیان كاریان بە تەورات كردووە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ ﴾ [المائدة: ٤٤] واتا: ئێمە تەوراتمان ناردە خوارێ، بێ شـــك بۆ هەموو خێرو چاكەیەك، و ڕێنمایی و ڕووناكایـــی تێدایە، هەمـــوو ئـــەو پێغەمبەرانەی (بەنی ئیســـرائیل) كە -بەرفەرمـــان وملكەچی بڕیـــاری خوابوون- هەر بـــەو تەوراتە داوەریی موســـاییەكانیان دەكرد، واتا: ئێســـتا جوولەكە لەرێی راســـت لایانداوە، هەروەها زانا خوداناسەكانیان و زانا شەرع ناسەكانیشیان، حوكمیان دەكرد بەوەی داوایان لێكرابوو بیپارێزن، كە ئەویش كتێبی خودا (تەوراتە).

بێـــگومان خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا پێـــی ڕاگەیاندووین كە جولەكە پاش موســـا هەســـتان بەدەســـتكاریكردن و تەحریف و گۆڕینی تەورات، وەك لەمەودا بەوردی باسی لێوە دەكەین..

ب) ئینجیل: ئـــەو كتێبەیە كە خودای گەورە ناردویەتیە خوارەوە بۆ ســـەر عیســـای كوڕی مەریەم (ســـەلامی خودایان لێ بێت) وەك پەروەردگاری بالادەســـت فەرموویەتی: ﴿ وَقَفَّيۡنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ ﴾ [المائدة: ٤٦] واتا: بەدوای پێغەمبەرەكانی (بەنی ئیسرائیل) دا عیسای كوڕی مەریەمیشـــمان نارد، كە باوەڕی بەو تەوراتە هەبـــوو، پێش خۆی هاتبوو، وە (ئینجیل) یشـــمان پێدا كە ڕێنمایی و ڕووناكیی تێدابوو، و تەســـدیقی (تەورات) یشی دەكرد، بۆ خوداناســـان و خۆپارێزان ڕێنما و ئامۆژگاری بوو، واتا: پاش ئەوانە ئیتر هەقبوو لەخراپەو خراپەكاری سڵ بكەنەوە.

بێگومان خودای گەورە ئینجیلی دابەزاند بۆ عیسا (سەلامی خودای لێ بێت) کە تەوراتی پێغەمبەر موسا (سەلامی خودای لێ بێت) بەڕاست بزانێت و هاوڕا بێت لەگەڵیدا، هەروەك لەئایەتە پیرۆزەکەدا هاتووە.

هەندێك لەزانایان ئەڵێن: ئینجیل پێچەوانەی حوکمەکانی تەوراتی نەکردووە لەچەند حوکمێکی کەمدا نەبێت، هەروەك خودای گەورە هەواڵی پێداوین کە عیسای مەسیح (سەلامی خودای لێ بێت) بە بەنو ئیسرائیلی وت: ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ۚ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ [آل عمران: ٥٠] واتا: هاتووم بۆ ئەوەی هەندێک لەو شتانەی لەسەرتان حەرام کراوە (بەفەرمانی خودا) حەلاڵی بکەم بۆتان.

هەروەها خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا پێی ڕاگەیاندوین کە تەورات و ئینجیل بەدەقەکانی خۆیان موژدەیان داوە بەهاتنی پێغەمبەر ئسلام محمد المصطفى (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەك فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم﴾ [الأعراف: ١٧٥] واتا: ئەوانەی شوێن ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە دەکەون، (مەبەست بە – ئوممی– کەسێکە هیچ شتێکی نەخوێندبێ و نەنووسیبێ! نەك خودا نەخواستە مانای نەزانین و جەهل بێت)، ئەو پێغەمبەرەی کە ناو و سیفەتەکانی لەتەوراتی (جولەکەکان) و لە ئینجیلی (گاورەکان) لای خۆیان نووسراوە ودەستیان دەکەوێ، واتا: زۆر بە چاکی دەیناسن.

بێگومان ئەو تەحریف و گۆڕانکاری و دەست تێخستنەی کە دووچاری تەورات بوو، بەهەمان شێوە دووچاری ئینجیلیش بوویەوە، وەك لەمەودوا باسی لێوە دەکەین بەیارمەتی خودای گەورە.

ج) زەبور: ئەو پەڕاو و کتێبەیە کــە خودای گەورە ناردیە خوارەوە بۆ داود (ســەلامی خودای لێ بێت)، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا﴾ [النســاء: ١٦٣] واتا: زەبووریشمان بەخشــی بە (داود) (سەلامی خودای لێ بێت).

قەتادە لە تەفســیری ئەم ئایەتەدا ئەڵــێت: ئێمە لەم بارەیەوە قســەمان دەکرد کــە زەبوور بریتی بوو لە دوعا و نزایەك کــە خودای گەورە داودی فێرکردبوو کە تێیدا ســوپاس گوزاری خودا و بەرزڕاگرتنی پەروەردگاری لەخۆ گرتبوو، نە باســی حەڵاڵ و حەرامی تێدابوو، نەباسی فەرز و حدودە شەرعیەکان..

د) پەڕاوەکانی ئیبراهیم و موســا: خودای گەورە لەدوو شــوێنی قورئاندا باسی ئەمەی کردووە، شوێنی یەکەم لەسورەتی (النجم) دا کە فەرموویەتی: ﴿أَمۡ لَمۡ يُنَبَّأۡ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَىٰ ۞ وَإِبۡرَٰهِيمَ ٱلَّذِي وَفَّىٰٓ ۞ أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ ۞ وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ [النجم: ٣٦-٣٩] واتا: یان ئایا هەواڵی پێنەدراوە بەوەی کە لە پەڕاوی موسادایە ۞ وە بەوەی کە لە پەڕاوی ئیبراهیم دایە ئەو ئیبراهیمەی کە پەیمانی خۆی بەچاکــی بەجێ هێنا ۞ لەو پەڕاوانــەدا هاتووە کە هیچ تاوانبارێك گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێ ۞ وە بێگومان ئادەمی جگە لە کۆششی خۆی خاوەنی هیچی تر نییە ۞.

وە جێگای دووەمیش کە باســی پەڕاوەکانی ئیبراهیم و موســای تێدا کراوە، سورەتی الاعلی یە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۞ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ۞ بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ۞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ۞ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ۞ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ﴾ [الأعلــى: ١٤-١٩] واتا: بەڕاســتی ســەرفراز بوو

ئـــەوی کە خۆی پاک ڕاگـــرت و دەروونی خۆی پاك کـــردەوە ﷺ وەناوی پەروەردگاری خۆی دەبات و کەوتە نوێـــژ کردن و پاڕانەوە ﷺ کەچی ئێوە ژیانی دنیا هەڵ دەبژێرن ﷺ لەکاتێکدا ژیانی دواڕۆژ باشـــتر و پایە دارترە ﷺ بێگومان ئەمەی (کە باس کرا) لە نامەی پێشوەکاندایە ﷺ نامەکانی ئیبراهیم و موسا ﷺ.

خودای گـــەورە هەواڵی داوە بەهەندێك لـــەو حوکمانەی کە لەو دوو پەڕاوەدا هاتوون کە خـــودای گەورە وەحی کرد بۆ هەردوو پێغەمبەرەکەی ئیبراهیم و موسا (ســـەلامی خوایان لێ بێت)، زانیاری لەمە زیاتریش هەر لای خودای گەورەیە و ئەو زانایە پێی.

هـ) قورئانی بەرز و پیرۆز: ئەو کتێبەیە کە خودای گەورە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەری ئیســـلام محمد (ﷺ) کە کتێب و پەڕاوەکانی پێش خۆی بەڕاســـت داناوە و چاودێرو پارێزەر و شاهیدیشە بەسەریانەوە، ئەم قورئانە کۆتا کتێبی خودای گەورەیە کە دابەزیبێت و پیرۆزترین و تەواوترینی کتێبەکانی خودایە و ســـەرەوە و ناسخی هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەتی، بێگومـــان بانگـــەوازی قورئانـــی پیرۆز گشـــتگیرە وبۆ هەمـــوو گرۆهی ئادەمیـــزاد و جنۆکەکانـــە، وەك فەرموویەتـــی: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ﴾ [المائـــدة: ٤٨] واتـــا: ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێر و پارێزەر و شاهیدیشە بەسەریانەوە...

مەبەست لە وشەی ﴿وَمُهَيۡمِنًا﴾ ئەوەیە: کە قورئانی پیرۆز حاکم و شاهیدە

بەسەر کتێب و پەڕاوەکانی پێش خۆیەوە، وە دیسان خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ أَئِنَّكُمْ﴾ [الأنعام: ١٩] واتا: ئەی موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: شاهیدانی کێ لەهەموو شایەتیدانێك گەورەترە (لەسەر پێغەمبەریتی من) بڵێ: خودا (الله) کە لەهەموو شایەتێك گەورەتر و بەئاگاترە لە نێوانماندا شاهیدە بۆ ڕاستیی من، بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆکراوە، کە ئێوەو هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی دەگاتێ، پێ بترسێنم و ئاگادار کەمەوە.

دەفەرمووێت: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾ [الفرقان: ١] واتا: گەورە و پیرۆزە ئەو زاتەی کە فورقان (قورئان) ی بۆ سەربەندەی خۆی ناردۆتە خوارەوە تا ترسێنەر بێ بۆ هەموو جیهانیان.

بێگومان قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی زۆری هەیە، دیاریترین و ناوبانگترینیان بریتین لە: (قورئان) و (فورقان) و (کتاب) و (تنزیل) و (ذکر) وچەندانی تریش.

خۆشەویستان واجبە لەسەر باوەڕداران کەباوەڕی تەواویان هەبێت بەو کتێب و پەڕاوانەی کە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسیان لێوەکردن، باوەڕ بەوانەی کە ناویان هاتووە لەگەڵ باوەڕ بەوەیشی کە هاتووەتە خوارەوە تێیاندا لە چیرۆك و هەواڵ و باس و خواستەکانیان.

٥. باوەڕی تەواو و جازم بەوەی هەموو ئەو کتێب و پەڕاوە ئاسمانیانەی دابەزیوون بۆ سەرجەم پێغەمبەران خودای گەورە حوکمەکانی سڕیوونەتەوە و نەسخی کردوونەتەوە بەقورئانی پیرۆز، وە بەهیچ شێوەیەك دروست

نییە بۆ هیچ کەسێك لە جنۆکە و مرۆڤەکان و خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان وغەیری ئەوانیش بەبێ ئەوەی لە قورئانی پیرۆز هاتووە بەندایەتی خودای گەورە بکەن، یان حوکم بەغەیری ئەوە بکەن کە لەقورئاندا هاتووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا زۆرن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾ [الفرقان: ١] واتا: گەورە و پیرۆزە ئەو زاتەی کە فورقان (قورئان) ی بۆ سەربەندەی خۆی ناردۆتە خوارەوە تا ترسێنەر بێ بۆ هەموو جیهانیان.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ * يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ﴾ [المائدة: ١٥:١٦] واتا: ئەی خاوەن کتێبەکان: دڵنیابن کە پێغەمبەری ئێمە بۆ ئێوەش هاتووە تا زۆربەی ئەو شتانەی کە لای ئێوە ڕوون و ئاشکرانین و دەیشارنەوە، لە کتێبی (تەورات وئینجیلدا) بۆتان ڕوون و ئاشکرا بکات، هەروەها لە زۆرێک لەو شتانەی کە شاردوتانەتەوە چاوپۆشی دەکات، چونکە بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمدی پێغەمبەرمانە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاوڕێ لەگەڵ کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا (کە قورئانە) * بێگومان خودای پەروەردگار بەقورئان ڕێنمایی ئەوکەسە دەکات بۆ هەموو ڕێگا و ڕێبازی هێمنی و ئاشتی دەکەونە شوێن ڕەزامەندی و خۆشنوودی ئەو، بە فەرمانی خۆی لە گشت ڕێگە تاریکەکانی شیرك و کوفر دەریاندێنێ بۆ ڕووناکی ئیمان، و بۆ ڕێبازو ڕێی ڕاست ڕێنماییان ئەکات *.

هەروەها خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە لەنێـــوان ئەهلی کتابدا حوکم بەوە بکات کە لەقورئاندا هەیـــە و فەرموویەتی: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ﴾ [المائدة: ٤٨] واتا: دەسا تۆش لەنێوان گشت خەڵکاندا، تەنانەت جوولەکە و گاورەکانیش هەر بەپێی ئەو بەرنامەیە کاربکەو بڕیاربدە، کەخودا ناردوویەتیە خوارەوە، و لەو هەق و ڕاستییە لەخوداوە بۆت هاتووە لامەدەو مەکەوە شوێنی هەواو ئارەزوویان... دیسان فەرموویەتی: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ﴾ [المائدة: ٤٩] واتا: دەبێت هەر بەو بەرنامە لەناو جوولەکە و گاور و خەڵـــکانی تریشـــدا، حوکم و بڕیار بدەیت، خودا ناردوویەتیە خوارەوە، نابێ شـــوێنی هەواو ئارەزووی ئەوانە بکەوی و چەواشـــەت بکەن، وریا بە لێیان و هۆشیاربە لەوەی بت ترازێنن لە هەندێ لەوەی خودا ناردوویەتیە خـــوارەوە بۆت، (ئیبن عەباس) دەڵێ: تاقمێ لەزانایانی یەهوود وەك (ئیبن ســـوریا، کەعب، شاس) خڕ بوونەوەو وتیان: با بچینە لای موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، بەڵـکو بتوانین لەخشتەی بەرین و فریوی بدەین، چونکە خۆئەویش هەر وەك ئێمە ئادەمییە، بچین پێی بڵـێین کە: لە فلانە مەسەلەدا پشتگیری لەئێمە بکە، ئەوسا ئێمەیش لەهەندێ شـــتدا پەیڕەوی لەتۆ دەکەین، دیارە خۆیشـــت چاك دەزانی کە: ئەگەر ئێمە شوێنت کەوین، هۆزەکانی تریش چاومان لێدەکەن، بەڵێ هەستان و چوونە لایی و، مەبەستەکانیان لا درکان، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك بەگوێی نەکردن و، نەیانتوانی لەڕێی ڕاست بیترازێنن، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە...

لەسوننەتیشدا ئەوەی بەڵـگە بێت لەسەر ئەم مەسئەلەیە ئەو فەرموودەیە یە کە جابری کوڕی عبداللە (خودایان لێ ڕازی بێت) ریوایەتی کردووە: «أن

عمر بن الخطـــاب (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أتى النبـــي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بكتاب أصابه من بعض أهل الكتاب فقرأه على النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فغضب وقال: أمتهوكون فيها يا ابن الخطاب والذي نفسي بيـــده لقـد جئتكم بها بيضاء نقية، لا تسألوهم عن شيء فيخبروكـــم بـحق فتكذبوا به، أو بباطل فتصدقوا، والذي نفسي بيده، لو أن مـوسى كان حيا، ما وسـعه إلا أن يتبعني»[1] ئیمامی ئەحمەد و بەزار و بەیهەقی ریوایەتیان کردووە، و جگە لەوانیش کەســـانی تریش ڕیوایەتیان کردووە، بەهەموو ڕێگاکانیـــەوە فەرموودەیەکی حەســـەنە[2] واتا: عومەری کوڕی خەتاب (خودای لـــێ ڕازی بێت) پارچەیەك تەوراتی بەدەســـتەوە بوو کە لای جولەکەکان دەستی کەوتبوو، هات بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و خوێندیەوە بۆی، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تووڕە بوو، فەرمووی: ئەی کـــوڕی خەتاب ئایا گومانتان هەیە لەوەی کە من هێناومە؟ ســـوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە شەریعەت و بەرنامەیەکی پاك و بێـگەردم بۆ هێناوون، پرسیاریان لێ نەکەن لەبارەی شتێکەوە ئەوانیش بەهەق و ڕاستی وەڵامتان بدەنەوە و ئێوەیش بەدرۆیان بزانـــن، یان بەناهەق و باتڵ وەڵامتان بدەنەوە و ئێوەیش بەڕاستیان بزانن، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر موسا زیندوو بوایە، ڕێگای پێ نەدەدرا بەوە نەبێت کە شوێن من بکەوێت...

ئەمەی کە باسمان کرد و ئاماژەمان پێدا بەشێوەیەکی گشتی باوەڕ و ئیمان بوون بەسەرجەم کتێبەکانی خودای گەورە، بەویستی خودای گەورە لەبەشی داهاتووتدا بەوردی باس لە باوەر و ئیمان دەکەین بە قورئانی پیرۆز.

(١) موسنەدی ئەحمەد (٣/ ٣٨٧)، وە دارەمی - المقدمه - (٤٣٥).

(٢) موسنەدی ئەحمەد: (٣ / ٣٨٧)، وە - كشف الأستار - : ١٣٤، وە - شعب الإيمان - ی بەیهەقی: (١٧٧).

## باسی سێهەم

## تەورات و ئینجیل وسەرجەم کتێب و پەڕاوە ئاسمانییەکان دەستکاری کراوون و گۆڕدراون و قورئانیش سەلامەتە لەوەها کارێك

دەســـتکاری کردن و گۆڕینی کەلامی خودای گەورە لەلایەن خاوەن کتێبەکانەوە: خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا هەواڵی بەوە داوە کە خاوەن کتێبەکان (جولەکە و گاورەکان) دەســـتکاری کتێبەکانی خودای گەورەیان کردووە و گۆڕیوویانن.

خودای گەورەلەمبارەیەوەفەرموویەتی: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [البقـــرة: ٧٥] واتا: ئایا ئێوە (ئەی ئیمانداران) بە تەمان و هیواتان وایە کە جولەکە ئیمان و باوەڕ بهێنن بە ئاینەکەی ئێوە، لە کاتێکدا بێگومان دەســـتەیەك لە شـــارەزاکانیان گوفتاری خودایان دەبیست لە (تەورات)دا، پاشان دەستکاریان دەکرد دوای ئەوەی کە تێی گەیشتبوون و دەیانزانی راستیەکەی کامەیە.... فەرموویەتی: ﴿مِّنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ﴾ [النســـاء: ٤٦] واتـــا: هەندێـــك لە جوولەکەکان فەرموودەکانی خودا دەگۆڕن و لە شـــوێن و مەبەستی خۆی لای دەدەن.

هەروەهالەبارەی گاورەکانیشەوەفەرموویەتی: ﴿وَمِنَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَىٰ أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُوا حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللَّهُ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ * يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ﴾ [المائـــدة: ١٤، ١٥] واتـــا: پەیمانمان لەوانـــەش وەرگرت وتیان:

ئێمـــە گاورین، بۆ ئەوە یارمەتیـــدەری ئاینی خودابن، کەچـــی ئەو بڕیار و ئامۆژگاریە کرابوون زۆرێکیان لەبیرکـــرد، ئەمجا ئێمەیش تارۆژی دوایی دوژمنایەتـــی و رکەبەرایەتیمـــان لەنێوانیانـــدا بەرپاکردن، پاشـــان خودا ئاگاداریان ئەکات لەوکارانەی ئەیانکرد ✻ ئەی خاوەننامەکان! بەڕاســـتیی پەیامبەرمان موحەممـــەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتەلاتان، زۆرێ لەوەی کەئێوە لەنامەکەتاندا دەتانشـــاردەوە ئەو دەریدەخات بۆتان، وە لەزۆرێکیشی بێ دەنگ ئەبێ و چاوپۆشی ئەکات ✻.

ئەم ئایەتانە بەڵـــگەن لەســـەر ئەوەی جولەکە و گاورەکان هەستاون بەدەستکاری کردن و گۆڕینی کەلام و گوفتاری خودای گەورە لەو کتێبانەی کە بۆیان دابەزی بوو، هەندێك جار بەزیادکردن وهەندێك جاریش بەکەم کردنەوە لێی.

بەڵـگەی ئەوەیش کە هەستاون بەزیادکردنی کەلام و گوفتاری خودای گەورە، ئـــەم ئایەتەیە کە خـــودا دەفەرموێت: ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ﴾ [البقرة: ٧٩] واتا: وەیل و ســـزای سەخت، بۆ ئەوانەیە کە بەدەســـتی خۆیان تەورات دەنووسنەوە، و پاشان دەڵـــێن: ئەمە لە لای خواوە هاتووە، لەبەر ئەوە کەبەنرخ و بەهایەکی کەم بیفرۆشـــن و، کەمێك لە ماڵی دنیای پێ بەدەســـت بێنن! (بوخاری) لە (ئیبن عەباســـە) وە ئەڵێ: ئەم ئایەتە سەبارەت بە زانا کەلـلـــە پووچەکانیان هات، ئەوانەیان کە کەرە عەوامەکانیان چەواشـــەو سەرلێشێواو دەکرد، چونکە بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری (تەورات)یان دەکردو، بەوەش نەخوێندەوار و بۆرە پیاوەکانیان

فریو دەداو دەســـتکەوتێکی ماددیشـــیان بۆخۆیان بەدەســـت دەهێنا!. جا قورئان لەبەر گەورەیی ئـــەو تاوانەیان دووبارە هەڕەشـــەیان لێدەکاتەوەو دەفەرمووێ: هاوارو سزای سەخت بۆ ئەو دەست و قۆلبڕانەی کە تەوراتیان گۆڕی و بەدەســـتی خۆیان نووسییانەوە، ســـا هاوار لەوان چ کەسابەتێکی حەرام و دزێویان بەدەست دەهێنن؟.

جا ئەگەر ســـەرنج بدەن بۆمان دەردەکەوێت ئـــەو جولەکە و گاورانە بەدەستی خۆیان شتیان دەنوسیەوە و پاشـــان تێکەڵاوی کەلامی خودایان دەکرد و بەخەڵـــکانی شـــوێنکەووتوی خۆیانیان دەوت ئەمەیش کەلامی خودایە، ئەمەش بەڵـگەیە لەسەر ئەوەی هەستاوون بەزیادکردنی کتێبەکانی خودای گەورە.

بەڵـگەی کەم کردن و لابردنی کەلام و گوفتاری خوایش، ئەم ئایەتەیە کـــە دەفەرموویێت: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ [المائـــدة: ١٥] واتـــا: ئەی خاوەن نامەکان! بەڕاستیی پێغەمبەرەکەمان موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هاتەلاتان، زۆرێ لەوەی کە ئێوە لەنامەکەتاندا دەتانشـــاردەوە ئەو دەریدەخات بۆتان (واتە نهێنی پیســـی و گەندەلێتان هەلدەمالـێت).

دیسان فەرموویەتی: ﴿قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ﴾ [الأنعـــام: ٩١] واتـــا: پێیان بڵێ: باشـــە! ئـــەو نامەی (تەورات) ـــەی موســـا هێنـــای کـــێ دایبەزانـــد؟ کەبوویە ڕووناکیی و ڕێنمایی بۆ مەردم، کەچی ئێـــوە بەش بەش و پارچە پارچەی دەکەن و ئەوەی بەدڵتان بێت نیشانی خەڵکی دەدەن و زۆریشی دەشارنەوە.

خـــودای گەورە لـــەم دوو ئایەتەدا باســـی ئـــەوەی بـــۆ کردووین کە جولەکە و گاورەکان هەســـتاون بەشـــاردنەوەی ئەوەی کە خودای گەورە بۆی ناردبوون لە تەورات و ئینجیل، بەمەش دەرکەوت ئەوان هەستاون بە کەمکرن و لابردنی ئـــەوەی بەدڵیان نەبووە و لەبەرژوەندی خۆیان نەبووە، بەڵام خودای گەورە ئەم نهێنیەی ئاشکراکردن بەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

**بەڵـگەکانی گۆڕین و دەستکاری کردنی تەورات و ئنیجل:**

ئەوەی کەباسمانکردوئاماژەمانپێدابەشێوەیەکی گشتیئەودەستکاریکردن و گۆڕین و تەحریفە بوو کە ئەهلی کتاب (جولەکە) و (گاورەکان) کردوویانە لە کەلام و گوفتارو کتێبەکانی خودای گەورەدا، بەڵام ئەوەی ئێســـتا باســـی دەکەین دەستکاری کردن و گۆڕین و تەحریفکردنی تەورات و ئنجیلە لەلایەن جولەکەو گاورەکانەوە.

بەڵـگەی دەستکاریکردن و گۆڕین وتەحریفکردنی تەورات، خودای گـــەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوا أَنتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾ [الأنعـــام: ٩١] واتا: پێیان بڵێ: باشـــە! ئـــەو نامەی (تەورات) ـــــەی موســـا هێنای کێ دایبەزاند؟ کەبوویە رووناکیی و رێنمایی بۆ مەردم، کەچی ئێوە بەش بەش و پارچە پارچەی دەکەن و ئەوەی بەدڵتان بێت نیشانی خەڵـــکی دەدەن و زۆریشی دەشارنەوە، باشـــە ئەگەر خودا هیچ نامەیەکی نەنـــاردووە! ئەو هەواڵانە کە لەم قورئانەدا بەئێـــوە راگەیەنرا کە نە خۆتان و، نە باوباپیرانتان دەتانزانین کێ فێری کردن؟ ئیتر وازیان لێ بێنە باهەر بەقسەی نابەجێی خۆیانەوە سەرقاڵبن و گاڵتەو مەسخەرە بکەن، ئەوسا چاك دەزانن.

لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا زانایان وتویانە: جولەکەکان ئەو تەوراتەی کە بۆ موسا (سەلامی خودای لێ بێت) هاتبوو پارچە پارچە و پەڕە پەڕەیان کرد، بۆ ئەوەی ئەوە کە دەیانەوێت لە تەحریف و دەستکاریکردن بەهەوەسی خۆیان ئەنجامی بدەن و ئەو صیفەتانەی پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لەتەوراتدا هاتووە بیشارنەوە وباسی نەکەن.

هەروەها خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا۟ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ﴾ [البقرة:٧٥] واتا: ئاخۆ ئێوە (ئەی ئیمانداران)! بە تەمان جوولەکەکان بڕوا بهێنن و ئایینی ئێوە قبوڵ بکەن؟ خۆ دەستەیەکیشیان فەرمودەو قسەی خوایان بیست، لەپاشان دوای تێگەیشتن لێی، هەڵسان واتاو ماناکەیان گۆڕی، دەشیانزانی لایان داوەو کارێکی هەڵەیان کردووە، بەڵام لەبەر عینادی و سەرپێچییان، کۆیان نەکردەوەو دەستبەردار نەبوون، کەوابوو هەرگیز ئێوە بە تەمای ئیمانی ئەوانە مەبن.

(السدي) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: مەبەست لە تەحریفکردن لەم ئایەتەدا تەحریف و دەستکاریکردنی تەوراتە لەلایەن جولەکەکانەوە، (ابن زيد) یش ئەڵێت: مەبەست پێی تەحریف و دەستکاریکردن و گۆڕینی ئەو تەوراتە بوو کەدابەزی بۆیان، ئەویش بەوەی حەڵاڵەکانیان حەرام دەکردو حەرامەکانیان حەڵاڵ دەکرد، و هەقیان دەکرد بە ناهەق و ناهەقیشیان دەکرد بەهەق.

بەڵگەی تەحریف ودەستکاری کردن و گۆڕینی ئینجیل: خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَـٰرَىٰٓ أَخَذْنَا مِيثَـٰقَهُمْ فَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ۞ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا

مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ﴾ [المائدة: ١٤-١٥] واتا: پەیمانمان لەوانەش وەرگرە وتیان: ئێمە گاورین، بۆ ئەوە یارمەتیدەری ئاینی خودابن، کەچی ئەو بڕیار و ئامۆژگاریە کرابوون زۆریکیان لەبیرکرد، ئەمجا ئێمەیش تاڕۆژی دوایی دوژمنایەتی و رکەبەرایەتیمان لەنێوانیاندا بەرپاکردن، پاشان خودا ئاگاداریان ئەکات لەو کارانەی ئەیانکرد * ئەی خاوەننامەکان! بەڕاستیی پەیامبەرمان موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتەلاتان، زۆرێ لەوەی کەئێوە لەنامەکەتاندا دەتانشاردەوە ئەو دەریدەخات بۆتان، لەزۆرێکیشی بێ دەنگ ئەبێ و چاوپۆشی ئەکات *.

هەندێك لەپێشەوایانی تەفسیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێن: لەم ئایەتەدا خودای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گاورەکان هەستاون بە گۆڕین و تەحریفکردن و لادانی ئینجیل لەماناکەی خۆی، و بەم کارەیان درۆیان بەدەم خودای گەورەوە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگار لەزۆرێك لەکارە خراپەکانیشیان بێدەنگ بووە، کە هیچ سوودێك نییە لە ڕوونکردنەوەیاندا[1].

ئەم ئایەتانە بەڵگە بوون لەسەر تەحریف کردن و گۆڕین و دەستکاری کردنی تەورات و ئینجیل، هەر لەبەر ئەوەیە زانایان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە تەورات و ئینجیل دەستیان تێخراوە و گۆڕدراون و تەحریف کراون.

## بەڵگەکانی سەلامەت بوونی قورئانی پیرۆز لە دەستکاری کردن و گۆڕین:

قورئانی پیرۆز سەلامەتە لەو دەستکاری کردن و گۆڕین و تەحریف کردنەی کەهاتووەبەسەر تەورات و ئینجیلدا، وخودای گەورەپاراستوویەتی

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر: (٣/ ٦٣).

و بەڵێنیشی داوە کە تارۆژی دوایی بیپارێزێت لە دەستکاریکردن و تەحریف و گۆڕین، وەك فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ [الحجر: ٩] واتا: ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەیش دەیپارێزین.

ئیمامی طەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: خودای گەورە بەڵێنی داوە و ئەفەرموێت: ئێمە ئەم قورئانە دەپارێزین لەوەی شتێکی بۆ زیاد بکرێت و تێدا نەبێت، یان شتێکی لێ کەم بکرێت و تێیدا هاتبێت، لە حوکمەکان و سنوورەکان و فەرائیزەکان[1].

هەروەك چۆن خودای گەورە لەزۆر جێگای تری قورئاندا ڕایگەیاندووە کە ئەحکامەکانی قورئان زۆر تەواون و هەموو شتێکیان ڕوون کردوەتەوە و پاك و بێگەردن لەهەموو ناهەق و باتڵێك، وەك فەرموویەتی: ﴿ لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴾ [فصلت: ٤٢] واتا: ئەم قورئانە هیچ ناحەقی و نادروستی و ناتەواویەك ڕووی تێ ناکات لە هیچ کاتێکدا و لەهیچ لایەکەوە ڕەوانەکراو و نێردراوی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و داناییە و شایانی سوپاس و ستایشە.

فەرموویەتی: ﴿ الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴾ [هود: ١] واتا: ئەم جۆرە پیتانەش هەر لەو پیتانەن کە ئەم قورئانەیان لێپێکهاتووە، دەسا ئەگەر دەتوانن ئێوەش وێنەی بهێنن، ئەم قورئانە لە لایەن خواوە نێردراوە کتێبێکە گشت ئایەتەکانی ڕێك و پێکن دەستکاری ناکرێن، لەپاشان هەر لەلایەن خوایەکی کاردروستی ئاگادارەوە بە جوانی حەڵاڵ و حەرامەکانی شیکراونەتەوە.

---

(١) تەفسیری ئیبن جەریر: (١٤/ ٧).

دەفەرموویێت: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ * إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ﴾[القيامة:١٦،١٧] واتا: زمانت بەقورئان خوێندن مەجوولێنە، واتا: پەلە مەکە بۆ لەبەرکردنی * بەڕاستی (وەك بەلێنمان داوە) بێگومان لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لەسنگتدا و خوێندنەوەی.

ئەم ئایەتانە بەلگەن لەسەر کەمالی پارێزراوی قورئانی پیرۆز بە لەفظ وبە مانا هەر لەو ڕۆژەی هاتوەتە خوارەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی خودای گەورە مۆلەت ئەدات بەبەرزکردنەوەی بۆ لای خۆی، بە سەلیمی و تەواوی لەهەموو دەستکاریکردن و گۆڕینێك ماوەتەوە، چونکە خودای گەورە کەفالەتی ئەوەی کردووە کە قورئانی پیرۆز فێری پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکات و لەسنگیدا کۆی بکاتەوە و مانا و مەبەستەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە لەژیانی خۆیدا، پاش وەفاتیشی پەروەردگار پیاوانێکی دادگەر وعادلی لەهەموو چەرخ و سەردەمێکدا ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەسنگی خۆیان و دێڕی پەرتووکەکاندا بیپارێزن، هەر بۆیە بە کاملی و تەواوی و سەلیمی و دوور لەهەموو دەستێوەردانێك ماوەتەوە، گرنگی ئەم قورئانە لەوەشدایە کەبەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە گەورە و بچووك لە تەواوی شوێنە جیا جیاکانی دونیا ئەم قورئانە دەخوێننەوە ڕۆژ بەڕۆژ ماناکانی نویێ ئەبنەوە وتەڕی وپاراوییان پێوە دیارە وەك ئەو ڕۆژگارانەی کە دابەزیوە بۆ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

زانایانیش ئاماژەیان بەخالێکی گرنگ کردووە سەبارەت بەوەی ئایا بۆچی تەورات و ئینجیل تەحریف و گۆڕین تێیاندا روویداوە و لەقورئانی پیرۆزدا ئەوە رووی نەداوە، ئەبو عەمری دانی ئەگێڕێتەوە لە ئەبی الحسن ی مونتابەوە کە وتویەتی: ڕۆژێك لەخزمەت قاضی ابی الاسحاق ئیسماعیلی

کوڕی ئیسحاقدابووم، پێیان ووت: ئایا بۆچی تەحریف و گۆڕین و دەستکاری کردن بۆ ئەهلی تەورات دەستی داوە، بەڵام بۆ ئەهلی قورئان ئەوە دەستی نەداوە؟ قاضی لەوەڵامیاندا وتی: خودای گەورە لەبارەی ئەهلی تەوراتەوە فەرموویەتی: ﴿بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ﴾ [المائدة: ٤٤] واتا: ئەوانەش کە پارێزگاری تەوراتیان پێ سپێردرا بوو (مەبەست پێی جولەکەکانە) پاش نەوەی یەکەم کەنەهێڵن تێکەڵ و پێکەڵ بکرێت ودەستکاری و گۆڕانکاری بگاتێ... خودای گەورە پاراستنی تەوراتی خستە ئەستۆی جولەکەکانەوە، بۆیە تەحریف و دەستکاریکردنی تێدا روویداوە، بەڵام لەبارەی قورئانەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ [الحجر: ٩] واتا: ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەیش دەیپارێزین.

هەر بۆیە خودای گەورە پاراستنی قورئانی خستوەتە سەر خۆی، ئەمجا حەسەن ئەڵێت: ڕۆشتم بۆ لای ئەبو عبداللەی مەحاملی و ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی: «بەڕاستی وتەی لەمە جوانتر و شیاوترم گوێ لێ نەبووە».

## باسی چوارەم
## باوەڕ بەقورئانی پیرۆز و تایبەتمەندیەكانی

پێناسە قورئان و فەرموودەی قودسی و فەرموودەی پێغەمبەر و جیاوازی نێوانیان

**قورئانی پیرۆز:** كەلامـــی خودای گەورەیە و لەو ذاتـــەوە دەركەوتوە بەگوتـــاری خۆی بەبـــێ زانینی چۆنیەتیەكـــەی، وە بەوەحـــی ناردویەتیە خوارەوە بۆ ســـەر پێغەمبەرەكەی وە باوەڕدارانیش بەهەق باوەڕیان پێهێناوە و بەڕاســـتیان زانییوە و دڵـــنیابوون لەوەی كە كـــەلام و گوفتاری خودای گەورەیە بەهەقیقەت، جوبرەئیل (ســـەلامی خودای لـــێ بێت) لەخودای گەورەی بیستووە و پاشـــان بە لەفظ و مانای خۆیەوە دایبەزاندووە بۆ كۆتا پێغەمبەر محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەشێوەیەكی متواتەر كە بەڵـگەی دڵنیایی دەگەیەنێت نەقڵ كراوە و لەمەصحەفـەكاندا نووسراونەتەوە و پارێزراوە لە هـەموو گۆڕین و دەستكاری كـردنێك[1].

**فەرموودەی قودســـی:** ئەو فەرموودەیە كەپێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە لەفظ و بەمانا لەخـــودای گەورەوە گێڕاویەتیەوە، وە بـــە (ئاحادی) یان بە (متواتەری) نەقڵ كراوە و گواستراوەتەوە بۆ ئێمە، بەڵام ناگاتە متەواتەری قورئانی پیرۆز[2].

(١) عەقیدەی ئەلطەحاویە : (١/ ١٧٢) وە ( مباحث في علوم القرآن ) مەناع ئەلقەطان ، لاپەڕە: ٢١، وە (قواعد التحديث) ی جەمالەدین ئەلقاسمی : لاپەڕە ٦٥.

(٢) تەماشای كتێبی ( قواعد التحديث ) جەمالەدین ئەلقاسمی: لاپەڕە (٦٥) بكە.

نموونەی فەرموودەی قودسیش ئەم فەرموودەیەیە: عن أبي ذر الغفاري عن النبي (ﷺ) فيما يرويه عن ربه عز وجل أنه قال: «يا عبادي، إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما فلا تظالموا»(١) واتا: ئەبو ذەری غەفاری (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەویش لەخودای گەورەوە (عزوجل) وە گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: ئەی بەندەکانم من زوڵم و ستەمم لەسەر خۆم حەرام کردووە، لەنێوان ئێوەیشدا حەرامم کردووە، جابۆیە ئێوەیش لەنێو یەکدا ستەم لەیەکتری مەکەن.

**فەرموودەی پێغەمبەر:** ئەو فەرموودەیەیە کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە گوفتار و کردار و ئەوەیشی لای ئەودا کرابێت یان وترابێت و پشتگیری کردبێت یان بێدەنگ بوو بیت لێی، لەگەڵ ئەو وەصفەیشی کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ)(٢).

**جیاوازی لەنێوان قورئانی پیرۆز و فەرموودەی قودسی وفەرموودەی پێغەمبەر:**

قورئانی پیرۆز: بەخوێندنەوەی مرۆڤ عیبادەتی خودا دەکات، خەڵکی دەستەوسانە لەهێنانی شێوەی ئەو تارۆژی دوایش دەمکوتی خەڵکی دەکات لەم بارەیەوە، حەرامە بۆ کەسی بێدەست نوێژ دەستی لێبدات، وە خوێندنەوەیشی بۆ کەسێك لەشی گران بێت، وە حەرامە گێڕانەوەی بەمانا بەلەفظی خۆی نەبێت، وە قورئان دیاری کراوە کە لەنوێژدا بخوێنرێت، وە ئەو کەسەشی کە ئەیخوێنێتەوە حەسەنەی دەست دەکەوێت، هەموو

(١) موسلیم – البر والصله والآداب – (٢٥٧٧).

(٢) ( مصطلح الحديث ) شێخ ئیبن عوثەیمین لاپەڕە ( ٧)، وە ( قواعد التحديث ) جەمالەدین ئەلقاسمی: لاپەڕە (٦١ – ٦٢).

حەسەنەیەکیش لای خودای گەورە بە دە قاتە، ئەمەیش جیاواز لە فەرموودەی قودسی و فەرموودەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەوان بەو شێوەیە نین.

**جیاوازی لە فەرموودەی قودسی و فەرموودەی پێغەمبەر:**

فەرموودەی قودسی کەلام و گوفتاری خودای گەورەیە بە لەفظ و ماناکەیەوە، بە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەرەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بە لەفظ و ماناکەیەوە کەلام و گوفتاری پێغەمبەرە، فەرموودەی قودسی چاکتر و بەفەزڵترە لە فەرموودەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ فەزڵی کەلام و گوفتاری خودای گەورە بەسەر کەلام و گوفتاری مەخلوقاتەوە[1].

**تایبەتمەندیەکانی باوەڕ بەقورئانی پیرۆز:**

باوەڕ بە کتێبەکانی خودای گەورە ڕوکنێکی گەورەیە لەڕوکنەکانی ئیمان، وەك پێشتر باسمان لێوەکرد، وەکاتێك قورئانی پیرۆز سڕەرەوە و ناسخی سەرجەم کتێب و پەڕاوە ئاسمانییەکانی ترە و چاودێر و پارێزەر و شاهیدیشە بەسەریانەوە، وە هەرکەسیش لە جنۆکە و ئادەمیزاد پاش هاتنی پێغەمبەرمان محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دابەزینی بۆی بیخوێنیتەوە ئەجر و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، بێگومان قورئانێك ئەمە صیفاتی بێت، باوەڕ و ئیمان پێی تایبەتمەندی خۆیشی هەیە کە پێیوستە سەرەڕای ئەوەی باسکران لەچوار چێوەی باوەڕ بە کتێب و پەڕاوەکانی تردا چەند تایبەتمەندیەکی خۆیشی هەیە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار ڕەچاو و جێبەجێیان بکات، ئەوانیش بریتین لە:

١. باوەڕ بەوەی بانگەوازی قورئانی پیرۆز بانگەوازێکی گشتگیرە و شەریعەتەکەشی شەریعەتێکی هەمەلایەن و شاملە بۆ سەرجەم جنۆکە

(١) تەماشای کتێبی ( قواعد التحديث ) جەمالەدین ئەلقاسمی : لاپەڕە (٦٥-٦٦) بکە.

و ئادەمیزاد، بەشێوەیەك هیچ باوەڕێکی تریان لێوەرناگیرێت لای خودای گەورە ئەوە نەبێت کە باوەڕ بەم قورئانە بهێنن و پەرستنی خودای گەورەش لەسەر ئەو شەریعەت و بەرنامەیە بکەن کە قورئانی پیرۆز هێناویەتی، وەك خودای گـــەورە ئەفەرموویت: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾ [الفرقان: ١] واتـــا: بەرز و پیرۆز و پاك و بلّندە ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خۆی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) تا ببێتە هۆشیار کەرەوە و بێدارکەرەوەی دانیشتووانی جیهان.. وە خودای گەورە لەســـەر زمانی پێغەمبەریشەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَيُّ شَيۡءٍ أَكۡبَرُ شَهَٰدَةٗۖ قُلِ ٱللَّهُۖ شَهِيدُۢ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ أَئِنَّكُمۡ﴾ [الأنعام: ١٩] واتا: ئەم قورئانەشـــم وەحی بۆکـــراوە، کە ئێوەو هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی دەگاتێ، پێ بترسێنم و، ئاگاداری کەمەوە، وە لەبارەی هەواڵی جنۆکەکانیشەوە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا ❋ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦۖ﴾ [الجن: ١، ٢] واتا: (جنۆکەکان) وتیان: بەڕاستی ئێمە قورئانێکی سەر سوڕهێنەرمان بیست ❋ ڕێنموونیی دەکات بۆ ڕێی ڕاست ئێمەش باوەڕمان پێکرد وە هەرگیز کەس ناکەین بە هاوبەشی پەروەردگارمان لەپەرستنیدا ❋.

٢. باوەڕ بەوەی کە قورئانی پیرۆز سەرجەم کتێب و پەڕاوە ئاسمانییەکانی تری پێش خۆی ســـڕیوەتەوە و نەســـخی کردوونەتەوە، بۆ هیچ کەسێك لە ئەهلی کتـــاب (جولەکە وگاورەکان) و غەیری ئەوانیش دروســـت نییە جگە لەوەی کەباوەڕی پێ بهێنن و بەندایەتی و خواپەرســـتنیان بەو بەکەن، چونکە لای خودای گەورە هیچ ئاین و شەریعەتێك وەرناگیرێت ئەو ئاین

و شـــەریعەتە نەبێت کە قورئان هێناویەتی، حەڵاڵ و حەرامیش هەر ئەوەیە لەقورئاندا حەڵاڵ و حەرام کراوە، لەم بارەیەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ﴾ [آل عمـــران: ٨٥] واتـــا: هەرکەســـێ بێجگە لەبەرنامە و شەریعەتی ئیسلام هەردینێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ و بیکا بەبەرنامـــەی خۆی هەرگـــیز لێیوەرناگیرێت، و لەدوارۆژیشـــدا لەڕیزی زیانمـــەدانە.. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ﴾ [النســـاء: ١٠٥] واتا: ئێمە ئـــەم قورئانەمان بۆ تـــۆ ناردووە کە بێگومان هەمووی ڕاست و هەقە، ساتۆیش بەم قورئانە هەروەك خودا ڕێی پێ نیشان داویت دادپەروەرانە داوەری خەڵـکی بکە.

پێشـــتریش لەو فەرموودەیەی جابری کوڕی عبداللـــە (خودای لێ ڕازی بێت) ریوایەتی کردبوو، باسی ئەوەمان کرد، کە عومەری کوڕی خەتاب کاتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پارچەیەك تەوراتی بەدەســـتەوە بوو، پێغـــەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تووڕە بوو فەرمووی: «والذي نفسي بيده لو أن موسى كـان حيًا ما وسعه إلا أن يتبعني»[1] واتا: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر موسا زیندوو بووایە هیچ شتێکی تری بۆ نەبوو ئەوە نەبێت شوێن من بکەوێت.

ســـەماحەت و لێبوردەیی ئەو شـــەریعەتەی کە قورئانی پیـــرۆز هێناویەتی لەگەڵ ئاســـانکاریەی کە پێی دەناسرێتەوە، بەپێچەوانەی شەریعەتی کتێب و پەڕاوە ئاسمانیەکانی ترەوە کەبەهۆی خراپی شوێنکەوتووان و دەمەقاڵـێیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا خودای گەورە لەسەری گران و قورس کردبوون، وەك خـــودای گـــەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى

(١) موسنەدی ئەحمەد (٣/ ٣٨٧)، وە دارەمی - المقدمة - (٤٣٥).

يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ﴾ [الأعراف: ١٥٧] واتا: ئیمانداری کامڵ ئەوانەن دەکەونە شـــوێنی ئەو پەیامدار و هەواڵـــدەری خودایە، کە نەخوێندەیە، مەبەســـت بە (ئوممی) کەســـێکە هیچ شتێـــکی نەخوێندبێ و نەنووســـیبێ! کەوابوو کە سێکی وەك موحەممەد (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەگەڵ ئەوەیشـــدا نەیخوێندووە ئەو پەڕ پلەی پەیامبەرایەتی تیا بەدی دەکرێ، ئەمە مەبەســـتە لە وشـــەی (الأمي)، نەك خودا نەخواســـتە مانـــای ئەزانین و جەهل بێت، ئـــەو پێغەمبەرەی کە نـــاو و صیفەتەکانی لە تەورات و لـــە ئینجیلدا نووســـراوە و لای خۆیان دەســـتیان دەکەوێ، واتـــا: زۆر بە چاکی دەیناســـن، فەرمانیـــان بە چاکە پێدەکات، و لەشتی خراپ و ناپەسەند ڕێیان لێدەگرێت، و هەموو شتێکی پاك و خاوێنیان، بۆ حەڵاڵ دەکات، و هەموو شـــتێکی پیس و زیانبەخشیان لێ یاســـاغ ئەکات، و بارو تەکلیفی قورس و کۆت و زنجیرێ لەســـەریان شەتەکدرابوو لایدەبات، مەبەست لابردنی ئەو شتانەیە کە لەشەریعەتەکەی خۆیاندا لەسەر شانیان قورس و گران بوون.

٣. قورئانی پیرۆز تاکە کتێبی خودای گەورەیە لەنێو هەموو کتێبەکانی تریدا کە خۆی کەفالەت و گرنتی ئەوەی داوە کە بە لەفظ و مانا بیپارێزێت لەهەموو جۆرە گۆڕان و دەستکاریکردنێك کە بێت بەسەر لەفظ و مانایدا، خودای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ [الحجر: ٩] واتا: ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندووەو بێگومان هەر ئێمەیش دەیپارێزین.

وە فەرموویەتـــی: ﴿لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ﴾

[فصلت: ٤٢] واتا: ئەم قورئانە هیچ ناحەقی و نادروستی و ناتەواویەک ڕووی تێ ناکات لە هیچ کاتێکدا و لەهیچ لایەکەوە ڕەوانەکراو و نێردراوی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و دانابیە و شایانی سوپاس و ستایشە.

خـــودای گەورە بۆمــان ڕووندەکاتەوە کە بەچ شــێوەیەك ئەم قورئانە دەپارێزێت، یەکێك لەشێوەکانی پاراستنی قورئان ئەم شێوەیەیە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ۞ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ۞ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴾ [القيامة: ١٧-١٩] واتا: بەڕاســتی کۆکردنەوەو لەبەر کردنی قورئان و ئیسپاتی خوێندنەوەی لە ســەر زمانت لەســەر ئێمەیە ❋ جا کاتــێ ئێمە لەڕێگەی (جوبریل) ــەوە بۆت دەخوێنینەوە تۆ شــوێن خوێندنەوەکەی ئەو بکەوە و دوای ئەو بیڵێ و پەیڕەوی لەو بکە ❋ لەپاش خوێندنەوە و لەبەرکردنیشی، ڕونکردنەوەی ماناکەیشی هەر لەسەر ئێمەیە ❋.

(ئیبن کثیر) لەتەفســیری ئەم ئایەتەی دواییدا دەڵــێت: پاش پاراستنی لەســنگتدا و خوێندنەوەی، مانا ومەبەســتەکانیت بۆت ڕوون دەکەینەوە، و ئیلهامی دەکەین بۆت وەك ئەوەی خۆمان و شەریعەتەکەمان مەبەستمانە و دەمانەوێت.

خـــودای گــەورە و پەروەردگاریش هــەر لەســەردەمی پێغەمبەرەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا ئەمــڕۆ زانا و پیاوانێکــی خوانــاس و لەخۆبڕاوی بۆ ئامادەکردووە لەپێناو پاراســتنی مانا و مەبەستەکانی بەو شێوەیەی کەخۆی خودای گەورە ویســتویەتی، بەوێنەیەك هیچ مەجــاڵ و بوارێك نەماوە بۆ خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز نەیانگرتبێتە بەر، لەهەموو بوارە و زانستەکاندا هەستاون بەدانان و نووسینی ســەدان و هەزاران کتێب و پەرتووکی دوور

درێژ، هەندێکیان لەبورای تەفسـیری قورئاندا نووسیویانە، وە هەندێکیان لەبواری وێنە و ڕەسـم و چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئاندا کتێبی نووسیوە، وەهەندێکی تریان لە (محكم ومتشـابە) نووسـیوویانە، وە دەسـتەیەکی تریان لەبارەی جێگای دابەزینی ئایەتەکانی قورئانەوە نووسـیویەتی کە ئایا لەمەککە یان لەمەدینە دابەزیوون، وە هەشیانە بووە لە چۆنیەتی وەرگرتن و ئیستنباطی حوکمەکان لەقورئان نووسیوویانە، وەزانایانێکیش لە بوارەکانی ناسخ و مەنسخ و هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان و ئەو نموونانەی کە خودای گەورە باسی کردوون لەگەڵ هەندێکی تر لەبواری ئیعجازی قورئان و ئەو لەفظە غەریبانەی کە لە قورئاندا هاتوون کتێبیان داناوە، و دەستەیەکی تریش لەبواری چۆنیەتی ئیعراب و شـیکردنەوەی وشەکانی قورئان نوسیوویانە، ئەمانە و چەند بواری تر کە مەجالی ئەوەمان نییە باس لەهەموو ئەو زانستانە بکەین لەسەر قوئان نوسراوون، کە سەرجەمیان بەشداربوون لە پاراستنی قورئانی پیـرۆزدا کە خودای گەورە خۆی ئەم پیاوانـەی ئامادەکردووە بۆ پاراستنی قورئان و خزمەتکردنی ئاینەکەی تاوەکو پارێرزرا و بێت لەهەموو دەست تێخسـتن و گۆڕین و تەحریفێك، وە بۆ ئەوەیشیماناکانی قورئان بەزینـدووی و گرو تین و کاریگەری دەمێنێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کەهاتۆتە خوارەوە.

٤. قورئانی پیرۆز زۆر بواری ئیعجـازی لەخۆی گرتووە کە کتێب و پەڕاوە ئاسمانیەکانی تریش بەشـداربوون لەگەڵیدا، بەکۆی هەموویان ئەو معجیزە گەورە و بەڵـگە خواییەیە کە پەروەردگار (عزوجـل) هەتا هەتایە و تارۆژی دوایی پالپـستی پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و شوێنکەوتوانی پێکردووە، وەك

بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «ما من الأنبياء نبي إلا أعطـــي مـن الآيات ما مثله آمن عليه البشر، وإنما كان الذي أوتيته وحيًا أوحاه الله إليّ فأرجو أن أكون أكثرهم تابعًا يـــوم القيامة»[1] واتا: هیچ پێغەمبەرێك نییە لەپێغەمبەران ئیلا خودای گەورە چەند نیشـــانە و موعجیزەیەکی پێداون کە نموونەی ئەوانە لەتوانا و قودەرتی ئادەمیزاددا نییە، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان بیان بینن و باوەڕیان پێ بکەن، موعجیزەی منیش خۆی لەو وەحیەدا دەبینێتەوە کە بۆم هاتووە (واتە موعجیزەی منیش قورئانە) منیش ئومێد و تکام وایە لای خودای گەورە کە شوێنکەوتووانم لەشوێنکەوتووانی هەموویان زیاتر بێت.

یەکێـــك لەموعجیزەکانی قورئانـــی پیرۆزیش خـــۆی لەجوانی دانان و ڕەوانبێژی و فەصاحەتیدا دەبینێتەوە، کە خودای گەورە دەمکوتی گرۆهی ئادەمیـــزاد و جنۆکەی پێکردووە کە هەرگیز بتوانن نموونە و شـــێوەی ئەو قورئانە یان هەندێکی بهێنن ئەویش بەسێ شێوە و سێ پلە دەمکوتی کردوون: سەرەتا دەمکوتی ئەوەی کردن کە بتوانن نموونەیەکی وەك قورئان بهێـنن، بۆیە نەیانتوانی و دەستەوەســـان بوون، وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ ۚ بَل لَّا يُؤْمِنُونَ ۞ فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ إِن كَانُوا۟ صَـٰدِقِينَ﴾ [الطـــور: ٣٣، ٣٤] واتا: یان خۆ ئەڵـــێن: (محمد) ئەو قورئانەی لەسەر خودا هەڵبەستووە؟! * جابا قسەیەکی وێنەی ئەو قورئانە بێنن، ئەگەر ڕاســـتیان دەکرد لەو وتەیاندا کە ئەیانوت موحەممەد خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووە*.

خودای گـــەورە لەجێگایەکی تردا دەستەوەســـانی ئەو بـــێ باوەڕانەی

---

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٤٩٨١)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٥٢).

سەلماندووەو فەرموویەتی: ﴿قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا﴾ [الإسـراء: ٨٨] واتا: بلێ: ئەگەر هەموو مرۆڤ و جینییە ڕەوانبێژو بیر تیـژو ووریا و زیرەکەکان کۆببنەوە، بـۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانـە بهێنن، هەرگیز ناتوانـن وێنەی ئەو بهێنن، ئەگەرچی هەندێکیان پاڵپشـت و هاوکاری هەندێکیان بن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

پاشان خودای گەورە دەمکوتی ئەوەیان دەکات کە بتوانن دە سورەتی وەك سورەتەکانی قورئان بهێنن، ئەوەشـیان نەتوانی، وەك خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ [هود: ١٣] واتـا: یان (ئەو بێ باوەڕانە) دەڵـێن: موحەممەد (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووەو داویەتە پاڵی خـودا، پێیان بڵێ: جا ئەگەر ئێوە ئەو قورئانە بەدرۆ و هەڵبەسـراو دەزانن، دەسا فەرموون ئێوەش دە سوورەتی هەڵبەستە - وەك خۆتان دەڵـێن- وەکو ئـەو بهێنن کە لەهەموو روویەکەوە وەکو ئەو وابـن. بەڵێ.. پاش بەرامبەر وەستانیان و (تەحەددا) کردنیان بە هێنانی دە سوورەت وەکو ئەو، ئەوساش دەستەوسـان وەسـتانیان و پەککەوتنیان؛ فەرمووی: دە ئەگەر ئەوەشتان پێناکرێ؛ دە فەرموون تەنها یەك سوورەت بهێنن، ڕاست ئەکەن دەڵـێن ئەم قورئانە درۆو هەڵبەستراوە.

پاشان لەجاری سێهەمدا دەمکوتی بێ باوەڕانی کردن بەوەی بتوانن کە تەنها سورەتێـکیش وەك سورەتەکانی قورئان بهێنن، و فەرمووی: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ [یونس:٣٨] واتا: یان

(ئەو بێ باوەڕانە) دەڵێن: (موحەممەد) (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆی هەڵیبەستووە لە سەرخودا!! تۆش بڵێ: دەسا ئەگەر وایە کە ئێوە دەیڵێن، فەرموون تەنیا سوورەتێك وەك ئەو بێنن، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لەو بچێت، بێجگە لەخودا، هەرکەسێك ئەتوانن هاواری بۆ بەرن و داوای یارمەتی لێ بکەن بۆ ئەوکارە، ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەڵێن: تۆ خۆت هەڵتبەستووە لە سەرخودا.

بەمەش ئیعجازی قورئانی پیرۆز لەوپەڕی شێوە و جوانترین وێنەیدا ثابت و جێگیر بوو و تەئکیدیشی لەسەر کراوەتەوە، کاتێك بێ باوەڕان دەستەوسان بوون لەهێنانی تەنها سورەتێکیش وەك سورەتەکانی قورئانی پیرۆز کە کورترین سورەتیشیان بریتیە لە سێ ئایەت.

٥. خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی پێویستیانە لەکاروباری دین و دونیا و ژیان و دوارۆژیان بۆیانی ڕوونکردونەتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ﴾ [النحل: ٨٩] واتا: ئەم قورئانەشمان بۆ ناردیتە خوارەوە ئەی پێغەمبەر! (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تاهەموو شتێك ڕوون بکاتەوە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسوڵمانان.

وە فەرموویەتی: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ﴾ [الأنعام: ٣٨] واتا: ئێمە لەم قورئانەدا یان لە لوح المحفوظ دا هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە.

عبداللەی کوڕی مەسعود (خودای لێ ڕازی بێت) لەم بارەیەوە ئەڵێت: خودای گەورە لەقورئاندا هەموو زانستێکی دابەزاندووە، وە هەموو شتێکیش لەقورئاندا ڕوونکراوەتەوە.

٦. خودای گەورە قورئانی ئاسان کردووە بۆ کەسانێك کە یادی خودا دەکەن

و بیر لەمانا و مەبەستەکانی دەکەنەوە، ئەمەش گەورەترین تایبەتمەندی قورئانی پیرۆزە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ [القمر: ١٧] واتا: سوێند بەخودا بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاریی و پەندگرتن، جا ئایا کەسێک هەیە دەرکی حەقیقەت و ڕاستی بکات و پەندی وەرگرتبێت؟.

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [ص: ٢٩] واتا: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرن و تێفکرن لە مانا و مەبەستەکانی.

موجاهید لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: خوێندنەوەیمان ئاسان کردووە، (السدی) یش ئەڵێت: خوێندنەوەیمان لەسەر زمانەکان ئاسانکردووە... ابن عباس یش (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: ئەگەر بهاتایە خودای گەورە ئەم قورئانەی لەسەر زمانی ئادەمیزاد ئاسان نەکردایە، ئەوا هیچ دروستکراوێکی خودا نەیدەتوانی کەلامی خودا بخوێنێتەوە[١].

طەبەری وغەیری ئەویش لە پێشەوایانی تەفسیر وتویانە: ئاسانی قورئانی پیرۆز ئاسانی لەفظەکانیەتی بۆ خوێندنەوە و ئاسانی ماناکانیەتی بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە و پەند وەرگرتن دەگرێتەوە، ئەمەیش هەروایە کە تێبینی کراوە و بینراوە.

٧. بێگومان قورئانی پیرۆز پوختەی ڕێنمایی و بنەمای شەریعەتەکانی پێغەمبەرانی پێشووی لەخۆگرتووە، وەك خودای

(١) تەفسیری ئیبن کەثیر: (٨/ ٤٥٣).

گـــــەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ﴾ [المائـــدة: ٤٨] واتا: ئێمە قورئانمان هـــاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرو پارێزەر و شاهیدیشە بەسەریانەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ﴾ [الشوری: ١٣] واتا: هەر ئەو دین و ئایینەی بە نووح و ئیبراهیم و مووســـا و عیســـا مان سپارد، کردمانە دیـــن و ئایین بۆ ئێوەش ئەی ئوممەتی ئیســـلام! واتە: پێغەمبەران هەموو یەك ئامانج ویەك مەبەستیان بووە، یەك دین و یەك بیروباوەڕیان بووە، ئەگەرچی هەندێك جیاوازییان هەبووبێت لەشەریعەت و بەرنامەیاندا، کە پەرتەوازە و کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تێیـــدا، واتا: دەبێ هەموو بەڕێك و پێکی ڕێبازی ئەو ئایینە ڕاگرن و دەست لە یەکتاپەرستیی قایم کەن و دەستی لێبەر نەدەن، و کێشەو ناکۆکیی و جیاوازیتان تێیدا نەبێ.

٨. قورئانی پیرۆز چیرۆك و بەسەرهاتی پێغەمبەران و ئوممەتەکانی پێشووی بـــەوردی وزۆر ڕێکوپێکی لەخۆ گرتووە، بەشـــێوەیەك کـــە هیچ کتێبێکی پێش خۆی بەوێنەی قورئـــان نەبووە لەم بوارەیشـــدا، وەك فەرموویەتی: ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ﴾ [هـــود: ١٢٠] واتا: ئـــەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەموو ئەوانەشـــت بۆ دەگێڕینەوە لە چیـــرۆك و هەواڵی پێغەمبەرانـــدا هاتووە، بۆ ئەوەی کە دڵی تۆی پێ دابمەزرێنین و دڵـــنیات بکەین لە ڕاستی ئاینەکەت.

وەدیسان فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ﴾

[هـــود: ١٠٠] واتـــا: ئەوەی کە باســـکرا هەندێك بوو لەهەواڵـــی خەڵکی ئەو شـــارو شـــارۆچکانە، بۆت دەگێڕینەوە، هەندێك لەو شارو دێهاتانە ماون و هەندێکی تری بەتەواوی وێران بوون.

لەجێگایەکی تریشدا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا﴾ [طـــه: ٩٩] واتـــا: ئابەو شـــێوەیە هەواڵ و داســـتانی گەلانی پێشـــینت- یەك لەدوای یەك- بۆ باس دەکەین، دڵنیابە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە قورئانمان پێ بەخشـــیوویت کە یادەوەری بێت لە هەموو ڕوویەکەوە.

٩. قورئانی پیرۆز کۆتا کتێبی خودای گەورەیە، شـــاهیدیش لەســـەر ئەم ڕاســـتیە، ئەوەیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ۞ مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلْفُرْقَانَ﴾ [آل عمران: ٣، ٤] واتا: ئەم (قورئان) ـەی وردە وردەو، کەم کەم، بە هەق و ڕاست و دروست، دابەزاندۆتە سەرتۆ، پشتگیری ئەوهەموو نامەو کتێبە پێشووانەی خۆیەتی، واتا: دان بەو کتێبانەشدا دەنێت، بەر لەخۆیبوون، و لەپێش ئەم قورئانەیشەوە (تەورات و ئینجیل) ی دابەزاند ۞ بۆ ڕێنوێنی خەڵـکانی سەردەمی خۆیان، پـــاش ئەوانیش ئـــەم (قورئان) ـــەی دابەزاند، بۆ جیاکەرەوەی ڕاســـتیی وناڕاستیی، هەق و باتڵ لەیەکتری ۞.

وە خودای گەورە فەرمووێەتی: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ﴾ [المائـــدة: ٤٨] واتا:: ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشـــی دیاری دەکات و چاودێر و پارێزەر و شاهیدیشە

بەسەریانەوە.

ئەمەش هەندێك بوو لەتایبەتمەندیەکانی قورئانی پیرۆز و جیاکەرەوەی لەکتێبە ئاســـمانیەکانی تر، کەباوەڕ بەو قورئانە جێگیـــر و دامەزراو نابێت هەتا بەشـــێوەی عیلمی وعەمەلی باوەڕیش بەو کتێبانە نەهێنرێت، خودای گەورەیش لەهەمووان زانا و شارەزاترە...

## بەشی سێهەم
## باوەڕ بە پێغەمبەران

**باسی یەکەم:** حوکمی باوەڕ بە پێغەمبەران و بەڵگەکانی

**باسی دووەم:** پێناسەی (النبي) و (الرسول) و جیاوازی لەنێوانیاندا

**باسی سێهەم:** چۆنیەتی ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەران

**باسی چوارەم:** ئەوەی لەسەرمان پێویستە بەرامبەر بەپێغەمبەران

**باسی پێنجەم:** پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەزیمەتە بەرزەکان

**باسی شەشـــەم:** تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرمان محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و مافەکانی بەســـەر ئوممەتەکەیەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بینینی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا هەقە

**باسی حەوتەم:** کۆتایی پەیامبەرایەتی و ڕوونکردنەوەی، ئەوەی کەپاش پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئیتر پێغەمبەری تر نایەت

**باسی هەشـــتەم:** هەقیقەت و بەڵـــگەی شـــەوڕەویکردن بە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

**باسی نۆیەم:** وتەی ڕاست لەسەر ژیانی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت)

**باســـی دەیەم:** موعجیزەی پێغەمبەران و جیاوازی لەنێوان موعجیزەی ئەوان وکەراماتی ئەولیائدا

**باسی یازدەیەم:** وەلی و ولایەت لە ئیسلامدا

## باسی یەکەم
## حوکمی باوەڕ بە پێغەمبەران و بەڵگەکانی

باوەڕ بەپێغەمبەرانی خودای گەورە واجبێکە لەواجباتی ئەم دینە و روکنێکی گەورەیە لە ئەرکانەکانی ئیمان، دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵگەن لەسەر ئەمە:

خودای گەورە ئەفەرموویت: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ﴾ [البقرة: ٢٨٥] واتا: پێغەمبەر و ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خوداو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

خودای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە باوەڕهێنان بە پێغەمبەران لەکۆی ئەوانەیە کە پێغەمبەر و بڕواداران باوەڕیان پێی هێناوە، روکنێکە لە روکنەکانی ئیمان، وە ئەوەشی روونکردوەتەوە لەباوەڕهێنان بەپێغەمبەراندا هیچ جیاوازیەك ناکەن لەنێوانیاندا، باوەڕیان بەهەندێکیان هەبێت و بەهەندێکی تریان نەبێت، بەڵکو بەبێ جیاوازی باوەڕیان بەهەر هەموویان هەیە.

خودای گەورە لە کتێبە پیرۆزەکەیدا حوکمی ئەو کەسەی ڕوونکردوەتەوە کە باوەڕی نییە بە پێغەمبەران، و فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا * أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا﴾ [النساء: ١٥٠، ١٥١] واتا: بێگومان ئەوانەی باوەڕ بەخوداو پێغەمبەران ناهێنن، و دەشیانەوێ لەنێوان خوداو پێغەمبەرەکانییدا فەرق و جیاوازی دانێن، و دەڵێن: ئێمە باوەڕ بەهەندێکیان دەکەین، و بەهەندێکیشیان باوەڕ ناکەین، و دەشیانەوێ لەو نێوانەدا ڕێگەیەك بۆخۆیان دیاری بکەن * بێ دوودڵی، ئەمانە کافرو خودا نەناسن، چونکە ئەو داوایەیان ناپەسەندە، وە بڕوا بوون بەخودا، بەگشت فەرمان و بڕیارەکانیشی دەبێ، ئەگینا ئەو داوایە، داخوازییەکی بێهوودەو بێ ناوەڕۆکە، وە ئێمە سزایەکی ئابڕووبەرمان بۆئەو خوانەناس و کافرانە، ئامادە کردووە *.

ئەو کەسانەی کە پێغەمبەران بەدرۆ دەزانن یان جیاوازی دەکەن لەنێوانیاندا، باوەڕ بەهەندێکیان دەکەن و بێ باوەڕیشن بەهەندێکی تریان، خودای گەورە بە بێ باوەر و کافری ناوبردوون، پاشان ئەوەیشی ڕوونکردوەتەوە کە ئەوانە کافر و بێ باوەڕی تەواون وهیچ گومان نییە لە بێ باوەڕیاندا.

لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەوەی ڕوونکردوەتەوە کە چ شتێك پێویستە لەسەر باوەڕداران جێبەجێی بکەن، وفەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمْ يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُو۟لَٰٓئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [النساء: ١٥٢] واتا: ئەوانەش کە باوەڕیان هەیە بەخوداو بەپێغەمبەرەکانی ولەناویانیشدا هیچ فەرق و جیاوازییەك ناکەن، ئەوانە لەدوارۆژدا خودا پاداشی شیاوی

خۆیانیان دەداتێ، و خواش گوناە پۆشە، لەتاوان و گوناهەکانیان دەبووریٚ، میهرەبان و دلۆڤانە.

خودای گەورە بەجۆرێـــك وەصفی کردوون کەباوەڕیان هەیە بەخودا و بەهەموو پێغەمبەرەکانی بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا، باوەڕیان بەهەندێکی هەبێت و بەهەندێکی تریشیان بێ باوەڕ بن، نەخێر بەڵـکو باوەڕیان وایە کە هەر هەموویان پێغەمبەری خودان و لەلایەن ئەوەوە نێرراون کە ترســێنەر و موژدەدەربن بۆ ئادەمیزاد.

دەقەکانـــی ســـوننەتیش بەهەمان شـــێوەی دەقەکانی قورئانـــی پیرۆز باوەڕ بە پێغەمبەرانـــی بە ڕوکنێك لە روکنەکانی ئیمـــان داناوە، فەرموودە بەناوبانگەکەی جوبرەئیل دیاریترین بەڵـــگەیە لەم مەســـئەلەیەدا، کاتێك جوبرەئیل پرســـیاری لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد کە هەواڵی پێ بدات لەبارەی ئیمانەوە ئەویش لەوەڵامیدا فەرمووی: «أن تؤمن بالله وملائكـته وكتبه ورسـله واليـــوم الآخر»[1] واتا: باوەڕ ئەوەیە باوەڕت هەبێت بەخودای گەورە و بەفریشـــتەکانی و بەکتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بەڕۆژی دوایی و بە قەدەر خێر و شەڕی.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باســـی ئەوەی کردووە کە باوەڕ بە سەرجەم پێغەمبەران روکنێکە لە روکنەکانی ئیمان کەواجبە لەسەر موسڵمان باوەڕی پێیان هەبێت و جێبەجێیان بکات.

لە دوعا و نزایەکی پێغەمبەریشـــدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لەشـــە و نوێژدا

(١) موسلیم – الإیمان – (٨)، وەتیرموذی الإیمان (٢٦١٠)، وەئەلنەسائی – الإیمان وشرائعە – (٤٩٩٠)، وە ئەبو داود – السنە – (٤٦٩٥)، وە ئیبن ماجە – المقدمە – (٦٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (١/ ٥٢).

دەیخوێند فەرموویەتی: «اللّٰهُمَّ لـــك الحمد أنت نور السماوات والأرض، ولك الحمد أنـــت قيـــم السماوات والأرض، ولك الحمد أنت رب السماوات والأرض ومن فيهن، أنت الحـــق، ووعدك الحق، وقولك الحق، ولقاؤك الحق، والجنة حق، والنـار حق، والنبيون حق، والساعة حق»[1] واتا: ئەی خودایە سوپاس و ستایش بۆ تۆ، هەر تۆ نووری ئاســمانەکان و زەویت، وە سوپاس و ستایش بۆ تۆ، هەر تۆ ڕاگری ئاســمانەکان و زەویت، وە ســوپاس و ستایش بۆ تۆ، هەر تۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەوی وئەوەیشــی لەنێوانیاندایە، تۆ حەق و ڕاستیت، پەیمان و بەڵـێنەکانت حەق و ڕاستن، گوفتار و وتەکانت حەق و ڕاستن، گەشتن بەتۆ حەق و ڕاســتە، بەهشت و دۆزەخ حەق و ڕاستن، پێغەمبــەران حەق و ڕاســتن، ڕۆژی دوایی و قیامەت حەق و ڕاســتە.... شاهیدی دانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەوەی پێغەمبەران حەق و ڕاستن و خوێندنی وەها دوعا و نزایەك لەشەو نوێژدا، و باسکردنی لە چوارچێوەی بنەما وئەصلــە گەورەکانی ئیمان بەڵــگەی گرنگــی و پلەوپایەی باوەڕ بەپێغەمبەران ئەگەیەنێت، چونکە وەك بــاوەڕ بەخودای گەورە وبەبوونی دۆزەخ و بەهەشـــت و هاتنی ڕۆژی دوایی لە بنەما و ڕوکنە ئەساسیەکانی ئیمانن لای ئەهلی ئیسلام.

بەمەش باوەڕ بەپێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) واجب بوو، وە ڕوکنێکی گەورە و کۆڵەکەیەکی بتەوی ئەم دینەیە، وەیەکێکە لەگەورەترین تایبەتمەندیەکانی ئیمــان وباوەڕ، وەهەرکەســێکیش پێغەمبەران یان هەر یەکێکیشــیان بەدرۆ بزانێت ئەوە بــێ باوەڕ بووە بەخــودای گەورە بە بێ

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٤٩٩).

باوەڕیەکـــی صەریح و بـــێ پێچ و پەنا، چونکە ئینـــکاری یەکێك لە روکنە گەورەکانی ئیمانی کردووە.

**بەروبووم و سوودی باوەڕ بەپێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت):**

بـــاوەڕ بەپێغەمبەران کاریگـــەری گرنگی خۆی هەیە و شـــوێنەواری گەورەش بەجێ دەهێڵـــێت لەســـەر دڵ و دەروون و رەوشـــت و ئاکاری مرۆڤی باوەڕدار، لەوانەش:

١. هەســـتکردن بەو رەحمەتە گەورەیەی کە خـــودای گەورە کردوویەتی لەگـــەڵ بەندەکانیـــدا، بەوەی ئـــەو پێغەمبەرانـــەی بۆ نـــاردوون تاوەکو رێنیشاندەریان بێت بۆ هیدایەت وەرگرتن گەیاندنی دینەکەی خودا پێیان.

٢. شوکر و سوپاسی خودا کردن لەسەر گەورەیی ئەو نیعمەتەی کە پێـــی بەخشیوون.

٣. خۆشەویستی و رێزگرتنی ســـەرجەم پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) و وەصف و پەناکردنیان بەشێوەیەك کە شایستەی ئەوان بێت، چونکە ئەوان پێغەمبەری خودا و هەڵبژاردەی ناو بەندە ڕاســـتەقینەکانینی، چونکە هەر ئەوان بوون کە هەستاون بەگەیاندنی ئاینە پیرۆزەکەی خودای گەورە بەباشترین شێوە و لەو پێناوەشدا بەرگەی هەموو نارەحەتی و ناخۆشیەکانی گرتووە و ئارامیان گرتووە لەبەرامبەر هەموو ئەزیەت و ئازاردانێـکدا.

## باسی دووەم
## پێناسەی (النبي) و(الرسول) و جیاوازی لەنێوانیاندا

**النبـــي لەزمانەوانییدا:** لە وشەی (النبأ) ـــــەوە داتاشــــراوە کە بەواتای خەبەر و هەواڵـێکی گەورەی بەسوود دێت، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ۞ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ [النبـــأ: ١، ٢] واتا: ئەو خەڵـــکە دەربارەی چی لەیەکتر دەپرسن؟ ۞ دەربارەی هەواڵە زۆر گەورە و گرنگەکە ئەپرسن؟ کە هاتنی ڕۆژی دواییە ۞.

پێغەمبەریش بە(النبي)ناودەبرێت چونکە پێغەمبەر هەواڵ دەدات و هەواڵ دێنێت لەلای خودای گەورەوە، لەهەمان کاتدا هەواڵدەر و هەواڵپێدراویشە.

دەوترێت: (النبي) لە وشەی (النباوة) داتاشراوە، کە مانای شتێکی بەرز دێت.

بەپێی ئـــەم مانایەی دوایی پێغەمبەر بە (النبـــي) ناونراوە، لەبەر بەرزی پلەوپایەی لەهەموو خەڵـــکانی تر، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَرَفَعۡنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا﴾ [مریـــم: ٥٧] واتا: بۆیە ڕێزی زۆرمان لە (پێغەمبەر ئیدریس) گرت و پایەدار و بەرز و بڵندمان کرد لە جێگە و ڕێگەی تایبەتدا.

**(الرســـول) لەزمانەوانییدا:** لەوشــــەی (الإرسال) داتاشــــراوە، کە مانای ناردن و ئاڕاســـتەکردن دێت، خودای گەورە لەبارەی شــــاژنی ســـەبەئەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ [النمل: ٣٥] واتا: جا بەڕاســـتی من دیارییەکی بەنرخ و گەورەیان بۆ دەنێرم ئینجا چاوەڕوان دەکەم کە نێردراوەکان بەچییەوە دەگەڕێنەوە.

زانایان لە پێناسەی هەر یەك لە (النبي) و (الرسول) لەشەرعدا چەند ڕایەکی جیاوازیان هەیە، کە ڕاسترینیان ئەمەیە:

(النبي): ئەو کەسەیە کە خودای گەورە وەحی بۆ ناردووە کە کاری پێبکات و فەرمانیشی بەباوەڕداران پێبکات.

(الرسول): ئەو کەسەیە کە خودای گەورە وەحی بۆ ناردووە، و ڕەوانەیشی کردووە بۆ لای ئەو کەسەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەکات، بۆ ئەوەی پەیامی خودای گەورەی پێ بگەیەنێت.

**جیاوازی لەنێوان ئەم دوو دەستەواژەدا:**

(النبي) ئەو کەسەیە کە خودای گەورە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خۆی پێ ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی لەگەڵ باوەڕداراندا وتوێژی پێبکات و فەرمانیشیان بەوە پێبکات، بەڵام ووتوێژ لەگەڵ بێ باوەڕاندا ناکات و بۆ لای ئەوان نەنێردراوە.

بەڵام (الرسول) ئەو کەسەیە کە خودای گەورە ڕەوانەی کردووە بۆ لای باوەڕداران و بێ باوەڕانیش بۆ ئەوەی ئەوەی کە خودای گەورە بۆی ناردووە پێیان ڕابگەیەنێت و بانگیان بکات بۆ پەرستنی خودای گەورە بەتاك و تەنهایی.

مەرجیش نییە کە (الرسول) بەرنامە و شەریعەتێکی نوێی پێبێت، چونکە یوسف پێغەمبەر لەسەر ئاین و شەریعەتەکەی ئیبراهیم بوو (سەلامی خوایان لێ بێت)، هەروەها داود و سولەیمان (سەلامی خوایان لێ بێت) هەردووکیان لەسەر یەك شەریعەتی تەورات بوون و ڕەسولیش بوون،

خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ﴾ [غافر: ٣٤] واتا: سوێند بەخوا بەڕاستی کاتی خۆی یوسف بەڵــگە و نیشانەی زۆری بۆ هێنان تا ڕێبازی خواناسی بگرنەبەر، کەچی بەردەوام لە گوماندا بوون، بەرامبــەر ئەو بەرنامەو ئاینەی کە بۆی هێنابــوون، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەوسا وتتان: ئیتر تەواو هەرگیز خوا دوای ئەم پێغەمبەری تر نانێرێت.

وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيْمَٰنَ ۚ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ۞ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا﴾ [النساء: ١٦٣، ١٦٤] واتا: بەڕاستی ئێمە نیگامان بۆ کردووی وەك چــۆن نیگامان کرد بۆ نووح و بــۆ پێغەمبەرەکانی پاش ئەو و نیگامان کرد بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیســحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب وە عیسا و ئەیوب و یونس و هاروون و سولەیمان وە زەبوریشمان بەخشی بە داوود ۞ وە پێغەمبەرانێــك بێگومان بەســەرهاتەکانیانمان گێڕاوەتەوە بۆت لەمەوپێــش وە پێغەمبەرانێك بەســەرهاتەکانیانمان نــە گێڕاوەتەوە بۆت، بەڕاستی خودای گەورە خۆی لەگەڵ موسا دا گفتوگۆی یەکسەری و ڕاستەوخۆی ئەنجامداوە ۞.

هەندێك جار (النبي) یش لەقورئاندا بە (الرسول) هاتووە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِىٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلْقَى ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ﴾ [الحج: ٥٢] واتــا: ئــەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێــش تۆ هیچ (رســول) و (نەبی) یەکمان رەوانە نەکردووە ئاواتی نەخواستبێت بەباوەڕ

هێنانی قەومەکەی، بەڵام کاتێك ئاواتی خواستووە شەیتان ئەوەی بەفرسەت زانیووە، شتی نابەجێی تێکەڵ بەئاواتەکەی کردووە.

لـــەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە باســـی ئەوەی کـــردووە کە (نەبی) و (ڕەسول) یشـــی ناردووە بۆ خەڵـــکی، ڕوونکردنەوەی ئەمەیش ئاوایە ئەگەر خودای گەورە فەرمانـــی کرد بە نەبیەکی کە بانگی باوەڕدران بکات بـــۆ لای بانگەوازەکەی، ئەوا ئەو پێغەمبەرە لەلایەن خواوە بۆیان نێردراوە، بەڵام بە ناردنێکی سنووردار، بەڵام ناردنی ڕەها و مطلق ئەوەیە کە خودای گەورە ئەو پێغەمبەرە بۆ ســـەرجەم خەڵـــکی بە باوەڕدار و بێ باوەڕیشەوە بنێرێت.

## باسی سێهەم
## چۆنیەتی ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەران

ئیمان بەپێغەمبەران بریتیە لە باوەڕ بەوانەی کەخودای گەورە لەقورئانی پیرۆز و پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە سوننەتی خۆیدا بەشێوەی گشتی و ورد و درشت باسیان کردوون و هەواڵیان پێداوون.

**باوەڕ بەپێغەمبەران بەشێوەیەکی گشتی:**

بریتیە لە باوەڕی تەواو و جازم بەوەی کە خودای گەورە لەهەموو گەل و نەتەوەیەك پێغەمبەرێکی ناردووە کە بانگیان بکات بۆ پەرستنی خودای گەورە بەتاك و تەنهایی و بەهیچ شێوەیەکیش هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن و باوەڕیشیان نەبێت بەوەی کە جگە لەخودا (الله) دەپەرستڕێت، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ [النحل: ٣٦] واتا: سوێند بە خودا لەناو هەموو گەل و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە، (بۆ ئەوەی بانگەوازیان بکەن) کەتەنها خودا بپەرستن و دوورکەونەوە لە (پەرستنی) هەموو پەرستراوێکی تر جگە خودا.

وە باوەڕ بوون بەوەی کە ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) سەرجەمیان ڕاستگۆ و چاکەکار و ژیر وبەڕێز و خواناس و دەستپاك و ڕێنیشاندەرن، وەك خودای گەورە لەم بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ﴾ [یس: ٥٢] واتا: ئائەمە بەڵێنی خودای میهرەبانە و پێغەمبەرانیش لەهەواڵدانی ئەو ڕۆژە ڕاستیان کردووە... خودای گەورە لەجێگایەکی تردا پاش ئەوەی باسی ژمارەو دەستەیەکی زۆر

لە پێغەمبەران ئــەکات ئەفەرموویت: ﴿وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّـٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ ۖ وَٱجْتَبَيْنَـٰهُمْ وَهَدَيْنَـٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ * ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ [الأنعام: ٨٧-٨٨] واتا: و لە ناو باو و باپیران ونەوەکانیان و براکانیاندا کۆمەڵێکی زۆرمان لێ ڕێنمایـــی کردن، و هەندێکیانمان هەڵبژاردن بۆپێغەمبەریتی و، شـــارەزای ڕێی ڕاست و دروستمان کردن * ئا ئەمەیە هیدایەت و ڕێنموویی خودایی کەهیدایەت و ڕێنموویی هەر کەسێکی پێدەدات لە بەندەکانی (کە شایستە بێت) *.

وە باوەڕ بوون بەوەی کە ئەم پێغەمبەرانە هەر هەموویان لەسەر هەقێکی ئاشکرا و ڕێنمایی و ڕێگایەکی روونکراوەن، کە لەلایەن پەروەردگارەوە بە بەڵـــگە و نیشانەی روون و ئاشکراوە نێرراون بۆلای گەلەکانیان، خودای گەورە لەسەر زمانی خەڵـــکی بەهەشتەوە دەفەرموویت: ﴿لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ﴾ [الأعراف: ٤٣] واتا: خەڵـــکی بەهەشـــت دەڵێـــن: پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بەهەق و بەڕاستی هاتن.

وەدەفەرموویت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَـٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ﴾ [الحديـد: ٢٥] واتـا: ســوێند بەخودا بەڕاســتی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردووە بە بەڵگەو موعجیزەی روونەوە، وە کتێبی (ئاسمانی) و تەرازووی دادمان لەگەڵا ناردن بۆ ئەوەی خەڵکی بەدادگەری رەفتار بکەن (لەناو خۆیاندا).

وە باوەڕ بەوەی کە ئەساس و بنەمای بانگەوازی گشت پێغەمبەران یەك بانگەوازە، ئەویش بانگەوازە بۆ یەکخواپەرستی و دوورکەوتنەوە لەپەرستنی هەر شتێکی تر کەجگە لەخودا ئەپەرسترێت، بەلام شەریعەتەکانیان جیاوازی

تێدا بووە، وەك خودای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ [الأنبياء: ٢٥] واتا: ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان رنەکردووە، کە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خودایەک نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن، وە لەهەمان کاتدا فەرموویەتی: ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا﴾ [المائدة: ٤٨] واتا: بۆ هەر گەل و ئوممەتێك لەئێوە یاسا و شەریعەتێکمان دانابوو.

باوەڕ بەوەی ئەو پێغەمبەرانە ئەوەی لەسەریان بووە لە بانگەواز و دینکەیان بە روون و ئاشکرایی گەیاندویانە، بەمەش بەڵگەی تەواویان لەسەر خەڵکی جێگیر کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا﴾ [الجن: ٢٨] واتا: بۆ ئەوەی بزانێ و ئاگادار بێت کە بەڕاستی پێغەمبەران بەرێك و پێکی پەیامەکانی پەورەدگاری خۆیانیان ڕاگەیاندووە، بەو شێوەیەی کە بۆیان سروشتکراوە بێ زیادو کەم، بەمانایەکی تر خودای پەروەردگار چاودێری پەیامبەرانی خۆی دەکات، بەفریشتە تا بەئاسانی پەیامەکەیان بگەیەنن.... وە لەبارەی بڕینی بیانووی خەڵکیشەوە بە بانگەوازی پێغەمبەران فەرموویەتی: ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ﴾ [النساء: ١٦٥] واتا: گشتیان پێغەمبەری مژدەدەر و ترسێنەر بوون، تا دوای ئەو پێغەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانوویەك بۆ ئەو خەڵکەیە نەمێنێ لەلای خودا، ئەگەر لار و لاسار بوون.

وە واجبە باوەڕ بەوەی کە پێغەمبەران هەموویان ئادەمیزاد و دروستکراوی خودان، بەهیچ شێوەیەك تایبەتمەندیەکانی خوایەتی و پەروەردگاریەتیان نییە لەهیچ شتێکدا، وە باوەڕ بەوەی سەرجەمیان بەندە

و عەبدی خودا بوون پەروەردگار بە پەیامەکەی خۆی ڕێزی لێناوون، وەك خۆی فەرموویەتی: ﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ [إبراهيم: ١١] واتا: پێغەمبەرانیان پێیان وتن: ئێمە تەنها بەشەرێکین وەکو ئێوە و هیچی تر، بەڵام خودا ویستی هەر کەسێکی ببێت لە بەندەکانی خۆی منەت دەخاتەسەریان و (هەڵیاندەبژێرێ بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی)....وەفەرموویەتی: ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّى مَلَكٌ﴾ [هود: ٣١] واتا: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خودا لای منە و ناشڵێم غەیب دەزانم و ئاگاداری شتە نادیارەکانم، وە ناڵێم من فریشتەم... هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ﴾ [الأنعام: ٥٠] واتا: ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیان بڵێ: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خودا لای منە شتی غەیب و نهێنیش نازانم، وە پێتان ناڵێم بێگومان من فریشتەم، شوێنی هیچ ناکەوم ئەوە نەبێ وەحی و سرووش و نیگا کراوە بۆم.

وە باوەڕ بەوەی کە ئەو پێغەمبەرانە لەلایەن خودای گەورە یارمەتی دەدرێن و سەردەخرێن، وە پاشەڕۆژ و سەرەنجامیش هەر بۆ ئەوانە، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ﴾ [غافر: ٥١] واتا: بێگومان ئێمە یارمەتی پەیامبەرانمان و ئەوانەش بڕوایان هێناوە ئەدەین، وە لە ژیانی دونیاشدا بەسەر دوژمنانیاندا سەریان ئەخەین، و لەو ڕۆژەیش کە شاهیدەکان شاهیدی لەسەر یەکتری ئەدەن (واتە لە ڕۆژی دوایشدا سەریان دەخەین).

وە باوەڕ بەوەیش کە هەندێك لەپێغەمبەران فەزڵ و ڕێزیان زیاترە

لەهەندێکی تریان، وەك خودای گـــەورە دەفەرموویّت: ﴿ تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ ﴾ [البقرة: ٢٥٣] واتا: ئەو پێغەمبەرانەی (باسکران) ڕێزی هەندێکیانمان داوە بەســەر هاندێکی تریاندا، هەیانە خودای گەورە خۆی گفتوگۆی (یەکســەری) لەگەڵدا کردووە (وەک موسا) و پلەوپایەی هەندێکیانی بەرز کردۆتەوە بە چەندەها پلە وەک محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

وە واجبــە باوەڕ بەگشـــت ئەوانـــەی کە لەقورئـــان و ســـوننەتدا لە بارەی پێغەمبەرانەوە هاتوون بەشـــێوەیەکی گشـــتی بە باوەڕ و ئیمانێکی هەمەلایەنەوە.

**بەڵام باوەڕ بە پێغەمبەران بەشێوەیەکی وردتر ئەوەیە:**

باوەڕ بەوانـــەی کە خودای گەورە لەقورئانی پیـــرۆزدا ناوی هێناوون و پێغەمبەریش صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەکانی خۆیدا باســـی کردوون، بە باوەڕێکی ورد و موفەصەڵی هەروەك ئەوەی دەقەکان باســـی ناو و هەواڵ و فەزڵ و تایبەتمەندیەکانیانی کردووە.

ئەوانەشیان لەقورئان و سوننەتدا ناویان هاتووە ژمارەیان بیست و پێنج پێغەمبەرە، لەم ئایەتـــە پیرۆزانەی خوارەوەدا ناوی هەژدەیان هاتووە، وەك خـــودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ۞ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ۞ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ۞ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ [الأنعـــام: ٨٣-٨٦] واتـــا: ئـــەو وتوویێژو لێکۆڵینەوانە بەڵـــگە و نیشـــانەی ئێمە بوو، کاتێک بەخشیمانن بە ئیبراهیم

لەسەر گەلەکەی و زاڵ بوو بەسەریاندا، قسەو بیروباوەری بەسەر قەومەکەیدا سەرکەوت، جا هەر کەسێک بمانەوێت و (خۆیشی شایستە) بێت چەندەها پلەوپایەی بەرز دەکەینەوە، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ داناو کاربەجێیە و زانایە بەهەموو شتێک * وە ئیسحاقمان بەخشی بە (ئیبراهیم) و (لە ئیسحاق) یش یەعقوبمان پێ بەخشی، ڕێنموونیی هەموویانمان کرد وە لەوەوپێش ڕێنموونیی نووحیشمان کرد و لە نەوەکانی نووح داوود و سولەیمان و ئەیوب و یوسف و موسا و هاروونمان (ڕێنموونیی) کرد ئا بەو چەشنە پاداشتی چاکە کاران دەدەینەوە * زەکەریاو یەحیاو عیسا و ئیلیاسیشمان شارەزا و ڕێنماکردو بوون پەیغەمبەر، بۆیە دەفەرمووێ: هەموشیان لەپیاو خاسانی خوابوون * ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یونس و لووط یش هەروەها هەموشیانمان زیاتر لەگشت خەڵکی سەرزەویی ڕێز و قەدر لێنان *.

وە باسی ئەوانی دیکەشیان لەچەند جێگایەکی تری قورئاندا هاتوون، وەك فەرموویەتی: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾ [الأعراف: ٦٥] واتا: هودی برایشیانمان کردە پێغەمبەرو ناردمانە لای گەلی عاد... وە فەرموویەتی: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا﴾ [الأعراف: ٧٣] واتا: صالحی برایشیانمان کردە پێغەمبەرو ناردمانە لای گەلی ثەمود.. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ [الأعراف: ٨٥] واتا: وە بۆ گەلی مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان نارد و کردمان بەپێغەمبەر بۆیان.. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ آدَمَ وَنُوحًا﴾ [آل عمران: ٣٣] واتا: بێگومان خودا ئادەم و نوحی هەڵبژاردو کردونی بە پێغەمبەر و ڕێزی داوون بەسەر هەموو خەڵکیدا، وە دەفەرمووێت: ﴿وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ الصَّابِرِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٥] واتا: ئەی محمد

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) باسی (ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم و ئیدریسی کوڕی شیت وذولکیفل) یش بکە کە هەریەکێکیان لەدەستەی خۆڕاگران و ئارامگران بوون بەرامبەر بەو بەڵاو تاقیکردنەوانەی تووشیان بوو، وە فەرموویەتی: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ﴾ [الفتح: ٢٩] واتا: موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ڕەوانە کراو و پەیامبەری خودایە، ئەو کەسانەش لەگەڵ ئەون و شوێنی ئەوکەوتوون لە بەرامبەر بێ بڕواکاندا ئازا و بەهێز و توندن، لەناو خۆشیاندا میهرەبان و بەسۆز و دڵ نەرمن.

واجبە باوەڕ بوون بەو پێغەمبەر و نێرراوانەی خودا بەباوەڕێکی ورد و موفەصەڵی، و دان نان بە پێغەمبەریێتی و پەیامی گشتیان بەو شێوەیەی کە لەقورئان و سوننەتدا باسکراوون.

هەروەها واجبە باوەڕ بەصیحەت و ڕاستی و دروستی ئەو دەقانە بکرێت کە باس لە فەزڵ و تایبەتمەندی و حاڵ و هەواڵی ئەو پێغەمبەرانە دەکات، وەك باوەڕ بەوەی کە خودای گەورە ئیبراهیم و محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ی کردووە بە خەلیل و خۆشەویستی خۆی، وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا﴾ [النساء: ١٢٥] واتا: خودا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشەویستی خۆی ڕێزداری کردووە...، وە پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن الله اتخذني خليلًا كما اتخذ إبراهيم خليلًا»[١] واتا: خودای گەورە هەڵیبژاردووم و کردومی بە خۆشەویست و ڕێزداری خۆی، وەك چۆن ئیراهیمی کردووە بە خۆشەویست و ڕێزداری خۆی.

(خُلّة) یان (خەلیلی) بەرزترین پلەوپایەی خۆشەویستی خودایە

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرمودەی ژمارە (٥٣٢).

بڕیاری داوە بۆ ئیبراهیم (ســـەلامی خودای لێ بێـــت) لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

هەروەها وەك ئـــەوەی کە خودای گـــەورە خۆی ڕاســـتەخۆ وتوویژ و قسەی لەگەڵ موسادا کردووە، خودای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ [النســـاء: ١٦٤] واتا: خـــوای میهرەبان بۆ خۆی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ موسادا کردووە.

هەروەها ڕامهێنان و موسەخەرکردنی چیا و باڵندەکان بۆ داود (سەلامی خودای لـــێ بێت) کە لەگەڵ ئەودا تەســـبیحات و ذیکـــر و یادی خوایان دەکـــرد، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ﴾ [الأنبياء: ٧٩] واتا: کێوەکان و باڵدەنکانیشمان ملکەچ و ڕام کرد، کە هەموان لەگەڵ داوودا پێکەوە تەسبیحاتی خوا بکەن، (داود بە ئاوازو دەنگە خۆشەکەی خۆی تەسبیحاتی ئەخوێند و گشت بوونەوەریش لەگەڵیدا ئەیانوتەوە، جا ئیتر چۆن و بەچ شـــێوەیەك؟ ئێمە هەموو ملکەچی ئەو شـــتانەین کە لەقورئاندا هاتـــوون) زۆر بەتوانـــا و بەکاریش بووین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

وە نەرمکردنـــی ئاســـن بۆ داود (ســـەلامی خـــودای لـــێ بێت) وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضۡلٗاۖ يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيۡرَۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ﴾ [سبأ: ١٠] واتا: ئێمە ڕێزێك و بایەخێکی زۆرمان بەخشیوە بە داود (فەرمانمان داوە کە): ئەی کێوەکان و باڵندەکان (تەســـبیحات و ســـرودی ستایشـــی) لەگەڵدا بڵـێنەوە، هەروەها ئاسنیشمان بۆ نەرم کردووە وەکو (معجزة) یەك تا پێداویستیەکانی بە ئاسانی لێ دروست بکات... وەباوەڕ بەوەی کە خودای

گەورە هەوای بۆ سولەیمان رامهێناوە و مەسەخەری کردووە کە بەفەرمانی ئەو بێت و بچێت، وە جنۆکەکانیشـــی بۆ رامهێناوە کە لەبەردەستیدا بوون بەهەر شێوەیەك فەرمانی پێکردوون بۆیان جێبەجێ کردووە، وەك خودای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌۖ وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِۖ وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِۦۖ﴾ [سبأ: ١٢] واتا: بۆ سولەیمانیش هەوامان خستە ژێر فەرمانیەوە، بەیانیان یەك مانگە رێ دەڕۆیشت و ئێواران یەك مانگە ڕێ دەهاتەوە، کانی مسیشـــمان بۆ توانـــدەوە، لە جنۆکەکانیش هەندێکمان بۆ راهێنا کە لەبەردەستیدا کار بکەن بە مۆڵەتی پەروەردگاری.

هەروەها باوەڕبەوەی کەسولەیمان زمانی باڵندەکانی زانیوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَٰنُ دَاوُۥدَۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍۖ﴾ [النمل: ١٦] واتا: سولەیمان بووە میراتگری داوود (لە پێغەمبەرێتی و پاشـــایەتی و زانیاری دا) (ســـولەیمان) وتی ئـــەی خەلکینە فێری زمانی باڵندەکان کراوین وە لە هەموو شتێکمان پێ دراوە.

هەروەهـــا واجبە ئیمـــان و باوەڕهێنان بەشـــێوەیەکی ورد و درشـــت بەچیرۆکی ئەو پێغەمبەرانەی کە لەقورئانی پیرۆزدا باسی خۆیان و گەلەکانیان هاتووە، وە باوەڕ بەو ناکۆکی و دژایەتیەش کە لەنێوانیاندا روویداوە، لەگەڵ دڵنیابوون لەســـەرکەوتنی خودای گەورە بۆ پێغەمبەرەکانی، وەك چیرۆك و بەسەرهاتی موســـا لەگەڵ فیرعەونداو، وە چیرۆك و بەسەرهاتی ئیبراهیم لەگەڵ گەلەکەیدا، وە چیرۆك و بەسەرهاتی هەریەك لە نوح و هود و صالح و شوعەیب و لوط لەگەڵ هۆز و گەلەکانیان، وە ئەو چیرۆك و بەسەرهاتەی کە خودای گەورە بۆی گێراوینەتەوە دەربارەی یوســـف و براکانی لەگەڵ

خەڵـــکی میصردا، و چیرۆك و بەســـەرهاتی یونس لەگەڵ گەلەکەیدا، تا کۆتا چیرۆك و بەسەرهات کە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەربارەی پێغەمبەران (ســـەلامی خوایان لـــێ بێت) بۆی گێراوینەتـــەوە، وە باوەڕ بە ئەوەیشی کە لەســـوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دا هاتووە، بەباوەڕێکی ورد و موفەصەلّی بەگوێرەی ئەوەی لەدەقەکاندا هاتوون.

بەمەش باوەڕ و ئیمان بەهەردوو بەشەکەی (گشتی و ورد و درشتەوە) تەحقیق دەبێت، خودای گەورەش زانا و شارەزاترە..

## باسی چوارەم

## ئەوەی لەسەرمان پێویستە بەرامبەر بەپێغەمبەران

پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) هەق و مافی زۆر گەورەیان هەیە بەسەر ئوممەتی ئیسلامەوە، ئەو هەق و مافانەی کەخودای گەورە ناردوویەتیە خوارەوە لەقورئانی پیرۆز بۆیانی بڕیارداوە لەو پلەوپایە و شەرەف و مەنزیلەتەی کە هەیانە، شەرەف و مەنزیلەتی ئەوانیش بەگرنگی کارەکانیانەوەیە کە خودای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ گەیاندنی ئەو وەحی و سروشەی کە پێیداوون، ئەو هەق و مافانەیش بریتین لە:

١. باوەڕ بوون بەگشت پێغەمبەران و ئەوەیشی کە هێناویانە، وە باوەڕ بوون بەوەی کە لەلایەن خودای گەورەوە هاتوون، و راسپێرراون بەگەیاندنی ئەوەی کە پەروەردگاریان فەرمانی پێکردوون، وە جیاوازی نەکردن لەنێوانیاندا، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ﴾ [النساء: ٦٤] واتا: هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت، گوێڕایەڵی بکرێت بەفەرمانی خودای گەورە.. وە فەرموویەتی: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ [المائدة: ٩٢] واتا: ئەی باوەڕداران گوێڕایەڵی خودا بکەن وە گوێڕایەڵی پێغەمبەریش بکەن، و وریابن و ئاگادار بن (نەکەن سەرپێچی لە فەرمان و ڕێنموویەکانیان بکەن) جا ئەگەر پشت هەڵکەن و یاخی بن ئەوە بزانن بەڕاستی کاری پێغەمبەری ئێمە تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکراو ڕوونی پەیامەکەیە.

وەدیســـان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا *أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ﴾ [النســـاء: ١٥٠، ١٥١] واتا: بێگومـــان ئەوانەی باوەڕ بە خوداو پێغەمبـــەران ناهێنن و دەیانەوێت جیـــاوازی بکەن لە نێوان خوداو پێغەمبەرەکانیدا (گوایە باوەڕیان بەخودا هەیە بەڵام باوەڕیان بەپێغەمبەران نیە)، (یاخود) دەڵـــێن: باوەڕ دەهێنین بەهەندێک لـــە پێغەمبەران و باوەڕ بەهەندێکیـــان ناهێنیـــن و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگـــە و بەرنامەیەک بۆ خۆیان بەدەست بهێنن * ئا ئەوانە بەڕاستی بێ باوەڕی تەواون *.

لەبەر ئەوە واجبە باوەڕهێنان بەپێغەمبەران و بەڕاســـت زانینیان لەوەی کە هێناویانە لەپەیام و پێغەمبەرایەتی، ئەمەش ناوەڕۆك و ناوکرۆکی باوەڕە بەوان.

وە ئەوەیشی پێویستە بزانرێت کە دروست نییە بۆ هیچ کەسێك لە جنۆکە و ئادەمیزاد پاش هاتنی پێغەمبەری ئیسلام شوێن شەریعەت و بەرنامەی هیچ پێغەمبەرێکی تر بکەوێت جگە لە محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) چونکە ئەم پێغەمبەرە بۆ هەموو خەڵکی هاتووەبەهەموو چین و توێژەجیاجیاکانیەوە،شەریعەتەکەی ســـەرەوەو ناســـخی شـــەریعەتی هەموو پێغەمبەرەکانی ترە، هیچ ئاینێك دروست نییە شوێنی بکەویت ئەو ئاینەی ئەو نەبێت، خودای گەورەیش لەم بارەیەوەفەرموویەتی:﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ [آل عمـــران: ٨٥] واتا: هەرکەســـێ بێجگە لەبەرنامەو شـــەریعەتی ئیســـلام هەردینێك بۆ خـــۆی هەڵبژێرێ و بیکا بەبەرنامـــەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێت، ولەدوارۆژیشدا لەڕیزی خەسارۆمەندانە. وە لەجێگایەکی

تــــردا دەفەرموویێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ [ســبأ: ٢٨] واتا: ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد ئەی موحەممەد! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە بۆ تەواوی خەڵکانی جیهان، ببیتە موژدەدەر و ترسێنەر، بەڵام زۆربەی خەڵکی بێ ئاگان و نازانن، وە دەفەرموویێت: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا﴾ [الأعراف: ١٥٨] واتا: ئەی پێغەمبەر! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: ئەی خەڵــکینە، چاك بزانن کە من پەیامبەر و نێردراوی خودام بۆلای سەرجەم ئێوە.

٢. پشتگیری و خۆشەویســتنی هەر هەموویان، وە هۆشیاربوون لەڕق لێ نەبوون و دژایەتی نەکردنیان.

خودای گــەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ﴾ [المائــدة: ٥٦] واتا: هەرکەســێکیش دۆســتایەتی لەگەڵ خوداو پەیامبەری خوداو ئەوانە بکات کــە بڕوایان هێناوە، بێگومان هەر کۆمەڵی خودا زاڵ و ســەرکەوتوون، وە دەفەرموویێت: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ﴾ [التوبــة: ٧١] واتــا: پیــاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆســت و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن لە گشت خۆشیی و ناخۆشیەکدا.

خودای گــەورە لە ئایەتی دووەمدا وەصفی باوەڕدارانی وا کردووە کە هەموویان پاڵپشــت و دۆســتی یەکترن، بێگومان پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێ بێت) داخڵی ئەم ئایەتە دەبن، چونکە ئەوان کاملترین باوەڕیان هەیە، جا بۆیە خۆشەویستی ئەوان و پشتگیری کردنیان گەورەترە لە پاڵپشتی و خۆشەویســتی نێوان باوەڕداران، ئەویش لەبەر ئەو بەرزی پلەوپایەیەی کەخودای گــەورە بۆی بڕیارداون لەنــاو مەخلوقاتەکانی خۆیدا، وەلەبەر

بــەرزی و بەهێزی باوەڕەکەیان، هەر لەبەر ئەمە خودای گەورە خەڵــکی هۆشــیار کردوەتــەوە لەدوژمنایەتی نەکردنیان، بۆیــە دوژمنایەتی کردنی پێغەمبەرانی خســتوەتە ریزی دوژمنایەتی کردنی خودا و فریشــتەکانەوە، وە لەکۆتاییشــدا ســزای هەموویان پێکەوە باس کردووە، لەم بارەیەشەوە خودای گــەورە فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبۡرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلۡكَٰفِرِينَ﴾ [البقرة: ٩٨] واتا: ئەو کەسەی دوژمن بێت بەخوداو فریشــتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبــەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خودای گەورە دوژمنی کافر و بێ باوەڕانە.

٣. بــاوەڕ بەوەی کەســەرجەم پێغەمبەران (ســەلامی خوایــان لێ بێت) چاکتر و باشــترن لەتەواوی خەڵــکی، وە هیچ کەسێك ناگاتە پلەوپایەی پێغەمبەران هەرچەند خواناس و چاکەخوازیش بێت، چونکە پەیامبەرێتی و پەیامی پێغەمبەران هەڵبژاردەی ویســتی خوای گەورەیە وکەس بەهەوڵ و تێکۆشــانی خۆی ناگاتە ئــەو پلەوپایە و شــەرەفە، هەروەکی خودای گــەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾ [الحـــج: ٧٥] واتا: هەر خودا بە ویســتی خۆی لە فریشــتەکان و لەخەڵکیش پەیامبەر هەڵدەبژێرێت، بەڕاستی خودا بیسەر و بینایە (چاك دەزانێت کێ هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی)، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ﴾ [الأنعام:٨٣] واتا: ئەو (بەڵگانە) بەڵگەی ئێمە بوون کە دابوومان بە ئیبراهیم لە بەرانبەر گەلەکەیەوە هەر کەســێك بمانەوێت پلە و پایەی بەرز دەکەینەوە... بەم شــێوەیە کاتێك خودای گەورە لەچەند ئایەتێکدا باســی کۆمەڵــێك لەپێغەمبەران دەکات

ئەمجا لەکۆتاییەوە دەفەرمووێت: ﴿وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ [الأنعام: ٨٦] واتا: هەریەکە لەوانیشمان ڕێزدارکرد بەسەر هەموو خەڵکیدا.... پێشتریش و لەلێکۆڵینەوەی یەکەم لەم بەشەدا ئەم مەسئەلەیەمان باسکردووە.

فەرموودەکانی پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پلەوپایەی پێغەمبەران هیچ کەسێك لەدروستکراوەکانی خودا پێی ناگات، بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی:

«لا ينبغي لعبد أن يقول: أنا خير من يونس بن متى»[(١)] واتا: دروست نییە بۆ بەندەیەك بڵێ: من لەیونسی کوڕی مەتا باشترم، وە لەفەرموودەیکی تردا بوخاری ڕیوایەتی کردووە، هاتووە: «من قال أنا خير من يونس بن متى فقد كذب»[(٢)] واتا: هەرکەس وتی: من لە یونسی کوڕی مەتا باشترم ئەوە بێگومان درۆی کردووە.... هەندێك لە ڕاڤەکەرانی فەرموودە ئەڵێن: ئەم فەرموودەیە سەرکۆنەیە بۆ ئەو کەسە نەزانانەی کە وا گومان ببات وبیەوێت لەنرخ و پلەوپایەی یونس کەم بکاتەوە لەبەر ئەو چیرۆکەی کەلە قورئاندا لەبارەی ئەوەوە هاتووە «وە زانایان روونیان کردوەتەوە کە»ئەوەی بەسەر یونس پێغەمبەردا هاتووە بەئەندازەی تۆزقاڵێکیش لە پێغەمبەرایەتی ئەو کەم ناکاتەوە، خودای گەورە بەتایبەتی باسی یونسی کردووە (سەلامی خودای لێ بێت) کاتێك کە چیرۆکەکەی لە قورئاندا هێناوە، وەك

(١) بوخاری – أحاديث الأنبياء – (٣٢١٥)، وە موسلیم – الفضائل – (٢٣٧٧)، وە ئەبو داود – السنة– (٤٦٦٩)، وە موسنەدی ئەحمەد (١/ ٣٤٢).

(٢) بوخاری – تفسير القرآن – (٤٣٢٨)، وە موسلیم – الفضائل – (٢٣٧٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٤٦٨).

فەرموویەتی ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ * فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٧، ٨٨] واتا: یادی (ذو النون) یش بکەرەوە (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێک بە توڕەییەوە ڕۆیشت، گومانی وابوو کە هەرگیز دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە (بەڵام بە پێچەوانەی گومانەکەیەوە خودا خستیە ناو سکی نەهەنگەوە) جا لەناو تاریکایەکاندا، (تاریکایی شەو و دەریا و ناوسکی نەهەنگەکەدا) هاوار و نزای لێ بەرز بۆوەو وتی: پەروەردگارا هیچ خودایەک نیە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم (کاتێک بە بێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت) * ئێمەش نزا و هاواری ئەومان گیراکرد و لەو غەم و خەفەتە رزگارمان کرد هەرواش ئیمانداران رزگار دەکەین*.

وە لەئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ [الصافات: ١٣٩] واتە: وە بەڕاستی یونس (پێغەمبەرێك بوو) لە پێغەمبەران.

٤. باوەڕ بەوەی کە پێغەمبەران هەندێکیان فەزڵیان هەیە بەسەر هەندێکی تر لەپێغەمبەراندا، وە هەر هەموویان لەیەك پلەدا نین بەڵکو خودای گەورە فەزڵی هەندێکیان داوە بەسەر هەندێکی تردا، وەك فەرموویەتی: ﴿تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۘ مِّنۡهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُۖ وَرَفَعَ بَعۡضَهُمۡ دَرَجَٰتٖۚ﴾ [البقرة: ٢٥٣] واتا: ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکران فەزڵی هەندێکمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، هی وایانە هەیە کە خودای گەورە خۆی قسەی لەگەڵ کردووە، وە هەندێکیشیانی چەند پلە بەرزکردوەتەوە.

طەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: «خودای گەورە لەم ئایەتەدا

ئەفەرمووێت: ئەمانە پێغەمبەرەکانی منن، ڕێزی هەندێکیانم داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، قسەم لەگەڵ هەندێکیان کردووە، وەك موسا (سەلامی خودای لەسەر بێت)، وە پلەو پایەی هەندێکیانم بەسەر هەندێکی تریاندا بە کەرامەت و مەنزلەتی بەرز کردەوەتەوە»پێدانی ئەو پلەوپایە تایبەتەی کە خودای گەورە دیاری کردووە بۆ هەریەکەیان بەپێی ئەو کۆمەڵە دەقەی لەقورئان و سوننەتدا هاتووە مافێکە بەسەر هەموو ئوممەتی ئیسلامەوە.

٥. سەلام و صەڵاواتدان لەسەریان، خودای گەورە فەرمانی کردووە بەخەڵکی کە سەلام و صەڵاوات بدەن لەسەر پێغەمبەران، وە پەروەردگار هەواڵی بەوە داوە کەوەصف و پەنای پێغەمبەران لەسەر زمانیان بێتولەپاش خۆیان ئومەتی ئیسلام سەلامیان بۆ بنێرن، خودای گەورە لەبارەی نوحەوە (سەلامی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ۞ سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٖ فِي ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ [الصافات: ٧٨، ٧٩] واتا: لە گەلانی تری داهاتوویشدا سەناو ناوبانگی چاکمان بۆ هێشتەوە تارۆژی قیامەت * سڵاو لەسەر نوح لە لایەن سەرجەم ئیماندارانەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا * وە لەبارەی ئیبراهیمیشەوە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ۞ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ [الصافات: ١٠٨، ١٠٩] واتا: لە گەلانی تری داهاتوویشدا سەنا و ناوبانگی چاکمان بۆ هێشتەوە تارۆژی قیامەت * سڵاو و درودی نەبڕاوە بۆ سەر ئیبراهیم *.

وە خودای گەورە لەبارەی موسا و هارونەوە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِمَا فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ۞ سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ [الصافات: ١١٩، ١٢٠] واتا: لە گەلانی تری داهاتوویشدا سەناو ناوبانگی چاکمان بۆ هێشتەوە تارۆژی

قیامـــەت ﷺ ســـلاو و درود و ڕێز لەســـەر موســـا و هـــاروون (لە لایەن پەروەردگاری مەزن و بەڕێزەوە)ﷺ.

خودای گەورە لەبارەی هەموو پێغەمبەرانیشـــەوە فەرموویەتی: ﴿وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ [الصافات: ١٨١] واتا: سلاو درودیش لەسەر هەموو پێغەمبەران و سەرجەم فرستادەکانی خودا.

ابن کثیر ئەڵـێت: «کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٍ فِى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ [الصافـات: ٧٩] واتا: تەفســـیری ئەوە دەکات کە وەصـــف و پەنای جوانی بۆ دەمێنێتەوە بەوەی هەموو خەڵـك دەستەو تاقمێك سەلامی بۆ دەنێرن» ئیمامی نەوەویش کۆدەنگی زانایانی باســـکردووە لەبارەی دروستی صەلاوات دان لەسەر هەموو پێغەمبەران و ســـوونەتی ئەو کارە، وە وتویەتی: «أجمعوا على الصـــلاة على نبينا محمد (ﷺ) وكذلك أجمع من يعتد به على جوازها على سائر الانبياء والملائكة استقلالا وأما غير الانبياء فالجمهور على أنه لا يصلي عليهم ابتداء» واتا: زانایان کۆدەنگن لەسەر صەلاواتدان لەسەر پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) و هەروەها کۆدەنگن لەســـەر صەلاواتدانیش لەسەر هەمـــوو پێغەمبەرانی تر و فریشـــتەکانیش بەســـەربەخۆیی، بـــەڵام جگە لە پێغەمبەران زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن کە صەلاواتیان لەسەر نادرێت.

ئەمەی باسمانکرد کۆمەڵـــێك هەق و مافی پێغەمبەران بوو لەسەر ئەم ئوممەتە، کە دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵـگە بوون لەسەری و زانایانیش دانیان پێداناوە... خودای گەورەش زانا و شارەزاترە.

## باسی پێنجەم

## پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەزیمەتە بەرزەکان

أولو العزم: ئەو پێغەمبەرانەن کەخــاوەن ورە و عەزیمەت و خۆڕاگری بوون، خــودای گــەورە ئەفەرموویێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾ [الأحقــاف: ٣٥] واتــا: جا ئارامــت ببــێ و خۆڕاگر بە ئــەی موحەممەد! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەروەکــو پەیامبەرە خاوەن ورە و عەزمــەکان خۆیانیان ڕاگرت لەبەردەم ئەو هەموو ئەزیەت و ئەشکەنجەدانەدا.

زانایان ڕایان جیاوازە لەبارەی پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەزیمەتەکانەوە، هەندێك وتویانە: مەبەســت لێیان هەموو پێغەمبەرانە، وە وشەی (مِنْ) کە لەئایەتەکەدا هاتووە: ﴿مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾ مەبەســت پێی (بەیانی جنســە) نەك بۆ (تبعیــض) هەندێك لە پێغەمبەران بێت، ابن زید وتویەتی: «مەبەســت پێی هەمــوو پێغەمبەرانە، هەر هەموویان خــاوەن ورە و عەزیمەت و خۆڕاگر بــوون، خودای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی نەنــاردووە جگە لەوەی خاوەن ورە و عەزیمەت و رای خۆیان و ژیری و عەقڵێکی کامڵ و تەواو بوون».

وەهەندێکی تــر وتویانە: ئــەو پێغەمبــەرە خــاوەن ورە و عەزیمەت و خۆڕاگرانــە پێنج پێغەمبەرن، ئەوانیش نوح و ئیبراهیم و موســا و عیســا و محمدن (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، ابن عباســیش دەڵــێت: پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەیزمەت و خۆڕاگرەکان: محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و نوح و ئیبراهیم و موسا و عیســا بوون»ئەمەش ڕای هەر یەك لە موجاهد و عەطاء و خۆراسانیە، وە زۆرێك لە زانایانی دواینیش هەر ئەم ڕایەیان پەسەند کردووە.

خودای گەورە ئەو پێنج پیغەمبەرەی لـــەدوو جێگای قورئانی پیرۆزدا بەیەکـــەوە باســـکردووە، زانایانـــی رای دووەمیـــش ئـــەم دوو ئایەتەیان کردووە بەبەڵـــگە بۆ ڕاکەیان، یەکەمیان سورەتی ئەحزابە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا﴾[الأحزاب:٧]واتا: ئەی موحەممەد(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بیریان بخەرەوە کاتێ کە پەیمانمان وەرگرت لە پێغەمبەران هەروەها لە تۆ و نووح و ئیبراهیم و موسا و عیسای کوڕی مەریەم وە لە هەموویان پەیمانی بەهێز و پتەومان وەرگرت.

جێگای دووەمیش ســـورەتی شـــورایە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ﴾ [الشورى: ١٣] واتا: هەر ئەو دین و ئایینەی بە (نووح وئیبراهیم و موســـا و عیسا) مان ســـپارد، کردمانە دین و ئایین بۆ ئێوەش(ئەی ئوممەتی ئیسلام!) واتا: پێغەمبەران هەموو یەك ئامانج و یەك مەبەســـتیان بووە، یەك دین و یەك بیروباوەڕیـــان بووە، ئەگەرچی هێندێك جیاوازییان هەبووبێ لەشەریعەت و بەرنامەیاندا.

هەندێـــك لەڕاڤەکەرانی قورئانی پیرۆز وتویانە: کاتێك خودای گەورە بەتایبەت ئەم پێنج پێغەمبەرەی باسکردووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەرەف و فـــەزڵ و ڕێـــزی زیاتریان هەیە، لەبەر ئـــەوەی ئـــەم پێغەمبەرانە خاوەن شەریعەتی ناوبانگی خۆیان بوون، وە لەپێغەمبەرە خاوەن ورە وعەزیمەت خۆڕاگرەکان بوون.

ئـــەو پێنج پێغەمبـــەرە ئەفزەڵتریـــن و بەڕێزتریـــن پیغەمبەرانی خوادن

و هەڵبژێراوی نـــاو نەوەکانی ئادەمن، ئەبوو هورەیـــرە (خودای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: «خيار ولد آدم خمســـة نوح وإبراهيم وعيســـى وموســـى ومحمـــد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وخيرهم محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وصلى الله وســـلم عليهم أجمعيـــن»[1] واتا: باشـــترین و هەڵبژێردراوی نـــاو نەوەکانی ئادەم پێنجن، نوح وئیبراهیم و عیسا و موسا و محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وباشترینی ئەمانەیش موحەممەدە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صەڵات و سەلامی خودای گەورە لەسەر هەموویان بێت.

وە باشـــترینی ناو ئەم پێنج پێغەمبەرەیش محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەك لە صەحیحی بوخاریدا هاتـــووە، ئەبوهورەیرە (خودای لـــێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە،کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أنا ســـيد ولد آدم يوم القيامة وأول من ينشق عنـــه القبر وأول شافـع وأول مشفع»[2] واتا: من گەورە وســـەیدی نەوەکانی ئادەمم لەڕۆژی دواییدا، وە یەکەم کەسێکم کە گۆڕی بۆ لەت دەکرێت و (دێتە دەرەوە لەگۆڕەکەی) وە یەکەم کەسێکم کە شەفاعەت دەکات و زۆریش شەفاعەت دەکات.

(١) بەزار تەخریجی کردووە لە: (كشف الأستار) (٣ / ١١٤) هەیثەمی لە: (المجمع) (٨/ ٢٥) وە ووتویەتی پیاوانی ئەم فەرموودەی پیاوانێکی صەحیحن، وە ئەلحاکم ڕیوایەتی کردووە و ووتویەتی سەنەدەکی سەنەدێکی صەحیحە، و ئیمامی ذەهەبیش هاوایەتی، وە موستەدرەکی ئەلحاکم: (٢/ ٥٤٦).

(٢) موسلیم – الفضائل – (٢٢٧٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٥٤٠).

## باسی شەشەم

## تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرمان محمد ( صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ ) و مافەکانی بەسەر ئوممەتەکەیەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بینینی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا هەقە

یەکـــەم: تایبەتمەندیەکانـــی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ).خـــودای گەورە پێغەمبەری ئازیزمانی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) تایبەتمەندکردووەبەکۆمەڵێ تایبەتمەندی و مەناقبێکی زۆرەوە، کە فەزڵی پێداوە بەسەر هەموو پێغەمبەرانی تر و تەواوی خەڵـکانی ڕووی سەر زەوی، هەندێك لەو تایبەتمەندیانەیش بریتین لە:

١. گشـــتگیری پەیامەکـــەی کە بۆ هەمـــوو جیهـــان نێـــردراوە بەجنۆکە وئادەمیزادەوە،بەشێوەیەك دروست نییەبۆیان شوێن هیچ پەیام و شەریعەتێکی تربکەون غەیری پەیام و شەریعەتەکەی ئەو، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ [ســبأ: ٢٨] واتا: ئێمـــە بۆیە تۆمان نارد ئەی موحەممەد! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە بۆ تەواوی خەڵـکانی جیهان، ببیتە موژدەدەر و ترســێنەر، وە فەرموویەتی: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾ [الفرقـان:١] واتا: بەرز و پیـــرۆز و پاک و بڵندە ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خـــۆی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) تا ببێتە هۆشـــیار کـــەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا ، ابن عباس (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەڵـێت: مەبەست لە (العالمين) جنۆکە و ئادەمیزادە.

وە ئەبوهورەیـــرە (خودای لـــێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتـــەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «فضلت علـــى الأنبياء بست: أعطيت جوامع

الكلم، ونصرت بالرعب، وأحلـت لي الغنائم، وجعلت لي الأرض طهورًا ومسجدًا، وأرســلت إلى الخلق كافة، وختــم بي النبيون»[(١)] واتا: فەزلَم دراوە بەســەر پێغەمبەرانی تردا بەشەش شت: خودای گەورە ئەوەی پێداوم کە کۆمەڵێك مانا و واتای زۆر بە چەند وشــەیەکی کەم دەربېڕم، وە ترسی منی خستوەتە دڵــی دوژمنەکانم بەوەش خودای گەورە ســەری خســتوم، وە غەنیمەم بۆ حــەڵاڵ کراوە، وە هەموو زەویم بۆ کراوە بــە پاکۆکەر و مزگەوت، وە نێردراوم بۆ هەموو خەڵکی، وە بەمن کۆتایی هێنرا بە پێغەمبەرایەتی.

ئیمامــی موســلیم لەصەحیحەکەیــدا، تەخریجی کــردووە لە ئەبو هورەیــرەوە (خودای لــێ ڕازی بێــت) ڕیوایەتی کردووە کــە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «والذي نفس محمد بيده لا يسمع بي أحد مــن هذه الأمــة يهودي ولا نصراني، ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كـان مـن أصحاب النار»[(٢)] واتا: سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە هەر کەسێك هەواڵی منی بیســتبێت لەم ئومەتە جولەکە بێت یان گاور، و پاشان بمرێت و باوەڕ نەهێنێت بەوەی منی بۆ نێرراوە، ئەوە دەبێتە هاوەڵی دۆزەخ.

٢. کۆتاهێنەرە بــە پێغەمبەرایەتی (خاتم الانبياء) ــــە هــەروەك دەقەکانی قورئان و سونەت بەڵــگەن لەســەر ئەمە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ﴾ [الأحــزاب: ٤٠] واتا: موحەممەد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) باوکی هیچ پیاوێکتان نییە، بەڵکو ئەو پەیامبەری خوایەو دواهەمینی پەیامبەرانە.

(١) موسلیم - المساجد ومواضع الصلاة - (٥٢٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٤١٢).

(٢) موسلیم - الإيمان - (١٥٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٣٥٠).

بوخاری و مسلیم لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن مثلي ومثل الأنبياء من قبلي كمثل رجل بنى بيتًا فأحسنه وأجمله، إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون به ويعجبون له ويقولون: هلا وضعت هذه اللبنة؟ قال: فأنا اللبنة وأنا خاتم النبيين»[1] واتا: نموونەی من و نمونەی پێغەمبەران وەك نمونەی ئەو پیاوە وایە کە خانوویەکی دروست کردبێت زۆر بەجوانی و ڕێکوپێکی بەڵام تاقە خشتێکی کەم بێت، خەڵکیش بێن بەدەوری ئەم خانووە جوانەدا بسوڕێنەوە وسەریان لەجوانیەکی سوڕ بمێنیت و ئەڵێن: ئای ئەگەر ئەو تاقە خشتەیشیان دابنایە چەندە جوان دەبوو؟ ئەمجا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: من ئەو تاقە خشتەم و من کۆتا پێغەمبەرم.

لەبەر ئەم دەقانە وچەندان دەقی تریش، زانایانی ئوممەتی ئیسلام لەکۆن و نوێدا کۆدەنگ بوون لەسەر ئەم بیروباوەڕە، هەروەها کۆدەنگیش بوون لەسەر ئەوەی هەرکەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات بێباوەر دەبێت، و واجبە بیشکوژرێت ئەگەر سوور بیت لەسەر بانگەشەکەی، ئالوسی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: «قورئانی پیرۆز باسی ئەوەی کردووە کە موحەمەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کۆتا پێغەمبەرە، و سونەتی پێغەمبەریش یەکلای کردوەتەوە، و ئوممەتی ئیسلامیش کۆدەنگە لەسەری، وەهەرکەسیش بەپێچەوانەی ئەمەوە بانگەشە بکات، بێ باوەڕ دەبێت و ئەگەر سووریش بێت لەسەر بانگەشەکەی ئەوە دەکوژرێت.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٥٣٥)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٨٦) لەفظەکەش لەفظی بوخاریە.

٣. خودای پەروەردگار بە گەورەترین موعجیزە پاڵپشتی کردووە و نیشانە زۆر مەزنەکەشـــی ئاشـــکرا کردووە کە قورئانی پیـــرۆزە، گوفتار و وتەی خودای گـــەورە پارێزراوە لە هەموو دەســـتکاری و گۆڕینێـــك، وە هەر دەیشمێـنێـــتەوە لەناو ئوممەتدا تا ئەو کاتەی کە بەمۆڵەت و ئیزنی خودای گەورە بەرز دەکرێتەوە بۆلای خۆی، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا﴾ [الإســـراء: ٨٨] واتا: ئەی (موحەممەد) (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بڵێ سوێند بەخودا ئەگەر ئادەمی و جنۆکەش هەمـــوو کۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن وێنەی ئەو بێـنن هەرچەندە پشتیوانی یەکتریش بن.

وە دیسان فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ [العنكبوت: ٥١] واتا: ئایا بەس نیە بۆیان کە بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بێـــگومان ئا لەو قورئانەدا ڕەحمـــەت و یادەوەری ئاشـــکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان دەهێنن.

لەهەردوو صەحیحەکەشـــدا هاتووە لەفەرمودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خـــودای لـــێ ڕازی بێـــت) دەگێڕێتـــەوە کە پیغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: «ما من الأنبياء نبـــي إلا أعطي من الآيات ما مثله آمـــن عليه البشر، وإنما كان الذي أوتيته وحيا أوحاه الله إلي، فأرجو أن أكـــون أكثرهم تابعا يوم القيامة»[1] واتا: هیـــچ پێغەمبەرێك نییە لەپێغەمبەران ئیلا خودای گەورە چەند نیشانە و موعجیزەیەکی پێداون کە نموونەی ئەوانە لەتوانا و قودرەتی

(١) بوخاری - فضائل القرآن - (٤٦٩٦)، وە موسلیم - الإيمان - (١٥٢)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/٤٥١).

ئادەمیـــزاددا نییە، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان بیان بینن و باوەڕیان پێ بکەن، موعجیزەی منیش خـــۆی لەو وەحیـــەدا دەبینێتەوە کە بـــۆم هاتووە (واتا موعجیزەی منیش قورئانە) منیش ئومێد و تکام وایە لای خودای گەورە کە شوێنکەوتوانم لەشوێنکەوتوانی هەموویان زیاتر بێـت.

٤. ئوممەتەکەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باشـــترین و خەیرترین ئوممەت و زۆرترین خەڵـکی بەهەشتن، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ [آل عمـــران: ١١٠] واتا: ئێوە چاکتریـــن ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم ســـەر زەوییە بۆ کەڵـــك گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان، بۆیە فەرمان بەچاکە دەدەن و، ڕێ لەکاری خراپەو شیرك دەگرن و باوەڕیشتان بەخودا هەیە.

موعاویەی کـــوڕی حیدەی قوشـــەیری (خـــودای لـــێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە گوێی لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو لەبارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ [آل عمـــران: ١١٠] فەرموویەتـــی: «إنكم تتمون سبعين أمـة أنتـم خيرها وأكرمها على الله»[١] واتا: بێگومان ئێوە حەفتاهەمین ئوممەتن و ئێوە باشترین و بەڕێزترینیانن لای خودای گەورە.

لەصەحیحـــی بوخـــاری موســـلیمدا ریوایەتکـــراوە لـــە عبدالله ی کوڕی مەســـعودەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵـــێت لەگـــەڵ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا بووین فەرمووی: «أترضون أن تكونوا ربع أهل الجنـــة. قلنا: نعم. قال: أترضون أن تكونوا ثلث أهل الجنة. قلنـــا نعم. قـال: أترضون أن

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٤/ ٤٤٧)، وەتیرموذی: (٥/ ٢٢٦)، بەفەرموودەی ژمارە (٣٠٠١) وەووتویەتی فەرموودەیەکی حەسەنە، وئەلحاکمیش بەفەرموودەیەکی صەحیحی داناوە وئیمامی ذەهەبیش هاوڕایەتی.

تكونوا شطر أهل الجنة. قلنا: نعم. قال: والذي نفس محمـــد بيده إني لأرجو أن تكونوا نصف أهل الجنة وذلك أن الجنة لا يدخلـــها إلا نفس مسلمة وما أنتم في أهل الشرك إلا كالشعرة البيضاء في جلـــد الثور الأسود، أو كالشعرة السوداء في جلد الثور الأحمر»[١] واتا: ئایا ڕازی دەبن کە چواریەکی ئەهلی بەهەشت بن، وتمان: بەڵێ، فەرمووی: ئایا ڕازی دەبن کە ســێیەکی ئەهلی بەهەشت بن، وتمان بەڵێ، فەرمووی: ئایا ڕازی دەبن نیوەی ئەهلی بەهەشـــت بن، وتمان: بەڵێ، فەرمووی: ســـوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بەدەستە من ئومێد دەکەم کە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن، چونکە ئەوەی موسڵمان نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە، وە ئێوەیش بەبەراورد کردن لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردەراندا بۆ خودای گەورە وەك تاڵە مویەکی سپی وان بەسەر پێستی گایەکی ڕەشەوە یان وەك تاڵە مویەکی ڕەش وان بەسەر پێستی گایەکی سوورەوە.

٥. باوەڕ بـــەوەی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گەورەی نەوەکانـــی ئادەمە لەڕۆژی دواییـــدا، ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێـــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أنا ســـيد ولد آدم يـــوم القيامة وأول من ينشق عنه القبر وأول شـــافع وأول مشـــفع»[٢] واتا: من گەورە و سەیدی نەوەکانی ئادەمم لەڕۆژی دواییدا، وە یەکەم کەســێکم کە گۆڕی بۆ لەت دەکرێت و (دێتە دەرەوە لەگۆڕەکەی) وە یەکەم کەســێکم کە شـــەفاعەت دەکات و زۆریش شەفاعەت دەکات.

٦. پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خاوەنی شەفاعەتی گەورەیە، ئەویش کاتێك کە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرمودەی ژمارە(٦٥٢٨)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرمودەی ژمارە(٢٢١).

(٢) موسلیم – الفضائل – (٢٢٧٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٥٤٠).

شەفاعەت دەكات بۆ ئەو خەڵكەی كە راوەستاوون وچاوەڕێی موحاسەبە و قەزاوەتـــی خودای گەورە دەكەن، دوای ئـــەوەی كە دەچنە لای هەموو پێغەمبەران و دەســـت دەنێن بەڕوویانەوە، بەڵام باشـــترین و شایستەترین پێغەمبەر محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دێت بەدەمیانەوە وبەو (المقام المحمود) ەی كە خوای گەورە پێی بەخشیوە شەفاعەتی گەورە دەكات، وەك لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێكـــراوە، وەك فەرموویەتی: ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا﴾ [الإسراء: ٧٩] واتا: بەو ئومێدەی كە خودای گەورە بتكات بە شەفاعەتكاری خەڵكی لەڕۆژی دواییدا، بۆ ئەوەی خودای گەورە میهرەبانی و رەحمیان پێ بكات لەو حاڵەی كە تێیدان.

كۆمەڵێـك لەهاوەڵە بەرێزەكان و تابعینیش تەفسیری (المقام المحمود) یان بە شەفاعەتی گەورە كردووە، لەوانەیش هەر یەك لە حوذەیفەی كوڕی یەمان و ســـەلمان و ئەنەس و ئەبوهورەیرە و ابن مەســـعود جابری كوڕی عبداللـــە و ابن عباس و موجاهد و قەتادە ئەم تەفســـیرەیان كردووە، قەتادە ئەڵـــێت: «زانایان پێیان وایە كە (المقام المحمود) ئەو شەفاعەتە گەورەیەیە كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەڕۆژی دواییدا دەیكات، سوننەتیش تەئكید لەمە دەكاتەوە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە شەفاعەتی.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ خەڵكی راوەستاوی گۆڕەپانی مەحشەر ئەو (المقام المحمود) ەیە كە باســـمانكرد، هەروەك لە فەرموودە درێژەكەی شـــەفاعەتدا هاتووە، كـــە بوخاری و موســـلیم ریوایەتیان كـــردووە، لەو فەرموودەیەی كە ئەبوهورەیـــرە (خودای لێ رازی بێـــت) گێڕاویەتیەوە، كە خەڵـــكی دەچنە لای ئادەم ئەویـــش رەدیان دەكاتـــەوە و عوذریان بۆ

دێنێتەوە، پاشـــان دەچنە لای هەریەك لە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و، هەر هەموویان عوذر دێننەوە، تا ئەو جێگایەی کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموویێت: «فيأتونني فأنطلق، فأســتأذن على ربي فيؤذن لي عليه، فإذا رأيت ربي وقعت له ساجدا فـيدعني ما شاء الله أن يدعني، ثم يقال لي: ارفع محمد، قل يسـمع، وســـل تعطه، واشفع تشفع فأحمد ربي بمحامد علمنيها ثم أشفع»[(١)] واتا: پاشان خەڵـکی دین بۆ لای من و منیش دەڕۆم و مۆڵەت لە خودای گەورە وەردەگــرم و مۆڵەتم دەدرێت، جا کە خودای گەورە دەبینم ســوژدەی بۆ دەبەم و پاشـــان بانگم لێ دەکرێت تا ئەو کاتەی کە خودای گەورە ویستی لەســەر دەبێت، دواتر پێم دەوترێت: بەرز ببەرەوە ئەی محمد»بڵێ گوێت لێ دەگیرێت، داوا بکە پێت دەدرێت، شــەفاعەتیش بکە شــەفاعەتت لێ وەردەگیرێت، ئەمجا بەو ســوپاس و ستایشـــەی کە خودای گەورە فێری کردووم سوپاسی خوا دەکەم و پاشان شەفاعەت دەکەم...

٧. بــاوەڕ بەوەی کــە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) خاوەنی بەیــداخ و لیوای حەمدە ئەو بەیداخ و لیوایەی کە هەڵـگرتنی تایبەتە بە محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ەوە لەڕۆژی دواییدا، وە خەڵـــکیش هەمووی شوێن ئەو دەکەون و لەژێر ئەو بەیداخەدا دەبن کە تایبەت بەوەوە، چونکە ئەو بەو ســوپاس وحەمدە سوپاسی خودای گەورەی کردووە کە هیچ کەسێك پێش ئەو نەیکردووە، ئەمەش هەندێك لەزانایان باســیان کردووە، سوننەتیش بەڵـــگەیە لەسەر ئەم تایبەتمەندیە پــڕ فەزڵە گەورەیـــەی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئەبو ســەعیدی خودری (خودای لێ رازی بێــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر

---

(١) بوخاری – التوحید – (٦٩٧٥)، وە موسلیم – الإیمان – (١٩٣)، وە ئیبن ماجە – الزهد – (٤٣١٢)، وە موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١١٦)، وە دارەمی – المقدمە – (٥٢).

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أنـــا ســـيد ولد آدم يوم القيامـــة، وبيدي لواء الحمد ولا فـــخر، وما من نبي يومئـــذ آدم فمن سواه، إلا تحت لوائي، وأنا أول مـن تنشـق عنـــه الأرض ولا فخر»[١] واتا: من گەورە و سەرداری نەوەکانی ئادەمم لەڕۆژی دواییدا، وە بەیداخی حەمدم بەدەستەوەیە بەفەخر نەبێت، وە لەو ڕۆژەدا هەموو پێغەمبەران ئـــادەم و غەیری ئەویش هەر هەموویان لەژێر بەیداخ و لیواکەی منداں، وە منیش بەفەخـر نەبێت یەکەم کەسێکم کـــە زەویم بۆ لەت دەکرێت (دێمە دەرەوە لەگۆڕ).

٨. بـــاوەڕ بـــەوەی کـــە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) خاوەنی (الوســـيلة) یە ئەویش ئەو دەرەجە و پلە بەرزەیە کە خودای گەورە پێی دەدات لەبەهەشتدا، ئەمەش تایبەتە بە تاکە عەبدێکی خوداوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ـــە، کەبەرزترین و بڵندترین پلەکانی بەهەشتە، عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (خودایان لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ی بیستووە کە دەیفەرموو: «إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثل ما يقـول ثم صلوا علي، فإنه من صلى علي صلاة صلى عليه الله بها عشـــرا، ثم ســـلوا الله لي الوســـيلة، فإنها منـزلة في الجنة لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله، وأرجو أن أكون أنا هو فمن ســـأل لي الوسيلة حلت له الشفاعة»[٢] واتا: ئەگەر گوێتان لەبانگدەر بوو ئەوا ئەو چی دەڵێت ئێوەش وەك بیڵـــێنەوە، پاشـــان صەڵاوات بدەن لەسەرم، چونکە هەرکەسێك صەڵاواتێك لەســـەر من بدات خودای گەورە دەجار

(١) تیرموذی تەخریجی کردووە و ووتویەتی: ئەم فەرموودە فەرموودەیەکی حەسن وصەحیحە، سونەنی تیرموذی (٥/ ٥٨٧) بەفەرموودەی ژمارە (٣٦١٥)، وە موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٣/ ٢).

(٢) موسلیم – الصلاة – (٣٨٤)، وە تیرموذی – المناقب – (٣٦١٤)، وە ئەلنەسائی – الأذان – (٦٧٨)، وە ئەبو داود – الصلاة – (٥٢٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ١٦٨).

صەڵاوات لەسەر ئەو دەدات، ئەمجا لای خودای گەورە داوای (الوسیلة) م بۆ بکەن، ئەوە پلە و پایەیەکە لەبەهەشتدا نادرێت بەهیچ کەس بە بەندەیەك لەبەندەکانی خـــودا نەبێت، منیش ئومێدم وایە ئـــەو بەندەیە من بم کە ئەو پلەیەی دەدرێتێ، هەرکـــەسێك داوای (الوسیلة) م بۆ بکـــات شەفاعەتی منی بۆ دەستەبەر دەبێت.

ئەمانـــە و چەندان تایبەتمەندی تـــر کە تایبەتە بـــە پێغەمبەری خوداوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بەڵـــگەن لەســـەر بەرزی پلە و پایەی خۆشەویستمان محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دونیا و دوارۆژدا.

**دووەم:** مافەکانـــی پێغەمبـــەری خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەســـەر ئوممەتەکەیەوە زۆر زۆرن و پێشتر هەندێکیانمان باسکردن لەچوار چێوەی ئەو ماف و ئەرکانەی کە بەسەر ئوومەتی ئیسلامەوەیە لەبەرامبەر پێغەمبەراندا (سەلامی خودایان لێ بێت) بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین هەندێك لەو مافە تایبەتانەی پێغەمبەری خودایە کەبەسەر ئوممەتەکەیەوەیەتی، کە بریتین لە:

١. باوەڕێکی وردو موفەصەڵ بەپێغەمبەرایەتی و پەیامەکەی، وەباوەڕبەوەی کە ئەو پەیامەی ئەو هێناویەتی سڕەرەوە و ناسخی سەرجەم پەیامەکانی پێش خۆیەتی، ئەمەش بەوە دەبێت کە بەڕاستی بزانیت لەوەی کە هەواڵی پێداوە وتەصدیقی بکەیـــت، وە گوێڕایەڵی بکەیت لەوەی فەرمانی پێکردووە وە دووریش بکەویتەوە لەوەی کە قەدەغەو یاساغی کردووە، وە بەهیچ شێوەیەك خودا پەرستی نەکرێت بەو شێوەیە نەبێت کە شەرعیەتەکەی ئەو هێناویەتی، دەقەکانی و قورئان و ســـوننەتیش بەڵـــگەن لەسەر ئەمەی کە دەیڵـــێین،

وەك خـــوداى گـــەورە فەرموويەتـــى: ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلۡنَاۚ﴾ [التغابـــن: ٨] واتا: جا ئيدى بـــاوەڕ بێنن بەخـــوداو پێغەمبەرەكەى ، وە بەو نـــوورو رووناكيەى بۆمـــان دابەزاندۆتـــە خـــوارەوە، وە دەفەرموويت: ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلۡأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ﴾ [الأعراف: ١٥٨] واتە: جا كەوابوو باوەڕى پتەو بهێنن بەو خودايە و بەپێغەمبەرەكەى، كە هەوالّدەرێكى نەخوێندەوارە، (تاهيچ كەس نەلّێت پياوێكى خوێندەوار بووەو خۆى قورئانى داناوە) ئەو پێغەمبەرەى كە خۆى باوەڕ دەهێنێت بـــە خوداو بە فەرموودەكانى، ئێوەش شـــوێنى بكەون، بۆ ئەوەى ئێوە ڕێنموويى وەرگرن، هەروەها دەفەرموويت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ [الحشر: ٧].

عبداللـــەى كوڕى عومەر (خودايـــان لىٚ ڕازى بێـــت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموويەتى: «أمرت أن أقاتل الناس حتى يشـــهدوا أن لا إله إلا الله، وأن محمدا رســـول الله، ويقيموا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحق الإســـلام وحسابهم علـــى الله»واتا: فەرمانم پێكراوە بجەنگم لەگەلّ خەلّـــكيدا هەتاوەكو شاهيدى دەدەن كە هيچ پەرســـتراوێكى بەهەق نيە جگە لە (الله) و شـــاهيدى بدەن كە محمد پێغەمبـــەرى خودايە، وە نوێژەكانيان بكـــەن و زەكات بدەن، ئەگەر هاتوو ئەمەيان كرد ئەوا خوێن و مالّيان پارێـــزرا و دەبێت بەحەقێك لەحەقەكانى ئيسلام نەبێت، و ئەوكاتەش لێپرسينەوەيان لەسەر خوداى گەورە دەبێت.

٢. واجبە بـــاوەڕت بەوە هەبێت كە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) پەيامەكەى گەياندووە، و ئـــەو ئەمانەتەى كە پێى ســـپێردرابوو وەك خۆى ئەداى كرد

و بەجێی هێنا، وئامۆژگاری ئوممەتەکەی بەجوانترین شێوە کرد، وە ئەوەی خێری ئوممەتەکەی تێدا بوو بێت پێی نیشانداون وخەڵکی بۆهانداوە، وە ئەوەیشی خراپە و شەڕ بوو بێت ڕێگری ئوممەتەکەی کردووە و ترساندونی لێی، خـــودای گەورەیـــش فەرموویەتی: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ [المائـــدة: ٣] واتا: ئەمڕۆ ئایـــن و بەرنامەکەتانم بەکۆتایـــی گەیاندو ناز و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیســـلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان... لە سوننەتیشدا هاتووە، وعـــن أبي الدرداء عـــن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) أنه قال: «وايم الله لقد تركتكـــم على مثل البيضـــاء، ليلها ونهارها سواء»[1] واتا: سوێند بەخوای گەورە بە (الله) ئێوەم لەسەر نموونەی شتێکی سپی بەجێهێشـــتووە، کە شەو و ڕۆژی وەك یەك وان.. هاوەڵە بەڕێزەکانیشـــی لەگەورەترین کۆڕ و کۆبوونەوەدا شاهیدی ئەوەیـــان بۆداوە کـــە بەتەواوی پەیامەکـــەی گەیاندووە، لـــەو ڕۆژەی کە وتارە زۆر ڕەوانبێـــژەکەی بۆدان لە حەجـــی ماڵئاواییدا، لەو وتارەدا بۆی ڕوونکردنەوە کە چیان لەسەر واجبە و چیشیان لەسەر حەرام و قەدەغەیە، وە پاشـــان وەصیەتی بۆ کردن بەوەی دەســـت بگرن بە قورئـــان و کتێبی خوداوە، تا گەیشـــتە ئەو جێگایەی فەرمووی پێیان: «.... وأنتم تســـألون عني فما أنتم قائلون». قالوا: نشهد أنك قد بلغت وأديت ونصحـــت. فقـــال بإصبعه السبابة يرفعها إلى السماء وينكتها إلى الناس: «اللَّهُمَّ اشـــهد اللـهم اشهد ثلاث مرات»[2] واتا: ئێوە لەمن ئەپرسن، ئایا ئێوە چی ئەڵـــێن؟ ئەوانیش وتیان: شـــاهیدی ئەوە دەدەین کە دینەکەت گەیاند و بەجێت هێنا و ئامۆژگاریت

(١) سوننەنی ئیبن ماجە (المقدمە): (١/ ٤) بەفەرموودەی ژمارە (٥).

(٢) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٢١٨).

کردین، ئەمجا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەپەنجەی شەهادەتی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و ئاماژەی پێ دەکردن بۆ خەڵکەکە دەیفەرموو: خوایە دەی تۆ شاهید بە، خوایە تۆ شاهید بە، سێ جار وتیەوە.

ئەبو ذەریش (خودای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: «لقد تركنا محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وما يحرك طائر جناحيه في السماء إلا أذكرنا منه علما»[(١)] واتا: پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەشێوەیەك جێی هێشتین، ئەگەر باڵندەیەك لەئاسمان باڵی بجولێنێت، ئەوەیشی بۆ باس کردووین و زانیاری پێداوین لەبارەیەوە.. ئەمانە و چەندان نموونەی تریش کە لەسەفەلی ئەم ئوممەتەوە بۆمان باسکراوە لەم بارەیەوە.

٣. خۆشویستنی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەشێوەیەك کە خۆشویستنی ئەو پێش بخەیت بەسەر خۆشەویستی خۆت و سەرجەم دروستکراوەکانی تردا، خۆشویستنی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) هەرچەندە واجبە، بەڵام خۆشوویستنی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تایبەتمەندی زیاتری خۆی هەیە، لەبەر ئەوە واجبە خۆشەویستی ئەو پێش بخرێت بەسەر خۆشەویستی سەرجەم خەڵکی و کوڕ و باوك و دایك و هەموو خزمان و دۆستان، بەڵکو پێش بخرێت بەسەر خۆشەویستی نەفسی خۆیشت، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ [التوبة: ٢٤] واتا: ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بلێ:

(١) موسنەدی ئەحمەد: (٥/ ١٥٣).

ئەگەر باوکانتان و کوڕانتان و برایانتان و هاوسەرانتان و خزم و عەشرەتان و ماڵ و دارایی یەك (بە زەحمەت) پەیداتان کردووە و بازرگانیەك کە دەترسن برەوی نەبێ (بێ بازاڕبێ) و خانوو بەرەیەك کە پێی ڕازین خۆشەویست ترە لاتان لە خوداو پێغەمبەرەکەی و تێکۆشـان لە ڕێگەکەیـدا ئەوە چاوەڕوان بکەن هەتا خوا فەرمان (تۆڵە) ی خۆی دێنێ (بۆتان) خودای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات.

خودای گەورە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەرەکەی خستوەتە پاڵ خۆشەویستی خۆیەوە، وە هەڕەشـەی ئـەوەی کردووە لەو کەسـانەی کە خۆشەویسـتی ماڵ و سـامان و خێـزان و منداڵەکانیان پێش دەخەن بەسـەر خۆشەویسـتی خـودا و پێغەمبەرەکەیـدا، بـەم هەڕەشـەیە کەفەرموویەتـی: ﴿فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ [التوبـة: ٢٤]، لەهـەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمیشـدا هاتووە، لەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك خودای لێ ڕازی بێت ریوایەتی کردووە، و دەڵـێت: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا يـؤمن أحـدكم حـتى أكون أحب إليه مـن والده وولده والناس أجمعين»[١] واتا: باوەڕی هیچ کەس لەئێوەتەواو نییە هەتاوەکو منی لەدایك و باوکی و منداڵەکانی و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت... دیسان لەسوننەتدا هاتووە، أنّ عمـر (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ) أنه قال للنبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) يـا رسول الله أنت أحب إلي من كل شـيء إلا من نفسـي. فقال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) «لا والذي نفسي بيده حتى أكون أحب إليك من نفسك»[٢] فقال له عمر: فإنـه الآن

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٥)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٤٤).

(٢) بوخاری - الأيمان والنذور - (٦٢٥٧)، وە موسنەدی ئەحمەد (٥/ ٢٩٣).

واللە لأنت أحـــب إلي من نفسي. فقـــال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «الآن يـا عمر»[١] واتا: عومەری کوڕی خەتاب (خودای لـــێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە وتی بـــە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەی پێغەمبەری خودا تۆ لەهەموو شـــتێك لام خۆشەویستریت لەخۆم نەبێت، پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: نەخێر، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، باوەڕت تەواو نییە هەتاوەکو منت لەخۆیشـــت خۆشتر نەوێت، ئەمجا عومەر پێی وت: بێگومان واللە ی ئا ئێستا تۆم لەخۆیشم خۆشتر ئەوێت، ئەمجا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموویەوە: ئا ئێستا باوەڕەکەت تەواوە ئەی عومەر.

٤. بەگەورە ڕاگرتـــن و ڕێز و ئیحترام گرتنـــی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەمەیش یەکێکی تـــرە لەو ماف و هەقانـــەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە خودای گەورە لە کتێبە پیرۆزەکەیدا واجبی کردووە لەســـەر موسڵمانان، وەك فەرموویەتـــی: ﴿لِّتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ﴾ [الفتح: ٩] واتا: تا ئێوە بەخواو بەپەیامبەرانی باوەڕ بهێنـــن، و کۆمەکی بکەن، واتا: کۆمەکی لـــە ئاییەنەکەی بکەن، و بە مەزنـــی بگرن، واتا: بەڕێـــزداری دابنێن... وە فەرموویەتـــی: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ [الأعـــراف: ١٥٧] واتا: ئەو کەســـانەی کـــە باوەڕیان بەو (پێغەمبـــەرە) هێنابێت و ڕێـــز و قەدریان بۆ دانابێـــت یارمەتیان دابێت و پشـــتیوانیان لێ کردبێت و پەیڕەوی ئەو نوورەیان کردبێت کە قورئانە کە لەگەڵێدا نێرراوەتە خوارەوە، هەر ئەوانە سەرفراز و ڕزگارن.

ابن عباس (خـــودای لێ ڕازی بێت) ئەڵـــێت: «تعـــزروه، واتا: بەبڵند

(١) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٦٣٢).

بگیرێـــت، وە توقروە، واتـــە: بەعەظەمەت و گـــەورە بگیرێت»قەتادەیش ئەڵـــێت: «تعزروە، واتا: پشتگیری بکرێت و ســـەربخرێت، توقروە، واتا: خـــودای گەورە فەرمانی کردووە بە ســـەید و گـــەورە دابنرێت، هەروەها خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ [الحجـرات: ١] واتا: ئەی ئەو کەســـانەی باوەڕتان هێنـــاوە پێشـــی خوداو پێغەمبـــەری خـــودا مەکـــەون لەبڕیـــار و پێشـــنیاردا، وە دەفەرمووێت: ﴿لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ﴾ [النـور: ٦٣] واتـا: ئـەی موســـڵمانەکان! بانگ کردن لەپەیامبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وەك بانگکردن لەخۆتـــان دامەنێن یا خود بەنـــاوی خۆیەوە بانگی لێ مەکـــەن، وەك ئێوە لەیەکتر بانگ ئەکەن، بەڵـکو بەو بڵـێن: (یا رسول الله، یانبی الله).

موجاهیـــد لەم بارەیەوە ئەڵێت: «خودای گـــەورە فەرمانی پێکردوون کە بەلەسەر خۆیی و نەرم و نیانیەوە بڵـێن: ئەی پێغەمبەری خودا، هەرگیز بە ئەی محمـــد و توورەیی بانگی لێ نەکەن» گومانیشـــی تێدا نییە هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەر خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) جوانترین نموونەن لە ڕێزگرتن و بەگەورەگرتنی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دا، ئوســـامەی کوڕی شەریك ئەڵـــێت: «أتيت النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وأصحابه حوله كأنما علـــى رؤوســـهم الطـــير» واتا: چوومەتـــە لای پێغەمبەر خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و هاوەڵە بەرێزەکانی وەك ئەوە وابووە کە باڵندە بەســـەر سەریانەوە نیشت بێـــتەوە کەسیان لەبەر ڕێز و ئیحترامی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) نەدەجوڵانەوە.

بەگەورەگرتن و ڕێزگرتنی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەروەك چۆن لەژیانیدا واجبە بەهەمان شێوە لەپاش مردنیشی هەر واجبە، قاضی عیاض

ئەڵێت: «بزانە ڕێزگرتن و بەگەورەگرتنی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پاش مردنی پێویســـت و واجبە هەروەك چۆن لەكاتی ژیانیدا واجب بووە، ئەمەیـــش لەكاتی ناوهێنان و باســـكردنی فەرمـــوودە و ژیانیدا، وە لەكاتی بیســـتنی ناو و ژیان نامەی، وە ڕێزگرتن لەئال و بەیت و خزمان وهاوەڵانی باوەڕداری».

٥. صەڵاوات و سەلام دانی زۆر لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەك خودای گەورە فەرمانی پێكردووە وفەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ [الأحـــزاب: ٥٦] واتـــا: بەڕاســـتی خـــواو فریشـــتەكانی درووود و صەڵـــەوات لەســـەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن، خودا بەزەیی و میهرەبانی خۆی ئەڕێژێ بەسەریا، فریشتەكانیش داوای پایە بەرزیی و لێبوردنی بۆ دەكەن، دەسا ئێوەش ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! درووود و صەڵەواتی لەســـەر بدەن، وە ســـەلامی لێبكەن... موبەڕەد ئەڵـــێت: «ئەصڵی ســـەلام كردن مانـــای بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، ئەگەر صەڵاواتـــدان لەلایەن خودای گەورە بێت ئەوە ڕەحم و بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، وە ئەگەر لەلایەن فریشـــتەوە بێت ئەوەنەرم ونیانی و داوای ڕەحم و بەزەیی خودای گەورەیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)».

وعن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما عن النبي (ﷺ) أنه قـــال: «من صلى علي صلاة صلـــى الله عليه بها عشـــرا»[١] واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەركەسێك صەڵاواتێك لەسەر من بدات، ئەوە خوای گەورە دەجار صەڵاواتی لەســـەر دەدات، وە ڕیوایەت كراوە:

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٣٨٤).

عــن علي (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) عن النبــي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) أنه قــال: «البخيل الذي من ذكرت عنده فلم يصــل علي»[١] واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ڕژد وبەخیل ئەو کەسەیە کە ناوی من لابرێت و صەڵاواتم لەسەر نەدات.

صەڵات وسەلام دان لەســەر پێغەمبەران هەروەك لەپێشتر باسمانکرد ئەگەرچی لەهەقی ئەواندا کارێکی مەشــروعە، بەڵام لەهەقی پێغەمبەری خۆمانــدا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) گەورەتریــن مافــە بەســەر ئوممەتەکەیــەوە، و واجبیشــە کە ناوی هێنرا صەڵاواتی لەسەر بدرێت، لێرەش بۆیە باسمان کــردەوە بۆزیاتر دڵنیایی تاوەکو هەموو لایــەك بزانێت یەکێکی تر لەمافی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) بەسەر ئوممەتەکەیەوە صەڵاوات دانە لەسەری، زۆرێکیــش لەزانایان باســی ئەوەیان کــردووە کە صەڵاواتدان لەســەر پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) واجبە، وەهەندێکی تریــان کۆدەنگی زانایانیان نەقڵ کردووە لەم بارەیەوە، قاضی عیاض ئەڵــێت: بزانە کە صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) بەکۆی باس فەرزە، چونکە خودای گەورە فەرمانی پێکردووە، وە تایبەت نییە بەکاتێکی دیاریکراوەوە، زانایانیش ئەم فەرمانەی خودای گەورەیان بە واجب لێك داتەوە و کۆدەنگیشن لەسەری.

٦. دان نان بەهەموو ئەو پلەو پایــە و مەنزیلەت و مەکانەتە بەرزە وەصف و پەنا زۆر و تایبەتمەندیە بێ و ێنانەی کە لەسەرەتای ئەم باسەوە ئاماژەمان پێــدا، وچەنــدان دەقی تــر لەقورئان و ســوننەت باســیان لێوەکردووە، بــاوەڕ بەهەمــوو ئەمانە و باســکردن و بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵــکدا،

(١) تیرموذی (٥/٥٥١) بەفەرموودەی ژمارە (٣٥٤٦) وە ووتویەتی فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە وە وموسنەدی ئەحمەد :(١/ ٢٠١).

پەروەردەکردنـــی منداڵان و فێکردن و ڕاهێنانیان لەســـەر خۆشەویســـتی و شوێنکەوتنی سوننەتەکانی و بەرزڕاگرتنی لەدڵەکاندا هەقێکی پێغەمبەرە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەسەر ئوممەتەکەیەوە.

٧. دوورکەوتنـــەوە لـــە هەموو زیادەڕۆییـــەك لەهەقـــی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و هۆشداری دانی خەڵـکیش پێی، چونکە زیادەڕۆیی کردن لەهەق پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەزیەت و ئازاری دەدات، چونکە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بە ئوممەتەکەی ڕابگەیەنێت و پێیان بڵێ: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ [الكهف: ١١٠] واتا: پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) منیـــش تەنها هەر مرۆڤێکم وەك ئێوە، وەحیم بۆ دێت کە بڵـــێم بەڕاســـتی بێگومان خودای ئێوە خوایەکی تاک و تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شـــادببێت، بەخۆشنودیەوە با کار و کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرســـتندا هیچ کەســـێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی، وە دەفەرمووێت: ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۚ﴾ [الأنعـــام: ٥٠] واتـــا: پێیان بڵـــێ: خۆ من بە ئێوە ناڵـــێم کلیلداری گەنجینەکانی خودام، تاهەرچیم لـــێ بخوازن بتوانم جێبەجێی بکەم، ناشڵـــێم غەیب و شـــتە نادیارەکان دەزانم، هەتا ئاگاداری هەموو شتێکبم، ناشڵـــێم من فریشتەم، بەڵـــکو هەر ئادەمیم، پەیڕەویی هەر لەو وەحی و نیگایەش دەکەم کە خودا بۆم دەنێرێت.

خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی کە لای ئوممەتەکەی

دان بـــەوەدا بنێت کە لەلایەن خودای گـــەورەوە رەوانەکراوە و پلەوپایەی خودایـــە و پەروەردگاریەتی نییە لای خودا، وە پێیـــان رابگەیەنێت کە ئەو فریشتە نییە و تەنها شـــوێن ئەو وەحی و سروشـــە ئەکەوێت کەبۆی دێت لەلایەن پەروەردگاریەوە.

بەهەمان شێوە پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) خۆیشی ئوممەتەکەی ئاگادار کردوەتەوە کە زیـــادەڕۆی نەکەن لەهەقی ئەو و مـــەدح و پەنایدا، ئەویش بەبەلـــگەی ئەم فەرموودەیـــە کە لەصەحیحی بوخاریـــدا هاتووە، عمر بن الخطـــاب (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ) عن النبي (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) أنه قال: «لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريـــم فإنما أنا عبده، فقولوا: عبد الله ورســـوله»[1] واتا: پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: «زیادەڕۆی مەکەن لەپێداهەلّدانم هەروەك نەصرانیەکان زیادەڕۆییان کرد لەهەقی عیســـای کوڕی مەریەمدا، من تەنها بەندەی خودام، ئێوە بلّـێن: بەندە وپێغەمبەری خودا».

مەبەست لە وشەی (الاطراء) مەدح و پیاهەلّدانی نابەجێ و زیادەڕۆییە لەمەدح و پەنای ئەودا، هەروەك ابن الاثیر باســـی کردووە... عن ابن عباس رضـــي الله عنهما قال: جاء رجل إلى النبي (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فراجعه في بعـــض الكلام فقال: ما شاء الله وشئت! فقال رسول الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) «أجعلتني لله ندًّا بـل ما شاء الله وحده»[2] واتا: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و هەندێك پرسیاری لێكرد، لە وتەكانیدا وتی: ئەی پێغەمبەری خواد ئەگەر تۆ و خودای گـــەورە بتانەوێت، پێغەمبەریش (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێی فەرموو:

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٤٤٥)، وە موسنەدی ئەحمەد : (١/ ٢٣).

(٢) موسنەدی ئەحمەد ( ١/ ٢١٤)، وە ئیبن ماجە لە ئەلسونەندا بەفەرموودەی ژمارە (٢١١٧).

ئایا دەمکەیت بە شەریك وهاوەڵی خودا؟ تەنها بلێ: ئەگەر خودای گەورە بیەوێت.

پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هۆشداری داوەلەوەی کە زیادەڕۆیی لەهەقیدا بکرێت و لەپلەوپایەیەکـــدا دابنرێت زیاد لەپلەوپایەی خۆی بێت و بخرێتە ریزی ئەو پلەوپایەی کـــە تایبەتە بە پەروەردگاری بالآدەســـتەوە، ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەکـــە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە باوەڕداران هیچ زیادەڕۆییەك نەکەن لەهەقی پێغەمبەرەکەیاندا و دوور بکەونەوە لەهەموو شێوە و جۆری زیادەڕۆییەکان کە دەکرێت لەهەقی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

وێنەی ئەو زیادەڕۆییانەیش کە دەگاتە رادەی شـــیرك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، ئەوەیە کە داوا و نزاو پاڕانە لەپێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەیت، وە ئەوەی کەســـێك بلـــێت: ئەی پێغەمبەری خودا فلآن شت و فلآن شتم بـــۆ بکەیت، ئەمەیش دوعا و نزا و پاڕانەوەیە، نزا و پاڕانەوەیش دروســـت نیـــە لە غەیری خودا بکرێت ،جۆرێکی تـــر لەزیادەڕۆیی لەهەقی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەیە کە گیاندارێکی بۆ سەرببڕێت یان نەذری بۆ بکرێت یان بەدەوری گۆڕەکەیدا تەواف بکرێت و بســـوڕێیتەوە، یان ڕووبەڕووی گۆڕەکەی دوعا و نزا نوێژ یان هـــەر عیبادەتێکی تربکرێت، هەموو ئەمانە حەرام و یاســـاغ و قەدەغەکراوون چونکە عیبادەت و پەرســـتنن، پەرستن و عیبادەتیش بۆ غەیری خودای گەورە (جل جلاله) دروســـت نییە، چونکە فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ ۞ لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢، ١٦٣] واتا: بلێ: بە ڕاستی نوێژ و حەج و قوربانیی و ژیان و مردنم، گشت هەموو ئەمانە هەر بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیانە

* کە هیچ هاوەڵێکی نییە، هەر بەوەش فەرمانم پێدراوە، دەبێ هەربۆخوا بژیم و بمرم، دیارە کەیەکەم کەسیشم لە ریزی موسڵمانانی ئەم ئومەتەدا.

٨. یەکێکی تر لەهەق و مافەکانی پێغەمبەر (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆشەویستی هاوەڵە بەڕێزەکانی و ئەهل و بەیت و خێزانەکانیەتی، پشتیوان و پشتگیری هەموویانە بەشێوەیەك لەڕێز و پلەوپایە و مەکانەتی هیچ کەسێکیان کەم نەکرێتەوە، جنێو و تانە و تەشەر لەکەسیان بەهیچ شێوەیەك نەدرێت، چونکە خودای گەورە واجبی کردووە لەسەر ئەم ئوممەتە کە هاوەڵەکانی پێغەمبەریان (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆشبوێت و پشتیوان و پشتگیریان بن، وەفێریشی کردووین لەپاش مردنیان داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکەین و داوابکەین کە هیچ بوغز و کینەیەك لەدڵماندا دروست نەبێت بۆیان، خودای گەورە پاش ئەوەی باسی یاریدەدەر و کۆچەریەکان دەکات لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴾ [الحشر: ١٠] واتا: ئەوانەش لەدوای ئەوانەوە هاتوون، واتا: پاش کۆچکەران و یارمەتیدەرانەوە هاتوون، دەڵێن: ئەی پەروەردگارەکەمان! لە ئێمەو لەو برایانەمان پێش ئێمە باوەڕیان هێناوە خۆشببە، و هیچ بوغز و قینێك مەخە دەڵمانەوە بەرامبەر بەوکەسانە باوەڕیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆز و بەخشندە و میهرەبانیت...

خودای گەورە لەهەقی ئەهل وبەیت و خزمانی پێغەمبەردا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ ﴾ [الشورى: ٢٣] لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا هاتووە: ئەی پێغەمبەر (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: بەوانەی شوێنت کەوتوون لەباوەڕداران من داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم لەوەی کە هێناومە، ئەوە نەبێت خزمایەتی منتان خۆشبوێت..

ئیمام موسـلیم یش لەصەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە و هاتووە: عن زید بن أرقم (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أن رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قام خطيبًا في الناس فقال «أما بعد ألا أيها الناس. فإنما أنا بشـر يوشـك أن يأتي رسول ربي فأجيب وأنا تارك فيكم ثقلين: أولهما كتاب فيـه الهدى والنور، فخذوا بكتاب الله واستمسكوا به»[١] فحث على كتـاب الله ورغب فيه ثم قال: «وأهل بيتي أذكركم الله في أهل بيتـي، أذكركم الله في أهل بيتـي، أذكركم الله في أهل بيتـي»[٢] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەسـتایە سـەر مینبەرەکەی بـۆ وتـاردان وفەرمووی: پاشـان ئەی خەڵـکینە، بێگومان من مرۆڤێکم لەوە دەترسم کە نێردراوی پـەروەردگارم بێـت و منیش وەڵامـی بدەمەوە، من دوو شـتی گرانم بۆ بەجێ هێڵاون یەکەمیان: قورئانی پیرۆزە کە هیدایەت و نوور و ڕۆشناییە، کتێبەکەی خودای گەورە بگرن و چاك چاك دەسـتی پێوە بگرن. پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هانی هاوەڵەکانی دا کە دەست بگرن بەقورئانی پیرۆزەوە، پاشـان فەرمووی: «ئەهل و بەیتـم، لەبەر خاتری خـودای گەورە ئەهل و بەیتمتان بیر دەخەمەوە، لەبەر خاتری خودای گەورە ئەهل و بەیتمتان بیر دەخەمەوە، لەبەر خاتری خودای گەورە ئەهل و بەیتمتان بیر دەخەمەوە».

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی کردووە بەچاکە کردن لەگەڵ ئەهل و بەیتیدا، وە لەبەر نزیکـی و خزمایەتیان لەگەڵ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا ڕێزوقـەدر یـان بگیرێت، هـەروەك چـۆن پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەصیەتی کردووە کـە لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانیدا بەباشـی هەڵوێسـت

(١) موسلیم – فضائل الصحابة – (٢٤٠٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٣٦٧)، وە دارەمی – فضائل القرآن – (٣٣١٦).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٠٨).

بنوێنین و ڕێگری کردووە لەجوێن و قسە پێ وتن و کەمکردنەوە لەڕێز و قەدریان، لە سوونئەتدا هاتووە: عن أبي سعيد الخدري (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) عن النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «لا تسبوا أصحابي فلو أن أحدكم أنفق مثل أحد ذهبًا ما بلغ مد أحدهم ولا نصيفه»[1] واتە: جنێو و قسە مەڵێن بە هاوەڵەکانم، ئەگەر هەر کەسێك لەئێوە بەئەندازەی کێوی ئوحود زێڕ ببەخشێت لەپێناو خودادا ناگاتە بە مشتێك یان نیو مشت لەوان.

یەکێکیش لە بنەما و بنچینەکانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت ئەوەیە کە هەموویان کۆدەنگ و یەکڕان لەسەر خۆشەویستی هاوەڵانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و خۆشەویستی ئەهل و بەیت و خێزانە بەڕێزەکانی، وەهەرکەسێکیش تانە و تەشەریان لێ بدات نیشانەی دڵ پیسی و دڵ نەخۆشی و گومڕایی ئەو کەسەیە، ئەبو زەرعە دەڵێت: «هەرکاتێك هەرکەسێکت بینی کە تانە و تەشەر ئەدات لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوە چاك بزانە ئەو کەسە بێ دینە» ئیمامی ئەحمەدیش دەڵێت: «هەرکەسێکت بینی کە بەخراپ باسی هاوەڵانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ی دەکرد، ئەوە گومانت هەبێت لەموسڵمانیەتی ئەو کەسە».

ئەمەی باسمانکرد بەشێوەیەکی کورت کۆمەڵێك هەق و مافی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو بەسەر ئوممەتەکەیەوە، داواکارین لەخودای گەورە و میهرەبان کە ڕێنومایی ئێمە و برایان و خوشکانمان بکات بۆ بەجێهێنانی.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٦٧٣)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٥٤١)، لەفظەکەی لەفظی بوخاریە.

سـێهەم: ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی بینینـی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا هەقە:

فەرموودەکانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵـگەیە لەسەر ئیمکانیەتی بینینی پێغەمبـەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا، وە هەرکەسـێك لەخەودا ئەو ببینێت ئەوە بەڕاستی بینیویەتی.

عن أبي هريرة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قال: قـال النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «من رآني في المنام فقد رآني، فإن الشـيطان لا يتمثل بي»[1] واتا: هەرکەسـێك من ببینێت لەخـەودا ئەوە منی بەڕاسـتی بینیـووە، چونکە شـەیتان ناتوانێت خۆی بخاتە شـێوەی منەوە، وە لەفەرموودەیەکی تریش کە بوخاری و موسـلیم ڕیوایەتیان کردووە هاتووە: عن أبي هريرة عن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «من رآني في المنام فسيراني في اليقظـة، ولا يتمثل الشيطان بي»[2] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: هەرکەسێك من ببینێت لەخەودا ئەوە وەك ئەوە وایە بەهۆشـیاری منی بینیبێت، چونکە شەیتان خۆی ناخاتە شێوەی منەوە... بوخاری دەڵـێت ابـن سـیرین وتویەتی: «ئەگەر هاتوو لەسەر شێوەی خۆی بینی». وە هەر لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراوە، عن جابر بن عبد الله عـن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أنه قال: «من رآني في النـوم فقد رآني فإنه لا ينبغي للشيطان أن يتشبه بي»[3] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەرکەسێك لەخەودا من ببینێت ئەوە بێگومان بەڕاستی منی بینیوە، چونکە بۆ شەیتان نییە خۆی بخاتە سەر شێوەی من.

---

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٦٦).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٩٩٣)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٦٦).

(٣) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٦٨).

ئەم فەرموودانە هەموویان بەڵـــگەن لەســـەر ڕاســـتی بینینی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا، وەهەرکەســـێك لەسەر شـــێوەی خۆی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ببینێت ئەوە خەونەکەی ڕاســـتە، چونکە شـــەیتان ناتوانێت شێوەی خۆی بخاتە سەر شێوەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ەوە، وە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین بینینی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا دەبێت لەسەر ئەو شێوە ڕاستیە بێت کە زانایان باسیان کردووە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوە ئەو بینینە ڕاســـت نییە، هەر لەبەر ئەمەیە ابن سیرین دەڵـــێت: «ئەگەر هاتوو لەســـەر شـــێوەی حەقیقی خۆی بینی»هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێیدا کە بوخاری لەصەحیحەکەیدا باسی کردووە، هەر بۆیە ئیمامی بوخاری لەشەرحی ئەو فەرموودەدا بۆچوونەکەی ابن سیرینی نەقڵ کردووە.

ئەوەیشـــی زیاتر پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات ئەو ریوایەتەیە کە حاکم لە ڕێگای عاصم ی کوڕی کولەیبەوە ڕیوایەتی کردووە، کەدەڵـــێت باوکم بۆی گێڕاومەتەوە، دەڵـــێت: وتم بە عبدالله ی کوڕی عەباس کە پێغەمبەرم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا بینیوە، ئەویش وتی ئادەی چۆن بینیوتە بۆم وەصف بکە، ئەڵـێت: وتم شێوەی وەك حەسەنی کوڕی عەلی وابوو، ابن عباس پێی وت: بێگومان پێغەمبەرم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی شـــێوەی دەچوویەوە ســـەر شێوەی ئەو {ابن حجر ئەڵـێت سەنەدی ئەم ڕیوایەتە سەنەدێکی باشە}.

ئەیوب ئەڵـێت: «محمدی کوڕی سیرین هەرکاتێك پیاوێك خەوێکی بـــۆ بگێڕایەتەوە و بیوتایە پێغەمبـــەرم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا بینیوە، پێی ئـــەوت: ئادەی ئەو کەســـەی بینیوتە بۆم وەصف بکە، ئەگەر بەشـــێوەیەك وەصفـــی بکردایە کە کە نەیدەناســـی، ئەوکاتـــە پێـــی دەووت: تۆ ئەوت

نەبینیوە»{ابن حجر لة فتح الباریء دا هێناویەتی و دەڵێت: سەنەدەکەی سەنەدێکی باشە}.

وە لەبارەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریشەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: «من رآني في المنام فسيراني في اليقظة»[1] واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: هەرکەسێك لەخەودا بمبینێت ئەوە بەهۆشیاریش دەمبینێت... زانایان لە تەفسیری بینین بەهۆشیاری لەم فەرموودەیەدا سێ ڕای جیاوازی مەشهوریان هەیە:

یەکەم: ئەوە لەچوار چێوەی لەیەکچوون و هاوشێوە بووندایە، ئەوەیش زیاتر بەڵگەیە لەسەر ئەم بۆچوونە ئەو ریوایەتەی موسلیمە کە ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «فكأنما رآني في اليقظة»واتا: وەك ئەوەوایە بەخەبەر بێت و بینی بێتمی.

**دووەم:** ئەم تایبەتە بەخەڵکی باوەڕداری سەردەمی خۆی پێش ئەوەی بینیبێتی، واتا ئەگەر پێش ئەوە خەوی پێوە بینیبێت ئەوا دواتر بەڕاستی بینیویەتی.

**سێهەم:** ئەم بینینە بۆ ڕۆژی دواییە، واتا ئەو کەسەی کە لەخەودا بینیبێتی تایبەتمەندیەکی زیاتری هەیە بەسەر ئەو کەسەی کە لەخەودا نەیبینیوە، خودای گەورە زاناترە.

(١) بوخاری – التعبیر – (٦٥٩٢)، وە موسلیم – الرؤیا – (٢٢٦٦)، وە تیرموذی – الرؤیا – (٢٢٨٠)، وە ئیبن ماجە – تعبیر الرؤیا – (٣٩٠١)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٢٣٢).

## باسی حەوتەم
## کۆتایی پەیامبەرایەتی و روونکردنەوەی ئەوەی کەپاش پێغەمبەر (ﷺ) ئیتر پێغەمبەری تر نایەت

پێشتر و لەکاتی قسەکردن لەتایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەمان بەم مەسەلەیەدا و زۆرێك لەبەڵــگەکانیشمان خستەڕوو، باسی ئەوەشــمان کرد کە محمد (ﷺ) کۆتا پێغەمبەرە و پاش ئەو ئیتر پێغەمبەرێکی دیکە نایەت، لەم لێکۆڵینەوەیشدا کەقسە لەسەر کۆتای هاتنی پەیامەکەی خودای گەورە دەکەین بۆ مرۆڤایەتی لایەنێکی تری گرنگی ئەم بابەتەیە، چونکە ئەم بیروباوەڕە کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر ئاین و دینی موسڵمانان، ســوود و بەروبوومێکی ئێجگار زۆریشــی هەیە لەژیانیاندا، لێرەدا ئێمە ئاماژە بەهەندێك لەو سوود و بەروبوومانە دەکەین:

١. بەرقەرار بوونی تەشریع و کەماڵ و تەواو بوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت لای ئەم ئوممەتە، و کاریگەری دانان لەســەر ژیانی تاکەکانی، هەر بۆیە دەبینین خودای گەورە منەت ئەکات بەسەر ئوممەتی ئیسلامدا کە دینەکەیانــی بۆ کامڵ و تەواو کردوون، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ [المائــدة: ٣] واتــا: ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانــم بەکۆتایی گەیاند و نــاز و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و رازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان.

ئەم ئایەتە پیرۆزە پێش چەند مانگێك لەوەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیوە کاتێك لە حەجیماڵئاوایی بوو، ئەویش دوای ئەوەی کە خودای گەورە بەرنامە و شەریعەتەکەی بۆ تەواو کرد، بۆیە کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی

جولەکەکان زۆر حەسـوودیان بە موسـڵمانان برد، وەك ئەوەی بوخاری و موسـلیم ریوایەتیان کردوە: أن رجلا من اليهـود جاء إلى عمر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) فقـال: «آية في كتابكم تقرؤوها لو نزلت علينا معشـر يهود لاتخذنا ذلك اليوم عيدا»قال وأي آيـة؟ قال: ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾ [المائـدة: ٣][١] واتا: پیاوێك لەجولەکەکان هاتـە لای عومەری کوڕی خەتاب (خودای لێ رازی بێت) وپێی وت: ئایەتێك لەکتێبەکەتاندا کە ئێوە دەیخوێننەوە، ئەگەر دابەزیایە بۆ سەر ئێمەی جولەکە، ئەوە ئەو ڕۆژەی کە ئەو ئایەتەی تێدا دابەزی دەمانکرد بە جەژن و خۆشی و شادی، عومەر فەرمووی: کام ئایەت؟ کابرای جولەکە وتی: ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یـش ئەم هەقیقەتەی بـە وێناکردنێکی زۆر جوان روونکردوەتەوە، کاتێك کە پەیامی پێغەمبەرەکانی تری بە خانوویەکی جوانی تەواو نەکراو وێنا کرد، کە تەنها خشـتێکی مابێت، کاتێك خودای گەورە ئەوی رەوانەکرد و کردی بە کۆتـا پێغەمبەر ئەو خانوە جوانە تەواو بوو، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جێگای ئەو خشـتەی گرتەوە، ئەمەش بەڵـگەیەکی روون و ئاشـکرایە کە خودای گەورە بەیەکجاری دینەکەی خۆی تەواو کرد و هیچ پێویسـت بەزیادکردن ناکات بۆ تەواو کردنی ئەم دینـە بەتایبەتی و بەپەیامی پێغەمبەران بەگشـتی، چونکـە خودای گەورە بەڕەوانەکردنی محمد المصطفى کۆشـکە گرنگەکەی پێغەمبەرانی تەواو کرد، وهەر جـۆرە زیادکردنێکیش دەردێتەوە بەسـەر خاوەنەکەیدا و لێی قبوڵ ناکرێت، لەلێکۆڵینەوەی پێشوتریشدا دەقی ئەو فەرمودەیەمان هێنا کە باس لە تەواوکردنی کۆشکی پێغەمبەران و ئاینی هەموویانی کرد.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٤٥)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٣٠١٧).

٢. متمانەدروستبوون لای ئوممەتی ئیسلام بەوەی ئاینەکەیان قابیلی نەسخ و سڕینەوەنییە و پاش پێغەمبەرەکەیان محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئیتر پێغەمبەرێکی تر نایەت» مانای مۆری پێغەمبەرایەتی و کۆتایی هاتنی بە پێغەمبەرایەتی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، ئەوە دەگەیەنێت ئیتر جارێکی ترپێغەمبەر نایەت و لەپاش شەریعەتەکەی ئەو خودای گەورە شەریعەتێکی تر نانێرێت، دابەزینی پێغەمبەر عیساش (سەلامی خودای لێ بێت) هیچ پێچەوانەی ئەم مەسئەلەیە نیە کەئێمە باسی دەکەین، چونکە کاتێك پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) دادەبەزێت پەرستن وعیبادەتەکانی بەگوێرەی شەریعەتەکەی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبێت، نەك بەگوێرەی ئەو شەریعەتەی کە خۆی هێنابووی، لەبەر ئەوەی شەریعەتەکەی خۆی نەسخ بووەتەوە و دروست نییە بەهیچ جۆرێك خواپەرستی و عیبادەت ئەنجام بدرێت بەغەیری تەعالیمەکانی شەریعەتی ئیسلام بەگشت ئوصول و فروعەیەوە.

٣. بەبێ بیرکردنەوە و تێڕمان دڵنیابیت لەدرۆزنی هەرکەسێك پاش پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات، ئەمەش لەدیارترین سوود و بەروبومەکانی باوەڕبوونە بە کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی، کە دڵنیایی دەبەخشێت بە ئوممەتی ئیسلام بەوەی هەرکەسێك لەدەجالە درۆزنەکان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد بەدرۆی بزانن و باوەڕی پێ نەکەن، هەربۆیە دەبینین پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هۆشداری داوە بەوەی لە ئوممەتەکەیدا سی کەسی دەجال و دۆرزن دێن بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، وە ئوممەتەکەی ئاگادار کردوەتەوە کە پاش خۆی ئیتر پێغەمبەری تر نایەت و کەس باوەڕیان پێ نەکات و شوێنیان

نەکەوێـــت، هەروەك لەو فەرموودەیەدا کە ثەوبان (خودای لێ ڕازی بێت) لەفەرموودەیەکدا گێڕاویەتیەوە کە باس لە فتنە و خراپەکاری دەکات لەناو ئوممەتی ئیسلامدا کەڕوو دەدەن، و پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: «... وإنه ســيكون في أمتي ثلاثون كذابون كلهم يزعم أنه نبي وأنا خاتم النبيين لا نبي بعدي»[١] واتا: بێگومان لەمەوە پاش لەناو ئوممەتەکەمدا سی کەسی درۆزن دێن هەر هەموویان واگومان دەبەن کە پێغەمبەرن، من کۆتا پێغەمبەرم و پاش من ئیتر پێغەمبەر نایەت.

٤. دەرکەوتنی فەزڵی کاربەدەستان و زانایانی ئەم ئوممەتەیە، بەوەی خودای گەورە سیاسەت و بەڕێوەبەردنی خەڵـــکی داوەتە دەستیان، بەپێچەوانەی بەنوئیســـرائیلەوە کە سیاســـەت و بەڕێوەبردنی دینەکەیانـــی تەنها دابووە دەست پێغەمبەرەکانیان، وەك ریوایەت کراوە: عـــن أبي هريرة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) عن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «كانت بنو إســـرائيل تسوسهم الأنبياء كلما هلك نبي خلفه نبي، وإنه لا نبي بعدي، وســـتكون خلفاء تكثر. قالوا: فما تأمرنا؟ قال: «فوا ببيعة الأول فالأول وأعطوهم حقهم فإن الله ســـائلهم عما استرعاهم»[٢] واتا: پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: بەنوئیســـرائیل پێغەمبەرەکانیان سیاســـەت و دینیان بۆ بەڕیوەدەبردن، هەرکاتێـــك پێغەمبەرێکیان وەفاتی بکردایە پێغەمبەرێکی تر جێگاکـــەی دەگرتەوە، بەڵام لەپاش من پێغەمبەر نایەت، وە لەمەوە دوا جێنشینەکان زۆر دەبن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانمان بەچی پێ دەکەیت؟ فەرمووی: بەوەفا بن لەگەڵ ئەو جێنشینەی

(١) سونەنی تیرموذی (٤/ ٤٩٩) وە دەڵێت: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، وە سونەنی ئەبی داود (٤/ ٣٢٩) بەفەرموودەی ژمارە (٤٢٣٣- ٤٢٣٤).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٤٥٥)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٨٤٢).

کەیەکەم جار بەیعەتـــی دەدەنێ ئەمجا ئەوەی دوای ئـــەو، و هەر یەکەیان ماف و هەقی خۆیانی بدەنێ، خودای گەورەش لەوان دەپرسێتەوە لەوەی کەلەژێر دەستیاندا بوون.

پلەوپایەی جێنشـــینەکان لەئوممەتی ئیسلامدا هەمان ئەو پلەوپایەیە کە پێغەمبەرەکانی بەنوئیسرائیل هەیان بووە، لەڕووی بەڕێوەبردنی کاروباری وولات و سەرکردایەتی کردنی خەڵـکەوە نەك لەڕووی ڕێز و پلەوپایەیان لای خودای گەورە لەفەرموودەیەکیشدا کە ریوایەتکراوە هاتووە: عن أبي هريرة (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) عن النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) قال: «إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها»[(١)] واتا: بێگومان خودای گەورە لەسەر هەموو ســـەد ساڵـــێکدا موجەدید و نوێکەرەوەیەك دەنێرێت بۆ ئوممەتی ئیسلام کە ئاینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە.

گومانی تێدا نییە واقیعی حاڵی ئوممەتی ئیســـلامیش شـــاهیدی ئەمە دەدات، کە بـــەردەوام کاروباری ئەم ئاینە بەو خەلیفـــە و زانایانە پارێزراو دەبێت کە کاروباری ڕۆژانەی خەڵـــك بەشەریعەتی ئیسلام بەڕێوە دەبەن، وە بەردەوام هەرکات و هەر سەردەمێك تەعالیمی ئەم دینە تووشی تەمومژ و لێڵێیەك بووبێت خودای گەورە بەدرێژایی چەرخ و ســـەدەکانی رابردوو زانایانی نوێخواز و نوێکاری بۆناردووە تاهەموو دەســـتکاری و تەحریف ولێکدانەوەیەکی کەســـانی نەزان و ناڕەوای لەســـەر لابەن، بە بوونی ئەم زانایانە و بەفەزڵی خودای گەورە ئاینی ئیســـلام لەو ڕۆژەی هاتووە تا ئەم

(١) ئەبو داود (٤/ ٣١٣) بەفەرموودەی ژمارە (٤٢٩١)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (٤/ ٥٢٢) وە ئەلحاکم ئەم فەرموودەیەی بە فەرموودەیەکی صەحیح داناوە و ئیمامی ذەهەبیش هاوڕایەتی.

سەردەمەی تێیدا دەژین پارێزراوە و تەڕ و پاراوە وەك ئەو ڕۆژەیە كە خودای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەكەی محمد المصطفى (ﷺ).

بەهـــەر حاڵ بـــاوەڕ بوون بە مـــۆری پێغەمبەرایەتـــی و كۆتایی هاتنی رســـالەی پێغەمبەران بە هاتنی محمدی كـــوڕی عبد الله (ﷺ) كاریگەرییەی گـــەورەی هەیە لەدیندا، كە لەدیارترین تایبەتمەندیەكانی ئەم ئوممەتەیە، ئەویش دەبێت بەهۆی بەهێزبوونی باوەڕ بەئاینەكەیان و ڕاستی دڵنیایـــی وجێگیربوونی لەدڵ و دەروونیان تا ئـــەو كاتەی فەرمانی خودای گەورە دێت و دونیا كۆتایی پێ دێت.

## باسی هەشتەم

## هەقیقەت و بەڵگەی شەوڕەویکردن بە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)

پێناسەی (الاسراء) لەزمانەوانی وشەرعدا:

وشەی (الاســراء) لەزمانەوانیدا: لە وشەی (الســري) وەرگیراوە واتا: ڕۆشتن بەشــەو یان زۆرینەی شەو، وە وتراوە ڕۆشــتن بەدرێژایی هەموو شەو.

دەوترێت: سريت: واتا بەشەو ڕۆشتن، یان وتراوە: أسريت، واتا: شەو ڕەویم پێکراوە، حەســانیش (خودای لێ ڕازی بێت) وتویەتی: أســــرت إليك ولم تكن تســرى واتا: بەشەو هاتم بۆلات بەڵام تۆ لەشوێنی خۆت نەجوڵایت.

وشەی (الاسراء) لەشەرعیشــیدا: مەبەست پێی شەو ڕەوی پێغەمبەری خودایــە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لــە مزگەوتی حەرامــەوە لە شــاری مەککە بۆ مزگەوتی ئەقصای (بيت المقدس) لە ئیلیا و گەڕانەوەی هەر بەو شەوە.

**هەقیقەتی شەوڕەوی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەگەڵ بەڵـگەکانی:**

شەوڕەوی یەکێکە لەبەڵــگە زۆر گەورەکان، کە خودای گەورە پێش کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە پاڵپشتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ی پێکرد، بەو شێوەیەی کە شەوڕەوی پێکرد لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقصى بەسواری وڵاخیك کە پێی دەڵێن (بوراق) بەهاوڕێیەتی جوبرەئیل (سەلامی خودای لێ بێت) تا گەشتە (بيت المقدس) ئەمجا ئەو (بوراق) ـەی بەست بە هەڵقەیەکی دەرگای مزگەوتەکەوە، پاشان پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕۆشتە

نـــاو مزگەوتەکەوە، و بوو بە ئیمام و نوێـــژی بەکۆمەڵی کرد بۆ پێغەمبەران (ســـەلامی خوایان لێ بێت)، پاشـــان جوبرەئیل قاپێك شـــەراب و قاپێك شیری بۆ هێنا، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شـــیرکەی هەڵبژارد، جوبرەئیلیش پێی فەرموو: ڕێنموونـــی کرای بۆ ئەو فیطرەتە پاکـــەی کە خودای گەورە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانیش بەڵـگەن لەسەر ڕووداوی شەوڕەوی:

خودای گەورەفەرموویەتی: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾[الإسراء:١]واتا: پاکەو خاوێنە لەهەرشتێکی ناپەسەندو خراپ، ئەو خوایەی کە شەوڕەوی بەبەندەی خۆی (موحەممەد) (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد لەبەشـــێکی زۆر کەمی شەوێکدا، لەمزگەوتی (حەرام) ـــەوە لەمەککەدا بۆ مزگەوتی ئەقصی لە (بيت المقدس) ی فەلەســـتیندا، ئەو مزگەوتەی ئێمە دەوروبەریمان پیرۆزو پیتدارکرد بەجۆرەها نیعمەت و میوەو میوەجات و، کردیشـــمانە بارەگای پەیامبەران، تا هەندێك نیشانەو بەڵـــگەو دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و بینایە.

بەڵـــگەش لە سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): عن أنس بن مالك عن ثابت البناني عن النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: «أتيت بالبراق»وهو دابة أبيض طويل فوق الحمار ودون البغل يضع حافره عند منتهى طرفه»قال: فركبته حتى أتيت بيت المقـــدس. قال: فربطته بالحلقة التي يربط به الأنبياء، قال: ثم دخلت المســـجد فصليت فيه ركعتين، ثم خرجت فجاءني جبريل عليه الســـلام بإناء من خمر وإناء

مـــن لبن فاخترت اللبن. فقال جبريـــل (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اخترت الفطرة»[1] واتا: پێغەمبـــەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەفەرموویێت: بوراقێکیان بـــۆ هێنام و لاخێکی ســـپی بوو بالابەرز بوو لەگوێدرێژ گەورەتر و لە هێستریش بچووکتر بوو، کەدەڕۆیشت هەتا چاو بڕی بکردایە ئەمجا سمەکانی دادەنا، دەفەرمووێت سواری بووم هەتا گەشتمە بيت المقدس، ئەفەرمووێت ئەمجا ولاخەکەم بەست بەوهەلقەیەوە کە پێغەمبەران پێوەیان دەبەست، ئەفەرمووێت: پاشان چوومە ناو مزگەوتەوە و دوو رکات نوێژم تێدا کرد، ئەمجا چوومە دەرەوە، و جوبرەئیـــل هات بۆلام قاپێك شـــەراب و قاپێك شـــیری پێ بوو، منیش شـــیرەکەم هەڵبژارد، جوبرەئیل فەرمووی: تـــۆ فیطرەتت هەڵبژارد. ئەمجا بەشەکەی تری فەرموودەکەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان باسکرد.

ئـــەم فەرموودەیە و چەنـــدان فەرموودەی تریش بەڵـــگەن لەســـەر بەرزبوونـــەوەی پێغەمبـــەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـــۆ ئاســـمان، هەندێکیان لە صەحیحـــی بوخـــاری و موســـلیمدا هاتـــوون، وەهەندێکی تریشـــی لە سونەنەکاندا هاتوون، ئەم ڕووداوەش کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵە بەرێزەکان کە دەگەنە ســـی هاوەڵ لە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە ریوایەتیان کردووە، دوای ئەوانیش کۆمەڵـــێکی زۆر لەڕیوایەتکارانی سوننەت و پێشەوایانی ئیسلام لەهاوەڵەکانەوە گێڕاویانەتەوە و نقلێان کردووە.

زانایانی سەلەف و خەلەف یەکڕا و کۆدەنگن لەسەر ڕاستی و دروستی و شـــەوڕەوی پێغەمبـــەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، قاضی عیاضیش لە (الشـــفاء) وســـەفارینی لە (لوامع الانوار) دا کۆدەنگی زانایانیان باســـکردووە لەسەر

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٦٢).

شـــەوڕەوی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، گومان لەوەیشدا نییە کە شەوڕەوی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕۆح و لاشەی بووە، بەخەبەر بووە و لەخەودا نەبووە، ئەمە ئەوەیە کەدەقە صەحیحەکان بەڵـگەن لەسەری و گشت هاوەڵ و پێشـــەوایانی ئەهلی سوننەت و لێکۆڵەرەوەکانی ئەهلی زانست باوەڕیان پێی بووە.

ابن العز الحنفي لەباسی شەوڕەوی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا ئەڵـێت: لەسەر ڕای دروست پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەلاشە شەوڕەوی پێکراوە و بەخەبەریش بووە، لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقصی.... قاضی عیاضیش ئیقراری ئەوە دەکات: کـــە ڕای زۆرینەی ئەهلی عیلم لە هاوەڵە بەڕێزەکان ئەوەیە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەلاشەی شەوڕەوی پێکراوە و بەخەبەریش بووە و لەکاتی خەودا نەبووە، و دەڵـێت: زۆرینەی سەلەف و موسڵمانان لەســـەر ئەوەن کە شەوڕەوی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە لاشە بووە و لەکاتی خەبەریشیدا بووە، ئەمەش ڕاست وهەقە، ئەمە ڕای هەریەك لە ابن عباس و جابر، و أنـس، وحذيفـة، وعمر، وأبي هريرة، و مالك بن صعصعة، وأبي حبة البدري، وابن مسـعود، والضحاك، وسعيد بن جبير، وقتادة، وابن المسيب، وابن شـهاب، وابـن زيد، والحسن، وإبراهيم، ومسروق، ومجاهد، وعكرمة، وابن جريج، وهـــو دليل قول عائشة، وهو قول الطبري وابن حنبل، وکۆمەڵـێکی زۆر لە موســـڵمانان، وە ڕای زۆرینەی زانایان و فەرموودەناسان و ڕاڤەکارانی قورئانیشە.

یەکێك لە لێکۆڵەرەوان و موحەقیقە ناودارەکانش ڕەخنە لەو کەســـانە دەگرێـــت واگومانیان بردووە کە شـــەوڕەوی دووجار بووە، ودەڵـــێت:

ڕای ڕاست و دروســـت کە پێشەوایان گواســـتویانەتەوە بۆمان ئەوەیە کە شـــەوڕەوی یەکجار بووە لە مەککـــەوە پاش بوون بـــە پێغەمبەرێتی بووە، ئای چەند عەجیبیشـــە، بۆ ئەو کەســـانەی گومانیان بردووە کە شەوڕەوی چەندجارێك ڕوویداوە، باشـــە چۆن بۆیان دەچێتە ســـەر کە وای بۆ بچن لەهەموو جارێکیشدا پەنجا نوێژی لەسەر فەرزکرابێت، و دواتر هاتووچۆی بووە لەنێوان پەروەردگاری و موســـا دا، تا ژمارەی نوێژەکانی بۆ بکات بە پێنج نوێژ، و پاشـــان خودای گەورە پێی دەفەرمووێـــت: فەرزەکانم تەواو کردن و لەسەر بەندەکانم سووك کردن، ئەمجا لەدووەم جاردا جارێکی تر گەڕابێتەوە بۆ پەنجا نوێژ، دواتر دە نوێژ دە نوێژ لەسەری لابردبن.

**بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و هەقیقەتەکەی:**

لەدەقەکان و وتەی زانایاندا هەرکاتێك قسە لەسەر شەوڕەوی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرابێت شان بەشانی ئەویش قسە لەسەر بەرزبوونەوەکەی کراوە، بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی لێرەدا پێناســـەی بەرزبوونەوەیش بکەین و لەسەری بدوێین.

معراج: مەبەســـت پێی ئەو هۆکارەیە کە پێی بـــەرز بووەتەوە، ئەوەش لەجێـــگای پەیژە بووە، بـــەڵام ئێمە شـــێوەکەی نازانین، وە مەبەســـت لە میعراج بە ڕەهایی لەشـــەرعدا: بەرزبوونەوەی پێغەمبەرە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەهاوڕێیەتی جوبرەئیل (ســـەلامی خودای لێ بێت) لە بيت المقدسەوە بۆ ئاسمانی دونیا و پاشان بۆ هەموو ئاسمانەکان تا ئاسمانی حەوتەم، و ئەمجا بینینی پێغەمبەران و ســـەلام لێکردنیان و پێشـــوازی کردنـــی ئەوانیش بۆ پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەئاســـمانەکان هەریەك لەپلە و مەقامی خۆیدا،

دوای بەرزبوویەوە بۆ (سدرة المنتهی)[١] و لەوێدا جوبرەئیلی لەسەر ئەو شێوازەی کە خودا دروستی کردووە بینی، هەر لەو شەوەدا خودای گەورە پێنج نوێژەکانی لەسەر فەرزکرد، و لەگەڵیشیدا قسەی کرد، لەکۆتاییشدا دابەزیەوە بۆ سەر زەوی، ڕای ڕاست و دروستیش ئەوەیە کە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان هەرهەمان شەوی شەوڕەویەکە بووە.

دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتیش بەڵگەن لەسەر بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بەڵگەی لەقورئاندا: لەچەند ئایەتێکی بەرز و پیرۆز باسی هەندێك لەو شتانە کراوە کە لەو شەوەدا روویانداوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَتُمَٰرُونَهُۥ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ * وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ * عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ * عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ * إِذْ يَغْشَى ٱلسِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ * مَا زَاغَ ٱلْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ * لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلْكُبْرَىٰٓ﴾ [النجم: ١٢-١٨] واتا: جا ئایا ڕاستە؟ ئێوە موجادەلەی لەگەڵدا دەکەن لەسەر شتێک کەئەو دڵنیایە لەدیتنی * سوێند بەخودا بێگومان جارێکی تر جوبرەئیلی بینیوە * جاری دووەمیش لە لای (سدرة المنتهی)دا، کە (سیدرەش) لە ئاسمانی حەوتەمدایەو نزیکی عەرشەو درەختێکی پڕ گەڵا و سێبەر خەست و چڕ و پڕە * کە لای ئەوەوەیە بەهەشتی نیشتەجێ بوون * لەو شەوەدا بەفەرمانی خودای گەورە شتێك ئەو درەختەی داپۆشی کە هیچ کەسێك جگە لە خودای گەورە وەصفی نازانێت * پێغەمبەر چاوی لەسەر ئەوە لا نەدەبرد کە دەیبینی، تەجاوزیشی نەکرد لەوەی بۆی دیاریکرابوو، بەڵکو هەر تەماشای ئەوەی دەکرد * بێگومان پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو شەوەدا لەبەڵگە و نیشانە و موعجیزە گەورەکانی پەروەردگاری بینیوە، بەچاوی سەری، بەهەموو هەستی.

---

(١) سدرة المنتهی: درەختێکی پڕ گەڵاو سێبەر خەست و چڕ و پڕە، لە ئاسمانی حەوتەمدایەو نزیکی عەرشە.

خودای گەورە لەم چوارچێوەی ئەم ئایەتە گەورە و پیرۆزانەدا باسی ئەو موعجیزە گەورەیەی کردووە کە ڕێزی پێنا لە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەشەوی بەرزبوونەوەدا، لە بینینی جورەئیل (سەلامی خودای لێ بێت) لای (سدرة المنتهى) ئەو درەختە پڕ لەگەڵا سێبەر چڕوپڕەی لەئاسمانی حەوتەمدایە، دوای ئەوە کەس ناتوانێت لەوە زیاتر بەرز ببێتەوە، ئەوەیش بینی کەبەفەرمانی خودا شتێك ئەو درەختەی داپۆشی زۆر سەرسوڕهێنەر بووە، عەبداللە ی کوڕی عەباس و مەسروق دەڵێن: ئەوەی ئەو درەختەی داپۆشی فەرشێك بوو لە زێڕ.

زیاتر لەفەرموودەیەکیش بەدرێژی باسی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) یان کردووە بۆ ئاسمان، لەو فەرموودانەیش ئەو فەرموودەیەی ئەنەسی کوڕی مالیکە کە لەباسی شەوڕەویدا باسمان لێوە کرد، ئەوەیشی پەیوەندی بە بەرزبوونەوەوە هەیە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «ثم عرج بنا إلى السماء فاستفتح جبريل. فقيل: من أنت؟ قال: جبريل. قيل: ومن معك؟ قال: محمد. قيل: وقد بعث إليه؟ قال: قد بعث إليه. ففتح لنا فإذا أنا بآدم فرحب بي ودعا لي بخير»[1] ثم ذكر عروجه إلى السماوات وملاقاته الأنبياء إلى أن قال: {ثم ذهب بي إلى سدرة المنتهى وإذا ورقها كآذان الفيلة، إذا ثمارها كالقلال. قال: فلما غشيها من الله ما غشيها تغيرت. فما أحد من خلق الله يستطيع أن ينعتها من حسنها. فأوحى الله إليَّ ما أوحى. ففرض عليَّ خمسين صلاة في كل يوم وليلة، فنزلت إلى موسى (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ). فقال: ما فرض ربك على أمتك؟ قلت: خمسين صلاة. قال: ارجع إلى ربك فاسأله التخفيف

---

(١) بوخاری – بدء الخلق – (٣٠٣٥)، وە موسلیم – الإیمان – (١٦٢)، وە ئەلنەسائی – الصلاة – (٤٤٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٤٩).

فإن أمتـــك لا يطيقون ذلك، فإني قد بلوت بني إســـرائيل وخبرتهم. قال: فرجعت إلى ربي. فقلت: يا رب خفف على أمتي. فحط عني خمســـا. فرجعت إلى موسى. فقلت: حط عني خمســـا. قال: إن أمتك لا يطيقون ذلك فارجع إلى ربك فاســـأله التخفيف. قال: فلم أزل أرجع بين ربي تبارك وتعالى وبين موســـى عليه الســـلام حتـــى قال: يا محمد. إنهن خمس صلوات كل يوم وليلة لكل صلاة عشـــر فذلك خمســـون صلاة»[1] واتا: ئەمجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمان، جوبرەئیل داوای کرد بکرێتەوە، وترا: تۆ کێیت؟ فەرمووی: جوبرەئیلم، وترا: ئەوەی لەگەڵ تۆیە کێیە؟ فەرمووی: محمدە، وترا: ئایا وەحی بۆ رەوانەکرا؟ فەرمووی: بەڵێ وەحی بۆ رەوانەکرا، ئەمجا بۆیان کردینەوە، گەشتم بە ئادەم پێشوازی لێکردم و نزای خێری بۆ کردم، (دواتر باسی بەرزبوونەوەی خۆی دەکات بۆ ئاسمانەکان و گەیشـــتی بەپێغەمبەران) تا ئەو شـــوێنەی دەفەرموێت: پاشـــان بردمیان بۆلای (ســـدرة المنتهى) درەختێکە گەڵاکانی بەئەندازەی گوێی فیلەکان دەبێت، بەروبوومەکەشـــی بەئەنـــدازەی گۆزەیەك دەبێت، فەرمووی: جاکاتێك بەفەرمانی خودا شـــتێك ئەو درەختەی داپۆشی چۆن داپۆشـــینێك کە رەنگی بەیەکجار گۆڕا، هیچ کەسێك لە دروستکراوەکانی خودا لەجوانیـــدا ناتوانێت وەصفی بکات، دواتر خـــودای گەورە وەحی و سروشـــی بۆکردم بەوەی کە کردی، ئەمجا لەشـــەو و رۆژێکدا خودای گـــەورە پەنجا نوێژی لەســـەر فەرز کـــردم، دوایی دابەزیم بۆلای موســـا (ســـەلامی خودای لێ بێت) پێی فەرمووم: پـــەروەردگارت چی فەرزکرد لەســـەر ئوممەتەکەت؟ وتم: پەنجـــا نوێژ، فەرمـــووی: بگەڕێرەوە بۆلای

(١) بوخاری - بدء الخلق - (٣٠٣٥)، وە موسلیم - الإيمان - (١٦٢)، وە ئەلنەسائی - الصلاة - (٤٤٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٤٩).

پـــەروەردگارت و داوای لێ بکە کە بۆت ســـووك بـــکات ئوممەتەکەت توانـــای ئەوەیان نییە، چونکە مـــن لەگەڵ بەنوئیســـرائیلدا ئەزموونم هەیە و تاقیم کردنەوە، گەڕامەوە بۆلای پـــەروەردگارم، وتم ئەی پەروەردگارم لەسەر ئوممەتەکەمی سووك بکە، خودای گەورە پێنج نوێژی لابرد، ئەمجا گەڕامەوە بۆلای موســـا و پێم وت پێنج نوێژی لابرد، موســـا فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت و داوای لێ بکە کە بۆت ســـووك بکات ئوممەتەکەت توانای ئەوەیان نییە، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: بەردەوام بووم لەهاتووچۆ لەنێوان پەروەردگاری بەرز و بلّندم و موســـا دا (ســـەلامی خودای لێ بێت) هەتا فەرمووی: ئەی محمد ئەوانە پێنج نوێژن خودای گەورە لەسەری فەرزکردوون لەشەو و رۆژیکدا، هەموو نوێژێك خێروپاداشـــتی دە نوێژی هەیە ئەوەش دەکاتە پەنجا نوێژەکە....»موسلیم ریوایەتـــی کـــردووە، بەهەمان شـــێوە هەواڵـــی رووداوی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نزیـــك لەمانا و واتاکانـــی فەرموودەیە هەریەك لەمالکی کوڕی صەعصەعە و ئەبوذەر و ابن عباس ریوایەتیان کردووە ولە صەحیحی بوخاری و موسلیم و غەیری ئەو دوو صەحیحەشدا هاتوون.

**ئاگادارکردنەوەیەك:**

رووداوی شـــەوڕەوی و بلّنـــد بوونەوە یەکێکە لەنیشـــانە و موعجیزە گـــەورەکان کە خودای گـــەورە ڕێزی پـــێ لێ نـــاوە لـــە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بۆیـــە واجبـــە لەســـەر موســـڵمان بـــاوەڕی تـــەواوی بەهەردووکیان هەبێت، کە دوو تایبەتمەندی مەزنن خودای گەورە لەنێوان هەمـــوو پێغەمبەرەکاندا تایبەتـــی کردووە پێغەمبەری ئیســـلامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دروست نییە بۆ موســـڵمان بە بۆنەی شەوڕەووی بەرزبوونەوەوە

ئاهەنگ بگێڕێت، هەروەك چۆن دروســـت نییە نوێژێك تایبەت بكات بەم ڕووداوەوە، وەك ئەوەی هەندێك خەڵـكی عەوام و نەخوێندەوار دەیكەن، چونكە ئەمە كارێكی بیدعە و داهێنراوە لەدیندا و پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەیكردووە و كەســـیش لەســـەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە ئەنجامی نەداوە و ئەوەشی لەئەهلی علیم ئەوان بەپێشڕەوی خۆیان دەزانن دانیان پێدانەناوە.

زانایانی ئەهلی سوننەتیش ئەوەیان روون كردوەتەوە، كە نوێژی شەوی بیســـت و حەوت لە مانگی ڕەجەب و هاوشێوەكانی»هەر هەمووی بیدعە و داهێنـــراوون لەدینی خوادا، وە كارێكی نامەشروعیشـــە بەڕای زۆربەی پێشەوایانی ئیســـلام، كەسێك نەزان وجاهلیش نەبێت كارێكی لەو شێوەیە داناهێنێت»پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد»[1] واتا: هەركەســـێك كارێـــك لەم فەرمانەی ئێمەدا دابهێنێت و لەم دینەدا نەبێت ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەدرێتەوە بەسەریدا.

---

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٩٧).

## باسی تۆیەم
## وتەی ڕاست لەسەر ژیانی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت)

دەقەکان بەڵـــگەن لەسەر مردن و وەفاتی گشت پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) جگە عیســا نەبێت (ســەلامی خودای لەســەر بێت) کە بەدەقی قورئان و ســـوننەت باســـی ئەوە کــراوە کە نەمـــردووە و جارێك ناشمرێت، بەڵـــکو خودای گەورە بە زیندوویی بەرزی کردوەتەوە، وەك لەمەودوا باسی لێوە دەکەین.

ئەو بەڵـــگانەیش کەباس لەمردنی پێغەمبەران دەکەن، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ ٱلۡمَوۡتُ﴾ [البقرة: ١٣٣] واتا: ئاخۆ ئێوە (ئەی جولەکە و گاورەکان) لەسەرەمەرگی یەعقووبدا، ئامادە بوون تابزانن لەوکاتەدا چی گـــوت بەکوڕەکانی؟ وە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ جَآءَكُمۡ يُوسُفُ مِن قَبۡلُ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلۡتُمۡ فِي شَكّٖ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلۡتُمۡ لَن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِهِۦ رَسُولٗاۚ﴾ [غافر: ٣٤] واتە: سوێند بەخودا بەڕاستی کاتی خۆی یوسف بەڵـــگە و نیشانەی زۆری بۆ هێنان تا ڕێبازی خواناسی بگرنەبەر، کەچی بەردەوام لە گوماندا بــوون، بەرامبەر ئەو بەرنامەو ئاینەی کە بــۆی هێنابوون، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەوســا وتتان: ئیتر تەواو هەرگیز خودا دوای ئەم پێغەمبەری تــر نانێرێت، وە خودای گەورە لەبارەی وەفاتی ســولیمانەوە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ﴾ [ســبأ: ١٤] واتا: ئەمجا پاش ئــەو هەموو دەســەڵاتە کاتێ بڕیاری مردنمان بۆ داو مراندمان، هیچ شــتێك جنۆکەی ئــاگادار نەکرد بەمردنی (ســولەیمان) مۆرانــە نەبێــت کــە داردەســتەکەی دەخــوارد، خودای

گـــەورە لەگەڵ پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەدوێـــت ودەفەرمووێت پێی: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ [الزمـــر: ٣٠] واتا: ئـــەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی تۆ دەمـــری و ئەوانیش دەمرن.

هەندێك لە ڕاڤەكارانی قورئانی پیرۆز دەڵـــێن: خودای گەورە مردنی پێغەمبەری (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاگەیاند، لەهەمانكاتدا مردنی هەموو خەڵـكی بەگشـــتی و هاوەڵەكانیشـــی ڕاگەیاند، ئەمەش ئاگاداركردنەوەیەك بوو بۆ هاوەڵە بەرێزەكان كە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەمرێت.

هەروەهـــا خودای گـــەورە هەواڵـــی داوە بەمردنی هەموو كەســـێك وفەرموویەتـــی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ﴾ [آل عمـــران: ١٨٥] واتـــــا: هەموو كەسێك بێ جیاوازیی تامی مردن دەچێژێت.

ئەم ئایەتانە هەموو بەڵـگەن لەسەر وەفاتكردنی پێغەمبەران، وەئەوانیش وەك هەموو كەســـێكی دیكە دەمرن و دەبێت مردن بچێژن، جگە لە عیســـا نەبێت (ســـەلامی خودای لێ بێت) كە خودای گەورە بەرزی كردوەتەوە بۆ لای خۆی، وەك فەرموویەتی: ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ [آل عمران: ٥٥] واتا: ئەی عیســـا! بەڕاستیی من دەتبەمەوە بۆ لای خۆم و، هەتا ڕۆژێ ئەتگەیەنمە كاتی دیارییكراوی ئاســـایی بۆ ژیانت دەمێنی و، ئەوســـا ئەتمرێنم، واتا: ئێستا بەر لەهاتنی كۆتایی ژیانت ناهێڵم ئەوانە بتكوژن و بمریت، وەســـەرت دەخەم بۆ ئاســـمان بۆ لای خۆم، وە لەبەدكاری ئەوانـــە كەباوەڕیان نەهێناوە پاكت دەكەمـــەوە، واتا: ڕزگارت دەبێ و ناهێڵم زیانت پێبگەیەنن.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە عیسای بەرزکردوەتەوە بەلاشە و بەڕۆحەوە بۆ لای خۆی بۆ ئاسمان، وە ئەو نەمردووە، وە ئەو وەفاتەیشی کە لەئایەتەکەدا باسکراوە کە فەرموویەتی: ﴿مُتَوَفِّيكَ﴾ لەتەفسیرەکەیدا هاتووە کەمەبەست پێی بەرزکردنەوەیە بۆ لای خۆی، ئەمەش ڕای ابن جریر الطبری یە، وە زۆربەی موفەسرینیش ڕایان وایە ئەو وەفاتەی کەلە ئایەتەکەدا هاتووە، مەبەست پێی خەوە، بەبەڵگەی ئەوەی خودای گەورە لەچەند جێگای تردا خەوی بە وەفات ناوبردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا﴾ [الزمر: ٤٢] واتا: خودا ئەو خوایەیە کە بەشەو دەتانخەوێنێت، لێرەدا وشەی (يَتَوَفَّىٰكُم) بەمانای خەولێکەوتن هاتووە.

بەمەش سەلما کە عیسا (سەلامی خودای لێ بێت) ئێستا زیندووە لەئاسمانە و نەمردووە، لەهەمان کاتدا خودای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات پێش هاتنی قیامەت خودای گەورە ئەویش دەمرێنێت، وەك فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ قَبْلَ مَوْتِهِۦ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا﴾ [النساء: ١٥٩] واتا: کاتێ عیسا لەئاسمان دێتە خوارێ، گشت خاوەن کتێبەکان بەر لەمەرگی عیسا بڕوای پێدێنن، وە لەڕۆژی دواییشدا دەبێت بەشاهید بەسەریانەوە. ئەم مردنەی لەم ئایەتەدا باسکراوە، مەبەست لێی مردنی عیسا یە (سەلامی خودای لێ بێت) لەکۆتایی زەماندا، دوای ئەوەی لەئاسمانەوە دێتە خوار و خاچ دەشکێنێت و بەراز دەکوژێت و جزیە و سەرانە دادەنێت، هەروەك لەم بارەیەوە فەرموودەگەلێك لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیشدا هاتووە، کەهەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە عیسا لەکۆتای زەماندا لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە.

وە دەوترێــت گوایە لەناو پێغەمبەراندا ئیدریســیش نەمردبێت، چونکە هەندێك لەزانایان باسی ئەوەیان كردووە كە نەمردووە، بەڵکو خودای گەورە بەرزی کردۆتەوە بۆلای خۆی وەك چۆن عیسا یشی بەرزکردۆتەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆ ئەم مەسئەلەیەش بەڵگە بەم ئایەتە دەهێننەوە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِدۡرِيسَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا * وَرَفَعۡنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا﴾ [مريم: ٥٦، ٥٧] واتا: باســی ئیدریس بکە لە قورئانــدا بێگومان پێغەمبەرێکی ڕاستگۆ بوو * ناومان بەرزکردۆتەوە لەناو خەڵــکیدا و پلەوپایەشی لەناو نزیکانی خوادا.

موجاهدی لەتەفســیری ئەم ئایەتانەدا دەڵــێت: ئیدریــس پێغەمبەر نەمردووە و بەرزکراوەتەوە هەروەك عیســا چۆن بەرزکرایەوە، عبدالله ی کوڕی عەباسیش دەڵێت: بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان و لەوێ مرد، هەندێکی تر دەڵــێن: بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمانی چوارەم و ئیتر خودای گەورە زاناو شــارەزاترە، لێرەدا مەبەســت لەو جیاوازیەیە کە کەوتووەتە نێوان زانایان لەبارەی مردنی ئیدریسەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دڵنیا بین لەوەی ئەگەر نەشــمردبێت ئەوە دەبێت هەر بمرێت، چونکە ئایەتەکە گشتگیرە و حوکم بەسەر هەموو کەسێکدا دەدات، وەك فەرموویەتی: ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ﴾ [آل عمران: ١٨٥] واتا: هەموو کەسێك بێ جیاوازیی تامی مردن دەچێــژێت.

جگە لە عیســا و ئیدریس (ســەلامی خوایان لێ بێت) هیچ کەســێك لەو زانایانــەی کەڕاکانیان جێگای قبوڵە لای ئوممەتی ئیســلام نەیانوتوە کە هیچ پێغەمبەرێکی تــر لەژیاندا ماوە و نەمــردووە، چونکە هەموو ئەو دەقانەی پێشــتر باسمانکردن بەڵــگەن لەســەر مردنی پێغەمبەران، بەڵام

ئەوەی لەهەندێك لەدەقەکاندا هاتووە کەمێك ئیشـــکالی دروســـتکردووە لای هەندێك لەخەڵـــکی، وەك ئەو فەرموودەی لەباســـی بەرزبوونەوەی پێغەمبـــەردا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـــۆ ئاســـمان ئاماژەمـــان پێـــدان، کـــە لەو بەرزبوونەوەیەدا هەندێك لەپێغەمبەرانی بینیوە وقســـەی لەگەڵدا کردوون، ئەو فەرموودەیەی بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە (خودای لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە، کە تێیدا هاتووە، «ثم عرج بنا إلى السماء فاستفتح جبريل فقيل: من أنت؟ قـــال جبريل. قيل: ومن معك؟ قال: محمد. قيل: وقد بعث إليـــــه.. قال: قد بعـــث إليه، ففتح لنا. فإذا أنا بآدم، فرحب بي ودعـــا لي بخير، ثم عرج بنا إلى السماء الثانية فاستفتح جبريل عليه السلام فقيل: من أنـــت؟ قـال جبريل. قيل: ومن معك؟ قال: محمـــد. قيل: وقد بعث إليه. قال: قد بعـــث إليه، ففتح لنا. فإذا أنا بابني الخالة عيسى بن مريم ويحيى بن زكريا صلـــوات الله عليهما. فرحبا بي ودعوا لي بخير»[1] واتا: ئەمجا بەرزکراینەوە بۆ ئاســـمان، جوبرەئیل داوای کرد بکرێتەوە، وترا: تۆ کێیت؟ فەرمووی: جوبرەئیلم، وترا: ئەوەی لەگەڵ تۆیە کێیە؟ فەرمووی: محمدە، وترا: ئایا وەحی بۆ ڕەوانەکرا؟ فەرمووی: بەڵێ وەحی بۆ ڕەوانەکرا، ئەمجا بۆیان کردینەوە، گەشتم بە ئادەم پێشوازی لێکـــردم و نزای خێری بۆکردم، ئەمجا بەرزکراینەوە بۆ ئاســـمانی دووەم، جوبرەئیـــل دوای کرد بکرێتەوە، وترا: تۆ کێیـــت؟ فەرمووی: جوبرەئیلم، وترا: ئەوەی لەگـــەڵ تۆیە کێیە؟ فەرمووی: محمـــدە، وترا: ئایا وەحی بۆ ڕەوانەکرا؟ فەرمووی: بەڵێ وەحـــی بۆ ڕەوانەکرا، ئەمجا بۆیان کردینەوە، گەشتم بەهەردوو کوڕی پوورەکە، عیسای کوڕی مەریم و یەحیای کوڕی

(١) صەحیحی بوخاری بەژمارە ٣٥٧٠، وموسلیم بەژمارە ١٦٢.

زەکەریا (صەڵات و سەلامی خوایان لێ بێت) بەخێرهاتنیان کردم و نزای خێریان بۆ کردم.

تا کۆتایی فەرموودەکە کە باسی بینینی یوسف دەکات لەئاسمانی سێهەم کە خودای گەورە نیوەی جوانی دونیای پێداوە، ئەمجا باسی بینینی ئیدریس دەکات لەئاسمانی چوارەم، و هارون لەئاسمانی پێنجەم، و موسا لەئاسمانی شەشەم، و ئیبراهیم لەئاسمانی حەوتەم کە پاڵی دابوو بە (بیت المعمور)ـەوە، هەموویان پێشوازیان لێکرد و نزای خێریان بۆ کرد.

هەروەها وەك ئەوەش لەفەرموودەیەکی عبداللەی کوڕی عەباس دا هاتووە، و بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «رأيت ليلة أسري بي موسى رجلا آدم طوالا كأنه من رجال شنوءة، ورأيت عيسى رجلا مربوعا مربوع الخلق إلى الحمرة والبياض سبط الرأس»[١] واتا: ئەو شەوەی کە شەوڕەویان پێکردم موسام بینی پیاوێکی ئەسمەری باڵابەرز بووە، وەك پیاوانی قەبیلەی (شنوءة) کە پیاوەکانیان باڵابەرز و کەڵەگەتن، وە عیسام بینی پیاوێکی چوار شانەی لاشە مام ناوەند بوو نەزۆر درێژ بوو نەکورتیش بوو نە زۆر قەڵەو بوو نە لاوازیش، ڕەنگی سوور و سپی بوو، قژی بەردابوویەوە.

هەندێك لەخەڵکی لەم فەرموودانە و هاوشێوەی ئەم فەرموودانە وا تێگەیشتوون کە پێغەمبەران نەمردوون، بەڵگەش بەم فەرموودانە دێننەوە کە ئاماژەمان پێدا، بەڵام هەق و ڕاستی ئەوەیە کە پێغەمبەران هەر هەموویان مردوون ئەوانەیان نەبێت کە لەدەقەکانی قورئان و سوننەتدا

(١) صەحیحی بوخاری بەژمارە ٣٢٣٩، وموسلیم بەژمارە ١٦٥.

هاتوون، وەك عیسا (سەلامی خودای لێ بێت) یان وەك ئیدریس پێغەمبەر کە هەندێك لەزانایان وای بۆ دەچن، بەڵام غەیری ئەم دوو پێغەمبەرە هەموو دەقەکان بەڵگەی تەواون لەسەر مردنیان و هیچ گومانێکیش نییە لەم مەسئەلەیەدا، وەك پێشتر بەڵگەکانمان خستەڕوو، بەڵام بەنسبەت ئەوەی لەم فەرموودانەدا هاتوون، کە پێغەمبەر (ﷺ) لە شەوی بەرزبوونەوەکەیدا بۆ ئاسمان پێغەمبەرانی بینیووە هەر هەموویان هەق و راستن و هیچ دژیەکی و پێچەوانەیەکیش نابینرێت لەنێوان ئەو دەقانەی کە باس لەمردنیان دەکەن لەگەڵ ئەو فەرموودانەی کە باسی لەبینینیان دەکات لەو شەوەدا، چونکە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو شەوەدا بینیویەتی رۆحی پێغەمبەرەکان بووە کە لەسەر شێوەی لاشەکانیان بینیونی، بەڵام لاشەکانی خۆیان لەناو گۆڕەکانیاندایە، ئەوانەیان نەبێت کە دەقەکانی قورئان و سوننەت باس لەبەرزکردنەوەیان دەکەن وەك عیسا، ئەمەش رای پێشەوایانی لێکۆڵەرەوەی ئەهلی سوننەتە لەم مەسئەلەیەدا.

یەکێك لە پێشەوا زۆر زاناکان لە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسئەلەیەدا دەڵێت: «لەشەوی بەرزبوونەوەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەرانی بینیوە، کاتێك ئادەمی بینیوە لە ئاسمانی دونیا، و یەحیا و عیسا لە ئاسمانی دووەم، و یوسف لەئاسمانی سێهەم، و ئیدریس لەچوارەم، و هاورن لە پێنجەم، و موسا لەشەشەم، و ئیبراهیم لەحەوتەم، ئەمە بینینی رۆحەکانیان بووە کە هاتوونەتە سەر وێنەی لاشەکانیان، هەندێك لەخەڵکی ئەڵێن: پێدەچێت هەمان ئەو لاشانە بووبێت کە لە گۆڕەکانیاندا بەخاك سپێردراوون، ئەمە هیچ نییە، بەڵام عیسا بە ڕۆح و لاشەکەیەوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان،

بەهەمان شێوە دەوترێت بۆ ئیدریســـیش، بەڵام ئیبراهیم و موسا و غەیری ئەوانیش لەگۆڕەکانیاندا بەخاك سپێردراون و شاراونەتەوە.

لێرەدا دەبێت باسی مەسئەلەیەکی تریش بکەین، ئەویش ئەوەیە هەروەك چۆن خودای گەورە ڕێزی لەپێغەمبەران ناوە ڕۆحەکانیانی بەرزکردوەتەوە بۆ ئاسمان و شاد و بەهرەمەندن بە نیعمەتی خودای پەروەردگار، بەهەمان شێوە حەرامیشی کردووە لەســـەر خاك کە لاشەیان بخوات و بیانڕزێنێت، هـــەروەك لەفەرمودەیەکدا کە ئەوســـی کوڕی ئەوس (خـــوای لێ ڕازی بێـــت) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن من أفضل أيامكم يوم الجمعة، فأكثروا علي من الصلاة فيه، فإن صلاتكم معروضة علي»فقالوا: يا رســـول الله، وكيف تعرض صلاتنا عليـــك وقد أرمت؟ قال: يقول: بليت، قال: «إن الله عَزَّوَجَلَّ حرم على الأرض أجســـاد الأنبياء»[1] واتا: باشترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینیە، لەو ڕۆژەدا زۆر صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە صەڵاواتەکانتانم بۆ نیشـــان دەدرێت، وتیان: ئـــەی پێغەمبەری خودا چۆن صەڵاواتەکانمان پیشـــانت دەردێت لەکاتێکدا تۆ لەناو خاکدا ڕزیوویت؟ فەرمووی: ئەوترێت کەڕزیویت، ئەمجا فەرمووی: خودای گەورە حەرامی کردووە لەسەر زەوی کە لاشەی پێغەمبەران بڕزێنێت.

بەمـــەش ئەوەی هەق بوو لەم مەســـئەلە گرنگـــەدا روون بوویەوە، کە پێویســـت دەکات لەســـەر مرۆڤی موســـڵمان باوەڕی پێـــی بێت، خودای گەورەش زاناترە.

(١) ئەحمەد لە موسنەد ریوایەتی کردووە: ٤ / ٨ وأبو داود لەسونەنەکەیدا ١ / ٤٤٣ بەژمارە ١٠٤٧ والدارمی لەسونەنەکەیدا١ / ٣٠٧ بەژمارە ١٥٨٠، ئیمامی نەوەوی وتوویەتی ئیسنادە کەی صەحیحە.

## باسی دەیەم
## موعجیزەی پێغەمبەران و جیاوازی
## لەنێوان موعجیزەی ئەوان وکەراماتی ئەولیائدا

**پێناسەی موعجیزە:**

(المعجزة): لە وشـــەی (العجز) ـــەوە وەرگیراوە، کە مەبەست پێی بێ دەسەڵاتی و نەتوانینە.

لە فەرهەنگەکانی زمانیشدا هاتووە: مەبەست لە موعجیزەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەیــە کــە نەیارەکانی پێ دەمکوت کــردووە لەوەی کە بتوانن وەك ئەو بکــەن، ئەو پیتی هائەش لەکۆتاییەوە کــە هاتووە بۆ زیاتر موبالەغەیە.

موعجیزەیش لە زاراوەی شــەرعدا: مەبەست لەو کاروفەرمانانەیە کە بەدەر لەتوانای سروشتی مرۆڤن، و لەسەر دەستی پێغەمبەراندا ڕوودەدەن بۆ ئەوەی بەڵــگەبن لەســەر ڕاســتی پێغەمبەرایەتیەکەیان، و هیچ کەس نەیتوانییوە لەو کارانەدا دژایەتیان بکات.

کاتێك دەڵــێین (لەدەرەوەی توانای سروشتی مرۆڤن) بەمەش هەموو ئــەو کارو فەرمانانەی کــە پێغەمبــەران کردویانن و لــەدەرەوەی توانای سروشتی مرۆڤەوە نەبوون بە موعجیزە دانانرێت، وە کاتێکیش دەڵــێین: (لەسەر دەســتی پێغەمبەراندا ڕوو دەدەن) ئەوەی لەســەر دەستی پیاوانی خواناســدا ڕوودەدەن و لەدەرەوەی توانای سروشتی مرۆڤن بە موعجیزە دانانرێت، بەڵــکو پێــی دەوترێت کەراماتی ئەولیــاء، بەدەرەجەی یەکەم

هەموو ئەو شتانەیشی کە جادوو گەران و فالّچی و کاهینەکان پێی هەڵدەسن، بەموعجیـــزە دانانرێـــت چونکە ئەو کارانـــە لە خراپتریـــن مەخلوقەکانی خوداوە دەردەچن، وەکە دەڵـــێین: (بۆ ئەوەی بەڵـــگەبن لەســـەر ڕاستی پێغەمبەرایەتیەکەیان و هیچ کەس نەیتوانییوە لەو کارانەدا دژایەتیان بکات) هەموو ئەو بانگەشە و دیعایانەی کە لەجادوگەر وهەواڵدەرە درۆزنەکانەوە دەردەچێت کە ســـەلامەت نابێت لە دژایەتیکردن، بەڵـــکو نموونەی ئەو جادوگەرانە ئەتوانن دژایەتی هەندێکـــی تریان بکەن، ئەمەش بەموعجیزە دانانرێت، چونکە هەر هەموویان لە چوارچێوەی جادوو فڕوفێڵدان.

**چەند نموونەیەك لە موعجیزەی پێغەمبەران:**

موعجیزەی پێغەمبەران زۆرن:

یەکێك لەموعجیزەکانی صالح پێغەمبەر (ســـەلامی خودای لێ بێت) ئەوەبوو کاتێك گەل و هۆزەکەی داوایان لێکرد لەو بەردەی کە بۆی دیاری دەکەن وشترێکی مێینە دەربهێنیت، پاشان وەصفی ئەو وشترەشیان بۆ کرد کە چۆن بێت، ئەویش داوای لەپـــەروەردگاری کرد کە ئەوەیان بۆ بکات، ئەوە بـــوو خودای گەورەش فەرمانی کرد بەو بەردە کە وشـــترێکی گەورە و سەرسوڕهێنەریان بۆ دەربهێنێت بەو شێوەیەی کە داوایانکردبوو، وەك لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةًۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [الأعـــراف: ٧٣] واتـــا: بۆ گەلی ســـەمودیش صالّحی برایانمان نارد فەرمووی: ئـــەی گەلەکەم خودا بەتەنها بپەرستن جگەلەو پەرستراوێکی تری بەهەقتان بۆ نییە، بێگومان موعجیزەیەکی

ڕوونتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ئەمە وشتری خودایە کە موعجیزەیەکە بۆ ئێوە جا لێیگەڕێن با بخوا و بلەوەڕێ لە زەوی خوادا و ئازاری مەدەن و دەستی بۆ مەبەن بە خراپە (ئەگەر وابکەن) تووشی سزایەکی سەخت و بەئازار دەبن.

لە موعجیزەکانی ئیبراهیمیش (سەلامی خودای لێ بێت) ئەوە بوو ئەو ئاگرەی کە گەلەکەی بۆیان داگیرساند بۆ ئەوەی سزای پێ بدەن و لەناوی بەرن خودای گەورە ئاگرەکەی بۆ ساردکردنەوە وسەلامەتی کرد لەسەری، وەك فەرموویەتی: ﴿قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ۞ قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ۞ وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَـٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ﴾ [الأنبياء: ٦٨- ٧٠] واتا: هەندێك (لە بت پەرستان) وتیان (ئیبراهیم) چاك بسووتێنن و خواکانتان (بتەکانتان) سەربخەن، ئەگەر ئێوە ئەو کارە دەکەن ۞ (کاتێك ئیراهیمان خستە ناو ئاگرەکەوە) وتمان ئەی ئاگرەکە ساردبەرەوە و بێ زیان بە لەسەر ئیبراهیم ۞ ئەوان ویستیان پیلان بگێڕن لە ئیبراهیم (بە سووتان و لەناو بردنی) بەڵام ئێمە ئەوانمان کردە زەرەرمەندترین و (دۆڕاوترین) کەس.

لە موعجیزەکانی موساش (سەلامی خودای لێ بێت) ئەو گۆچانە بوو بەدەستیەوە کاتێك فڕێی دەدا دەبوو بە ئەژدیهایەکی گەورە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَـٰمُوسَىٰ ۞ قَالَ هِىَ عَصَاىَ أَتَوَكَّؤُا۟ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ ۞ قَالَ أَلْقِهَا يَـٰمُوسَىٰ ۞ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ۞ قَالَ خُذْهَا وَلَا تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ﴾ [طه:١٧-٢١] واتا: خوا فەرمووی ئەی مووسا ئەوە چییە بەدەستی ڕاستەوە ۞ مووسا فەرمووی ئەوە گۆچانەکەمە خۆم دەدەم بەسەریدا (کاتی ڕۆیشتن) و گەڵای درەختی پێ دەوەرێنم بۆ مەڕەکانم وە چەند کار و پێویستی تری پێ دەکەم ۞ خودا فەرمووی ئەی

(موسا) گۆچانەکەت فڕێ بدە * جا ئەویش فڕێیدا، دەستبەجێ گۆچانەکە بووە بە مارێك بە خێرایی دەڕۆیشت موسا ترسا * خودا فەرمووی: بیگرە و مەترسە، وەک ئەوسای خۆی لێدەکەینەوە.

وە لەموعجیزەکانی تری موسـا، ئەوە بوو دەسـتی دەخسـتە باخەڵی کراسـەکەیەوە، کە دەسـتی دەردەهێنـا وەك مانگ دەدرەوشـایەوە بەبێ ئـەوەی زیانـی هەبێـت بـۆی، وەك خـودای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ﴾ [طه: ٢٢] واتا: دەسـتت بخـە باخەڵتەوە،ئەوسـا بەبێ ئازار دێتە دەرێ، سـپی و بـێ عەیب و بێ نەخۆشـی وەك بەفری لێهاتووە و دەدرەوشێتەوە، واتا: نە تووشی بەڵەکی بووە، نەهیچ شتێکی تر، بەڵـکو هەروەك چرایەك بۆت هەڵـگیرسابێ وایە، ئەوەیش بێجگە لە گۆچانەکەت موجیزەیەکی ترە.

لە موعجیزەکانی عیساش (سەلامی خودای لێ بێت) ئەوە بوو کە لەقوڕ شـێوەی باڵندەی دروستدەکرد پاشان کە فووی پێدادەکرد بەفەرمانی خودا دەبوو بە باڵندەی راسـتی و دەفڕی، کەدەستیشی دەهێنا بەسەر چاوی کوێر و کەسی تووش بوو بە بەڵەکی بە فەرمانی خودای گەورە چاك دەبوونەوە، وە بانگـی لەمردوو دەکرد لەنـاو گۆڕەکانیاندا بەفەرمانـی خودا زیندوو دەبوونەوە، لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ﴾ [المائـدة: ١١٠] واتـا: بەفەرمان و یارمەتی من شـێوەی پەلەوەرێکت لەقوڕ دەنەخشاند و سـاز دەکرد، بە فەرمان و دەسەڵاتی من دەبوو بە باڵندەیەك و دەفڕی، دیسـان وەهەر بە ئیزن و فەرمانی من کوێری

زگماك و بەڵەكت چاك ئەكردەوە، هەربــە كۆمەك و ئیزنی من بوو توانیت مردوو لەگۆڕ دەر بهێنی و زیندووی بكەیتەوە.

لەموعجیزەكانی پێغەمبەری خۆیشمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قورئانی پیرۆزە، گەورەتریــن موعجیزەیە لەناو هەموو موعجیــزەی پێغەمبەراندا، خودای گــەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [البقرة: ٢٣] واتا: ئەگەر سەبارەت بــەو قورئانەی ئێمــە ناردوومانەتە ســەر بەنــدەی خۆمــان موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێــوە دوودڵ و بەگومانــن، دەی هەوڵ بــدەن هیچ نەبێ بچووكترین سوورەتێك وەك ئەو بێنن، وە لەجێگایەكی تردا دەفەرمووێت: ﴿قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ [الإســراء: ٨٨] واتــا: ئەی موحەممــەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڵێ ســوێند بەخودا ئەگەر ئادەمی و جنۆكە هەمــوو كۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن وێنەی ئەو بێنن هەرچەندە پشتیوانی یەكتریش بن.

وەیەكێكی تــر لەموعجیزەكانی پێغەمبــەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەتكردنی مانگ بوو، كاتێك خەڵـكی مەككە داوایان لێكرد نیشانەیەكیان پیشان بدا، ئەوە بــوو بەتەنها ئاماژەكردن بۆ مانگ، مانگ لــەت بوو، ئەم ڕووداوەش خەڵـكی مەككە و جگە لەوانیش خەڵـكێكی تریش بینیان، وەك لەبارەیەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ * وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ﴾ [القمــر: ١-٢] واتا: ڕۆژی قیامەت نزیک بۆتەوە و مانگیش لەت بوو، * وە ئەگەر بێ بڕوایان موعجیزەیەك ببینن پشت هەڵدەكەن وە دەڵـێن ئەمە جادوویەكی بەردەوامە و موحەممەد لێیان دەكات.

وەیەکێکی تر لەموعجیزەکانی پێغەمبەری پێشـــەوامان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شەورەوی و بلنّدبوونەوەی بوو بۆ ئاسمان، وەك خودای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموویت: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا﴾ [الإســراء: ١] واتا: پاکی و بێگەردی و ســتایش بۆ ئەو زاتەی کە شەورەوی کرد لە بەشـــێکی کەمی شـــەودا بەبەندەی خۆی محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە مزگەوتی (حــرام، کەعبەی پیــرۆزەوە) بۆ مزگەوتــی (الاقصى) لە (بیت المقدس) ئــەو مزگەوتەی ئێمە دەوروبەریمان پیرۆزو پیتدارکرد بەجۆرەها نیعمەت و میوەو میوەجات و، کردیشمانە بارەگای پەیامبەران ، تا هەندێ لە نیشانەکانی دەسەلأت و توانایی خۆمانی پێ نیشان بدەین لەو شەورەویەدا، بەڕاستی ئەو زاتە بیسەرو بینایە.

موعجیزەی پێغەمبەران زۆر زۆرن، بەتایبەتی موعجیزەکانی پێغەمبەری خۆمـــان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە خودای گەورە بەگەلێك موعجیزە و بەڵــگە ونیشانەی گەورە پشتگیری کرد، بەشێوەیەك ئەم موعجیزانەی پێغەمبەرمان بەهیچ کەســێکی تر لەپێغەمبەرانی پێش خۆی نەدراوە، ئەمەش کە باسمان کرد و ئاماژەمان پێدا تەنها بۆ نموونە هێنانەوە بوو، چونکە ئەگەر بمانەوێت باس لەهەموو موعجیزەی پێغەمبەران بکەین چەندان کتێب و نووسراوی دەوێت تابتوانین باس لە ووردەکاری هەموویان بکەین.

## پێناسەی کەرامەت:

(الكرامة) مەبەست لێی ئەو کار و فەرمانەیە کە بەدەرە لە توانای مرۆڤ و لەســەر دەســتی بەندەیەك لەبەندە خواناس و بیروباوەڕ ڕاســت و کار دروستەکانی غەیری پێغەمبەراندا ڕوو دەدات.

کاتێك دەڵـــێین (کارو فەرمانێکی بـــەدەر لەتوانای مرۆڤە) هەموو ئەو کاروفەرمانانەی کە شتێکی ئاسایین و لەتوانای مرۆڤدان ناچنە ناو پێناسەی کەرامەتەوە.

کاتێکیش دەڵـــێین: (لەسەر دەستی غەیری پێغەمبەراندا ڕوو دەدات) هەموو ئەو کارو فەرمانانەی کە بەدەرن لە توانای مرۆڤ و لەسەردەســـتی پێغەمبەراندا ڕوودەدەن ناچنە ناو ئەم پێناسەیەوە، چونکە ئەمەی دواتر پێی دەوترێت موعجیزە.

کاتێك دەڵێین (لەسەر دەستی کەسێکی خواناسدا ڕوودەدات) هەموو ئەو کارە ناسروشتیانەی کەلەسەر دەستی جادوگەر و فاڵچی و کاهنەکاندا ڕوودەدەن ناچنە چوار چێوەی کەرامەتەوە.

کەراماتی خواناسان و ئەولیاکانیش زۆرن، هەندێکیان ثابت و جێگیر بوون بۆ خواناسانی ئوممەتە پێشـــووەکان، وەك ئەوەی خودای گەورە بۆ مەریەمی دایکی عیســـای کرد سەلامی خوایان لێ بێت وەك فەرموویەتی: ﴿ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا قَالَ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴾ [آل عمران: ٣٧] واتا: هەر کاتێک زەکەریا (سەلامی خودای لێ بێت) دەچوو بۆ ســـەردانی مەریەم لە شوێنی خواپەرســـتیەکەیدا دەیبینی ڕزق و ڕۆزیی ونـــاز و نیعمەتی جۆراوجۆری لایە، زەکەریا: وتی ئەی مەریەم ئەم هەموو ڕزق و ڕۆزییـــەت لەکوێ بوو؟!، مەریەم لـــە وەڵامیدا وتی: ئەوە لە لایەن خواوەیە، ئەو بۆم دەنێرێت.

وە یەکێکـــی تر لەکەراماتـــی ئوممەتانی پێشـــوو ڕووداوی هاوەڵانی ئەشکەوت بوو، کە خودای گەورە زیاتر لەسێ سەد ساڵ خەوی لێ خستن

بەبێ ئەوەی برسیان ببێت و لاشەکانیشیان تێك بچێت، پاشان خودای گەورە بەفەرمان و ئیزنی خۆی خەبەری کردنەوە لەو خەوە قوڵ و دووردرێژە.

نموونـــەی کەراماتی ئـــەم ئوممەتەیش ئوممەتی ئیســـلام: ئەوەی کە زانایان باســـیان لێکردووە و جێگر و ثابت بووە، کەرامەتی أسیدی کوڕی خضیر بوو (خودای لێ رزای بێت) کە یەکێکە لەهاوەڵە بەڕێزەکان، کاتێك سورەتی کەهفی دەخوێند لەئاسمانەوە سێبەرێك هاتە خوارەوە وەك زینی وولاخ، کـــە بریتی بوون لەفریشـــتەکان دەهاتنە خوارەوە بـــۆ گوێ گرتن لەخوێندنی قورئانەکەی.

یان گێڕدراوەتەوەیش کە فریشـــتەکان ســـەلامیان کردووە لە عیمرانی کوڕی حوصەین (خـــودای لـــێ ڕازی بێت) ئەمەیش هـــەر یەکێك بووە لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئەوەیش ثابت بووە کە ســـەلمانی فارســـی و ئەبو دەرداء (خوایان لێ ڕزای بێت) کاتێك لەدەفرێکدا چێشتیان دەخوارد، دەفر و چێشتەکەیش یاد و ذیکر و تەسبیحاتی خوایان دەکرد.

وە خوبەیبی کوڕی عەدی (خودای لێ ڕازی بێت) کاتێك دیل بوو لای قوڕەیشـــیەکانی شاری مەککە، خودای گەورە شـــەرەفمەندی کرد بەوەی ترێی بۆ دەهات بۆناو زیندانەکەی لەکاتێکدا لەو وەرزەدا لەشاری مەککەدا دەنکە ترێیەکیش نەبوو.

عەلای حەضرەمیش (خودای لێ ڕازی بێت) بەخۆی و ســـوپاکەیەوە بەســـەر دەریادا پەڕیەوە بەبێ ئەوەی کە زینی یەکێك لەسوارەکانیشـــی تەڕ

ببێت، ئەبو موســـلیمی خەولانیـــش (ڕەحمەتی خودای لـــێ بێت) بەدیل گیرا لەلایەن ئەسوەدی عەنەســـییەوە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، ئەســـوەد هەســـتا بەســـزادانی ئەبو موســـلیمی خەولانی و پێی وت: ئایا شـــاهیدی ئەدەیت کە من پێغەمبەری خوام؟ لەوەڵامدا وتی: من نابیستم، پێی وت: ئەی شاهیدی ئەدەیت کە محمد پێغەمبەری خودایە؟ لەوەڵامیدا وتی: بەڵێ، ئەمجـــا فەرمانی کرد بیخەنە ناو ئاگـــرەوە، کاتێك فڕێیان دایە ناو ئاگرەکەوە بینیان ئەبوموسلیم خەولانی لەناو ئاگرەکەدا نوێژ دەکات و ئاگرەکەی ســـارد بوویەوە و ســـەلامەت و بێ زیان بوو لەسەری، ئەمانە و چەندان نموونەی تر کە لەکتێبەکانی مێژوودا بەسەنەدی راست و دروست بۆمان گێڕدراوەتەوە.

**جیاوازی نێوان موعجیزە و کەرامەت:**

جیـــاوازی نێـــوان موعجیزە و کەرامـــەت، موعجیـــزە دەبێت لەگەڵ بانگەشـــەی پێغەمبەرایەتیدا بێت، بەپێچەوانەی کەرامەتەوە وە خاوەنەکەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ناکات، بەڵـــکو ئەو کەرامەتەیشی کەڕوویداوە بۆی بەهۆی شوێن پێهەڵـــگرتن و شوێنکەوتن و ئیستقامەی بووە لەسەر ئەو شەریعەتەی کە پێغەمبەر (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناویەتی، کەواتە موعجیزە بۆ پێغەمبـــەران دەبێت کەرامەتیش بۆ ئەولیاکانی خودا، بەڵام هەردووکیان لەیەك خاڵدا کۆدەبنەوە کە موعجیزە و کەرامەتیش فەرمان و کارێکن بەدەر لەعورف و عادەتی سروشتی خەڵـکی.

هەندێك لەپێشـــەوای زانایانیش وای بۆچوون: لەڕاستیدا کەراماتی ئەولیـــا دەچێتە نـــاو موعجیـــزەی پێغەمبەرانەوە، لەبەر ئـــەوەی کەرامات

لەسەر دەستی یەکێك لەخواناسەکاندا روو دەدات ئەویش بەشوێن کەوتن و شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەر دەبێت، کەواتە هەموو کەرامەتی خواناسێك موعجیزەی پێغەمبەرەکــەیەتی، کە لەسەر شەریعەتەکەی ئەو خواپەرستی وعیبادەتی کردووە.

بەمــەش روون بوویەوە ناوهێنانی موعجیزە بــە کارە بەدەر لەعادەت و عورفەکانی مرۆڤ بۆ پێغەمبــەران، وە ناوهێنانی کەرامەت بەکارە بەدەر لەعادەت و عورفەکانی مرۆڤ بۆ خواناسان، دوو دەستەواژەن کە لەقورئان و ســونەتدا نەهاتوون، بەڵــکو زانایان پاشــتر ئەم ناوانەیان لێ ناوون، هەرچەنــد لەڕووی مەبەســت و مانایانەوە هەردووکیان لەژێر رۆشــنایی کۆمەڵێك دەقی راست و دروستدا ناویان لێنراوە.

**حوکمی باوەڕبوون بە موعجیزە و کەرامات:**

باوەڕبوون بەموعجیزەی پێغەمبەران و کەراماتی خواناسان بنەمایەکە لەبنەماکانی باوەڕ و ئیمان، کە دەقەکانی قورئان و سونەت بەڵگەن لەسەری، واقیعی حاڵ و بینراویش لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمان واجبە لەسەری باوەڕی بەڕاست و دروستیان هەبێت، چونکە ڕەدکردنەوە و بەدرۆزانینیان، و ئینکاری کردن و باوەڕ پێ نەکردنی شتێك لێیان سەرگەردانیەکی گەورە و تێهەڵچوونە لەگەڵ واقیعیشــدا، هەروەك پێشەوایانی ئیسلام و زانایانی ئەم دینە باوەڕیان وابووە.

## باسی یازدەیەم
## وەلی و ولایەت لە ئیسلامدا

### پێناسەی وەلی و ولایەت:

(الولاية) پێچەوانـــەی دوژمنایەتیە، ئەصلّی ولایەش: خۆشەویســـتی و نزیکیە، ئەصلّی دوژمنایەتیش ڕق و کینە و دووریە لەیەکتر.

ولایەش لە زاراوەی شەرعدا: بریتیە لە نزیکی لەخودای گەورە ئەویش بەگوێڕایەڵی کردن و فەرمانبەرداری ئەو.

(الولي) لەشەرعدا: بەو کەسە دەڵـێن کە دوو وەصف و ئاگاری بەرزی تێدا کۆبووبێتەوە، ئەوانیش: ئیمان و تەقوا، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ * ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ [يونس: ٦٢، ٦٣] واتا: ئاگادار بن بێگومان دۆســـتانی خودا ترسیان لەسەرنییە و خەفەتیش ناخۆن * ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە هەمیشە خۆیان دەپارێزن و لەخوا دەترسن.

### فەزڵی خواناسان و دۆستانی خوا هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا:

ئەگەر وەلی و دۆســـتانی خـــودا بریتی بن لەو کەســـانەی کە باوەڕدار و بەتەقوابن، ئەوا بەگوێرەی باوەڕ و تەقوای کەســـەکان خۆشەویســـتیان بۆ خـــودا دەبێت و هێندەش خودا ئەوانی خـــۆش دەوێت، بۆیە هەرکەس باوەڕەکـــەی چەندێك تەواوتر و تەقواکەی چەندێـــك زیاتر بێت، ئەوا ئەو کەسە لەخوای گەورە نزیکترە، لەبەر ئەوە خەڵـــکی لەم مەسئەلەیەدا یەك جۆر نیین، بەڵـــکو کامەیان زیاتر باوەڕدار و بەتەقواتر بێت ئەوەیان زیاتر خۆشەویستی خودایە و لەپەروەردگاریەوە زیاتر نزیکە.

چاکترین خواناســان و خۆشەویســتانی خودا پێغەمبەرەکانیەتی، وە چاکتریــن پێغەمبەرەکانیشــی ئەوانەن کــە پەیامیان بۆ هاتــووە و واجب کراوە لەسەریشیان کە بیگەیەنن بەخەڵــکی بەباوەڕدار و بێ باوەڕیش، وە چاکترین کەســانی ناو ئەمانەیش پێغەمبەرە خاوەن وورە و خۆڕاگرەکانن (أولــو العزم) ەکان، کەبریتین لەنوح و ئیبراهیم و موســا و عیســا و محمد (صەڵات و سەلامی خودا لەگشتیان بێت)، وەچاکترین کەسی ناو ئەم پێنج پێغەمبەرەیش، پێغەمبەری ئیسلامە محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێدا و باسمان کرد، ئەمجا ئیبراهیمە (سەلامی خودای لێ بێت) لەدوای ئەویش زانایان بۆچوونیان جیاوازە لەدیاری کردنی چاکترینیاندا.

**بەشەکانی خۆشەویستانی خودا** (أقسام أولیاء الله):

خۆشەویستانی خودا دوو بەشن:

بەشی یەکەم: پێشکەوتووە نزیکەکان (سابقون مقربون)

بەشــی دووەم: هاوەڵانی لای راســتی مــام ناوەند (أصحــاب یمین مقتصدون).

خودای گەورە لەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆزدا باسی کردوون، وەك فەرموویەتی: ﴿إِذَا وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ * لَيۡسَ لِوَقۡعَتِهَا كَاذِبَةٌ * خَافِضَةٞ رَّافِعَةٌ * إِذَا رُجَّتِ ٱلۡأَرۡضُ رَجّٗا * وَبُسَّتِ ٱلۡجِبَالُ بَسّٗا * فَكَانَتۡ هَبَآءٗ مُّنۢبَثّٗا * وَكُنتُمۡ أَزۡوَٰجٗا ثَلَٰثَةٗ * فَأَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ * وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ * وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ * أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡمُقَرَّبُونَ * فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ [الواقعــة: ١-١٢] واتا: کاتێك کە رووداوی گەورەی (قیامەت) روویدا * لە ڕوودانیــدا هیچ درۆو گومانێك نییە * نزم کەرەوەی (کەســانێکەو) بەرزکردنەوەیە بۆ کەســانێکی تــر * کاتێك کــە زەوی هێنرایە جوڵان بە

جولآنێکـــی توند * کێوەکانیش وردوخاش دەبن (تەخت و ســـاف دەبن، بەرزیەکان، نشێوەکان پڕ دەکەن)* دەبنەتەپوتۆزێکی پەرش و بڵاو (زەویان پێ تەخت و ڕێک دەکرێت)* ئەو کاتە ئێوە دەبنە ســێ دەســتەوە * ئینجا هاوەڵانی لای راســت، چین هاوەڵانی لای راســت، واتا: تۆ چووزانیت لە چ حاڵــێکی خۆشدان؟ * وەهاوەڵانی لای چەپ، چین هاوەڵانی لای چەپ، واتا: تۆ چووزانیت چەندە بەدبەختن؟ * پێشکەوتووەکان، ئەوانەی پێشــکەوتن بەخەیرات لەدنیادا، هەمیشە پێشــەنگ بوون بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خــوا، واتا: لە هەمــوو کارێکی چاکدا ســەرقافڵە بوون * ئا ئەوانەنزیک کراوەی پەروەردگاریانن * لەباخەکانی بەهەشــتی پڕ لەنازو نیعمەتدا.

خــودای گەورە لەم ئایەتانەدا ســێ جۆر لەخەڵــکی بــاس کردووە، جۆرێکیان لەئاگری دۆزەخدان، دوو جۆری تریان لە بەهەشتدان، ئەوانیش هاوەڵانی لای راســت و پێشــکەتووان و نزیکانی لای خــودای گەورەن، هەروەها خودای گەورە لەکۆتایی ئەم سورەتەوە جارێکی تر باسی کردوون، وەك فەرمووویەتی: ﴿فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ* فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ * وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ * فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ﴾ [الواقعــة: ٨٨- ٩١] واتــا: ئینجا ئەگەر ئەو (کەســەی لە گیانەڵایە) لە نزیك کراوان بێ لەخودا * ئەوەئیتر خۆشی و کامەرانی و ئاســوودەیی بەهەشتی پڕ لەناز و نیعمەت چاوەڕێیەتی * وە ئەگەر لە هاوەڵانی دەستی راست بێت * ئەوە لەلایەن دەستــەی راستانەوە سڵاوت پێشکەش دەکرێت.

پێغەمبەریــش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەفەرمــوودە بەناوبانگەکەی ئەولیائدا

باســـی کاری هەریەك لەم دوو بەشەی کردووە، کە ئەویش فەرموودەیەکی قودســـییە، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەخـــودای گـــەورەوە دەیگێڕێتەوە، کەفەرموویەتـــی: «إن الله تعالى قال: من عادى لـــي وليا فقد آذنته بالحرب، وما تقرب إلي عبدي بشـــيء أحب إلي مما افترضت عليه، ومـــا يزال عبدي يتقرب إلـــي بالنوافل حتى أحبه فإذا أحببته كنت ســـمعه الذي يســـمع به وبصره الذي يبصر به، ويده التي يبطـش بهـا ورجله التي يمشي بها، وإن سألني لأعطينه ولئن اســـتعاذني لأعيذنـــة»[1] واتە: خوادی گەورە ئەفەرموویت: هەرکەسێك دوژمنایەتی خۆشەویســـتێکی من بـــکات، ئەوە بێگومان منیش شـــەڕی لەگەڵدا ڕادەگەیەنم، وە بەندەکەم بەهیچ شتێك زیاتر لەمنەوە نزیك نابێتەوە وەك ئـــەوەی بەئەنجامدانی فەرزەکانی لەمنەوە نزیـــك دەبێتەوە، بەردەوام بەندەکەم بە کردنی نوێژە ســـوننەتەکان لەمنەوە نزیك دەبێتەوە هەتا خۆشم دەوێت، جا کە خۆشیشم ویست ئەوە دەبم بەو گوێیەی کە پێی دەبیستێت، وە بەو چاوەی کە پێی دەبینێت، وەبەو دەســـتەی کە درێژی دەکات، وە بەو قاچەی کە پێی دەڕوات، واتا (دەیپارێزم لەبیستن و بینین و ڕۆشتنی خراپ و یارمەتیـــدەری دەبم) خۆ ئەگـــەر داوام لێ بکات پێـــی دەدەم، وە ئەگەر پەنایشم پێ بگرێت پەنای دەدەم.

چاکەکاران هاوەڵانی لای ڕاســـتن، ئەوانەن کە لەخودا نزیك دەبنەوە بە ئەنجامدانی فەرزەکان، ئەوەی خودای گەورە واجبی کردووە لەسەریان ئەنجامی دەدەن، وە ئەوەیشی لەســـەری حەرام کردوون وازی لێدەهێنن، وە زۆر لەخۆیان ناکـــەن لەئەنجامدانی ســـوننەتەکاندا، وە وازیش ناهێنن

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٠٢).

لەو شــتانەی کە خودای گەورە بۆیانی حــەڵاڵ کردوون و موباحن، بەڵام پێشکەتووە نزیکەکان لەخواداوە، لەخودای گەورە خۆیان نزیك دەکەنەوە بــە ئەنجامدانــی ســوننەتەکان پاش کردنی فــەرزەکان، هەمــوو واجب و سوننەتەکان دەکەن، لە حەرام و مەکروهەکانیش خۆیان بەدوور دەگرن، جا بەپێی توانایان کاتێك لەخودای گەورە خۆیان نزیك کردەوە بەو کارانەی خودا خۆشــی دەوێــت، خودای گەورەیــش ئەوانی بەخۆشویســتنێکی تەواو خۆشــدەوێت، وە دەشــیانپارێزێت لەکردنی تاوان و گوناە، وە داوا ونزاکانیشــیان وەردەگرێت ودێت بەدەمیانەوە، هەروەك لەفەرمودەکەدا خودای گەورە فەرموویەتی: «وما يزال عبــدي يتقرب إلي بالنوافل حتى أحبه....» تا کۆتایی فەرموودەکە.

**خۆشەویستان و ئەولیاکانی خودا پۆشاك وهەیئەتێکی تایبەتیان نییە:**

وەك ئەوەی لای زانایان و لێکۆڵەرەوانی ئەهلی سوننەت ئیقرار کراوە، خۆشەویستان و ئەولیاکانی خودا، شێواز و روالەت وهەیئەتێکی تایبەتیان نییە تاوەکو پێی جیا بکرێنەوە لەکەسانی تر.

هەندێك لــەو زانایانەی کە لەبواری ئەولیاء و خۆشەویســتانی خودا وکەســە زاهد و دونیا نەویستەکان شتیان نووســیووە، وتویانە: «ئەولیاء و خۆشەویســتانی خودا شتێکیان نییە لە شــتە موباحەکان تاوەکو بەڕوالەت لەخەڵــکانی تر جیابکرێنەوە پێــی، هەروەها بە لەبەرکردنی پۆشــاکێك ئەگەر موباح بێت بەغەیری خۆیان جیاناکرێنەوە، یان لەشــێوەی پرچ بڕین یان کورتکردنــەوەی یان نینۆکەکانی ئەگەر موباح بــن، هەروەك وتراوە، چەند کەســی ڕاســتگۆ هەن لەناو قوبەدان، یان چەند کەسی بێ دین هەن

لەناو عابادان، بەڵـــکو لەناو ئوممەتی محمد دا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەهەموو جۆرەکان بوونیان هەیە، ئەگەر ئەهلی بیدعــە و خراپەکاری نەبێت، لەناو ئەهلی قورئاندا هەن، لەناو ئەهلی عیلم و زانســتخوازاندا هەن، هەروەها لەناو ئەهلی جیهاد و مەیدانی رووبەڕووبونەوە وهەڵـگرتنی شمشێر هەن، بەهەمان شێوە لەناو ئەهلی بازرگان و پیشەسازی و کشتوکاڵیشدا هەن، واتا دەکرێت کەســێك وەلی وخۆشەویســتی خودا بێت لەهەمان کاتدا زانا یان موجاهید یان بازرگان و پیشەســاز وجووتیاریش بێت، وەلی خودا بەوە نییە تەرکی دونیا بکات وتێکەڵاوی خەڵـك واز لێ بهێنێت وخۆی بخاتە کونجی مزگەوتێکەوە، وئەوەی خودای گەورە حەڵاڵی کردووە لەنیعمەتەکانی دونیا لەسەر خۆی حەرام بکات، نەخێر بەڵـکو وەك وتمان وەلی و خۆشەویستی خودا ئەو کەسەیە کە ئەوەی خودای گەورە فەرمانی پێکردووە بەپێی توانای خۆی ئەنجامیان بدات، و ئەوەیش قەدەغە و حەرامی کردووە لەسەری لەبەر رەزامەندی خودای گەورە وازی لێ بهێنێت..

**پووچی وبەتاڵی ئەو زیادەڕۆییەی کە هەندێك کەس باوەڕیان پێیەتی:**

وەلی و خۆشەویســتەکانی خودای گەورە معصوم نین، تاوەکو دوور بن لەهەڵە و تاوان، وە غەیب نازانن وئاگاداری شــتە نادیارەکانن نین، وە دەســەڵات وتوانای تەصــەڕوف کردنیان نیە لە دروســتکراوەکانی خودا ودابەشــکردنی رزق و رۆزیدا، وە بەهیچ شــێوەیەك دیــن و باوەڕەکەیان رێگایــان نــادت داوا لەخەڵـــك بکــەن بەگەورەیان بزانن، یــان داوای مــاڵ و ســامانی دونیایان لــێ بکەن، هەرکەســێك ئاوابێت ئــەوە وەلی و خۆشەویستی خودا نییە، بەڵـکو کەسێکی درۆزن و فرِوفێلچی و فێڵبازە، وەلی و خۆشەویستی شەیتانە نەك خودای گەورە.

## بەشی چوارەم
## باوەر بەڕۆژی دوایی

ئەم بەشە سێ باسی لەخۆ گرتووە:

**باسی یەکەم:** نیشـــانەکانی ڕۆژی دوایی و جۆرەکانی (أشراط الساعة وأنواعها)

**باسی دووەم:** خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ، سێ دواکاری لەخۆگرتووە

**تەوەرەی یەکەم:** باوەڕ بە خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ و بەڵگەکانی.

**تەوەرەی دووەم:** خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ لەسەر لاشە و ڕۆحیشە.

**تەوەرەی سێیەم:** باوەڕ بەهەردوو فریشتەی (مونکر) و(نکیر).

**باسی سێیەم:** باوەڕ بەزیندووبوونەوە

**تەوەرەی یەکەم:** مانای زیندووبوونەوە و هەقیقەتەکەی.

**تەوەرەیدووەم:** بەڵگەکانیزیندووبوونەوەلەقورئانوسوننەتوژیری.

**تەوەرەی سێیەم:** کۆبوونەوە (الحشر).

**تەوەرەی چوارەم:** حەوز، صیفەت و بەڵگەکانی.

**تەوەرەی پێنجەم:** تەرازوو، صیفەت و بەڵگەکانی.

**تەوەرەی شەشەم:** شەفاعەت، پێناسەکەی، جۆر و بەڵگەکانی.

**تەوەرەی حەوتەم:** پردی صراط ، صیفەت و بەڵگەکانی.

**تەوەرەی هەشتەم:** بەهەشت و دۆزەخ، صیفەتەکانیان، چۆنیەتی باوەڕ پێ بوون و بەڵگەکانیان.

## باسی یەکەم
## نیشانەکانی ڕۆژی دوایی و جۆرەکانی
## (أشراط الساعة وأنواعها)

پێناسەی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی:

(الاشـــراط) کۆی وشەی (شـــرط)ە، مەبەست پێی نیشـــانەیە، وتراوە، نیشانەی شتێك مەبەست پێی سەرەتاکەیەتی.

لە (لســـان العرب) یشـــدا هاتووە: بەهەردوو ماناکەی سەرەوە هاتووە، چونکە نیشانەی هەر شتێك سەرەتاکەیەتی.

مەبەست لە وشەی (الساعة): بەبەشێك یان چەند بەشێك لە کات دەوترێت، وە بـــۆ لێکدانـــەوەی رۆژی قیامەتیش بەکـــارهاتووە، وەك خـــودای گەورە فـەرموویەتی: ﴿وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ﴾ [الزخرف: ٨٥] واتا: هەر خودای گەورە زانایە بەڕۆژی قیامەت کە کەی دێت، وشەی (الساعة) یش بەناوبانگترین ناوە لەناو ناوەکانی رۆژی قیامەتدا، بەگوێرەی ئەوەی لەدەقە شـــەرعیەکان و سەرزمانی خەڵـــکیدا هاتووە، رۆژی دواییش بەم ناوەوە (الساعة) ناونراوە لەبەر ئەوەی لەناکاودا دێت و خەڵکی لەپڕ لەوکاتەدا سەریان پێیدا هەڵدەتەقێ.

مەبەســـت لە أشراط الساعه یش ئەو نیشانە و دیاردانەیە کە پێش هاتنی روو دەدەن، خودای گەورەیش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا﴾ [محمـــد: ١٨] واتا: دەی ئایا ئەو (ناپاک) انە چاوەڕوانـــی چی دەکەن جگـــە لە قیامەت کە کوتوپڕ یەخـــەیان بگرێت، چونـــکە بێگومان هەندێ لە نیشانەکانی هاتۆتە دی.

**نیشانەکانی ڕۆژی دوایی سێ بەشن:**

نیشانە و دیاردەکانی ڕۆژی دوایی دەکرێن بەسێ بەشەوە:

**بەشـــی یەکەم: نیشـــانە دوورەکان: ئـــەو نیشـــانانەیە کـــە دەرکەوتون و روویانداوە.**

لەو نیشـــانەیش: هاتنـــی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ـــــە، وەك ئەوەی بوخاری و موســـلیم لە فەرموودەیەکی ئەنەســـی کوڕی مالیکەوە (خوی لێ رزای بێت) ریوایەتیان کردووە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرموویەتی: «بعثت أنا والساعة كهاتين، وضم الســـبابة والوسطى»[1] واتا: مـــن و رۆژی دوایی وەك ئەم دووانە واین، هەردوو پەنجەی شـــاهیدی و ناوەڕاستی خستە پاڵ یەك. (واتا بەئەندازەی نزیکی ئەم دوو پەنجەیە هاتنی من و رۆژی دواییش لەیەکەوە نزیکن).

یەکێکـــی تر لەنیشـــانە دوورەکان: بریتیە لە لەتبوونـــی مانگ هەروەك خودای گـــەورە هەواڵی پێـــداوە، فەرموویەتی: ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ [القمر: ١] واتا: رۆژی قیامەت نزیک بۆتەوە و مانگیش لەت بوو.

یەکێکی تر لەنیشانە دوورەکان: دەرچوونی ئاگرێکە لە خاکی حیجازەوە، بەشێوەیەك گەردنی وشـــترەکان لە بوصرای شامەوە ڕووناك دەکاتەوە، وەك بوخاری و موســـلیم ریوایەتیان کـــردووە، لەفەرموودەیەکی ئەبوهوریرەوە (خـــودای لـــێ ڕازی بێـــت) ئەویش لـــە پێغەمبـــەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرموویەتی: «لا تقوم الساعة حتى تخرج نار من أرض الحجاز تضيء أعناق الإبل

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٦٥٠٤)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٩٥١).

ببصـــری»[1] واتا: ڕۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو ئاگرێك لەخاکی حیجازەوە دەرنەچێت و گەردنی وشترەکان لە بوصرا رووناك نەکاتەوە.

ئەم ئاگرەیـــش وەك پێغەمبـــەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەوالّـــی پێدابوو، لە سەرەتای مانگی (جمادى الآخرة) ی ســـالّی شەش سەد و پەنجا و چواری کۆچی، لـــە ڕۆژهەلاّتی شـــاری مەدینەی پێغەمبـــەرەوە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەرچوو، بەهۆی ئەمەیشەوە چەند دۆلّ و شیوێکی مەدینە پڕ بوون لەئاگر، و خەلّـــکی زۆر ترسیان لێ نیشت، هەر لەم کاتەدا خەلّکی شام و شاری بوصرا بەهۆی ڕووناکی ئەم ئاگرەوە گەردنی وشـــترەکانیان بینی، هەروەك ئەوەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەوالّی پێدابوو.

**بەشی دووەم: نیشانە مام ناوەندەکان:**

ئەو نیشـــانانەیە کـــە هەندێکیـــان دەرکەوتون و روویانـــداوە، لەگەلّ ئەوەیشدا هێشتا تەواو نەبوون و کۆتاییان پێ نەهاتووە، بەلّـــکو بەردەوام زیاد دەکەن و زۆر زۆریشن.

لەوانەیش: کەنیـــزەك گەورەکەی خـــۆی لێ دەبێت، بـــەو مانایە ئەو مندالّەی کە لەو کەنیزەکە لەدایك دەبێت، ئەبێت بە ســـەید و گەورەی، وە کەســـانی رووت و پێ پەتی وشـــوانی پەز دەبن بەخاوەنی کۆشـــکی بەرز بەرز و پێشـــبرکێی پێ دەکەن لەگەلّ یەکتر و شانازی وفەخری پێوە دەکەن، هەروەك لە فەرمـــودە بەناوبانگەکـــەی جوبرەئیلدا هاتووە، کە پێشـــترو لەبەشـــی یەکەمی ئەم کتێبە باســـمانکرد، کە تێیدا هاتووە: «... قال فأخبرني عن الســـاعة؟ قال: ما المسئول عنها بأعلم من السائل. قال: فأخبرني عن أماراتها،

---

(١) بوخاری – الفتن – (٦٧٠١)، وە موسلیم – الفتن وأشراط الساعة – (٢٩٠٢).

قال: أن تلـــد الأمة ربتها، وأن ترى الحفاة العراة العالة رعاء الشـــاء يتطاولون في البنيان»[١] واتـــا: جوبرەئیل بە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموو: هەواڵم بدەرێ لەبارەی هاتنی ڕۆژی دواییەوە، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسەی کە پرســیاری لێ دەکەیت شارەزا و زاناتر نییە لەو کەسەی کە پرسیار دەکات، جوبرەئیل فەرمووی: هەواڵم بدەرێ لەبارەی نیشانەکانیەوە، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـــووی: کەنیزەك گەورەکەی خۆی لـــێ دەبێت، (بەو مانایە ئـــەو منداڵەی کە لـــەو کەنیزەکە لەدایك دەبێت، ئەبێت بە ســـەید و گەورەی دایکەکەی)، وە کەسانی ڕووت و پێ پەتی و شوانی پەزەکان دەبن بەخاوەنی کۆشکی بەرز بەرز و پێشبرکێی پێ دەکەن لەگەڵ یەکتر و شانازی و فەخری پێوە دەکەن..

یەکێکی تر لەنیشـــانەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵـــێك کەســـی درۆزنە کە ژمارەیان ســـی کەس دەبێت هـــەر هەموویان بانگەشـــەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، هـــەروەك ئەبوهورەیرە (خـــودای لێ ڕازی بێـــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: «لا تقوم الساعة حتى يبعث دجالون كذابون قريبا مـــن ثلاثين كلهم يزعم أنه رســـول الله»[٢] واتـــا: ڕۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو کۆمەڵێك دەجال کەسی دۆزن دەرنەکەون نزیکەی سی کەسێك دەبن هەر هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرن.

لە سونەنی ئەبو دواد و تیرموذی لەفەرموودەیەکی پەوبانەوە ریوایەتیان کردووە، ئەویـــش لەپێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کـــە فەرموویەتی: «وإنه

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٨).

(٢) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٦٠٩).

سـيكون في أمتي ثلاثـون كذابون كلهم يزعم أنه نبي، وأنـا خاتم النبيين لا نبي بعدي»[١] واتا: لەمەودوا لەئوممەتەکەی مندا سـی کەسی درۆزن دێن هەرهەموویان بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەر بن، ئەوەیش بزانن من کۆتا پێغەمبەرم و پاش من ئیتر پێغەمبەر نایەت.

یەکێکـی دیکە لەنیشـانە مامناوەنـدەکان: بریتیە لە کـەم بوونەوەی وردە وردەی ئاوی رووبـاری فورات و دەرکەوتنی شـاخێکی ئاڵتونینە، کە خەڵـکی لەسەر ئەو ئاڵتونە دەبێت بەشـەڕیان و دەجەنگن لەسەری، لەم بارەیەشـەوە ئەبوهورەیرە (خـودای لێ رازی بێت) لـە پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموودەیـەك دەگێڕێتـەوە کـە فەرموویەتـی: «لا تقوم السـاعة حتى يحسـر الفرات عن جبل من ذهب يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مائة تسعة تسـعون ويقول كل رجل منهم لعلي أكون أنا الذي أنجو»[٢] واتا: رۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو رووبـاری فورات وردە وردە کەم دەبێتەوە و شاخێکی ئاڵتونی تێدا دەردەکەوێت، خەڵـکی لەسەر ئەو ئاڵتونە دەبێت بەشەڕیان و دەجەنگن لەسەری، لەهەموو سـەد کەسێك کە دەچن بۆ ئەو ئاڵتونە نەوەدونۆیان یەکتری لەسەر دەکوژن، هەرکەسێکیش کە دەچێت بۆ ئەوێ دەڵێ بەڵکو ئەو کەسەی رزگاری دەبێت من بم.

بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم نیشانە تائێستا نەهاتووەتەدی.

(١) سونەنی ئەبی داود بەفەرموودەی ژمارە (٤٢٥٢)، وە سونەنی تیرمۆذی بەفەرموودەی ژمارە (٢٢١٩) وە تیرموذی ووتویەتی: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە.

(٢) موسلیم ڤ صەحیحی بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٩٤) وە بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧١١٩) وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٢٦١).

## بەشی سێهەم: نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی:

ئەو نیشانانەن کە ئەگەر دەرکەوتن خێرا بەدوایاندا ڕۆژی دوایی دێت، ئەوانیش دە نیشـــانەن و هێشـــتا هیچیان دەرنەکەوتوون، ئیمامی موســـلیم لەصەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کـــردووە، لەفەرموودەیەکی حوذەیفەی کوری ئوســـەیدەوە کە وتویەتی: «اطلع النبـــي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) علينا ونحن نتذاكر، فقال: ما تذاكرون؟ قالوا: نذكر الســـاعة. قال: إنها لن تقوم حتى تروا قبلها عشـــر آيات: فذكر الدخان والدجال، والدابة، وطلوع الشمس من مغربها، ونزول عيسى ابن مريم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ويأجوج ومأجوج، وثلاثة خســـوف: خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخســـف بجزيرة العرب، وآخر ذلك نار تخرج من اليمن تطرد الناس إلى محشـــرهم»[1] واتا: پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لامان دەرکەوت لەکاتێکدا ئێمە سەرگەرمی باس و خواست بووین، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرمووین: ئەوە باس و خواسی چی ئەکەن؟ وتمان: باس و خواس لە ڕۆژی دوایی ئەکەین، ئەویش فەرمـــووی: ڕۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو پێش هاتنی دە نیشانە دەبینن، ئەمجا باسی دووکەڵ، و دەجال، و ئاژەڵەکە، و هەڵهاتنی ڕۆژ لەڕۆژئاواوە، و دابەزینی عیسا ی کوڕی مەریەم (سەلامی خـــودای لێ بێت)، و یەئجوج و مەئجوج، و ســـێ ڕۆچوون، ڕۆچوونێك لە ڕۆژهەڵاتەوە، و ڕۆچوونێك لە ڕۆژئاواوە، و ڕۆچوونێك لە دوورگەی عەرەبـــەوە، وە کۆتا نیشـــانەیش لەمانە ئاگرێکە لەیەمەنـــەوە دەردەچێت، خەڵـکی بەرەو جێگای کۆبوونەوەیان دەردەکرێن.

لەهەندێـــك فەرمـــوودەی تردا باســـی مەهدی یان کـــردووە، لەگەڵ

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٠١).

ڕووخانی کەعبە، و بەرزبوونەوەی قورئان لەزەوی، لەمەودوا باسی ئەو فەرموودانە دەکەین کەلەم بارەیەوە هاتوون.

ئەوەیش زۆربەی لێکۆڵەرەوانی ئەهلی عیلمی لەسەرە ئەوەیە ئەو دە نیشانە گەورەیەی ڕۆژی دوایی، برتین لە سێ نیشانە لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە لەفەرموودەکەی حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدا باسکراوە، جگە لەئەو نیشانەی کە باس لەسێ ڕۆچوونەکە دەکات، هەرچەند ئەم سێ ڕۆچوونەی زەوی بێگومان لە نیشانە گەورەکانی رۆژی دواییین، وەك لەفەرموودەکەدا هاتوون، بەڵام لەپێش دە نیشانە گەورەکەدا ڕوودەدەن، ئەوەیشی تەواو بەڵگەیە لەسەر ئەمە مەسئەلەیە، ڕێوایەتێکی تری حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدە کە موسلیم تەخریجی کردووە و ئەو سێ ڕۆچونەی پێش خستووە بەسەر نیشانەکانی تردا، وەك پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن الساعة لا تكون حتى تكون عشر آيات خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخسف في جزيرة العرب والدخان والدجال.....»[1] واتا: ڕۆژی دوایی نایەت، هەتاوەکو دە نیشانە هەیە نەیەنەدی، ڕۆچوونێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆچوونێك لە ڕۆژئاواوە، و ڕۆچوونێك لە دوورگەی عەرەبەوە، لەگەڵ دووکەڵ، و دەجال... هەتاکۆتایی فەرموودەکە هەموو نیشانەکانی تر باس دەکات، قورگبیش دەڵێت: یەکەم نیشانەیەك بەپێی ئەم ریوایەتە هەرسێ ڕۆچوونەکەیە کە ڕوودەدەن، کە هەندێکیان لەسەردەمی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا ڕوویان داوە، هەروەك (ابن وهب) باسی کردووە.

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٠١).

بەیارمەتی خودای گەورە بەوردی باس لەو (دە) نیشـــانەیە دەکەین کە پێغەمبەر (ﷺ) لەفەرموودەکەدا باسی لێوە کردوون:

**نیشـــانەی یەکەم:** هاتن و دەرچوونی مەهدی: ئەم مەهدیە کەسـێکە لەئەهل و بەیتی پێغەمبەر (ﷺ) و لەنەوەی حەسەنی کوڕی عەلیە (خوایان لێ رزای بێت)، کاتێك دێت کە دونیا پڕ دەبێت لە زولم و ســتەم لەهەموو لایەکەوە، بەڵام ئەو دێت و سەرجەم ئەو زولم وستەمانە ناهێڵـێت و دونیا پڕ دەکات لە ئاسوودەیی و عەدل ودادپەروەری، ناوی خۆی و باوکی وەك نـــاوی پێغەمبەر (ﷺ) و باوکیەتـــی، وەك ئەوەی أبو داود و تیرموذی لەفەرموودەیەکی عبدالله ی کوڕی مەســعود (خودای لێ راز بێت) ـەوە ریوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «لا تذهب الدنيا حتى يملك العرب رجل من أهل بيتي يواطئ اســمه اسمي واسم أبيه اســم أبي، يملأ الأرض عدلاً وقســطاً كما ملئت جوراً وظلماً»[1] واتا: دونیا کۆتایی نایەت، هەتاوەکو عەرەب دەبنــە خاوەنی پیاوێك لەئەهل و بەیتی من، نـــاوی وەك ناوی من وایە، و ناوی باوکیشـــی وەك ناوی باوکم وایە، ســـەرزەوی پڕ دەکات لە عەدل و دادپـــەروەری، پاش ئەوەی کە پڕ بووە لە زولم و ستەم.

**نیشـــانەی دووەم:** دەرکەوتنی مەســیحی دەجال: ئەم دەجالە پیاوێکە لەنەوەی ئادەمە و لەکۆتایی دونیادا دەردەکەوێت، خەڵـکێکی زۆر تووشی خراپە و خراپـــەکاری دەبن بەهۆی ئەوە و هەڵیان دەخەڵەتێنێت و لەســـەر

(١) سونەنی ئەبی داود(٤/ ٣٠٦)بەفەرموودەی ژمارە(٤٢٨٢)وەسونەنی تیرموذی(٤/ ٥٠٥)بەفەرموودەی ژمارە(٢٢٣٠)وەتیرموذی ووتویەتی: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە.

ڕێگای ڕاست لایان دەدات، خودای گەورە هەندێك شتی لەڕادەبەردەری توانای مرۆڤی دەداتێ و لەسەر دەستی ڕوودەدات، ئەم دەجالە بانگەشەی پەروەردگاریەتی دەكات، بەڵام ئەم بانگەشـــە پڕوپووچەی باوەڕداران پێی هەڵناخەڵەتێن، شایانی باسە دەچێتە هەموو كون و قوشبنێكی دونیا مەككە و مەدینە نەبێت، بەهەشـــت و دۆزەخی لەگەڵ خـــۆی پێیە، دۆزەخەكەی بەهەشـــتە و بەهەشتەكەیشـــی دۆزەخە، ئەمەی كە باســـمانكرد فەرموودە صەحیحەكان بەڵـــگەن لەســـەری، ئەویش ئەو فەرموودەیەی عبدالله ی كـــوڕی عەمری كوڕی عاصـــە (خودایان لێ ڕازی بێت) لـــە پێغەمبەرەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەگێڕێتەوە و ئیمامی موســـلیم لەصەحیحەكەیدا ڕیوایەتی كردووە، كـــە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێـــت: «يخرج الدجال في أمتي فيمكث أربعين لا أدري أربعين يوما أو أربعين شهرا أو أربعين عاما فيبعث الله عيسى بن مريم كأنه عروة بن مســـعود فيطلبه فيهلكه..... الحديث»[1] واتا: لەنـــاو ئوممەتەكەمدا دەجاڵ دەردەكەوێت، و چـــل دەمێنێتەوە، نازانم چل ڕۆژە یان چل مانگە یان چل ســـاڵە، خودای گەورە عیسای كوڕی مەریەم دەنێرێت، وەك عروەی كوڕی مەســـعود وایە، كارەكانی بەتاڵ دەكاتەوە و پاشانیش لەناوی دەبات.

لەصەحیحی بوخاری و موسلیمیشـــدا هاتووە، كـــە عبدالله ی كوڕی عومەر (خوایان لێ ڕزای بێت) ئەڵـێت: «قام رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في الناس فـأثنى على الله بما هو أهله ثم ذكر الدجال فقال: إني أنذركموه وما من نبي إلا قد أنذره قومه لقد أنذره نوح قومه ولكن ســـأقول لكم فيه قولا لم يقله نبي

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٤٠).

لقومه تعلمون أنه أعور، وأن الله ليس بأعور»[١] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەناو خەڵکدا هەستایەوە بەو شێوەیە شایستە بێت سوپاس و ستایشی خودای گەورەی کرد، پاشان باسی دەجالی کرد، فەرمووی: من لەدەجال ئاگادارتان دەکەمەوە دەتانترسێنم لێی، وە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا گەلەکەی ئاگادارکردوەتەوە لەمەترسی دەجال، نوح گەلەکەی لەمەترسی دەجال ئاگادارکردەوە، بەڵام من شتێکتان پێ دەڵێم کەهیچ پێغەمبەرێك نەیوتووە بەگەلەکەی، ئایا دەزانن کە دەجال یەکچاوە، وە خودای گەورە یەکچاو نییە (پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمەی بۆیە فەرموو، چونکە دەجال بانگەشەی خوایەتی دەکات وەك ئاماژەمان پێدا، بۆ ئەوەیشی کەس بروای پێ نەکات کە خودایە، فەرمووی ئەو یەکچاوی هەیە و خودای گەورە یەکچاو نییە).

**نیشانەی سێهەم:** دابەزینی عیسای کوڕی مەریم (سەلامی خوای لێ بێت) لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرانە دەکات و خاچ تێکوپێك دەشکێنێت، و بەراز دەکوژێت، و دەجالیش لەناو دەبات، هەروەك دەقەکانی قورئان و سوننەت باسیان لەمە کردووە، بەنسبەت قورئانەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ﴾ [الزخرف: ٦١] واتا: دابەزینی عیسا بۆ سەر زەوی لەئاسمانەوە نیشانەیەکە بۆ زانینی هاتنی ڕۆژی دوایی.

زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان ئەم ئایەتە دەکەن بەبەڵگە لەسەر دابەزینی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٠٥٧)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٦٩) لەفظەکەش لەفظی بوخاریە.

عیسا (سەلامی خودای لێ بێت) بۆ سەر زەوی، وەك ئەوەی لە ابن عباسەوە نەقڵ کراوە، ئیمامی ئەحمەد لەمەسنەدەکەیدا لە ابن عباسەوە (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: «مەبەست لێی دابەزین و دەرکەوتنی عیسای کوڕی مەریەمە پێش هاتنی ڕۆژی دوایی»[1] جگە لەمەیش کۆمەڵێك فەرموودەی صەحیح باسیان لە دابەزینی عیسا ی کوڕی مەریەم سەلامی خوایان لێ بێت لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی کردووە، لەصەحیحی بوخاری و موسلیمدا ڕیوایەت کراوە، کە ئەبوهورەیرە خودای لێ ڕازی بێت ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «والذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم حكماً عدلاً فيكسر الصليب ويقتل الخنزير، ويضع الجزية ويفيض المال حتى لا يقبله أحد، حتى تكون السجدة الواحدة خيرا من الدنيا وما فيها»[2] واتا: سوێندبێت بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، زۆر نزیکە کوڕەکەی مەریەم لەناوتاندا دابەزێت، و حوکم بە عەدل و دادپەروەری بکات، وخاچ تێکوپیك دەشکێنێت، و بەراز دەکوژێت، و جزیە و سەرانەیش لەسەر ئەهلی کتاب دادەنێت، و ماڵ و سامانێکی زۆریش بڵاودەکاتەوە، بەشێوەیەك ئەوەندە ماڵ وسامان زۆر دەبێت دەیدەن بەهەرکەسێك نایانەوێت و وەری ناگرێت، لەو ڕۆژەدا سوژدە بردنێك بۆ خودای گەورە لەهەموو دونیا و ئەوەیشی لەدونیادا هەیە باشتر و خێرترە.

**نیشانەی چوارەم:** دەرکەوتن و دەرچوونی یەئجوج و مەئجوج، ئەمانەیش

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (١/٣١٨).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٢٢)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٥٥) لەفظەکەش لەفظی موسلیمە.

خەڵکێکی زۆر وزەبەندن، ودەڵێن لەنەوەی (یافث)ی کوڕی نوحن (سەلامی خودای لێ بێت) دەقەکانی و قورئان و سوننەتیش بەڵگەن لەسەر دەرچوون و دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵەیـــە، وەك خودای گەورە لەقورئاندا فەرموویەتی: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ۞ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ [الأنبيـــاء: ٩٦: ٩٧] واتا: هەتا ئەو کاتەی بەربەســـتەکەی (ذو القرنين) لەسەر دوو تیرەی یاجوج و ماجوج دەکرێتەوە (کە ئەمەش یەکێکە لە نیشـــانەکانی نزیک بوونەوەی کۆتایی دنیا) و ئەوانە ئـــەو کاتە لە هەموو کون و کەلێنێکەوە بە لێشـــاو پەیدا دەبن و زۆر دەبن ۞ وە (هاتنی قیامەت) و بەڵـــێنی ڕاســـت نزیك بۆتەوە، جا لەناکاودا چاوی ئەوانەی بێ بڕوا بوون ئەبڵەق و زەق دەبێت.

لەسوونەتیشدا بوخاری وموسلیم ئەم فەرموودەیەیان ڕیوایەتکردووە: عن زينب بنت جحش رضي الله عنها أن رســـول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دخل عليها يوماً فزعاً يقول: «لا إله إلا الله ويل للعرب من شـــر قد اقترب فتح من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه» وحلق بأصبعه الإبهام والتي تليها[1] واتا: زەینەبی کچی جەحش (خودای لـــێ ڕزای بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبـــەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕۆژێکیان چوویە ژوورەوە بۆلای بەترسێکەوە فەرمووی: لا إله إلا الله، وای بۆ عەرەب لەو شەڕ و خراپەیەی کەنزیك بووەتەوە، لەو ڕێگرەی کەلەبەردەم یەئجوج و مەئجوجدا بوو هێندەی ئائەمەی لێ کرایەوە، لەو کاتەدا بەپەنجە گەورەی بەرانەی لەگەڵ پەنجەکەی تری دوایی هەڵقەیەکی دروست کرد..... فەرموودەکە.

**نیشانەی پێنجەم:** ڕوخاندنی کەعبە و بردنی هەرچی خشڵی هەیە، لەسەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٣٤٦)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٨٨٠).

دەستی (ذي السويقتين)[١] لەحەبەشە، هەروەك فەرموودەی صەحیح باسی کردووە، بوخاری و موسلیم لەفەرموودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «يخرب الكعبة ذو السويقتين من الحبشة»[٢] واتا: ذو السويقتين کە خەڵکی حەبەشەیە کەعبە دەڕوخێنێت، ئیمامی ئەحمەدیش لەمەسنەدەکەی خۆیدا، بەسەنەدێکی صەحیح لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە لەپێغەمبەری (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیستووە، کە فەرموویەتی: «يخرب الكعبة ذو السويقتين من الحبشة، ويسلبها حليها ويجردها من كسوتها، ولكأني أنظر إليه أصيلع أفيدع يضرب عليها بمسحاته ومعولة»[٣] واتا: ذو السويقتين کە خەڵکی حەبەشەیە کەعبە دەڕووخێنێت، هەرچی خشڵ و زێڕوزیوویشی هەیە دەیبات، پەردەکەیشی لێ دادەماڵێت، وەك ئەوە وایە ئا ئێستا سەیری بکەم، کەچەڵێکی بچکۆلەی گۆجی دەست لارە، بەزەنگن و پاچەکەی بەردەبێتە کەعبە و دەیڕوخێنێت.

**نیشانەی شەشەم:** دووکەڵ، بڵاوبوونەوەی دووکەڵێکی گەورەیە لەئاسماندا، کەهەموو خەڵکی دەگرێتەوە و دایاندەپۆشێت، لەم بارەیەشەوە، قورئانی پیرۆز فەرموویەتی: ﴿فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ * يَغْشَى ٱلنَّاسَ ۖ هَـٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [الدخان: ١٠، ١١] واتا: چاوەڕێی ڕۆژێك بکە کە دووکەڵێکی ئاشکرا بەری ئاسمان دەگرێت.* هەموو خەڵکی دادەگرێتە، بۆیە بە ترسەوە دەڵێن: ئەمە سزاو ئازارێکی بەژانە.

(١) واتە: دووقاچی باریکی هەیە، یان قول باریکێکە.

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١٥٩١)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٩٠٩).

(٣) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: (٢/ ٢٢٠).

ئەوەیشی لەسوننەتدا بەڵگە بێت لەسەر ئەم نیشانەیەی ڕۆژی دوایی، ئەو فەرموودەیەی حوذەیفەی کوڕی ئوسەید (خودای لێ ڕازی بێت) کە پێشتر باسمانکرد، کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن الساعة لا تكون حتى تكون عشر آيات خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخسف في جزيرة العرب والدخان، والدجال، والدابة....»[1] واتا: ڕۆژی دوایی نایەت، هەتاوەو دە نیشانە هەیە نەیەنەدی، ڕۆچوونێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆچوونێك لە ڕۆژئاواوە، و ڕۆچوونێك لە دوورگەی عەرەبەوە، لەگەڵ دووکەڵ، و دەجال، و ئاژەڵ، و... هەتاکۆتای فەرموودەکە هەموو نیشانەکانی تر باس دەکات.

**نیشانەی حەوتەم:** بەرزکردنەوەی قورئان لەزەویەوە بۆ ئاسمان، بەشێوەیەك هیچ ئایەتێکی لەسەر دێڕی کتێبەکان و ناو سینگی ئەو کەسانەش قورئانیان لەبەر بووە نامێنێت و بەرز دەکرێتەوە، ابن ماجە و حاکم لەفەرموودەیەکی حوذیەفەوە ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: «يدرس الإسلام كما يدرس وشي الثوب حتى لا يدرى ما صيام ولا صلاة ولا نسك، وليسرى على كتاب الله عَزَّوَجَلَّ في ليلة فلا يبقى في الأرض منه آية»[2] واتا: وردە وردە ئیسلام کەم دەکات و کاڵ دەبێتەوە، وەك جلوبەرگ چۆن ڕەنگ ونەخشی سەری کاڵ دەبێتەوە نامێنێت، هەتاوەکو وای لێ دێت کە نازانرێت ڕۆژو و نوێژ و حەج چیە،

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٠١).

(٢) سوننەنی ئیبن ماجە (٢/ ١٣٤٤)، بەفەرموودەی ژمارە (٤٠٤٩)، وموستەدرەکی ئەلحاکم (٤/ ٤٧٣) وە ئەلحاکم دەڵێت: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە بە مەرجەکانی موسلیم، ئیمامی ذەهەبیش هاوڕایەتی.

لەشـــەویکدا کتێبەکەی خـــودا (قورئانی پیرۆز) بەرز دەبێتەوە بۆ ئاســـمان بەشێوەیەك سەر زەوی یەك ئایەتی تێدا نامێنێت.

**نیشـــانەی هەشـــتەم:** هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاواوە، دەقەکانی قورئان وسونەتیش بەڵـــگەن لەسەر ڕوودانی ئەم نیشـــانەیە، وەك خودای گەورە فەرمـــوویەتی: ﴿يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ﴾ [الأنعـام: ١٥٨] واتـــا: ئـــەو ڕۆژە کەهەندێکی نیشـــانەکانی پەروەردگارت دێن و ســـەرهەڵدەدەن، ئیتر هەر کەســـێك بەرلەوە باوەڕی نەهێنابێ و، ئەورۆژە باوەڕ بهێنێ، هیچ قازانجێکی لێناکات، یان بیبەوێ لەو ماوەیەدا چاکەیەك بەدەســـت بهێنێ، هەمدیسان بێسوود دەبێت، کەوابوو بەر لەو ڕۆژە باوەڕ بهێنن و، کارێکی باشیش وە دەست بخەن بۆ خۆتان.

کۆمەڵـــێك لەڕاڤەکاران و موفەسیرەکان دەڵـێن: مەبەست لە: ﴿بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ﴾ هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاواوە، طەبەریش پاش ئەوەی ڕای زانایان باس دەکات لەتەفسیری ئایەتەکەدا، دەڵـێت: بەهێزترین ڕا و بۆچوون لەم باریەوە ئـــەو ڕایەیە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) باســـی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە فەرموویەتی: کاتێك کە خۆر لەخۆرئاواوە هەڵدێت.

بوخاری و مســـلیمیش لەفەرمودەیەکی ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا تقوم الســـاعة حتى تطلع الشـــمس من مغربها فإذا طلعت فرآها الناس آمنوا أجمعون فذاك حين لا ينفع نفسًا إيمانها لم تكن آمنت من قبل أو كسبت في إيمانها خيرًا»[1] واتا: ڕۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو خۆر ئاخۆرئاواوە هەڵنەیەت،

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرمودەی ژمارە(٤٦٣٦)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرمودەی ژمارە(١٥٧).

جا کاتێــك لەخۆرئاواوە هەڵهات، و خەڵــکی بەچــاوی خۆیان بینیان، هەموویان باوەڕدەهێنن، بەڵام ئەو ڕۆژەدا ئیتر باوەڕ لەکەسێك وەرناگیرێت کە پێشتر باوەڕی نەهێنابێت، یان خێری لەباوەڕکەی نەبینیبێت.

**نیشــانەی نۆیەم:** دەرچوونی ئاژەڵەکە یــان گیاندارەکە: ئەم ئاژەڵەیش گیاندار و دروســتکراوێکی گەورەیە، دەڵێن گوایە: شەســت باڵ درێژە، و زۆر زل و تووکنیشە، وتراویشە کە لەشێوەیدا زۆر جیاوازە لەگیاندارانی تر لەچەند ئاژەڵـێکی تر دەکات، قورئان و سوننەتیش بەڵـگەن لەسەر دەرچوون و دەرکەوتنی ئەم نیشــانە گەورەیەی پێش هاتنــی ڕۆژی دوایی، خودای گەورەیش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلۡقَوۡلُ عَلَيۡهِمۡ أَخۡرَجۡنَا لَهُمۡ دَآبَّةٗ مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ تُكَلِّمُهُمۡ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾ [النمــل: ٨٢] واتا: کاتێــک بڕیاری بەرپابوونــی (قیامەت درا، یاخــود نزیک بــۆوە)، زیندەوەرێک لە زەوی دەردەهێنین بۆیان کە قســەیان بۆ دەکات کە: بەڕاستی زۆربەی خەڵــکی باوەڕیان بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبووە.

ئیمامی موســلیم لەئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «ثلاث إذا خرجن لا ينفع نفسًــا إيمانها لم تكن آمنت من قبل أو كســبت في إيمانها خيرًا، طلوع الشمس من مغربها والدجال ودابــة الأرض»[١] واتا: سێ نیشانە هەن ئەگەر دەرکەوتن، ئــەو کەســەی لەوەوپێش بــاوەڕی نەهێنابێــت یان خێــری لەباوەڕکەی نەبینیبێت، باوەڕهێنانەکەی لەو ڕۆژەدا سوودی نابێت بۆی، هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاواوە، هاتنی دەجال و گیاندارەکەی زەوی.

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٥٨).

ئیمامی ئەحمـــەد لە ئەبوئومامەوە (خوای لـــێ ڕازی بێت) تەخریجی کردووە، کـــە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «تخرج الدابة فتسـم النــاس على خراطيمهم ثم يغمرون فيكم حتى يشـــتري الرجـــل البعير فيقول ممن اشـــتريته فيقول: من أحد المخطمين»[1] واتا: گیاندارەکەی دەردەچێت، خەڵـــکی بەلوتیاندا دەناسرێنەوە، (موسڵمانان بەنیشانەیەك و بێ باوەڕی بە نیشـــانەیەك لەڕوومەتیاندا) ئەمجا لەناوتانـــدا زۆر دەبن، تاوای لێ دێت کەسێك وشترێك دەکڕێت، پێی دەڵێن: لەکێت کڕیوە؟ ئەڵـــێت: لەیەکێك لەو لووت درێژانە.هەیثەمی وغەیری ئەویش لەفەرموودەناســـان سەنەدی ئەم فەرموودەیان بەسەندێکی صەحیح داناوە.

**نیشانەی دەیەم:** دەرچوونی ئاگرێکی گەورە، کەلە عەدەنەوە دەردەچێت خەڵـــکی بەرێ دەکەون بۆ شـــوێنی کۆبوونەوەیان، ئەمەش کۆتا نیشانەیە لەنیشانە گەورەکان، سوننەتیش بەڵـــگەیە لەســـەر ڕوودانی ئەم نیشانەیە، هەروەك لەو فەرموودەیـــەی کە حوذەیفەی کوڕی ئوســـەید (خودای لێ ڕازی بێت) ریوایەتی کردووە، و پێشتریش ئاماژەمان پێـــدا، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: «وآخر ذلك نار تخرج مـــن اليمن تطرد الناس إلى محشـــرهم»[2] واتا: کۆتا نیشـــانەیش ئاگرێکە لـــە یەمەنەوە دەردەچێت و خەڵکی دەکەونە ڕێ بۆ شوێنی کۆبوونەوەیان.

ئەم نیشـــانانەی کە باســـمان کـــردن گەورەترین نیشـــانەکانی ڕۆژی دواییـــن، جا ئەگەر هاتنەدی ئەوا قیامەت هەڵدەســـێت بەئیـــزن و مۆڵەتی

(١) موسنەدی ئەحمەد: (٥/ ٢٦٨).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٩٠١).

خودای گەورە، وە باس لەوەیش کراوە ئەم نیشـــانانە وەك دەنكە مووروی ملوانكەیـــەك چۆن لەهۆنینەوەیدا یەك بەدوای یەكدا دێن، ئەگەر (پەتی ئەو ملوانكەیە پچڕا) یەكێكیان بەربوویەوە ئەوا ئەوانی تریش بەدوایدا دێن، ئەم نیشانەیش وەك ئەو دەنكە مورووانە بەدوای یەكدا دێن، طەبەرانی لە كتێبی (الاوسط) دا ڕیوایەتی كردووە لە ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «خروج الآيات بعضها على إثر بعض، يتتابعـــن كما تتابع الخرز في النظام»[1] واتا: دەركەوتن و دەرچوونی نیشـــانە (گەورەكانـــی ڕۆژی دوایی) یەك لەدوای یەك دێـــن، وەك چۆن مورووی ملوانەكەیەك لەهۆنینەوەیدا بەدوای یەكدا دێن.

(١) (المعجم الوسيط: ٥/ ١٤٨)، بەفەرموودەی ژمارە (٤٢٨٣).

## باسی دووەم
## خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ

سیٚ دواکاری لەخۆگرتووە

لیٚکۆڵینەوە و دراسەکردنی ئەم مەسئەلەیەش لە سیٚ تەوەرە پیٚك دیٚت:

**تەوەرەی یەکەم: باوەڕ بە خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ و بەڵگەکانی:**

باوەڕ بەخۆشی و خۆشگوزەرانی کەسانی باوەڕدار لەناوگۆڕ، و سزا و ناخۆشی بۆ ئەو کەسانەیان کە شایستەی ئەمەن لەگوناهباران و سەرپیٚچی کەران و کەسانی خراپ، یەکیکە لە بنەماکانی ئیمان و باوەڕ، کە دەقەکانی قورئان و سوونەت بەڵگەن لەسەری.

ئەو بەڵگانەی کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون لەسەر خۆش و خۆشگوزەرانی ناو گۆڕ، زۆرن ئیٚمە تەنها ئاماژە بەهەندیٚکیان دەکەین، خودای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْءَاخِرَةِ﴾ [إبراهيم: ٢٧] واتا: جا ئەوانە کە باوەڕیان بەخوداو بەگشت بڕیارەکانی خودا هیٚناوە، بەهۆی ئەم وشە جیٚگر و نەگۆڕاوەی (لا إله إلا الله) وە خودا پیٚگەیان قایم و ثابت دەکات، لەژیانی دونیا و لەدوارۆژیشدا.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر جیٚگیر و ثابتکردنی باوەڕداران لەکاتی پرسیارلیٚکردنیان لەناو گۆڕدا، وە سەرجەم ئەو خۆشیانەشیان بۆ جیٚگر دەکات کە بەدوای ئەو پرسیارنەدا دیٚن، بوخاری لە بەرائی کوڕی عازبەوە (خودایان لیٚ ڕازی بیٚت) ڕیوایەتی کردووە، کە پیٚغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

فەرموویەتی: «إذا أقعد المؤمن في قبره أتي ثم شهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله فذلك قوله: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ﴾»(١) واتا: کاتێك کە باوەڕدار دادەنیشێنرێت لەناو گۆڕەکەیدا وەدەهێنرێت، پاشان کە شاهیدی دا کە هیچ خودایەکی بەهەق نییە جگە لە (الله) و شاهیدیشی دا کە محمد پێغەمبەری خودایە، ئەمەش مانای ئەو ئایەتەی خودای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ﴾.

بەڵگەش لەسەر سزای ناو گۆڕ، ئەم ئایەتەیە پیرۆزەیە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ۞ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓاْ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ﴾ [غافر: ٤٥: ٤٦] واتا: سزای سەخت هات و دارو دەستەی فیرعەونی گرتەوە ۞ ئاگری دۆزەخ بەیانیان و ئێواران نیشانیان دەدرێت، یاخود پیایاندا دەچزێنرێت، لە (جیهانی بەرزەخدا) ڕۆژی قیامەتیش فەرمان دەدرێت: ئادەی تاقم و دەستەی فیرعەون بخەنە ناو ئێش و ئازاری زۆر ناخۆشەوە.

قورطبی لەم باریەوە دەڵێت: جمهوری زانایان ڕایان وایە کە ئەم پیشاندانی ئاگرە بەفیرعەون و دەست و دایرەکەی لەناو گۆڕدایە، کە بەڵگەیە لەسەر بوونی سزای ناو گۆڕ و جێگیرکردنی، ابن کثیریش ئەڵێت: ئەم ئایەتە بنەمایەکی گەورەیە بەدەست ئەهلی سوننەتەوە کە دەیکەن بەبەڵگە لەسەر بوونی سزای ناو گۆڕ.

هەروەها ئەم ئایەتەیش بەلگەیە لەسەر بوونی سزای ناو گۆڕ، کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٣٦٩).

[التوبـــة: ١٠١] واتا: لەمەودوا ئەوانە هەر لـــە دنیادا دوو جار ئازاریان دەدەین، پاشان دەبرێنەوە بەرەو سزا و ئازارێکی زۆر سەخت و دژوار.

زۆربەی زانایانی سەلەف ئەم ئایەتەیان کردووە بە بەڵـگە لەسەر بوونی ســـزای ناو گۆڕ، موجاهدیش لەتەفســـیری ئەم ئایەتەدا وتویەتی: سزایان دەدەین بە برســـیەتی و سزای ناوگۆڕ، ئەمجا لەتەفسیری ئەمەدا ﴿يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾ وتویەتی: بەســـزادانیان لە ڕۆژی دواییدا، قەتادەیش دەڵـــێت: سزای دونیا و سزای ناو گۆڕ، پاشان سزای سەختی ڕۆژی دواییش، ئیمامی بوخاریش ئەم ئایەتە و ئایەتەکەی پێشتریشیکردووە بە بەڵـــگە لەسەر بوونی سزای ناوگۆڕ لەمانای ئەو فەرموودانەی کە باس لە سزای ناوگۆڕ دەکەن.

ئەو فەرموودانەیشـــی بەڵـــگەن لەســـەر بوونی ســـزای ناوگۆڕ زۆر زۆرن، یەکێکیش لەوانە ئەو فەرموودەیەیە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موســـلیمدا هاتووە، کە عبداللە ی کوڕی عومـــەر (خوایان لێ ڕزا بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن أحدكم إذا مـــات عرض عليه مقعده بالغداة والعشـــي إن كان من أهـــل الجنة فمن أهل الجنـــة وإن كان من أهل النار فمن أهل النـــار فيقال هذا مقعدك حتى يبعثك الله يوم القيامة»[١] واتا: هەرکەســـێك لەئێوە کاتێك دەمرێت، بەیانیان و ئێواران جێگاکەی لەبەهەشـــتدا پیشـــان دەدرێت ئەگەر ئەهلی بەهەشت بێت، خۆ ئەگەر ئەهلی ئاگریش بێت ئەوە بەو شـــێوەیە ئاگری پیشـــان دەردێت، پێی دەڵـێن: ئەمە جێگاتە هەتا ڕۆژی دوایی خودای گەورە زیندووت دەکاتەوە.

لەصەحیحی موسلیمیشـــدا هاتووە، کە ئەنس (خودای لێ ڕازی بێت)

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١٣٧٩)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٨٦٦).

ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لولا أن لا تدافنوا لدعوت الله أن يسمعكم من عذاب القبر»[1] واتا: ئەگەر بهاتایە لەناو گۆڕدا نەشاردرانایەتەوە، ئەوا داوام لەخودای گەورە دەکرد سزای ناوگۆڕتان پێ ببیستێت.

غەیری ئەمانەیش بەڵگەن لەقورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) زۆر زۆرن لەسەر بوونی سزای ناو گۆڕ، بەئەندازەی پێویست بەڵگەمان هێنایەوە لەسەر جێگیربوونی خۆشی و سزای ناوگۆڕ.... خودای گەورەش زاناترە.

**تەوەرەی دووەم: خۆشی و سزاکانی ناو گۆڕ لەسەر لاشە و ڕۆحیشە.**

خۆشی و سزاکانی ناوگۆڕ بۆ ڕۆح و لاشەیە بەیەکەوە، ڕۆح خۆشبەخت دەبێت یان سزای پێ ئەچێژرێت لەگەڵ لاشەکەیشیدا بەیەکەوە، هەروەك هەندێك جاریش ڕۆح خۆشبەخت دەبێت یان سزا ئەدرێت جیا لەلاشەکەی، ئەو کاتە خۆشی و سزای ڕۆح بەتەنها بۆ ڕۆحە و لەسەر لاشە نییە، لەسەر ئەم مەسئەلەیەش بەڵگە لەقورئان و سوننەت گەلێك هاتووە، و ئەهلی سوننەت و جەماعەتیش یەکڕان لەم بارەیەوە، لەگەڵ بوونی چەند دەنگێکی جیاواز کە پێیان وایە خۆشی و سزای ناوگۆڕ تەنها بۆ ڕۆحە بەدوور لەلاشە.

بەڵگەیش لەسەر ئەوەی خۆشی و سزا لەناو گۆڕدا بۆ ڕۆح و لاشەیشە بەیەکەوە، ئەنەسی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن العبد إذا وضع في قبره وتولى عنه

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٦٨).

أصحابه وإنه ليســـمع قرع نعالهم أتاه ملكان فيقعدانه فيقولان: ما كنت تقول في هذا الرجل لمحمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فأما المؤمن فيقول: أشهد أنه عبد الله ورسوله فيقال له انظر إلـــى مقعدك من النار قد أبدلك الله به مقعـــدا من الجنة فيراهما جميعا، وأما المنافق والكافر فيقال له ما كنت تقول في هذا الرجل؟ فيقول: لا أدري كنت أقول ما يقول الناس، فيقال: لا دريت ولا تليت، ويضرب بمطارق من حديد ضربة فيصيح صيحة يســـمعها من يليه غير الثقلين»[1] واتا: بەندە کاتێك خرایە ناو گۆڕەکەیەوە و خزم و کەسوکارەکەی دایانپۆشی و پشتیان هەڵـــکرد، ئەم مردووە خشەی نەعلەکانیان دەبیستێ، پاشان دوو فریشتە دێن بۆلای و دائەنیشێنن (ئەم دانیشتنەیش مەگەر خودا خۆی بزانێت چۆنە) وپێی ئەڵـێن: دەربارەی ئەو پیاوە (محمد) چی ئەڵێیت؟ باوەڕدار لەوەڵامیاندا ئەڵـــێت: شاهیدی ئەدەم کە ئەو عەبدی خودا و پێغەمبەریەتی، ئەمجا پێی ئەوترێت: دەی ســـەری جێگاکەت بکە لەئاگردا کە خودای گـــەورە بۆی گۆڕیویت بـــە جێگایەك لەبەهەشـــتدا، ئەمجا هەموویان دەبینن، بـــەڵام بێ باوەڕان و دووڕوو پێیان دەوترێت: دەربارەی ئەو پیاوە (محمد) چی ئەڵێیت: ئەڵـێت: نازانم، ئەوەم دەوت کە خەڵـــکی دەیانووت، پێـــی دەوترێت: نە دەتزانی ونەخوێندیشـــتەوە، ئەوجا یەك چەکوشی ئاسنینی لێ دەردێت، هاوارێکی وا توند و قایم دەکات کە هەموو گیانلەبەرێك دەیبیســـتێ مرۆڤ و جنۆکە نەبێت.

بەرائی کوڕی عازبیش (خودای لێ ڕازی بێت) لەو فەرموودە درێژەی کە لـــە پێغەمبەری خـــوداوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گێراویەتیـــەوە دوای ئەوەی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٣٣٨).

باس لەگیان کێشـــان و بەرزبوونەوەی ڕۆح دەکرێت بۆ ئاســـمان هاتووە: «.... فتعاد روحه في جســـده فيأتيه ملكان فيجلســـانه فيقـــولان له من ربك»[١] واتا: ئەمجـــا ڕۆحەکەی دەگێڕرێتەوە بۆ ناوجەســـتەکەی و دوو فریشـــتە دێن بۆلای ودایدەنیشـــێنن، پێی دەڵـــێن: پەروەردگارت کێیە؟ تا کۆتایی فەرموودەکە کەتەواو دەبێت ئـــەم فەرموودەیە حاکم و غەیری حاکمیش بەفەرموودەیەکی صەحیحیان داناوە..

ئەم دوو فەرموودە بەڵـــگەن لەسەر ئەوەی خۆشی و سزای ناوگۆڕ بۆ ڕۆح و جەســـتەیە بەیەکەوە، کاتێك کـــە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێـــت: «إن العبد إذا وضع في القبر»[٢] واتـــا: بەندە کاتێك کە خرایە ناو گۆڕەوە.. بەڵـگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی وشەی (العبد) کە لـــە فەرموودەکەدا هاتووە، ناوە بۆ ڕۆح و جەســـتە بەیەکەوە، هەروەها کە دەڵێت ڕۆحەکەی دەگێڕدریتەوە بۆ ناو جەســـتەکەی و ئەمجا پرسیاری لێ دەکرێت، هـــەروەك لەفەرموودەکەی بەرائی کـــوڕی عازب، و لەدوو فەرموودەکەی تریـــش کاتێك باس لەوە دەکات کە «يســـمع قرع نعالهم»[٣] واتا: مردووەکە گوێی لە خشەی نەعلی ئەو کەسانە دەبێت کە دایان پۆشیوە و بەجێـــی دەهێڵن، یـــان کەفەرموویەتی: «فيقعدانه» واتا: دوو فریشـــتەکە

(١) موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٢٨٧)، وە سونەنی ئەبی داود (٥/ ٧٥) بەفەرموودەی ژمارە (٤٧٥٣)، وموستەدرەکی ئەلحاکم: (١/ ٣٧- ٣٨).

(٢) تیرموذی - الجنائز - (١٠٤٦)، وە ئەبو داود - الجنائز - (٣٢١٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٢٧).

(٣) بوخاری - الجنائز- (١٢٧٣)، وە موسلیم - الجنه وصفه نعیمها وأهلها - (٢٨٧٠)، وە ئەلنەسائی - الجنائز - (٢٠٥١)، وە ئەبو داود - الجنائز - (٣٢٣١)، وە موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٢٦).

مردووەکە دادەنیشێنن، یان کە دەفەرمووێت: «ویضرب بمطارق من حدید»[١] واتا: بەچەکوشـێکی ئاسـنین لێی دەدرێت، یان کـە فەرموویەتی «فیصیح صیحـة»[٢] واتا: هاوارێکی بەهێز دەکات، هەمـوو ئەمانەی کە ئاماژەمان پێدان صیفاتی جەستەن، و ئەوەیشـی لەناو گۆڕدا ڕوودەدات لەخۆشی و سزا پەیوەندیان بە ڕۆح و جەستەوە پێکەوە هەیە.

بـەڵام هەندێـك فەرموودەی تریش هەن بەڵـگەن لەسـەر ئەوەی هەندێك جار خۆشـی یان سـزای ناو گۆڕ دەکەوێتە سـەر ڕۆح بەتەنها دوور لەجەسـتە، وەك ئـەو فەرموودەیـەی عبدالله ی کـوڕی عەباس (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـی: «لما أصیب إخوانکم یعني یوم أحـد - جعل الله أرواحهم في أجواف طیـر خضر ترد أنهار الجنـة وتأکل من ثمارها وتـأوي إلی قنادیل من ذهب في ظـل العرش»[٣] واتا: کاتێك براکانتان لەڕۆژی ئوحوددا کوژران، خودای گەورە ڕۆحەکانیانی خسـتە ناو سکی باڵندەی سەوزەوە، بەسەر ڕووبارەکانـی بەهەشـتدا دەسـوڕێنەوە و لەبەروبوومەکانی دەخۆن، و بەرز دەبنەوە بۆلای کۆمەڵە ڕووناکی و چرایەك کە لەزێڕ دروسـتکراون لەسێبەری عەرشدا.

(١) بوخاری – الجنائز – (١٣٠٨)، ئەلنەسائی – الجنائز – (٢٠٥١)، ئەبو داود – السنة – (٤٧٥١)، موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٢٦).

(٢) بوخاری – الجنائز – (١٢٧٣)، ئەلنەسائی – الجنائز – (٢٠٥١)، ئەبو داود – السنة – (٤٧٥١)، موسنەدی ئەحمەد (٣/ ١٢٦).

(٣) موسنەدی ئەحمەد (١/ ٢٦٦)، موستەدرەکی ئەلحاکم (٢/ ٨٨، ٢٩٧)،حاکم ئەم فەرموودەی بە صەحیح داناوە و ئیمامی ذەهەبیش هاورایەتی.

بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خۆشـــی یان ســـزای ناوگۆڕ لەسەر ڕۆح و جەستەیەك پێکەوە، وە هەندێك جاریش تەنها بۆ ڕۆحە، کۆمەڵـێك لەپێشەوایانی لێکۆڵەری ئەهلی سوننەت لەچەســپاندنی ئەم مەسئەلەیەدا وتویانە: بە ئیتفاقی ئەهلی سوننەت و جەماعەت سزا و خۆشی ناو گۆڕ بۆ ڕۆح و جەستەیە پێکەوە، هەندێك جار بەتەنها دەروون خۆشبەخت دەبێت یان ســزا دەچێژێت، چۆن هەندیك جاریش پێکەوە جەستە و دەروون سزا یان خۆشـــی ناو گۆڕ دەچەژن، لەم حاڵەتەیشـــدا خۆشـــی یان سزا لەسەر جەستەو ڕۆح دەبێت لەیەك کاتدا، هەروەك چۆن هەندیك جاریش بەتەنها بۆ ڕۆحە.

**تەوەرەی سێهەم: باوەڕ بەهەردوو فریشتەی (مونکر) و (نکیر).**

پێشـــتر و لەباســـی کار و فەرمانی فریشـــتەکاندا باســـی (مونکیر) و (نەکیـــر) مانکـــرد، کە دوو فریشـــتەن و خـــودای گەورە ڕایســـپاردوون بەپرســـیارکردن لەمـــردووەکان لەنـــاو گۆڕەکانیانـــدا، لێرەدایشـــدا بۆیە جارێکی تر باســـمانکردوونەتەوە، بۆ ئەوەی بەدرێژی باس لەوە بکەین کە باوەڕبوون بەو پرســـیارانەی ئەو دوو فریشتەیە لە مردووەکانی دەکەن وئەو ڕووداوانەی کە دێت بەسەریان لەناوگۆڕدا بەشێکە لەباوەڕ بوون بەخۆشی و ناڕەحەتیەکانی ناوگۆڕ.

فەرموودە گەلێکیش لەم بارەیەوە بەڵـــگەن لەســـەر وەصف و کارو فەرمانی ئەم دوو فریشـــتەیە و پرســـیارەکانیان کە ئاڕاستەی مردووەکانی دەکـــەن پاش شـــاردنەوەیان، تیرمـــوذی و ابن حبان لەئەبـــو هورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)

فەرموویەتی: «إذا قبر الميت أو قال أحدكـم - أتاه ملكان أسودان أزرقان يقال لأحدهما المنكر والآخر النكيـــر، فيقولان ما كنت تقول في هذا الرجل، فيقول: مـــا كان يقول هو عبد الله ورســـوله، أشـــهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورســـوله، فيقولان: قد كنا نعلم أنك تقول هذا ثم يفسح له في قبره سبعون ذرعا في ســـبعين..» وإن كان منافقا قال: ســـمعت الناس يقولون فقلت مثله لا أدري: فيقـــولان: قد كنا نعلم أنك تقول ذلك، فيقال لـــلأرض التئمي عليه فتلتئم عليه فتختلف أضلاعه فلا يزال فيها معذبا حتى يبعثه الله من مضجعه ذلك»[١] واتا: کاتێك کە مردوو خرایە ناو گۆڕەوە، یان کەســێکیتان خرانە ناوگۆڕەوە، دوو فریشـــتەی ڕەشـــی شـــین باو دێن بۆلای، یەکێکیان ناوی مونکیر و ئەوی دیکەشیان نەکیر، پێی دەڵـــێن و لێی دەپرسن، لەبارەی ئەو پیاوەوە (مەبەســـت پێی پێغەمبەرە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)) چی دەڵـــێیت؟ ئەو کەسەی کە بـــاوەڕدار بێت لەوەڵامیاندا دەڵـــێت: ئەوەی دەیانـــووت کە بەندە و پێغەمبەری خودایە، شـــاهیدی ئەدەم کە هیچ پەرســـتراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله)، وشـــاهیدیش ئەدەم کە محمد بەندە و پێغەمبەری خودایە، ئەمجا دوو فریشتەکە پێی دەڵێن: ئێمە دەمانزانی کە تۆ هەر ئەمە دەڵێیت، پاشـــان گۆڕەکەی حەفتا باڵ بە حەفتا باڵ بۆ فراوان دەکەن... خۆ ئەگەر (خواپەنامان بدات) ئەو کەسە دوو ڕوو یان (بێ باوەڕ بێت) لەوەڵامیاندا دەڵـــێت: لە خەڵـــکی شتێکم دەبیســـت نازانم ئەوەی ئەوان دەیانووت منیش هەر ئەوە دەڵـــێم، ئەمجا دوو فریشـــتەکە دەڵـــێن: ئێمە دەمانزانی

(١) سونەنی تیرموذی (٣/ ٣٨٣)، بەفەرموودەی ژمارە (١٠٧١) تیرموذی ئەڵێت ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە، ئیبن حبان: (٧/ ٣٨٦)، بەفەرموودەی ژمارە (٣١١٧).

تــۆ هەر ئەمە وەڵامتە، پاشــان فەرمــان دەکەن بەزەوی ئادەی بیوشــێرە بەخۆتــەوە، زەویش دەیوشــێرێت بەخۆیەوە هەتاوەکو پەراســووەکانی دەچن بەناویەکدا، بەم شــێوەیە ســزای ئەدەن هەتا ئــەو ڕۆژەی خودای گەورە زیندووی دەکاتەوە و لە جێگاکەی خۆی دێتە دەرەوە.

دیســان ئەو فەرموودەیەی ئەنەس (خودای لێ ڕازی بێت) کە پێشــتر باسمانکرد بەڵــگەیە لەسەر پرسیارکردنی ئەو دوو فریشتەیە لەمردووەکانی ناوگۆڕ.

لەکۆتاییدا ئەوەی پێویستە کەبیڵــێین، ئەوەیە واجبە باوەڕبوون بەم دوو فریشــتەیە و بەناوەکانیان و بەو وەصفانەی کە لەبارەیانەوە هاتوون، لەگەڵ ئەو پرسیارانەیشی کە ئاڕاستەی مردووەکانیان دەکەن، ئەمە سەرەڕای باوەڕ بەو وەڵامەی کە باوەڕداران لەگــەڵ بێ باوەڕ و دووڕووەکان دەیدەنەوە تا کۆتایی دێت بەو خۆشــی و نیعمەتەی ئامادەکراوە بۆ موسڵمانان یان بەو ســزا و ناخۆشــیەی ئامادەکراوە بۆ بێ باوەڕان، وەك ئەوەی لەفەرموودە صەحیحەکاندا باسیان لێکراوە.

زانایان ڕایان جیاوازە لەبارەی ئەوەی ئایا پرســیارکردنی مردووەکانی ناو گۆڕ تایبەتە بەئوممەتی ئیســلامەوە، وەك هەندێك وای بۆچوون، یان ئەوەتانێ ئەم پرسیاکردنە بۆ هەموو ئوومەتانی تریشە وەك ئەوەی هەندێك زانایان ڕایان وایــە، بەڵام ئەوەی لە دەقەکانــەوە وەردەگیرێت ئەوەیە ئەم پرسیاکردنەی فریشــتەکان لەمردووەکانی ناو گۆڕ تایبەت نییە بە ئوممەتی ئیسلامەوە، بەڵــکو بۆ گشت ئوممەتەکانی تریشە، ئەمەیش ڕای زۆربەی زۆری زانایان و لێکۆڵەرەوانی ئیسلامە، خودای گەورەش زاناترە.

## باسی سێهەم
## باوەڕ بەزیندووبوونەوە

باوەڕبـــوون بەزیندووبوونەوە گەورەترین بنەمـــای باوەڕ و ئیمانە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، وەك ئەوەیشی دەقەكانی قورئان وسوننەت بەڵـگەن لەسەری، ئەم بەشە چەند لایەن و چەمكێكی لەخۆ گرتووە، كە هەقیقەت و گرنگی باوەڕ پێی بوونی ڕوون دەكاتەوە، وە ئەوەیش ڕووندەكاتەوە كە پێویستە باوەڕدار بەچی شێوەیەك باوەڕی بەزیندووبوونەوە و ئەحواڵ و ڕووداوەكانی هەبێت.

**تەوەرەی یەكەم: مانای زیندووبوونەوە و هەقیقەتەكەی.**

(البعث) زیندووبوونەوە لەزمانی عەرەبیدا بەدوو مانادێت:

**یەكەم:** نـــاردن، یان ڕەوانەكردن، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ﴾ [الأعـــراف: ١٠٣] واتـــا: لەپاش ئەوانیش موســـا مان ڕەوانەكرد، لێرەدا وشەی (بعث) بەمانای ڕەوانەكردن هاتووە.

**دووەم:** بەمانـــای وورووژاندن و جوڵاندن دێت لەزمانی عەرەبیشـــدا وتراوە: بعثت البعير فانبعث، واتـــا: جوڵاندنم و ئەویش جوڵا، هەروەها زیندووكردنـــەوەی مردووەكانیـــش هەر لەم مانایە وەرگیـــراوە ئەویش بە زیندووكردنەوە و دەرهێنیان لەگۆڕەكانیان، كاتێك دەورووژێن ودەجوڵـێن لەكاتی زیندووبوونەوەدا، خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ﴾ [البقرة: ٥٦] واتا: پاشان لەدوای مردنیان زیندوومان كردنەوە.

وشـــەی (البعث) لەشەرعیشـــدا: بەمانای ئەوە دێت كە خودای گەورە مردووەكان زیندوو دەكاتەوە و لەگۆڕەكانیان دەریاندەهێنێت.

هەقیقەتـــی زیندووبوونەوەیـــش ئەوەیـــە: پاش ئەوەی کە جەســـتەی مردووەکان لەگۆڕەکانیاندا ڕزا، خودای گەورە هەموو بەشەکانی کۆدەکاتەوە و جارێکی تر بەقودرەت و دەسەڵاتی خۆی وەك خۆیانی لێدەکاتەوە، ئەمجا ڕۆحەکانیان دەکاتـــەوە بەبەردا، دواتر لەگۆڕەپان و شـــوێنی کۆبوونەوەیان کۆیان دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە و دادوەری کردنیان لەنێوانیاندا، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُۥۖ قَالَ مَن يُحْيِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٌ * قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِيٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾ [يس: ٧٨، ٧٩] واتا: مەســـەل و نموونەیەکی بـــۆ هێنایەوە وئینکاری دەســـەڵاتی ئێمەی کرد بۆ زیندوو کردنەوەی ئادەمیزادو جنۆکە، وە دروســـتبوونی خـــۆی لەبیر کرد، چەند ئێســـکێکی رزیوی هێناو رووی لە پێغەمبەر کردو وتـــی: کێ ئەتوانێ ئەو ئێســـك و پروســـکە رزیوانە زیندوو بکاتەوە؟ * تۆ بڵێ: ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرئەو کەسە کە هەوەڵجار دروستیکردوون زیندووشتان ئەکاتەوە، چونکە ئەو خوایە بەهەموو دروستکراوێك زاناو بەئاگایە، ئەزانێ چۆنی دروستکردوون و چۆنیش زیندوویان بکاتەوە.

وعن حذيفة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أنه قال: قال رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «إن رجلًا حضـــره الموت لما أيس من الحياة أوصى أهله: إذا مـــت فاجمعوا لي حطبًا كثيرًا ثم أوروا نـــارًا حتى إذا أكلت لحمـــي وخلصت إلى عظمـــي فخذوها فاطحنوها فذروني فـــي اليم في يوم حار أو راح فجمعه الله فقال: لم فعلت؟ قال: خشـــيتك، فغفر لـــه»[1] واتا: حوذەیفە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتـــی: پیاوێك کاتێك مردن یەخەی پێگرت و ئیتر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٤٧٩).

مەئیوس بوو لەژیان وەصیەتی کرد بۆ کەســـوکارەکەی و پێی وتن: ئەگەر مـــردم ئەوا دارێکی زۆر کۆبکەنەوە و ئاگری تێبەردەن کە گەیشـــتە ئەوەی گۆشتەکەمی سووتاند و گەیشتە ئیســـقانەکانم ئەوکاتە ئیسقانەکانم بهاڕن لەرۆژێکی گەرم یان لەرۆژێکی ڕەشـــەبادا بەسەر دەریادا بڵاوم بکەنەوە، دوای ئەوەی کـــە خودای گەورە کۆی دەکاتـــەوە و جارێکی تر زیندووی دەکاتەوە، پێی دەفەرمووێت: بۆچی ئەمەتکرد؟ لەوەڵامدا ئەڵێت: لەترسی تۆ ئەی پەروەردگار، خودای گەورەیش لێی خۆش دەبێت.

دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵـــگەن لەســـەر ئەوەی خودای گەورە ئەو جەســـتە و لاشـــانەی کە لەناو گۆڕەکاندان خۆیان زینـــدوو دەکاتەوە و جارێکی تر ئێســـك و پرووســـکە ڕزیـــووەکان کۆدەکاتـــەوە هەتاوەکو خۆیانیان لێ دێتەوە، ئەمجا ڕۆحەکانیان دەکاتەوە بەبەردا، پاك وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە زۆر بەدەسەڵاتە و دەستەوەستان نابێت لەبەرامبەر هیچ شتێکدا.

فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) یش چۆنیەتی زیندووکردنەوەیان باس کردووە، کە خودای گەورە بارانێك ئەبارێنێتە ســـەر زەوی، مردووی ناو گۆڕەکانی پێ زیندوو دەکاتەوە، هەروەك چۆن گژوگیا ســـەوز دەبێت لەســـەر زەوی، بوخاری و موسلیم لە ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕزای بیت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: أن رسول الله (ﷺ) قال: «مابين النفختـــين أربعون قـــال: أربعون يومًا. قال: أبَيْت، قال: أربعون شـــهرًا؟ قال: أبيت، قال: أربعون سنة؟ قال: أبيت، قال: ثم ينزل الله من الســـماء ماء فينبتون كما ينبت البقل ليس من الإنســـان شيء إلا يبلى إلا عظمًا

واحدًا، وهو عجب الذنب ومنه يركب الخلق يوم القيامة»[١] واتە: نێوان هەردوو فووکردنەکەی (ئیسرافیل) چلە، ووتی: چل ڕۆژە؟ وتی: نەمویست، وتی: چل مانگە؟ وتی: نەمویست، وتی: چل ساڵە؟ وتی: نەمویست بەدڵنیایی دیاری بکەم، ئەمجا فەرمووی: دواتر خودای گەورە لەئاسمانەوە ئاوێك دەبارێنێت، هەموویان پێ سەوز دەبیتەوە، هەروەك چۆن دەنکە پاقلەیەك سەوز دەبێت، هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ دەفەوتێت و تیادەچێت، یەك پارچە ئێسکی بچووك نەبێت، کە پێی دەڵێن (عجب الذنب) جا هەر لەمەوە جارێکی تر خودای گەورە مرۆڤەکان دروست دەکاتەوە.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر چۆنیەتی زیندوو بوونەوە، وە خەڵکی ناو گۆڕەکان لەنێوان هەردوو فووەکەی (ئیسرافیل) دا چل دەمێننەوە، ئەوانیش فووی مردن و فووی زیندووبوونەوەیە، ئەو کەسەشی کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە کە (ئەبوهورەیرە) یە ئەو چلەی دیاری نەکرد، کە ئەو چلە چیە، ئایا چل ڕۆژە یان چل مانگە یان چل ساڵە، بەڵام وەك ئەوەی لەهەندێك ڕیوایەتی تردا هاتووە مەبەست پێی چل ساڵە، پاشان کە خودای گەورە ویستی کە مەخلوقاتەکانی زیندووبکاتەوە بارانێك لەئاسمانەوە دەبارێنێت، لەهەندێك ڕیوایەتدا هاتووە کە ئەو ئاوە وەك ئاوی پیاوەتی وایە، مردووی ناو گۆڕەکانی پێ سەوز دەبێتەوە، هەروەك چۆن گژوگیا جارێکی تر سەوز دەبێتەوە و سەر دەردەهێنێت لەزەوی، ئەمەش دوای ئەوەی کە جەستە و لاشەیان هەر هەمووی ڕزیووە و بووە بەخۆڵ، جگە لە پارچە ئێسکێکی بچووك نەبێت کە پێی دەوترێت (عجب الذنب) خودای گەورە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٤٩٣٥)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٩٥٥).

لەسەر ئەو پارچە ئێسکە مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوە، پێغەمبەران نەبێت کە خودای گەورە حەرامی کردووە لەســەر زەوی کە لاشــەکانیان بڕزێنێت، وەك لەپێشــتر باســمانکرد، بەمەش هەقیقەت و چۆنیەتی زیندووبوونەوە و کاتەکەیمان بۆ ڕوون بوویەوە، خودای گەورەش زاناترە.

**تەوەرەی دووەم: بەڵـگەکانی زیندووبوونەوە لەقورئان و سوننەت وژیری.**

دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵـــگەن لەســـەر ئەوەی خودای گەورە جارێکـــی تر مردووەکان زینـــدوو دەکاتەوە، ئەمـــەش لەچەند جێگایەکی جیاجیای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە:

بەڵـگەکانی قورئان: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [البقرة: ٥٦] واتا: پاشان لەدوای مردن جارێکی تر زیندوومان کردنەوە، وەفەرموویەتی: ﴿مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ﴾ [لقمـــان: ٢٨] واتا: خەڵـــکینە! دروستکردن و زیندووکردنەوەی هەمووتان دوای مردن وەکو دروستکردن و زیندووکردونەوەی تاکە کەسێکە، بەلای خواوە ئەوەندە ئاســـانە، بەڕاســـتی خودا زۆر بیسەرو شـــنەوایە، زۆریش بینایە ئاگادارەو، هەموو شتێکیش بەوردیی دەبینێت، هەر لەبارەی زیندوو بوونەوەوە دەفەرمووێت: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَن لَّن يُبْعَثُوا۟ ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ [التغابـــن: ٧] واتـــا: ئەوانـــەی کافرو بێ بـــڕوا بوون وتیان: هەرگیـــز پاش مردن زیندوو ناکرێینەوە، پێیـــان بڵێ ئەی پێغەمبەر! (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵێ ســـوێند بە پەروەردگارم بێگومان لـــە گۆڕەکانتاندا دەرئەهێنرێن و زیندوو ئەکرێنەوە، ئەوەیش بۆ خودا کارێکی ئاسانە.

بەڵـــگەکانی ســـوننەتیش: ئەبوهورەیـــرە (خودای لـــێ ڕازی بێت)

ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خـــودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا تفضلوا بين أنبياء الله فإنه ينفخ في الصور فيصعق من في الســـماوات ومن في الأرض إلا من شاء الله قال: ثم ينفخ فيه مرة أخرى فـــأكون أول من بعث أو في أول من بعث فإذا موســـى آخذ بالعرش...»[١] واتا: نەکەن جیاوازی بکەن لەنێو پێغەمبەراندا و فەزڵی کەســـیان مەدەن بەســـەر ئەوی تریاندا، بزانن کە فوو دەکرێت بە (صور) کەڕەنادا، ئەوەی لەســـەر زەوی و ئاســـمانەکاندایە پێی دەمرن ئەوە نەبێت کە خودای گەورە بیەوێت، پاشان فوویەکی تری پێدا دەکرێتەوە، من یەکەم کەســـێکم کە زیندوو دەبمەوە یان من یەکەم کەسێکم لەناو ئەوانەی کە زیندوو دەکرێنەوە، موساش دەستی گرتووە بەعەرشەوە...

لەو فەرموودەیەشـــی لەصەحیحـــی بوخاری و موســـلیمدا هاتووە، و ئەبوســـەعیدی خـــودری ڕیوایەتی کـــردووە (خودای لـــێ ڕازی بێت) پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: «فأكون أول من تنشق عنه الأرض»[٢] واتا: من یەکەم کەسێکیم کە زەوی بۆی درز دەبات (واتا: زیندوو دەبمەوە و لەگۆڕەکەم دێمە دەرەوە).

ئەم دوو فەرموودەیە بەڵـگەن لەسەر ئەوەی خودای گەورە جارێکی تر مردووی ناو گۆڕەکان زیندوو دەکاتەوە و کۆیان دەکاتەوە لەگۆڕەپانێکدا بۆ لێپرسینەوە، وە بەڵـگەشن لەسە گەورەیی وڕێزی پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) چونکە یەکەم کەسێکە زیندوو دەکرێتەوە و لەگۆڕەکەی دێتە دەرەوە.

هەروەها هۆش و بیری ســـاغ و سەلیمیش شـــاهیدی زیندووبوونەوە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٤١٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٣٧٣).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٢٤١٢)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٢٧٨).

دەدات، چونکە زیندووکردنەوە بریتیە لەدووبارەکردنەوەی مەخلوقاتەکان، وە دیارە کـــە دووبارەکردنەوەی شـــتێکیش ئاســـانترە لە دروســـتکردنی یەکەمجاری،هەرلەبەرئەمەیشەخودای گەورەکاتێك باسی زیندوکردنەوەی مردووەکان دەکات سەرەتا باسی دروستکردنی مرۆڤەکان و سەرەتاکانیان دەکات، بۆ ئەوەی بەخەڵـــکی بسەلمێنیت ئەو ذاتەی دەسەڵاتی هەبێت لە دروستکردنیان لەســـەرەتاوە، ئەوە زۆر بەدەســـەڵاترە بەوەی جارێکی تر بیانگێڕێتەوە و زیندوویان بکاتەوە پاش مردنیان، ئەو کەســـەی کە دژایەتی زیندووبوونەوە دەکات، خودای گەورە لەسەر زمانی ئەوەوە فەرموویەتی: ﴿مَن يُحْيِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ﴾ [يس: ٧٨] واتا: کێ ئەم ئێسکانە زیندوو دەکاتەوە لـــە کاتێکدا کە ڕزیوو و پروکاون؟! پەروەردگار لەوەڵامیدا دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ [الروم: ٢٧] واتـــا: پێیان بڵێ: ئەو زاتەی کە یەکەمجار دروستی کرد، هەر ئەویش زیندووی دەکاتەوە.

ئەمەش بەڵـــگەیەکی شـــەرعی وژیرییە کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە، بەرپەرچی ئەو کەسانە دەداتەوە کە عینادی دەدەن و باوەڕیان بەزیندووبوونەوە نییە و بەدرۆی دەزانن، ئەمەش بەڵـگەیەکە هەرگیز ناتوانێت وەڵامی بداتەوە..

**تەوەرەی سێهەم: کۆبوونەوە (الحشر).**

دەقەکان بەڵـگەن لەسەر کۆکردنەوەی بەندەکان پاش زیندووکردەوەیان بۆ گۆڕەپانی مەحشـــەر کە هـــەر هەموویان ڕووت و پـــێ پەتی و خەتەنە نەکراوون، خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا﴾ [الكهف: ٤٧] واتا: هەر هەموویان کۆدەکەینەوە و تاکە کەسێکیشـــیان بەجێ ناهێڵین.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ﴾ [إبراهيم: ٤٨] واتــا: لە ڕۆژێکدا کە ئەم زەویــە دەگۆڕێت بە زەویەکی ترو هەروەها ئاســمانەکانیش دەگۆڕێن بە شێوەو شێوازێکی ترو هەموو ئەو خەڵــکە دەردەکەون و ئامادەن لە بەردەم دادگای خودای تاك و تەنها و بەدەسەڵات و خەشیمگیر لە کافران.

وعن عائشة رضي الله عنها قالت: ســمعت رسول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) يقول: «يحشــر الناس يوم القيامة حفاة عراة غُرْلا[1] قلت: يا رســول الله! النساء والرجال جميعًا، ينظر بعضهم إلى بعض؟ قال (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ): يا عائشــة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم إلى بعض»[2] واتا: عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە وئەڵـێت: گوێم لە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بوو دەیفەرموو: خەڵــکی لەڕۆژی دواییدا کۆدەکرینەوە کە هەر هەموویان ڕووت وپێ پەتی وخەتەنەنەکراون، عائیشە دەڵـێت: وتم ئەی پێغەمبەری خودا ئافرەتان و پیاوان هەموویان پێکەوە، سەیری یەکتری ناکەن؟ فەرمووی: ئەی عائیشە کارەکە زۆر لەوە نارەحەت تر و گەورەترە کە هەندێك سەیری هەندێکی تر بکەن.

ئــەم کۆکردنەوەیــش بۆ هەموو گشــت دروســتکراوەکانی خودای گەورەیە، بێگومان دەقەکان بەڵــگەن لەسەر ئەوەی کەکۆکردنەوەیکی تر هەیە یان لەبەهەشتدا یان لەدۆزەخ، باوەڕداران بەدەستە دەستە کۆدەکرێنەوە ودەبرێن بەرەو بەهەشــت، وەك خودای گــەورە فەرموویەتی: ﴿يَوۡمَ نَحۡشُرُ

(١) غرلاً: خەتەنە نەکراون.

(٢) بوخاری وموسلم هاوران لەم ریوایەتەدا :صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٢٧)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٥٩).

ﭐلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا﴾ [مريم: ٨٥] واتا: ڕۆژێک دێت ئێمە دەستە دەستە خواناس و پارێزکاران بۆ لای خودای میهرەبان بە ڕێ دەکەین تا بەدیداری شادبن و بیانخاتە بەهەشتەوە.

طەبەری لە عەلیەوە (خودای لێ ڕازی بێت) تەخریجی کردووە، لەبارەی ئـەم ئایەتـەوە: ﴿يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا﴾ [مريم: ٨٥] فەرموویەتی: «سـوێندبێت بەخودا ئەو وەفدانـە بەپێیان کۆناکرێنـەوە، وە نادرێنە بەر، بەڵـکو بەسـواری وشـترێك دەبرێن کەهیچ لەدروسـتکراوانی خودا نموونەیانی نەبینیوە، کورتانەکانیان لەئاڵتونە، و ڕەشـوەکانیان (زوبورجدە کـە بەردێکـی بەنرخی جوانی شـەفافە) بەهەشـتیەکان سـواریان دەبن هەتاوەکـو دەگەنە بـەردەم دەرگاکانی بەهەشـت»[1] بەڵام بـێ باوەڕان بـەسەر دەموچاویان وبەکوێری و کەڕی و لاڵی حەشر دەکرێن، خودای گـەورەش دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾ [الفرقان: ٣٤] واتا: ئەو تاوانبارانەی لە سەر ڕووخساریان دەبرێن بۆ دۆزەخ و لەوێ کۆدەکرێنەوە، ئائەوانە ناخۆشترین جێگەیان هەیە، چونکە گومڕاترین ڕێبازیان کاتی خۆی گرتبووەبەر، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا﴾ [الإسـراء: ٩٧] واتـا: لەڕۆژی قیامەتیشـدا (بێ باوەڕان) بەسـەر ڕوومەتیان و بەکوێری و لاڵی و کەڕی هەموو کۆ دەکەینەوە.

**تەوەرەی چوارەم: حەوز، صیفەت و بەڵـگەکانی:**

یەکێك لەبەخششە خواییەکان بۆ پێغەمبەری ئازیزمان محمد المصطفی

(١) تەفسیری ئەلطەبەری (٨/ ٣٨٠).

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ئەو حەوزە گەورەیەیە کە لەگۆڕەپانی مەحشـــەرە پێغەمبەر و ئوممەتەکەی دێنە ســـەری و لێی دەخۆنەوە، دەقەکانی قورئان و سوننەت باسیان لەوەکردووە کە ڕەنگی سپی ترە لە شیر و ساردترە لە بەفر وشیرینترە لە هەنگوین و لەمیسکیش بۆن خۆشـــترە، حەوزێکی زۆر فراوانە درێژی و پانیەکەی یەکســـانە، هەموو گۆشەیەك لەگۆشـــەکانی مانگێك ڕۆژەڕێ دەبێت، سەرچاوەی ئاوەکەی لەبەهەشتەوەیە بەشێوەیەك لەدوو پلوسکەوە دەڕژێنە ناو ئەو حەوزەوە کە هەردووکیان درێژکراونەتەوە بۆ بەهەشـــت، یەکێکیان لەزێڕە وئەودی دیکەشـــیان لەزیوو، ئەو پەرداخ و دەفرانەیشـــی کەلەسەر حەوزەکە دانراوون هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبن.

زۆرێـــك لەفەرمـــوودە صەحیحەکانـــی پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بەڵـــگەن لەسەر بوونی ئەم حەوزە، هەندێك لەلێکۆڵەرەوان و زانایانیش باســـی ئەوەیان کردووە ئەو فەرموودانەی باسی حەوزیان کردووە دەگەنە ڕادەی متەواتـــەر، کە زیاتر لە ســـی صەحابـــەی بەرێـــز لەپێغەمبەریانەوە ڕیوایەتکردووە، یەکێك لەو فەرموودانەیش ئەم فەرموودەیەیە کە ئەنەسی کوڕی مالیك (خـــودای لێ ڕازی بێت) لەپێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ـــەوە ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: إن قدر حوضي كما بين أيلة إلى صنعاء من اليمن وإن فيه من الأباريق كعدد نجوم الســـماء»[1] واتا: ئەندازەی حەوزەکەم هێندەی نێـــوان ئەیلـــە و صەنعا دەبێـــت لەیەمەن، پـــەرداخ و دەفرەکانی بەئەندازەی ئەستێرەکانی ئاسمانە.

(١) بوخاری وموسلم هاوران لەم ریوایەتەدا: صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٨٠)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٣٠٣).

عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصیــش (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەڵــێت: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: «حوضي مســيرة شهر وزواياه سواء ماؤه أبيض من اللبن، وريحه أطيب من المسك، وكيزانه كنجوم السماء من يشرب منهــا فلا يظمأ أبدًا»[1] واتا: فراوانی حەوزەکەم بەئەندازەی یەك مانگ ڕۆژە ڕێیە، هەموو گۆشــەکانی یەکســانن لەئەندازەدا، ئاوەکەی لە شیر سپی ترە و لەمیسکیش بۆنی خۆشــترە، و پەرداخ و دەفرکانی هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبن، هەرکەسێك لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت.

حەوز لە زەوی مەحشەرە ئەو جێگایەی کە خەڵکی لێ کۆدەکرێتەوە، ئاوی ئەم حەوزە ســەرچاوەکەی لــە ڕووباری کەوپەرەوە ســەرچاوەی گرتــووە، ڕووبارێکــە لەبەهەشــتەو خودای گــەورە بەخشــیوویەتی بە پێغەمبــەری ئازیزمــان (ﷺ)، وەك لەقورئانــدا فەرموویەتــی: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ﴾ [الكوثر: ١] واتا: بێگومان ئێمە کەوثەرمان بەخشــی بەتۆ.

زانایانیش ڕایان جیاوازە، لەبارەی تەرازوو وحەوزەوە، کە ئایا کامیان پێــش ئەوی ترە، هەندێــك ووتویانە تــەرازوو پیش حــەوزە، لەکاتێکدا هەندێکی تر دەڵــێن: حەوز پێش تەرازووە، بەڵام ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە حەوز لەپێش تەرازووەیە، قورطبی دەڵێت: ماناکە وادەخوازێت کە حەوز پێش تەرازوو بێت، چونکە خەڵــکی کاتێك لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە زۆر تینوویانە.

(١) بوخاری وموسلم هاوران لەم ریوایەتەدا: صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٧٩)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٩٢).

**تەوەرەی پێنجەم: تەرازوو، صیفەت و بەڵـگەکانی:**

یەکێکـــی دیکە لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆژی دوایی کە واجبە لەســەر مرۆڤی باوەڕدار ئیمانی پێی هەبێت بریتیە لە تەرازوو، ئەویش تەرازوویەکی هەقیقیە و دووتا و زمانێکی هەیە لەناوەڕاستدا، کە کاروکردەوەی خەڵـکی پێ دەکێشــرێت، بەجۆرێك بەتۆزقاڵە گەردیلەیەکیش تای چاکە یان خراپە قورس دەکات، دەقەکانی قورئان و سوننەتیش بەڵـــگە وگەواهیدەری ئەم ڕاستیەن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ﴾ [الأنبياء: ٤٧] واتا: بێگومان ڕۆژی قیامەت ئێمە تەرازووی دادپەروەریی دائەنێن و کردەوەکانیانی پێ ئەکێشــین، ئەوسا هیچ کەسێك کەمترین ستەمی لێ ناکرێت.

لەجێگایەکی تردا دەفەرمووێت: ﴿فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ * فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ *وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ * فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ﴾ [القارعـــة: ٦-٩] واتا: ئەمجا ئەو کەســەی تای کێشـــانەی (چاکەکانی) قورس و گران بێت * ئەوە ئەو کەسە لە ژیان گوزەرانێکی پەســـەندا ئەبێت * وە ئەوەیشـــی تای کێشانەی (چاکەکانی) سووک بێت * ئەوە دایکی ئەو دۆزەخەو باوەشی بۆ گرتۆتەوە.

بوخاری و موســـلیم فەرموودەیەکیـــان لەئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «کلمتان حبيبتان إلی الرحمن خفيفتان علی اللســـان ثقيلتان في الميزان سبحان الله وبحمده ســـبحان الله العظيم»[1] واتا: دوو وشەی زۆر خۆشەویستن لای خودای گەورە و میهرەبان، کە ســـووکن لەســـەر زمان و قورس و گرانن

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٧٥٦٣)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٦٩٤).

لەتەرازووی ڕۆژی قیامەتدا، ئەوانیش ئەم دوو وشەن – سبحان الله وبحمده سبحان الله العظیم – پاك وبێگەردە خودای گەورە و سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەوە، پاك و بێگەردە خودای مەزن و گەورە.

ئیمامی ئەحمەد و حاکم و غەیری ئەوانیش ئەم فەرموودەیەیان ڕیوایەتیان کردووە: عن ابن مسعود (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) «أنه تسلق أراكة وكان دقيق الساقين فجعلت الريح تكفؤه أي تحركه فضحك القوم فقال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مم تضحكون؟ قالوا: يا نبي الله من دقة ساقيه. فقال: والذي نفسي بيده لهما أثقل في الميزان من أحد»[1] واتا: عبداللەی کوڕی مەسعود (خودای لێ ڕازی بێت) ڕۆژێك سەرکەوت بەسەر دارخورمایەکدا، عبدالله خۆی بۆخۆی کەسێکی بەجەستە لاواز و قۆڵ باریك بووە، کاتێك بەسەر ئەو دارخورمایەدا سەرکەوت ڕەشەبا ئەملاولای پێدەکرد، هاوەڵەکانیش دەستیان کرد بەپێکەنین، پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەوە بەچی پێ ئەکەنن؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا بەباریکی قول و قاچەکانی، ئەویش فەرمووی: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەو دوو قۆڵ و قاچەی عبدالله لە تەرازوودا لەکێوی ئوحود قورسترن لای خودا {حاکم ئەم فەرموودەی بەفەرموودەیەکی صەحیح دانـاوە، ذەهەبیش هاوڕابووە لەگەڵیدا}.

ئەو شتانەیش کە بەتەرازوو دەکێشرێن لەڕۆژی دواییدا، سێ شتن، وەك دەقەکان بەڵگەن سەری و باسیانکردووە:

١. کاروکردەوە: ثابت بووە کە کردەوەکان دەخرێنە شێوەی موجەسەم

(١) موسنەدی ئەحمەد (١/ ٤٢٠ – ٤٢١)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (٣/ ٣١٧).

و ئەمجــا بەتــەرازوو دەکێشــرێن، ئەوەیــش بەڵــگەیە لەســەر ئەمە، فەرموودەکەی پێشووی ئەبوهورەیرەیە کە بۆی گێراینەوە: «كلمتان حبيبتان إلى الرحمن خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم»[١].

٢. نامەی کردەوەکانە، ئەوەیشی بەڵگەیە لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن الله ســيخلص رجلا من أمتي علـــى رؤوس الخلائق يوم القيامة، فينشر له تسعة وتسعين سجلاً كل سجل مثل مد البصر ثم يقول: أتنكر من هذا شيئًا؟ أظلمك كتبتي الحـــافظون؟ فيقــول: لا يا رب. فيقول: ألك عذر أو حســـنة؟ فيبهت الرجـــل، فيقول: لا يا رب. فيقول: بلى إن لك عندنا حسنة واحدة، لا ظلـــم عليـك اليوم فتخرج له بطاقة فيها: أشـــهد أن لا إله إلا الله وأن محمدًا رســـول الله، فيقول: فتوضع السجلات في كفة والبطاقة في كفة، قال: فطاشـــت الســـجلات وثقلـــت البطاقة ولا يثقل شيء بسم الله الرحمن الرحيم»[٢] واتا: خودای گەورە لەئوممەتەکەم لەسەرو هەموو مەخلوقاتەکانەوە پیاوێك هەڵدەبژێرێت لەرۆژی دواییدا، نەوەدونۆ لەتۆماری کردەوەکانی بـــۆ بڵاودەکاتەوە، هەمـــوو تۆمارێك بەئەندازەی ئەوەی چاوبـــڕ بکات و ببینێت ئەوەنـــدە درێژە، ئەمجا پێی دەڵـــێن: ئایا ئینـــکاری هیچ شـــتێك لەم کردەوانەی خـــۆت دەکەیت؟ ئایا نووســـەرە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٧٥٦٣)،وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٦٩٤).

(٢) موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٢١٣) مەبەست لە ووشەی (بسم الله) واتا: لەگەل خوای گەورە، وە تیرموذی لە سونەنەکەیدا (٥/ ٢٤-٢٥)، بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٣٩) وە موستەدرەکی ئەلحاکم (١/ ٥٢٩،٦) حاکم ئەم فەرموودەیەی بە صەحیح داناوە، و ئیمامی ذەهەبیش هاورایەتی.

پارێزەرەکانم هیچ ستەمیان لێ کردوویت؟ ئەویش دەڵـێت: نەخێر ئەی پەروەردگارم، پێی دەوترێت: ئایا هیچ بڕوبیانو وعوذرێك یان چاکەیەکت هەیە؟ ئەو پیاوە دەمکوت دەبێت و دەڵـێت: نەخێـر ئەی پەروەردگارم، ئەمجا خودای گەورە دەفەرموویت: بەڵێ تۆ تەنها یەك چاکە و حەسەنەت هەیە لای ئێمە، ئەمڕۆ هیچ سـتەمێك لەتۆ ناکرێت، ئەمجا بیطاقەیەکی بۆ دەردەهێنن کە (أشـهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله) ی تێدایە، پاشان پێغەمبـەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموویت: هەموو تۆمارەکانی بۆ دادەنرێت لەتای تەرازوویەك و بیطاقەکەیش لەتاکەی تری، پێغەمبەر دەفەرموویت: هەموو تۆمارەکان بەرز دەبنەوە وکێشـیان نامێنێت، وتای بیطاقەکە قورس وگران دەبێت، هیچ شتێك نییە لە بسم الله الرحمن الرحيم قورستر بێت.

٣. ئەو کەسـە خۆیەتی کە کار و کردەوەکەی کردووە: ئەم ئایەتە پیرۆزەیش بەڵـگەیە لەسەر کێشی ئەو کەسە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا﴾ [الكهف: ١٠٥] واتا: لە ڕۆژی قیامەتیشـدا هیچ جۆرە بایەخ و نرخ و کێشێکیان بۆ دانانێین، هەروەها فەرموودەکەی عبدالله ی کوڕی مەسعودیش بەڵـگەیە لەسەر ئەوەی لەرۆژی دواییدا بەندەکان خۆشیان دەکێشرێن، وەك پێغەمبەر فەرمووی: «والذي نفسي بيده لهما أثقل في الميزان مـن أحد»[1] واتا: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، هەردوو قوڵ و قاچی عبدالله لەتەرازوی خودای گەورەدا لە کێوی ئوحود قورسترن.

**تەوەرەی شەشەم: شەفاعەت، پێناسەکەی، جۆر و بەڵـگەکانی:**

شەفاعەت لەزمانەوانیدا: بەمانای وەسیلە و داواکاری دێت، لەعورفی خەڵـکیشدا بەمانای: داواکردنی خێرە بۆ کەسێکی تر.

(١) موسنەدی ئەحمەد (١/ ٤٢٠ – ٤٢١)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (٣/ ٣١٧).

شـــەفاعەتیش لای خودای گەورە: داواکاریـــە لای خودای گەورە بۆ ئەوەی چاوپۆشی بکات لە گوناه وتاوانی کەسێکی تر و لێی خۆش بێت.

هەقیقەتی شـــەفاعەتیش: ئەوەیە کە خودای گـــەورە بەڕەحم و لوطف و کەرەمی خـــۆی ڕێگا دەدات بەهەندێك لەچاکەکاران، لەفریشـــتەکان و پێغەمبەران و باوەڕداران کە شـــەفاعەت بکەن لای ئەو بۆ هەندێك کەسی گوناهبار لەئەهلی تەوحید و یەکخواپەرســـت بۆ ئـــەوەی زیاتر ڕێزی ئەو کەسانە دەربکەوێت کە شـــەفاعەتەکە دەکەن لای خودا، لەهەمان کاتیشدا بەزەیی هاتنەوەیەکیشە بەو کەسانەی کە شەفاعەتەکەیان بۆ کراوە.

**شەفاعەتیش دروست نیە بەدوو مەرج نەبێت:**

یەکەمیـــان: ئەبێت خـــودای گەورە مۆڵـــەت بدات بەو کەســـەی کە شەفاعەتەکە دەکات، بەڵـگەش لەسەر ئەم مەرجە، ئەوەیە کەخودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِی یَشۡفَعُ عِندَهُۥۤ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ﴾ [البقرة: ٢٥٥] واتا: کێ بێت– لە ڕۆژی دواییدا– بتوانێ شـــەفاعەت بکات لای ئەو، هەتا ئەوخۆی مۆڵەتی نەدا؟› دیارە کە هەتا ئەوخۆی مۆڵەت نەدات ، هیچ کەســـێك ناتوانێ تکا بکات، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ عِندَهُۥۤ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ﴾ [سبأ: ٢٣] واتا: هیچ تکاو پاڕانەوەیەك سودی نیە لای (خودا) مەگەر خۆی مۆڵەت بدات.

دووەم: ڕازی بوونی خودای گەورە لەو کەســـەی کە شـــەفاعەتەکەی بۆ دەکرێت، ئەوەیشی بەڵـــگەیە لەسەر ئەم مەرجە، ئەوەیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا یَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ﴾ [الأنبیاء:٢٨] واتا: لەڕۆژی دواییشدا تکا و شەفاعەت ناکەن، مەگەر بۆ کـەسێك خودا خۆی خۆشیبوێت و ڕازی بێت لێی و خاوەن بڕواو یەکخواپەرست بێت.

دەقەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی خودای گەورە ڕازی نابێت شەفاعەت و تکا بۆ هیچ کەسێك بکرێت جگە لەیەکخواپەرستان نەبێت، وەك ئەوەی لەصەحیحی موسلیمدا ثابت بووە و هاتووە: عن أبي هريرة (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «لكل نبي دعوة مستجابة فتعجل كل نبي دعوته وإني اختبأت دعوتي شفاعة لأمتي يوم القيامة فهي نائلة إن شاء الله من مات من أمتي لا يشرك بالله شيئًا»[1] واتا: ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەموو پێغەمبەرێك نزا و دوعایەکی گیرابووی هەبووە، منیش نزا و دوعاکەی خۆمم دواخست بۆ ئەوەی بیکەم بە تکا و شەفاعەت بۆ ئوممەتەکەم لەڕۆژی دواییدا، ئەگەر خودای گەورە بیەوێت وەردەگیرێت، بۆ ئەو کەسانەی لەئوممەتەکەم مردوون و هاوەڵیان بۆ خودای گەورە دانەناوە.

خودای گەورەیش لەبارەی بێ باوەڕانەوە فەرموویەتی: ﴿فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ﴾ [المدثر: ٤٨] واتا: کەواتە ئیتر تکای تکاکاران (بۆ بێ باوەڕان) سوودیان پێ ناگەیەنێت.

دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر ثابت بوونی تکاو شەفاعەتکردن لای خودای گەورە لەڕۆژی دواییدا، بەنسبەت قورئانی پیرۆزەوە پێشتر هەندێك بەڵگەمان باسکرد، بەنسبەت سوننەتیشەوە فەرموودەکان لەبارەی ثابت بوونی تکاو شەفاعەت کردن لای خودای گەورە زۆر زۆن، یەکێك لەو فەرموودانەیش ئەم ڕیوایەتەیە: عن أبي سعيد الخدري (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أن رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال«...فيقول الله تبارك وتعالى شفعت

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٩٩).

الملائكة وشفع النبيون وشفع المؤمنون ولم يبق إلا أرحم الراحمين فيقبض قبضة من النار فيخرج منها قومًا لم يعملوا خيرًا قط»[1] واتا: ئەبو سەعیدی خودری (خودای لێ ڕازی بێـــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتـــی:..... ئەمجا خودای گەورە دەفەرموویت: فریشتەکان و پێغەمبەران و باوەڕداران تکا و شەفاعەتی خۆیان کرد، ئێستا هیچ شتێك نەماوە ڕەحم و میهرەبانی خودای گەورە نەبێت کە لەهەمووان بەڕحمترە، پاشان خودای گەورە مشتێك دەکات بەناو ئاگردا، کۆمەڵـێك کەسی لێ دەردەهێنێت کە هەرگیز چاکەیان نەکردووە.

فەرمـــوودەکان لەم بارەیـــەوە زۆرن، و لێکۆڵەرەوان و زانایان باســـی ئەوەیان کردووە کە فەرموودەکانی شـــەفاعەت دەگەنـــە ڕادەی متەواتەر، کە بەناوبانگترینیان لە (کتب الصحاح) و (مەسنەد) ـــــەکاندان، لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا ئەم فەرموودەیە هاتووە: «يُخـــرج من النـــار من كان في قلبه حبة من خردل من إيمان»[2] واتا: هەرکەس بەئەندازەی دەنکە خەردەلەیەك باوەڕ لەدڵیدا هەبێت لەناو ئاگر دەردەهێنرێت.

**جۆرەکانی شەفاعەت:**

شەفاعەت لەڕووی وەرگرتن و وەرنەگرتنیەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە: شەفاعەتێکە وەرناگیرێت و دەردێتەدواوە، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە یەکێك لەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە پێشـــتر باســـمانکردن، جـــۆری دووەمیش شەفاعەتێکە وەردەگیرێت لای خودای گەورە، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە کە

(١) موسنەدی ئەحمەد (٣/ ٩٤)، وە عەبدولرەزاق لە موصەنەفدا ریوایەتی کردووە، (١١/ ٤١٠) بەفەرموودەی ژمارە (٢٠٨٥٧).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٤٣٩)، بەشێك لەناوەرکی فەرموودەیەکی درێژە، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٨٤).

مەرجەکانی تێدا بێت، وە ئەوەیشی بۆ پێغەمبەری ئازیزمان محمد المصطفی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثابت بووە، ئەوەیە هەشت جۆر شەفاعەت دەکات:

١. شـــەفاعەتە گەورەکـــە، ئەویـــش ئـــەو شـــەفاعەتەیە کـــە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ خەڵـــکانی گۆڕەپانی چاوەڕوانی دەکات، کە خودای گەورە لێپرســـینەوەیان لەگەڵدا بکات، کە بە (المقام المحمود) ناسراوە، ئەم شەفاعەتەیش تایبەتە بەپێغەمبەری خۆمانەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەناو هەموو پێغەمبەرانی تردا (صەلات وسەلامی خوایان لێ بێت).

٢. شـــەفاعەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ کۆمەڵێك کە چاکە و خراپەیان یەکسانە، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شەفاعەتیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بخرێنە بەهەشتەوە.

٣. شەفاعەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەو کەسانەی کە شایانی چوونە دۆزەخن، شەفاعەتیان بۆ دەکات کە نەخرێنە ئاگرەوە.

٤. شـــەفاعەتی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـــۆ بەرزکردنـــەوەی هەندێك لەبەهەشتیەکان کە پلەیان لەبەهەشتدا بەرزببێتەوە.

٥. شـــەفاعەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ کەسانێك کە بچنە بەهەشتەوە بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

٦. شـــەفاعەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ کەسانێك کە سزاکەیان لەسەر سووك بکرێت لەدۆزەخدا، وەك شەفاعەتی ئەو بۆ ئەبوطالبی مامی.

٧. شەفاعەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەوەی کە ڕێگا بدرێت خەڵـکانی بەهەشت بچنە ناو بەهەشتەوە.

٨. شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو کەسانەی گوناهی گەورەیان کردووە لە ئوممەتەکەی وچوونەتە ناو ئاگرەوە بۆ ئەوەی دەربهێنرێن لێی.

دەقە ڕاست و دروستەکان بەڵگەن لەسەر گشت ئەم جۆرانەی شەفاعەت کە ئاماژەمان پێدان، سەرجەمیشیان لە کتێبەکانی سونەت وعەقیدەدا باسکراوون، ئەو جۆرانەیش تێیاندایە تایبەتە بەپێغەمبەری خۆمان(ﷺ)، وەك شەفاعەتە گەورەکە و شەفاعەتی بۆ ئەبوطالبی مامی و شەفاعەتکردنی بۆ خەڵکانی بەهەشت بۆ ئەوەی بچنە ناو بەهەشتەوە، وە هەندێك جۆری تری شەفاعەت لەوانەی باسکران پێغەمبەران وپیاوچاکانیش بەشدارن تێیدا وتایبەت نییە بە پێغەمبەرەوە(ﷺ)، وەك شەفاعەتکردن بۆ ئەو کەسانەی گوناهی گەورەیان کردووە، یان جۆرەکانی تری شەفاعەت بەگوێرەی ئەو ڕاجیاوازیەی هەیە لەنێوان زانایاندا کە هەندێکیان تایبەت کردووە بە کۆمەڵێکەوە جگە لەوانی تر، خودای گەورەش زاناترە.

**تەوەرەی حەوتەم: پردی صراط ، صیفەت و بەڵگەکانی:**

صراط لەزمانەوانیدا: بەمانای ڕێگای ڕوون دێت.

لەشەرعیشدا: ئەو پردەیە کەبەسەر ئاگری دۆزەخەوەیە و هەموو خەڵکی دەچن بەسەریدا، ئەوەش ڕێگای ئەو خەڵکەیە کە لەمەحشەردا وەستاون بۆ چوونە بەهەشتیانەوە، هیچ کەس ناتوانێت بچێتە بەهەشتەوە بەبێ تێپەڕبوون بەسەر ئەم پردەدا، دەقەکانی قورئان و سونەتیش بەڵگەن لەسەر بوونی ئەم پردە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا * ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾ [مريم: ٧١، ٧٢] واتا: کەس نییە لە

ئێوە نەڕوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا (ئەو تێپەڕینە) بڕیارێکی بڕاوەیە لە پەروەردگارتەوە ❋ لەوەودوا ئەوانە ڕزگار دەکەین کە پارێزکارو خواناس بوون، ستەمکارانیش لەناو دۆزەخدا بەچۆکدا دەهێنین.

زۆربەی ڕاڤەکاران و موفەسیرینی قورئانی پیرۆز ڕایان وایە مەبەست لەتێپەڕبوون بەسەر دۆزەخدا، تێپەڕبوونە بەسەر پردی صراطدا، ئەمەش لەهەریەك لە ابن عباس و ابن مسعود و کعب الاحبارەوە نەقڵ کراوە و گێڕدراوەتەوە.

لەصەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە، لەو فەرموودەیە دوور و درێژەی ئەبوسەعیدی خودری (خودای لیّ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: لەبەشتێکیدا هاتووە «...... ثم يؤتى بالجسر فيجعل بين ظهري جهنم قلنا يا رسول الله وما الجسر؟ قال: مدحضة مزلة، عليه خطاطيف وكلاليب وحسكة مفلطحة لها شوكة عقيفاء تكون بنجد يقال لها السعدان، المؤمن عليها كالطرف وكالبرق، وكالريح وكأجاويد الخيل والركاب فناج مسلم وناج مخدوش ومكدوس في نار جهنم يمر آخرهم يسحب سحبا»(١) واتا: ئەمجا پردەکە دێنن و لەسەر هەردوولای دۆزەخ دایدەنێن، وتمان ئەی پێغەمبەری خودا پرد چیە؟ فەرمووی: ڕێگایەکی ساف و لوسە قاچی مرۆڤەکان دەخلیسکێن لەسەری، بەهەموولایەکدا قولاپ وموسە دڕکی پێوەیە نەجدیەکان پێی دەڵێن (السعدان) (گوناهباران دەگیرێن بەو قولاپ و دڕك و موسەنەکانەوە تابەگوێرەی گوناهی خۆیان سزای دۆزەخ دەچەژن)

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٤٣٩)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٨٣) ئەم لەفظە لەفظی ئیمامی بوخاریە.

باوەڕدارانیش هی وایان هەیە وەك چاوهەڵهێنان تێدەپەڕێت هی وایشـــیان هەیە وەك تیشـــك وهەندێکیش وەك هەواوغاری ئەسپ و هەندێکی تریان بەپیادەڕۆ بەســـەریدا تێدەپەڕن، موســـڵمانی واهەیـــە ڕزگاری دەبێت، وە موسڵمانی وایش هەیە بریندار و داخ دەبێت بەئاگری دۆزەخ تا کۆتا کەس تێدەپەڕێت بەسنگەخشە دەچێت بەسەریدا...

لەبارەی وەصفی صراطەوە دەقی زۆر هاتوون، پوختەی هەموویشیان ئەوەیە کە ئەم پردە لەموو باریکترە و لەشمشـــێریش تیژترە، هێندە ساف و لوسیشە کە قاچەکان لەسەری خۆیان ناگرن و دەخلیسکێن مەگەر کەسێك خـــودای گەورە جێگیریان بـــکات و نەخلیســـکێن، لەجێگایەکی تاریکی سەردۆزەخیش دادەنرێت، هەموو کەســـێکیش بە پێی بەهێزی باوەڕەکەی خـــودای گەورە نوور و ڕووناکـــی دەداتێ و تێدەپەڕیت بەســـەریدا، وەك ئەوەی لەفەرموودەکەدا هاتبوو.

**تەوەرەی هەشتەم: بەهەشـــت ودۆزەخ، صیفەتەکانیان، لەگەڵ چۆنیەتی باوەڕ پێ بوون و بەڵـگەکانیان:**

ئەوەی کە واجبە باوەڕی پێ بهێنین لەبارەی بەهەشت و ئاگرەوە:

بەهەشـــت: ماڵ وخانەی پاداشتدانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەیان کردووە،وجێگاکەی لەئاسمانی حەوتەمە لەلای (سدرة المنتهى) ئەو درەختە گەورەیەی کە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەشەوی بەرزبوونەوەیدا جوبرەئیلی لەوێدا بینی، وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ۞ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ۞ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ﴾ [النجـــم: ١٣-١٥] واتـــا: ســـوێند بەخودا بێگومـــان جارێکی تر جوبرەئیلی بینیـــوە ۞ لای درەختی

ســـیدرەتو لمونتەها * کەلەوێدا بەهەشـــت هەیە بەواتـــای لانەو جێگەی حەوانەوە.

بەهەشت سەد پلەیە، نێوان هەموو پلەیەکیش نێوانی ئاسمان و زەویە، هەروەك لەصەحیحی بوخاریدا هاتووە، لەو فەرموودەیەی کە ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کـــردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «إن في الجنة مائـة درجـــة أعدها الله للمجاهدين في سبيل الله، ما بين الدرجتين كما بـــين الســـماء والأرض»[1] واتا: لەبەهەشـــتدا سەد پلە هەیە خودای گەورە ئامادەی کردوون بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای خودا، نێوان هەموو دوو پلەیەکیش هێندەی نێوان ئاسمان وزەویە.

بەزرترین بەهەشـــت فیردەوسی بالآیە کە لەسەروو ئەویشەوە عەرشی خودای گەورەیە، هەر لەفیردەوسەوە ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵـێن، وەك لەو فەرموودەیەی کە ئەبوهورەیـــرە ڕیوایەتی کردبوو لەپێغەمبەرەوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرموویەتی: «فإذا ســـألتم الله فسلوه الفردوس فإنه أوسط الجنـــة وأعلى الجنـــة وفوقه عرش الرحمن ومنـــه تفجر أنهار الجنـــة»[2] واتا: هەرکاتێك داواتان لەخودای گەورە کرد، ئەوە داوای فیردەوسی لێ بکەن، چونکە بێگومان فیردەوس ناوەڕاســـت و بەرزترینی بەهەشتە، و لەسەروو ئەویشەوە عەرشی خودای میهرەبانە، هەر لەوێشەوە ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵـێت.

بەهەشت هەشت دەرگای هەیە، وەك ئیمامی بوخاری لەصەحیحەکەیدا

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٩٠).

(٢) بوخاری – التوحيد – (٦٩٨٧)، موسنەدی ئەحمەد (٢/ ٣٣٥).

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموویت: «في الجنة ثمانية أبواب فيها باب يسمى الريان لا يدخله إلا الصائمون»[1] واتا: بەهەشت هەشت دەرگای هەیە، دەرگایەکی هەیە پێی دەڵێن (الريان) جگە لەڕۆژووەوانان کەسی تری پێدا ناڕواتە ژوورەوە.

خودای گەورە بۆ خەڵکانی بەهەشت نازو نیعمەتێکی وای ئامادەکردووە، کە نەچاو بینیویەتی و نە گوێش بیستویەتی و نەهاتووە بەخەیاڵی هیچ کەسێکیشدا.

بەڵام ئاگر: ماڵ و خانەی سزادانی هەمیشەییە بۆ بێ باوەڕان وهاوەڵدانەران و دووڕووەکانە ئەو دووڕووانەی کە دووڕووی ئیعتقادیین، وە دیسان ماڵ وخانەی سزادانیشە بۆ ئەو گوناهبارانەی کە یەکخواپەرست بوون، ئەم جۆرانەی دوابینیان بەپێی گوناهەکانیان خودای گەورە سزایان دەدات، بەڵام پاشان سەرەنجامیان چوونە بەهەشتە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ [النساء: ٤٨] واتا: بێگومان هەرگیز خودا لەدانانی هاوبەش بۆی خۆش نابێت، بەڵام بێجگە لەهاوبەشدانان لەهەموو گوناهێکی تر خۆش ئەبێت، بۆ هەرکەسێك کەبیەوێت.

شوێنی ئاگر لەژێر زەوی حەوتەمەوەیە، وەك عبدالله ی کوڕی عەباس (خودایان لێ ڕازی بێت) باسی کردووە، ئاگریش چین چین و پلە پلەیە، هەندێکیان لەژێر هەندێکی ترەوەن، عبدالرحمن ی کوڕی ئەسلەم، ئەڵێت: پلەکانی بەهەشت بەرەوژوور دەڕۆن، بەڵام پلەکانی دۆزەخ بەرەوژێرەوە،

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٥٧).

ژێری ژێـــرەوەی دۆزەخیش جێگای دووڕووەکانـــە، وەك خودای گەورە فەرموویەتـــی: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ [النســـاء: ١٤٥] واتـــا: بێگومـــان دووڕووەکان لـــە خانەو تەبەقی هـــەرە ژێـــرەوەی ئاگردان... ئاگریش حـــەوت دەرگای هەیـــە، وەك خـــودای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَٰبٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ﴾ [الحجر:٤٤] واتا: دۆزەخیش حەوت دەرگای هەیە، هەردەرگایەکیش چەند بەشێکی تری هەیە، بۆ هەر دەرگایەکیش دەستەیەك لە پەیرەوانی شەیتانی بۆ دیاریی کراوە گومڕاکانیش بەپێی تاوانەکانیان جۆراوجۆرن، بۆیە هەر بەشەی لە دەرگایەکەوە دەنێردرێتە ناویەوە.

ئەوەیشـــی باســـکراوە ئەم ئاگرەی کە لەدونیادا هەیە بەشێکە لەحەفتا بەشـــی ئاگری دۆزەخ، وەك بوخاری و موسلیم لەئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «نارکم جزء من ســـبعين جزءا من نار جهنم»[1] واتا: ئەو ئاگرەی ئێوە بەشـــێکە لەحەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ.

**باوەڕ بە بەهەشت ودۆزەخ بەسێ شت جێبەجێ دەبێت:**

**یەکـــەم:** بـــاوەڕی تـــەواو بـــەوەی بەهەشـــت و دۆزەخ هەقـــن، بەهەشت ماڵ و خانەی خواناسان و پارێزکارانە، دۆزەخیش ماڵ و خانەی بێ باوەڕان و دووڕووەکانە، خودای گەورەیش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ۞ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ [النساء: ٥٦، ٥٧] واتا: بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٢٦٥)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٨٤٣).

بەئایـــەت و فەرمانەکانی ئێمە، لە ئایندەدا دەیانســـوتێنین بەئاگری دۆزەخ، هەموو جارێک پێســـتیان داوەشاو ســـووتا و هەڵقرچا، پێستی تر دەکەین بەبەریاندا، بۆ ئەوەی بە چاکی ســـزا و ئازار بچێژن، بەڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام باڵادەستە * ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کار و کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن لەئایندەیەکی نزیکدا دەیانخەینە ناو باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار (بەژێر درەختەکانیداو بە بەردەم کۆشـــکەکانیدا) دەڕوات و لەوێدا ژیانی هەمیشەیی و بەردەوام دەبەنە سەر..

**دووەم**: باوەڕ بەوەی کە ئێستا بەهەشت و دۆزەخن هەن، خودای گەورە لە بارەی بەهەشـــتەوە فەرموویەتی: ﴿أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ [آل عمـــران: ١٣٣] واتا: بەهەشـــت ئامادەکراوە بۆ خواناســـان و پارێزکاران، لەبارەی دۆزەخیشەوە فەرموویەتی: ﴿أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ﴾ [البقرة: ٢٤] واتا: دۆزەخ ئامادەکراوە بۆ بێ باوەڕان، لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە، کە عیمرانی کوڕی حوصین (خودای لێ ڕازی بێت) لەپێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە، کـــە فەرموویەتی: «اطلعت في الجنة فرأيـــت أكثر أهلها الفقراء، واطلعت في النار فرأيت أكـثر أهلـــها النساء»[1] واتا: سەیری بەهەشتم کرد، بینیم کەزۆربەی زۆری خەڵـــکەکەی ئەو کەسانە بوون کە هەژاربوون، وە سەیری دۆزەخیش کرد، بینیم کە زۆربەی زۆری خەڵـکەکەی ژنان بوون.

**سێهەم**: باوەڕ بەوەی کە بەهەشت و دۆزەخ بەردەوام دەبن بۆ هەمیشەیی و نە خۆیان و نە ئەو کەسانەیشـــی لەناویانـــدان لەناوناچن، خودای گەورە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٢٤١)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٣٨) بە کورتی وبەمانای ریوایەتەکەی بوخاری، ئەم لەفظەیش لەفظی ئیمامی بوخاریە.

لەبارەی هەمیشەیی بەهەشتەوە فەرموویەتی: ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ [التوبة: ٨٩] واتا: باوەڕداران و خواناسان بەهەمیشەیی لەبەهەشتدا دەمێنەوە، بەڕاستی ئائەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە و مەزن، لەبارەی هەمیشەیی ئاگریشەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ [الجن: ٢٣] واتا: جا ئەوەی لە خودا و پێغەمبەرەکەی یاخی ببێت ئەوە با دڵنیابێت کە دۆزەخی بۆ ئامادەکراوە بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی.... مەبەست لە یاخی بوون وتاوان و(معصية) لەم ئایەتەدا کوفر و بێ باوەڕییە، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی لەکۆتایی ئایەتەکەوە بەڵێنی هەمیشەیی و هەتاهەتایی دراوە بەو کەسانە... قورطبیش لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: وشەی (أبدا) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم تاوانەی کە باسکراوە مەبەست پێی شیرك و هاوەڵبڕیاردانە بۆ خودای گەورە.

بوخاری و موسلیم بە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «يدخل الله أهل الجنة الجنة، وأهل النار النار، ثم يقوم مؤذن بينهم فيقول: يا أهل الجنة لا موت ويا أهل النار لا موت كل خالد فيما هو فيه»(١) واتا: خودای ئەگەورە خەڵکانی بەهەشت دەخاتە بەهەشتەوە، و خەلکانی دۆزەخیش دەخاتە دۆزەخەوە، ئەمجا بانگبێژێك لەنێوانیاندا هەڵدەستێتەوە و دەڵێت: ئەی خەڵکی بەهەشت ئیتر مردن نەما، وە ئەی خەڵکی دۆزەخ ئیتر مردن نەما، و هەمووی بەهەمیشەیی لەوێدا دەمێنێتەوە کە تێیدایە.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٥٤٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٨٥٠)، ئەم لەفظەیش لەفظی ئیمامی موسلیمە.

**بەروبووم وکەڵـك و سوودەکانی باوەڕ بەڕۆژی دوایی:**

باوەڕ بـــەڕۆژی دوایی بەروبووم و کەڵـــك و ســـوودی مەزنی هەیە لەژیانی باوەڕداراندا، گرنگترینیان بریتین لە:

١. ســـوور بوون لەســـەر طاعەت و گوێڕایەڵی خودای گـــەورە، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وپاداشتی خودای گەورە لەو ڕۆژەدا، وە دوورکەوتنەوە لە سەرپێچیەکانی لەترسی سزا و تۆڵەکانی لەو ڕۆژەدا.

٢. دڵدانەوەی باوەڕدارانە لەو خۆشی و نازونیعمەتانەی دونیا کەلەدەستیان دەچێت و لەپێناو خـــودای گەورەدا وازی لێ دەهێنن بەئومێدی ئەوەی کە خودای گەورە بۆیان قەرەبوو بکاتەوە بەناز و نیعمەتەکانی بەهەشت.

٣. هەســـتکردن بەکەماڵ و تەواویی عەدل و دادپەروەری خودای گەورە، بەوەی هەموو کەس بەگوێرەی کار و کردەوەی خۆی پاداشـــتی دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر بەڕەحم ومیهرەبانە لەگەڵ بەندەکانیشیدا.

# بەشی پێنجەم
# باوەڕ بە قەزا و قەدەر

ئەمەیش دوو لێکۆڵینەوەی لەخۆ گرتووە

**باسی یەکەم:** پێناسەی قەزا و قەدەر، بەڵگەکانی ئیثبات بوونیان، لەگەڵ ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانیاندا هەیە

**باسی دووەم:** پلە ومەرتەبەکانی قەدەر

## باسی یەکەم
## پێناسەی قەزا و قەدەر، بەڵگەکانی سەلماندنیان، لەگەڵ ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانیاندا هەیە

**پێناسەی قەزا و قەدەر:**

القضاء: لەزمانەوانیدا بەمانای حوکم و جیاکردنەوە دێت.

لەشەرعیشـــدا: مەبەســـت پێی ئەو بڕیارەیە کە خـــودای گەورە و پاك وبێگەرد لە دروستکراوەکانی خـــۆیدا داویەتی، لەهێنانەدی یان لەناوبردن یان لەگۆڕانکاری تێیاندا.

القدر: چاوگی فەرمانی (قدر) کەمەبست پێی زانینە بە ئەندازەکەی.

لەشەرعیشـــدا: مەبەســـت پێی ئـــەو ئەندازەیەیە کە خـــودای گەورە لەئەزەلـــەوە تەقدیری کردووە کە دەبێت ڕووبدات لە دروســـتکراوەکانیدا ئەمەش لەسەر ئەو عیلم و زانینەی کە پیشتر هەیبووە بەو شتانە.

جیاوازی نێوان قەزا و قەدەر:

زانایان لەجیاوازی نێوان قەزا و قەدەردا ئەمەیان باســـکردووە: قەدەر بریتیە لە ئەندازە گرتنی هەموو شـــتێك پێش ڕوودانی، بەڵام قەزا بریتیە لە لێبوونە و کۆتای هاتن بەو شتە، لەو شەواهیدانەیشی کە (أبوحاتم) لەجیاوازی نێوان قەزا و قەدەردا باســـی کـــردوون، ئەمەیە کە وتویەتـــی: قەدەر وەك ئەندازەگیری ئەو بەرگدوروە وایە کە پارچەیە قوماشی لەبەردەستدابێت بۆ دورینی جل و بەرگێك پێش بڕینی، سەرەتا بەئەندازەی دەگرێت کە ئایا کەمە یان زیادە، پاشان دەست دەکات بە بڕین و جیاکردنەوەی جا کە دەستی کرد بەبڕینی قوماشـــەکە ولێکی جیا کردنەوە دوورینی ئەوە بڕیاری لەسەرداوە

و قەزای کرد و لێ بووەتەوە لێی، بەم پێیەش قەدەر پێش قەزایە، (ابن الاثیر) یش لەم بارەیەوە دەڵێت: قەزا و قەدەر دوو فەرمان و کاری پێکەوەن کە لەیەك جوودا ناکرێنەوە، چونکە یەکێکیان وەك بناغە وایە ئەویش قەدەرە، دووەمیشیان وەك بنیات نان وایە کە قەزایە، جا هەرکەسێك بیەوێت لەیەکیان جودا بکاتەوە ئەوە بێگومان دەیەوێت ئەو بنیاتنراوە بڕوخێنێت.

بەو پێیەش کە هەندێك لەزانایان باسیانکردووە: قەزا و قەدەر ئەگەر هاتوو پێکەوە باسکران ئەوە ماناکانیان لەیەك جودایە هەریەکەیان مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەیەك جودا کرانەوە ئەوا مانای ئەوی دیکەیان لەویتردا خۆی دەبینێتەوە.

## بەڵگەکان لەسەر سەلماندنی قەدەر:

باوەڕ بە قەدەر روکنێکە لەروکنە بنچینەییەکانی ئیمان، هەروەك بەڵگەکان لەقورئان و سوننەت ڕاستی ئەمە دووپات دەکەنەوە دەیسەلمێنن:

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:

﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر: ٤٩] واتا: بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەیەکی دیاریکراو درووستکردووە، لەجێگایەکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا﴾ [الأحزاب: ٣٨] واتا: بەردەوامیش فەرمان و بڕیاری خودا زۆر بەوردیی پێشدێ و جێبەجێ دەکرێ و، هیچ کەسێکیش بۆی نییە دەسکاری بکاو بیگۆڕێ، وە دیسان فەرموویەتی: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾ [الفرقان: ٢] واتا: وە هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەندازەی بۆ دیاری کرد (لە هەموو ڕوویەکەوە) بە چاکی.

لەسوننەتیشـــدا: زۆرێك لەفەرموودەکانـــی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵـگەن لەسەر جێگیربوون و سەلماندنی قەدەر لەبیروباوەڕی ئیسلامیدا، لەوانەیش فەرموودە بەناوبانگەکەی جوبرەئیلە کە پێشـــتر بەدوور و درێژی لەباســـی باوەڕ بەفریشـــتەکاندا ڕوونمان کردەوە، لەکاتێك کە جوبەرئیل پرســـیار لەپێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکات لەبارەی ئەرکانەکانی ئیمانەوە ئەویش لەوەڵامدا دەفەرمووێت: «الإيمان بالقدر خيره وشره»[1] واتا: باوەڕیش بە قەدەر بەخێر وشەڕیەوە یەکێکی ترە لەڕوکنەکانی ئیمان.

ئیمامی موســـلیم لەصەحیحەکەیدا لە عبد الله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێـــت: «كتب الله مقاديـــر الخلائق قبل أن يخلق الســـماوات والأرض بخمســـين ألف سنة وقال: وكان عرشـــه على الماء»[2] واتا: خودای گەورە پێش پەنجا هەزار ساڵ لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ئەندازەگیری هەموو دروستکراوەکانی نووسیوە، ئەو کاتە عەرشی خودای گەورە لەسەر ئاو بوو.

باوەڕ بەقەدەری خـــودا جێگای کۆدەنگی هەمـــوو زانایانی ئوممەتی ئیســـلامە لەهاوەڵە بەڕێزەکان و ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون، ئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەیدا تەخریجی کردووە، کە طاوس ئەڵـــێت: «أدركت ناسا من أصحاب رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يقولون كل شيء بقدر. قال: وسمعت عبد الله بن عمر يقول: قال رســـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «كل شـــيء بقدر حتى

(١) موسلیم – الإيمان – (٨)، وە تیرموذی – الإيمان – (٢٦١٠)، وەئەلنەسائی – الإيمان وشرائعه – (٤٩٩٠)، ئەبو داود – السنة – (٤٦٩٥)، وە ئیبن ماجە – المقدمة – (٦٣)، وە موسنەدی ئەحمەد (١/ ٢٨).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٥٣).

العجز والكيس أو الكيس والعجز»[١] واتا: گەشتووم بەکۆمەڵێك لەهاوەڵانی پێغەمبــەری خــودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەموویان دەیانووت هەموو شــتێك بەقەدەر و ئەندازەگیری خودای گەورەیە، طاوس ئەڵــێت: لە عبدالله ی کوڕی عومەرم بیســتووە کە دەیــووت: پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەموو شــتێك بەقەدەری خودایە تەنانەت چست و چالاکی و دەستەوسانیش هەر بەقەدەری خودایە.

مەبەست لە وشەی (الكيس) چست و چالاکی و زیرەکیە، کە پێچوانە و دژی وشەی (العجز)ــە.

ئیمامی نەوەویــش (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) ئەڵێت: بەڵــگەکان لەقورئان و ســونەت وکۆدەنگی زانایانی هاوەڵانــی بەڕێز و ئەهلی حەل وعەقــد لەســەلەف و خەلەفی ئوممەتی ئیســلام هەر هەموویان لەســەر جێگیری و ئیثباتی قەدەری خودای گەورەن سبحانە وتعالی.

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٥٥).

## باسی دووەم
## پلە ومەرتەبەکانی قەدەر

قـــەدەر وەك ئەوەی دەقەکان و زانایان باســـیان لێوەکردووە، چوار پلە ومەرتەبەی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**پلەو مەرتەبەی یەکەم:** زانســـت و زانیاری وعیلمی خودا بەهەموو ئەو شـــتانەی کە هەیە و ئەو شتانەیشـــی کە نییە، ئەو شـــتانەی کە دەکرێت ببن وئەوانەیشی کە موســـتەحیلن و ئیمکانی بوونیان نییە، بەشێوەیەك خودای گەورە زانیاری تەواوی بەهەموو ئەم شـــتانە هەیە، عیلمی هەیە بەوەی کە بووە، بەوەیشـــی کە دەبێت وئەوەیشـــی کە نابێت، بەڵـــگەش لەسەر ئەمە ئایەتی پیرۆزە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِتَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٖ قَدِيرٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمَۢا﴾ [الطـــلاق: ١٢] واتا: کە بەراســـتی ئەو خودایە دەســـەڵاتی بەســـەر هەموو شـــتێکدا هەیـــە و هەرچی بیـــەوێ ئەیکات، وەبێگومان زانســـت و زانیاریی ئەو خودایە دەورەی هەموو شتێکی داوە، واتا: ئاگاداری کاروباری بوونەوەرەو هیچ شتێکی لێناشارێتەوە.

لەصەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە، عبدالله ی کوڕی عەباس (خودایان لێ ڕازی بێت) وتی: «سئل النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عن أولاد المشركين فقـــال: الله أعلم بما كانـــوا عاملين»[١] واتـــا: پرســـیارکرا لەپێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لەبارەی منداڵانی ئەو کەســـانەی هاوەڵیان بۆ خودای گەورە بڕیارداوە، لەوەڵامدا فەرمووی: خودای گەورە زاناترە بەوەی کە دەیکەن.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(١٣٨٤)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٦٥٩).

**پلە و مەڕتەبەی دووەم:** خودای گەورە ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت ئەبێت و ڕوودەدات هەر هەمووی نووسیوە لای خۆی، وەك فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِى كِتَـٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ [الحج: ٧٠] واتا: مەگەر تۆ نەتزانیوە ئەی مرۆڤی ژیر! کە هەرچی لەئاسمان و زەوییدایە کەخوا ئاگای لێیەتی و دەیزانێ؟ چونکە بە ڕاستی هەموو ئەو شتانە لە نامەی (لوح المحفوظ) دا تۆمار کراوەو هیچی لێ زایە نابێت، بێگومان ئەوکارەش بۆ خودا زۆر ئاسانە، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَـٰهُ فِىٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ﴾ [یس: ١٢] واتا: هەموو شتێکمان لە کتێب و نامەیەکی ئاشکرادا ئامادەو تۆمارکردووە، واتا: لە (لوح المحفوظ) دا کە هیچ شتێکی تیا گومنابێت، هەموو شتێکی بچووك و گەورە و وردو درشتمان ئەژماردووە.

بەڵگەش لەسوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەم بارەیەوە ئەو فەرموودەیەیە کە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردبوو، کە پێغەمبەر(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: «کتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السماوات والأرض بخمسين ألف سنة....»[١] واتا: خودای گەورە پێش پەنجا هەزار ساڵ لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ئەندازەگیری هەموو دروستکراوەکانی نووسیوە....

**پلەومەڕتەبەی سێهەم:** ویست و مەشیئەت، ئەوەی کە خودای گەورە ویستی بووە، وە ئەوەیشی نەیەوێت نەبووە ونابێت، لەم بارەیەشەوە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ [یس: ٨٢]

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٥٣).

واتا: بەڕاستی کاری ئەو (خودا) یە ئاوایە هەر کاتێ بیەوێت شتێکی بوێت پێی دەڵێ: ببە دەست بەجێ (ئەو شتە) دەبێت، لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ [التكوير: ٢٩] واتا: ئێوە ئارەزووی ئیستیقامە ناکەن مەگەر خودای خاوەنی جیهانەکان ئارەزووی بکات، جاکەوابوو داوای یارمەتی هەر لەو بکەن و، خۆشتانی بەتەواوی بۆ ڕێك بخەن، تا خوایش پشتیوانتان بێ و ڕێنماییتان بکا، ئەگینا خودا بەزۆر هیچ کەسێك ناهێنێتە ژێر بار بوخاری و موسلمیش لە ئەبوهورەیرەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردوە کە پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی «لا يقولن أحدكم اللّٰهُمَّ اغفر لي إن شئت! اللّٰهُمَّ ارحمني إن شئت! ليعزم في الدعاء فإن الله صانع ما شاء لا مكره له»[١] واتا: هیچ کەس لەئێوە نەڵێت: ئەی خودایە ئەگەر وویستت لێم خۆشبە، یان بڵێ: ئەی خودایە ئەگەر ویستت ڕەحمم پێ بکە، بەڵکو با بەعەزم و دڵنیاییەوە بپاڕێتەوە و داوابکات، چونکە بێگومان خودای گەورە خۆی دروستکەری (ویست ومەشیئەتە) وەهیچ شتێك لێی گیر نابێت.

**پلە و مەرتەبەی چوارەم:** بەدیهێنان و خەلق کردنی خودای گەورە بۆ شتەکان و هێنانەبوونیان، و دەسەڵاتی تەواو بەسەریاندا، بێگومان خودای گەورە بەدیهێنەر و خالقی هەموو بکەر و کارەکەیشێتی، وەخالقی هەموو بزوێنەر و جوڵەکەیشێتی، وە بەدیهێنەر و خالقی هەموو وەستاوێك بێ جوڵەکەیشێتی، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ﴾ [الزمر: ٦٢] واتا: خودا بەدی هێنەری هەموو شتێکە وە هەر ئەویش پارێزەری

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٣٣٩)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٧٩) ئەم لەفظەیش لەفظی ئیمامی موسلیمە.

هەموو شـــتێکە، وە فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾ [الصافات: ٩٦] واتا: خودا بەدیهێنەری ئێوەیش و ئەو بتانەشـــە کە دروســـتتان کردوون، ئیمامی بوخاری لەصەحیحەکەیدا لە عمـــران کوڕی حصینەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): فەرموویەتی: «كان الله ولم يكن شيء غيره وكان عرشه على الماء وكتب في الذكر كل شـيء وخلق السماوات والأرض»[1] واتا: خودای گەورە بووە، لەکاتێکدا هیچ شـــتێکی تری غەیری ئەو بوونی نەبووە، عەرشەکەیشـــی لەسەر ئاو بوو، وە لە (لوح المحفوظ) دا هەموو شتێکی نووسیوە وە ئاسمانەکان و زەویشی بەدیهێنا.

واجبە باوەڕهێـــنان بەم چوار پلە و مەرتەبانەی کەباســـمانکردن، بۆ ئەوەی باوەڕ بەقەدەری خـــودا لەدڵ ودەروونماندا بەتەواوی جێبەجێ ببێت و ڕەگ داکوتێت، وە هەرکەســـێکیش ئینکاری شـــتێك لەوانە بکات ئەوا باوەڕی بەقەدەری خودا دانەمەزراوە، خودای گەورە زانا و شارەزاترە.

**سوود و بەروبوومی باوەڕ بەقەدەر:**

باوەڕێکی تەواو و چەســـپیوو بەقەدەری خودای گـــەورە کاریگەری و شـــوێنەوارێکی یەکجار گرنگ لەســـەر ژیانی مرۆڤی بـــاوەڕدار بەجێ دەهێڵـێت، لەوانەیش:

١. پشـــت بەســـتن بەخودای گـــەورە لەکاتی دەســـتگرتن بەهـــۆکاری ئەنجامدانـــی کارێکەوە، چونکە بێگومان پەروەردگاری باڵادەســـت هەر خۆی ئەندازەگیری وتەقدیری هۆکارەکان وخاوەن هۆکانیشی کردووە.

٢. مرۆڤی باوەڕدار زۆر دڵ و دەروونی ئاسوودەیە کاتێك کە زانی هەموو

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣١٩١).

شتێك لەم دونیایەدا بە قەزا و قەدەری خودای گەورە ڕوودەدات، وە هیچ شتێك نییە لەدەرەوەی قەزا و قەدەری خودای ببێت و ڕوودات.

٣. داماڵینی بەخۆ موعەجەب بوون و سەرسوڕمان نەبوون بەخۆ کاتێك ئەگەر شتێکی بۆ فەراهەم هات، چونکە فەراهەم بوونی ئەو شتە بۆ ئەو کەسە نیعمەتێکی خودای گەورەیە و بەقەدەری ئەو ذاتە پیرۆزە ڕوویداوە و هۆکارەکانی بۆ ئاسانکردووە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بەم باوەڕەوە بیری کردەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا سوپاسی خودای گەورە ئەکات و خۆبەشت زانین و موعجەب بەخۆ بوون فڕێ ئەدات.

٤. وازهێنان لە دڵەڕاوکێ و خەم و خەفەت لەکاتێکدا کە ئەگەر ئەو شتەی ئەیەوێت بۆی پێش نەهات، یان ڕووداوێکی ناخۆشی بەسەرداهات، چونکە دەزانێت هەموو ئەمانە بەقەزا و قەدەری خودایە، بۆیە ئارام دەگرێت لەسەری و چاوەڕوانی پاداشتی پەروەردگاری ئەکات.

# دەروازەی سێهەم
# پایەكانی تری باوەڕ كە پێنج بەشی لەخۆ گرتووە

## بەشی یەكەم:
## ئیسلام، و ئیمان، و ئیحسان

**باسی یەكەم:** ئیسلام

**باسی دووەم:** ئیمان وپایەكانی، ڕوونكردنەوەی حوكمی ئەو كەسەشی كە گوناهی گەورە دەكات

**باسی سێهەم:** ئیحسان

**باسی چوارەم:** پەیوەندی نێوان ئیسلام و ئیمان وئیحسان

## بەشی دووەم:
## مانای پشتیوانی لێكردن و پشت لێ هەڵكردن (الولاء والبراء) وڕێكخەرەكانی

## بەشی سێهەم
## مافی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا، وە ئەوەی واجبە بەرامبەریان بكرێت

**باسی یەكەم:** بەكێ دەوترێت هاوەڵ؟ واجبە خۆشمان بوێن و پشتیوان و پشتگیریان بین

**باســـی دووەم:** واجبە باوەڕبوون بە فەزڵ وعەدالەتیان وە وازهێنان لەو ناكۆكیەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، لەژێر ڕۆشنایی بەڵـگە شەرعیەكاندا

**باسی سێهەم:** ئەهل وبەیتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)

**باسی چوارەم:** خەلیفەکانی ڕاشیدین

**باسی پێنجەم:** ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە

## بەشی چوارەم
## ئەرکی سەرشانمان بەرامبەر بە ئیمام و پێشەوای موسڵمان، وە بەرامبەر موسڵمانان بەگشتی، و پابەندبوون بەکۆمەڵی موسڵمانانەوە

## بەشی پێنجەم
## واجبە دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە، لەگەڵ بەڵگەکانی

**باسی یەکەم:** مانای دەستگرتن بەقورئان و سوننەت و بەڵگەکانی

**باسی دووەم:** هۆشیاریدان و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە بیدعە

**باسی سێهەم:** خراپی جودایی و پەرت بوونی موسڵمانان

## بەشی یەکەم:
## ئیسلام، و ئیمان، و ئیحسان

**باسی یەکەم:** ئیسلام

**باسی دووەم:** ئیمان وپایەکانی، ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسەشی کە گوناهی گەورە دەکات

**باسی سێهەم:** ئیحسان

**باسی چوارەم:** پەیوەندی نێوان ئیسلام و ئیمان وئیحسان

## باسی یەکەم
## ئیسلام

**پێناسەی ئیسلام:**

ئیسلام لەزمانەوانیدا بەمانای گوێڕایەڵی و تەسلیم بوون و ملکەچی دێت.

لەشەرعیشدا: بەواتای خۆ تەسلیم کردن بەخودای گەورە، بەوەی بەیەکخودایی بیپەرستیت و گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو بیت، و پاك و بێ پەڵە بیت لەهاوەڵدانان بۆی و دووربکەیتەوە لەدژایەتی کردنی ئەهلی ئیسلام، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢، ١٦٣] واتا: بڵێ: بە ڕاستی نوێژ و حەج و قوربانیی و ژیان و مردنم، گشت هەر بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیانە، لەجێگایەکی تردادەفەرموویت: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [آل عمران: ٨٥] واتا: هەرکەسێك بێجگە لەبەرنامەو شەریعەتی ئیسلام هەردینێك بۆخۆی هەڵبژێری و بیکا بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێت، ولەدوارۆژیشدا لەڕیزی زیانمەندانە.

**پایەکانی ئیسلام:**

پایەکانی ئیسلام پێنجن، پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو فەرموودەیەی کە عبداللەی کوڕی عومەر (خودایان لێ ڕازی بێت) لێیەوە ڕیوایەتی کردووە، ڕوونی کردووەتەوە کە فەرموویەتی: «بني الإسلام على خمس: شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله وإقام الصلاة وإيتاء الزكاة

وصوم رمضان وحج بيت الله»[1] واتا: ئیســـلام لەســـەر پێنج پایـــە بنیاتنراوە، شـــاهیدی دان بەوەی کە هیچ پەرســـتراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله) وە محمدیش پێغەمبەری خودایـــە، و نوێژکردن و زەکاتدان، و ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان، و حەجی ماڵی خودا، وە ئەو فەرموودەی درێژەیشـــی کە پێشتر باسمانکرد کاتێك کە جوبرەئیل پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، بەڵـــگەیەکی ترە لەسەر ئەم بابەتە: وەك هاتووە: «يا محمد! أخبرني عن الإسلام، فقال رسول الله (ﷺ) الإســـلام أن تشـــهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، وتقيم الصـــلاة وتـؤتي الزكاة، وتصوم رمضان وتحج البيت إن استطعت إليـــه سبيلا. قـــال: صدقت....الخ»[2] واتا: ئەی محمد لەبارەی ئیســـلامەوە هەواڵم بدەرێ، پێغەمبەری (ﷺ) فەرمووی: ئەوەیە کە شـــاهیدی بدەیت کـــە هیچ پەرســـتراوێکی بەهەق نییە جگـــە لە (الله) و محمدیـــش پێغەمبەری خودایـــە، وە نوێژ بکەیـــت، و زەکات بدەیت، و ڕەمـــەزان بەڕۆژوبیت، و ئەگەر لەتوانا ودەسەڵاتیشـــدا هەبوو حەجی ماڵـــی خودا بکەیـــت، ئەمجا جوبرەئیـــل فەرمووی: ڕاســـتە دەکەیت... تاکۆتایی فەرموودەکە.

**مانای شایەتومان: (الشهادتين)**

مانای (أن لا إله إلا الله) واتا: هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە الله.

مانـــای (شـــهادة أن محمـــداً رســـول الله): گوێڕایەڵیٚ پێغەمبـــەر کردن

(١) صەحیحی بوخاری، حدیث بەفەرموودەی ژمارە (٨)، وە صەحیحی موسلیم حدیث بەفەرموودەی ژمارە (١٦).

(٢) بوخاری وموسلم هاوران لەم ریوایەتەدا: صەحیحی بوخاری حدیث بەفەرموودەی ژمارە (٨)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٨).

لـــەوەی فەرمانی پێکردووە، وەبەڕاســـتزانینی ئەوەی هەواڵـــی پێداوە، وە دوورکەوتنەوە لەو شـــتانەی کە قەدەغە ویاســـاغی کـــردوون، وە بەهیچ شێوەیەکیش خوداپەرســـتی نەکەیت بەو شـــێوەیە نەبێت کە ئەو ئەنجامی داوە.

## باسی دووەم

## ئیمان و پایەکانی، ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسەشی کە گوناهی گەورە دەکات

**پێناسەی ئیمان:** ئیمـــان لە زمانەوانییدا: بەمانای بەڕاستزانین و دان پێدانان دێت.

لەشەرعیشدا: باوەڕ بوون بەدڵ، و دان پێدانان بە زمان، و کاروکردەوەی ئەندامەکانی جەستەیە.

**پایەکانی ئیمان وبەڵـگەکانی:**

پایەکانی ئیمان و باوەڕ شـەش دانەن: وەك خـودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوونـی کردوەتەوە: ﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ [البقرة: ١٧٧] واتا: چاکەو چاکەکاریی هـەر ئەوە نیە ئێوە -جولەکە و گاور- کاتی نوێژ- ڕوو لە خۆرهەڵات بکـەن، یان خۆرئاوا، ئەگەر لـەڕووی گوێڕایەڵیەوە نەبێ بۆ فەرمانی خودا، بەڵـکو چاکەی ڕاست و دروسـت ئەمەیە کە باوەڕی ڕاستەقینەی بەخوداو بەڕۆژی دوایی، و بەفریشـتەو بەکتێبی ئاسـمانی و بەپەیامبەرانی خودا هەبێت.

لە سونەتیشـدا فەرمووده زۆرن لەسەر پایەکانی ئیمان دیاری ترینیان ئەو فەرموودەیەیە کـە جوبرەئیل هاتە لای پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و پێی فەرموو: «أخبرني عن الإيمان، قال: أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم

الآخر وتؤمن بالقدر خيره وشره. قال: صدقت»[١] واتا: لەبارەی ئیمان و باوەڕەوە هەواڵم بدەرێ، ئەویش فەرمووی: ئیمان ئەوەیە کەباوەڕت بەخودای گەورە (الله)، و بەفریشـــتەکانی، و بەکتێبەکانـــی، و بەپێغەمبەرەکانی، و بەڕۆژی دوایی هەبێت، هەروەها باوەڕت بە قەدەر خێری و شـــەڕی هەبێت، ئەمجا جوبرەئیل فەرمووی: ڕاست دەکەیت.... تاکۆتایی فەرمودەکە.

**زیاد و کەمکردنی ئیمان:**

دەقەکانی قورئان و سونەت بەڵـگەن لەسەر ئەوەی ئیمان بە طاعەتەکان زیاد دەکات و بەکردنی تاوان و گوناهەکانیش کەم دەکات.

بەڵـگەش لەقورئان لەم بارەیەوە، خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْاْ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ﴾ [محمـــد: ١٧] واتـــا: ئەوانـــەی ڕێ و ڕێبازی دروســـتیان گرتە بەر، خـــودا هیدایـــەت و ڕێنمانیی زیاد کـــردن، تەقواو پارێزکاریشی پێدان، تاخۆیانی پێ بپارێزن لە ئاگر، هەروەها دەفەرموویێت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال: ٢] واتا: باوەڕدارانی ڕاستەقینەو دڵسۆز هەر ئەوانەن کە هەرناوی خودا هێنرا، دڵیان لەبەر گەورەیی ئەو دەکەوێتە لەرزەو، ترسی لێدەنیشـــێت، باوەڕیان زیادو بەهێز دەبێت، هەر بەپەروەردگاریشیان پشت دەبەستن، واتا: پشـــت و پەنایان هەر ئەوە، ئیمامی (بوخاریی) و، گەلێ لە زاناکانی تر ئەم جۆرە ئایەتانە دەکەنە بەڵـگەی زیادبوونی ئیمان و باوەڕ، هەر وەکو جەماوەری ئەم ئوممەتەیش هەر ڕایان وایە، تەنانەتی پێشەوا (شافعی) و، ئیمامی (ئەحمەد) و هەندێکی دی باسی ئیجماعی لەسەر دەکەن.

---

(١) بوخاری وموسلم هاوران لەم ریوایەتەدا: صەحیحی بوخاری حدیث بەفەرموودەی ژمارە (٨)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٨).

لەجێگایەکی تریشدا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِيمَٰنٗا مَّعَ إِيمَٰنِهِمۡۗ﴾ [الفتح: ٤] واتا: ئەو خودا ذاتێکە ئارامی دابەزاندۆتە ناو دڵی ئیمانداران تا ئیمانیان زیاد بکات لەگەڵ ئەو ئیمانەی کەهەیانە.

بەڵگەیش لەسوننەتدا لەم بارەیەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کەدەفەرموێت: «يخرج من النار من كان في قلبه مثقال ذرة من إيمان»[1] واتا: ئەوەی بەئەندازەی گەردیلەیەك باوەڕ لەدڵیدا هەبێت لەئاگر دێتە دەرەوە، (ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کەسە لەبەر ئەوەی باوەڕەکەی لاواز بووە و بەگوناه و تاوان کەمی کردووە خودای گەورە خستویەتیە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام پاش ئەوەی بەسزای دادپەروەرانەی خۆی گەیشت لەسەر ئەو تاوان و گوناهانەی کردوونی خودای گەورە بەڕەحمی خۆی دەریدەهێنێت لەئاگر). هەروەها پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: «الإيمان بضع وسبعون شعبة أعلاها لا إله إلا الله وأدناها إماطة الأذى عن الطريق والحياء شعبة من الإيمان»[2] واتا: ئیمان و باوەڕ حەفتاو ئەوەندە بەش و پلەیە، بلندترینیان لا إله إلا الله یە، وە نزمترینیشیان لادان و لابردنی ئەزیەت و ئازارە لەسەر ڕێگای خەڵکی، وە شەرم و شکۆیش بەشێکە لە باوەڕ.

## حوکمی ئەو کەسەی گوناهی گەورە دەکات:

گوناهە گەورەکان دوو جۆرن: هەندێکیان مرۆڤی باوەڕداری پێ کافر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٧٥١٠)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٩٣).

(٢) صەحیحی موسلیم - کتاب الإيمان - بەفەرموودەی ژمارە (٥٧).

دەبێـــت ئەگەر ئەنجامیان بدات، وە هەندێکی تریشـــیان بەکردنیان مرۆڤی باوەڕداری پێ کافر نابێت، ئەوانەی کە مرۆڤ پێیان کافر و بێ باوەڕ دەبێت، هاوەڵدانانە بۆ خودای گەورە (الله)، چونکە هاوەڵدانان گەورەترین تاوان و گوناهێکە کە سەرپێچی خودای پێ دەکرێت، هەروەها دووڕووی ئیعتقادی (ئەو کەسەی کە تەنها بەزار باوەڕی هێنا بێت)، ئەگینا لەژێرەوە و لەناوەڕۆکدا هەر بێ باوەڕ بێت یان کەســێك جنێو و تانە و تەشەر لە خودا و پێغەمبەری خودا بدات، وە هەندێك گوناهی گەورەی هاوشێوەی ئەمانە.

جــۆری دووەم: ئەو گوناهــە گەورانەی کە مرۆڤی بــاوەڕداری پێی کافر وبێ باوەڕ نابێت، و لەئوممەتی ئیســلام پێــی ناچێتە دەرەوە، مەگەر کاتێــك نەبێت ئەو گوناه و تاوانانە بە حەڵاڵ بزانێت، نموونەی ئەو گوناهە گەورانەیش کە مرۆڤی پێی کافر نابێت، وەك ڕیبا وسوود خواردن، کوشتنی کەسێك بەبێ تاوان، زیناکردن، و هاوشێوەی تری ئەم گوناهانە.

دەقەکانی قورئان و سوننەت بەڵــگەن لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان مرۆڤی پێی کافر و بێ باوەڕ نابێت، بەڵــکو باوەڕەکەی پێی کەم دەکات وبە کەســێکی ئیمان لاواز دادەنرێت، لەشەرعی ئیسلامدا پێ دەوترێت: فاسق یان عاصی و گوناهکار.

وەبەنسبەت حوکمیشی لەدوارۆژدا: ئەوەکەتوەتەسەرویست و مەشیئەتی خودای گەورە، ئەگەر ویستی بە ڕەحم و میهرەبانی خۆی لێی خۆش دەبێت، وە ئەگەر ویستیشی بە عەدل و دادپەروەری خۆی سزای دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدائەم گوناهبارانەبەهەمیشەیی لەئاگری دۆزەخدانامێننەوە، بەڵکو پاش ئەوەی سزای خۆیان وەرگرت، خودای گەورە ئەیانخاتە بەهەشتەوە، بەهۆی

ئەو یەکخواپەرستی و باوەڕەوە کە هەیان بووە، خودای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا﴾ [النساء: ١١٦] واتا: بێگومان خودا لەوانە خۆش نابێ هاوەڵ و هاوەبەشی بۆ دانێن، بەلاّم جگە لەشیرك بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت وشایستە بێت لێی خۆش دەبێت، دەسا بزانن کە هەرکەسێك شەریك و هاوبەش دابنێت بۆ خودا، بەراستیی لەڕادەبەدەر گومڕاو سەرلێشێواوە.

لەصەحیحی بوخاری و موسلیمدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «يخرج من النار من قال لا إله إلا الله وفي قلبه وزن شعيرة من خير، ويخرج من النار من قال لا إله إلا الله وفي قلبه وزن برة من خير، ويخرج من النار من قال لا إله إلا الله وفي قلبه وزن ذرة من خير»[1] واتا: ئەو کەسەی بەهەق وتبێتی (لا إله إلا الله) وە بەقورسایی دەنکە جۆیەك خێر لەدڵیدا هەبێت لەئاگری دۆزەخ دێتە دەرەوە، وە ئەو کەسەشی بەهەق وتبێتی (لا إله إلا الله) وە بەقورسایی دەنکە گەنمێك خێر لەدڵیدا هەبێت لەئاگری دۆزەخ دێتە دەرەوە، وە ئەو کەسەشی بەهەق ووتبێتی (لا إله إلا الله) وە بەقورسایی گەردیلەیەك، خێر لەدڵیدا هەبێت لەئاگری دۆزەخ دێتە دەرەوە.

ئەمانە ئەو دەقانە بوون کە بەبەڵگە هێنامانەوە لەسەر ئەوەی ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان ئەگەر بەحەلاڵیان نەزانێت پێیان کافر و بێ باوەڕ نابێت، بێگومان هەر ئەمەیش ئەوە ڕێباز مەزهەبە بووە سەلەف و پێشینەی ئوممەتی ئیسلامی لەسەر بوون، لە هاوەڵە بەڕێزەکان و شوێنکەوتە، و شوێنکەوتەی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٤٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٩٢).

شـــوێنکەوتەی ئەوانەیش، کە لەســـەر خێـــر و هیدایەت بـــوون، ئەوەش مەنهەجێکـــی مامناوەنـــد و میانەڕەوانەیـــە لەنێوان تیژڕەوی و زیادەڕۆی مەزهەبـــی خەواریجەکان لەکـــۆن و نوێدا کە باوەڕیـــان وایە ئەنجامەدری گوناهە گەورەکان بێ باوەڕن و لەئومەتی ئیســـلام پێی دەچنە دەرەوە، ئەو کاتە ماڵ و خوینیشـــیان حەلاڵ دەبێت بەلای ئەوانەوە، وە باوەڕیشیان وایە لەڕۆژی دواییشدا بەهەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە و دەرچوونیان نییە لێی، وە لەنێوان ئەو کەسە کەمتەرخەم و شلگیرانەیش کە باوەڕیان وایە ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان باوەڕی تەواویان هەیە، بەشـــێوەیەك هیچ جیاوازی ناکەن لەنێوان کەســـێك کە گوناهە گەورەکان دەکات لەگەڵ ئەو کەسەشـــی کە باوەڕێکی تەواو و کامڵی هەیە و طاعەتەکانی خودای گەورە ئەنجـــام دەدات وخۆی بەدوور گرتـــووە لەو تـــاوان و گوناهانە گەورانە، ئەمەش مەزهەبی مورجئەکانە، پێیان وایە ئەنجامادنی گوناە هیچ کاریگەری نییە لەســـەر ئیمان و باوەڕ، بەلاَم مەزهەبی ســـەلفی صالّح لەنێوان ئەم دوو مەزهەبە سەر لێشێواو و گومڕایەدان، وەك لەپێشتر ئاماژەمان پێدا.

**ئەو بەلگانەی کە باس لەوە دەکەن ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان مرۆڤی پێ کافر وبێ باوەڕ نابێت:**

دەقەکانی قورئان وسوننەت بەڵـگەن لەسەر ئەوەی ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان مرۆڤـــی پێ کافر وبێ باوەڕ نابێـــت، لەقورئاندا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَـٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ۞ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ [الحجرات: ٩، ١٠] واتا:

ئەگەر دوو دەستە لە باوەڕداران پێکەوە بەجەنگ هاتن، جا هەرچی تواناتان هەیـــە بەکاری بێنن و ئاشـــتیان بکەنەوەو بانگیان بکەن بـــۆ لای بڕیارەکانی خودا، جا ئەگەر دەســـتەیەکیان دەست درێژیی کردە سەر دەستەکەیتر، واتا: ملی رانەکێشا بۆ ئاشـــتیی و یەککەوتن، ئەوا ئێوەش لەگەڵ ئەو کۆمەڵە یاندا بجەنگێن کە دەســـتدرێژی دەکات تـــا ناچار ئەبێ و ئەگەڕێتـــەوە بۆ بڕیارو حوکمی خـــودا، ئینجا ئەگەر کۆمەڵە ســـتەمکارەکە گەڕایـــەوە بۆ حوکمی خودا، جا ئێوەیش بەئینساف ناوبژییان بکەن، وە دادپەروەر بن و بەلای هیچ کەسێکیاندا دامەبڕن، چونکە بێگومان خودا دادپەروەرانی خۆش ئەوێت.

ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزەوە وەردەگیرێـــت ئەوەیە: خودای گەورە ئەو کەسە باوەڕدارانەی کە گوناهی گەورەی وەك شەڕ کردن و جەنگان لەگەڵ باوەڕدارانێکی تردا دەکەن، یان یاخی دەبن لە پێشـــەوا و ڕیزی موسڵمانان بە باوەڕدار ناوی هێناوون، چونکە ئەو گوناهانە گوناهی گەورەن و مرۆڤی پێ کافر نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین خودای گەورە بەبرای یەکتر ناوی بردوون، لەکۆتاییشـــەوە فەرمانـــی کردووە بە باوەڕداران کە چاکســـازی و ئاشتەوایی ئەنجام بدەن لەنێوان برا باوەڕدارەکانیاندا.

بەڵـگەش لەسوننەت: ئیمامی موسلیم لەئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە (خودای لـــێ ڕازی بێت) دەگێڕێتـــەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «يدخل أهل الجنة الجنة، يدخل من يشـــاء برحمته، ويدخل أهل النار النار ثم يقول: انظروا من وجدتم في قلبه مثقال حبّة من خردل من إيمان فأخرجوه»[1]

(١) صەحیحی موسلیم -كتاب الإيمان - باب الشفاعة وإخراج الموحدين من النار - بەفەرموودەی ژمارە (١٨٤).

واتا: ئەوەی ئەهلی بەهەشت بێت دەچنە بەهەشتەوە، خودای گەورە بەڕەحم و میهرەبانی خۆی ئەوەی بیەوێت دەیخاتە بەهەشتەوە، ئەوەیشی ئەهلی دۆزەخ بێت دەچێتە دۆزەخەوە، پاشان دەفەرمووێت بەفریشتەکان: سەرنج بدەن و سەیر بکەن، ئەوەی بەئەندازەی تۆوی دەنکە خەردەلەیەك باوەڕتان لەدڵیدا بینی لەئاگر دەربهێنن.

ئەم فەرموودەیە بەڵـــگەیە لەســـەر ئەوەی کـــە ئەنجامدەرانی گوناهە گەورەکان بەهەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا نامێننەوە، چونکە ئەوەی شتێك لەباوەڕ لەدڵیدا هەبوو بێت لەدۆزەخ دەردەهێنرێت، هەروەها بەڵـــگەیشە لەسەر ئەوەی کە ئەهلی ئیمان بەپێی کارو رکردەوەکانیان جیاوازیان هەیە، باوەڕیش بەپێی ئەنجامدانی واجبەکان و کردنی حەرام و قەدەغەکراوەکان زیاد و کەم دەکات، بە ئەنجامدانی واجـــب و طاعەتەکانی خودای گەورە زیاد دەکات، بە پێچەوانەشەوە بە کردنی حەرام و قەدەغەکراوەکانیش کەم و نوقسان دەبێت.

## باسی سێهەم
## ئیحسان

**پێناسەکەی:** ئیحسـان بەمانای ئەوە دێت خودای گەورە بەچاودێری خۆت بزانێت لەپەنهانی و ئاشـکرادا، چاودێریەك هەست بەخۆشەویستی خودای گەورە و ترس لەو بکەیت پێی، وە ئومێد وهیوای پاداشتی خێریشی بکەیت و بترسـیت لە سزاکانیشـی، بەجۆرێك وات لێ بکات پابەندبیت بە پارێزگاری کردن لەسـەر ئەنجامدانی فەرز وسـوننەتکان، وە دوورت بخاتەوە لە شتە حەرام و مەکروهەکان، چاکەخواز و موحسینەکان ئەوانەن کە پێشکەوتوون لەکەسانی تر بەئەنجامدانی کاری خێر و چاکە و پێشبڕکێ دەکەن لەگەڵ کەسانی تردا بەئەنجامدانی باشترینی کارە چاکەکان.

**بەڵـگەکانی ئیحسان:**

لەقورئانی پیرۆزدا خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ﴾ [النحل: ١٢٨] واتا: بەراستیی خوداش لەگەڵ ئەوانەدایە کەخۆ پارێزو بەتەقوان، و ئەوانەش چاکەکارو، چاکەخوازن.

لە سوننەتیشـدا: ئەو فەرموودەیەی کە جوبرەئیل (سـەلامی خودای لێ بێـت) هاتە لای پێغەمبەر و پرسـیاری لێ کـرد و فەرمووی: «أخبرني عن الإحسـان. فقـال(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) : أن تعبد الله كأنك تراه فـإن لم تكن تراه فإنه يراك»[(١)] واتا: لەبارەی ئیحسـانەوە هەواڵم بدەرێ، ئەویش فەرمووی: ئیحسـان ئەوەیە: خودای گەورە بەو شێوەیە بپەرستی وەك ئەوەی ببینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەویش نەبینیت ئەوە بێـگومان ئەو هەر تۆ دەبینێت.

---

(١) پێشووتر تەخریج کراوە.

## باسی چوارەم
## پەیوەندی نێوان ئیسلام و ئیمان وئیحسان

لەو فەرموودەیەی جوبرەئیل کەهات بــۆلای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیاری ئەم سێ مەســئەلەیەی لێکرد، پرسیاری ئیسلام وئیمان و ئیحسانی لێکرد، پێغەمبەریش وەڵامی دایەوە کە ئیســلام بریتیە لەجێبەجێکردنی کارو کردەوە دیار و ئاشکراکان، شــاهیدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگــە لە (الله) وەشــاهیدی دان کە محمــد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێغەمبەری خودایە، لەگــەڵ نوێژکــردن، و زەکات دان، و ڕۆژوی مانگــی ڕەمەزان، و حەجی ماڵی خودای گەورە، وەلەوەڵامی ئیمانیشــدا وەڵامی بەکارو کردەوە نادیار وغەیبیەکان دایەوە، کە بریتین لە: باوەڕ بەخودای گەورە (الله)، و باوەڕ بەفریشــتە، و کتێب، و پێغەمبەرەکانی، لەگەڵ باوەڕ بــەڕۆژی دوایی و بەقەزا وقەدەر خێری و شەڕی، وەلەوەڵامی ئیحسانیشدا وەڵامی بەچاودێری خودای گەورە لەپەنهان و ئاشکرادا دایەوە، فەرمووی: خودا بەشێوەیەك بپەرستە وەك ئەوەی ببینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت بێگومان ئەو هەر تۆ دەبینێت.

ئەگــەر هاتوو ئەم ســێ بابەتەت بەیەکەوە باســکرد، ئــەوە هەریەك لــەو بابەتانە مانــای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو کاتە مەبەســت لەئیســلام جێبەجێکردنی کارو کردەوە دیار و ئاشــکراکانە، وەمەبەســت لەئیمانیش کاروکردەوە غەیب و نادیارەکانە، و مەبەستیش لە ئیحسان بەرزترین پلەی دینە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەتەنها باســی ئیســلامت کرد، ئەوە بێگومان مانا و واتای ئیمانیش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر بەتەنها باســی ئیمانیشت کرد ئەوە مانا و مەبەستی ئیســلامیش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر بەتەنها باسی ئیحسانت کرد، ئەوە هەردوو مەبەستی ئیسلام و ئیمانیش دەگرێتەوە.

## بەشى دووەم:
## ماناى پشتيوانى ليّـكردن و پشت ليّ هەلّـكردن (الولاء والبراء) ورِيّكخەرەكانى

**پيّناسەكەى:**

الـولاء: چاوگى فەرمانـى (وُلِيَ) ـــە، بەماناى نزيك بوويـەوە ليّى، مەبەست ليّى نزيك بوونەوەيە لەموسلّمانان بەخۆشەويستى و يارمەتيدان وسەرخستنيان بەسەر دوژمنەكانياندا، لەگەلّ جيّگير بوون لەگەليّاندا.

البراء: چاوگى فەرمانى (برى) ـــەيە بەماناى بچڕاندن ديّت، وەك چۆن دەوتريّت (برى القلم) واتا: قەلّەمەكەى بڕى، ليّرەدا مەبەست پيّى بچڕاندى پەيوەنديە لەگەلّ بيّ باوەڕاندا، بەوەى خۆشـــت نەوون و سەريان نەخەيت و يارمەتيان نەدەيت، ولە وولاّت و ئەو جيّگايەى ئەوانى تيّدا نيشتەجيّن بۆ زەرورەت و پيّويستيەك نەبيّت دانەنيشيت و جيّگير نەبيت.

وەلاء وبەراء لەهەق و مافەكانى يەكخواپەرستيە:

واجبە لەسەر موســـلّمان لەبەر ڕەزامەندى خوداى گەورە دۆستايەتى باوەڕداران بكات، و هـــەر لەبەر ڕەزامەندى ئەو دژايەتـــى بيّ باوەڕانيش بكات، وەلەبەر خاترى خوداى گەورە خەلّـكى خۆش بوويّت يان ڕقى ليّيان ببيّتەوە، موســـلّمانانى خۆش بوويّت و يارمەتيان بدات و سەريان بخات، ودژايەتى بيّ باوەڕان بكات و ڕقى ليّيان ببيّتەوەو خۆى ليّيان بەدوور بگريّت، خوداى گەورە لەبارەى خۆشەويستن و پشتگيرى و پشتوانى باوەڕدارانەوە

فەرمووویەتی: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ * وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ [المائدة: ٥٥، ٥٦] واتا: بەڕاستی تەنها خۆشەویست و پشتیوانی ئێوە، هەر خوداو پێغەمبەرەکەی و ئەوانەن باوەڕیان هێناوە، کە نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و زەکات لە ماڵ و سامانیان دەردەکەن، هەمیشەش دیاردەی کڕنوش و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی خودایان پێوە دیارە، وەلەبارەی دژایەتی وخۆش نەویستنی بێ باوەڕانەوە فەرمووویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ [المائدة: ٥١] واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! جولەکە و گاورەکان مەکەنە دۆست و پشتیوانتان، واتا: نە یارمەتیان بدەن و، نەداوای یارمەتیشیان لێبکەن، وە بەهیچ جۆرێك (موالات) و هاوکاریی و خۆشەویستیتان نەبێ بۆیان، چونکە ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و یارمەتیدەری هەندێکیانن و، لەبەر ئێوەش دەست لەدینی خۆیان هەڵناگرن، و هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکاو، بیانکا بەیارمەتیدەرو دۆستی خۆی، بێ شك ئەوکەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ، بێگومان خودا هیدایەت و ڕێنمایی گەلی ناهەقی ستەمکار ناکات، وە دیسان لەجێگایەکی تردا فەرمووویەتی: ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ ﴾ [المجادلة: ٢٢] واتا: کەسانێکت دەست ناکەوێ کە باوەڕیان هەبێت بە خودا و بە ڕۆژی دوایی کە دۆستایەتی بکەن لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری خودا دەکەن هەر چەندە ئەو دوژمنانەش باوکیان بن یا کوڕ و برا و خزم وعەشیرەتیشیان بن.

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە ئەوەمان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە واجبە پشتیوانی

و پشـــتگیری بـــاوەڕداران بکەین و هەرچی خێر و خۆشـــیە بـــۆ ئەوانمان بوویت، لەهەمان کاتیشدا واجبە دژایەتی بێ باوەڕان بکەین وئاگادری ئەوە بین کە بەهیچ شێوەیەك خۆشمان نەوێن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵـــکو دوور بکەوینەوە لەهەموو کارێکیش کە بۆنی خۆشەویستی ئەوانی لێوە بێت.

**پلەو پایە و گرنگی ولاء وبەڕاء لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.**

ولاء وبەڕاء پلەوپایەیەکی بەرز و بلّندی هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، وە بەشـــادەمار و بەهێزترین خالّی بیروباوەڕ دادەنرێت، ماناکەشـــی ئەوەیە خۆشەویســـتی وخوو پێوەگرتنی لەنێو تاکە تاکەی موسلّمانان‌دا بەهێز وبتەو بەتین بکرێت وجودا بیتەوە لەدوژمانی ئیسـلام، ابـــن عباس (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەلّیت: پێغەمبەری خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أوثق عـــری الإیمان الموالاة في الله والمعاداة في الله والحب في الله والبغض في الله»[1] واتا: بتەوترین خالّ و شادەماری ئیمان وباوەڕ بریتیە لە پشتگیری و پشتیوانی لەبەر ڕەزامەندی خودای گـــەورە، وە دژایەتی کردنی بێ باوەڕان هەر لەبەر ڕەزامەندی ئەو، خۆشەویســـتن و ڕق لێ بوونەوەیش لەبەر خاتری خودای گەورە.

جیاوازی لەنێـــوان (المداهنـــة) و(المداراة) وشـــوێنەوارییان لەســـەر وەلاء بەڕاء.

المداهنة: بریتیە لە وازهێنان لـــە فەرمان بەچاکە و بەرگریکردن لەخراپە وخۆگونجاندن لە گەڵ بێ باوەڕان و تاوانباراندا؛ لەپێناو بەدەستهێنان و دەست

(١) گەبەرانی لە ئەلکەبیردا ریوایەتی کردووە: (١١/ ٢١٥)، وە بەغەوی لە شەرحی سوننەدا (٣/ ٤٢٩)، بەسەنەدیکی حەسەن.

کەوتنی ماڵ و سەروەت وســامان و پلەوپایەی دونیا، وە تەنازول کردن لەو غیرەت و چاونەترســیەی کە واجبە موسڵمان هەیبێت بەرامبەر بەدینەکەی، نموونەی ئەم مەسئەلەیەش وەك ڕاهاتن و خووگرتن لەگەڵ بێ باوەڕان و ژین بەسەربردن لەگەڵیاندا لەکاتێکدا ئەوان لەسەر بێ باوەڕی و تاوان و گوناهی خۆیان بەردەوامن، بەبێ ئەوەی ڕێگریان لێ بکات لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ئەو کارەیشی هەیە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ * كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ * تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ﴾ [المائـــدة: ٧٨-٨٠] واتـــا: نەفریـــن کـــرا لەوانەی بێ بڕوابوون لەبەرەو نەوەی ئیسرائیل لەسەر زمانی داوود و عیسای کوڕی مەریەم ئەو نەفرینەش لەبەر ئەوە بوو سەرپێچیان کردو هەمیشە دەستدرێژیان دەکرد * ئەوانە قەدەغەی یەکتریان نەدەکرد لە خراپەو تاوانێک کە دەیانکرد، سوێند بێت بەخودا ئەوەی کە دەیکەن زۆر خراپ و ناپەسەندە! * ئەبینی - ئەی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) - زۆربەیان دۆستایەتی ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون.

المـــداراة: بریتیە لـــە لادان و نەهێشـــتنی خراپە و خراپـــەکاری بە وتە وگوفتاری نەرم ونیان، ودوورکەوتنەوە لەتوندی و ڕق ئەســـتووری، یان بریتیە لە پشتهەڵـکردن وگوێنەدان بە خراپەکارێك کاتێك بترسیت لەخراپە و ئەزیەت و ئازاری، یان بەشێوەیەك خراپە و شەڕێکی وای لێ بکەوێتەوە کـــە گەورەتر بێت لەوەی کە چاوەڕان دەکرێـــت، وەك نەرم ونیانی نواندن لەگەڵ کەســـێکی نەخوێنەوار ونەزان لەکاتی فێرکرنیدا، یان نەرمی نواندن و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی لەگەڵ کەسێکی فاسق و لەسنوور دەرچوو

لەکاتێکـــدا کە دەتەوێت ڕێگری لێ بکەیـــت لەئەنجامدانی خراپە و گوناه و تاوانێك، بەتایبەت لەکاتێکدا کە واپێویســـت بـــکات بۆ ئەوەی خووت پێوەبگرێت و بتەوێت گوێت بۆ بگرێت، لەو فەرموودەیەی کە عائیشـــەی دایکی بـــاوەڕداران ڕیوایەتی کردووە (خودای لـــێ ڕازی بێت): «أن رجلا اســـتأذن على النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فلما رآه قال: بئس أخو العشيرة. وبئس ابن العشـــيرة، فلما جلس تطلق النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في وجهه وانبسط إليه، فلما انطلق الرجل قالت عائشة رضي الله عنها: يا رسول الله حين رأيت الرجل قلت كذا وكذا، ثم تطلقت في وجهه وانبســـطت إليه. فقال (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يا عائشة متى عهدتني فحّاشـــاً، إن شـــر الناس عند الله منزلة يوم القيامة من تركه الناس اتقاء شره»[1] واتا: کاتێك پیاوێك ڕوخصەتی لەپێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خواست کە بچێتە ژوورەوە بـــۆ لای، وەختێکیش کە بینی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: «چەند خراپ بوو برای عەشیرەتەکە، و چەند خراپ بوو کوڕی عەشـــیرەتەکە»لەگەڵ ئەوەشـــدا کاتێك پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشت لەگەڵیدا زۆر بەڕووخۆشـــی و ســـنگ فراوانیەوە لەگەڵیدا هەڵسوکەوتی دەکرد، کاتێك پیاوەکە پشـــتی هەڵـــکرد و ڕۆیشـــت، عائیشە وتی: ئەی پێغەمبەری خـــودا کاتێك ئەو پیـــاوەت بینـــی واو واو وت، کەچی دواتر ڕووت خۆش و کـــراوە بوویت لەگەڵیـــدا؟ پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـــووی: ئەی عائیشـــە چ کاتێك منت بە خراپەکاری بینیوە، بەڕاســـتی خراپترین کەســـانێك کە پلەوپایەیان لای خودای گەورە لەڕۆژی دواییدا لەهەموو کەس خراپترە ئەوانەن کە خەڵـکی خۆیان لەخراپەیان لادەدەن.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٦٠٣٢).

ســـەرنج دەدەین پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبەر بەرژەوەندی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەم هەڵوێستەیدا موداراتی ئەم کەسەی کردووە ودڵی ڕاگرتووە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کەســـە پیاوێکـــی خراپیش بووە، ئەمەش بەڵـــگەیە لەســـەر ئەوەی مودارات و دڵ ڕاگرتن هیچ دژایەتی نییە لەگەڵ خۆشویســـتن و پشـــتیوانی باوەڕداران، لەکاتێکدا کـــە بزانیت ئەو کارەت بەرژەوەندیەکی بـــاڵای ئیســـلام دەپارێزێت، وەك خـــۆلادان لەخراپەی کەســـانێکی خراپ و خووگرتن وڕاهێنانیان لەسەر چاکە وکەمکردنەوەی شەڕ و خراپەکاریان لەسەر خەڵـــکی، بێگومان ئەمەش پیشە و مەنهەجی بانگخوازانە بانگەوازکردنە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیســـلام، نموونەی ئەمەیش وەك ئەو مودارات وهەڵـــکردنەی کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەڵیدەکرد لەگەڵ دوو ڕووەکانی مەدینە لەپێناو خۆپاراســـتن لەخراپە و خراپەکاریان و ڕامهێنانیانی ئەوان و غەیری ئەوانیش.

گومانی تێدا نییـــە ئەمەش پێچەوانەی موداهەنەیـــە، چونکە موداهەنە بریتیە لەخۆگونجاندن و هەڵـــکردن لەگەڵ بێ باوەڕان بۆ بەدەســـتهێنانی بەرژەوەندیەکی دونیایی نەك لەبەر تەحقیقکردنی بەرژەوەندیەکی ئیسلام.

**چەند نموونەیەك لە وەلاء وبەڕاء:**

خودای گەورە لەبارەی بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەر (عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ) ەوە دەفەرموێت: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ﴾ [الممتحنـــة: ٤] واتا: بە راســـتی بۆ ئێـــوە هەیە ئەی ئیمانـــداران! لە ئیبراهیم و لەوانەی بڕوایـــان هێنابوو لەگەڵیا، سەرمەشـــقییەکی چاك و جوان، جا

دەبێ ئێوەیش (ئەی بڕوادارەکان!) لەوان چاو بکەن و خۆتان لەبتەکان و لەو خزمە دار و بەردپەرستانە بەدوور بگرن و تەنها خواتان خۆشبوێت، کاتێك بەقەومە کافرەکەیانیان وت: بەڕاستی ئێمە بێزار و بەریین لەخۆتان و لەو بتانە- لەجیاتی خودا- ئەیانپەرستن، و بێ باوەڕین پێتان، وە بە هەمیشە دوژمنایەتیی و ڕکەبەرایەتیی لەنێوانماندا پەیدابووە، تا باوەڕ بەخودای تاك و تەنیا دێنن و هاوبەشی بۆ دانانێن.... خودای گەورە لەبارەی پشتیوانی و پشتگیری ئەنصاریەکانەوە بۆ برا موهاجرەکانیان فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ [الحشر: ٩] واتا: ئەوکەسانەی نیشتەجێی (دار الهجرة) و(دار الایمان) بوون، مەبەست پێی ئەنصاریەکانە کەلەپێش موهاجرەکانەوە نیشتەجێی شاری مەدینە بوون، موهاجیرەکانیان خۆش دەوێن و، بەشێك لەدارایی خۆیانیان ئەدەنێ و دلٚخۆشیان دەکەن، لە دلٚ و دەروونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلیەك نابێتەوە (لەسەر ئەوەی کە لە دەستکەوتەکانی بەنی نەچیر بەشی موهاجرەکان دراوە و بەشی ئەوان نەدراوە)، حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزلٚی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زالٚ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن.

## حوكمی پشتیوانی وپشتیگری كەسانی گوناهبار و بیدعەچی:

ئایا ئەگەر کەسێك خێر و شەڕ و خراپە و طاعەت و سوننەت و بیدعەی تێدا کۆبوو بوویەوە، مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێت پشتیگری و پشتیوانی کەسێکی وا بکات و خۆشی بووێت؟ بێگومان هەرکەسێك بەم شێوەیە بێت ئەوا بەئەندازەی

ئەوەی چاکە کار وطاعەتی خودا دەکات و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) جێبەجێ دەکات دەبێت پشتگیری و پشـــتیوانی بکرێت و خۆشمان بووێت، لەهەمـــان کاتدا بەو ئەندازەیەش گوناە و تاوان دەکات و خەریکی خراپەکاری و بیدعەیە دەبێت دژایەتی بکرێت و ڕێگری لەو کارانەی بکرێت و پتشگیری نەکرێت، چونکە دەکرێت لەیەك کاتدا کەســێك هەندێـــك ئاکاری جوان و خراپەیشـــی تێدا کۆ ببێتەوە، وەك ئەو دزە هەژارەی کەلەبەر دزیەکەی دەستی دەبڕدرێت و پاشانیش لەبەیتول مالّی موسلّمانان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بڕێك یارمەتی و کۆمەکی دەکرێـــت و خێر وصەدەقەی دەدرێتێ، ئەمەش ئەو مەزهەبە ڕاست و دروستەیە کە ئەهلی سوننەت و جەماعەتی لەسەرە.

ئایا هەلّسوکەوت و مامەلّەکردنی کاروباری دونیایی لەگەلّ بێ باوەڕان دەچێتە خانەی پشتگیری کردنەوە؟

دەقە ڕاســـت و دروستەکان لەســـەر ئەوەن کە دروســـتە لەکاروباری دونیاییدا هەلّسوکەوت لەگەلّ بێ باوەڕاندا بکرێت، وەك کاروباری کڕین و فرۆشـــتن و بەکرێدان و بەکرێگرتن و داوای یارمەتیکردن لێیان لەکاتی پێویســـتی و چرورەتدا، بەو مەرجـــەی لەچوار چێوەیەکـــی دیاریکراوی تەســـکدا بێـــت و زەرەروزیان بـــە ئاینی پیرۆزی ئیســـلام و موســـلّمانان نەگەیەنێت، پێغەمبەری خودا (ﷺ) عبدالله ی کوڕی ئورەیقیطی بەکرێگـــرت کە ڕێپیشـــاندەری بێت لەکاتی هیجرەتیدا بۆ شـــاری مەدینە، چونکە شارەزای ڕیگاکە بوو[1]

یـــان قەلّغانەکەی کـــرد بە ڕەهن لای کەســـێکی جولەکـــە لەبەرامبەر

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٦٣).

وەرگرتنى صاعێك جۆدا، ئیمامى عەلى (خوداى لێ ڕازى بێت) كرێكارى كردووە بۆ ئافرەتێكى جولەكە، ئـاوى لەبیرێك بۆ هەڵدەگۆزت، ئەوەبوو شـازدە دۆڵچـە ئاوى بـۆ هەلگۆزت، هەمـوو دۆڵچە ئاوێـك بە دەنكە خورمایەك، یان پێغەمبەرى خـودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داواى لە جولەكەكانى مەدینەكـرد كە یارمەتیان بـدەن لەكاتى جەنگان لەگەڵ موشـریكەكاندا، هەروەها یارمەتى خواسـت لە هۆزى خوزاعە دژ بە قورەیشیەكان، هەموو ئەمانەى كە باسـكران هیچ كاریگەریەكیان نابێت لەسەر مەسئەلەى وەلاء و بەڕاء، بەو مەرجەى ئـەو بێ باوەڕانەى كە لەگەڵ موسـڵمانانda دەژین و نیشتەجێن پابەندبن بە ئادابى گشتى و بانگەشە نەكەن بۆ ئاین و دینەكەیان.

## بەشی سێهەم
## مافی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا، وە ئەوەی واجبە بەرامبەریان بکرێت

**باســـی یەکەم:** بەکێ دەوترێت هاوەڵ؟ واجبە خۆشمانبوێن و پشتیوان و پشتگیریان بین

**باســـی دووەم:** واجبە باوەڕبوون بە فەزڵ وعەدالەتیان وە وازهێنان لەو ناکۆکیەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شەرعیەکاندا

**باسی سێهەم:** ئەهل وبەیتی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

**باسی چوارەم:** خەلیفەکانی ڕاشیدین

**باسی پێنجەم:** ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە

## باسی یەکەم

## بەکێ دەوترێت هاوەڵ؟ واجبە خۆشمانبوێن و پشتیوان وپشتگیریان بین

**پێناسەی هاوەڵی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):**

هاوەڵی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەو کەسە دەوترێت کە بەموسڵمانی گەشتبێت بە پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وبەموسڵمانیش مردبێت.

**واجبە خۆشمانبوێن و پشتیوان و پشتگیریان بین:**

ئەو سەدەیەی هاوەڵان تێیدا ژیاون چاکترین سەدە و سەردەمێك بووە لەمێژووی ئیسلامدا، وەهاوەڵان خۆیشیان لەپاش پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باشترین و چاکترین کەسـی ئوممەتی ئیسلام بوون، وە واجبە لەسەرمان کە پشـتیوان و پشـتگرییان بیـن و خۆشـمانبوێن و داوای ڕەزامەندی خودایان بۆ بکەین، و لەپلەوپایەی خۆیان دایان بنێین، خۆشەویسـتنیان واجبی سەرشـانی هەموو موسـڵمانانە، خۆشویسـتنیان دین وئیمانە، ومایەی نزیك بوونەوەیە لەخودای میهرەبان، و ڕق لێبوونیان بێ باوەڕی و لەسـنوور دەرچوونـە، چونکە ئـەوان هەڵگری ئەم ئاینـە بوون، تانە دان لێیان تانەدانە لەئاینی پیرۆزی ئیسـلام، لەبەر ئـەوەی دین لەوانەوە گەشـتووە بەئێمە پاش ئەوەی بەتەڕی و پاراوی و دڵسـۆزیەوە لەدەمی پێغەمبەری خودایان وەرگرتووە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەمجا زۆر بەڕاستگۆی وئەمانەتـەوە گەیاندوویانە بە ئێمە بەبێ ئەوەی خیانەتی لێ بکەن، لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە سەرزەویدا قوربانی زۆریان داوە و گەلێك ماندوو بوون، هەر بۆیە توانیان لە چارەکە سـەدەیەکدا ئیسلام بگەیەنن بەهەموو کون قوشبنێـکی ئەم سەر زەویە، و خودای گەورەش

لەسەر دەستی ئەواندا زۆرێك لەولاتانی ڕزگار کرد، دواتر خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئەم ئاینە پیرۆزەوە.

دەقەکانی قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە واجبە هاوەڵانمان خۆش بووێن و پشتیوان و پشتگیریان بین، هەر ئەمەش بەڵگەی ڕاستگۆیی و ئیمان هەموو کەسێکە، خودای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ [التوبة: ٧١] واتا: پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن لە گشت خۆشیی و ناخۆشیەکدا.

جا ئەگەر هاوەڵان باوەڕەکەیان باوەڕێکی تەواو بووبێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو باشترین کەسانی ناو موسڵمانان بوون چونکە خودا وپێغەمبەرەکەی شاهیدی ئەوەی بۆداوون وتەزکیەی کردوون، بۆیە خۆشویستن و پشتیوانی و پشتگیریان بەڵگەی ساغ و سەلامەتی ئەو کەسەیە کە ئەم صیفەتەی تێدایە.

لە سوننەتیشدا ئەنەسی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «آية الإيمان حب الأنصار وآية النفاق بغض الأنصار»[1] واتا: خۆشویستنی ئەنصارەکان نیشانەی باوەڕە، وە ڕق لێ بوونیشیان نیشانەی نیفاق و دووڕوویيە.

لەم بارەیەوە دەقی زۆر هەن، بەلام دەرفەتی ئەوەمان نییە هەر هەموویان باس بکەین، ئەوەندە هەیە ئاماژە بەوە دەکەین کە پشتگیری و خۆشویستنی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٧).

هاوەڵە بەرێـــزەکان (خودایان لـــێ ڕازی بێت) کاریگەری باشـــی دەبێت لە دونیا و دوارۆژیشـــدا، کـــە وادەکات لەمرۆڤی بـــاوەڕدار هیمەت بداتە بەرخۆی جێبەجێیان بکات.

یەکێـــك لەو کاریگەریە جوان وباشـــانەی کە هەیەتـــی ئەوەیە مرۆڤی باوەڕدار سەربەرز و سەرکەوتوو دەکات بەسەر نەیارەکانیدا، وەك خودای گـــەورە فەرموویەتـــی: ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ﴾ [المائـــدة: ٥٦] واتا: هەرکەســـێك دۆســـتایەتی لەگەڵ خـــوداو پەیامبەری خوداو ئەوانەدا بکات کـــە بڕوایان هێناوە، ئەوا دەبنـــە حیزب و گرووپی خودا، بێگومانیـــش تەنیاو تەنیا حیزب و کۆمەڵی خودا ســـەرفرازو زاڵ و سەرکەوتوون.

ابن کثیر لەتەفســـیری ئەم ئایەتەدا دەڵـــێت: هەرکـــەس ڕازی بێت بە پشتیوان و پشـــتگیری خودا و پێغەمبەرەکەی و باوەڕداران، ئەوە لەدونیا و دوارۆژدا سەرکەوتوو سەرفراز دەبێت.

وە یەکیکی تر لە بەرهەم و بەروبوومی خۆشویســـتنی هاوەڵان ئەوەیە خودای گەورە لەگەڵ ئەواندا حەشـــریان دەکات، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: عن عبدالله بن مســـعود (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ) قال: «جاء رجل إلى رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فقال: يا رســـول الله كيف تقول في رجـــل أحب قومًا ولم يلحق بهم، فقال رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) (المرء مع من أحـــب)»[١] واتا: عبدالله ی کوڕی مەســـعود (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتـــەوە کە پیاویك هاتە خزمەت پێغەمبەری خـــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وپێی وت: ئـــەی پێغەمبەری

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٦١٦٨).

خودا چی ئەڵــێیت لەبارەی ئەو کەســەی کە کەســانێکی خۆشدەوێت، بەڵام نەگەیشــتووە پێیان؟ پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: هەموو کەسێك لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبێت کە خۆشی دەوێت.

هەر بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا بەخۆشویستنی ئەبو بەکر و عومەر خۆیان لەخودا نزیك دەکردەوە، وبە چاکترین و باشــترین کاروکردەوەی خۆیان دەزانی بۆ لەخودا نزیك بوونەوە، بۆ ئەم مەبەســتەیش ئەم ڕیوایەتە دەکەین بەبەڵــگە کــە ئیمامی بوخــاری ڕیوایەتی کــردووە: عن أنس بن مالــك (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أن رجلا ســأل النبــي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عن الســاعة فقال: متى الســاعة؟ فقال النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وماذا أعددت لها. قال: لا شــيء إلا أني أحب الله ورســوله، فقال النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أنت مــع من أحببت، فقال أنس: فما فرحنا بشــيء فرحنا بقول النبــي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أنت مع من أحببت. قال أنــس: فأنا أحب النبــي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وأبا بكر وعمــر وأرجو أن أكون معهم بحبي إياهــم وإن لم أعمل بمثل أعماله.[1] واتا: ئەنەســی کوڕی مالیك (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پیاوێك پرســیاری کرد لەپێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبــارەی ڕۆژی دواییەوە، وتی: کەی ڕۆژی دوایی دێت؟ پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرمــوو: چیت ئەمادەکردووە بۆ ڕۆژی دوایی؟ پیاوەکەیش وتی: هیچ شــتێك جگە ئەوە نەبێت بەڕاســتی خودا و پێغەمبەرەکەیم خۆشــدەوێت، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: دەی تۆ لەگەڵ ئەو کەســەدایت کە خۆشــتدەوێت، ئەنەس ئەڵێت: بەهیچ شــتێك هێندە دڵخۆش نەبووین هێندەی دڵخۆش بووین بەو فەرموودەیە

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٦٨٨).

پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرموویەتی: تۆ لەگەڵ ئەو کەســـەدایت کە خۆشـــتدەوێت، ئەنەس دەڵێت: من پێغەمبەری خودا و ئەبوبەکر وعومەرم خۆشـــدەوێت، بۆیە ئومێدم وایە بەخۆشویستنیان لەگەڵ ئەواندا بم ئەگەر هێندەی ئەوانیش کار و کردەوەی باشیشم نەبێت.

## باسی دووەم

## واجبە باوە بە فەزڵ وعەدالەتیان وە وازهێنان لەو ناکۆکیەی لەنێوانیـاندا ڕوویداوە، لەژێر ڕۆشنایی بەڵـگە شەرعیەکاندا

### فەزڵ وچاکەیان:

خودای گەورە وەصف و ئەنای هاوەڵە بەڕێزەکانی کردووە (خودایان لێ ڕازی بێت)، وە بەڵێنی باش و چاکیشی پێداوون لەڕۆژی دواییدا، وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ [التوبة: ١٠٠] واتا: خودای میهرەبان لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە ئیســـلام بوون و خزمەتکردنی ئیسلامدا لەکاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بە ڕێکوپێکی شوێنیان کەوتوون، ڕازی بووەو ئەوانیش لەو ڕازی بوون، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون کە چەندەها ڕووبار بە بەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، کە بەهەمیشەیش تیایدادەمێننەوە،ئەوسەرئەنجامەسەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە، هەروەهـــا فەرموویەتی: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ [الفتح: ١٨] واتا: ســـوێند بە خودا (ئەی موحەمەد) بێگومان خودا ڕازی بوو لەو ئیماندارانەی کـــە پەیمانیان پێ دایت لەژێر درەختەکە (لەحودەیبیە) وە لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ * وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ * وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ

بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴾ [الحشر:٨-١٠] واتا: ئەو دەستکەوتانە بۆ ئەو هەژارە دوورەوڵات وکۆچکردووانەیە لەخانوو وسامانی خۆیان دەرکران، لەلایەن مەککەییەکانەوە، داوای چاکەو رەزامەندیی لە خوا دەکەن، بۆیە نەیانتوانی لە مەککەدا بژین، و یارمەتی خوداو پەیامبەرەکەی دەدەن بۆیە کۆچیان کرد، ئا ئەوانەن راستگۆکان لەباوەڕو جیهادیاندا * وە ئەوکەسانەی نیشتەجێی (دار الهجرة) و (دارالإیمان) ببوون، واتا: پشتیوانان (ئەنصارییەکان) کە لە پێش کۆچی کۆچەرییەکان (لەمەدینە بوون) کۆچەرییەکانیان خۆشدەوێن و، بەشێك لەدارایی خۆیانیان ئەدەنێ و دڵخۆشیان دەکەن، هیچ شتێکیان لە دڵدا نیە سەبارەت بەوەی بە کۆچەریەکان درا لەدەسکەوتی بەنی نەزیر، چونکە پەیامبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەو هەموو دەستکەوتە تەنها بەشی سێ کەسیانیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کەسێك نەبوو پێی ناخۆش بێت لەناویاندا، حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی رەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن * ئەوانەش لەپاش ئەمانەوە هاتوون ئەڵێن: ئەی پەروەردگارمان خۆش ببە لە ئێمە وە لەو برایانەشمان کە پێشمان کەوتوون لە ئیمان هێناندا، وە هیچ رق و کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە دەربارەی باوەڕداران، ئەی پەروەردگارمان بەراستی هەرتۆی دڵسۆزی میهرەبانی.

ئەم ئایەتە پیرۆزانە بەڵگەن لەسەر فەزڵی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، وە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە وەصف و ثەنای موهاجر

و ئەنصـــار وئەوانەیـــش دەکات کە بەشـــداری جەنگی بەدریـــان کرد، وە ئەوانەیشی کە لەژێر درەختەکەدا بەیعەت و پەیمانیان دا بەپێغەمبەری خودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، وە هەرکەسێکی تریش کە شەرەفمەندبوو بیت بەهاوەڵێەتی پێغەمبـــەری خودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، نەك هەر ئەوەندە بەڵـــکو وەصفی ئەو باوەڕدارانەیـــش دەکات کە لەدوای ئەوانەوە دێـــن و داوای لێخۆش بوون دەکەن بۆ هاوەڵانی پێغەمبـــەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، وە دەپاڕێنەوە کە هیچ ڕق و کینەیەك نەخاتە دڵ و دەروونیانەوە بەرامبەر ئەوان.

زۆرێـــك لەئایەتەکانی قورئان و غەیری قورئانیش باســـی ئەوە دەکەن کە خودای گـــەورە لەهاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ،ڕازی بووە، و هەر لەدونیادا موژدەی بەهەشـــت و سەفرازی دوارۆژی پێداوون، وە زۆر مەدح و پەنایان دەکات، وباسی کۆمەڵێك صیفاتی جوانیان دەکات، وەك خۆشەویســـتی ئەوان بۆخودای گەورە وبرا موســـڵمانەکانیان و ئیثار و کەرەم و سەخاوەتمەندی و لەخۆبووردەیی و تێکۆشانیان لەڕێگای خودا و کۆمەڵێك صیفاتی تری گەورەی زۆر جوان، کە هەر هەموویان شایستەی ئەو ڕێز و پلەو پایەیەن کە خودای میهرەبان لێی ناوون.

لەهەمـــان کاتـــدا پێغەمبـــەری خـــودا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، لەزۆرێـــك فەرموودەکانیـــدا وەصف و پەنای کردوون، بۆ نموونە: ئیمامی موســـلیم ڕیوایەتی کردووە: عـن جابر بن عبد الله (رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ) أن النبي (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) قال: «لا يدخل النار أحدٌ بـــايع تحـت الشجرة»[١] واتا: جابری کوڕی عبدالله (خودای لێ ڕازی بێـــت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبـــەری خودا فەرموویەتی:

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٩٦).

هیچ کەس لەوانەی کە لەژێر درەختـــی بیعە الرضوان دا بەیعەت و پەیمان و بەڵێـنیان دا بە (پێغەمبەری خودا) ناچنە ئاگرەوە.

کۆمەڵێك فەرموودەی تریش لەم بارەیەوە هاتوون، هەندێکیان باس لە فەزڵی هاوەڵەکان بەگشـــتی دەکات، وە هەندێکی تریان باس لەفەزڵی ئەو هاوەڵانە دەکات کەبەشـــداریان کرد لەجەنگی بەدردا، وە هەندێکی تریان بەتایبـــەت باس لە چەند کەســـێکی دیاریکراوی نـــاو هاوەڵەکان دەکات، لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باس لەو فەرموودانە هەموویان بکەین.

بۆیە ئەوەی واجب بێت لەسەر موسڵمانان بەرامبەر هاوەڵە بەڕێزەکان ئەوەیـــە: هەوڵبدەن ئەو دەقانەی باســـمانکرد لەخۆیانـــدا جێبەجێی بکەن و بەبێ جیاوازی پشتیوان و پشتگیری هەر هەموویان بن، و خۆشیان بوێن و هەرکاتێك باسکران و ناویان هێنرا داوای ڕەزامەندی خودایان بۆ بکەین و بڵێین (خودایان لێ ڕازی بێت)، بەجوانترین شێوە و شێواز و بە ئەدەبێکی جوانەوە باســـیان بکرێت، وە هەوڵبدرێت بەشـــوێن پێـــی ئەواندا هەنگاو هەڵبگرین ولەسەر ئەو ڕێباز مەنهەجە بڕۆین کە ئەوانی لەسەر بووە.

واجبە موســـڵمانان وازبهێنـــن لەو جیاوازی و ناکۆکیـــەی کە لەنێوان ئەواندا ڕوویداوە، بابزانین ئایا حوکمی تانە و قسە وتن بەهاوەڵەکان چیە؟

پێشـــتر ئەوەمان زانی کە هاوەڵە بەرێزەکان لەپـــاش پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) چاکترین کەســـی ئەم ئوممەتە و دەســـتەیەکی هەڵبژێرراوی خۆنەویســـت و دونیا نەویســـت بوون، ئەوان کەســـانی یەکەمی ئیســـلام و بەیداخـــی هیدایەت و چـــرای ڕووناکی ئەم ئوممەتە بـــوون کە چۆکیان

بەتاریکی و شـــەوەزەنگی نەفامی دادا، هەر ئەوان بوون بەهەق و ڕاســـتی لەپێناوی خودای گەورەدا جهادیان کردو تیکۆشـــان و بۆ تەنها ساتێکیش ماندوو نەبـــوون، لەپێناو گەیاندی ئەم بانگەوازەدا ناخۆشـــی و نارەحەتی چەرمەسەری دونیایان هاتەڕێ، تا ئەو کاتەی خودای گەورە لەسەر دەستی ئەواندا هێز و شەوکەتی بۆ ئەم ئاینە پیرۆزە پەیدا کرد، جا بۆیە هەرکەسێك بەخراپە ناویان بهێنێت و جنێوو تانە و تەشـــەریان لێبـــدات ئەوە بابزانێت خراپترین مەخولقی خودایە، چونکە کارێکی لەو شێوەیە بەدژایەتی کردنی هەموو ئیسلام دادەنرێت، هەرکەس هاوەڵەکانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە کافر و بێ بـــاوەڕ دابنێت، یان باوەڕی وابێت کـــە پاش مردنی پێغەمبەر پاشگەز بوونەتەوە لەئیسلام ئەوە بێگومان خۆی کافر و بێ باوەڕ بووە وئەو کەسە شایانی پاشگەزبوونەوەیە نەك هاوەڵە بەرێزەکان، بێگومانیشین لەوەی هەرکەس لەداوی ئەوان هەرچەند کاری خێر و چاکە بکات هەرگیز ناگات بەو پلەو پایەی ئەوانی پێگەیشتووە، ئەویش بەبەڵـگەی ئەم فەرموودەیە کەلە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە: عن أبي سعيد الخدري (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رســـول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «لا تسبوا أحدًا من أصحابي، فإن أحدكم لو أنفق مثل أحد ذهبًا مـــا أدرك مُد أحدهم ولا نصيفه»[1] واتا: ئەبو سەعیدی خودری (خودای لـــێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: جنێوو و قســـە نەڵێن بەهیچ کەسێك لەهاوەڵەکانم، بێگومان ئەگەر هەرکەســـێك لەئێـــوە هێندەی کێوی ئوحود زێر ببەخشـــێت لەپێناو خوادا، ناگات بەمشتێك یان نیو مشتی ئەوان.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٦٧٣)، وەموسلیم بەفەرموودەکانی ژمارە(٢٥٤٠، ٢٥٤١).

ئەم فەرموودەیە بەڵـــگەیە لەســـەر ئەوەی کە حەرامە و دروست نییە جنێوو تانەو تەشـــەر و قســـە وتن بەهاوەڵە بەڕێزەکانـــی پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وە تەئکیدیـــش لـــەوە دەکاتەوە کە هیچ کەســـێك لەئێمە ناگات بەچاکە و حەســـەناتی ئەواندا ئەگەر هەرچـــی ماڵی دونیایش هەیە لەپێناو خوادا بیبەخشین.

واجبە لەســـەر موســـڵمانان باوەڕیان وابێت هاوەڵـــە بەرێزەکان هەر هەموویان عادل بوون وهەمیشـــە داوای ڕەزامەنـــدی خودایان بۆ بکەین و واز بهێنیـــن لەو جیاوازی و ناکۆیەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە و ئەوەیشـــی پەیوەنـــدی بە نهێنی نێـــوان خۆیانەوە هەبووبێت بیدەینە دەســـت خودای گەورە، عومەری کوری عبدالعزیز (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) ئەڵـــێت: ئەوانە کۆمەڵـێك کەس بوون، خودای گەورە دەستی پاراستوین لەخوێنیان لەو ناکۆکیـــەی کەلەنێوانیاندا ڕوویداوە، دەی بـــا ئێمەیش زمانی خۆمان بپارێزین لە ئاست شەرەف و ناموسیاندا.

پوختـــەی قســـەیش لـــەم مەســـئەلەیەدا ئەوەیـــە: ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت پشـــتیوان و پشـــتیگری ســـەرجەم هاوەڵـــە بەرێزەکانن، وە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و زۆر بەئینصافەوە لەوپلەو پایەشدا دایان دەنێن کە شایســـتەینی، نەك بە ئارەزوو و هەواو هەوەسی خۆیان هەرچۆنێکیان ویســـت وابکەن، چونکـــە ئەگەر وابێت ئەوە زوڵم وســـتەم و لەســـنوور دەرچوون ویاخیبوونە.... خودای گەورە پەنامان بدات.

## باسی سێهەم

## ئەهل وبەیتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)

### پێناسەی ئەهل وبەیت:

ئەهل وبەیت: خزم و کەسوکاری پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ن، ئەوانەی کە صەدەقە بۆیان حەرامە، ئەوانیش بریتین لە: نەوەکانی عەلی کوڕی ئەبوطالب، و جەعفەری کوی ئەبوطالب، و عەباسی کوڕی عبدالمطلب، نەوەکانی حارثی کوڕی عبدالمطلب، و خێزانەکانی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ).

### بەڵگەکان لەسەر فەزڵی ئەهل و بەیت:

خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا﴾ [الأحزاب: ٣٣] واتا: بەڕاستی خودا دەیەوێ ئەی ئال و بەیتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر جۆرە پیسی و گوناهێك لە ئێوە دووربخاتەوە و پاك و خاوێنتان بکاتەوە بە تەواوی.

وە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أذكركم الله في أهل بيتي»(١) واتا: ئەی باوەڕداران لەبەر خاتری خودا ئاگاداری ئەهل و بەیتم بن.

### خێزانەکانی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە ئەهل و بەیتی ئەون:

بەڵگەش لەسەر ئەمە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا* وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا * وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾[الأحزاب: ٣٢-٣٤]

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٠٨).

واتا: ئەی ژنانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێــوە وەك هیچ یەك لە ئافرەتانی دیکە نیــن ئەگەر خۆتــان بپارێزن و لەخودا بترســن کەواتــە بە خەمزەو نازەوە قســە مەکەن (وەك لە ئافرەتانی ڕەوشت نزم) نەوەکو ئەوەی کە دڵی نەخۆشــە دەروون نزمە نیازی خراپ بکات وە قسەی چاك و بەجێبکەن ❋ وە لە ماڵەکانــی خۆتاندا بمێننەوە وە زینــەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن (لەناو خەڵکی نا مەحرەمدا) وەکو خۆ دەرخســتنی ئافرەتانی ســەردەمی نەفامــی یەکەم (پێش ئیســلام) نوێژ بکەن و زەکات بــدەن وە گوێڕایەڵی خــوداو پێغەمبەرەکەی بکەن بەڕاســتی خودا دەیەوێ ئــەی ئال و بەیتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر جۆرە پیسی و گوناهێك لە ئێوە دووربخاتەوە و پاك و خاوێنتان بکاتەوە بە تەواوی ❋ هەرچی لەماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە لەقورئان و فەرموودە یادی بگرن و فەرامۆشــی مەکەن و باســی بکەن بۆ خەڵکی، بەڕاســتی خودا هەمیشەو بەردەوام بەلوطف و وردبین و بەئاگایە (لە هەڵسوکەوتی بەندەکانی).

ئیمام ابن کثیر (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا ئەڵێت: پاشــان ئەوەی جێی گومان نییە لەم مەســئەلەیەدا، ئەوەیە هەرکەسێك بەوردی تێرامێنێت و بیر بکاتەوە دەزانێت کە خێزانەکانی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لــەو ئەهل و بەیتەن کە خــودای گەورە لــەم ئایەتە پیرۆزەدا باســی کردوون: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا﴾ [الأحزاب: ٣٣].

چونکە ئەو کۆمەڵە ئایەتە لەســەرەتاوە باســی ئەوان دەکات وڕووی گوفتاری خودای گەورە لەگەڵ ئەوانە، ئەمجا لەدوای ئەو ئایەتەوە کە باس لە ئەهل و بەیت دەکات خــودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ

﴿فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ﴾ [الأحزاب: ٣٤] واتـــا: لەماڵەکانتاندا کاروکردەوە بەوە بکەن کە خودای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە قورئان و سوننەت.

قەتادە و کەسانی تریش لەزانایانی تەفســیر لەم بارەیەوە وتویانە: ئەی ژنانی پێغەمبەر یادی ئەو نیعمەتانە بکەن کە خودای گەورە تایبەتی کردووە بە ئێوەوە لەناو هەموو ژنانی تردا و پێی بزانن.

**وەصیەتی پێغەمبـــەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بۆ ئوممەتەکەی لەبارەی ئەهل و بەیتەوە:**

پێشتر باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد کە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «أذكركم الله في أهل بيتي»[١] ئەهلی سوننەت ئەهل و بەیتی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) یان خۆش دەوێت و ڕێزیان دەگرن و پارێزگاریش دەکەن لەو وەصیەتەی کە پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەبارەیانەوە بۆ موسڵمانانی کردووە، چونکە خۆشویستن و ڕێزی ئەوان خۆشویستن و ڕێزی پێغەمبەرە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، ئەویش بەو مەرجەی ئەهل و بەیت شوێنکەوتەی سوننەتی ئەوبن و بەو ڕێبازە ڕاست و دروستەدا هەنگاو هەڵگرن کە ئەوی لەسەر بووە، وەك عەباس و عەلی و نەوەکانیان، بەڵام ئەگەر هاتوو پێچەوانەی ســـوننەت و ڕێـگا و ڕێبازی ئیسلام هەڵسوکەوتیان کرد و بێ باوەڕ بوون، ئەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە خۆشمان بوێن و پشتیوان و پشتگیریان بین، هەرچەندە لەئەهل و بەیتی پێغەمبەریش بن (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ).

(١) موسلیم – فضائل الصحابة – (٢٤٠٨)، وە موسنەدی ئەحمەد (٤/ ٣٦٧)، وە دارەمی – فضائل القرآن – (٣٣١٦).

هەڵوێستی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەبارەی ئەهل و بەیتەوە هەڵوێستێکی میانەڕەوانە و بەوێژدانانەیە، پشتگیر و پشتیوانی ئەوانەیانن کە خاوەن باوەڕ و دامەزراوون لەسەر دین، وە دوورن لەوانەشیان کە بێ باوەڕن و لایانداوە لە دین و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، چونکە تەنها لەبەر ئەوەی ئەهل و بەیتن و خزم و کەسوکاری پێغەمبەرن (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت ئەگەر خۆیان خاوەن باوەڕێکی ڕاستەقینە نەبن، لەم بارەیەشەوە ئەم ڕیوایەتە هاتووە: عن أبي هريرة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) قال: قام رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حين أنزل عليه ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾ [الشعراء: ٢١٤] فقال: «يا معشر قريش أو كلمة نحوها، اشتروا أنفسكم لا أغني عنكم من الله شيئا، يا بني عبد مناف لا أغني عنكم من الله شيئًا، يا صفية عمة رسول الله لا أغني عنك من الله شيئًا، ويا فاطمة بنت محمد سليني ما شئت من مالي لا أغني عنك من الله شيئًا»[1] واتا: ئەبو هورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ﴾ واتا: ئەی پێغەمبەری خودا عەشیرەت وخزم و کەسوکارەت بترسێنە لەئاگری دۆزەخ، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەستایە سەرپێ و فەرمووی: ئەی خەڵکی قوڕەیش (یان ووشەیەکی تری لەو شێوەیەی وت) خۆتان نەفس و دەروونی خۆتان بکڕنەوە، چونکە بەڕاستی من لای خودای گەورە هیچم پێ ناکرێت بۆتان، ئەی نەوەکانی عبدالمناف ئاگاداربن من هیچم پێ ناکرێت بۆتان لای خودا (ئەگەر خۆتان باوەڕدار نەبن) ئەی صەفیەی پوری پێغەمبەری خودا من هیچم پێ ناکرێت بۆت لای خودا

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٤٧٧١)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٠٤).

(ئەگـــەر خۆت باوەڕدار نەبیت)، ئەی فاطمـــەی کچی محمد لەماڵی خۆم چیـــت دەوێت داوام لێ بکە، بـــەلام لای خودا هیچم پـــێ ناکرێت بۆت (ئەگەر خۆت باوەڕدار نەبی).

لەفەرموودەیەکی تریشـــدا دەفەرمووێت: «من بطـــأ به عمله لم یسرع به نســـبه»[1] واتا: ئەوەی کاروکردەوەی سســـت و پەککەوتە بێت، نەسەب و پشت و بنەماڵەی پێشی ناخات و فریای ناکەوێت.

ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەدوورن لەوانەی کە زیادەڕۆیی دەکەن لەهەقی ئەهل و بەیتدا وبە مەعصوم و تاوان نەکەریان دەزانن، وە هەروەها بـــەدوورن لەوانەیش کە خەریکی دژایەتی کردنی هەندێك لەئەهل و بەیتی پێغەمبـــەرن (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، وتانە و تەشـــەریان لێـــدەدەن، وە هەروەها ئەهلـــی ســـوننەت و جەماعەت تەبـــەڕا دەکەن و خۆیان بـــەدوور دەگرن لەهەندێك کەســـی بیدعەکەر و خورافاتچی کە تەوەسول بەئەهل و بەیت دەکەن و خســـوتنیانەتە جێگای خودای گەورە لەکاتی نزاکردن و پاڕانەوە وداواکانیاندا.

هەر بۆیە ئەهلی ســـوننەت و جەماعەت لەم مەســـئەلەیە وغەیری ئەم مەسئەلەیەشـــدا خاوەنی مەنهـــەج و بیروبۆچونێکی میانـــەڕە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستن بەشێوەیەك نە کەمتەرخەمی تێدا دەکەن و نەزیادەڕۆیش.

(١) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٦٩٩).

# باسی چوارەم
# خەلیفەکـــانی ڕاشـــیدین

## پێناسەی خەلیفەکانی ڕاشدین:

خەلیفەکانی ڕاشدین بریتین لە: ئەبوبەکری صدیق، و عومەری کوڕی خەتاب کە لەقەبەکەی (الفاروق)ـــــە، و ذو النورین عثمانی کوڕی عەفان، وە باوکی دووکچەزاکەی پێغەمبەر عەلی کوڕی ئەبوطالب (خودای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت، هەروەك چۆن ڕازی بوو لێیان).

## پلەو پایەیان، لەگەڵ واجب بوونی شوێنکەوتنیان:

خەلیفەکانی ڕاشـــدین باشـــترین و چاکترینی کەســـانی نـــاو هاوەڵە بەڕێزەکانن، ئەوان خەلیفە ڕاشـــدینەکانن کـــە پێغەمبەر بە (المهديون) واتا: هیدایەتدراوەکان ناوی بردوون، و فەرمانی کردووە کە موسڵمانان شوێن پێیان هەلگرن و دەستبگرن بە خوو ڕەوشت و کاروکردەوەیانەوە، هەروەك لەســـونەتدا ثابت بـــووە لەو فەرموودەیـــەی کە عرباضی کوڕی ســـاریە (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کـــردووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «أوصيكم بالسمع والطاعة، فإنه من يعش منكـــم بعدي فسيرى اختلافًا كثيرًا فعليكم بســـنتي وســـنة الخلفاء الراشـــدين المهديين من بعدي تمســـكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكـــم ومحدثات الأمور، فإن كل بدعة ضلالة»[1] واتا: وەصیەتتان بۆ دەکەم کـــە گوێگر و گوێرایەڵ بن، بێگومان هەرکەس لەئێوە لەپاش من بژی جیاوازی و ناکۆکیەکی زۆر دەبینێت، بۆیە وەصیەتتان دەکەم کە دەستبگرن بە سونەتی من و سونەتی خەلیفە ڕاشدیە

(١) موسنەدی ئەحمەد (٤/ ١٢٩-١٢٧)، وە تیرموذی (٧/ ٤٣٨) بەسەنەدیکی صەحیح.

هیدایەتدراوەکانی دوای منەوە، توند دەستیان پێوە بگرن و بەددانەکانتان پێوەیان بئالێن، ئامان دووربکەونەوە لەکاروکردەوەی داهێنراوەوە، چونکە بێگومان هەموو بیدعە و داهێنراوێك گومڕایی و سەرلێشێواویە.

## فەزڵی خەلیفەکانی ڕاشدین:

ئەهلی سوننەت و جەماعەت کۆدەنگن لەسەر ئەوەی فەزڵی خەلیفەکانی ڕاشدین بەپێی ئەو ڕیزبەندیەیە کە لەخیلافەتدا دیاریکراوە، یەکەمیان ئەبوبەکرە، پاشان عومەر، و ئەمجا عثمان، و دواتر عەلی یە، وە لەفەزڵی هەریەکێکیشیاندا کۆمەڵە فەرموودەیەك هاتووە، ئێمە لێرەدا بۆ هەریەکێکیان فەرموودەیەك باس دەکەین:

لەفەزڵی ئەبوبەکردا (خودای لێ ڕازی بێت): بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەسەر مینبەرەکەی فەرمووی: «لو كنت متخذًا من أهل الأرض خليلا، لاتخذت أبا بكر خليلا لا يبقين في المسجد خوخة إلا سدت إلا خوخة أبي بكر»[1] واتا: ئەگەر بهاتایە کەسێکیم لە ئەهلی سەر زەوی بکردایە بەخەلیل ئەوە ئەبوبەکرم دەکرد بەخەلیل، لەمزگەوتدا هیچ دەرگایەك نەماوە دانەخرێت، دەرگاکەی ئەبوبەکر نەبێت.

(خلە یان خەلیلی) بەرزترین پلەو پایەی خۆشەویستی خودایە بڕیاری داوە بۆ ئیبراهیم (سەلامی خودای لێ بێت) لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

وله فەزڵی عومەردا (خودای لێ ڕازی بێت) دیسان بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە: أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كان يقول: «قد كان في الأمم

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٣٦٥٤).

قبلكم محدّثون، فإن يكـــن في أمتي أحد فإن عمر بن الخطاب منهم»[١] واتا: لە ئوممەتەکانی پێشــوودا کەســانێکی خاوەن ئیلهام هەبوون کە ئیلهامیان بۆهاتووە، ئەگەر لە ئوممەتی منیشــدا کەسێکی لەو شــێوەیە هەبێت ئەوە عومەری کوری خەتاب لەوانە.

ئەوەیشی لەفەزڵی عثماندا هاتووە: ئەو فەرموودە درێژەیە کە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە تێیدا هاتووە: «دخل أبو بكر ثم عمر ثم عثمان وعندما رآه الرسول جلس وسوى ثيابـــه فسألته عائشـــة فقال: ألا أستحي من رجل تســـتحي منه الملائكة»[٢] واتا: ڕۆژێکیان ئەبوبەکر پاشـــان عومەر ئەمجا عثمـــان هاتنـــە ژوورەوە، کاتێك پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عثمانی بینی دانیشـــت و جلوبەرگەکـــەی ڕێکوپێك کرد، عائیشـــە لێی پرســـی (کەبۆچی بۆ ئەوان وای نەکرد وبـــۆ عثمان وایکرد) پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەوەڵامیدا فەرمووی: ئایا من شـــەرم لەکەسێك نەکەم کە فریشتەکان شەرمی لێدەکەن؟.

لەفەزڵی عەلی شـــدا (خـــودای لێ ڕازی بێت): بوخاری و موســـلیم فەرموودەیەکیان ڕیوایەت کردووە: عن ســـهل بن ســـعد (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ) أن النبي (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال عشـــية خيبر: «لأعطين الراية غدًا رجلا يحب الله ورسولَه، ويحبه الله ورســـولُه يفتَح الله على يديه... فقال: ادعوا لي عليًا... فدفع الراية إليه ففتح الله عليه»[٣] واتا: ســـەهلی کوڕی ســـەعد (خودای لـــێ ڕازی بێت)

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٦٨٩) وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٣٩٨).

(٢) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٤٠١).

(٣) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٣٧٠٢) وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٢٤٠٥).

ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی خەیبەرەوە فەرمووی: ســبەینێ ئالآ وڕایە دەدەمە دەستی پیاوێك کە خودا و پێغەمبەری خودای خۆشــدەوێت، و خودا و پێغەمبەرەکەشــی ئەویان خۆشدەوێت، و لەسەر دەستی ئەودا خودا فەتحی دەکات بۆمان.... ئەمجا فەرمووی: عەلی م بۆ بانگ بکەن... ئالآکەی دایە دەستی و خودای گەورە لەسەر دەستی ئەودا فەتحی خەیبەری کرد بۆ موسلّمانان.

## باسی پێنجەم
## ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە

پێشتر باسمانکرد و زانیمان کەهاوەڵە بەرێزەکان خاوەنی فەزڵ و پلەوپایەی تایبەتی خۆیانن و هەرهەموویشـــیان عادل بوون، وە بێگومان هەندێکیشیان فەزڵی زیاتریان هەیە بەســـەرهەندێکی تریاندا، باشـــترین کەسانێکیش لەناو هاوەڵە بەرێزەکاندا ئەو کەسانە بوون کە لەسەرەتای ئیسلامەوە لەموهاجیرەکان موسڵمان بوون، دوای ئەوانیش ئەنصاریەکانە، ئەمجا ئەوانەیان کەبەشداری جەنگـــی بەدریان کـــردووە، دوای ئەوانیش ئـــەو هاوەڵانەی کە بەشـــداری جەنگی خەندەقیان کردووە، پاشان ئەوانەی بەیعەتی ڕِضوانیان دا بەپێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەمجا ئەوانـــەی پێش فەتحی مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە و لەپێناوی خودای گەورەدا جەنگان پلەوپایەیان لەو کەسانە بەرزترە کە پاش فەتحی مەککە ماڵیان بەخشـــی و لەپێناوی خوادا جەنگان، هەرهەموویشیان خودای گەورە پەیمان و بەڵێنی زۆر چاکی پێداوون کە بەهەشتە.

باشـــترین کەســـانی ناو هاوەڵە بەرێزەکانیش خەلیفەکانی ڕاشـــدینن، ئەبوبەکری صدیـــق، وعومەری فاروق، وعثمانـــی ذي النورين، و باوکی دووکچەزاکەی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) علي کوڕی ئەبوطالب، پاشـــان عبدالرحمـــن ی کـــوڕی عـــەوف، و زوبەیـــری کوڕی عـــەوام حەواری و خۆشەویســـتی پێغەمبەر، طلحـــەی کوڕی عبیدالله، و ســـعدی کوڕی ئەبو وەقاص، و دەســـت پاکی ئەم ئوممەتە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح، و ســـەعیدی کوڕی زەید کوڕی نەفیل (خودای گـــەورە لەهەر هەموویان ڕازی بێت) کە بە دە کەسە موژدە پێدراوەکە بەبەهەشت ناسراوون.

لەفەزڵی ئەم کەسانەیشـــدا فەرموودە گەلێك بەگشـــتی باسی لەمانە کــردووە، وە هەندێکیشــیان بەتایبەتتر پێغەمبەر (صَلَّاَللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) باســی فەزلّـیانی کردووە، ئیمامی ئەحمەد وأصحابی سونەن ئەم فەرموودەیەیان لەم بارەیەوە ڕیوایەتکردووە: عـــن عبد الرحمن بن الأخنس (رَضِيَاللَّهُعَنۡهُ) عن سعيد بن زيد قال: أشهد على رسـول الله (صَلَّاَللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) أني سمعته وهو يقول: «عشرة في الجنة، النبي (صَلَّاَللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) في الجنة، وأبو بكـر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنـــة، وطلحـة في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بـــن عوف في الجنة، ولو شـــئت لسميت العاشـــر. قال: فقالوا: من هو؟ فســـكت قال: فقالوا: من هو؟ فقال: هو ســـعيد بن زيد (رَضِيَاللَّهُعَنۡهُ)»[1] واتا: عبدالرحمن ی کوڕی ئەخنەس (خودای لێ ڕازی بێت) لە ســـەعیدی کوڕی زەیـــدەوە گێڕاویەتەوە، کە وتویەتـــی: لەبـــەر خاتری خودای گەورە شـــاهیدی دەدەم بـــۆ پێغەمبەر (صَلَّاَللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە من لێم بیستووە، فەرموویەتی: دە کەس لەبەهەشتدان، پێغەمبەر (صَلَّاَللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەبەهەشـــتدایە، ئەبوبەکر لەبەهەشتدایە، عومەر لەبەهەشـــتدایە، عثمان لەبەهەشـــتدایە، عەلـــی لەبەهەشـــتدایە، طلحە لەبەهەشـــتدایە، زوبەیری کوڕی عەوام لەبەهەشـــتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لەبەهەشـــتدایە، عبدالرحمن ی کوڕی عەوف لەبەهەشـــتدایە، وە ئەگەر بمویســـتایە ناوی دەهەمینیشم دەهێنا، دەڵـــێت: وتیان: ئەو کەسە کێیـــە؟ بێدەنگ بوو، ئەمجا وتیانەوە: ئەو کەســـە کێیـــە؟ فەرمووی: ئەو کەسە سەعیدی کوڕی زەیدە (خودای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت).

(١) موسنەدی ئەحمەد (١/ ١٨٨)، وە خاوەنی سونەنەکانیش بە سەنەدیکی صەحیح ڕیوایەتیان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەغەیری ئەمانەیش موژدەی بەهەشتی داوە بەکەســانی تریش، وەك عبدالله ی کوڕی مەسعود، و بلالی کوڕی رەباح، و عەکاشەی کوڕی محصن، و جەعفەری کوڕی ئەبوطالب، جگە لەمانیش کەســانی تریش هەن کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە، ئەهلی ســونەت و جەماعەت ناوی ئەوانــە دێنن کە بەدەقی فەرمــوودە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شــاهیدی ئەوەی بۆداوون کە ئەهلی بەهەشتن، وە غەیری ئەوانەیش کە موژدەی بەهەشــتیان پێدراوە، ئومێدی خێریان بۆ دەکەن لای خودای گەورە، چونکە پەروەردگار پەیمانی بەهەشــتی داوە بەهەموویان، هەروەك خودای گەورە دوای ئەوەی باسی فەزڵی هاوەڵە بەرێزەکان دەکات و ڕوونــی دەکاتەوە کە هەندێکیــان بەفەزڵترن لەهەندێکــی تریان، ئەمجا دەفــەرموویێت: ﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ [النساء: ٩٥] واتا: هەر هەموویان خودای گەورە پەیمان و بەڵێنی باش و چاکی پێداوون کە مەبەست پێی بەهەشتە.

ســەبارەت بە موســڵمانان بەگشتیش ئەهلی ســونەت و جەماعەت شــاهیدی بۆ کەس نادەن بەدڵنیاییەوە بەوەی ئەهلی بەهەشت یان دۆزەخ بن، بەڵــکو ئومێدیان وایە کەســانی چاکە کار و موحسنیان پاداشتی خێر دەدرێنەوە، و دەترسن لەوەیش کەسانی گوناهبار و خراپەکاریان دووچاری سزای دۆزەخ ببنەوە، لەگەڵ ئەوەدا دڵنیان ئەو باوەڕدارنەی لەسەر تەوحید و یەکخواپەرستی مردبن خودای گەورە بەهەتا هەتایی نایانخاتە دۆزەخەوە، چونکە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ [النساء: ١١٦] واتا: بێگومان خودای گەورە لەو کەسانە خۆش نابێت کە هاوەڵیــان بۆ بڕیارداوە، بەلام غەیری هــاوەڵ بڕیاردان خودای گەورە لەهەموو تاوانێك خۆش دەبێت بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت.

## بەشی چوارەم
## ئەرکی سەرشانمان بەرامبەر بە ئیمام و پێشەوای موسڵمان، وە بەرامبەر موسڵمانان بەگشتی، و پابەندبوون بەکۆمەڵی موسڵمانانەوە

ئیمامی موسـلیم لە صەحیحەکەی خۆیدا ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەتی کردووە: عن أبـي رقية تميم الداري (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) أن النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) قال: «الدين النصيحة، الدين النصيحة، الدين النصيحة، قلنا: لمن يا رسـول الله؟ قال: لله ولرسـوله ولكتابه ولأئمة المسـلمين وعامتهم»[1] واتا: ئەبو ڕوقیە، تەمیمی داری (خودای لـێ ڕازی بێـت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبـەر فەرموویەتی: ئاینی ئیسـلام بریتیە لە ئامۆژگاری، ئاینی ئیسـلام بریتیە لە ئامۆژگاری، ئاینی ئیسلام بریتیە لە ئامۆژگاری، وتیان: ئامۆژگاری بۆ کێ؟ فەرمووی: ئامۆژگاری بۆخودای گەورە، و پێغەمبەرەکەی، و قورئانەکەی، و پێشەوای موسڵمانان، خەڵـکی بەگشتی.

ئامۆژگاری بـۆ خودای گەورە: بـەوە دەبێت کە بەیەکخواپەرسـتی بیپەرسـتیت و هیچ شتێك نەکەیت بەهاوەڵ و شـەریك بۆی، و بەگەورە و بەرز و بلندی ڕابگریت، و خۆشـتبوێت و لێی بترسی و ئومێد و ڕەجای خێرت پێی هەبێت، و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت، و دووریش بکەویتەوە لەو شتانەی ئەو قەدەغەی کردوون.

ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەریش (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ): بەوە دەبێت: باوەڕی پێ بهێنیت و بەڕاستی بزانیت لەو شتانەی کە هەواڵی پێداوە، وگوێڕایەڵی بیت

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٥٥).

لەوەی فەرمانی پێكردووە، وشوێن ســـوونەتەكانی بكەویت، وشوێن پێی ئەو هەڵبگریت لەژیانی ڕۆژانەتدا، وخۆشـــتبوێت، وە بەهیچ شێوەیەكیش خواپەرستی نەكەین بەو شێوەیە نەبێت ئەو دیاری كردووە بۆمان.

ئەمجا ئامۆژگاری بۆ پێشەوای موسڵمانان بەوە دەبێت: دوعای خێریان بۆ بكەین و خۆشـــمان بوێـــن، وگوێڕایەڵیان بین لەســـنووری گوێڕایەڵی خودای گەورەدا، چونكە گوێڕایەڵیان لە تاوان و ســـەرپێچیكردنی خودای گەورەدا دروست نییە.

ئامۆژگاری بۆ موسڵمان بەگشـــتی بەوە دەبێت: فەرمانیان پێ بكەیت بەچاكە و بەرگرییان لێ بكەیت لەخراپە، و ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە لەخێر و خۆشی بۆ ئەوانیش پێمان خۆشبێت، بەپێی توانا یارمەتییان بدەین و خێریان لێ نزیك بكەینەوە و خراپە و ناخۆشیشان لێ دوور بخەینەوە.

**ئەركی سەرشانمان بەرامبەر بە كاربەدەستی موسڵمانان:**

دەقەكانی قورئان و ســـوننەت و كۆدەنگی پێشـــینی ئومەتی ئیســـلام لەســـەر ئەوەیە كە واجبە گوێڕایەڵی ئیمام و پێشەوای موسڵمانان بكرێت ئەگەر هاتوو ستەمیشی دەكرد لەهەندێك لە سنوورەكانی خودای گەورەدا، بەو مەرجەی كە فەرمان نەكات بەســـەرپێچی پەروەردگار، چونكە ئەگەر فەرمانـــی كرد بەوەها كارێك ئەوە نابێت گوێڕایەڵی بكرێت لەســـەرپێچی كردنـــی خودای گەورەدا، هەروەك چۆن واجبە نوێژی لەپشـــتەوە بكرێت بەوشـــێوەیەش واجبە حەج و جیهاد و تێكۆشـــانی لەگەڵـــدا بكرێت، لەو جێگایانـــەی كە ئیجتهـــاد دەكات دەبێـــت گوێڕایەڵی بكرێـــت، لەهەمان كاتیشدا لەسەریشی پێویست نییە لەو مەسائیلانەی ئیجتهادین ئەو بەگوێی

شوێنکەوتووەکانی خۆی بکات، بەڵکو لەسەر ڕەعیەت و شوێنکەوتوانی پێویستە گوێڕایەڵی ئەوبن و واز لەڕای خۆیان بهێنن و بچنە سەر ڕاکەی ئەو، چونکە بەرژەوەندی کۆك بوون و یەکدەنگی موسڵمانان و پێکەوە بوونیان و دوورکەوتنەوە لەخراپەکاری و پەرتبوون ئیختلاف، لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکان زۆر گەورەترن، هەروەك چۆن واجبە بەڕێگا شەرعیە و شایستەکان ئامۆژگاری پێشەوا و کاربەدەستی موسڵمانان بکرێت، و دوور بکەویتەوە لە ململانێ لەگەڵیان و لەفەرمانیان دەرنەچیت ئەگەر بێ فەرمانی خودای گەورەی تێدا نەبوو.

ئیمامی طەحاوی ڕەحمەتی خودای لێ بێت ئەڵێت: ئێمەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت نابینین کە دەربچین لەفەرمانی پێشەوا و کاربەدەستانمان ئەگەر ستەمیشیان کرد، وە دوعا و نزایان لێ ناکەین، و دەست هەڵناگرین لەگوێڕایەڵییان، وە باوەڕمان وایە گوێڕایەڵیان فەرزە لەو کاروکردەوانەی کە فەرمانی خودای گەورەی لەسەرە، مادامێك فەرمان ناکەن بەسەرپێچی فەرمانی پەروەردگار، وە داوا لە خودای گەورە دەکەین کە لەش ساغ و ئیصلاحیان بکات.

بەڵگەیش لەسەر ئەم مەسئەلەیە لەقورئان و سوننەتدا زۆرە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ [النساء: ٥٩] واتا: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە! گوێڕایەڵیی فەرمانی خواو پەیامبەربن لەهەموو کاروبارێکدا، وە بەر فەرمانی کاربەدەستان و کارسازانی خۆتان بن، واتا: بەقسەی ئەو کاربەدەست و زانایانە بکەن، کە لەخۆتانبن. واتا: لەچوارچێوەی شەریعەتدا گوێڕایەڵیان بن.

بەڵـــگە لەسوننەتیشدا ئەم فەرموودانەیە: عن أبي هريرة (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) عن النبي (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) أنه قال: «من أطاعني فقد أطاع الله، ومن عصاني فقد عصى الله، ومن يطع الأمير فقد أطاعني، ومـــن يعص الأمير فقد عصاني»[1] واتا: ئەبو هورەیرە (خودای لـــێ رازی بێت) ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەركـــەس گوێڕایەڵی من بكات ئـــەوە گوێڕایەڵی خودای گەورەی كردووە، وە هەركسە سەرپێچی من بكات ئەوە سەرپێچی خودای گەورەی كردووە، وە هەركەس گوێڕایەڵی كاربەدەســتێكی موســڵمانان بكات ئەوە گوێڕایەڵی منی كردووە، وە هەركەسیش سەرپێچی كاربەدەستی موسڵمانان بكات ئەوە سەرپێچی منی كردووە.

وعن ابــن عمر رضي الله عنهما قال: قال رســول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) «على المرء المســلم الســمع والطاعة فيما أحب وكره إلا أن يؤمــر بمعصية، فإذا أمر بمعصية فلا ســمع ولا طاعة»[2] واتا: عبداللەی كــوڕی عومەر (خودای لێ ڕازی بێــت) ئەڵێت: پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: لەســەر تاكی موسڵمان واجبە گوێبیست و گوێڕایەڵ بێت لەوەی پێی خۆشە و لەوەیشی كە پێی ناخۆشـــە، مەگەر كاتێك نەبێت كە فەرمانیان پێ بكەن بەسەرپێچی خودای گەورە، جا كاتێك فەرمانی سەرپێچی خودای گەورەیان پێكرد ئەو كاتە نەدەبیستێت ونە گوێڕایەڵیش دەبێت.

ســـوننەتیش وایە هەركاتێــك ئامۆژگاری كاربەدەســـت و پێشـــەوای موسڵمانانت كرد بەنهێنی و دوور بێت لە وروژاندن و ناوزڕاندن، بەڵـگەش

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧١٣٧).

(٢) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧١٤٤).

بۆ ئەمە ئەم ڕیوایەتەیە: ما رواه ابن أبي عاصم وغيره، عن عياض بن غنم (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قـال: قـال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «من أراد أن ينصح لذي سلطان فلا يبده علانية، وليـــأخذ بيده فإن ســـمع منه فذاك، وإلا أدى الذي عليه»(١) واتا: ابن أبي عاصم وغەیـــری ئەویش لە عیاضی کوڕی غەنەمەوە ڕیوایەتیان کردووە (خودای لێ ڕازی بێت) وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەرکەســێك ئەیەوێت ئامۆژگاری دەســـەڵاتدار و کاربەدەستێك بکات با بەئاشکرا نەبێت، بەڵـکو دەستی بگرێت، جائەگەر گوێی لێ گرت وبەگوێ کرد ئەوە باشە، خۆ ئەگەر بەگوێیشی نەکرد ئەوە ئەو کەسە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێناوە.

ئەم دەقانە لەقورئان و ســـوننەت هەر هەموویـــان فەرمان بەوە دەکەن لەغەیری ســـەرپێچی خودای گەورەدا گوێڕایەڵی پێشـــەوا و کاربەدەستی موسڵمان بین، لەکۆتایششـــەوە دەتوانین مەبەستەکەمان کوورت بکەینەوە وپوختەی کەین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا:

١. گوێبیست و گوێڕایەڵی کردنی پێشەوای موسڵمانان لەهەموو حاڵەتێکدا واجبە جگە ئەو کاتە نەبێت کە فەرمان بەسەرپێچی خودای گەورە بکات.

٢. دەرنەچوون لەگوێڕایەڵیان ئەگەر هاتوو ئامۆژگاریەکەتیان وەرنەگرت.

٣. هەرکەسێك بەشێوەیەکی شەرعی ئامۆژگاری کاربەدەستی موسڵمانانی کرد و ڕێگری خراپەی لێکردن، ئەوە ئەستۆی خۆی پاك کردوەتەوە لەتاوان وگوناه.

٤. دوورکەوتنـــەوە لـــە وروژاندنـــی فتنـــە و خراپەکاری وســـەرجەم ئەو هۆکارانەیشی سەردەکێشن بۆ وەها کارێك.

(١) ئیبن ئەبی عاصم لە - السنة - دابە سەنەدیکی صەحیح ڕیوایەتی کردووە (٢/ ٥٠٧).

٥. دەرنەچوون لەفەرمانی کاربەدەســتی موسڵمانان، لەکاتێکدا نەبێت کە کوفر و بێ باوەڕی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگری لێ ببینیت.

٦. واجبە دەســت بگریت بەکۆمەڵ و ڕیزی موسڵمانانەوە، ئەو کۆمەڵەی بەکار وکردەوە و بیروباوەڕ لەســەر ڕێبازی قورئان و سوننەت دەڕۆن، وە واجبە خۆشــت بوێن و شوێن ڕێبازی ئەوان بکەویت، هەمیشەیش سوور بیت لەســەر یەکدەنگییان لەهەق و ڕاستیدا، وە بەهیچ شێوەیەك لێیان جیا نەبیتەوە و یەك ڕیزیان تێك نەدەیت، هەروەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾ [النساء: ١١٥] واتا: هەرکەسێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق و ڕاســتیی بۆدەرکەوت و شــارەزای دینی خوابوو، و ڕێــگا و ڕێبازێ بگرێتە بەر، کە ڕێگای ڕاســتی باوەڕداران نەبێت، ئێمەیش ڕووی ئەکەینە ئەو بەرنامەو ڕێگایە بەئارەزوی خۆی لەدنیادا هەڵیبژاردووە، ئیتر ئێمە وازی لێدێنین و، هەقمان نییە بەســەریەوە و، لەقیامەتیشــدا ئەیخەینە ناو ئاگری تاودراوی دۆزەخەوە، ئای کە دۆزەخ جێ و ڕێیەکی زۆر سامناك و خراپە بۆیان.

وە پێغەمبەریــش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «عليكم بالجماعة فإن يد الله مع الجماعة، ومن شذ شــذ في النار»[1] واتا: وەصیەتتان بۆ دەکەم کە دەست بگرن بەکۆمەڵی موسڵمانانەوە، چونکە دەستی خودای گەورە لەگەڵ کۆمەڵی موسڵماناندایە، وە هەرکەسێك جیا بێتەوە وخۆی تاك بکاتەوە ئەوە لەئاگردایە.

وعن ابن عباس (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمَا) قــال: قــال رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) «من رأى من

(١) تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (٢١٦٧) ئیبن ئەبی عاصم لە - السنة - دا بەفەرموودەی ژمارە (٨٠) ڕیوایەتی کردووە.

أمره شيئًا يكرهه فليصبر، فإنه من فـارق الجماعة شبرًا فمات فميتته جاهلية»[١]
واتـــا: ابن عباس (خودای لێ ڕازی بێت) ئەلێت: پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: هەرکەسێك کارێکی بینی لە کاربەدەستەکەی و پێی ناخۆش بوو، ئەوە با ئارام بگرێت، چونکە بێگومان ئەو کەسەی بەئەندازەی بستێك لە کۆمەڵی موســڵمانن جــودا بێتەوە و بمرێت ئــەوە مردنەکەی مردنێکی جاهیل و نەفامانەیە.

ئــەم دەقانە هەر هەموویان بەڵــگەن لەســەر دەســتگرتن بەکۆمەڵی موســڵمانان، و ململانێ نەکــردن لەگەڵ کاربەدەســتی موســڵماناندا، هەڕەشەیشن بۆ ئەو کەســانەی کە پێچەوانەی ئەم دەقانەوە ڕەفتار دەکەن، چونکــە بێگومان کۆمەڵ بوون و یەکدەنگــی ڕەحمەتی خودایە وجودایی وجیاوازیکردنیش سزایە.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧١٤٣).

# بەشی پێنجەم
# واجبە دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە، لەگەڵ بەڵگەکانی

**باسی یەکەم:** مانای دەستگرتن بەقورئان و سوننەت و بەڵگەکانی

**باسی دووەم:** هۆشیاریدان و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە بیدعە

**باسی سێهەم:** خراپی جودایی و پەرت بوونی موسڵمانان

## باسی یەکەم
## مانای دەستگرتن بەقورئان و سوننەت و بەڵگەکانی

خودای گەورە فەرمانی کردووە بەکۆمەڵ و کۆبوونەوە و یەکبوونی گوفتار ویەك ڕیزی موسڵمانان، بەو مەرجەی بناغە و بنەمای ئەم کۆمەڵ بوون و یەکدەنگیە دەستگرتن بێت بەقورئان و سوونەتەوە، لەهەمان کاتدا خودای گەورە ڕێگری کردووە لە جودایی و جیاوازی موسڵمانان و مەترسیەکانیشی ڕوونکردوەتەوە لەسەر ئوممەتی ئیسلام لە دوونیا و دوارۆژدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەیش فەرمانی پێکردووین لەهەموو کارێکی گەورە وبچووکدا حوکم بە قورئانەکەی ئەو بکەین، وەڕێگری هەموو کارێکیشی لێکردووین کە سەربکێشێت جیاوازی و پەرتبوونی موسڵمانان.

ڕێگای ڕاست و دروستی ڕزگاربوون لەدونیا و دوارۆژدا بریتیە لەدەست گرتن بە قورئان و کەلامی پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ـەوە، چونکە ئەو دووانە قەڵای قایم و پارێزەری بەهێزن بۆ کەسێك خودای گەورە موەفەقی بکات، هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴾ [آل عمران: ١٠٣] واتا: بەتێکڕا گشتتان دەست بە ڕشتەی ئایینی خوداو قورئانەکەیەوە بگرن و، قەت لێی نەترازێن و، کارێکیش مەکەن ببێتە هۆی پەرت بونتان، نیعمەت و بەخششەکانی خودا کەبەسەرتانەوەیە وەبیر بهێنن، ئەودەمە کەئێوە -لە سەردەمی نەفامیدا- دژ

بەیەکتـــر بوون، ئینجا خـــودای بەبەزەیی، هۆگریی و تەبایی خســـتە نێوان دڵەکانتانەوە، بەهۆی بەخشـــش و میهرەبانی خۆیـــەوە بوونە برا و کینەی چەندین ســـاڵە لەدڵتان دەرچوو، ئەوکات ئێوە لەســـەر لێواری چاڵێکی پڕ لەئاگردا بوون و رزگاری کردن لێی، خودا ئابەوشـــێوە جوانەیە ئایەتەکانی ڕوون ئەکاتەوە بۆتان، بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرن.

خودای گـــەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمانی کردووە بەدەســـتگرتن بە حەبل و گوریسی خوداوە، حەبل و گوریسی خوداش مەبەست پێی پەیمان و بەڵێنی خودایە، یان مەبەســـت پێی دەســـت گرتنە بـــە قورئانی پیرۆزەوە وەك زانایانی تەفســـیر وتویانە، ئەو پەیمان و بەڵێنەی خودای گەورە وەری گرتووە لە موسڵمانان بریتیە لە دەســـتگرتن بەقورئانی پیرۆزەوە، لەهەمان کاتدا خودای گـــەورە فەرمانی کـــردووە کە باوەڕداران کـــۆ و یەکدەنگ و یەکپارچە بن و ڕێگریشی کردوون لە جودای و جیاوازی و پەرت بوون، بۆ ئەم مەبەســـتەش خودای گەورە فەرمانی کردووە بە موسڵمانان ئەوەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هێناویەتی دەســـتی پێوە بگرن و ئەوەیشی ڕێگری لێکـــردوون دووربکەونەوە لێـــی و وازی لێ بهێنـــن، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ [الحشر: ٧] ئەمەیش فەرمانێکی گشـــتگیرە و ســـەرجەم بنەما و لق و چڵەکانـــی دین بەدیـــار و نادیاریانەوە دەگرێتەوە.

هەر بۆیە ئـــەوەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هێناویەتی واجبە لەســـەر بەندەکانی خودا دەستی پێوە بگرن و شوێنی بکەون و بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بۆیان ســـەرپێچی لێ بکەن، چونکە ئـــەوەی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)

دەقێکی لەبـــارەوە وتبێت و دانی پێدانابێت و پێی ڕازی بووبێت، وەك ئەوە وایە خودای گەورە دەق و ئایەتی لەبارەوە فەرموو بێت، بۆیە دورست نییە بۆ هیچ کەس ڕێگا پێ نەدراوە کە بەهیچ بیانوویەك وازی لێبهێنرێت و بخرێتە دواوە، هـــەروەك چۆن نابێت وتە و گوفتاری هیچ کەســێك پێش بخرێت بەسەر کەلامی خودا و پێغەمبەرەکەیدا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خودای گەورە لەم بارەیـــەوە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوْاْ عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ﴾ [الأنفال: ٢٠] واتا: ئەی ئەوانـــەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری خـــوداو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بن، و لە بەرنامەی ئەوزاتە پشـــت هەڵمەکەن، لەکاتێکدا ئێوە تێدەگەن و دەبیسن.

خـــودای گـــەورە لەم ئایەتـــە پیـــرۆزەدا فەرمانـــی کـــردووە بەبەندە باوەڕدارەکانی کە گوێڕایەڵی ذاتی هـــەق تەعالای خۆی و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بن، لەهەمان کاتدا ترســـاندونی لە سەرپێچی کردنی خۆی و خۆچوواندن بە بێ باوەڕان و سەرکەشی کەرانەوە، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِي شَيْءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيْرٞ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ [النســـاء: ٥٩] واتـــا: ئەی کەســـانێك کە باوەڕتان هێنـــاوە گوێڕایەڵی خـــودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن وە پاشـــانیش گوێڕایەڵی کار بەدەســـتە (عادیلە) کانـــی خۆتان بن جا ئەگـــەر دوو بەرەکیتان هەبوو لەشـــتێکدا ئـــەوە بیگێڕنەوە بـــۆ لای خودا و پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیـــە بە خوداو بە ڕۆژی دوایی ئەوە باشترە وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە.

لەتەفســـیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا حافظ ابـــن کثیر دەڵێت: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ﴾

واتا: شـــوێن کتاب و قورئانەکەی خودا بکـــەون، وە ﴿وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ﴾ واتا: ســـوننەتەکانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەربگـــرن، وە ﴿وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ واتا: لەوەی فەرمانتان پێ دەکەن بـــە طاعەت و گوێڕایەڵی کردنی خودای گەورە، نەك بەسەرپێچی کردنی، چونکە گوێڕایەڵی هیچ دروستکراوێکی خودا ناکرێت لەسەرپێچی کردنی ئەودا،وە مە بە ست لە ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾ [ النســـاء: ٥٩ ] موجاهـــد وتویەتـــی: بیگێڕینەوە بۆلای قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئەمەش فەرمانە لەلایەن خودای گەورەوە بەوەی باوەڕداران لەهەرشتێك لە بنەمـــاو و چڵ و لقەکانی ئەم دینەدا جیـــاوازی و ناکۆکیان تێکەوت، ئەوا بیگێڕنەوە بۆلای قورئان و ســـوننەتی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وەك لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ﴾ [الشـــورى: ١٠] واتا: هەرشتێك کە تێیدا جیاواز بوون ئەوە بڕیارەکەی بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە، بۆیە لەهەرشتێکدا قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاریان دابێت و شاهیدی ڕاســـت و دروستیان بۆ دابێت، هەر ئەوە هەق و ڕاستە، وە هەموو شتێکیش دوای ئەو هەق و ڕاســـتیە گومڕایی و سەر لێشێواویە، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ﴾ [النســـاء: ٥٩] ئەگەر ئێوە باوەڕتان هێناوە بەخودای گەورە و ڕۆژی دوایی.

مانـــای وایە لەهـــەر ناکۆکی و ڕاجیـــاوازی و نادیاریەکـــی نێوانتاندا بگەڕێنەوە بۆلای قورئان و سوننەت، وە هەرکەسێکیش نەگەڕێتەوە بۆلای ئەو دوو ســـەرچاوەیە ئەوە باوەڕی نییە بەخـــودای گەورە و ڕۆژی دوایی، مەبەست لە ﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ﴾ حوکم بردنەوەیە بۆلای کتێبەکەی خودای گەورە

و سونەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، و گەڕانەوەیە بۆلایان بۆ ڕێك کەوتن و لەیەککردنەوەی ناکۆکیەکانە، وە مەبەست لە ﴿وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا﴾ چاکترین و باشترین دوارۆژ و سەرەنجامە، هەروەك ئیمامی سەدی و موجاهید لەم بارەیەوە وتویانە: باشترین و چاکترین پاداشتە.

لەقورئانی پیرۆزدا کۆمەڵە ئایەتێکی زۆر هاتوون کە باس لە واجب بوونی دەست گرتن و گەڕانە بۆلای قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن لەهەموو کاروبارێکدا.

بەڵگەکانیش لەسونەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر واجبی دەستگرتن بە قورئان و سونەتەوە زۆرن، لەو بەلگانەیش:

ما رواه الإمام مسلم عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: «إن الله يرضى لكم ثلاثًا ويسخط لكم ثلاثًا، يرضى لكم أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئًا وأن تعتصموا بحبل الله جميعًا ولا تفرقوا، وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم. ويسخط لكم ثلاثًا، قيل وقال، وكثرة السؤال وإضاعة المال»[1] واتا: ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوە ئەبوهورەیرە (خودای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: بێگومان خودای گەورە بەسێ شت ڕازیە بۆتان و بەسێ شتیش توورەیە بۆتان، ڕازیە بەوەی بەتاك و تەنهایی بیپەرستن و هیچ شەریك و هاوەڵی بۆ دانەنێن، وە هەر هەمووتان دەست بگرن بەحەبل و گوریسی خوداوە (بەقورئانەوە) و ناکۆکی و جیاوازی نەکەویتە نێوانتانەوە، وە ئامۆژگاری ئەو کەسانە بکەن کە خودای گەورە کردونی بەلێپرسراوتان، وە بەسێ شت توورەیە بۆتان،

(١) صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (١٧١٥).

بەوتی وتی، و زۆر پرسیارکردنی بێهوودە و ماڵ و سەروەت و سامان لەناوبردن.

وعن جابر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) «إني تارك فيكم ما إن تمسكتم به لن تضلوا بعدي كتاب الله وسنتي»[1] واتا: جابر (خودای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: من شتێکم بۆ بەجێهێشتوون ئەگەر بەتوندی دەستی پێوەبگرن ئەوە لەپاش من گومڕانابن، ئەویش کتێبەکەی خودا (قورئان) وسونتەتی خۆمە.

وقال (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعد إلا هالك»[2] واتا: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: لەسەر پارچەیەکی سپی بەجێم هێشتوون کەهێندە ڕوونە شەوی تاریکی وەك ڕۆژی ڕووناك وایە، هیچ کەسێك لێی لانادات ئەو کەسە نەبێت کە تیاچووە.

وجاء في حديث العرباض بن سارية قوله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ»[3] واتا: لەو فەرموودەیەشی کە عرباضی کوڕی ساریە ڕیوایەتی کردووە هاتووە: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: لەپاش خۆم دەست بگرن بەسونتەتی من و سونتەتی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە کە هیدایەت و ڕێنمونی کراوون، دەستی پێوەبگرن و بەدانەکانتان قەپی پێدا بکەن.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) موژدەی گەورەی داوە بەکەسانێك

---

(١) ئیمامی مالیك لە – الموطأ – دا ریوایەتی کردووە (٢ / ٨٩٩).

(٢) ئیبن ماجە – المقدمة – (٤٤)، موسنەدی ئەحمەد (٤/ ١٢٦).

(٣) سونەنی ئەبی داود (٥/ ١٣) وە تیرموذی لەگەل – تحفه الأحوذی – (٧/ ٤٣٨).

لەئوممەتەکەی کەدەست دەگرن بەسوننەتەکانیەوەو هەوڵی پابەندبوون دەدەن پێـوەی، موژدەیەکی وا ئەو باوەڕدارەی تەنهـا تۆزقاڵێك باوەڕ لەدڵیدا بێت هەوڵی بەدەستهێنان و پێگەیشتنی دەدا، ئەو موژدەیەش موژدەی سەرکەوتنی گەورە و چوونە بەهەشتی نەبڕاوەیە، لە بارەی ئەم موژدەیەشەوە ئەبو هورەیرە (خودای لیٚ ڕازی بێـت) ئەگێڕێتەوە و ئەڵێـت: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «كل أمتي يدخلون الجنة إلا مـن أبى، قـالوا ومن يأبى يا رسول الله؟ قال: من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقـد أبى»[١] واتا: هەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە، کەسانێك نەبێت کە خۆیان نەیانەوێت بچنە بەهەشتەوە، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا کێ هەیە نەیەوێت بچێتە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: هەرکەسـێك گوێڕایەڵیم بکات دەچێتە بەهەشـتەوە، وە هەرکەسـێکیش سەرپێچیم بکات ئەو نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە.

چی سەرپێچیەکیش لەوە گەورەترە کەسـێك سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـکات؟ ئەویش بـەوەی دەسـت بداتە بیدعە و زیادەکردن و داهێنانی شتێك کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نەبێت.

ئاشکرایشـە دەسـتەی ڕزگاربوو ئەو دەسـتەیەیە کە لەسەر سوننەتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و هاوەڵە بەڕێزەکانیـی، ئەویش پێی دەوترێت (الجماعة)، ئوبەی کوڕی کەعب (خودای لیٚ ڕازی بێت) ئەڵێت: لەسـەر ڕێبـازی خودای گەورە و سـوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بن، چونکە ئەو بەندەی لەسەر ڕێبازی خودا و سوننەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێت، و یادو ذیکـری پەروەردگاری بەبەزەیی بکات و لەترسـی ئەو چاوەکانی

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٧٢٨٠).

پڕبن لەفرمێسك هەرگیز لاشەی بەر ئاگری دۆزەخ ناکەوێت، ئەوەش بزانن کەمتەرخەمـــی کردن لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا و ســـوننەتەکانی پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باشـــترە لە ســـەرپێچی کردنی ڕێبـــازی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

## باسی دووەم
## هۆشیاریدان و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە بیدعە

### پێناسەی بیدعە:

بیدعە لەزمانەوانیدا: بریتیە لە داهێنانێك کە پێشتر نموونەی نەبوو بێت، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾ [البقرة: ١١٧] واتا: خودای گەورە داهێنەری ئاسمانەکان و زەویە.

لەشەرعیشدا مەبەست پێی: هەموو شتێکە پێچەوانەی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایانی سەلەفی ئوممەتی ئیسلام بێت لەو بیروباوەڕ وعیبادەت و پەرستنانەی کە داهێنراوون لەدیندا و پێشتر نەبوون.

### مەترسیەکانی بیدعە:

بیدعە و داهێنانێك کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا پێشتر نەبوو بێت مەترسی گەورەی هەیە و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تاکی موسڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامیش، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کاریگەری خراپیشی دەبێت لەسەر بنەما و چڵ و لقەکانی دینیش، بیدعە بریتیە لە داهێنان وشتی زیاد لەئاین وتنی شتێك بەدەم خودای گەورەوە کە نەیفەرموو بێت، یان یاسادانانێك کە خودای گەورە پێی ڕازی نەبێت، بیدعە هۆکاری گیرانەبوونی چاکەکانە لای خودای گەورە و هۆکاری پەرت بوون و جودایی ئوممەتی ئیسلامیشـە، کەسی بیدعەچی تاوان و گوناهی خۆی وئەو کەسانەیش هەڵدەگرێت کە شوێن بیدعەکەی ئەو دەکەون، هەروەك چۆن بیدعە هۆکارێکیشـە بۆ بێ بەش بوون لەو ئاوەی کە پێغەمبەر لەسەر حەوزی کەوسەر دەیدات بە ئوممەتەکەی، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم فەرموودەیە: عن سهل بن سعد الأنصاري، وأبي سعيد الخدري رضي الله

عنهما أن رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قـال: «أنا فَرَطُكم على الحوض من مرّ علي شرب، ومن شـــرب لا يظمأ أبدًا. ليردن علي أقوام أعرفهم ويعرفونني ثم يحال بيني وبينهم فأقول إنهم من أمتي، فيقال: إنك لا تدري مـا أحدثوا بعدك. فأقول: سحقاً لمن غيّر بعدي»[١] واتا: سەهلی کوڕی سەعدی ئەنصاری و ئەبو سەعیدی خودری (خودایان لێ ڕازی بێت) ئەگێڕنەوە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: من لەپێش هەمووتانەوە دەچمە سەر حەوزەکە، هەرکەسێك تێپەڕ بێت بۆلام لێی دەخواتەوە، وە هەرکەســێکیش لێی بخواتـــەوە هەرگیز تینووی نابێت، کۆمەڵێك کەس دێن بۆلام دەیانناسم و ئەوانیش من دەناسن، بەڵام ڕێگرێك دەکەوێتە نێوان من وئەوانەوە، منیش ئەڵێم: ئەوانە لەئوممەتی منن، ئەوترێت: تۆ نازانیت پاش تۆ چی شتێکیان داهێناوە، ئەمجا منیش دەڵێم: دووری بۆ ئەو کەسانەی پاش من ئاینەکەیان گۆڕی.

بیدعە شـــێواندنی دین و گۆڕینـــی مەعالیمەکانیەتی، بەکورتی: بیدعە مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر دین و دونیای موسڵمانان.

**هۆکارەکانی بیدعە و داهێنان لەدیندا:**

بیدعـــە و داهێنـــان لەدینـــدا هـــۆکاری زۆری هەیـــە، گەورەترینیان دوورکەوتنەوەیـــە لـــە قورئانـــی پیـــرۆز و ســـونەتی پێغەمبـــەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، و مەنهەج و پرۆگرامی سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە، وە هۆکارێکی تریش لەهۆکارە گەورەکان بریتیە لە دەردی نەزانین و جەهل بە سەرچاوەکانی تەشریعدانانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەکانی ژمارە (٦٥٨٣) (٦٥٨٤)، وە صەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٢٢٩٠).

هۆکاری تریش زۆرن بۆ نموونە: پابەند بوون بەهەندێك شـــوبوهات و گومـــان و تەنها پشتبەســـتن بەعەقڵ و دانیشـــتن و هاوڕییەتی کەســـانی خـــراپ، و پشـــت بەســـتن بەفەرمـــوودەی لاواز و هەڵبەســـتراو بەدەم پێغەمبەرەوە، کە تەنها کەسانی بیدعەچی بەبەڵـگە بۆکارەکانیان دەیهێننەوە، هەروەها خۆچوواندن بەبێ باوەڕان، و لاساییکردنەوەی کەسانی گومڕاو سەرلێشێواو وخەڵەفاو و دوور لەدین، ئەمانەو چەندان هۆکاری تر کە دەبنە مایەی بیدعە و بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵـکیدا.

**مەترسیەکانی بیدعە چین؟**

هەرکەسێك لەقورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ورد ببێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە بیدعە و داهێنانی شتی زیاد لەدیندا کارێکی حەرامەو دەدرێتەوەبەسەرخاوەنەکەیداو لێی وەرناگیرێت، بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان بیدعەیەك بۆ بیدعەیەکی تردا، واتا: بیدعە هەرمووی خراپە و بیدعەی حەســـەنە و سەیئە نییە لەئیسلامدا، بەڵام بەپێی گەورەی و بچووکی بیدعەکان پلەی حەرامییەکەیان جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەچنە ڕیزی بێ باوەڕیەوە، وەهەندێکیان گوناهی گەورەن، وهەندێکی تریشیان گوناهی بچووکن.

ئاشکرایە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێگری لە هەموو بیدعەیەك کردووە و هەمووی بەگومڕایی و سەرلێشـــێواوی ناوبـــردووە، وەك فەرموویەتی: «إياكم ومحدثات الأمـــور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالـــة»[1] واتا: ئامان دووربکەونەوە لەو کار و فەرمانانەی کە لەدیندا دادەهێنرێن، چونکە بەڕاستی هەموو داهێنراوێك لەدیندا بیدعەیە، و هەموو بیدعەیەك گومڕاییە.

(١) موسنەدی ئەحمەد (١/ ٤٣٥)، وە دارەمی لە سوننەندا (١/ ٧٨)، وە موستەدرەکی ئەلحاکم (٢/ ٣١٨) وە وتوویەتی سەنەدەکەی صەحیحە وئیمامی ذەهەبیش هاورایەتی.

لە جێگایەکی تریشدا پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد»[1] واتا: هەرکەسێك شتێکی زیاد لەم دینەی ئێمەدا دابهێنێت و تیێدا نەبێت ئەوە دەدرێتەوە بەسەریدا.

ئەم دوو فەرموودەیە هەردووکیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەموو داهێنراوێك لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بیدعە و زیادەیە، و هەموو بیدعە و زیادەکردنێکیش لەدیندا گومڕایی و سەرلێشێواویە و دەدرێتە دواوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بیدعە و زیادەکردن لەعیبادات و پەرستن و مەسائیلەکانی بیروباوەڕدا کارێکی حەرام و یاساغە، بەلام پلەی حەرامییەکەیان جیاوازی هەیە لەبیدعەیەکەوە بۆ بیدعەیەکی تر، هەندێکیان کوفری صەریح وحاشا هەڵنەگرە وەك طەواف کردن و سوڕانەوە بەدەوری گۆڕەکاندا بەنیەتی عیبادەت و خۆنزیك کردنەوە لەخاوەنی ئەو گۆڕانە، یان ئاژەڵ بۆ سەربڕین و نەذر کردن بۆیان، یان داوا لێکردن و پاڕانەوە وهاوار بۆ بردنیان، وە هەندێکی تر لەو بیدعانە هۆکاری شیرك و هاوەڵ بڕیاردانن بۆ خودای گەورە، وەك خانو و بینا دروستکردن لەسەر گۆڕەکان، یان ئەنجامدانی نوێژ و پاڕانەوە لەلایانەوە، وە هەندێکی تر لەو بیدعانە بەگوناەو تاوان و لەسنوور دەرچوون دەژمێررێن، وەك جەژن گێران و کۆڕو کۆبوونەوەیەك لە شەرعدا نەبێت و بەڵگەی لەسەر نەهاتبێت، یان خوێندنی هەندێك ویرد و ئەذکاری داهێنراو کەپێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) نەیخوێندبێت و فەرمانیشی پێ نەکردبێت، یان وەك ڕۆژووگرتن لەبەر هەتاو و خۆرەتاو.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٢٦٩٧)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٧١٨).

## باسی سێهەم

## خراپی جودایی و پەرت بوونی موسڵمانان

### بەڵگەکان لەسەر خراپ باسکردنی جودایی و پەرت بوون

خودای گەورە لەزۆر جێگای قورئانی پیرۆزدا بەخراپ باسی جودایی و پەرتبوونی ڕیزی باوەڕدارانی کردووە و ڕێگریشی کردووە لەو کارانەی کە سەردەکێشن بۆی، دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر بەئاشکرا باسیان لە خراپی جیاوازی و پەرت بوونی ڕیزی موسڵمانان کردووە و باوەڕدارانیان لە دوارۆژ و سەرەنجامی خراپی ئەم کارە ئاگادار کردوەتەوە، چونکە لەیەك دووری و پەرت بوون و جوداخوازی یەکێکن لەهۆکارە گەورەکانی نوشوستی وشکستهێنانی موسڵمانان لەدونیا و سزای سەختی پەروەردگار و سەرشۆڕیان لە قیامەتدا، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ۚ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ * يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ * وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٥-١٠٧] واتا: نەکەن وەکو ئەوکەسانە بن کە ناکۆکی و دووبەرەکیان لەناودا بەرپابوو، لەیەکتر دابڕان، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە ڕوونەیان بۆ هاتبوو (کە سەرکەوتن لە یەک ڕیزیدایە)، ئا ئەوانە سزایەکی گەورە و سەخت چاوەڕێیانە * ڕۆژێک دێت کە چەند ڕوویەک سپی دەبن وە چەند ڕوویەک ڕەش دەبن جا ئەوانەی کە ڕوویان ڕەش بووە(پێیان دەووترێت) بۆچی بێ بڕوابوون لە پاش بڕوا هێنانتان کەواتە بچێژن سزا بەهۆی بێ بڕوایی تانەوە * ئەوانەشیان کەڕوویان سپی و گەش و جوان دەبێت، بەهەتا هەتایی لەناو میهرەبانیی و بەهەشتی خوادان.

عبداللەی کــوڕی عەباس (خودایان لێ ڕازی بێت) لەتەفســیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: ڕووی ئەهلی سونئەت و جەماعەت سپی دەبێت، وەڕووی ئەهلی بیدعە و جوداخوازان ڕەش دەبێت.

لەجێگایەکی تردا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ﴾ [الأنعــام: ١٥٩] واتا: بەڕاســتی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کردو بوونە دەستە دەستە و پارچە پارچە (بڕوایان بەهەندێکی قورئان هەیە و هەندێکی تری پشتگوێ دەخەن)، ئەوە لە هیچ شــتێکدا تۆ لەوان نیت، بەڵکو تۆ لەوان بەریت، بەڕاستی ئەوانە کاروباریان بۆ لای خودایە و تۆڵەی لادانیان لێدەسێنێتەوە، لەوەودوا هەواڵی هەموو ئەو کارو کردەوانەیان پێ دەدات کە ئەنجامی دەدەن.

ئەم ئایەتانە و چەندانی تریش بەڵــگەن لەســەر خراپ باســکردنی جوداخــوازی و پەرت بوونی ڕیزی باوەڕداران و مەترســیەکانی لەســەر ئوممەتی ئیســلام لەدونیا و دوارۆژیشــدا، وە بێگومــان هەر ئەم جودایی و پەرت بوونە هۆکاری لەناوچوونی جولەکە و گاورەکان بوو، وە هۆکاری هەموو لەڕێلادانێکیشە کەلەناو خەڵکیدا ڕوو دەدات.

بەڵــگەکان لەسونئەتیش لەم بارەیەوە زۆرن کە بەخراپ باس لە جیاوازی و جودایی و پەرت بوونی باوەڕداران دەکات لەهەمان کاتیشدا هانیان دەدات کە یەکڕیز و بەکۆمەڵ و ســازاو بن لەگەڵ یەکدا، یەکێك لەو فەرموودانە ئەو فەرموودەیەیە کە ئیمامی ئەحمەد و ئەبو داود ڕیوایەتیان کردووە: عن معاوية (رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ) أنــه قام فقال: ألا إن رســول الله (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) قــام فينا فقال: «ألا إن مــن قبلكم من أهل الكتاب افترقوا على اثنتين وســبعين ملة. وإن هذه الأمة

ستتفرق على ثلاث وسبعين ملة اثنتان وســـبعون في النار وواحدة في الجنة وهي الجماعة»[1] واتا: موعاویە (خودای لێ ڕازی بێت) هەستایە سەر پێ و وتی: پێغەمبەر (ﷺ) لەناوماندا بوو هەستا و فەرمووی: خاوەن نامەكان (جولەكە و گاورەكان) پێش ئێوە پەرت بوون و بوون بەحەفتاو سێ بەشەوە، ئەم ئومەتەیش لەمەودوا دەبێت بە حەفتاو ســێ بەشەوە، حەفتا و دوو بەش لەوانە لەناو ئاگردان، یەكێكیشیان لەبەهەشتدایە، ئەویش كۆمەڵەكانن (واتە ئەوانەی كە پەرت نەبوون و جودایی و جوداخوازیان تێنەكەوتووە ودەستیان گرتووە بە قورئان و سوننەتەوە).

پێغەمبــەر (ﷺ) لەم فەرمودەیــەدا هەواڵــی داوە بەوەی كــە ئومەتەكەی جیاوازیــان تێدەكەوێت و پارچە پارچــە دەبن بۆ حەفتا و سێ بەش، گومان لەوەشــدا نییە ئەوانەی جوداییان تێدەكەوێت وپەرت دەبن ئەوانەن كــە وەك جولەكە و گاورەكانن كە لایاندا لەڕێگای ڕاســتی پێغەمبەرەكانیــان، ئەمجا ئــەو پەرت بوون و پارچە پارچــە بوونەیش یان لەدیندایە بەتەنها، یان لەدین و دونیاشدایە كەسەرەنجامی ئەمەی دواییشیان هــەر ئەگەڕێتەوە بۆ دین، یان هەندێك جار جوداییەكە تەنها ســەبارەت بە دونیایــە، بەهەرحاڵ ئەم جودایی و پەرپەرت بوونە هەر دەبێت لە ئومەتی ئیســلامدا ڕووبــدات، پێغەمبەریــش (ﷺ) ئومەتەكــەی لێ ئاگاداركردوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو كەســانەی كە خــودای گەورە دەیەوێت نەكەونە ناویەوە و ڕزگاریان بێت لێی.

(١) مەسنەدی ئەحمەد (٤/ ١٥٢)، وە ئەبو داود (٥/ ٥) وە غەیری ئەوانیش بە سەنەدی صەحیح ریوایەتیان كردووە.

جودایی و پارچە پارچە بوون هۆكاری لەناوچوونی ئوممەتە پێشینەكان بووە:

ئەگەر بەوردی سەرنج لەقورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بدەین دەبینین كە هۆكاری تیاچوونی ئوممەتە پێشینەكان بریتی بووە لە پەرت بوون و جیاوازی زۆریان، بەتایبەت جیاوازیان لەو كتێبانەی كە لەلایەن خودای گەورە بۆیان هاتبوە خوارەوە.

كاتێك خەڵكی شام و عێراق لەخوێندنەوەی پیتەكانی قورئاندا جیاوازییان تێكەوت، ئەو جیاوازییە كە پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕێگری لێ كردبوو، حوذەیفەی كوڕی یەمان بە ئیمامی عوسمانی وت: فریای ئەم ئوممەتە بكەوە، با لەم قورئانەدا جیاوازییان تێ نەكەوێت، هەروەك چۆن ئوممەتەكانی پێش خۆیان جیاوازییان تێكەوت، ئەمەش دوو مانای گەورەیە ئەگەیەنێت:

یەكەم: حەرامی جیاوازیی و دووبەرەكیەكی لەم شێوەیە.

دووەم: پەندوەرگرتن لە ئوممەتانی پێش خۆمان، و دووركەوتنەوە لەو هەڵانەی ئەوانی تێكەوت بوو، خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ﴾ [البقرة:١٧٦] واتا: چونكە خودا تەوراتی بەهەق نارد، بۆ ڕوونكردنەوەی حەقیقەت و ڕاستییەكان و دەرخستنی سیفەت و ڕەوشتەكانی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) كە ئەوان شاردیانەوە، بەڕاستیی ئەوانەش لەسەر ئەم كتێبە ئیختیلاف و جیاوازی و ناكۆكییان هەیە، واتا: جوولەكەو گاور، چونكە هەرئەوان بوون كە هەر شتێكیان بەدڵ بووبا دەریاندەخست و هەرشتێكیشیان بەدڵ نەبووبا دەیانشاردەوە، لەدژایەتی و دووبەرەكییەكی ناجۆرو دوور و درێژدان

و هەرگیز هەق و راستیی نادۆزنەوە، وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ﴾ [آل عمران: ١٩] واتا: ئەوانەش کە کتێب و نامەیان پێـدرا واتا: جوولەکەو گاور کەلەناو خۆیاندا پێك نەهاتن و لەهەق لایاندا، هەر پاش ئەوەبوو کە بەڵـگەو زانیاریی تەواویان بۆهات دەربارەی راسـتیی ئەو ئایینەی وا موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هێنابووی، ئەویش هەر لەبەر عینادیی و حەسـوودییەك کە لەناویاندا هەبوو، چونکە دەیانزانی بەهاتنی دینی ئیسلام سەرۆکایەتی ئەوان لەکیس ئەچێت.

ئەو بەلگانەشی لەسوننەتدا لەم بارەیەوە هاتوون: عن أبو هريرة (رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ) أن رسول الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) قال: «ذروني ما تركتكم فإنما هلك من كان قبلكم بكثرة سـؤالهم واختلافهم على أنبيائهم فإذا نهيتكم عن شـيء فاجتنبوه، وإذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما اسـتطعتم»[١] واتا: ئەبو هورەیرە (خودای لیّ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کـە پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: وازم لێ بهێنن لەوەی چۆن بەجێم هێشتوون لەسەری بن، ئەوەی کە بوو بەهۆی تیاچوونی ئوممەتانی پێش ئێوە زۆر پرسـیارکردن و جیاوازیان بوو لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا، ئەگەر قەدەغەم کردن لەهەر شتێك لێی دوور بکەونەوە، ئەوەیشی فەرمانتان پێدەکەم بەپێی توانای خۆتان جێبەجێی بکەن.

پێغەمبەری خودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەم فەرموودەیەدا فەرمانی پێکردوون بـەوەی هەرشـتێکی لیّ قەدەغـە کـردوون وازی لیّ بهێنـن، هۆکاری لەناوچوونـی ئوممەتەکانی پێشینیشـی بەزۆر پرسـیارکردن و دەمەقاڵێ و جیاوازی و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەکانیان داناوە.

(١) صەحیحی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٧٢٨٨)، وەصەحیحی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٣٣٧).

## ئایا جیاوازی بوون و ئیختلاف ڕەحمەتە؟

هەندێك خەڵك بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی كە بەدەم پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەڵیان بەستووە (اختلاف أمتي رحمة) بانگەشەی ئەوە دەكەن كە گوایە جیاوازی و ئیختلاف لەنێو ڕیزی باوەڕداراندا ڕەحمەتە، گومان لەوەشدا نییە ئەم وتەیە وتەیەكی بێكەڵك و زۆر بێ مانایشە وهەركەسێك بیكات بە بەڵگە بۆ وەها كارێك لێی وەرناگیرێت و دەدرێتەوە بەسەریدا، چونكە پێچەوانەی بەڵگەكانی قورئان و سوننەت و ژیری مرۆڤیشە، پێشتر كۆمەڵێك ئایەت و فەرموودەمان هێنایەوە لەخراپ باسكردنی جیاوازی و پەرت پەرت بوونی موسڵمانان، بۆیە هێندە بەسە بۆ كەسانێك كە بیری لێ بكەنەوە و لەماناكانی ڕابمێنن.

نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو ئایەتەكانی قورئان بەڵگەن لەسەر ئەوەی ڕەحمەت پێچەوانەی جودایی و ناكۆكی وئیختلافە و هەرگیز لەگەڵیدا یەك ناگرێتەوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ* إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾ [هود: ١١٨، ١١٩] واتا: بەدرێژایی ڕۆژگار، هەر ناتەباو ناكۆك و لێك ترازاو دەبن و، لەسەر یەك بەرنامەو ئایین كۆ نابنەوە * مەگەر كەسێك پەروەردگارت بەزەیی پیا بێتەوەو، بیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و، لەو ناكۆكیی و هەرا و كێشەیە دوور رایگرێت، دیارە ئەوكەسانە هەرگیز كێشە دروست ناكەن و لەناویەكدا ناكۆك نابن.

ئەو فەرموودەیەشی كە خاوەنی بەم بانگەشەیە دەیكەن بە بەڵگە بۆ دروستی و ئاسایی بوونی جیاوازی و ناكۆكی نێوان موسڵمانان فەرموودەیەكی باطل وهەڵبەستراوە و بەهیچ شێوەیەك ڕاست و دروست

نییـــە، و لەهیچ كامێك لـــە كتێبەكانی ســـوننەتدا نەهاتـــووە وبوونی نییە، هێندەش بەسە بۆ بەتاڵـكردنەوەی بانگەشەكەیان، سەڕای هەموو ئەمانەیش پێچەوانـــەی ژیری مرۆڤەكانە، چونكە هیچ كەســـێكی ژیر نایســـەلمێنێت كە ناكۆكـــی و جیاوازی ڕەحمـــەت وكارێكی باش بێـــت، دوای ئەوەی زانیمان خراپی مەترســـیەكانی چین، ئەو مەترســـیانەی كە دەرەنجامی ڕق لەیەك بوونەوە وپشت لەیەك هەڵـــكردن دروســـت دەبن، بگرە هەندێك جار سەردەكێشـــێت بۆ یەكتر كوشـــتن و شـــەڕ لەلەگەڵ یەكتر كردن، كە هەر هەمـــووی هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونـــی جیاوازی و ئیختیلاف لەنێوان موسڵمانانداا، تەنانەت ئیختیلاف و جیاوازی لەهەندێك مەسائیلی فەرعیشیدا سەردەكێشێت بۆ ئەم مەترسیە گەورانە.

**ڕێگای ڕزگاربوون لە جیاوازی و ناكۆكی و ئیختیلاف:**

ئـــەوەی زانراوە دەســـتەی ڕزگاربـــوو، و طائیفەی ســـەركەوتوو ئەو دەســـتەیەیە كە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـــە (الجماعة) نـــاوی بردووە، مەبەست لە جەماعەیش ئەو كەسانەن كە لەسەر پەیڕەو مەنهەجی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و هاوەڵـــە بەڕێزەكان دەڕۆن و بەهیچ شـــێوەیەك نە بەلای ڕاست و نەبەلای چەپدا لێی لانادەن.

ئیمامی شـــاطبی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لـــە كتێبی (الاعتصام) دا دەڵـــێت: (إن الجماعة ما كان عليه النبي وأصحابه والتابعون لهم بإحســـان) واتا: بێگومان مەبەست لە (الجماعة) ئەو كۆمەڵ ودەستەیەیە كە لەسەر ئەو مەنهـــەج و پەیڕەوە بن كە پێغەمبـــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وهاوەڵە بەڕێزەكان و شوێنكەوتەكانی ئەوانی لەسەر بووە لەسەر خەیر و ئیحسان.

ڕێگای ڕزگاربوون لەگومڕایی وسەرلێشێواویش ئەوەیە کەشوێنکەوتەی مەنهەج و پەیڕەوی ئەهلی ســونەت و جەماعەت بیت لە گوفتار و کردار و بیرباوەڕتدا، وەبەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی ئەوان نەبیت و جیا نەبیتەوە لێیان.

خودای گەورەفەرموویەتی: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾ [النســاء: ١١٥] واتا: هەرکەســێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق و ڕاستیی بۆدەرکەوت و شارەزای دینی خودابوو، ڕێگا و ڕێبازێ بگرێتە بەر، کە ڕێگای ڕاســتی باوەڕداران نەبێــت، ئێمەیش ڕووی ئەکەینــە ئەو بەرنامەو ڕێگایــە بەئارەزوی خۆی لەدنیادا هەڵیبژاردووە، ئیتر ئێمە وازی لێدێنین و، هەقمان نییە بەســەریەوە و، لەقیامەتیشــدا ئەیخەینە ناو ئاگری تــاودراوی دۆزەخەوە، کە ئەویش سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ [الأنعام:١٥٣] واتا: بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاســتی منە کە ڕاست و دروســتە کەواتە شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە دوورتان دەخەنەوەو لاتان دەدەن لەڕێگەی خودا، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردوون، بۆ ئەوەی خواناس و پارێزکاربن.

لەسونەتیشــدا هاتووە کــە تیرموذی و غەیری ئەویــش لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە (خودایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: «لا تجتمع أمتي على ضلالة- أو قال: أمة محمد على ضلالة- ويد الله على الجماعة»[1] واتا: ئوممەتی من لەســەر گومڕایی

(١) رواه تیرموذی ٤ / ٤٦٦، وغیره بسند صەحیحی.

و ســـەر لێشـــێواوی کۆنابێتەوە، یان فەرموویەتی: ئوممەتی محمد لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، وە دەستی خودای گەورەیش لەسەر ئەو کۆمەڵەوەیە کە لەسەر مەنهەج و پەیڕەوەی ئەو دەڕۆن.

بەمـــەش کۆتایی بـــە قســـەکەمان دەهێنین کـــە ڕێـــگای ڕزگاربوون بەختەوەری ئەوەیە کە مرۆڤ توند دەســـت بگرێت بـــە کتێبەکەی خودای گـــەورەوە، چونکە ئـــەو کتێبە عەزیز و بـــەرزو پیرۆزە بەهیچ شـــێوەیەك بەتاڵ و کەموکورتی ڕووی تێنەکردووە، چونکە لەلایەن کەســـێکی دانا و سوپاسگوزارەوە دابەزیوە، هەروەها دەست گرتن بەسوننەتی پاکی ڕاست و دروستی پێغەمبەری خوداوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە لەخۆیەوە و بەئارەزووی خۆی هیچـــی نەوتووە ئەگەر خـــودای گەورە وەحی بـــۆ نەکردبێت، جا بۆیە دەبێت بزانین کە تەنها قورئان و ســـوننەت ســـەرچاوەی بیروباوەڕ و شـــەریعەتی ئیســـلامن، وە هەر مەنهەج و پەیڕەوێکیش لەمە لابدات ئەوە بێگومان مەنهەج و پەیڕوێکی سەرلێشـــێواو خەســـارەتمەندە، دەستگرتن بەســـوننەتی پێغەمبەرەوە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)ڕێبـــازی باوەڕدارانە، وە ڕێگای گەیشـــتنە بەڕەزامەندی خودای گەورە و پـــەروەردگار، وە قەڵای قایمی هەموو موسڵمانێکە، ئائەمەیش ئەو مەنهەج و پەیڕەوەیە کە خودای گەورە ئوممەتی ئیسلامی پێ دەپارێزێت لەبیدعەی بیدعەکاران و فڕوفێڵی ناحەزان و لێکدانەوە و تەئویلی جاهیل و نەزانەکان، و لەڕێلادانی کەسانی سەرەڕۆ و لەســـنووردەرچووان، ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە کـــە خودای گەورە گوزەران و حاڵی ئوممەتی (محمد المصطفى)ی لەســـەرەتای هاتنی ئیســـلامەوە پێ ئیصلاح کردووە، بۆیە ئێمەیش ڕزگارمان نابێت و سەرکەوتوو نابین ئەگەر

نەگەڕێینەوە ســەر ئەو مەنهەج و پەیڕەو و پڕۆگرامە، ئیمامی (دار الهجرة) مالیکی کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خــودای لێ بێت) ئەڵێت: (لا يصلح آخر هــذه الأمة إلا بما صلح به أولها) واتا: کۆتایی ئــەم ئوممەتە ئیصلاح و چاك نابێت ئیلا بەوە نەبێت کە سەرەتای ئەم ئوممەتەی پێ ئیصلاح و چاك بووە.

ئەوەیشی سەرەتای ئەم ئوممەتەی پێ چاك و ئیصلاح بووە، کارکردن بووە بــە قورئان و ســونتەتی پێغەمبــەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەویش بەفەهم و تێگەیشتنی سەلەفی صالّح و مەنهەج و پەیڕەوی ئەوان، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾ [النســاء: ١١٥] واتا: هەرکەسێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق و ڕاستیی بۆدەرکەوت و شارەزای دینی خوابوو، ڕێگا و ڕێبازێ بگرێتە بەر، کە ڕێگای ڕاستی باوەڕداران نەبێت، ئێمەیش ڕووی ئەکەینە ئەو بەرنامەو ڕێگایە بەئارەزووی خۆی لەدنیادا هەڵیبژاردووە، ئیتر ئێمە وازی لێدێنین و هەقمان نییە بەسەریەوە و، لەقیامەتیشدا ئەیخەینە ناو ئاگری تــاودراوی دۆزەخەوە، کە ئەویش ســەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.

شوێنکەوتنی ڕێگا و ڕێبازی باوەڕداران، بەو شێوەیە دەبێت کە هاوەڵە بەڕێزەکان و خەلیفە و پێشــەوا بەڕێزەکانی بەچاك وئیحسان لەسەر بووە، هەر ئەوەیشە ڕێگا و ڕێبازی ســەرکەوتن و ڕزگاربوون، لەخودای گەورە داواکارین کە ئوممەتی ئیسلامی سەربەرز و سەرفراز بکات بەوەی دەست بگرن بە قورئان و ســونتەتی پێغەمبــەری خودا و شــوێنکەوتنی ڕێبازی باوەڕدارانەوە، کۆتا ووشەیشمان ئەوەیە بڵێین سوپاس و ستایش بۆخودای

گەورە باڵادەستی جیهانیان، و درود و صەڵات و سەلامیش بۆ سەر پێغەمبەرمان محمد المصطفى و ئال و بەیت یار و یاوەرانی هەتا هەتایە.

لە ڕۆژی شەممە بەرواری: ٢١ / ٧ / ٢٠١٢
بەرامبەر بە ٢ ڕەمەزانی ساڵی ١٤٣٣ کۆچی
لە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بوومەوە.

# ناوەرۆكی بابەتەكان

**پێشەكی** ........ ١

**ڕێخۆشكردن** ........ ١٢

**دەروازەی یەكـەم: باوەڕ بەخودا (الله)** ١٨

**بەشی یەكەم: یەكخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبیة)** ........ ٢٢

باسی یەكەم: مانا و بەڵگەكانی لە قورئان و سوننەت و ژیری فیطرەت ........ ٢٣

باســی دووەم: تەنها داننان و ئیعتراف كردن بەم یەكخواپەرستیە خاوەنەكەی ڕزگار ناكات لەسزای ئاگر ........ ٢٩

باسی ســێهەم: هەندێك دیاردەی لادان و سەرلێشێواوی لە یەكخواپەرستی پەروەردگاریەتی (توحید الربوبیة) دا ........ ٣٦

**بەشی دووەم: یەكخواپەرستی لەپەرستندا (توحید الألوهیة)** ........ ٤٠

باسی یەكەم: بەڵگەو ڕوونكردنەوەی گرنگیەكانی ........ ٤٢

باسی دوەەم: واجبە خودای گەورە (الله) بەیەكخوایی بپەرستریێت ........ ٥٥

باســی ســێهەم: پارێــزگاری پێغەمبــەری خــودا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەیــە كخواپەرســتی ........ ٦٧

باســی چوارەم: هــاوەڵ بڕیــاردان بۆ خــودای گــەورە، و بێ بــاوەڕی و جۆرەكانی ........ ١٠٨

باسی پێنجەم: بانگەشەی زانینی غەیب و شتە نادیارەكان و هاوشێوەكانی.. ١٣٢

**بەشی سێهەم: یەکخواپەرستی لەناو و صیفەتەکاندا............................١٤١**

باسی یەکەم: پێناسـەی یەکخواپەرستی ناو و صیفەتەکانی خودای گەورە و بەڵگەکانی...................................................................................١٤٤

باسـی دووەم: نموونەی تەطبیقـی لەسـەر دانپێدانان و سـەلماندنی ناو و صیفەتەکاندا لەڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە......................................١٥٥

باسی سێهەم: چەندبنەمایەك دەربارەی ناوو صیفاتەکانی خوای گەورە.....١٧٠

**دەروازەی دووەم: پایەکانی تری باوەڕ کەپێنج بەشی لەخۆ گرتووە ١٨١**

**بەشی یەکەم: باوەڕ بەفریشتەکان ئەمەش سێ باس لەخۆی دەگرێت......١٨٤**

باسی یەکەم: پێناسەی فریشتە و بنەمای دروستکردن و سیفات وهەندێك لە تایبەتمەندیەکانی...........................................................................١٨٥

باسی دووەم: باوەڕبوون بەفریشتەکان و چۆنیەتی و بەڵگەکانی............١٩٥

باسی سێهەم: کار و فەرمانی فریشتەکان........................................٢١١

**بەشی دووەم: باوەڕ بە کتێب و نامە ئاسمانییەکان..............................٢٢٦**

ڕێخۆشـکردن: پێناسـەی وەحی لەزمانەوانی و شەرعدا و ڕوونکردنەوەی جۆرەکانـی.......................................................................................٢٢٧

باسی یەکەم: حوکمی باوەڕ بەکتێبەکان و بەڵگەکانی........................٢٣٤

باسی دووەم: چۆنیەتی باوەڕهێنان بە کتێبەکان.................................٢٣٩

باسی سـێهەم: تەورات و ئینجیل وسـەرجەم کتێب و پەڕاوە ئاسمانییەکان

دەستكاری كراوون و گۆڕدراون و قورئانیش سەلامەتە لەوەها كارێك......٢٥٦

باسی چوارەم: باوەڕ بەقورئانی پیرۆز و تایبەتمەندیەكانی..................٢٦٥

**بەشی سێهەم: باوەڕ بە پێغەمبەران........................................٢٨٠**

باسی یەكەم: حوكمی باوەڕ بە پێغەمبەران و بەڵگەكانی........................٢٨١

باسی دووەم: پێناسەی (النبي) و (الرسول) و جیاوازی لەنێوانیاندا..........٢٨٦

باسی سێهەم: چۆنیەتی ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەران..............................٢٩٠

باسی چوارەم: ئەوەی لەسەرمان پێویستە بەرامبەر بە پێغەمبەران..............٣٠٠

باسی پێنجەم: پێغەمبەرە خاوەن ورە و عەزیمەتە بەرزەكان.....................٣٠٨

باسی شەشەم: تایبەتمەندیەكانی پێغەمبەرمان محمد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و مافەكانی بەسەر ئوممەتەكەیەوە، لەگەڵ روونكردنەوەی ئەوەی بینینی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەخەودا هەقە........................................٣١١

باسی حەوتەم: كۆتایی پەیامبەرایەتی و روونكردنەوەی، ئەوەی كەپاش پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ئیتر پێغەمبەری تر نایەت..............................٣٣٨

باسی هەشتەم: هەقیقەت و بەڵگەی شەوڕەویكردن بە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)..............................................٣٤٤

باسی نۆیەم: وتەی ڕاست لەسەر ژیانی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت)..............................................٣٥٤

باسی دەیەم: موعجیزەی پێغەمبەران و جیاوازی لەنێوان موعجیزەی ئەوان وكەراماتی ئەولیائدا..............................................٣٦٢

باسی یازدەیەم: وەلی و ولایەت لە ئیسلامدا.......................... ٣٧٢

**بەشی چوارەم: باوەڕبەڕۆژی دوایی.......................... ٣٧٨**

باســی یەکەم: نیشــانەکانی ڕۆژی دوایی و جۆرەکانی (أشراط الساعة وأنواعهــا)......................... ٣٧٩

باسي دووەم: خۆشی و ســزاکاني ناو گۆڕ .......................... ٣٩٧

باسی ســێهەم: باوەڕ بەزیندووبوونەوە.......................... ٤٠٧

**بەشــی پێنجەم: باوەڕ بە قەزا و قەدەر.......................... ٤٣٥**

باسی یەکەم: پێناسەی قەزا و قەدەر، بەڵــگەکانی سەلماندنیان، لەگەڵ ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانیاندا هەیــە.......................... ٤٣٦

باســی دووەم: پلە ومەرتەبەکانی قــەدەر.......................... ٤٤٠

**دەروازەی سێهەم: پایەکانی تری باوەڕ کە پێنج بەشی لەخۆ گرتووە ٤٤٥**

**بەشی یەکەم: ئیسلام، و ئیمان، و ئیحسان.......................... ٤٤٧**

باسی یەکەم: ئیســلام.......................... ٤٤٨

باســی دووەم: ئیمــان وپایەکانی، ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسەشــی کە گوناهــی گــەورە دەکات.......................... ٤٥١

باسی سێهەم: ئیحســان.......................... ٤٥٩

باســی چوارەم: پەیوەندی نێوان ئیسلام و ئیمان وئیحسان.......................... ٤٦٠

**بەشی دووەم: مانای پشتیوانی لێکردن و پشت لێ هەڵــکردن (الولاء والبراء) وڕێکخەرەکانی.......................... ٤٦١**

**بەشی سێهەم: مافی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا، وە ئەوەی واجبە بەرامبەریان بكرێت.......................................................................................... ٤٧٠**

باســـی یەكەم: بەكێ دەوترێت هاوەڵ؟ واجبە خۆشـــمانبوێن و پشـــتیوان و پشـــتگیریان بین..................................................................................... ٤٧١

باســـی دووەم: واجبە باوە بە فەزڵ وعەدالەتیـــان وە وازهێنان لەو ناكۆكیەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، لەژێر ڕۆشنایی بەڵـگە شەرعیەكاندا.................... ٤٧٦

باسی سێهەم: ئەهل وبەیتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)........................... ٤٨٢

باسی چوارەم: خەلیفەكانی ڕاشیدین.................................................. ٤٨٧

باسی پێنجەم: ئەو هاوەڵانەی كە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە............ ٤٩١

**بەشـــی چوارەم: ئەركـــی سەرشـــانمان بەرامبەر بـــە ئیمام و پێشـــەوای موســـڵمان، وە بەرامبەر موســـڵمانان بەگشـــتی، و پابەندبوون بەكۆمەڵی موسڵمانانەوە.................................................................................... ٤٩٤**

**بەشـــی پێنجەم: واجبە دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە، لەگەڵ بەڵـــگە كانی......................................................................................................... ٥٠١**

باسی یەكەم: مانای دەستگرتن بەقورئان و سوننەت و بەڵـگەكانی.......... ٥٠٢

باسی دووەم: هۆشیاریدان و ئاگادار كردنەوەی خەڵـكی لە بیدعە......... ٥١٠

باسی سێهەم: خراپی جودایی و پەرت بوونی موسڵمانان................. ٥١٤

وەزارەتی کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەواز وڕێنمایی

لە شانشینی عەرەبستانی سعودی

کە سەرپەرشتی کۆمەڵـگای مەلیك فەهد دەکات

بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز لە مەدینەی مونەوەرە

خۆشحاڵە بەبە چاپگە یاندنی:

کتێبی «بنەماکانی باوەڕ لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا»
بۆ زمانی کوردی

لە لایەن ئەم کۆمە ڵگایەوە

لە خودا دەخوازین سوودی گشتی تێدا هەبێت وەپاداشتی مەلیك
سەلمـانی کوڕی عەبدولعەزیزی ئالی سعود بەجوانترین شێوە بداتەوە،
کە بەڕێزیان وەك خزمەت پیشکەشکارێکی هەر دوو حەرەمی مەککە
ومەدینە ناسراون

خودای گەورە پایەیان بەرزتر بکاتەوە لای خۆی وپاداشتی
گەورەیان بداتەوە لەسەر ئەو هەموو خزمەتەی بە قورئانی پیرۆز
وزانستە پەیوەندی دارەکانی دەکەن..... ئامین

بەپشتیوانی ویارمەتی خودا

ئـەم کتێبە بەچاپ گەیەندرا

کۆمەڵـگای مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئـانی پیرۆز

لە مەدینەی مونەوەرە

وەزارەتی کـاروبـاری ئیسـلامی وئەوقاف

وبانگەواز ورێنمایی

ساڵی ١٤٣٦-١٤٣٧هـ کۆچی

مافی چاپکردنی پارێزراوە
بۆ کۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز

سندوقی پۆستی ٦٢٦٢ ــ مەدینەی منەوورە

www.qurancomplex.gov.sa
contact@qurancomplex.gov.sa

المملكة العربية السعودية
وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد
مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف
الأمانة العامة
الشؤون العلمية

كتاب

# أصول الإيمان

## في ضوء الكتاب والسنة

إعداد
نخبة من العلماء

ترجمه إلى اللغة الكردية
أوميد عمر جروستاني

راجعه
محمد حسن سليمي أقدم

وقف لله تعالى من خادم الحرمين الشريفين
الملك سلمان بن عبد العزيز آل سعود
ولا يجوز بيعه

يوزع مجانًا